# ئەدەب و فەلسەفە

## تێکست

نووسین و وەرگێڕانی
**کەریم دەشتی**

# هــەولێــر

**ناوی کتێب: ئەدەب و فەلسەفە**

**نووسین ، ئامادەکردن ، وەرگێڕان**

**کەریم دەشتی**

ناوەرۆك

| ل | بابەت |
|---|---|

کتێبی یەکەم


بونیاتگەری .................................................................... ٥

ئاوازە جەنائیزییەکەی هیگل، ئایندەی وەهم ...................................... ٢٧

هونەرو ئیستەتیکا لای هیگل ..................................................... ٤٦

نوستالگیا ...................................................................... ٦٣

ئیستەتێکس ..................................................................... ٧٧

ئێمەو ئەوانی دیکە .............................................................. ٨٧

............
سۆسیۆلۆژیای ئەدەب .................................... ١٠١
.........
میراوبونتی .................................... ١١٦
.................
ئۆسکار وتیلد .................................... ١٣٢
..................
جان جینە .................................... ١٥١
....................
دوو ڕێدۆز .................................... ١٨٢
.........................
گەڕان بە دوای یەقیندا .................................... ١٩١

.........

هاملێـــــــــــــــت و پڕۆبلێمـــــــــــــــەکانی

.................................................... ٢٠٢

........

ئێرنســــــــــــــت کاســــــــــــــیرەر

.................................................... ٢١٢

..............

بـــــــــــــــۆریس ڤیـــــــــــــــانو

.................................................... ٢٢٥

...............

قوتابخانـــــــــەی بڵاوکـــــــــراوەی ســـــــالأنە ٢٣٢

..................................................

چـــــــــــاخی رۆشـــــــــــــنگەری

.................................................... ٢٥٩

...........

کتێبی دووەم

دوا دوودڵـــــــــــــــی مەســـــــــــــــیح ٣٠١

....................................................

...........
شـــــــانۆی پیتـــــــــەر بـــــــرووك
........................................ ٣٠٨

...........
مـــــــەرگی ســـــــــوكرات – ڤـــــــان
كوخ..................................... ٣١٧

........
كـــــــە چـــــڵی زێڕســـــــن دەشـــــكێ
........................................ ٣٢٨

......
مـــــــــــەرگی مـــــــــــــــرۆڤ
........................................ ٣٣٧

...............
چـــــــــــــــــــــــــــيخەف
........................................ ٣٤٣

..................
ئارەزوويـــــــــــەكی بچــــــــــووك
........................................ ٣٥٠

..........
پاشمانـــــــــــدەی ئـــــــــــەزەلی دووەم
........................................... ٣٥٤
....
پـــــــــــــــۆڵ ئیلـــــــــــــــوار
........................................... ٣٦١
................
مـــــــــــــــــــــــــــــــەهاباد
........................................ ٣٦٧
......................
نئـــــــــــــوم چومســـــــــــــکی
........................................... ٣٨١
..............
ئەنـــــــــــــدرێ مـــــــــــــاڵرۆ
........................................... ٣٩٧
..............
کتێبی سێیەم
بابەتـــــــــە شـــــــــاردراوەکان ٤٠٣
...........................................

...........
ڤالآیی
........................................ ٤٠٨

...........................
دەسەڵاتی ئەقڵ
........................................ ٤١٧

..............
هزرو کۆنترۆڵی
........................................ ٤٢٢

...............
چەمکی ئەبستمیک
........................................ ٤٣٠

...........
جیهانبینی مرۆڤ
........................................ ٤٧١

...........
حەڤدە دیسکی زاکیرە ٤٩٥
........................................

.........
**کۆمـــــــــــــــــــــــــــــــەڵگای خـــەیاڵ.................................. ٥١٤**
..............................
**وەهمــــــــــــــــــــی دابـــــــــــــــڕان .................................... ٥٢٠**
...........................

## بونیادگەری
## چەمك‌و پێناسەو مێژوو

زیاتر لە دوو هەزار ساڵە، هیراكلییسی یۆنانی ٥٣-٤٧٠ پ. ز، رایگەیاندووە كە گۆڕان خەسڵەتی بوونی مرۆڤایەتییە، ئەم راگەیاندنەش وەرچەرخانێك بوو لە رەوتی مێژووی مەعریفەدا، هەروەها ئەو كەتەگۆریایەی كە زەینونی ئایلی ٤٨٩ پ. ز، سەبارەت بە دابڕانی مێژوویی خستیە روو، دەربارەی بزوات‌و سكون، بوون بە كەتەگۆریایێكی مێژوویی گرینگ دەژمێردرێ، بانگێ بوو سەبارەت بە مردنی چەندین فۆرمی مەعریفی‌و دەست پێكردنی قۆناغێكی تازە، كە هۆشێكی ریالیتی هێنا كایەوە، هەروەها گۆتەی بروتاگوراس ٤١١ پ. ز مرۆڤ پێوانەی شتەكانەو حەقیقەتیش رێژەییە وەرچەرخانێكی بنەڕەتی لە تیوری مەعریفەی مرۆڤایەتی هێناكایەوە. هەروەها ئەبیكور ٣٤١ – ٢٧٠ پ. ز كە خواكانی بەوەدانا نین‌و هەوڵی ئینكار كردنیانی داو گوتی: (رزگار كردنی مرۆڤ لە ترسی ئەو خودایانە زەرورەتە بوو بە بەرهەمێكی مێژوویی گەورە لە مەودای هزری ریالیستیدا،

هەرواش دابڕانێکی گەورەی مێژوویی بوو, فۆرمێکی تازەی مەعریفەی هێنا ئاراوە، وەك تێپەڕ کردنێ بوو لە مەعریفەی باو، هەروەها داوەتی کلود لیڤی شتراوس بۆ ئەوەی پشت بە دەلالەتی لەفزی ڕێك ببەستین، لەکاتی لێکۆڵینەوە لە بونیادی خزمایەتی پلەیەك، هەروەها ئەو بەربەستانەش لەبێن بەرین کە لە میانی ئەفسانەکان بیری میتۆدیو زانست دایە، چونکە زمانی قسەکردن مێژووی خۆی هەیە، کە ئەویش مەعریفەیە، وەك مەعریفەی مێژوویی لەو کۆمەڵگەیەی پشت بە نووسین دەبەستێ، بە تایبەت لە کۆمەڵگەی خۆیدا، کەواتە بیری دەشتایی ئەو مەعریفەیە قووڵ دەکاتەوە، کە پیشت بە نێوەندی وێنەیی دەبەستێو ساختومانی زەینی دروست دەکاتو ئاسانی ئەوە دەکات کە دونیا ئەقڵەنە بکات بەو هەندەی کە لێی بچێ[١].

بەم بۆچوونەی خۆی بانگی ڕۆشنبیریی خۆیو شێوازی بەدیارخستنی ئەو ڕۆشنبیرییەی کرد، لەنێو مەداکانی سەنتەردا، هەرواش داوای کرد کە تێپەڕی ئەو چەقبەندییە ڕەگەزییە بکرێ، هەر لەو بانگەشەیەدا گوتی: (ڕۆشنبیری

حەقیقی کاری خۆی بە قودرەتی خۆی، بەهێزی خۆی دەکات ).

بیرۆکەی دابڕانی ئەپستمۆلۆژی، دابڕانی مێژوویی، لە ئەنجامی هەوڵەکانی میشیل فۆکۆ بوو، بۆ رزگار بوون لە فۆرمی بیرۆکە باوەکان، هەتا ئەوبیرۆکانەیش کە لە کۆمەڵگەی سەردەمی خۆیدا هەبوون، بە تایبەتی لە میراتی (مەزهەبی مرۆڤایەتی) کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە سەری هەڵدا، ئەوەیش ئەو کاتە بوو لە کاری لە ناو هەڵکۆڵینی مەعریفیدا دەکرد، لە رێگەی ناوەعییەوە، لە پێناوی رزگار کردنی مرۆڤو دووبارە دۆزینەوەی مرۆڤ لە نێو خودی مرۆڤدا[٢].

لە رێگەی گۆشەنیگاکانی (مرۆڤایەتی) ئەلتوسیرەوەو لەنێو پاڵتۆ مارکسییەکەیەوە (مارکس)ی دەخوێندەوەو هەوڵەکانی بەگەڕ دەخست، بۆ نەخشەکێشانی سنووری دابڕانی مێژوویی لە میانی خۆیو چاخی پێش خۆی، بە هەموو کولتورو هزرڤانەکانەوە، وەکو چۆن لە قسەی ئەودا هاتووە کە (مارکسیەت لە رووی تیورییەوە – مێژوویی تر نییە لە مرۆڤایەتی) واتە رووی مێژوویی لە رووی مرۆڤایەتی زیاترنییە، پاشان بە دیقەتتر روونی دەکاتەوەو دەڵێ:

(لەسەرمە بە دیقەتەوە بڵێم، هەم لە رووی مرۆڤایەتیەوە و هەم لە رووی مێژووییەوە بێ لایەنە [٣].

هەر لە چوارچێوەی دابڕانی مەعریفی مێژووییەوە – جاك دریدا– هەوڵدەدات فەلسەفەیەکی تازە بخاتە ئاراوەو تێپەڕی چەمکی جیاوازی Difference بکات، بەرەو چەمکی گۆڕان، کە چەمکێکی دیکەی چوونە ناوو باسەکانە، گۆڕان لێرەدا دابڕانێکی دژ ئامێزەو رووەو چونێکی پێچەوانەییە سەبارەت بە پێشەخۆی. واتە لە دەرەوەی کایە مەعریفیەکان، کە هەن، دەیگووت ئارەزوومە مەودا بکەمەوە لەبەردەم هەموو پڕۆژەیەکی فیکری یاخود مەشروعیەتی پرسیاری گرنگ، لە دەرەوەی ئەو پەرژینە مەعریفیانەی بۆمان ماوەتەوە، جا ئەگەر ئەو هەوڵە شکستی هێنا... یا هەرچەند شکست بهێنێ، ئارەزووم ئەوەیە رەفزی غائیەتی پرۆژەکە بکەمو دەستنیشانی ئاقارەکەی بکەمو ئیدی واز بێنین لەوەی کە داوای لێبکەین یا موحاسەبەی بکەینو بڵێین (چیمان لێ دەستکەوتن؟) [٤]، بە پێی ئەم رەوتە دەتوانین لەگەڵ کۆمەڵێ ناوی دیکە بە رێکەوین لە هزری رۆژئاواییان، بە تایبەت لە فەرەنسا ئەو تایبەتیەش ماناو ناوەرۆکی خۆی هەیە وەك

چۆن دوایی دەیبینین. لێرەدا دەپرسین – چی روویدا؟ چی روودەدات؟ ئەوە چ دابڕینێکی مێژووییە کە جاڕی بۆ دەدرێ؟ چ دابڕانێکی ئەپستمۆلۆژییە ئەو دابڕانە؟ خەسلەتەکانی ئەم بانگو هاوارە چییە؟ کە بانگەشەی لە دایك بوونی مەعریفەیەکی نوێ دەکات؟ نهێنی ئەم شۆڕشە چییە لە کایەی زانستە مرۆییەکان؟ ئەو شۆڕشە راگەیەنراوە لەسەرچی بونیاد نراوە؟. لەسەرەتای لێکۆڵینەوەکە زانیمان بالاّی هیراقلیتس، ئەبیکۆر، زینونی ئەیلی، بروتا گوراسی هزری چۆن جیلوەی کرد، ئایا شتە نوێکانی ئەوانە دابڕان بوو لەگەڵ پێشترێ؟ ئایا بۆچوونی ئاواو شۆڕشی ئاوا لە چاخەکانی داهاتوو ئامادەگی نەبووە؟ ئایا بانگی فەیلەسوفی قورتوبە (ئیبن رشد ٥٢٠-٥٩٥ ك/ ١١٢٦-١١٩٨ز) ئەوەی کە پەیوەست بوو بە پەیوەندی نێوان زانستو شەرعو کایەی مەعریفی کە هەریەکەیان وەرچەرخانێکی بنەڕەتی بوو لە مێژووی مەعریفەو نەزەریەکانی یا وەك چۆن پێیدەڵێن دابڕانی ئەپستمۆلۆژی، بەبێ ئەوەی رەفز بێ بۆ مێژووی پێش ئەو کایەیانەی سەرەوە؟ وەکو چۆن دەڵێ: (ئەوەی لەسەر ئیمامەکانی موسڵمانان پێویستە واز لە کتێبەکان

بهێنن لەوانەی کە باسی زانست دەکات تەنها ئەوانە نەبێ کە ئەهلی زانستن...

هەروەها پێویستە لەسەریان واز لە کتێبەکانی – سەلماندن – بهێنن ئەگەر ئەهلیەتی ئەوەیان نییە)[٥].

واتە دەبێ هەر زانستێ ئەهلی خۆی هەبێ و هەر مەعریفەیێ لە هەر کایەیێ، ئەهلی خۆی هەبێ، پسپۆڕی خۆیان هەبێ، هەروەها ئایا تیۆری ئیبن خەلدون ٧٣٢–٨٠٨ ك/١٣٣٢-١٤٠٦ز دەربارەی مێژوو و نووسینی مێژوو وەرچەرخانێك نەبوو لەم مەودایەدا؟ کە بانگێکی تازەو شۆڕشێکی تازە بوو لەمەڕ مامەڵە کردن لەگەڵ مێژوو و لێوردبوونەوە لە مێژوو، بەر لە هەر بڕیاردانێك یا سەقامگیرکردنی هەر گۆتەیەك و هەر ئەنجامێکی ئەم گۆتەیە کە دەڵێت لێکۆڵینەوە کەمەو لایەنی بژارکردن سستە، هەڵەو وەهمی هەواڵەکان خەلەلی تیایە، لاسایی کردنەوە رەگاژۆیە، سەبارەت بە مرۆڤ، ژیان لەسەر سینگی هونەرەکان دوورو درێژە، مێرگی بێ سەوادی لەنێوان خەڵك گەورەو ترسناکە، هەق بەرگری لە سوڵتانی خۆی ناکا، باتڵیش بە تروسکەی تیوری شەیتانەکانی خۆی قەزف دەکات.. هتد؟[٦].

کاتێ کە فەیلەسوفی فەرەنسی، رینیە دیکارت (١٥٩٦–١٦٥٠) بە نمونە، لە سەدەی هەڤدەهەمدا بەدیار کەوت، بیرۆکەی ئەو فەیلەسوفە لە جەوهەردا داوایەك بوو بۆ تێپەڕکردنی (باو) لەروی فیکریو مەعریفەوە،ئەو پێی وابوو دەبێ لەچاخی خۆیو دەست بکرێ بەفیکری تازەو مەعریفەی تازە، کە ئەوانە لە جەوهەردا دابڕانن لەرەوتی رابردوو، سەبارەت بەو فۆرمە مەعریفیو فیکریانەی کە پێشتر هەبوون، لەهەمان کاتدا، لەسەرەتای تێرامانەکانی خۆیدا ئەوەمان پێشکەش دەکات، کە جەوهەری بانگی فیکری خۆی بوو، دەڵێت ( بۆ ئەوەی زانستەکان لەسەر بنە ڕەتێکی سەقامگیر هەڵسێنینەوە، لە سەرمانە کە ئەگەلر بۆ یەکجاریش بێ لە ژیانماندا، دەبێ هەموو بیروڕای کۆن ڕەت بکەینەوە)[٧]

هەر لەم پێودانگەدا هەمان ئەوداپڕانە لە (ئەدموند هوسرل ١٨٥٩–١٩٣٩)دا دەبینین کەبەدوای هەمان ئەوەدا چوو، دیکارت دەستی پێکرد، (ئێمە وەك فەیلەسوفەکان پرنسیپێك پیادە دەکەین، دەکرێ پێی بڵێین مەزهەبی چاکردنەوەی خاڵی سەرەتا)، هەموومان هەرکەسەو بۆ خۆی و خودی خۆی دەست پێدەکات، هیچ شتێ رەچاو ناکەین لەجۆرەکانی

ئیقناع کردن کە تاوەکو ئیستا قبوولْمان کردووە، بەلاّم دەبێ تەنها حەقیقەتی زانست قبوولْ بکەین، وەك چۆن دیکارت وای کرد، لێگەڕێن با بەردەوام بین لەسەر تێڕامانی خۆمان، بە زانستێکی ڕاست، کە لەسەر بنەمای سەقامگیر کردنی زانستی گشتگیردایە)[8] لە چلەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەوەی کە مارکس خستیە روو، لە مەنزومەی هزری مەعریفیدا، گەورەترین دابڕانی هزری بوو سەبارەت بە پێشەخۆی، قۆناغێکی تازەی ڕاگەیاند کە لەسەر بنەمای ئەبستراکت و تێڕامان نەبوو، بەڵکو لە واقیعو بزاوتی واقعیدا هەڵدەقولاّ و وێنەی دژەکانی بۆ فیکر دەگواستەوەمێژوویە،

فیورباخ دەڵێت: فەیلەسوفەکان هیچیان نەکردووە ئەوە نەبێ تەفسیری دونیایان بە شێوەی جۆراوجۆر کردوە، لە کاتێکدا گرنگ ئەوەیە کە بیگۆڕین[9].

بە گشتی لە هەموو شێوەیەکی هزریو مەعریفی، یاخود بە داڕشتەییێکی دیکە بێ، ئەو داوەتەی کە لە هاواری ئەو شێوە نوێیە بوو لە مەعریفەدا، هەوڵ بوو بۆ دەرکێشانی رەگی هەموو هزرێکی پێشوو، هەرچەندە زۆر لەوانە، لە ماددەی فیکری ئەوانی پێشوودا داڕێژراونەتەوە، بەتایبەت

مارکسیەت‌و فرۆیدیەت‌و نیتشەویەت (بەتێکەڵ بوون لەگەڵ یەکدا) هەروەها لەو تەسریحاتانەی کەدەیاندا سەبارەت بەوەی کە باو بووە، هەتا ئێستاو ئیدی لە هەموو رووێکەوە، چیتر گوزارشت لە تایبەتمەندێتی قۆناغی ئێستا ناکات ، چونکە هەموو مەزهەب‌و تەوژم‌و رێبازێکی مەعریفی، کە لە چاخێکدا باو بووە، کە مێژو و زاکیرەی خەڵك دەیانپارێزێ، لە گۆشەنیگایەکەوە کورتی هێناوە و نەیانتوانیوە هەموو ئەزمەکانی کومەڵی نوێ بگرنە خۆ، سەرکێشیەکانی سەردەم‌و تەگەرە چارەنووسازیەکانی وجود بگرنەخۆ، کە ئێستاکە بونیادگەری پێی وایە ئەو دەتوانێ کارێکی وا بکات، چونکە وا پێدادەگرێ، کە لە چاخی خۆیدا دەژی ، ئا بەم جۆرە بونیادگەری دەخوێنینەوە Structuralisme ئەوەش مانای ئەوەیە، کە لێکۆڵینەوە لە حەقیقەتی بونیادگەری دەبێ لەسەر چەند بنەمایەکەوە سەر هەڵبدا، کە هەموویان پێناسەی بونیاتگەری بە هەموو نیشانە جیا جیاکانی رەهەندی مێژوویەوە دروست دەکەن، ئەم بنەمایانەش ئەمانەن:

– دەسەلاتی مەرجەعی بونیادگەری.

- چەمکی بونیادگەری.
- پێناسەی بونیادگەری.
- رووی دوو فاقەی بونیادگەری.

**دەسەڵاتەژێدەر ییەکانی بونیادگەریی**

**ئاسان نییە دەست نیشانی دەسەڵاتی مەرجەعی بونیادگەری بکەین، واتە لە سەرچاوە مەعریفیەکانی بکۆڵینەوە، یاخود لەناوە فیکریەکانی بکۆڵینەوە، کە سەرەتایان بۆ دروست کردووەو دەورێکی گرنگیان بینیوە لە جیلوە پێبەخشین و لە دەست نیشان کردنی سنوورە ناودارەکانی، ئەو سنوورانەی کە ناتوانین پشت گوێیان بخەین، بونیادگەری هەر خۆی لە رێگەی نوێنەرەکانییەوە، دەست لەسەر ئەوە دانانێ کە کێ سەرەتای بۆ دروست کردووە، یاخود ئیلهام بەخشی بنەڕەتی کێ بووە؟ هەروەها لەلایەن زۆربەی خوێنەرانەوە، غەریب دێتە بەرچاو، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نوێنەرەکانی خودی بونیادگەری، کە هەرچەند بونیادگەرن. بەڵام بە راشکاوی گوزارشت لە خۆیان ناکەن، جا ئەو سەرچاوانەی کە ناتوانین دەست نیشانیان بکەین، بۆ**

شارەزا بوون لە بونیادگەری، هێجگار زۆرن، هەروەها ئاقاری جۆراوجۆری هەیە تا رادەی دژ بەیەك بوون.

هەن وای دەبینن بونیادگەری لە رووی ئۆرگانیکیەوە پەیوەستە بە زانستی سروشتی بایۆلۆژیا، فیزیۆلۆژیا لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەستە بە زانستی تیۆری ماتماتیك، لۆژیك، بەبێ ئەوەی لە ناویانا بتوێتەوە.

جا لەبەر ئەوەی (جاکوبسن) کە (تینیاتوف)یشی لە تەکەوەیەوە، وایدەبینێ کە بونیادگەری تە سیستەمی سیستەمەکانە)[10] ، هەروەها شتراوس لەیەك لە چاوپێکەوتنەکانیدا رەگ و ریشەی بونیادگەری دەگەڕێنێتەوە بۆ ١٩٥٠و ١٩٦٠و دەڵێ : لە فەرەنسا لە دایك نەبووە، زۆر جاران پێی لەسەر ئەوە داگرتووە، کە بونیادگەری دەگەڕێتەوە بۆ چاخیڕوشنگەری و راپەڕین، خەتی رۆیشتنیشی بە فەلسەفەی سروشتی لای گۆتەدا تێپەڕیوە، هەروەها پەیوەستە بە کاروباری زمانەوانی لای ئۆبولوت و لارسی تومبسۆن[11]. هەر خۆشی لەو چاوپێکەوتنەدا دان بەوەدا دەنێ، کە لە ژێر کاریگەرێتی فرۆیدو مارکس بوو، ئەوەشیان بە خوێندنەوەی کارەکانی بە دیار دەکەوێ، واتە

تێکهەڵکێشانی زانستی کۆمەڵایەتی مارکس‌و سایکۆلۆژیەتی فرۆیدو چەکدار بوون بە سۆسێر لە مەنزومەی زمانەوانیدا، لە بەرهەمـــەکانی میشـــیل فۆکـــۆدا ئامـــادەگی ســـێینەی تێکهەڵکێشــراوی ئــەو هزریارانــە دەبیــنین نیتشــە، فرۆیــد، مارکس: یەکەمیان: لە پشتی وشەوە بە دوای مانادا دەگەڕێ، لــە تەئویلاتــەکانی دەکۆڵێتــەوە، لای ئــەو هــیچ مــەدلولاتێکی رەسەن نییە، وشەش هەر خۆی تەئویلاتە.

دووەم: وایدادەنێ کە هەست لەسەر نەست وەستاوە.

ســێیەم: تێپــەڕی هــزری بــاو دەکــاو رایدەگەیــەنێ، ئــەو حەقیقەتــە بــاوو کــارپێکراوەی کۆمەڵگــەی خــۆی، شــتێکی سادەو ساکارە سەبارەت بە بورژوازیەت[١٢].

لە بەرهەمە هزریەکانی (ئالتوسیر) بە دیاردەکەوێ، مارکس لەوێدا کۆنترۆڵی هزر دەکات، فرۆیدیەت‌و سێبەری کانتیەت بە تایبەتی لە کارەکانی سەبارەت بە مارکس (لە پێناوی مارکس)داو (خوێندنەوەی سەرمایە)، بەڵام جاك دریدای خاوەنی فەلسەفەی جیاوازیاری، فینومینولۆژیای هۆسرەل‌و هیدگر + نیتشە، لە بەرهەمەکانیدا رەنگ دەداتەوە، هەروەها وا بەدیار دەکەوێ کە (جیل دولوز) فەیلەسوفێکی بە حەماس

بووه، بۆ نیتشەو لە ڕێی ئەوەوە بینای فیکری خۆی دەکات.
هەروەها لاکان پشتی بە فرۆید بەست لە رووی بایەخدان بە ناوەعی و زمانەوانی) بەست، لە دواییدا فردینان بردویل) هەوڵ دەدا لە ڕێگەی وتەزانەکانی زمانەوانی سۆسێرو ناوەعی فرۆیدو جەبریەتو دابڕانی باشلاری بینای مێژوو بکات.

گاستۆن باشلار لە دابڕانی ئەپستمۆلۆژیدا:

ئەو بیریارە فەرەنسییە لە ١٨٨٤ لە فەرەنسادا لە دایك بووە، هەمیشەو بە درێژایی ژیانی، ئەو پرسیارە هەموو هزری ئەوی خەریك کردووە، کە دەڵێت (فەلسەفە چۆن دەبێتە زانست؟) یان فەلەسەفە چۆن دادەمەزێ، با چۆن دەچێتە ناو پرۆسەی بە دەزگابوون؟، وەك زانست و لە هەمان پلەی زانستدا؟ ئەو وای دەبینێ ، کە لە ئاستی مەعریفەی بەرکارکراودا، ئاستی هزری فەلسەفی هەیە ، هەرێمی ئاڵۆز هەیە، سێبەر بەردەوامی بە ژیانی خۆی دەدا(١٣).
پەیوەستدانی فەلسەفە بە زانست هەوڵێکە بۆ رزگار کردنی لە یەقین، دەبێ وا لە مەعریفەی گشتگیر بکەین ، کە ببێتە زانستێکی ورد، ئەو مەعریفەی دیقەتی کەمە، یاخود ئەو

مەعریفەیــەی کــە مەرجــەکانی دەســت نیشــانکردنی خــۆی لەگەڵدا نییە بە وردی، مەعریفەیەکی زانستی نییە، مەعریفەی گشتی مەعریفەیەکی سەر ئاو کەوتووە [١٤].

ئــەلێرەدا لێکۆڵینــەوە لــە تەگــەرەی ئەپســتمۆلۆژیدا، لــە مەودای زانستداو چەمکی دابڕانی ئەپستمۆلۆژی و گفتوگۆ لە کایەی زانستدا، بریتییە لە کردنەوەی دەرگای مەعریفی یاخود وای لێبکەین کراوە بێت و هەمیشە لە جووڵەدا بێت، لە سەقامگیریدا نەژێت، بەڵکو لە بزاوتندا بێ و لە ڕێگەی گفتوگۆوە بەوردەوام بێت، گفتوگۆش لێرەدا (مانای دابڕانی نییــە، بــەڵکو مانــای بوونەوەیــە، فەلســەفەی جــەدەلیش فەلسەفەی کراوەیە، کە هەمیشە دەبێ قبوڵی ئەوە بکات بەردەوام چاو بخشێنێتەوە بە حەقیقەت و پرانسیپەکانی) [١٥].

بەڵام ئەو پیلە کردنە لەمەڕ زانست و دیقەتی زانست، ئایا بریتی نییە لەمتمانەیی، کە پێویستی بە دەست نیشانکردنی کۆمەڵایەتی هەیە. زانست پێناسە ناکرێ و لێی تێناگەین، تەنها بەوە نەبێ کە بەرهەمێکی ئەقڵیە، ئەقڵیش بە دەوری خۆی زانست ، لە نێو پەیوەندییەکی جەدەلیدا پێشدەخات، هەروەها ئەو ئەقڵە ئەگەر مەعریفە وەبەر بێنێ، ئەوە جۆراو

جــۆرە، زانســـتیش لـــەنێوانیا لـــە گەوهـــەردا بونیـــادێکی کۆمەڵایـەتی مێژوویيـە، بـە چـەند پلەیـەکی ڕەنگـاوڕەنگ‌و بـە چەند ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی جۆراو جۆردا. باشلار دەڵێت: زانسـت بـە شـێوەیەکی گشـتی ئـەقڵ فێـر دەکـات، پێویسـتە لەســەر ئــەقڵ بخرێتــە ژێــر بــاری زانســتەوە، زانســتی زۆر پێشکەوتوو، زانستێ کە پەرە دەسێنێ‌و پێشدەکەوێ[١٦].

هەوڵدەدا ئـەو ئابلوقەیـە بشـکێنێ کەبـە نـاوی زانستەوە بـە سەر ئەقڵەوە فەرز کراوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیدا ، بەو مانایـە دێ کـە باشـلار لـە واقیعێکـی تەنگـژەدا، دەسـت پێـدەکات کـە ئــەقڵیش لەگــەڵ خــۆی دەخاتــە تەنگــژەوەو ڕێــی پێنــادات پەرەبســێنێ‌و مەعریفەکانیشــی لەگەڵــدا بێــت و لــە ڕێگــەی واقیعێکی سەقامگیریدا پەرەبسێنن، داوەتەکەشی لێرەدا لـەو گۆشەنیگایەوە سەرهەڵدەدا، کـە خاڵی نییـە لـە میسالیەت لـە باوەڕ بـە زانسـتەوە، کـە نـەیتوانیوە فەلسـەفە بزانستێنێ، بـە زانسـت کردنـی فەلسـەفە، پێویسـتی بـە گـۆڕانی ئـەو واقیعـە هەیـە سـەقامگیری خـودی فەلسـەفەی لـە دواوە دەوەسـتێ، ئــەقڵی بــاو کــە کــارپێکراوە لــە بەرهەمــە زانســتەکەیدا، ڕوخســارێکی پێشــکەوتنخواز بــەخۆوە هەڵدەگرێتــە . بۆیــە پێشـنیار دەکـەین کـە باشـلار وا ببیـنین کـەوا یەکێکـە لـەو فەیلەسـوفانەی زۆر بـە ڕوونـی‌و پڕ دەلالەتـەوە، گوزارشتر لـە

تەنگـژەی فەلسـەفەی میسـالی فەرەنسـی و ئـەو هەولآنـەی بـۆ پێشکەشکردنی لەسەر ئاستی فەلسەفی دەدرێن دەکات [17].

فردینان دی سۆسێر لە شۆڕشی زمانەوانی خۆیدا:

بـە دانپیانـانی خـودی بونیادگـەرایان، ئـەوە سۆسـێری ١٨٧٥-١٩١٢ زمانەوان دارِسێنەری بونیادگەرییە[18] و یاخود بەدیهێنـەری بنـەما سـەرەکیەکانیەتی[19]، جا چی پێشکەش کردووە؟ ئەو کتێبەی کە هەیەتی بەناوی چەند وانەیەك لەمەڕ زمانـەوانی گشـتیدا کتێبێکـی گرنگـی چـەرخی تازەیـە، لـە کایەی پەرەسەندنی زمانـدا، کـە دەربارەی دەنـگ و سروشتی دەنگـە، هـەروەها دەربـارەی بونیـادی نـاوەوەی وەرچـەرخانی دەنگ بە درێژایی زەمەن، لەگەڵ ئەوەی کە لەو دەنگەدا دەژی، رەگی زمان و قسە، لێکۆڵینـەوە لـە زمـان لـە رووی سـکونیەت و بزاڤیدا، هەروەها مەنزومەی پەیوەندییەکانی ناوەوەی دەنگ و ئەوەی پەیوەستە بە قسەی زارەکی نەنووسراو، واتـە ئـەو وا لە زمان دەکات کـە زانستێکی سـەربەخۆ بێت، بۆیـە ئـەو لـەم بـوارەدا دامەزرێنـەری زمانـەوانی هاوچـەرخە، ئـەو پێـی وایـە ئـەرکی گرنگـی زمانـەوانی ئەمانـەن: - پێشکەشـکردنی وەسـف و مێـژووی زمانـەکان، واتـە گێڕانـەوەی مێـژووی خانـەوادە زمانیـەکان و دووبـارە بونیادنـانی زمـانی دایـك. -

گـەڕان بـە دوای هێـزی نـاو هـەموو زمانـەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی بـەردەوام، ئینجـا هـەڵهێنجانی یاسـا گشـتیەکان کـە لەوانەیە هەموو دیاردەکانی مێـژووی بچنەوە سەر. – دەست نیشانکردن و دان بەخۆنان[٢٠] ئەوەش مانای ئەوەیە کەدەبێ هـەموو زمانـەکان لـە یـەك ئاسـتدا دابنـرێن ، لـە رێگـەی بزوێنەرەکانیانـدا رەگ‌و ریشـەیان بدۆزینـەوە، ئـەوەش ئـەو زمانانـە کـۆ دەکاتـەوە سـەریەك، با وایـان دابنـێین کـە: چەند هێـزێکن بـەخودی خۆیانـەوە هـەن. بـە پێـی ئـەم تێڕوانینـە دەتـوانین بڵـێین ناسـینی نەتەوەیـەك لـە رێگـەی خـودی زمانەکەیدا دەبێت، ئەوەش لە گۆشە نیگای سۆسێرەوەیە کە دەڵـێ : لـە ژیـانی تـاك‌و کۆمەڵـدا، بایـەخی زمـان لـە هـەموان زیاترەو لە هەموو رەگەزێکی دیکەش مەترسیدارترە[٢١].

لە جیاوازی کردن لـە میـانی قسـەو زمـان، ئـەو وای دەبینـێ کـە قسـە تـەنیا بەشـێکی گەوهـەری زمانـە، لـە هـەمان کاتـدا بەرهەمی کۆمەلأیەتی مەلەکەی لیسانە ، کە بۆ چەند ئاستێك درێـژ دەبێتـەوە: فیزیـایی‌و فیزیۆلـۆژی‌و سـایکۆیی[٢٢]، بـەلأم سـەبارەت بـە پەیوەنـدی لـەنێوان زمـان‌و قسـە، زمـان لێـرەدا کۆمەلأیەتییـە، بەرهەمێکـە تـاك بـە هەڵچوونەوە وەریـدەگرێ،

بەڵام قسە بە پێچەوانەی ئەوەوەیە، کارێکی تاکی و ئیرادی ئەقڵە[٢٣]. سەبارەت بە زمان و نووسین، وایدەبینێ کە ئێمە زمان ناناسین، تەنها لە رێی نووسینەوە نەبێ، ئەو خاڵانە بەوە دادەنێ کە لەناو دژایەتی دان، لەنێوان نووسین و لەفزدا کە زمان بە بەردەوامی پەرەدەسێنێ، بەڵام نووسین بەرەو سەقامگیری دەڕوات، هەروەها (مێژووی وشە لە فزی خۆی دەسەلمێنێ، بەڵام نەك رەسمی رۆیشتنی خۆی)[٢٤].

ئەلێرەدا بایەخ پێدانی زۆری شتراوس بە دیاردەکەوێ، ئەوەش لە لێکۆڵینەوەکانیدا، سەبارەت بە ئەنتۆلۆژیای گەلانێ کە زمانی زارەکی بەرکار دەکەن، کە مێژووی خۆیان لا دیارە ، واتە مێژووی بوونیان لە زمانیان و بەس، هەروەها لێرەدا پەیوەندی نێوان دەنگ لە وەرچەرخانی زەمەنی و دەنگدان لە سەقامگیریدا هەیە، تێگەیشتنی زمانەوانیی گەورەی سۆسێر، لە چوارچێوەی مێژوودا لەوەدا بەدیار دەکەوێ، کە پەیوەندی لەمیانی هاوزەمانی و زەمانی بوون بەدیار دەخات، ئەو چەمکە دوانیزمیەی کە بەردی بناغەیە لای زۆربەی بنیادگەرایان.

سۆسێر دەڵێت: لەگەڵ زەمانی بووندا، مانای هەموو ئەو شتانە هەیە، کە پەیوەستە بە لایەنی سکونی ئەو زانستەمان، هەموو ئەو شتانەیە کە پەیوەندی لەگەڵ پێشکەوتن هەیە، ئەم دوانەش بە یەکەوە مانای حاڵەتی زمان دەگەیەنێ، هەروەها مانای چەند قۆناغێکی پێشکەوتنی یەك لە دوای یەك دەدات [٢٥]. لە دوایدا بڕیار دەداتو دەڵێت: (تاکە ئاواتی زمانەوانیو حەقیقەتی زمانەوانی، زمانە، کە لە زاتی خۆیو بۆ زاتی خۆی تەماشا بکرێت (٢٦)، هەوڵەکانی سۆسێر لە کایەی زماندا لە پێناوی پەرەسەندنی زمانەوانی بوو.

یەکەمین کەس کە پشتی بە مەنزومەی زمانی سۆسێری بەستا شتراوس بوو، لە لێکۆڵینەوەکایدا سەبارەت بە ئەفسانەو بونیادی یەکەمینو فیکری وەحشی.

– سیگمۆند فرۆیدو بایەخی نەست لە وجودی مرۆیی:

سیگمۆند فرۆید لە هەمووان زێتر کاریگەری هەبووە بەسەر بونیادگەرایان، لە مەودای ناوەعیو نەستیداو هەروەها لە کایەی سایکۆلۆژیەتی ناخ، واتە شیکردنەوەی کەسێتیەکان یاخود دەقە فیکریەکان. ئەوەی کە لای فرۆید دەیبینین ئەوەیە، زۆری بایەخ داوە بە نەست کە بوو بە بنەمای

سەرەکی گەوهەری لای لاکانی بونیادگەر، کە ناوەعی لای ئەو کلیلی کەسێتیەو کلیلی کەشف کردنی نێهێنییەکانیەتی[٢٧].

هەروەها زۆربەی کارەکانی مێشێل فۆکۆ شتێك نیە، جگە لە پشتبەستن بە زانستی دەروونی قوولایی، بە چەمکی ناوەعی، کە زمانحاڵی حەقیقەتێکی دیاریکراوە، کە یەکەم خوێندنەوە کەشفی ناکات، خوێندنەوەی سادەو فینۆمینۆلۆژیای دەق، یاخود خوێندنەوەیەك بۆ بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، بەڵکو گوتار خۆی لە ڕێگەی ئارکیۆلۆژیای مەعریفە کەشف دەکات. هەروەها شتراوس لە خوێندنەوەی کۆمەڵگەی ئەفسانەدا، هەوڵدەدات ئەفسانە بزانستێنێ یاخود هەوڵ دەدات داکۆکی لێبکات، بەوەی کە ئەفسانە زانستە، یاخود غەنیمیەتی، لێرەدا لایەنێکی فرۆیدی پەرە پێدەدات.

– مارکس و چەمکی دژ بەریی:

ئامادەگی مارکس وەك دەسەلاتێکی مەرجەعی لەنێو تێزەکانی بونیادگەریدا، یەکجار زۆرو بەربلاوە، ئەوەش لە چەمکی دژایەتی و پەرەسەندندا، هەروەها لە هەردوو چەمکی دابڕان و بەردەوامیدا جیلوە دەدا! چەمکی دژگەرێتی لە تێزەکانی مارکس، ئینگلز دەربارەی فیورباخدا دەدۆزینەوە،

کــە وەك بزوێنــەری وجــود بــەدیار دەکــەوێ، وجــودی – هۆشمەند، دیاریکراو، جەدەلی– وەك چۆن لـە دژبەیـەك بوونی هێـزی بەرهەمهێنــەرو شـێوەی موعاشــەرە بـەم وەسـفەی کـە بناغـەی شۆڕشـی کۆمەڵایەتییـە، ئـەوەش کـە (پەرەسـەندنی دژبوونــە لــەنێوان تاکــەکانی کۆمــەڵو زروفــی چــالاکییە زینــدووەکانیانو دژبــوون لــە میــانی تاکــەکانی کۆمــەڵو مەرجـەعی چالاکییە زینـدووەکانیان، دژبوونـە لـەنێوان هێـزی بەرهەمهێنەرو شێوەی موعاشەرە)[٢٨]. چەمکی دژبوون لەنێو چوارچێوەی یەك بونیاددا بە دیاردەکەوێ، نەك لە رێی ئەوەی کـە لای بونیادگـەرایانی دەبیـنین، لـە چـەمکی هاوزەمـانی و زەمـانی بـوون، بـەڵکو لـە شیکردنەوەی مـارکس بۆ گەوهـەری ئـەو (سـەرمایە)ی کـە کەڵەکـەی سـەریەك دەبێـت تـا کۆتـایی دێت، خۆی لە ناوەوە دەدۆزێتەوە لـە رێگـەی زروفـی بابـەتیو لـە رێگــەی تــەفاعول کردنــی ململانــێو مونافەســەو چــوونە ناویـەکی بونیـادی سـەرخانو ژێرخـان، مـارکس بـە دیقـەت کەشــفی رێکخســتنی نــاوەوەی سیســتەمی ســەرمایەداری کردووە.

– نیتشەو دابڕانی مێژوویی گەورە:

نیتشـه ١٨٤٤-١٩٠٠ لـه هـەمووان زیـاتر ئامـادەگی هەیـە لـە تێزەکـانی بونیادگەریـدا، واقیعـی بـە هـەموو فەلسـەفەکانیەوە رەت کـردەوە، رەوشـتی هـەموو رەتکـردەوەو بـە دوای مانـاو بەهادا گـەڕاوە، لـە رێگـەی ئـەو چـەمکە نـاودارەی خـۆی لـە (نەهلیستیەت) ئەویش بریتییە لـە مـەرگی خوداو بۆ ئـەوەی مەرگی خودی مرۆڤ رابگەیەنێ، هەروەها سنووری مرۆڤی کەم کــردەوە تــا ئاســتی (غــەریزە) و بــەرەو ئــیرادەی هێــزی سۆپەرمانی برد (نیتشـه هـەتا لـە وجودیـەت)یشـدا ئامـادەیی زۆری هەیـە، کاریگەریشـی بەسـەر (جـاك دریـدا) و (فۆکـۆ)وە هەیە.

- چەمکی بونیادتگەری:

بونیاتگەری بۆ (بونیـات) دەگەڕێتـەوە لـە جیلـوەی زانسـتی ریـازیو فیزیـایی، کـە کۆمـەڵێك رەگـەز دروسـتی دەکـەن، کـە لـەنێو خـودی خۆیـا بەرجەسـتەیە، لـە رێگـەی تـەفاعولکردنی پەیوەندییەکانیـدا نەشـونما دەکـاو رێکدەکـەوێ، لەلایـەك وەك نەســەقێکی زانســتی کــە بــە شــێوەیەکی نیمچــە یاســایی داڕێـژراوە بـە دیاردەکـەوێ، لـە لایـەکی دیکـەوە نموونەیـەکی نزیکـە لـە واقیـع لـە رووی پـەیوەنـدی بـە واقیعـەوە، لـە رووی

لۆژیکیـــەوەش وەریـــدەگریٚ، لـــە لایـــەکی دیکەشـــەوە روون بوونەوەیەکی پالاٚوتەیە لە بە سیستەم بوونیدا، ەپیٚش واقیع دەکـەویٚت. بـەلاٚم لەگـەلٚ ئەوەشـدا بونیادگـەری ناخریٚتـە نیٚـو چوارچیٚوەیەکەوە. (بیاجیە) دەلٚیٚت: بونیـە لـە سیٚ سـیفەتی سـەرەکیدا پیٚـك دیٚـت، رسـتە، وەرچـەرخان، بـەرزەفتی زاتـی، دەکریٚ بۆ بونیادگەری ئەم چەند خالٚە بخەینە روو:

– هـەموو هـەولٚی بونیادگـەری بـۆ ئەوەیـە لـە زانسـت نزیـك ببیٚتـــەوە، ئـــەوەش لـــەوەدا بەدیاردەکـــەویٚ، کـــە هـــەموو موفرەداتیٚکی لە زانستی نویٚ وەرگرتووە، بە تایبەت لەکایەی ماتماتیكو فیزیاو بیۆلۆژیا.

– چەمکی بونیادگەری یەك چەمك نییە، واتە دەست نیشان ناکریٚ، هەرچەندە سیفاتی هاوبەش هەیە لە نیٚوانیانا، هەموو دەسـەلاٚتەکانی مەرجـەعی بونیادگـەری لەیەکـەوە نـزیکن، یـا تـۆزیٚ جیـاوازن، وەك پەیوەنـدی نیٚـوان ئالتۆسیرو جاك لاکـان شتراوسو فۆکۆو جاك دریداو برودیل.

– رەهەندی زاتیەت لەم چەمکەدا روونو ئاشکرایە، چونکە ئەوەی بونیادگەریی دەیـەویٚت، زانسـت نیـەو تیٚپـەڕی زاتیـەت ناکـات، هـەروەها ناتوانـیٚ نـاخی کۆمـەلٚ بـەجیٚبهیٚلٚیٚت، کـە

بونیادگـــەری تیـــا جوولـــە دەکـــات، بونیادگـــەری هـــەموو ئایدۆلۆژیایـــەك رەتدەکاتـــەوە، بـــۆ ئـــەوەی لـــە کۆتاییـــدا ئایدۆلۆژیەتی خۆی دەزگاکاری بکات.

– بونیادگـــەریی لـــە چـــەمکە دیارەکەیـــدا زانســـتێکی داپۆشراوو بە ئایدۆلۆژیا لوغم رێژ کراوە. زۆر لەو هاوارەوە دوور نییە، کە بەر لە چەند دە ساڵێکدا دەکرا، سەبارەت بە کۆتـایی بـوون[٢٩]. ئێمـە نـاتوانین پێناسـەیەکی تـەواو بـۆ بونیادگەری بخەینەڕوو، چونکە بونیادگەرایان خۆیان رەتی یەك پێناسە دەکەنەوە بۆ بونیادگەری، یاخود رەتی ئەوە دەکەنەوە کە پێناسەیەك بۆ میتۆدی خۆیان بکەن، هەر خۆیان زۆر کەشف و چەمك و مانا دەهێننەوە، کە ئێمە دەتوانین لە رێگەی ئەو شتانەوە پێناسەی وشەی بونیادگەری پێشکەش بکـەین، بـەڵام توانایـان نییـە چوارچـێوەبەندی بکـەن. لـە پێشـەکی کتێبـی جـان مـاری ئوزیـاس هـاتووە (بونیادگـەریی بریتییـە لـە لیڤـی شـتراوس[٣٠]. فۆکـۆ هـەوڵ دەدات لـەناو چەمکێ کار بکا وێنەی بونیادگەریمان پێدەدات، کە بریتییە لە چەمکی (نەسەق) و دەڵێت: مەبەستم لە وشەی نەسەق کۆمەڵـە پەیوەندییەکـە سـەقامگیر دەبێ و دەگـۆڕێ سـەربەخۆ

لەو شتانەوە کە پەیوەستن لەناو یەکدا [٣١]. شتراوس هیچ پێناسەیەکی بۆ بونیادگەریی نیە، ئەوە نەبێ لە قسەکانی وادیارە لە پایەی کۆمەڵایەتی و دەنگ و سەدای بونیادگەریی رازی نییە [٣٢].

* * *

سەرچاوە:

گۆڤاری (النهج) ژ٣١ ساڵی حەوتەم، نووسینی ابراهیم محمود.

ئەم نووسینە پوختەیەکی ئامادەکراوی هەمان ئەو سەرچاوەیەیە.

## ئاوازە جەنائیزییەکەی هیگڵ *

هربـــــــــرت مــــــــــارکوزەی هونەرمەنــــــــــد، لە ناکاو کەوتە بەر تیشکی رۆناهی و لە شەستەکانیشدا بوو بـە مـۆدی گەنجـەکانی ئـەوروپا، ئـەو ئەوروپایـە سەرسـام و دوودڵــەی، کــە هــەموو خواکــانی خــۆی لەدەســت دابــوو، گەنجەکانیشــی هــەموو شــتێکیان لــە دەســت چــووبوو، لــەژێر کاریگەرێتی ئەو ئێش و ئازارەی لەوانـدا رەنگـی دابووەوە، دژ بــە شارســتانیەتی رۆژئــاوایی و هــەموو ئەگــەرە کارەســات ئامێزەکانی، مارکوزە فەیلەسوفی رەت کردنەوەو نامۆیی بوو، گەنجــەکان بــۆ خۆیــان هەڵیانبــژاردبوو، موریــدەکانی ئــەو فەیلەسوفە لـە جادەو شـارەکانی ئـەوروپادا، بـە جلـی دڕاوو شەپڕێوەوە دەسووڕانەوە، رەتی ئەوەیان دەکردەوە کە خۆیان بدەنــە دەســت ژیانــێ، هــەموو مانـاو نـاوەرۆکێکی خـۆی لــە دەست دابێ. تـا ئـەو ئەقڵـەش کـە بـە پێـی زەوق و هەوەسـی خۆیــان راڤــەیان کردبــوو، گــەرەکیان بــوو مــارکوزە بکــەن بــە پەیامبــەری چــاخی رەتکردنــەوەو سەرکێشــی، دژی چــوونە ژێرباری بێهوودەیی سروشت و کۆمەڵگە. لایەنگرانی مـارکوزە

تـاجی ڕێبەرایـەتیان بەخشـی بـەو، بـۆ ئـەوەی ڕابەرایـەتی کـوڕەوی ئـەوان بکـات، بـەبێ ئـەوەی هیچـیەك لـەو گەنجـە سەرسامو دوودڵانە ڕێنمایی بکات، چونکە ئەو ناوەرۆکەی بۆ ئـــەوانی هێنـــابوو، نموونەیـــەکی عەمـــەلی نـــەبوو، بـــۆ وەرچەرخانێکی ئەوروپی مەزن.

مارکوزە لە بەرلین لە خانەوادەیەکی یەهودی دەوڵەمەند لە دایك بووە، لە قوتابخانەی -ئۆگستتا کمناریوومی- دانشگای بـەرلین‌و فرایبـورگ خوێندوویـەتی، مـاکس هورکهایمـەرو تیودور ئەدورنو، لە ئەنستیتۆی فرانکفۆرت کە تایبەت بوو بە لێکۆڵینـەوەی کۆمەڵایـەتی، کاریگەریـەتی زۆریـان هـەبووە بەسەر ئایندەی ئاقاری فیکری‌و سیاسی مارکۆزەوە، بۆیە وا چاکە شتێ دەربارەی ئەم دوو کەسێتییە بزانین کە هێجگار کاریگەر بوون بەسەر ڕێبەندو هەڵوێستی ئەقڵی ئەوەوە.

هورکهـایمر ١٨٩٥-١٩٧٣ یەهودیـەکی ئـەڵمانی بـوو، کـە مـارکوزەی بینـی، بنـەمای قوتابخانەیـەکی ڕەخنـەیی بـۆ کۆمەڵگـە داڕشـتبوو، ئـەویش بـە هـانس کورتیلیوسی یەکـەم فەیلەسوفی فینۆمۆنۆلۆژیا هیدگرو هوسرل پێکرابوو، دوای کۆچـکردنی بـۆ وڵاتـە یـەکگرتووەکان، چـەند لێتوێژینـەوەو

بابەتێکی بڵاوکردەوە، تیایا هەوڵیدەدا گێرمەو کێشەی نێوان ئەقڵانیەتو نائەقڵانیەت، لە دنیای سەرمایەداریدا بسەلمێنێ.

بەڵام ئەدورنو، ئەڵمانی بوو لە سەلالەیەکی نیوە یەهودی بوو، کەوتبووە بەریتانیا، دوای هاتنی نازیەت بۆ فەرمانڕەوایی، لە ئۆکسفۆرد نیشتەجێ بوو، ئینجا کۆچی کرد بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان ، لەوێشەوە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەو بابەتەکانی خۆی، لەبارەی فەلسەفەو سۆسیۆلۆژیا، کە لە کتێبێکدا بەناوی (چەند لێتۆژینەوەیەك لە فەلسەفەو زانستی کۆمەڵایەتی) کۆی کردنەوە، ئەدورنو لە ئاقاری سۆسیۆلۆژی خۆیدا، سەر بە قوتابخانەی فرانکفۆرت بوو، لەگەڵ هورکهایمریشدا کتێبێکیان بەناوی (جەدەلیەتی ڕووناکبیریی) بە چاپ گەیاند، ئەدورنو لەژێر کاریگەریەتی لۆکاش و تەئویلاتە مارکسیەکانی ئەو دابوو، ئەو دوو هزرمەندە کاریان کردە سەر مارکوزەوە لە رووی فیکرییەوەو شێوازی جەدەلیەتی مارکسیزمیان بەسەریا زاڵکرد، ئیدی ئەم کۆمەڵە هزرمەندانە یەکیان گرتەوەو هەریەکەیان کاری کردە سەر ئەویترو هەمووشیان بە دەوری خۆیان لەژێر کاریگەریەتی رۆزا لۆکسمبورگی ئەڵمانی و یەهودی و

چەپڕەو دابوون. کە ئەمەی دوایی ڕێبەرێتی هەڵگەڕانەوەی لە ساڵی ١٩١٩ ی ئەڵمانی کردو ناوی نابوو، هەڵگەڕانەوەی سپارتاکوس، تیایا تێکشکاو کوژرا.

**جا ئایا ئەم بەیەك گەیشتنەوەیە بەپێی وادەیەك بوو، یا سوتفەیەك لە سوتفەکانی قەدەر؟ کە دوور لە ئیرادەی مرۆڤ ونەخشە هۆشمەندییەکانیدا دەیچێنێ؟ ئێمە ناتوانین لەمەدا بیروڕایەك بخەینەڕوو، بەڵام ئەوەندەی پێمان دەکرێ بڵێین ئەوەیە، کە بزاوتە عەبەسییەکان و سەرکێشییەکانی کۆمەڵگەو شەقامەکانی ئەوروپا، لە شەستەکان و سەرەتای هەفتاکان، بە خۆیانەوەیان بینی کە نابێ میراتێك بێ بەربەندی فیکری مارکوزە بێ و بەس، کە توانیبێتی هەموو ئەو کوتلە چڕانەی گەنجەکانی ناو شەقامی بەلای خۆیدا راکێشابێ، بۆیە پرسیارەکە هەروا دەمێنێتەوەو وەڵامیش هەیە.**

دانیشگای (سان دیگۆ) رەتی کردەوە کە ببێ بە مامۆستای فەلسەفە، هۆیەکەشیان بەوە دەستنیشان کردبوو، گوایە پیاوێکە عەقڵی گەنجەکان تێکدەدات، بەر لەوەی بگات بە تەمەنی یاسایی هەر زوو خانە نشینیان کرد. هەر چۆنێ بێ هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە مارکوزە، کەوتبووە سەر

فەلسەفەی هیگڵی، بە هەموو لایەنە راستڕەووچەپڕەوەکەیدا، بەرهەمی ئەو لێکۆلینەوەیەش کتێبی ئەقڵ‌و شۆڕش بوو، کە باشترین بەرهەمی مارکوزە بوو، لە ساڵی ١٩٤١ دا، هەر چەند لە سەرەتای ژیانیدا لەژێر کاریگەریەتی کانتیەتی نوێدابوو، بەڵام لە جەوهەردا هەر بە هیگڵی مایەوە، جگە لە چەند کاریگەرێتی دیکە، کە لە تێزەکانی زانای دەرونی یەهودی (سیگمۆند فرۆید)ەوە بۆی هاتبوو. کتێبی ئەقڵ و شۆڕش، ئەو تێزانەی مارکوزە دەگرێتە خۆ، کە سەبارەت بە فەلسەفەی هیگڵی‌و جەدەلیەتی مارکسین، بەڵام ئەو کتێبەی دیکە کە کاریگەرێتی فرۆیدی بەسەرەوەیە ناوی ئیروس‌و شارستانیەتە، کە لە ساڵی ١٩٥٥ بڵاوبۆتەوە، هەروەها کتێبەکەی دیکەی کە سەبارەت بە شێوازەکەی رەواجێکی باشی هەبوو، ناوی – مرۆڤی تاك رەهەندە– و لە ساڵی ١٩٦٤ بڵاوی کردۆتەوە، بەڵام کتێبی ئەقڵ‌و شۆڕش، گرنگترین کتێبی مارکوزەیە، کە تیایا هەڵوێستی خۆی کورت کردۆتەوە، سەبارەت بە تەوژمی هیگلێی‌و جەدەلیەتی مارکسیزم‌و زۆر لە ئاقارە هزرییەکانی جیهانی دی، مارکوزە لەم کتێبەدا باس لە پایەی ئەقڵ دەکات، لە فەلسەفەی

هیگڵی و ژیانی ئەقڵ کە لەلای هیگڵدا راستگۆیانە، تەجەلا دەکات، راستر لەوەی کە لە گێرمەو کێشەی هەمیشەیی مرۆڤ لە پێناوی دەرککردن، بە بوون و فۆرماندنی ئەو بوونە، بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ هەقیقەتدا بە دیار دەکەوێ، وەك چۆن مرۆڤ دەرکی پێدەکات، ئەقڵ لای هیگل هێزێکی مەزنە، چونکە هێزێکی دیرۆکی و مێژوویییە، لە جەوهەریدا، ئەو ئەقڵەی کە لە جەدەلییەتی هیگڵی دێتەکایەوە بریتییە لەو پرۆسە پەرەسەندووی نێو کاشوێن –شوێن و کات–، بە وشەیەکی دیکە سیاقی پەرەسەندنی ئەقڵ بریتییە، لە خودی مێژوو نەك شتێکی دیکە جگە لەوە، مێژووش بە چەند قۆناغێ تێپەڕ دەبێ، هەر قۆناغێ لەم قۆناغانە، هێمای ئاستێکی دەست نیشانکراوی پەرەسەندن دەکات، جا ئەگەر ویستمان لەم هەموو قۆناغانە بگەین، دەبێ لە رێگەی بیرۆکەی باوی ئەم قۆناغانەوە دەرکی پێ بکەین، هەروەها لە رێگەی ئەوەی لێمان بە دەست هێناوە، لە بوویەری دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەقیدەیی و ئایینی و فەلسەفییەکانەوە ، ئەقڵ هەر یەکە، بەڵام بە پڕۆسیسی بەرهەمهێنانی هێنانەدیدا تێپەڕ دەبێت ، لە چەند قۆناغێکدا،

وەك چۆن ئەقلْ هەر یەكە و هەقیقەتیشی هەریەكە ، ناتوانین لێكی بترازێنین و بەش بەشی بكەین.

**ماركوزە رەخنە لە هیگلْ دەگرێ، وای بۆ دەچێ كە بە پێی جەدەلییەتی هیگلْ، ئەوە ئازادی دوا ئامانجی بالآیە، لە سیاقی پەرەسەندنی ئەقلدا، بەلآم هیگلْ (وەك چۆن ماركوزە وای دەبینێ) باوەڕی بە ئەقلەو دوایش بە ئازادی، بەو پێییەی بالآترین بەرجەستەیە بۆ ئەقلْ، شۆڕشی فەڕەنسە بەو پێییەی نموونەی شۆڕشی ئەقلْو راگەیاندنی دەسەلآتە بەسەر واقیعدا ، دەلێن هیگلْ باوەڕی بە هەموو ئەو شتانە هەبوو، بەلآم وردە وردە وازی لێهێناون، لە سیاقی ئەو پەرە سەندنەی دەبێتە هۆی ئازادی، هەروەها پاشگەز بۆتەوە لە بیرۆكە شۆڕشگێڕییەكان، ئەو بیرۆكانەی كە جەدەلییەتەكەی تەئكیدیان لەسەر دەكات، ماركوزە ئەو وازهێنانەی هیگلْ لە ئازادی، بۆ ئەو لێكترازانە دەگەڕێنێتەوە، كە لەوان وەختاندا لە ئەلمانیادا بلآوبوبۆوە، خودی هیگلْ لە كتێبێكدا دەربارەی دەستووری ئەلمانی لە سالی ١٨٠٢ لەوێدا هێمای بۆ كردووە. ماركوزە وایدەبینێ كە ئەو لێگەڕانەوەیەی هیگلْ بەسەر خۆی تۆماری كردووە، بەهۆی ئەوە بووە، كە كەسێ رێگە بەخۆی**

بدات تێپەڕی مەرزی لیبڕالی بکات لەمەڕ ئازادیدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی جەوهەری چەسپاومان لە فەلسەفەی (هیگڵ)دا بۆ دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەقڵ هەر خۆی هەمان خودی واقیعە، دەتوانرێ ئەقڵ لە واقیعدا دەست بکەوێ، ئەگەر ئەو ئەقڵە بتوانێت لەقۆناغێ لە قۆناغەکانی سیاقی ئەقڵی هەموو دونیا بخزێنێتە ژێر کۆنترۆڵی مەعریفەوە، ئەقلیش بەدەوری خۆی سیفەتێکە هەمیشە لەگەڵ واقیعدایە،لەهەموو قۆناغێکی پێشکەوتندا، لە گەڵیایەتی، جا شتەکان هەقیقەتێکن لە هەقیقەتەکان، ئەگەر ویستمان ئەو شتانە بناسین دەبێ هەقیقەتیان بناسین،کەواتە هیچ لێکدابڕان ولێکترازانێك نییە، لەمیانەی هەقیقەتە شەکڵییەکان وجەوهەرییەکاندا.

هەموو ئەو شتانەی لە دنیادا هەن بریتین لە چەند حاڵەتێك کە وێنەو قۆناغە، دەبێ بچێ بۆ تێگەیشتن لەو هەموو شتە، بەمجۆرە هەموو مەعریفەیەك، لەگەڵ مەعریفەی فەلسەفی پیادە دەبێ، وابەدیار دەکەوێ مارکوزە، دەگەڵ لۆژیکی هیگڵدا هەنگاو بە هەنگاو دەگونجێ و وێکدەکەوێ، بەڵام جیاوازی لە نێوان هیگڵو مارکوزە لەو کاتەدا روودەدا، کاتێ کە مارکوزە

**کەشفی چەند حاڵەتێکی نێگەتیفی دەکات، لەناو فەلسەفەی هیگڵیدا، لەو کاتەی کە ئەو فەلسەفەیە لە واقیعو پیادەکردندا نزیك دەبێتـەوە. مـارکوزە وەك زۆرانبـازێکی مـەعلان بـەدیار دەکـەویٚ، لـە زۆرانێـی خۆیـدا لەگـەڵ هیگڵـدا، ئـەو دەسـت داگرتنەی مارکوزە، وایکرد بە فەلسەفەی هیگڵ بوێریٚ، کـە بـریتی بـوو لـەوەی بڵێـت، وجـود گەیشـتۆتە پلەیـەکی وا لەپێشکەوتندا، تیایدا دەتوانین بڵێین بوون و هەقیقەت وایان لێهاتووە بەسەر یەکەوە تەبق بن. لەو زمانە جەدەلیەی هیگڵ بـەکاری دەهێنـی، دەتـوانین بڵـێین رۆح و ئـەقڵ ئەوەنـدەی نەماوە ببن بە دوو تـەریك، لای هیگڵ گەیشتونەتە قۆنـاغی هۆشـی زاتـی، واتـە ئـەقڵ بـەواقیعی هاتۆتـە کایـەوە، لێـرەدا مارکوزە دەڵێت: ئەم ئەقڵە مانای ئەوە دەدا، پێگەیشتنی ئەو قۆناغەیـە، کـە مانـای فـەنابوونی حاڵـەتی وجـودە، ئەمـە نێگەتیفێکیکوشندەیە، لەناو فولاًیی جەدەلیەتی هیگلدا، لە کاتێکا هیگڵ دەگاتە لوتکەی گەشبینی، لەلایـەکی دیکـەوە دەبینین کە ئەوە رووخاندنی واقیع هەموویەتی.**

کەواتە جەدەلیەتی هیگڵ جەدەلیەتێکی نەباشە، بەم جۆرە مـارکوزە بەرپەرچـی هیگـل دەداتـەوە، نـەك لـەرووی قڵـپ

کردنەوەی سیستەمی جەدەلی لەسەرەوە بۆ بنەوە– وەك چۆن مارکس وای کرد– بەڵکو لەرووی ئەوەی کە لە ناخەوەڕا خەنجەرکوتی کرد، مارکوزە وای تیادا بینی، کە نەگریسیە بۆ واقیعو هەروەها تەقدیس کردن و هەروەها ئیلغا کردنی ئەو فەلسەفەیەیە، کە گرینگێتی خۆی نەماوەو کۆتایی پێ هاتووە، لە حاڵەتی کەوتنە سەر یەکی ئەقڵو واقیع واتە تەبق بوونی ئەقڵ لەگەڵ ئیمکانبوون، مارکوزە وایدەبینێ کە ئەوە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هیگڵ تەسلیم بە واقیع بووە، ئەو واقیعەی لەدوای تێکشکانی کۆتایی ناپلیۆن لە ساڵی ١٨١٥دا، لە شەڕی (واترلو)دا هاتە کایەوە، کە سیاسەتی کۆنەپەرستانەی مترنیخ، هەموو ئەوروپای گرتبووە. بەم جۆرە مارکوزە لەسەری دەڕواو لەگەڵ هیگڵدا سەبارەت بە ئەخلاقیەتەکانی دەدوێ، بەوەی کە ئەو ئەخلاقیەتانە لای هیگل بەشێکەو دانابڕێ لە فەلسەفەی ڕۆحدا ، بەڵام شارستانیەت و باسکردن لەتەوەرەکانی وەك چۆن هیگڵ بۆی چووە، بریتیە لە چالاکی تەواوی هەرکارێ، کە مرۆڤ بە هۆشێکی ئامانجکوت ئەنجامی دەدا، هەروەها هەموو سیستەمێكو دەزگایەکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو هونەریو

ئەقیدەیی و فەلسەفی، چەند بەشێکی دانەبڕاون لە وجودی مرۆییدا.

پێشکەوتنی رۆشنبیریی بریتیە لە قۆناغەکانی پێوەندی هەبووی نێوان مرۆڤ و بوون، واتە بە مانای ئەو پێوەندیە دێ، کە مرۆڤ تیایا دەتوانێ دەست بە سەر یاساکانی دنیادا بگرێت و بیخاتە ژێر ویست و ئارەزووی خۆیەوە، بەمجۆرە تاکڕەوی دەبێتە هێزێکی زاڵبوی سەر ئەو کۆمەڵگەیەی هیگڵ ئەندێشەی دەکات. هیگڵ وایدەبینێ کە کۆمەڵگەیێ خودان سیستەمێکی رووت و گشتی بێ و کەرەستەکانی بەرهەم بهێنێ، بۆ ئەوەی لە بازاڕدا بیانفرۆشێ، ئەوا دەبێ رایشێکی بەهێزی تیا بێتە کایەوە، واتە دەوڵەتێکی بەهێز بۆ پاراستنی پارسەنگ، هۆیەکەش هەر بۆ ئەو تاکڕەوتییە دەگەڕێتەوە، کە هیگڵ ئەندێشەی دەکرد و بانگی بۆ دەدا، بەڵام فەلسەفەی سیاسی هیگڵ لە نەزەر مارکوزەوە، لە ئەندێشەکردنی هیگڵەوە سەبارەت بەپاڵەوانی مێژوو هاتە کایەوە، کە ئەو کات لە ناپلیۆندا بەرجەستە بووبوو، کە توانی ئەو پەیامە بە جێ بگەیەنێ، کە شۆڕشی فەرەنسە هێنابوی، هەروەها پرینسیپەکانی ئەو پەیامە بکات بە سیستەم و دەوڵەتێکی

هەبوو، بەمجۆرە بیرۆکەی ئازادی تاك، پەیوەست بوو بە کاری گشتی سیستەمی کۆمەڵایەتی، بەڵام سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسی و تەفسیری مێژوویی لای هیگڵ،ئەوا مارکوزە وای دەبینێ کە هەموو ئەو شتانەی هیگڵ هێنابوی لەم رووەدا دووبارە بوونەوەی شتەکانی پێشووی بوو، کەبانگی بۆ دەدا لەو کتێبەی کە بە ناونیشانی (لۆژیك) بوو،واتە ئەو بانگکردنەوەی هیگڵ کە بریتی لەوەی بوونی ریالێتی ئەقڵە، ئەقڵیش لە سروشتدا جیلوە دەکات و ئیدی رووەو سەرکەوتن بۆ مرۆڤ رەت دەبێ، دیرۆکانە دێتە کایەوە، واتە لەخودی مێژوودا دێتە کایەوە، بەمجۆرە رۆح پاڵنەری مێژووە. ئینجا مارکوزە بە گفتوگۆکردن دەربارەی جەدەلیەتی مارکس کۆتایی پێ دەهێنێ، هیچ رایەك دەرنابڕێ یاخود بیرۆکەکانی خۆی بەروونی ئاشکرا ناکات و بەدیار ناخات،بۆ ئەوەی بزانین هەڵوێستی کۆتایی ئەو چییە؟ سەبارەت بە جەدەلیەتی مارکس، مارکوزە وایدەبینێ کە جیاوازی نێوان مارکس و هیگڵ ئەوەیە جەدەلیەتی هیگڵ جەدەلیەتێکی ئەنتۆلۆژیە، واتە زانستی بوون ، کە مێژوو تیایا فۆرمێ لە فۆرمەکانی میتافیزیکیا وەردەگرێت، بەمجۆرە ئەمە جەدەلیەتێکی

نەرێییە، بەڵام ئەم نەرێییە، لای مارکس دەبێتە وەزعێکی مێژوویی کە بەهەر حاڵ نابێتە میتافیزیکا، بەمجۆرە میتۆدی جەدەلیەتی مارکس میتۆدێکی مێژووییە.

بۆ ئێمە بەدیار دەکەوێت مارکوزە وای باوەڕە، لە کاتی بەرزبوونەوەو سەرکەوتنی هیتلەر بۆ فەرمانڕەوایەتیدا هیگڵ مرد. مارکوزە لە ئیرۆس و شارستانیەتدا، هەوڵ دەدات هۆکاری ڕێژەیی زیاد بکات، کە لە مارکسیەتا نەبوو، ئەو شتانە لە ژێر کاریگەرێتی فرۆیدو تیۆرەکانی فرۆیدەوە، سەبارەت بە کەبت و ناهۆشی و تەبق کردنی بەسەر هونەرەکان و چالاکی ئەقلی بالا لای مرۆڤ بوو. مارکوزە لەگەڵ فرۆید تەبایە، کە دژایەتی هەیە لە میانی ئازادی و بەختەوەریدا، لەمیانی ئیرۆس واتە ئارەزووی سێکسی و شارستانیەتدا، وای دەبینێ کە دوو جۆر کەبت هەیە، کەبتی تاك کە جۆرێك لە زوهدو پاقژی بەسەر تاکەوە فەرز دەکات، کەبتی کۆمەڵایەتی وەك چۆن ناوی دەنێ کەبتی بنەڕەتی، کە عورف و پابەندە کۆمەڵایەتیەکان فەرزی دەکەن. مارکوزە وایدەبینێ ئیرۆس هەیە لە ناخی کیانی مرۆڤایەتی ئەگەر ژیاری پێویستی بە شەکیمە هەبوو، بۆ لغاو کردنی ئیرۆس لە

پێناو خەڵق کردنی داهێنانەکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی.

بەمجۆرە مارکوزە هیگڵیەتو فرۆیدیەت تێکەڵ بەیەك دەکات، تێکـەڵکردنێکی زیرەکانـە، بـۆ ئـەوەی بـانگی تۆبـاوی تـەواو بدات، لە کتێبی (مرۆی تەکرەهەند) مژدەی ئەوەمان پێدەدات کـە تۆباویـەت لـە کۆمەڵگـەی تەکنـەلۆژی پێشـکەوتودا (لـە ئەمـەریکاو ئـەوروپا)دا دێتـە کایـەوە، بـەمجۆرە مـارکوزە هـەر هـەموو هیگڵیـەکانی لـە راستڕەویەوە بۆ چەپڕەویدا وروژانـد، بەڕاستی فەلسەفەی مارکوزە ئاوازێکی جەنائیزیە بۆ فەلسەفە رەسەنەکەی هیگڵ

* بابەتێکه لە کتێبی – الفکر والمعاصره – ی محیـدین اسماعیل ئامادە کراوە.

# ئایندەی وەهم

بـەڵێ چـەند مەزنـە مرۆڤایـەتی هـەموو وەهمـێ جـێ بهێڵێ،ئیدی توانای ئەوەی بێ ژینێکی وا لەم سەر زەمینە بەدەست بهێنێ کە بۆخۆی برستی ئەوەی هەبێت تەحەمولی بکات،وەلا من هیچم لەدەست نایەت،جگە لەوەی لەگەڵ ئارەزووەکانت بم،نەك لەبەر ئەوەی من ئەو کۆنەپەرستەم وەك چۆن تۆ ئەندێشەم دەکەیت،بەڵکو لەبەر ئەوەیە من هەستێکی ساغم هەیە،لێرەدا وام بەخەیاڵ دادێت کە ئێمە دەوری خۆمان گۆڕیوەتەوە،تۆ ئێستە کە ئەو خەو بینەرەی کەلەناو وەهمەکانی خۆیا دەفڕێو منیش نوێنەرایەتی داواکانی ئەقڵو هەق دەکەم لەگومانو رارایيدا، هەروەها وا خەیاڵ دەکەم ئەوەی تۆ دەیخەیتە روو لەسەر هەڵە بنیات نراوە، هەقی خۆمە ناوی بنێم وەهم، منیش وەك تۆ دەکەم چونکە کاریگەرێتی ئارەزووی زاتی خۆی بە فەزاحەتەوە پێوەدیارە، تۆ خۆت بەو هیوایە هۆبەندە کردووە کە نەوەی داهاتوو، لە منداڵێتی خۆیاندا کاریگەرێتی مەزهەبی بەسەریانەوە نەبووە، سوكو سانا دەگەنە سەرەتاییە پێویستیەکانی ئەقڵی سەر

ژینی غەریزی، ئەوەشیان ببڕای ببر وەهمە، هەلی تەبیعەتی مرۆیی بۆ گۆڕان وگۆڕین زۆر کەمە سەبارەت بەو خاڵە گرینگەجا ئەگەر راستی فیلم لینەکات ئەوە تا ئیستاش چەند میللەتیك هەن لە ژیر جەختی سیستەمی ریلیژنی پەرەدەستینێ و سەرهەڵدەدەن، کە لە میللەتەکانی دیکەش زیتر لە نموونەی بالاوە نزیك ناکەونەوە، کە تۆ رەچاوت کردووە،ئەو کەسەش کە بیەوێ ریلیژین لە تەویلەی شارستانیەتی ئەوروپیدا دەربکات ئەو قەت ناتوانێ بگات بە ئامانجی خۆی تەنیا گەر بەیارمەتی مەزهەبیکیدیکە نەبێ، هەمان ئەو سیستەمە لەسەرەتادا بە هەموو خەسلەتیکی سایکۆلۆژی مەزهەبی لە قەداسەت و توندیدا خۆی دەنوینێ و هەروەها لەرێ پینەدان و قەدەغەکردنی فیکریدا، تا داکۆکی لە باغستانی خۆی بکات، ئالیرەشەوە تۆ هەموو ئەو شتانەت پیدەوێ و دەستت لییانەوە بەرنابیت، تا بتوانی رووبەڕووی پیداویستیەکانی پەروەردەییەوە، ئیدی ناشتوانی دەستبەرداری پەروەردە ببیت، جا ئەو رییەی کە شیرەخۆرە دەبێ بیبڕێ تا وای لیدیت ببیت بە شارستانی دوورو دریژ.... گومانی تیدا نییە لەنیو گەلێ رووداودا ون دەبن و

سەرگەردان دەبن و پاشان ناگەنە ئەوەش کە ئەرکە زیندووەکانی خۆیان لەکاتی خۆیدا بەجێ بگەینن، ئەگەر لێیان بگەڕێین کە بەعەفەوی و سەربەخۆ پێشکەون...بەبێ دەستکردو ڕێ پێشاندان ئەو مەزهەبەی کە بۆ پەروەردەکردنیشیان بەکاردێ هیچ مەجالی تیا نییە سنوور بۆ فیکریان دادەنێ کاتێ کە دەگەنە عومری تولازی ئەوەش وەك ئەو مەزهەبە وایە کە بەلۆمە دەکەویە سەرییەوە، تۆ قەت تێبینی ئەوەت نەکردووە کە عەیبی کتێبی زۆر ئاڵۆز لە شارستانیەتی ئێمەدا وەك چۆن لە هەموو ڕۆشنبیرییەکی مرۆیدا ئەوەیە کە بەسەر منداڵەوە فەرز دەکرێ، هەرچەند منداڵ بۆ ئەوەی بڕیار بدات فیکرو غەریزەی زۆر بەسەرەوە لاوازە تەنیا ئەقڵی پێگەیشتوی گەوران تەبریری دەکات، شارستانیەتیش جگە لەم ڕێگەیە ناتوانێ ڕێگەیەکی دیکە بگرێتەبەر، ئەمەشیان بەحوکمی ئەوەیە کە پەرەسەندنی دوورو درێژی کۆنینەی مرۆیی سەبارەت بەهەموو تاکێ دەبێ جەختی لێ بکرێ لە ساڵانی دەست نیشانکراوی منداڵێتیدا، جگە لەوەش ناکرێ منداڵ والێبکرێ ئەرکی دەست نیشانکراوی خۆی بەجێ بهێنێ تەنیا لە ڕێگەی کاریگەرێتی

عاتیفیەوە نەبێ، ئەوەشیان ئەو ئاسۆیەیە لەبەردەم ئەو کەسانە والآ دەکاتەوە، کە دەڵێ ئەقڵ لەپێش هەموو شتێ دایە، پێت غەریب نەبێ کەمن خۆم لەموریدەکانی ئەوەم، کە فێرکردنی ئایینی وەك بنە ڕەتێك، بۆ پەروەردە کردن بمێنێتەوە لەپێناو ژیانی هاوبەشی مرۆڤدا، کێشەکە لە سروشتێکی عەمەلی دایە، نەك مەسەلەی توندوتۆڵی دیالۆژ، جا لەبەر ئەوەی ناتوانین بۆ بەرژەوەندی پاراستنی شارستانیەتیمان بە شێوەیەکی تایبەتی چاوەڕوان بین، بۆ ئەوەی کار بکەنە سەر تاك تا پێدەگاتو شایستە بێ بۆ رۆشنبیریی، هەندێ کەسیش هەیە کە ئەو پێگەیشتنەی قەت بۆنابێ، جا لەبەرئەوەی ئێمە خورتی لێکراوین بۆئەوەی سیستەمێ لە سیستەمە مەزهەبییەکان بەسەر منداڵدا فەرز بکەین، سیستەمێ کە چالآكو کاریگەر بێ بەسەریەوە بەو سیفەتەی چەند بەدیهیەتێکە رەخنە هەڵناگرێ...جا چی تیایە کە من سیستەمی ئاینیم وا بۆ بەدیارکەوێ کە بە تواناترین سیستەم بێ بۆ ئەنجامدانی ئەو وەزیفەیە، بەتەواویش هەڵبەت بەحوکمی ئەوەی هێزی ئارەزووەکان دێنێتە کایەوە، ئەو هێزەی کە تۆ گوایە وەهمت تیا ناسیووە،

دەربارەی ئەو گرفتانەی دێتە سەر ڕێی مەعریفەتی هەر بەشێ لەواقیع، لە بەرامبەر ئەو گومانەی کە هەیە سەبارەت بەتوانای هەر مەعریفەتێك هەرچی بێ، وا چاکە قەت لەبەرچاومان ون نەبێ کە پێداویستی مرۆڤ پاش هەر شتێ بەشێك لەواقیع بەرجەستە دەکات بەڵکو بەشێکی گرینگ کە پێوەندی نزیکی بە ئێمەوە هەیە، کاریگەرێتی زۆری هەیە بەسەرمانەوە، پاشان من خەسڵەتێکی دیکە لە مەزهەبدا کەشف دەکەم کە خەسڵەتێکە لە هەموویان زیاتر تووڕەت دەکات، دەکرێ مەزهەب پاکسازی بکرێت و سەربخرێت کە بە هۆیانەوە دەکرێ لە هەموو ئەو شتانە دابڕێت کە نەمەتی بیری بەرایی و منداڵی بەخۆوە هەڵدەگرێ هەموو ئەو شتانەش کە تیایا دەمێننەوە لەو حاڵەتەدا بریتییە لە زەخیرەیەك لەو بیرۆکانەی دژی زانستن و زانست هیچی پێ نییە تاپێیەوە ڕەتی بکاتەوە ئەو وەرچەرخانە لە مەزهەبدا کە تۆ ئیدانەت کردوون بەو وەسفەی کە بەنیوە چڵی پاکتاو کراون، ڕێی ئەوە دەدەن دووبەرەکی دروست بکات لەمیانی جەماوەری نەزان و فەیلەسوف و هزرمەندەکان، کە هەردوو ڕەگەزی هاوبەشی ئەو دوو لایەنەی تیایە. ڕەگەزێ بایەخێکی زۆری هەیە

لەپاراستنی شارستانیەتو پارێزگاریکردنی، پاشان هیچ پاساوێك نییەبۆ ترسان لەوەی میللەت فێری ئەوە بێت کەباوەڕ هێنان بەئایدیا ئیدی تەواو بووو نەماوە، لەمیانی چینە بالاکانی کۆمەلایەتی، وام بەخەیالٚ دادێت کەمن روونم کردبێتەوە هەولٚو تەقەلای تۆ تەنیا هەولێکە بۆ گۆڕینی وەهم کە بەلٚگەی پێیە بۆ چالاکیو کاریگەرێتی خۆی، هەروەها بەهایەکی عاتیفی ئەکیدیشی هەیە، بە وەهمێکی دیکە کە وەك ئەوەی پێشوو بەلٚگەی نییەو هیچ بەهایەکیشی نییە.

من مانیعی رەخنەکانی تۆ نیم، من دەزانم چەند سەختە دەربازبوون لە تەوقی وەهم، رەنگە ئەو ئاواتانەی کەتۆ بڕیاری ئەوەت داوە من خۆمم پێیانەوە هۆبەند کردووە هەرخۆیان لەسروشتێکی وەهمی دابن بەلام من لێرەوە جیاوازییەك دادەنێم، وەهمەکانی من (هەر چەندە هیچ سزایەك نییە بۆ ئەوەی کەمن دانی پیادەنێم) وەك وەهمی مەزهەبی مەحالٚە راست بکرێتەوە یا چاك بکرێتەوە. بەلام دوورە لە هەموو خەسلٚەتێکی وڕێنە ئامێز.

جا ئەگەر ئەزموونەکە سەلمێنرا. هەر بۆ من نا بەلٚکو بۆ خەلٚکانێ کە لە دوای منەوە دێنو وەك من بیردەکەنەوە.

بـەوەی کەئێمــە هەڵــەمان نــەکردووە ئــەو کاتــە ئێمــە واز لــە ئاوەتـــەکانمان دەهێـــنین کەواتەئەوەنـــدە لـــە هەواڵـــەکانیان بارمەکـە زیـاتر لـەوە بـی کـە تەحـەمولی بکـات ،زانـای نەفسـی سـەبارەت بـە سـەختی گونجـان لەگـەڵ ئـەو دونیـا مەزهەبیـە ئەوەندە خۆی هەڵناخەڵەتێنێ بەڵکو هەوڵدەدات کە حوکمێ بـدات سـەبارەت بـە پەرەسـەندنی مرۆڤایـەتی حوکمـێ لـەژێر رۆشـــنایی ئـــەو توانایـــەی کـــە کەشـــفی دەکـــات لـــەکاتی لێکۆڵینەوەی بۆ ئەو هەوڵە نەفسیانەی کە تاك دەیدات لەکاتی پەرەسەندنی لەمنداڵێتی را بۆ عومری روشدی، زانای نەفسی بیرۆکەیەکی لەسـەر فـەرز کـراوە کـە دەڵـێ دەکـرێ مەزهـەب بـە عوسابی منداڵان بچوێندرێت، تـەواویش گەشبینە بەوەی کە بـاوەڕی بـەوە هەیـە رۆژێ دێ مرۆڤایـەتی زاڵ بێـت بەسـەر قۆناغی ئەو عوسابە.

تەواو وەك چۆن زۆر لەمنداڵان چاك دەبنـەوە لـە عوسـابێکی وا لەکاتی گەورەبوونیان رەنگە ئەو زانستو زانیياريانـەی کـە وەرگیراون بـەهۆی زانسـتی نەفسـی تـاك کـەم بێـتو تـەواویش نـــەبێت، رەنگـــە گواســـتنەوەی ئـــەوەی لەســـەر تـــوخمی مـــرۆ پیادەی بکەین کارێ بێت هیچ شتێ نـەبی پاساوی بۆ بـدات،

ڕەنگــە ئــەو گەشــبینیە هــیچ بناغەیــەکی پتــەوی نــەبێ، مــن تەسلیمی تـۆ دەبم‌و دەڵـێم ئەوانـە هـەمووی هیچیان تەئکیـد نـین، بــەڵام لــە توانــای مرۆڤــدا نییــە زۆر جــاران خــۆی لــە ئاشـکراکردنی ئـەو شـتانەوە بگـرێ، کـە لـە ناخـەوەڕا بـیری لێدەکاتەوە، لەم حاڵەتەشدا ڕەنگە عوزری بدەینێ کە ئەوەی لێ بار نەکەین کە بەرگەی نەگرێ.

دوو حاڵەتی دیکە هەیە شایانی ئەوەن لەبەریانا بوەستم، یەکـەم لاوازی هەڵوێسـتی مـن مانـای بـەهێزی هەڵوێسـتی تـۆ ناگەیەنێ،بەڕای من تۆ داکۆکی لە کێشەیەکی دۆڕاو دەکەی، چونکە هەرچەند ئەو قسە بهێنمەوە کە ئەقڵی مرۆڤایەتی هیچ هێزو توانایەکی نییە لەبەرامبەر غەریزەی مرۆڤ، هەرچەندە جیاواز بین لەگەڵ ڕاستی، لەم ڕووەوە شتێکی تایبەتی هەیە کـە خەسڵەتی ئـەو بـێ هێزییەیـە، هـەر چـەندە دەنگـی ئـەقڵ کزبێ، ڕاناوەستی تا ئەوە ببینێ کە کەس نایبیستێ، هەر چــەندە ئــەو بەربەندانــەی کــە بــۆی دادەنــێن تۆکمــە بــێ و توندوتۆڵ بێ و دووبارە بێتەوە، ئەوا لە کۆتاییدا ئەو دەنگە هەر دەبیستین، ئەوەشیان یەکێکە لەو خاڵە دەگمەنانەی کە دەتوانین لەبارەیەوە گەشبین بین ئەویش پەیوەستە بەئایندەی

مرۆڤایەتی، بەڵام خاڵێك نییە کە بایەخێکی لاوازی هەبێت لەم خاڵـەوە دەتـوانین هیـواو ئـاواتێکی زۆرتـر ببەخشـینە خـود، ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوزەمەنەیە کە ئەقڵی تیادا لـەپێش هــەموو شــتێکەوەیەو زۆر زۆر لــە ئێمــە دوورە، هــەروەها گومـانیش لـەوە دانییـە کـە ئـەو مـەو دایـەی لـەومان دوور دەکاتەوە بێ کۆتایی نییە، لەبەر ئەوەی ئەولەویـەتی ئـەقڵ لـە باشترینو ئەرجەحترین زەندا هەمان ئامانجی داوایـە کـە دەبێ خودانی ئێوە بیکاتە پەیام بۆ ئێوە.

پـەیامی برایـەتی، مرۆڤایـەتیو کەمبوونـەوەی ئـازار، ئـەوە هـەقی خۆمانـە بڵـێین دوژمنایـەتی نێـوان ئێمـە کاتییـەو بـەس، قـەت دوور نییـە تەسـویە بکـرێ، بـەڵام ئێمـە لـە سـنووری مرۆڤایـەتی هـەوڵی بـۆ دەدەیـنو ئاواتمانـە بـەو قـەدەرەی کـە واقیعـی دەرەکـی ڕێگـەمان پـێ دەدا،بۆیـە ئێمـە هـەمان شـتمان داوایـە بـەڵام ئێـوە سـەبرتان هێجگـار کەمە،هـەروەها داواتـان زۆرەو ئەنانی ترن ،(لەمنو لەوانەی وەك منن) بۆ واناڵێی ئێوە دەتانــەوێ هێمنــیو شــادی یەکســەر دوای مــردن دەســت پێبکــات. داوای موســتەحیلی لێدەکــەنو ناتانــەوێ واز لەبۆچـوونی تاکڕەهەنـدیو ئیدیعائاتـەکانتان بهێـنن، بـەڵام

خودانی ئێمـه (ئـەقڵ) ئـەو ئارەزووانـە ناهێنێتـەدی تـەنیا بـەو قەدەرەی کـە سروشـتی دەرەکـی ڕێگـەی پێـدەدات، ئەوەشیان وردە وردە ڕوودەدات لە ئایندەیەکی نەبینراودا سەبارەت بەو ڕۆڵـەو کوڕانـەی کـە هـی ئێمـە نـین، بـەڵام ئێمەیـەك شـەکوای تاڵمان لەژیان هەیە وادەی هیچ تـەعویزێکمان بۆ نـادات، هـیچ مەودایەك نییە لەریگە گەیشتن بەو هەدەفە هـەر دەبـی واز لـەو مەزهەبە بهێنین،ئەو کاتە گرینگ نییە کە هەوڵە سەرەتاییەکان قیـت ببنــەوە یــاخود ژیــان هــیچ بــەدیلێکی ســەرەتایی بــۆ تەشـکیلە بەراییـەکان نەنووسـێ، هۆیەکەشـی خۆتـان دەزانـن چییە هیچ شتێ بۆ ماوەیەکی درێژخۆی لەبەر ئەقڵ‌و ئەزموون ڕاناگرێ، دژایەتی کردنی ئەقڵ‌و ئـەزموون لەلایـەن مەزهەبـەوە پێویستی بە بەیان نییە، تا بیرۆکەی مەزهـەبی پاڵاوتـەش لـەو چارەنووسـە ڕزگـاری نابێـت، مادامـەکی هـەوڵی ئـەوە دەدات ڕزگـاری شـتێ بکـات لـە خەسـڵەتەکانی ڕیلیـژینی مـن دڵنیـام ئێـوە ئەگـەر تـەنیا تەئکیـدی بـوونی باڵاتـان کردبـا کـە هـیچ ڕێگەیەك نییە بۆ دەست نیشانکردنی مەبەستەکانی ئەوە ئێوە خۆتان لە دەرەوەی ڕەخنەو سکاڵاکانی زانست دادەنا، بـەڵام بەم جۆرە ئێوە نابنە جێی بایەخی مرۆڤ.

دووەم: تکایە ڕەچاوی جیاوازی هەڵویستی منو خۆت بکە سەبارەت بە وەهم، تۆ هەموو شتێ دەکەی بۆ ئەوەی بە هەموو هێزێکی خۆت داکۆکی لەوەهم بکەی، چونکە ئەگەر تۆ ئەو وەهمەت لە دەستدا (کە بە ڕاستی دەبیە مایەی هەڕەشە لێکردن) بەمە ئەوە دنیای تۆ دادەڕمێو هیچت لەبەردەم نامێنێ، تەنیا بێ ئومێدی نەبێ لە شارستانیەتو ئایندەی مرۆڤایەتی بە یەکەوە. بەلاّم ئێمە ڕزگار بووین لەم کۆیلەتییە ئامادەشین کە واز لە بەشێکی باشی ئارەزووی منداڵیمان بهێنین، هەروەها دەشتوانین بەرگە بگرین کە بینیمان هەندێ لە خەونەکانمان وەهمە، ڕەنگە ئەو پەروەردەی کە ڕزگار بووە لە مەزهەب شتێکی وا گەورە نەگۆڕێ لە ماهیەتی سایکۆلۆژی مرۆڤ. ڕەنگە ئەقڵی خودانمان ئەوەندە پڕ هێز نەبێ ڕەنگە وەفای زۆر کەم بێ بەرامبەر ئەو پەیمانەی کە دابووی بە پێشینە خەڵکە پێشکەوتووەکانمان، ئەگەر بووە ئەرکی سەرشانمان ڕۆژی بڕیاری ئەوە بدەین ئەوە بە هەموو تەسلیم بوونێکەوە بریاری بۆ دەدەین.

بەلاّم سەبارەت بەوە واز لە هەموو بایەخێکمان ناهێنین بۆ کارەکانی ژیانو کەون. چونکە خاڵێکی چەقبەندی گرنگمان

هەیـە، ئێـوە نیتانـە ئێمـە باوەڕمـان بـەوە هەیـە کـە برسـتی زانسـتی دەتوانـێ شـتێکمان دەربـارەی واقیعـی ئـەم کەونـە پێشکەش بکات، بەمەش هێزو بڕستمان زیاد دەبێ و دوایش دەتـوانین ژیانمـان باشـتر رێکخـەین جـا ئەگـەر ئـەو بـاوەڕە وەهمێك بێ لـە وەهمـەکان. ئـەوە لـەو حاڵەتـەدا وەزعـی ئێمـە لەگــەڵ ئێــوە جیایــە، بــەڵام زانســت ئــەو ســەرکەوتنە زۆر گرنگانـەی کـە وەدەسـتی هێنـاوە سـەلماندوویەتی کـە ئـەوە وەهم نییە، واتە ئەقڵ وەهم نییە.

زانسـت دوژمنـی زۆرە بـەڵام ژمـارەی ئەوانـەی کـە خۆیـان شاردۆتەوە گەورەترە لە نێوان ئەوانەی کە ناتوانن لـە زانسـت خۆش بن، چونکە زانست باوەڕی مەزهـەبی بەتاڵ کردۆتـەوە لـە هێـز هـەروەها هەڕەشـەی رمـانی گشـتی لێـدەکات، بـەڵام ئـەوەی کـە لێـی دەگیرێ ئەوەیـە کـە زۆر کـەمی فێـری ئێمـە کردووە. لێگەڕاوە تاریکی ژمارەیەکی گەورە کە پێوانە ناکرێ شتەکان بپێچێتەوە، بەڵام ئەوانەی ئەو قسانە دەکەن لە بیریان چووە کە زانست تەمەنی بچووك و نوژەنـە، هـەورەها گاگۆڵـەی هەنگاوەکانی سەرەتایی گران و سست و لەسەرخۆ بووە، جا ئایا ئێمە هەڵە ناکەین، کـە ئەگـەر حوکمـەکانی خۆمـان لەسـەر

چەند مەودایەکی زۆر کورتدا؟ وا باشە ئێمە چاو لە نموونەی زانا جیۆلۆجیەکان بکەین، زۆر هەن شەکوای نایەقینی زانستیان هەیە، بەوە تاوانباری دەکەن کە ئەمڕۆ یاسایێ دادەنێ و نەوەی داهاتوو بە هەڵەی لە قەڵەم دەداو یاسایەکی دیکە دادەڕێژێ کە ئەویش بە دەوری خۆی تەمەنی ئەوەندە درێژتر نابێ لەوەی پێش خۆی، بەڵام ئەم تاوانبار کردنە زاڵمانەیە تۆزێکیش هەڵەیە، چونکە وەرچەرخانی بیروڕای زانستی پێشکەوتنە نەك ڕمان، نەخێر زانستی ئێمە وەهم نییە، بەڵکو وەهم ئەوەیە کە ئەندێشەی ئەوە بکەین دەتوانین لەلای کەسانی دیکە ئەو شتە بدۆزینەوە کە خۆی ناتوانێ بمانداتێ.

٢- ئایندەی وەهم، سیگمۆند فرۆید.

## هونەرو ئیستاتیکا لای هیگڵ

هیگل بە یەکێ لە فەیلەسوفە مەزنەکانی مێژوو دەژمێردرێت، بەو پێیەی کە لە برگەییێکی مێژوویی هێجگار دووردا توانیویەتی بیروبۆچوونی فەلسەفەی خۆی وەکو میتۆدێکی دیار تۆمار بکات، گرنگی فەیلەسوفان لەوەدا نییە کە ئاخۆ رێبازو بیروبۆچوونیان، لەگەڵ خودی خوێنەردا یەکدەگرێتەوە یا نا، بەڵکو گرنگی ئەتروحەی فەیلەسوفان لەوە دایە کە کرۆکی فەلسەفەی زاتی خۆیان دەرخستووەو باوەڕی بێ پێچو پەنایان خستۆتە روو، بە دەستەواژەییێکی دیکە ناکرێ مەزنی فەیلەسوفان بە شێوەیەکی پراکتیزمی پێوانە بکەین، هیگل وەك فەیلەسوفێکی ئایدیالی، هەموو رەهەندو سنوورەکانی ئەم جۆرە بیروبۆچوونەی بە شێوەیەکی لێتۆژینەوە ئامێز وەدەرخستووەو بەرەنجامو وەبەرهێنانو دیدکاری خۆی تێدا دەرخستووە تا ئەو قۆناغە مێژووییەی کە فەیلەسوفەکانی دیکەی هاتوونەتە سەر بەرهەمەکانیو شییان کردۆتەوەو فەلسەفەی خۆیان دارڕشتووە، بە تایبەت فەلسەفەی مارکس کە دوای خۆێندنەوەییێکی دوورو قووڵی هەمان فەلسەفەی هیگل بووەو تانو پۆییێکی دیکەیان پێ بەخشیووەو تێزێکی دیکەیان تیادا ئامادە کردووە، بە پلەیەك کە وەك دەڵێن

فەلسەفەی مارکسی جەستەو باڵای هیگلی راستکردەوەو خستیە سەر پێیەکانی دوای ئەوەی کە بەسەر سەریەوە وەستابوو، جێگۆڕێکی بە هەردوو مادەو فیکر کردو ماددەی خستەوە پێش فیکرو ئەو فیکرەی کە هیگل لە پێشەوەی ماددەی دانابوو کە گوایە هەموو شتەکان رەنگدانەوەی وەعیو فیکری مرۆڤە، بەم جۆرە فەلسەفەی هیگڵ گرنگ بووە بۆ سەر هەڵدانی بیروبۆچوونی فەلسەفەکانی دیکە، هیگل لەژیانی فەلسەفەی خۆیدا گەلێ بابەتی گرینگی تۆمار کردووە سەبارەت بە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی لەرووی بیروبۆچوونەوە، بە تایبەت گرنگیەکی ئەوتۆی بە مەسەلەی ئێستەتیکا داوە لە بوارەکانی هونەریو شیعریو تەلارسازیو مۆسیقاو شانۆدا، بۆ هەریەك لەم بابەتانە بە کتێبو بەشێکی زۆری نووسینەکانی بۆ تەرخان کردوون، هێگڵ پێی وایە ئەدەبو هونەر موحاکاتی واقیع ناکەن، بەڵکو واقیع دەکەنە جێ مەبەستی دروست کردنی جوانی، هونەرمەند دووبارە بوونەوەی روحێك ئەنجام دەدات لە کارەکانی خۆیدا، بۆیە پیشەی هونەرمەند خوڵقاندنی جوانییە، لەم بابەتەی خوارەوە باس لە فەلسەفەی هیگل دەکرێت لەبارەی جوانی لە هونەردا، هەڵبەت دارِشتنی بیروبۆچوونی هیگل سەبارەت بەم بابەتە، کارێکە رِەنگە زەحمەتییەکی تێدا هەبێ لە کاتی خوێندنەوەیدا، ئەویش

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زمانی کوردی مەشقێکی کەمی هەیە لەسەر بابەتی فەلسەفیو نووسەران هەوڵیان نەداوە بە دریژایی مێژووی ژیانی نووسینی کوردی بابەتی فەلسەفەیی هەڵبژێرنو بیکەن بەکوردی بەتایبەت کە زمانی کوردی زێتر بۆ شیعرو ئەدەبیات بەکارهێنراوە من بۆخۆم پێم وانییە کە زمانی کوردی بە تەنها زمانی شیعر یا چیرۆك بێ، هەرواش پێموانییە زمانێك هەبێت تایبەت بێت بە فەلسەفەو یەکێکی دیکە تایبەت بێ بە ئابووریو هەتا دوایی، بەڵکو پێموایە زمان میکانیزمی خۆی هەیە کە لە هەناویا شاردراوەتەوە دەبێ نووسەران بیدۆزنەوەو کاری پێبکەن، دووەم هۆی گرنگی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە ئێمەی کورد کەمتر کەسانی وامان هەیە کە لەناو بازنەی فەلسەفیدا کار بکەنو تێزو دیدی فەلسەفی خۆیان هەبێو لەکۆتاییشدا ئەمە راستەو خۆ پەیوەندی بە بوونی کیانو دەوڵەتەوە هەیە، کە کۆمەڵێك بابەت دروست دەکەن، بە ناچاری دەبێ فەلسەفەیان بۆ داڕێژن، جوانی بە شێوەیەکی گشتی Beauty in jenral یەکەمین شەکڵە کە ئەقڵی رەها دەرکی پێدەکات، بە پێی پرانسیپەکان شەکڵێکی ڕاستەوخۆیە، مادامێکی ناوەرۆکی هەموو شەکڵەکان کە رەهاییانتێدا دەرك پێدەکرێت یەك بێ، کەواتە مانای ئەوەیە کە هەر خۆیان رەهان، ئەم راستەوخۆییە دەبێ بە

هەمان ئەو وێنەیە بلکێنرێ کە ڕەهـایی تێـدا دەرك پێدەکـەین، هـەر بۆیەش ڕەهایی دەبێ یەکـەمین جـار لـەژێر ماسـکێکی ڕاسـتەوخۆدا جلیوە بدات، (مەبەستم ماسـکی بابەتـە دەرەکییەکانـە) جـا بریقـە دانەوەی ڕەهایی تیشکەکانی لە ڕێگـەی ماسـکی جیهـانی هەسـتیدا هەر خـۆی جوانییـە، گەوهـەری بیرۆکـەی جـوانی ئەوەیـە کـە دەبـێ بابەتێکی هەست ئامێز بێ، واتـە شـتێك بـێ بـە ڕاسـتی لەبـەردەم حەواسەکان، مانەندی پەیکەر، یـاخود تـەلار، یـا دەنگـە مۆسـیقیە جوانەکان، یاخود لانی کەم وێنە کردنێکی زەینـی بـێ بـۆ بابـەتێکی هەست ئامێز، وەك چۆن لە شیعردا هەیە، دەبێ تاکێکی مژادیی بێت، واتا نابێت ئەبستراکت بێت، چونکە بابەتی جـوان بـەرەو لای حـەواس دەچێت، بەڵام هەمدیس بۆلای ئەقڵو ڕوحیش دەچێت، چـونکە بـوونی هەست ئامێزو بەس، هەروەك خۆی، جوانیی نییە، بەڵام کاتێـك جـوان دەبێت کە ئەقڵ لە ڕێگەیەوە دەرك بە بریقانەوەی بیرۆکـە دەکـات، جـا مادامەکێ بیرۆکە حەقیقەتی ڕەهایە ئـەوە یـەکگرتنی هـەقو جـوانی تێدا بەرهەم دێ، چونکە هەریەك لەوانـە بیرۆکەیەکـە، بـەڵام لەیـەك جیان، جوانی بیرۆکەیە کاتێ لە ڕێگەی چوارچێوەیەکی هەست ئامێزدا دەرکی پێ دەکرێ، یاخود کاتێ بە حەواس هەستی پێ دەکـرێ جـا لـە هونەر دابێ یا لە سروشت، بەڵام حەقیقـەت بیرۆکەیـە کاتـێ کـە لـە

خۆیدا دەرکی پێ دەکرێ بەم وەسفەی کە بیرۆکەییێکی پاڵاوتەرە، چونکە بە حەواس دەرکی پێ ناکرێت بەڵام لە رێگەی بیرۆکەی پاڵاوتەدا دەرکی پێ دەکرێت، واتا لەرێگەی فەلسەفەوە.

هەر قۆناغێ لە قۆناغـەکانی رۆح وەکـو، خانـەوادە، ئەخلاقییـەت دەوڵەت قۆناغێك لەقۆناغەکانی فیکر، فیکریش لە بازنەی ئێستایدا پێی دەڵێن (نموونەی باڵا-IdeaI - نموونەی باڵا ئەم وێنە تایبەتییەی بیرۆکەیە کە تیایـدا بـە رێگـەی هەسـتی دەرك بـەوە دەکرێـت (کـە بیرۆکەیە نەك لە زاتی خۆی، بـەڵکو وەك چـۆن لـە دونیـای هەسـتدا جیلوە دەدا. ئەو پرسیارەی کە خۆی قوت دەکاتەوە ئێستاکە ئەوەیە کە: ئایا چۆن بیرۆکە یا رەهایی دەتوانێ لە بابەتی هەست ئـامێزدا جلیـوە بدات؟ پێویستە لەسەر مرۆڤ ئەو راڤەیـە بپەرێنێتـەوە کـە دەربـارەی بیرۆکە لە لۆژێکدا باسمـان کـردووە، بیرۆکـەی هەمەلایـەن وەك خـۆی هێشتا نابێتە بیرۆکە چونکە بیرۆکەی هەمە لایەنە زاتییـەو بیرۆکـەش یەکەیەکی مژادییە بۆ بیرۆکەی هەمەلایەنە، لەگـەڵ بابەتـداو یـاخود کۆمەڵێك لە بابەت کە واهەست بکەین بەم وەسفەوە دەرکی پێـدەکرێ زەرورییە لەیەکدا، ئێمە دەزانین هۆکاری یەکێتی لەم حاڵەتەداو لایەنی زاتی، یاخود بیرۆکەی هەمەلایەنە، هۆکاری فرەیی لایەنی بابەتیە، لەم بابەتەدا جوان بیرۆکە لە وێنەی هەستی بابەتیدا بە دیـار بکـەوێ کـە

یەکێتییەکی (ئالی) نییە، بەڵکو یەکبوونێکی ئۆرگانیکیە، لایەنە جۆر بەجۆرەکانی بابەت کە بەم جۆرە کەڵەکەی سەریەك دەبن تەنها کەڵەکە بوونێکی ڕەمەکی نین وەك کۆمەڵە بەردێك کە ئەگەر پەرش‌و بڵاوبن زاتی خۆیان ون ناکەن، بەڵکو وەکو خۆیان دەمێننەوە. چونکە هەر ئەندامێ لە ئەندامەکانی ئەم گردبوونەوەیە بێ لایەنە، سەبارەت بە بەشەکانی دیکە، بەڵام بەشەکان لەیەك یەکێتی ئۆرگانیکیدا بە پێچەوانەی ئەمەیە، مانای نییە تەنها بەم وەسفەی کە ئەندامن لە هەمەکی-کل- دا. هەروەها یەکێتی لەلایەکی دیکەشەوە هیچ مانای نییە، هەتا بوونیشی نییە دوور لە ئەو ئەندامانەی لێیانەوە دروست دەبێ بابەتی ئێستاتێك، یا کاری هونەری بە زەرورەت هەبووێکی- کائن- زیندووە.

یەکەم، وێنەی هەستەنی کە فیکری تێدا جلیوە دەدات‌و پاشانیش یەکەم وێنەی جوانی سروشتە، لە کۆتاییدا سروشت بیرۆکەیە. جا لەبەر ئەوەی بیرۆکە لێرە، بیرۆکەیێکی پاڵاوتەیە واتە بیرۆکە نییە لەخودی خۆی، بەڵکو بیرۆکەیێکە لە نێوەندی دەرەکی هەستەنیدا شاردراوەتەوە، بەم جۆرە سروشتیش جوانییە، بەڵام پلە هەیە بۆ جوانی، ئەگەر هاتوو سەیری خوارترین مەرتەبە لە مەرتەبەکانی سروشت بکەین کە مژادی وشکن وەك خۆی، ئەوە دەبینین بیرۆکە شاردراوەتەوەو

قەوڵە لەم مژادەدا- مـاددە – واتـا لـەدەرەوەرا هـەتا ئێمـە بەدیشـی ناکەین لەرووی پراکیتکـەوە بەشـەکانی پارچـە ئاسـنێ پەیوەنـدییان بەیەکەوە نییە، ئەگەر لێکیش بکرێنەوە وەکو خۆیان دەمێنێنەوە بۆیـە سەختە بابەتێکی واجوان بێت، ئەگەر هاتوو پلەیەك باڵاتر چووین ئەوە خۆمان لە بەرامبەر بابەتی سیسـتەمی هـەتاودا دەبینینـەوە، لێـرەدا پشت بە بەستانێکی پەیوەندیدار لە میانی بەشەکاندا لەگەڵ یەکتریدا دەبینینەوە، جگە لەمەش سەنتەرێك بۆ یەکەی خۆر دەدۆزینەوە، بـەڵام پەیوەندی لەمیانی ئەنجامی ئاسمانی لە سیستەمێکی وادا هێشتاکەش یاسای (ئالی) بە تەنها حوکمیان دەکات. جگە لەمە لـەجیاتی ئـەوەی کە ئەم یەکەیە یەکەیەکی فیکری بێ دەچێتە ناو ئەندامەکانو لێیـان جیـا نابێتـەوە، مەبەسـتمە بڵـێم ژیـان. چـونکە هـەموو بەشـەکانی هەبووێکی زیندوو لەیەکەیەکی نموونەییدا پەیوەست دەبێ ئەویش ئـەو نەفسەیە کە بەناو هەبووی زیندوودا دەچێت. دەستێکی پەلدراو دەست نییە، چونکە بوونی نییە وەك دەست دوور لە یەکێتی هەمەکیدا، بۆیە ژیان لە رووەكو ئاژەڵـدا جوانـە، ژیـانی ئـاژەڵی بـەرزترە لـە ژیـانی رووەکی، چونکە وەدیار دەخات. واتـە یـەکێتی لـە جیـاواز بـوون بـە شێوەیەکی هێجگار تەواو.

هەرچیەك بێ جوانی لە سروشتدا کۆمەڵـە دژێکـی پـڕ مەترسـی کەشف دەکات. چونکە گرنگترین هۆکارێکە جـوانی حـەقیقی بـەدیار دەخات، بێ کۆتاییو ئەزەلیەتـە...بیرۆکـە کەوایـە بـێ کۆتاییـە بـە شێوەیەکی رەها بیرۆکەش لە سێ هۆکاردا پێکدێت کە ئەمانەن:

١- یەکێتی بیرۆکە کە لـە. ٢- جیـاوازیو فرەیـیو بابەتیـدا. ٣- یەکەیەکی مژادی وەردەچەرخێو بەسەر هەردوو هۆکاری پێشـوودا زاڵ دەبێ، ئەوەیش کە گەوهەریە لێرەدا ئەوەیە کە بیرۆکـەی هەمـە لایـەن هەر خۆی لە جیاوازیو جۆر بە جۆر بوون بەدیار دەکەوی کە کەشـفیان دەکاتو زاڵ دەبێت بەسەر ئەو جیاوازیانەی کە لەناویانـدا هەیـە کـە خۆی لە خۆیدا دروستی کردوون. پەرەسەندنی تەواویش پەرەسەندنێکە لەسەرچاوەی تایبەتی خۆیدا هاتووە، ئەوەیش بـەو جـۆرە دەستنیشـانی خۆی دەکات بە تەواوەتی تا ئەزەلیو ئازاد بـێ، لەبـەر ئەمـەش دەبـێ بابەتی جوان ئەگەر بیەوێ بە حەق گوزارشت لـە بیرۆکـە بکـات کـە خۆی بێ کۆتاییو ئازاد بێت. دەبێ هەبوونێکی زینـدوو بـێو هـەموو جیاوازییەك لە بۆشایی خۆیدا دەربهێنێ کە بە روونی دیاربکـەوێ کـە لە دەرەوەی یەکـەی نموونـەیین کـە نەفسـیەتی (Soul) (رۆحیـەتی) راستە هەبووی زیندوو ئەگەر وەك بەشـێکی سروشـت تەماشـا بکـرێ خۆی بە مانایەك دەست نیشان دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا بـەو وەسـفە کـە

تەنها سروشتییە ئەوە ئازاد نییە، بۆ نموونە ئاژەڵ بەتەواوی ژینگەکەی دەست نیشانی دەکات هەتا مرۆڤیش بەم وەسفەی کە بەشێکە لە سروشت ئەوە لە رووی دەرەکیدا دەست نیشان دەکرێ. لە زۆر لایەنی گەورەی کارەکانی لەژێر فشاری پێداویستی سروشتیو مژادیدا رێ دەگرێ، کە ئەو تۆڕە گەورەیەی پێداویستی کە لە کەوندا هەیە دەیگرێتەوە. هەروەها جوانی سروشت کەمێتی هەیە بەهۆی تەناهی بابەتەکانی سروشت. ئەگەر ئەقڵی بەشەری بیتوانیبایە دەرك بە رەهایی بکات لەوێنەی هەستی ئامێزدا کە رۆحی سەلب کراوە لەم قۆناغەی ئێستادا. دەبێ لە سروشت بالاتر بڕوات دەبێ بابەتی جوانی بۆ خۆی دروست بکات، تا بەم جۆرە پێویستی پەیدا بوو بۆ هونەر. هونەر بە تەنها خۆی بە راستی جوانە. جوانی سروشت مەرتەبەیەکی نزمتری هەیە لە جوانی هونەر بە هەمان پلەی کە سروشت بە شێوەیەکی گشتی لە رۆح کەمتر دەبێتەوە، چونکە هونەر بریتییە لە خەڵق کردنی رۆح.

**گەیشتینە بابەتی ئەسڵی زانستی جوانی یا جوانی هونەر هەموو پارچەیەکی هونەری دوو لایەن دەگرێتەوە، لە یەکەوە جیاوازن، لە یەك یەکەشدا پەیوەستن کە ئەمانەن:**

- لایەنی یەکێتی (Unity) یەکێتی بیرۆکەیەکی هەمەلایەنە بەر لەوەی لە فرەیی‌و بابەتیدا بچێتە دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی هەمەلایەن زاتیشە، پاشان ئەو لایەنەی لە کاری هونەریدا هەیە بە زەرورەت سروشتێکی زاتی هەیەو مانای رۆحییە یا مانای ناوەوەی یا نەفسی (Soul) کاری هونەری زاتی دەکرێ بە گشتی پێی بڵێین ناوەرۆکی رۆحی یاخود بە شێوەیەکی ساکار ناوەرۆك‌و بەس ناوەرۆکی کاری هونەری لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یەکێتیە بە یەکێتییەکی رووت نامینێتەوەو داناخرێ لەسەر خۆی، بەڵکو لە فرە جیاوازیدا بە دیار دەکەوێ.

- فرە جیاوازی کە ئەوەش لایەنی ماددی هەست ئامێزی بابەتیە لە کاری هونەری. دەکرێ بە شێوەیەکی گشتی پێی بگوترێ بەرجەستە بوونی مژادی یا شەکل ئەم بەرجەستە بوونەی ماددەیە کە بیرۆکەی تێدا بەرجەستە دەبێ، لە هونەری تەلار سازی لە مادەیەکی وشك‌و بێ گیان پێکدێت. کە بەردە، بەلاّم لە وێنەکێشاندا بریتییە لە رەنگ‌و لە

شیعردا بریتییه له وێنەکێشانی زەینی ئەم دوو لایەنە لێك جیا نابنەوە بەڵکو لە یەکێتییەکی کامڵدا یەکتر دەگرن، کاتێك دەگەینە بەرجەستەبوونی کامڵ لە هونەردا بوونی نموونەی باڵادا.

مادەمەکی کاری هونەری دەبێ بێ کۆتاییو ئازاد بێو دەست نیشانکراوێکی زاتی بێ، ئەوا لەلایەنە ماددیەکەیدا هەموو ئەو شتانە کەلە بەدوور بوونێکی پاڵاوتەو کامڵدا هەنو دوور دەخرێنەوە، ئەوە هەموو ئەو شتانەیە کە ناتوانین بەیانی کەین، کە لە یەکەی ناوەکیدا دەرچووینە یا لە ناوەرۆکی رۆحیو لە رێگەیەوە دەست نیشان دەکرێ لێرەدا ئێمە لە هونەری وێنەگرتندا یا رەسم کردنی لێك بەدەر بوونی پاڵاوتە (حەزف) دەکەین وەك برینو کەلێنو شینو مۆر هەڵگەران...هتد.

چونکە لایەنی ئاوەها هیچ شتێ لە نەفسی ناوەوە یا زاتیەت کەوای فەرز دەکەین جیلوە بداتو دەرناخات، هەروەها هونەر لاساییکی کوێرانەی سروشت ناکاتەوە بەڵکو بە پێچەوانەوە لە بنەڕەتدا هەوڵدەدات رزگاری بێت لە بەدەر بوونی پاڵاوتەو عەرەزی کە هیچ مانایەکیان لە سروشتدا نییە. ئەگەر هاتوو لە بابەتەکانی سروشتیدا ماددەی خۆی هەڵبژارد ئەوە دەبێ کەشفی رەگەزە ناگەوهەریەکان بکات تیادا، کە خاڵین لە نەفسیو ئەڵقە بێ گیانەکان لە عەرەزیو

تەخاروجات کە دەورەی دەدەنو مانایان دەشارنەوە. تەنها ئەو روخسارە بەدەربخات کە نەفسی ناوەکە بەدیار دەخات یاخود یەکێتی ئەگەر وەزیفەی هونەر موحاکاتی سروشت نەبێت، ئەوە بەکارهێنانی هونەر وەك هۆیەك لە هۆیەکانی باشکردنی ئەخلاقی پێشێل کردنی سیفەتی ئەزلیەتیەتی کە بینیمان سیفەتێکی گەوهەرییە سەبارەت بە هونەر، چونکە ئەوەی کە غایەتێکە لە خودی خۆی بریتییە لە یەکێتی هەرهەریدا (ئەبەدی)، بەلاّم ئەوەی کە بەکار دێت وەك هۆ بۆ مەبەستێکی دی دوورتر لە خۆی ئەوە پابەندە بە ئەوەی دی، بەشتێکی دیکە دەست نیشانکراوە کە زاتی خۆی نییە جا لەبەر ئەوەی کە هونەر بە زاتی خۆی دەستنیشان کراوە مەبەستێکە لە زاتی خۆی.

## هونەری رەسم.. کتێبێکی گرنگی هیگلی فەیلەسوفە

ئەم کتێبە لە ساڵی (١٩٨٧) هاتۆتە چاپکردنو یەکێکە لە کتێبەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی رۆشنبیریو هونەری ئەدەبی کوێتی کە لە زنجیرە کتێبەکانی (عالم المعرفة)یە، بریتییە لە(٣١٨) لاپەڕەی قەوارە مام ناوەندی. هەر لە لاپەڕە پێنجی ئەم کتێبە لە ژێر ناونیشانی (بەرایی) نووسەری کتێبەکە دەڵێت:

(ئایا تۆ قەت تاقیت کردۆتەوە کەلە بەرامبەر ڕەسمێ یا پەیکەرێ یاخود وێنەیەك بوەستیت کە هەست دەکەیت بە زمانی شاعیر قسەت لەگەڵدا دەکەن یاخود ئاهەنگو ئاوازی خۆیان هەڵدەپڕژێننەگوێچکەتەوە؟ ڕەنگە لەبەر خۆت بە سەرسامییەوە بڵێی بە ڕاستی ئەوە بیرۆکەیەکی غەریبە، بەڵام تێپەڕەو ڕادەبووریێو هاتۆتە زەینی کاروانیێ، ئیدی تۆ بەردەوام دەبیت لە هاتوچۆی خۆت بەنێو ئەو گەلەرییە یاخود ئەو پێشانگاو ئەو شوێنەی ڕەسم کە تۆ زیارەتت کردووەو لە وێنەو کاری تاشیندا ڕادەمینێی.

لە ناویاندا دەمێنیتەوەو جێیان دەهێڵی، بەڵام کار دەکەنە سەر ئەقڵو ویژدانت، بە پێی ئەوە شتێ بێتە نێوانتانەوە، ئیتر لە لەحزەی تێڕاماندا بیرۆکەو بیروڕاو هەندێ تیۆرت بۆ دێت کە لەملاو لەولادا وەدەستت هێناون، بەڵام لە زۆربەی کاتی زەمەن کردندا بە حاڵی خۆتدا دەڕۆیت بەبێ ئەوەی بگەڕێیتەوە سەر ئەو ئەزموونەو دابێیتەوە، یا هەندێ جار بەدرێژی لەم بیرۆکەیەدا دەوەستیێو ئەگەر سوتفەی کردو ئەنجامتدا، ئەوا سەدان شاعیرو هونەرمەندی شێوەکارت بۆ بەدیار دەکەوێ کە بە درێژایی سەدان ساڵ کارتێکردنو کاریگەرییەتیان لەگەڵ یەکدییدا گۆڕیوەتەوە، شاعیران ئیلهامیان لە تابلۆو وێنەو

نەخش‌و پەیکەرو پەرستگاو ئەیقون وەرگرتووەو لە شیعریان تۆمار کردووە.

هەرواش رەسامەکان‌و وێنەگرو باشنووسەکان‌و نەخشەسازو وەستاو میعمارەکان ئیلهامیان لە شیعری شاعیرەکان وەرگرتووە، واتە لەو رەسم‌و وێنەو نەخشەکێشان‌و جەستەیەی کە شاعیر خەیاڵی بۆ کردوون‌و بە وشەو کێش‌و سەروا وێنەی کێشاون.

جا چیرۆکی ئەو کاریگەرێتییەی نێوان هونەرەکان بە تایبەت شیعرو هونەری رەسم، چیرۆکێکی درێژەو عومری دەگاتە سی هەزارساڵ لە مێژووی هونەردا لە رۆژهەڵات‌و لە رۆژئاوادا.

تەواوی مەبەستی نووسەر لەوەدایە پێمان بڵێت مێژووی بیری مرۆڤایەتی مێژوویەکی تاك رەهەند نییەو لە تاکە سەرچاوەی هزری خودی کارمەندانی ئەم بوارە سەری هەڵدابێ، بەڵکو کۆمەڵێك سەرچاوەی جۆراو جۆر هەن هەر یەکەو بە شێوەیەك کاریگەربوونە، واتە پێوەندییەکی تۆکمە هەیە لە نێوان هەموو کارە هونەرییەکانی هزرو هەموو کارە هونەرییەکانی دەست، هەڵبەتە ئەم پێوەندییە هەموو بوارەکان دەگرێتەوەو هەر لە شیعرەوە تا دەگاتە هەموو بوارەکانی تیئوریزە کردن، لەم کتێبەدا نووسەر هەوڵدەدات پاساوی ئەوە بهێنێتەوە کە کاریگەربوون رەوایەو ناکرێ بیخەینە ناو تاوانی

دزیو کاری وەرگرتن ئەگەر لە چوارچێوەی کاریگەرێتی نـەترازێ، بـۆ ئەم مەبەستەش نموونەی ئێکجار زۆری لە ئەدەبی عـەرەبیو ئـەوروپی هێناوەتەوە لە بواری شیعرو تابلۆدا هەر لە سـەرەتاکانی گریکـەوە تـا ئێستا، لەم بارەیەوەش گەلێ نموونەی هێناوەتەوە لە بیرورای نووسەران.

شاعیری ئەمریکی ئەزرا پاوەند وتویەتی (کاری هونەری پـڕ بـەهرە ئەوەیە کە لە راڤەکردندا پێویستیت بە سەد کار بێ لـە رەگـەزێکی دیکەی ئەدەبی، ئەو کارەش کە کۆمەڵێکی هەڵبژاردەی وێنـەو رەسمـی تێدایە بونیادی سەد شیعرە).

ئەرستۆ لە سەرەتای کتێبـی هونـەری شـیعردا دەڵێـت ((شـیعرو وێنەکردنە بەم وەسفەی کە دوو هونەرن لەسـەر (موحاکـات) بونیـاد نراون)) شیعر لای ئەرستۆ هونەرە، هونـەری موحاکـات واتـە شـاعیر موحاکات دەکات وەك وێنەکێش بۆیـە زۆر ئاسـاییە کـە لـە میـانی هونەرەکان پێوەندەگۆڕکێ هەبێ).

شلیگل دەڵێت (ئەدەبی کلاسیکی هەر لـە سروشـتەوە نزیکـە لـە هونەری تاشین، بەڵام ئەدەبی تـازەو رۆمـانسـی لـە رەسـمو وێنـەکردن نزیکن).

هربرت رید دەڵێت (وەزنی شیعر لای ئەنکلۆ سەکسۆن دەکرێ لەگـەڵ زەخرەفەکانیان بەراورد بکرێت).

## یارو سلاڤ فرشلیکی

له شیعرێکی بەناوی مۆنـالیزا دەڵێـت: (بزیـەکی تـەژی سـیحرو نهێنی بەستووە بەخەیاڵو سۆزەوە وا بکات واقیعی دوور بفڕێت).

هەمدیس واهاتووە کە دەڵێ (کێ دەتوانێ جارێکی دیکە یارمـەتی ئەوەماندات کە درك بەهەقیقەتێکی فـێڵ لێکـراو بکـات بـە تـەنیا ئاخاوتن لەم نموونانەی کە خـەیاڵو بـەزەیی‌و گالتـە جـاڕی پاڵپشـتی لێدەکەن).

(ساراماگۆ) لەگەڵ ئەوەی کە تەمـەنی لـە تشـرینی دووەم دەبێتـە (٧٦) سالاْن، بەڵام لەگەڵ ئەو تەمەنە درێژە یدا رەخنە گرانیش زیـاتر بایەخی پێدەدەن‌و وەرگێڕەکانیش بەرهەمەکان زیاتر بە زمانانی دیکـە دەناسێنن..

لـە سـەرەتاکانی سـاڵی (١٩٧٧) بـەناوبانگترین رۆمـانی بـەناوی (رێنیشاندەری هونەرو وێنە) وەرگێڕدراوەو بـە سـەرەتایەك لـە بـەهرە پێنشاندانی (ساراماگۆ) خـۆی نوانـد، ئـەم رۆمانـە لـە بـەهرەکانی هونەرمەندی نیگارکێش‌و شان بەشانی بەهرەی وەك نووسەرێك دواوە.

تا ڕادەیەکیش دەتوانرێ وابخوێندرێتەوە کە ڕەنگدانەوەیـەکی ژیـانی (ساراماگۆ) خۆیەتی وەلـێ لە ژوورەکەیدا تـەرکیز لەسـەر مەسـەلەی خۆشەویستی‌و مەسەلە کێشەییەکان‌و ئەو تێبینیانە دەکـات کـە لـە

ئەنجامی قۆناغی دانەرو رەنگدانـەوەی بەسـەر تاکـە کـەس‌و کۆمـەڵ بەدیار دەخات. واشپێدەچێ کە بزوتنەوەی رزگاری خوازی کە لـە دوای روخانی رژێمی سالازار لە ساڵی (١٩٧٤)دا گورج‌و گۆلی زیـاتر بـوو، بەچوارچێوەیەکی ئیشکردنی (ساراماگۆ) دابنرێت کە لەمـەودوا ئـەو رۆمانەی نووسیوە.

بەڵام هەنگاوە دیارەکـانی (سـاراماگۆ) لـە رۆمـانی (بالتاسـاپاو بلیمیوندا) کـە لـە سـاڵی (١٩٨٢) بـڵاوی کـردەوە بەدیاردەکـەوێ, ئەمـەش ئـەو رۆمانەیـە کـە سـەروەتێکی لـە خـەیاڵ بـەردی پـێ کۆکردۆتەوەو رەنگدانەوەی کەسیەتی ئەم پیاوەی تێدا رەنگی داوەتـەوە. مۆسیقاری ئیتالی (کورجی)ش لە ئـۆپێرای (بلیمیونـدا) پشـتی پـێ بەستووەکاتێ لەسەر رۆمانەکە (ساراماگۆ) دایناوە.

ئەو نووسەرە پرتوگالییە رۆمانێکی دیکەی هەیـە بـەناوی (سـاڵی مردنی ریکاردۆ ریس)و لە ساڵی (١٩٨٤) بڵاوی کردۆتـەوە. بابـەتی رۆمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم رووداوانەی ساڵی (١٩٣٦) کە لە شـاری لیشبۆنە لەماوەی حوکمی دیکتـاتۆر روویانـداوە، بـەڵام (سـاراماگۆ) بەهۆی بەهرەی خۆیەوە شێوازێکی ناماقوولی پێبەخشـیوە، رۆمانەکـە باس لە سەردانی بەردەوامی شـاعیر کـۆچ کـردوو (فرنانـدۆ بیسـاوا) دەگەڵ پاڵەوانی رۆمانەکە دەکات (کە ئەویش بە دروستکەری بیسـاوا

دادەنرێت) لەگەڵ ئەم دایالۆگانەی کە لە نێوانیاندا بووە لەبارەی مەرجەکانی بوون. لە سەردانی دواییدا وا بە دیاردەکەوێ کە هەردووکیان پێکەوە کۆچی دوایان کردووە. پێویستە ئیشارەت بەم رۆمانەشی بکەین کە لە ساڵی (١٩٨٩) بەناوی (مێژووی ئابلوقەی لیشبۆنە) نووسیویەتی کە باس لە رۆمانێك دەکات (ساراماگۆ) بە شێوازێکی نایاب نووسیویەتی‌و ئیشارەت بە بەهرەو بەختەوەری خۆی دەدات کاتێ رووداوی مێژوویی دەبینێ‌و رێگاشی پێناگرن لەناو قووڵاییەکانیاندا مەلە بکا.

هەرچی رۆمانی (ئینجیل وەك یەسوعی مەسیح دەیبینێ) کە (ساراماگۆ) لە ساڵی (١٩٩١) بڵاوی کردۆتەوە، ئەم رۆمانە لەبارەی ژیانی مەسیحەو لەناوەرۆکەکەیدا باس لە ئاشکراکردنێکی ئازایانە دەکات لەم گۆشەنیگایانەوە کە پەیوەستن بە کێشەگرنگەکان.

لە ساڵی (١٩٥٥)یش (ساراماگۆ) بەرهەمێکی دیکەی خستە سەر خەرمانی رۆمانی پورتوگالی‌و شوێنێکی ئەدەبی باشی بۆ کردەوە کاتێ رۆمانی (کوێری)ی بڵاوکردەوە، ناونیشانی تەواویشی (وتارێك دەربارەی کوێرەکان)ە.

رۆماننووس لەم رۆمانەدا دەچێتە ناو دنیایەکی ترسناك کە لەبارەی مرۆڤو شارستانیەتەوە تێرادەمینێ وەك دەڵێ (دەتانەوێ ئەوەتان پێ

بلێم كە من هەست بە چی دەكەم، بەڵێ وا دەكەم، باشە من لەو بڕوایەدا نیم كە ئێمە لە ژیانماندا بە بێ چاو بینینی ژیان بەڕێ بكەین، ئەز لەو باوەڕەدام كە ئێمە كوێرینو هیچ نابینین ئەگەرچی كە دەشبینین، ئێمە میللەتێكی كوێرین، دەتوانێ ببینێ بەڵام نابینێ).

بەڵام دوا ڕۆمانی كە بەناوی (هەموو نەوەكان)ەو وازەن دەكرێ كە ئەم پایزە بەرچڤە سوێدییەكەی بڵاو ببێتەوە باسی فەرمانبەرێكی بچووك دەكات كە لە نووسینگەیەكی تۆماركردنی دانیشتوان كار دەكاو كێشەكەی ئەوەیە كە شەوو ڕۆژ بە دەست تاقیب كردنو دواكەوتنی ناوێكی دیاریكراو دەناڵێنێو دەیەوێ بەسەر ئەم ناوەدا زاڵ بێت بە ڕێگایەك كە دەیگەیەنێتە ئامانجێكی تراژیدی.

بەمجۆرە شێوازی جیاوازی خەیاڵ ئامێزی (ساراماگۆ) دەیخاتە شوێنێكی پایەبەرزەوە، لەگەڵ هەموو ئەو سەربەخۆییەی كە بە دەستی هێناوە، بەڵام دەستی لە ڕێگای یا شێوازی ئاسایی بەرنەداوە تا رادەیەك كە حاڵەتی شتەكانی ئێستا دەتوانرێت وا وەسف بكرێت كە بە نیسبەت ئەوەوە خۆڕسكە، جا خەیاڵبازییەكەی تەسەوری زنجیرەیەك لە پڕۆژە دەكات كەوا پێدەچێ هەر یەكێكیان وەك ئەوەیە كە ئەوی دیكە بپوكێنێتەوە بەڵام هەر هەموویان لە بارەی هەوڵدانێكی نوێ بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ واقیعێكی لە خشتەبردراو دەسوڕێنەوە.

(ساراماگۆ) جگە لەم خەڵاتە، لە ساڵی (١٩٥٥)دا خەڵاتی (کامۆیس)ی بەدەست هێناوە کە گرنگترین خەڵاتی ئەدەبییە لە پورتوگال.

یەکەم نووسەری پورتوگالیە کە خەڵاتی نۆبلی ئەدەبیات بە دەست دێنێ.

تێبینی:

ئەم وتارە جگە لە پێشەکیەکە لە کتێبی فلسفة هیجل، المجلد الثاني، فلسفة الروح بە قەڵەمی ولتر ستیس، دەرهێنراوەو وەرگێڕدراوە، ل١٣١. ئەم کتێبە لە گەشتی یەکەمیدا کە بەناوی رۆحی زاتیە بریتییە لە سێ فەسڵ جگە لە پێشەکیەکەی.

بەشی یەکەمی بریتییە لە سێ بەش:

١- نەفسی سروشتی.

٢- نەفسی شاعیر یاخود هەستکار

٣- ئەو نەفسەی کە بە راستی هەیە فەسڵی دووەمی ئەم کتێبە سێ بەشە بەناوی فینۆمینۆلۆژیا.

- وەعیو بەشی یەکەم بریتییە لە وەعی ئەسلیو دووەمیش وەعی زاتیو سێیەمیش ئەقڵ، فەسڵی سێیەمیشی بەناوی (نەفس).

- (زەین) کە سێ بەشە زەنی تیئۆریو زەینــی پراکتیکــیو زەینــی ئازاد.

- گەشتی دووەمی ئەم کتێبە کە بە ناوی رۆحی بابەتییە بریتییــە لە سێ بەش کە ئــەم بابەتانــەی گرتۆتــەخۆ: هــەقی رووت، ئــەخلاق، ئەخلاقی کۆمەلأیەتی.

**هــەر فەســڵەی بریتییــە لــە ســێ بــەش، یەکــەمیان دەربــارەی موڵکیەتەو دووەمیان گرێیەندیو سێیەمیشیان دەربەای هەڵە.**

**گەشتی سێیەمی ئەم کتێبە بەناوی رۆحی رەهایە، کە بریتییە لە چەند بەشو فەسڵێك هــەر هــەموویان دەربــارەی جــوانیو هونــەرو رەمزو هونەری کلاسیکیو رۆمانتیکیو تەلارسازیو تــاشــینو مۆســیقا قسە دەکات دەکات.**

بەشی گشتی کتێبی (فەلســەفەی رۆحــی هیگــل) گوزارشــت لــە لۆجیکی هیگلو پراکتیزەکانی لە فەلسەفەی هــەقو ئــایینو جــوانی دەکات، هیگل لای وابــوو لۆژیــك لیکۆڵینەوەیــە لــە ژیــانی نــاوەوەی (باتینی) ئەقلێ یاخود نەسەقی ئەقڵی پالأوتە یاخود مەلەکوتی بــیری پالأوتە ...نــاوەرۆکی لــۆژیکی هیگــل خوامــان بــۆ بــاس دەکــا لــە ماهیەتی ئەزەلیدا، بەم جۆرە فەلسەفەی رۆح بریتییە لە لێکۆڵینــەوە لە شەکلەکانی کەرۆحیان تێدا جیلوە دەدات، جا ئەگەر لۆژیك بریتــی

بێ له دهست بهسهراگرتنی دونیاو به موڵك كردنی لـه رێـی ئهقڵـهوه ئـهوا ئـهم بـه موڵـك كردنـه چـهند شـهكلێكی زهرووری ههیـه كـه فهلسهفهی رۆح بۆمانی دهخاته روو.

* ئهم زانیاریانه لـه چـهند سهرچـاوهیهك ئامـاده كـراوه كـه (د. عهبدولغفار مكاوی) نووسیوویهتی.

## نۆستالگیا
## چەمکی رابردوو....... چەمکی ئێستە

### بەروتار

ناوەرۆکی ئەم نووسینە بریتییە لەبیروڕای جیا جیا سەبارەت بە هەردوو چەمکی رابردوو، چەمکی داهاتوو،لەوەی کە ئایا دەکرێ رابردوو فەرامۆش بکەین‌وهەموو داهاتوێك بپەسنین؟ یاخود دەکرێ (ئێستە) بکەین بەسەنگی مەحەك بۆ هەموو فەلسەفەوبۆچوون‌و رایەکانمان، یاخود دەکرێ بایەخ لەرابردوو وەرگرین، بۆ بنیادنانی ئێستە،ئیدی لە گەرمەی ئەو بابەتانەوە گەلێ لایەنی شاردراوەی دیکەش پەنجە نوما دەکرێت، کە بڕگەیەکی مێژوویی سەردەمی ڤیکتۆرییە لەگەڵ پێوەندیەکانی بیری چەرخی نێوەند.

(١)

بیرۆکەی ئێستەو رابردوو لەولاَتی بەریتانیادا تەواوی هزری ناسك‌وحەساسی کۆنترۆل کردبوو،ئەوەشیان لەو کاتە دابوو کەشۆڕشی پیشەسازی لەوپەڕی بەرزبوونەوەی ئاستەکانیدا بوو،بەجۆرە گەلێ بەراورد کردن‌و موزارەبات هاتنە ئاراوە، هەر لە ئەنجامی ئەو وەرچەرخینە بنەڕەتی‌وخێرایانەوە، کۆمەڵگەی بەریتانی بیرۆکەی

زەمـــەنی کەوتـــە کەڵکەڵـــەی، چـــینی ڕۆشـــنبیرانیش دەســـتیان کـــرد بەگەڕانو سووڕان بەدوای سیستەمێك بۆ(زەمەن)، کەئـەو سیسـتەمە بتوانێ ئەقڵەنەی زەمەن بکات لەپێناو دابینکردنی بڕێك لـە یـەقینی وجودی، بۆ ئێسـتەیەکی شـڵەژاو. بـەمجۆرە گەڕاندنـەوەی رابـردوو دوو شێوازی گرتـە خـۆ کـەبریتی بـوون لـە- بـەراوردکردنی ئەنجامـدارو غـەریبی کردن، هەرلەو ساتەوە رابردوو بـوو بەبابـەتێکی زینـدوو بـۆ هەموو لێکدانەوەیەك سەبارەت بە ژیانی ئەدەبیو ڕۆشنبیری ڤیکتۆری (لە حوکمی مەلیکە ڤیکتۆریاوە هاتووە) ١٨٣٧-١٩٠١ شەستو سێ ساڵی خایاندو درێژترین مەودای عەرشی بەریتانی بـوو، تـژی بوولـە ئاڵۆزیو گـۆڕانو گێرمەوکێشـەی فیکـری جـەماوەری ئـەو سـەدەیە لەهیکەوە خۆی لەدنیایەکی شۆڕشگێڕیدا دۆزیەوە، گۆڕانەکان هـەموو شتێکیان رادەماڵی هیچ لایەنێکی ژیانیان فـەرامۆش نـەدەکرد، هـەر لەسەرەتای هەمان ئەم سەدەیە، هەسـت کـردن بـە(زەمـەن) دەسـتی پێکرد، راستر مەسەلەی نوستالگیا هاتە کایەوە.

(٢)

لە ئەنجامی تەقینـەوەو هەڵگیرسـانی شۆڕشـی فەرەنسـەو بـەدیار کەوتنی چینی مامناوەند، پاشانیش بەدیارکەوتنی دەوڵەتی ئـەورووپی تازە، ستوونی کۆمەڵگەی کۆنینەی بـەریتانی وردە وردە دەسـتی کـرد

بەلاوازیو لەنێوچوون، هەروەها بەهاتنی شۆڕشی پیشەسازی، لەنێو ئەو هەموو وەرچەرخانەدا بنکەی تازەی پیشەسازی هاتە کایەوە،شۆڕشی پیشەسازی بیری تازەشی لەگەڵ خۆیدا هێنا،ئابووری فیکری لیبرالیوحیساباتی بایەخی مادیو چاکسازییەکانی دیموکراسیەت، بەشێك بوون لەبنەما ئایدۆلۆژیەکانی شۆڕشی تازە، لەلایەکی دیکەوە چینی مامناوەند، چینێ بوو نوێنەرایەتی خۆی لەنێو ئاستەکانی پیشەسازی دۆزیەوە، کە بریتی بوون لە بازرگانو زانا چالاكو ئەکادیمیو ئایدۆلۆژیستەکانو لیبرالیستەکان، هەروەها سیاسی شاریو نووسەرەکان، جگە لەنەوەیەکی کاریگەر لە رۆژنامەنووسو چاودێرەکان

لە کاتێکدا (ماثیو ئارنولد)ی خاوەن کتێبی- شارستانییەتو فەوزا-نووسیبوی ئەم چینە بەتەنیا بەرجەستەی چڕیو زۆری کۆمەلایەتی نەدەکردو بەس، بەڵکو بەرجەستەی جومگەی سەرهەڵدانو پەرەسەندنی ئایندە خوازیشی دەکرد.

لەبەر ئەوەی ئەقڵی حەساس لەنێوان دوو دنیادا رمابوو (یەکێ دەمرێو ئەویتر ناتوانێ لەدایك ببێ) وەك چۆن ئارنۆلد دەڵێ (ئەوەندەی نەبرد ئەو ئەقڵە هەستی بە نەخۆشی کرد – نەخۆشی ژیانی تازە- هەر بۆیەش لەهیکەوە نەبوو، مێژوو هەستی کرد بەوەی

ئـــەركی تـــازەی کەوتۆتـــە سەرشـــان ئـــەویش بایەخدانـــە بـــە فەلسەفەوئایدۆلۆژیا بەتایبەتی لەمەودای ئەدەبدا.

(٣)

لەبەر ئەوەی جەماوەر لەو سەردەمەدا بەرهەمی چاخی شۆڕشـگێڕی بوو، بەزۆری هەستی بـەرەت بـوونی (زەمـەن) دەکـرد، هـەموو کـارە ئەدەبیەکانی ئەو سەردەمە تەعبیریان لـە ئارەزوویـەکی خێـرا دەکـرد، ئەویش خۆگونجاندن بوو لەگەڵ دنیای تەژی لەگۆڕان. تا بگاتە (رۆحی عەسر) (جون سـتیوارت میـل) ئـەم هۆشمەندییـەی ئاشـکرا کـردوو دەیوت (مرۆڤ کەچاخی خۆی بەچـاخی پێشـوو بـەراورد کـرد، یـاخود لەگەڵ چاخەکانی دیکـەی بـەراورد کـرد، هـەمان ئـەو کاتانـە بـوو کەفەیلەسوفەکانی بەدیارکەوتن).

بـەڵام رۆژێ لـەرۆژان ئـەم بیرۆکەیـە نـەیتوانی خـۆی بەسـەر ئـەو سەردەمەدا بسەپێنێ، هـەروەها ئـەوەی روونکـردەوە کەئـەم بیرۆکەیـە لەگەوهـــەردا دەگەڕێتـــەوە بـــۆ چـــاخی گـــۆڕان، بەرلـــەوەی پیـــاوان بەدوورودرێژی بیر لە دیـاردەی شـتە غەریبـەکانی سـەردەمی خۆیـان بکەنەوە، دەبێ باوەڕمان بەوە هەبێ کە ئەم زەمەنـە دەبـێو روودەدات، یاخود دەبێ تەقدیر کراوبێت، ئەم زەمەنە زەمەنێکی جیایە لەوەی کـە پێشتر هەبوو لێرەدا بوو مرۆڤ بوو بـە دوو بەشـەوە- ئـەوان وەك چۆن

بوون هەر ئاوەها مانەوە- ئەوانەیش کەوەلاّمی چاخی گۆڕانیان دایەوە- واتە پیاوانی چاخی کۆنورابردوو،پیاوانی ئێستە.

ڕۆحی عەسر جێی دڵخۆشی بوو بۆ پیاوانی ئێستەو جێگەی ترسیش بوو بۆ پیاوانی رابردوو، هەردوولاش لەچاودێری کردنێکی ڕاڕاو سووتێنەردا دەژیان.

هەر لەم سەردەمەدا ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووسان بەدیارکەوتن هەوڵیان دەدا مێژوو لەرووی زانستو هونەرەوە، لەو هەموو بایەخە تەقلیدیانەی ژیانی پاشاو پاپاو خانەوادە ئۆروستوکراتییەکان رزگار بکەن، شۆڕشی پیشەسازی پڕ قەسوەت ترین جیاوازی لەنێوان هەژارو دەوڵەمەندەکان هێنا کایەوە ، بونیادی کۆمەڵگەی هەڵوەشاندەوە، تاوای لێهات (دزرائیلی disraeli) لە ساڵی ١٨٤٥ بە شێوەیەکی ترسناك جیاوازی کرد لەمیانی دوو بەشی جیاوازی دژ بەیەك ئەویش هەژارو دەوڵەمەندەکان بوو، ئەو دوو بەشەی کە تێکەڵ بەیەك بووبوون، هیچ رەحمێکیان بەیەك نەدەکرد.هیچیان شارەزای نەریتو بیروهەستی ئەویتر نەبوو، وەك ئەوەی هەر یەك لە هەرێمێ دانیشتبن وابوون ، ناتوانین ئێستا هەڵیسەنگێنینو کەشفی پێویستیەکانیان بکەین بەبێ بەکارهینانی رابردوو ئەمە قسەی-ماتیو ئارنۆلد-ە لە کتێبی (شارستانیەتو ئاژاوە)دا، بۆ رەتکردنەوەی بۆچوونەکانی چینی

مامناوەندو گشتیو ئەرستۆکراتی، ئەو بەرەو بیرۆکەی-پالاوتە-چوو، ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی کە تەنیا خۆی دەتوانێ بەریتانیا رزگار بکات لەم ئاژاوەیە، جا ئەم توێژە پالاوتەیە کە نوێنەری شارستانیەتە، بەسەر هەموو بەرژەوەندییەکانی چینایەتی زاڵ دەبێو بالانسێکی نموونەیی بۆ رەگەزە سەرەکییەکانی شارستانیەت دێنێتەکایەوە، کە ئەو رەگەزە کاریگەرانە مێژووی مرۆڤایەتین لە ئەزەلەوەڕا، ئەو دەڵێت (ئێمە ناتوانین بگەینە رزگاری فیکری کە دوا ئارەزووی ئەم توێژە پالاوتەیە ،یە تەنیا لە رێگەی ئەوەی کە تەواو پابەندببین بە عەبقەریەتی گریکی کۆن، هەروەها پابەندبوون بە هێمنی بابەتی دوور لە بەرژەوەندی) زۆر بوونی چالاکی لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌و بەڵگەبەندکردنی رووداوەکانو بایەخ دان بە پاشماوە فیزیکیەکانی وەك بونیادەکان، کاریگەرییەتی زۆری هەبوو بۆ دروستکردنی (کەڵەکەی وێنە وردو خاشکراوەکان کە بۆ ماوەیەکی زۆرنوێنەرایەتی چاخی نێوەندیان دەکرد .، ئەمەو جگە لەم وەرچەرخانە کە لەگەڵ سپێدەی سەدەی تازەدا دەستی کرد بە زیندووکردنەوەی ئەدەبی لە چاخی نێوەند.

(ئەلس چاندلەر chandlier) دەڵێت:

زیندووکردنەوەی چاخی نێوەند کە وردە وردە ئامادەیی چاکی بەخۆوە دە گرت، لەلایەن خۆیەوە هەستێکی دروست کرد، کە بەگشتی مایەی

قبولْ كردن بوو، هــەروەها جيــا بــوو لەگــەڵ ئــەوەی کــە لــە ســەدەی ناوەڕاستا هەبوو، بەوەی کە دامەزراندنی رابــردوو کیــانێکی خــەیاڵی سەربەخۆی بە ژیانی تایبەت دروست کرد، ئیــدی کۆچــی خــەیاڵ بــۆ رابردوو سەبارەت بە زەینی رۆمـانیی ئەنجام دەدراو دەشکرا ببێ. ئەوەش بەوە دەکرا کە هەنگاو بۆ دواوە بهاوێژرێت، بەرەو ئەو رابــردووە خــەیاڵ لێکراوەیە، بۆ نموونــە خوێنــەری رۆمــانێکی (قــوتی) هەســتی خــۆی درێژکاتەوە بە زیندوویی ژیانێکی دیکە بژیت، ئینجا بە تێڕوانینێکــی فراوانترسەبارەت بە حەقیقەت بگەڕێتەوە ئێســتا ئەمەشــیان مــەرجی پێشینەی سەرهەڵدانی رووبەڕووبوونەوەیە، تا چالاکتر بێ، کە وایکــرد ئەدەبی هاوچەرخ ئەو دیدگایە بگرێتــە بــەر کــە لــە میــانی ئێســتاو رابردوودایە.

(٥)

رۆمـانەکانی (والتر سکوت) (١٧٧١-١٨٣١) بۆ یەکەم جــار بــوو، کە مەدایەکی باشی فەراهەم کرد، بۆ عیشقی هونەری دەگمەن لــەنێو قودرەتی رۆمـانســیدا، بــۆ دووبــارە خــەڵق کردنــەوەی چــاخی نێوەنــدو بەکارهێنانی ئەوچاخە بۆ ئەوەی شتێ بخاتــە دڵ، ئــەویش ئەوەیــە کــە بوونی کۆمەڵگەیەکی نموونەیی زەرورەتە، رۆمـانەکانی ئەو رۆماننووسە پــڕن لــە زیندووکردنــەوەی هیوایــاتوکولتورە باشــەکانی پێشــووی

ڤیکتۆری، ئـاپۆرەی چینایەتی پێشـووی شـکاند، لەگـەڵ ئەمەشـدا بەرهەمە رۆشنبیرییەکان گەیشتنە توێـژە کۆمەڵایەتییـەکانی ژێـرەوە، هەروەها ئەدمـوند بـیرك burk (١٧٢٩-١٧٩٨) کـە بەرهەمـەکانی بریتی بوون لە داکۆکی کـردن لـە مـەتریالیزمی سـوودگرو فیکـری رووت داوای دەکرد، فـۆڕمی چـاخی نێوەنـد بپـارێزن، لەبـەر ئـەوەی پاشماوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە، لە کتێبی (تێڕامان لە شۆڕشی فەرەنسە ١٧٩٠) لـە دژی بیرۆکـەی شـۆڕش وەسـتاو هەوڵـیدا مانـا رابردووەکـان فـراوانتر بکـات، راوبۆچـوونی ئـەو نووسـەرە وایکـرد، فەلسەفەیەك دارێژن دژ بە گۆڕانکارییەکانی شۆرشـگێڕی بێـت، کـە لەسەر پیرۆز کردنـی تەقلیـدو عـورف بونیـاد نرابـێ، خۆشـییەکانی کۆمەڵگەی نێوەند وەك چۆن (والتر سکۆت) لە پەرەسـەندنی ئاقـاری ڤیکتۆریـدا پێچـەوانەی کـردووە، وایکـرد فیـودالّی کـۆن بەگونـدو شوانکارەیی ببەستێتەوە، فیودالّەکان لە گوندەکانـدا کەوتبوونـە ژێـر هەڕەشـەی گۆڕانکارییـەکانی دەوڵـەت، لـە کشـتوکاڵییەوە بـەرەو پیشەسازی دەچوون.

(کوبیت-kobit) هەموو ئازارەکانی نەتەوەی بەدیارکەوتنی چینی بالای تازە بەستابۆوە، کە تەنیا پارسەنگی چێژ دەجولانـد. (کۆبیـت) کێشـەی نێـوان دوو سیسـتەمی مێژووبەنـد کردبـوو، سـەرمایەداری

پیشەسازیو فیودالیزمی کۆن (گوندینی)، ئەوەشیان لە ڕێگەی چاکسازی ئایینییەوە بوو، کە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ستوونی چەسپاوی کۆنینەی لەرزاندو سیستەمی تازەی هێنایە ئاراوە، جگە لەوەی (کۆبیت)، لە ستایشی خۆی بۆ چاخی نێوەند لە کتێبی (مێژووی چاکسازی پروتستانتی لە ئینگلتەراو ئیرلەندا (١٨٢٤-١٨٢٦) دەڵێت: کە ئەم بیرۆکە کێشەی نێوان چەرخی نێوەند. چەرخی تازەشی گرتبۆوە، چاکسازییەکانی کردە هێڵی ناوەندی چەرخی ناوەندو نوێ، لە کتێبەکەیدا کە بەناوی (پیاسەی گوندینی ١٨٣٠) دەڵێت: (سیستەمی کۆمەڵایەتی چاخی ناوەندی تاکە چارەسەرییە).

کوبیت بەدوای جوانیوخۆشی گوندی منداڵێتی خۆیدا چوو- بەرەو تەقلیدی چەرخی ناوەند، باوەڕی وابوو کە تەقلیدی چەرخی ناوەند، بەرهەمێکی پاڵەوانانە بوو، نەوەکانی رابردوو یەك لەدوای یەك پێشکەشیان کردووە، هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی ڕەت کردووە کە مادییەتی نوێ هێنابوونیو دەیووت:

رووبەڕوو بوونەوەی سەرەکی لەنێوان ستاتیکییەتو سکونی چەرخی ناوەند لە نایەقینیو هاوچەرخاندن دابوو، کوبیت بۆ پاساودانی راو بۆچوونەکانی خۆی دەڵێت:

(ئـەو ئەگەرانـەی نکـۆڵی چـەقی سـتاتیکیەتی ئـەورووپای کـرد، سەرهەڵگەڕانێکی زۆری بەخۆوە بینی، لەهەمان کاتدا پرۆتستانتیەت لەسەر حسێبی باوەڕی کاسۆلۆکی سەری هەڵدا، بـە هەڵوەشـاندنەوەی بزاوتی چاکسازی بەسـتابۆوەە ، ئیـدی وای بـاوەڕ بـوو کـە(سـەروەتی پێشوو، زۆر بەرهەمی پێشوو بۆ ئەو مرۆڤایەتییە هاوچەرخو هـەژارەی کە (گیای دەریا دەخوات لە ئیرلەندا باشترین شتە).

لێکۆڵینەوەیەکی (تۆماس کارلایل ١٩٧٥-١٨٨١) بەناچـاری لـە مەودای مێژوو بایـەخ بـە بیرۆکـەی گشـتیو چوارچـێوەبەند کردنـدا. لەمەودای مێژوو، ئەم نووسەرە بایەخی بەوە دەدا کە ئێستای هاوچەرخ شی بکاتەوە، رۆمانەکانی والتر سکوت دەورێکـی گـەورەی بینـی لـە پێگەیاندنی تێڕامانی مێژوویی ئەو نووسـەرە، هـەروەها سـوودی لـە میتۆدی سەدەی هەژدەیەم وەرگرت، کە ئەمەش زیاتر بیرۆکەی مێژووی لای ئەم نووسەرە ئاڵۆز کرد، لێکۆڵینەوەکانی کارلایـل سـەبارەت بـە مەدرەسەی ئەقلانی لەمێژوو (کە ئەو کات باوبوو) لـەزۆر لاوە شـتی باش بوون، یەکێ لەنوێنەرانی ئەو مەدرەسەیە(جبونgibbon) بـوو. کاریگەرییەتی فراوانی بـۆ نووسـینی مێـژوو وەك هونـەر بـەکارلایل بەخشی،جگە لە(هیومhume) کەلەرووی رێـرەوی گومـان ئـامێزی سەرچاوەکانی پێشوو سوودێکی زۆری بۆ کارلایل هەبوو.

فەلسەفەی ئەقڵێنی مێژوو پشتی بە ئەقڵو چەسپاوی یاساکانی سروشت دەبەستا، ئەو جۆرە پێشەکییە سەبارەت بەمیزاجی (کارلایل)ی رۆمانسی، حاڵەتێکی-نامێژوویی بوو- لەجەوهەردا- حاڵەتێکی خاڵی لەهەست کردن ، ئەو هێزەی (بینینی) کە کارلایل لە لێکۆڵینەوەکانی مێژوویی خۆیدا بەکاری دەهێنا، بووە هۆی ئەوەی کە قووڵبوونەوەی لە رووداوەکان ئاسانتر بێت.

(شیللر fschillir) لەجیاتی ئەوەی مامەڵەی ئەقلانیو ناعاتیفی لەگەڵ مێژوودا بکات، هەوڵیدا ئاوێنەی نێوان مێژوونووسو کەسەکان، یاخوود رووداوی مێژوویی دروست بکات، ئەمەشیان وایکرد زێتر بایەخ بەلایەنی کەسێتی بدرێت نەك بەلایەنی بابەتی.

کتێبی(هردر)"چەند بیروڕایەك لەمێژووی فەلسەفەی مرۆیی" بریتییە لە شانازی کردن بەسەردەمی ناوەند-هردر- دەڵێت: لەبەرئەوەی تاعەت کردنی سەرکردەکان لەچەرخی نێوەند کەمبۆوە، بۆیە شارستانییەتی سەردەمی نێوەند لەنێوچوو، نۆڤالیس دەیوت"چەرخی نێوەند چەرخی باوەڕی زێڕن بوو، بەلام سەدەی هەژدەیەم چەرخی گومان بوو، لێرەدا بەدیار دەکەوێ کە بەرهەمەکانی نۆڤالیسو شلیجل جگە لە-فیختەو گریس- کیانێکی فیکریان دروست کرد، کە زۆر یارمەتی بزاڤی زیندووکردنەوەیدا، کارلایل

دەیوت: شیعر دوو جۆرە-گوتراو وەك ئەوەی شكسپیرو دانتی- شیعری كەڕ وەك ئەوەی كە پاڵەوانیەتی پیاوی وەك- لۆپر- زیندوو دەكاتەوە.ٍ

لە ئەنجامی كاریگەریتی زۆری ئاقارە فیكریەكاندا، دنیای ماددی لەسەرووی هەموویانەوە- لیبرالیەتی نەفعی- هەموو ژیانی گرتەوە، دەسەڵاتی رۆحی كڵێسا وردە وردە پاشەكشەی دەكرد، بە شێوەیەكی خێراو هەست پێكراو،دنیایی‌و ماددیە لیبرالیەكان لە حزبی- الاحرار- دا داوایان دەكرد كەدەسەڵاتی كڵێسا بخرێتە ژێركۆنترۆڵی دەسەڵاتی مەدەنی، چونكە دەسەڵاتی حوكمی ژیانی زەمەنی‌و رۆحی دەكات، بۆیە زۆر كەس دژیان وەستان، واتە لیبراڵییەت‌و ئەقڵانییەت لەدەرەوەو ناوەوەی كڵێسای ئینگلیزی، بۆ نموونە-ئەدوارد بوسی-لایەنگری كڵێسا بوو، زۆر سەرسام بوو بە كارگێڕیەتی وردی كڵێسا سەبارەت بە ئیش‌و كاری عیبادەت كردن، وتوویەتی: بینایەكانی كڵێسای قوتی بەشووشەی رەنگاورەنگ‌و خاچ‌و رەمزەكانی دیكەوە رێگەیەكی گونجاوە بۆ زیندووكردنەوەی بیروباوەڕی چەرخی ناوەند، سرووت لەلای پیاوانی- ئۆكسفۆرد- هێزی ئەوەی هەبوو جوانی بدات بەعیبادەت كردن، بۆیە هێزی ئەوەیان هەبوو كڵێسا لەژیانی پەرستندا بەهێز بكەن،ٍئەندامانی بزاڤی- ئۆكسفۆرد- جاڕی ئەوەیان دەدا كە هونەری —قوتی

پێداویستە، زۆر نموونەی ئەقیـدەییان هێنایـەوە، بـۆ زیندووکردنـەوەو تێهەڵچوونەوەی هونەری (قوتی)و بەرەو ئاییینیان برد.

کۆمەڵەی ئۆکسـفۆردی بیناکـاری لـەزۆر شـاران پەیـدابوو، هـەر هـەموویان هـەوڵیان دەدا ڕەمزیـەتی بیناکـانی کلێسـاکان زینـدوو بکەنەوە، کامبریدج پاڵپشتی بیروبۆچـوونی ئـەوان بـوو، لـە کاتێکـا قوتیەکان هەوڵیان دەدا دەلالاتی ئایینی بیەخشـنە هونـەری چـەرخی ناوەنـد (جـۆن رسـکن ١٨١٩-١٩٠٠) هـەوڵی دا-ئێسـتا- بخاتـە روو،بەخەلـەلی ڕەوشـتی ورۆحیـەوە، هـەروەها- رابـردوو- شـی بکاتەوە،هەروەها بەرهەمەکانی ئەو رابردووە لەرێگـەی هونـەر، هـەر چەند خۆی بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی خەریك کـرد، بـەڵام بایەخـدانی بەهونەر لەوەهاتبوو کە رزگارکاری مرۆڤە لەرووخانو رمانی چـەرخی نوێدا، ئەو پێی وابوو کە هەستی چاوەکی (سۆما)و بیـنین لەهـەموو شتێ لەپێشترەو لەئیلهامی خوداییوجوانی سروشتەوە جگـە لـەجوانی هونەر سەرچاوە دەگرێت، (رسکن) دەڵێت:

چەرخی ناوەند نوێنەرایەتی منداڵێتی نەتـەوە دەکات،ژیـانی هـەر نەتەوەیەك هەمیشە وەك جۆگەیەکی گەرمو گوڕو بەتاو وایـە، یەکـەم جار بە شەوقو هێـزەوە هەڵـدەڕژێ، پاشـان کـز هەڵدەگـەڕێ، سـاتمە

دەکاتو دەبێتە کوپلەیەکی وشك، ئەم حاڵەتەی دوایی زۆر خەمەنگێزە بۆ چاودێران.

(٩)

لێکترازانی بزاڤی بەر لە(رۆفائیلیەت)ی هونەریو لاسایی کارانی هونەری دەگەڕێتەوە بۆ رەحمی (چەرخی ناوەند)بە پێی بیروباوەڕی- هۆبکنز-ی شاعیر،ئەم دەنگە "دەنگی چەرخی ناوەند" ئاماژە بۆ بوونی لێکترازانی بزاوتەکە دەکات، لەو نەریتە هونەریەی کە لە سەدەی نۆزدەیەم دامەزراو سەقامگیربوو، ئەو نەریتەی کەموریدەکانی- سلوشوا- لە ئەکادیمیای مەلەکی دینامیکیەتیان پێدەبەخشی،بەڵام هاوچەرخەکان دژی وەستان، بەوەی کە ئەم بزاوتە لەدەستوری کلاسیکی لایداوە، (رسکن)رێڕەوی ئەم بزاوتەی بە حەماسەتێکی زورەوە گرتە باوەش، کاتێك رسکن تێرمی (بەر لە روفائیلیەت)ی راڤە کرد، پاساوێکی گرنگو بەڵگەنامەیەکی دەگمەنبوو، بۆ پاڵپشتی کردنی ئەم کۆمەڵەیە، لەوبەڵگەنامەیەدا(رسکن) ئەو نموونە ژەهراویەی بەدیارخست کە هونەر تووشی بووە، لەو کاتەی کە (روفائیل) لەیەك لە کارەکانیدا وێنەی شیعری بوتپەرستی لەدوو تابلۆدا لە بەرامبەر خوای لاهوتی دانا ئەم تابلۆیانە کە لە حوجرەیەکی فاتیکان هەڵواسران، جا ئەو بزاڤە بەهەڵبژاردنی ئەو ناوە

تەعبیریان لە شانازی خۆیان دەکرد سەبارەت بەسەرەتاکانی چەرخی ناوەڕاست، کە پێش چەرخی رۆفائیل کەوتبوو،(رسکن) بەبیروڕاکانی خزمەتێکی زۆری شێوەکارانی هاوچەرخی کرد بۆ دامەزراندنی بنەمایەکی فیکری بۆ سەر هەڵدانی بزاڤەکەیان، هەروەها سەبارەت بەشیعری –ویژدانی- کە بووە بەیانێك بۆ بزاڤی رۆمانسی لەسەدەی پێشوودا.

(ماکسیم گۆڕکی) دوای ئەوەی هەندێك لە تابلۆکانی –بزاڤی بەر لە رۆفائیلیەت-ی بینی لە کتێبی (ئەدەبوژیان) نووسی: زۆر لەو تابلۆیانە رامام کە-روزیتیوبیرن- کردویانەو پرسیم لەبەرچی ئەو هەموو بەهرە مەزنو نەرمونیانانە خۆیان بەوە ماندوو کردووە، کە بەدوای ئیلهامەکانیاندا بگەڕێن لەرابردوودا، لە بەر چی نەیان توانیوە یاهەوڵیان نەداوە لەژیانی هاوچەرخ نزیك بکەونەوە، ئایا لەبەر ئەوە بوو کە کۆمەڵگەی هاوچەرخ تەنگ بۆتەوەو کاڵ هەڵگەڕاوەو رەنگی نەماوە، ئەوانە بەڕای ماکسیم گۆڕکی(ئەو کەسانە بوون بەدوای جوانیدا دەگەڕان. بەڵام لە گۆڕستانەکانی رابردوودا) چونکە(هیچ ئێستایەکیان نەبووەو ئایندەیەکی رووناکیان نەبووە).

(ولیەم مۆریس ١٨٣٤-١٨٩٦) یەکێك بوو لەوانەی پەیوەندی بە بزاوتی بەر لە رۆفائیلیەت هەبووە، چونکە هزرمەندبوو، دیدگای

(ئایندەی رووناك)ی کەوتبووە کەلکەلەی هەموو سنوورەکانی بەر لە (رۆفائیلیەت)ی رەت کردووە بۆ ئەوەی بچێتە نێو-ئێستا- بۆ پشتگیری کردنی دیدگای خۆی سەبارەت بەفیردۆسێکی سەر زەویەوە بەوە کرد کە بگەڕێتەوە سەر بایەخدانی(رسکن) بەسروشتی هونەری- قوتی- ئیدی-موریس بەدوای بورجی عاجی نەدەگەڕا.

(١٠)

دزرائیلی: رۆماننوسێکی بەریتانی بوو رۆمانی(ڤیڤان گرای) لە سالی ١٨٢٦ بەچاپ گەیاند.

جون رسکن: لە مندالییەوە خەریکی شیعر بووە، خاوەنی کتێبی- نەقاشە تازەکان- لەدانشگای ئۆکسفۆرد مامۆستای هونەرە جوانەکان بوو.

والتر سکوت: شاعیرو رۆماننووسێکی ئوسکوتلەندی بوو، دیوانێکی هەیە بەناوی (سروودەکانی گۆرانیبێژ ١٨٠٥) ، چەند کۆمەلە چیرۆکێکیشی هەیە لەوانە (مارمیون) خانوی دەریا.

فریدریك شلیجل (١٧٧٢-١٨٢٩): رەخنەگرێکی گەورەی رۆمانسی بوو، خەلکی ئەلمان بوو، کتێبێکی هەیە بەناوی —فەلسەفەی ژیان- هەروەها ئەدەبی نوێ.

يــوجين (١٨١٢-١٨٥٢): لــه خێزانێكــی ئوروســتوكراتی بــوو ، دەستێكی باڵای لە ئاركیۆلۆژیاونووسینو بیناكـاری هەبوو،لـە سـاڵی ١٨٣٣ دا خـانوێكی (قــوتی) غــەریبی دروســت كـرد كـە بۆخـۆی كتێبێكی هەیە بەناوی(بەراوردكاری).

كارلایل: خودان ماستەر بـوو لـە ماتماتیـك، لێكۆڵینـەوەی هەیـە سەبارەت بە ئەدەبی ئـەڵمانی لـەبارەی-بینز،جونســن،گۆتە، ڤـۆڵتێر، شیللەر، شتی نووســیوە،كتێبی شۆڕشــی فەرەنســەو مێــژووی ئــەدەبی ئەڵمانی نووسیوە.

كوبیت (١٧٦٣-١٨٣٥): رەخنەگرێكی زمــان دڕ بــوو، دەســتێكی باڵای لەرەوانبێژیو مەنتیقو زمانی فەرەنسی هەبوو.

هردر (١٧٤٢-١٨٠٣): شاعیرێكی گەورەی ئەڵمانی بــوو(كانـتو هامان)ی خستە بەر باسو لێكۆڵینەوە، كتێبێكی هەیە بەناوی (چەند بیروڕایەك لە فەلسەفەو مێژووی مرۆیی)

تۆڤالیس (١٧٧٢-١٨٠٣): پەیامبەری رۆمانسیەت بوو.

سەرچاوە: خوێندنەوەیەكی كتێبی-انتصار الزمن-ە

## ئێستەتیکس

## لە سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا

ئەوەیان قۆناغێکە ئاستی جۆراو جۆری هەیە، شۆڕشی فەرەنسا ١٧٨٩-١٧٩٤ روخساری ئەو قۆناغە بەرجەستە دەکات. بەڵام سەبارەت بە ئینگلتەرا وەك نموونە تەنها بایەخێکی تایبەتی هەیە کە پەیوەستە بە وەرچەرخانی پیشەسازی، کە ئامێرەکان جێگای مرۆڤیان گرتەوە، ئیدی دەستی لە مرۆڤ بەردا، چونکە پێویستی پێ نەما، سەرکێشییەکانی لودیەکان (Luddites) ئەو کۆمەڵە خەڵکانە بوون کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئامێرەکانیان وردو خاشکرد، بۆ ئەوەی دەست لە کرێکارەکان بەرنەدەن، ئیدی خەڵك لە ئینگلتەرا هەستی بە ئیغترابی سەرمایە کرد، کە هەستێکی هێجگار کاریگەری هەبوو، ئەم جۆرە هەست کردنە لە فەرەنسادا نەبوو، هەر ئەوەش بوو ویستی دونیا هەموو بگۆڕێ‌و بۆ ماوەی بیست ساڵێن نەبیر کرایەوەو نەشت نووسرا، تەنها بە بڕی ئەوەی کە کار دەکرا جا پاش چاخی بیرکردنەوە، ئیدی مرۆڤایەتی بە خۆشیەکی گەورەوە دەرکی بەوە کرد کە (فیکر) شتێ نییەو کار بەرزترە لەو، گۆتە لە فاوستدا دەڵێت: (کار سەرەتای

بوونه)، بەلاّم مەسەلەکە لە سەدەی هەژدەهەمو نۆزدەهەمدا بەم جۆرە دەخرایە روو (من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم) هەر ئەم دۆزینەوەیە بوو کە تەواوی ئەدەبی ئەلمانیای لەسەر بونیات نرا، بەتایبەت ئەدەبی کلاسیکیو مۆسیقاو فەلسەفەکەی. ئەلمانیا لەو قۆناغەدا لەباتی هەموویان بیری کردەوە، هەموو گۆڕانە پراکتیك ئامێزەکانیان کرد لە (فیکر) جێبەجێی وێنەی هونەریان خەلق کرد، ریتمی چالاکی مرۆڤایەتی لە مەودای گۆڕانکاریدا لە سەمفۆنیاکانی بیتهۆڤندا زرنگایەوە، بەلاّم لای هیگل بۆ یەکەم جار بوو کەونو مرۆڤایەتی بەدیار کەوت وەك وەسفێکی مێژوویی سەیرورەتی کار، کەتە گۆریای رۆح لەلای هیگلْ شتێکی دەگرتەخۆ کە کارو بەرهەمی کۆمەلاّیەتی بوو کە بە تاك لایەنی بەرچەمك بوو، بەلاّم لەو لایەنەی کە مارکس ئاماژەی بۆ دەکات بەو وەسفەی (لەناو سەردا نەخشەی بۆ کێشرا) بەر لەوەی وەك مژادێکی بەرکار بێتە دی.

ئێستاکە دوو شێوە لە ئەدەبو هونەردا هەیە، هونەری پێکهاتەباری ئەلمانی کە خۆی لە گۆتە، شیللر، موزارت، بتهۆڤن، دەبینێتەوە لەلایەك، رۆمانسیەت کە راستەو زێدە پەیوەست بوو بە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم. شێوازی پێکهاتەیی لە ئەدەبی رووسیدا لە سەدەی نۆزدەهەمدا یەکەم کەرەت لە پەرەسەندنی مێژوویی چڕداو

دووەم ئەدەب لە هەردوو ئەو ولاّتەدا بێ بەسە، لە ئازادی سیاسیدا هەلّقولا کەئەو ئازادی سیاسیە تاکە مینبەر بوو بۆ هەموو هێزە کۆمەلاّیەتییەکان لە نەتەوەدا تشیرینیشفسکی ئەو وێکچوونەی لە میانی روسیاو ئەلمانیادا لە لێکۆلّینەوەکەی خۆیدا دەربارەی (لسینغ) وەدەرخستبوو، بەلاّم تەگەرەکان رێیان لە پەرەسەندنی مێژوویی ئەلمانیادا دەگرت، دوای بزاوتی چاکسازیو جەنگی جوتیاران لە سەدەی شازدەهەم (دابەشبوونی ولاّتو هتد..) هەر لەم ساتەدا دەبینین مەسەلەکان لە فەرەساو ئینگلتەرەدا دابەشبوون لە زەمەنێکدا کەکەوتبووە نێوان رێنسیسانسو چاخی رۆشەنگەری، ئەلمانیا لە رێنیسانسدا بە تەواوی نەژیا) وەك چۆن ئیتالیاو فەرنساو ئینگلتەرا، بۆیە لە کەسایەتیەکانی (رەشەباو قەهر sturmand Drang) هەروەها پالّەوانەکانی شیللەرو فاوستی گۆتە دەنگی مرۆڤایەتیان دەبیست کە گشتگیر بوونو دەچوونەوە سەر رێنیسانس. بەلاّم لە کلاسیکیەتی گۆتەو شیللەر ئەدەبی ئەلمانی بۆ یەکەمین جار بە شێوەیەکی حەقیقی ئەو قوتابخانە هونەرییەی رەتکردەوە کە دەچووە سەر قۆناغی کۆن، هەر لەم قۆناغەدا ئەلمانیا چارەسەری گرانترین تەگەرەکانی چاخی رووناکبیری دەکرد، هەروەها کەشو هەواکە لە پێش شۆڕشی ئەوروپاو شۆڕشی فەرەنسادا کە چەندین چینی

کۆمەلاَیەتی جماند، کە بۆ ماوەی هەزاران ساڵ لە شوێنی خۆیان داکەوتبوون لە کۆتاییدا بووە هۆی گەشانەوەی دیارو قووڵییەك کە فیکرو هونەری ئەلمانیا هەیبوو.

ئەم دووانەی دوایی هەرچەند لە رووی مێژوویی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەمو نۆزدەهەم بۆیە دژوارە بتوانین ئەنجامگیریی یا راڤەی بکەین، لە رێگەی پشت بەستن بە حاڵەتی ئەلمانیاو دونیا لەم ماوەیەدا، بە گشتی گەوهەرو ئاسۆی کۆمەڵو هونەر لەو چاخە نوێیەدا پێچەوانەی سەر ناوەرۆكو جۆری فەلسەفەو هونەری ئەلمانیا بۆوە، پێچەوانەیەك بوو زیاتر دیار لە نەتەوەکانی دیکەو لەو قۆناغەدا بەدیار کەوت.

گۆشەنیگایەك لەو بەرزاییەوە وادەکات باشتر بەدی بکەین جا رابردووی کۆمەڵو ئەدەب بێ یا لە ئێستای، بۆیە هەر سەبارەت بەم هۆیە دەبێ (یا ئەوەتا لەم خاڵە بووەستینو بە دوورو درێژی باسی بکەین یاخود بەسوودترە ئەگەر راستەوخۆ بچینە سەر رۆمانسیەت مادامەکێ بەشەکانی تەگەرەو گرفتی ئەومان پشکنیوە لە رێگەی شیکردنەوەی ئەدەب لە سەدەی شازدەهەمو هەژدەدا، چاکەی یەکەمی رۆمانسیەت لە پەرەسەندنی مرۆڤایەتی لەوەدایە کەبەوە نەوەستا بەرگری لە زەرورەتی هونەر بکات، بۆ ژیان دوای ئەوەی کە کۆمەڵو

ئەقڵ کەوتە بەردەستی هیگڵو مەرگ حوکمی هونەری کرد، بەڵکو شێوەو ناوەرۆکیان پاکتاو کرد، بەم مانایەش واقیعیەتی دوایی لە هەمان شێوەی هونەردا سەرهەڵدەدا، ئەو هونەرەی کە یەکەمین جار لە رۆمانسیەت وەدیارکەوت، هەر لەئێستاوە ئیدی ناوەرۆکی هونەر گوزارشت بوو لە سەرکێشی کۆمەڵایەتی مرۆڤ یاخود کۆمەڵگە لە پەرەسەندنی بێ کۆتایی دژی ئیغتراب کە وێڕای هەمیشەیی کۆمەڵی بورژوازی بوو دژی ئەوەی کە مرۆڤ خودان پەیامێکی پیرۆزە ببێتە تەك بەش هەر ئەوەشە ناوەرۆکی فیعلی ئەبقەریەتی رۆمانسیەت چونکە هونەر سەرکێشی نەبوو بە ناوەرۆکی لۆژیکی ئەو بیرۆکانەی کە دەیانڵێ بەڵکو کارەکە بە پێچەوانەوەیە.

زۆر جاران وردزورتو تولستۆی نووسینەکانی خۆیان بە بیرۆکەو لۆژیکی کۆنەپەرستانە دەخستە روو، بەڵام هونەر بە حوکمی ریالیستی بوونی خۆی لەنێو کۆمەڵێ فرتو فێڵدا، بۆ بیرۆکەیەك دەچوو کە ناوەرۆکی ئەوەبوو کە ژیانی مرۆڤ ناوەرۆكو سوودێکی زیاتر پایەبەرزی هەیە لەوەی کە ببێتە ئامێرێك یا کیسەیەکی پارە، هەروەها مرۆڤ چالاکیەکی زاتی ئازادی بالاتری هەیە لە کار کە ئەویش ئێشو چێژە، واتە ئەم داهێنانەی کە مرۆڤ تیایدا بیرتیژەو بیرمەندە.

بۆیەش هونەر جا ئەگەر رۆمانسیەکان تێی بگەن یاخود نائەوان جگە لە شیللی تێی نەگەیشتوون. وێنەی ئەسلی داهێنان دەبێتە کار – چێژ – بەلاّم هونەرمەندو وێنەی پاڵەوانی رۆمانسی دەبنە وێنەی ئەسڵی بۆ ئەم جۆرە مرۆڤە گونجاوو کامڵە کە هیچ سنووری بەری ناگری لەسەر زەوی‌و کەوندا.

(بەراوردی – قابیلی – بایرۆن بکە) ئەوە ناوەرۆکی راکردنە لەواقیع لای رۆمانسیەکان هەروەها کۆچیان لە رێگەی رابردووو ئایندە برەو دونیای خەون‌و ئایدیا ئەو لەنێو هۆشدا ئەو پەیام‌و ئەو واقیعە حەقیقیە بۆ مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە کە لێی زەوت کراوە لەنێو کۆمەڵێکی بورژوازیدا.

لە رووی‌ناوەرۆکی لۆژیکی راستەوخۆدا هەندێکیان دەیانتوانی لەوانە – هۆلدرلف، کیتس، شیللی، بچنەوە سەر رابردوو، واتە بۆ قۆناغی کۆن‌و دێرینە، یاخود بیبەنەوە سەر شێوەی بەرهەمهێنانی نەتەوەیی‌و باوکساڵیری لای پیشەکاران‌و جوتێرەکانی سەدەی نێوەند هەروەك لای رۆمانسیەکانی ئەلمانی، ئەوەشیان سروشتیە، یەکەم جار، کاتێك سیستەمی ئیغتراب جێگیر بوو ئەوە شێوەی باوکسالاّری زێتر مرۆڤایەتی بوو. کە ئەو سیستەمە وردو خاشی کرد وەك تریفەیەك لە جوانی بە دیارکەوت، دووەم جار ئەوانەی کە بانگەشەی بیرۆکەی

پێشکەوتنیان دەکرد بەر لە هەموو شتێ کەسانی بۆرژوازی بوون. لەخۆیان رازی بوون (بیکوك) دەبوا بڕستێکی زۆر هەبوا بۆ دادگایی کردنی فەلسەفەی (وەك چۆن لای شیللی) هەروەها بۆ چوونە ریزی سۆسیالیستی تۆباوی لە پێناوی دیتنی ئایدیای لەدەست چوو بە بەرجەستەیی لە ئایندەدا بیرۆکەی هونەر لە (برمۆمیتۆس بە رەهایی) بوو کە پردێکی دروست کرد راستەوخۆ دەگەیشتەوە چاخی زێڕینی رابردوو واتە چاخی یۆنان — رۆمانیو ئایندە.

ناوەرۆکێك هەیە بۆ دابەشکردنی رۆمانسیەت بۆ کۆنەپەرستیو شۆڕشگێڕییو پێشکەوتنخوازیو ناوچەگەرایی. .هتد، چونکە ئەو بیرۆکە لۆژیکیانەی رادەگەیەنرا سەبارەت بە ناوەرۆکی دانراوەکان بێلایەن نەبوو، بەڵام نابێ لە بەرامبەر ئەوەدا بایەخی پف کردنی ئەو دابەشکردنە گەورە بکرێ، چونکە لەسەر بناغەی شیکردنەوەی هونەری تایبەت بە دانراوە رۆمانسیەکانو ئەو شیکردنەوەیە ئەنجام نادرێ، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لەسەر بنەمای بیروڕای رووت حوکمی نەزەری دەکرێ.

هەروەها قەت ناتوانین لەم گۆشە نیگایەوە ئەوە راڤە بکەین کە بۆچی رۆمانسییێکی بیروباوەڕ کۆنەپەرستانەی وەکو (جۆکۆفسکی) توانی ژبان وەبەر ئەدەبی رووسی بدات، وەك چۆن بیلینسکی وا دەڵێت،

واته ئێمه به دەست نیشانکردن باس له داهێنانیپێشکەوتنخواز دەکەین له مەودای ناوەڕۆکی ئەدەبدا نەك لەبارەی شێوەکەی (شیرینی شیعری دلڕفێن، لای چۆکۆفسکی، هەر لەم سۆنگەیەوەشەوە دەتوانین باس له ڕۆمانسیەت بکەین بەم وەسفەی دیاردەیەکی ئیستەتیکی تاکه، هەرچەندە له ناخیەوە تەژی لق‌و پۆپ‌و جۆراوجۆره.

دژوارترین مەسەله له راڤه کردنی ڕۆمانسیەت هەڵوێستیەتی له چاخی ڕۆشنگەری‌و ئەقڵ. واته نائەقڵانیەتی ڕۆمانسیەتی بەدناوو تەقدیسکردنی بیرتیژی. .هتد. شۆڕشی فەڕەنسی که مەسەلەی بیرکردنەوە تاسوقی ئەو نەبوو.بەڵکو کارو ژیانی حەقیقی مەبەستی ئەو بوو، دەریخست بۆ مرۆڤایەتی که چالاکی هەستەنی... کارئامێز نوێنەرایەتی داهێنانێکی بالاترو راستگۆتر دەکات که پێوانه ناکرێ، به بیرکردنەوەی رووت که کەته گۆریاکانی به دونیا دەگۆڕێتەوە، هەروەها هەموو ئەو شتانەش دەگۆڕێتەوە که تیایەتی..لێرەدا هونەر له ڕۆمانسیەتدا وەکو گوزارشت دێته دی نەك وەك وێنه کردن‌و مەعریفەت، بۆیه شیعری لیریکی‌و شیعر به گشتی نەك شێوەی مەلحەمی شێوەیەکی دیاری ڕۆمانسیەته به راستی شتێکی سەرەکی سیستەمی مرۆیی ویژدانی له کاتی شۆڕشی فەرەنسی‌و جەنگەکانی ناپلیۆن‌و ئەو هەسته دڵخۆشه بوو که هیچ شتێ سەقامگیر نییه، کۆن

دەرمیٚو نویش هیٚشتا نەهاتووە واتە شتەکان سەقامگیریو شیٚوەی هەموو کاتیان ون کردووە (ئەوەش زەروریە بۆ ویٚنە کردنو مەعریفەت) چونکە شتی گەوهەریو بایەخی رەها ئیدی نمایشی رووکاری دنیای دەوروبەر ناکەن، بەلٚکو ئەوەی کە لە ناوەوەی ئەو پرۆسیٚسی گۆڕانو چالاکییە دایە کە لە دونیادا روودەدات، وا بەدیار دەکەویٚت کە تاکە شتی تەنهاو هەموو کاتییە.

ئیٚمە هیٚشتا لە کارە پیٚکهاتەکانی رۆمانو یۆنان باسی ئەوە دەکەین کە ریتم لە هونەر نویٚنەری یەکەمی کارو چالاکیە. بۆیە ئەگەر وشەی ورد یا بیرۆکە وەکو شتیٚکی سەرەکی بۆ واقیعی سەقامگیر لە چاخی رۆشنگەری بە دیار بکەویٚ، (لە سەرەتادا وشە بووە) ئا بەم جۆرە فاوست دەست پیدەکاتو لە سەیرورەتی بیری خۆی گوزارە لە ئاستی وەعی چاخی رۆشنگەری دەکات، دیارترین شتیك ئیٚستا بریتییە لە گوزارشتیٚکی گەشی دەربارەی چەشنی ئازادیو هەست پیٚکردن بە ئاستی ئازادی ئەو دەستەلاٚتەی کە لەسەر هەموو شتیٚ هەیە، لەوانەش دەستەلاٚت بەسەر تیٚگەیشتنی ئەقلٚیو مەیدانی سەلماندن، هەر بۆیەش مۆسیقا ئەو هونەرەیە کە پایەی یەکەمی هەیە لە میانی هەموو هونەرەکان، ئەوەش بە ریٚکەوت نەبووە، ئەو کاتە لە ریٚگەی بتهۆڤن کە بە داهیٚنانەکانی خۆی هەموو جۆرە هونەرەکانی

دیکەی داپۆشیبوو، نە لە ئەدەبو نە لە رەسمو نە لە بیناسازیو نە لە تاشینکاری، هیچ شتێ نابینین وەکو سەمفۆنیاکانی ئەو بێت، هەروەها سوتفە نەبووە کە هۆفمان چەند چیرۆكو نۆڤلێتێکی مۆسیقی بنووسێت، پاشان (نیتشە) گوتویەتی: (رۆمانسیەت بە شێوەیەکی حەقیقی نەهاتە دی تەنها لە مۆسیقادا نەبێ، بەڵام لە ئەدەبدا وەك وادەیەکی مەزن مایەوەو نەهاتە دی، جا ئەگەر (هەر یەك لە لسنیغو دیدرۆ) ئەوە دەبینین کە نزیکترین هونەر لە ئەدەبی رەسم بێ (ئوکون-سالۆنەکان) و جیاوازی لە میانی رەسمو ئەدەب دەکرد، بەسەر بنەمای موحاکاتو وێنەکردنی شتەکان، ئەوە مۆسیقا ئێستاکە بەوە دادەنرێ کە نزیکترین هونەرە لە ئەدەب. بەڵام لە رووی گوزارشت لە ریتمی گشتی ژیانو دونیای ناوەوەی مرۆڤ لە یەك جیا دەبنەوە.

هەستکردنی کلاسیکیەکان بە ریتم لە شیعردا هەستێکی مۆسیقی نەبوو، بەڵکو تەنها وەزنێکی عەروزیان وەك بەحرێکی شیعری تیا دەبینیێ، واتە شێوەیەك کە بە رێکخستنێکی دەرەکی وشەکان رێکدەخات، یاخود شێوەیەکی بەرجەستەیی بۆ وشە لە زماندا رۆمانسیەکان یەکەمین کەسانێ بوون هەستیان بە ریتمی دێڕی شیعر کردووە بەو وەسفەی کە خورپەی ناوەوەی رۆحە.

روسو لـه میـانی هەمووانـدا واتـه لـه میـانی هـەموو پیـاوانی رۆشنگەری سەدەی هەژدەهەمدا له هەمووان زیاتر خودانی گـەورەترین بەشی رادیکالیەت‌و دیموکراسـیەتی چـینی مامناوەنـدی بـووە، ئـەوە لەوەدا جیلوەی کرد، که له میانیاندا به تەنها بوو که بۆ یەکەمین جار له مۆسیقا گەیشت که هونەری چاخی نوێیـه (کابرایـەکی مۆسـیقی بوو تویریزەکاری مۆسیقا بووە، بەلاَم لسینغ که یەکجار قوولّ بـوو لـه پۆلّبەند کردنی ئەدەب‌و رەسم، قەت به خەیالّیدا نەدەهات که دانـەری مۆسیقا مانایەکی هەبێ له دەرەوەی دەق، لەوتاری بیست‌و حەوتەم لـه بارەی (ouverture) یا (entracte) دەکات له شـانۆگەرییەکانی درامی‌و دەلّێت: (یەك تاکه سەمفۆنی له هەمانکاتـدا گوزارشـت لـه سۆزی جیاجیاو دژ به یەك له میانی خۆیدا دەکات.

رۆمانسیەت هەروەك رابـوون وایـه. (هەرچـەند لـه رابوونـدا جیـا دەبێتەوە، بەو کارەکه لەوەدا به هۆشێکی ئەنقەستەوە راهی دەبێـــت)، ئـەوەی بـه مـرۆڤ بەخشـی کـه راسـتەوخۆ دەسـت بداتـه سروشـتی کۆمەلاّیەتی‌و پەیوەندی به مرۆڤایەتیەوە له بزاوتی بێ کۆتاییدا نـەك له رێگەی ناوەنجیگری چوونه رێزی بۆ ئەو کیانه کۆمەلاّیەتیه یا ئەوی دیکه یا بۆ ولاّتێك ی تویێژێك ئەلیّرەدا دوو شت دێنه ئاراوە.

یەکەمیان: ئەوەیه که مرۆڤی رۆمانسی هەستی ئـەوەی هەیـه کـه هاوولاّتییەکی جیهانییـه، کەونیـه، (بـایرۆن وابـوو) واتـه مرۆیەکـه

هەمەکیە لەناخەوە، گوێ رادەدێرێ بۆ دەنگی هەموو گـەل‌و زەمانـێ. لەولاوەش تاك لە بەرامبەریەتی، چونکە ئـەو مرۆڤـە ئیـدی ناتوانـێ پشت بە هیچ کۆمەڵێکی هەبوو ببەستێ دەبـێ هێـزی هـەبێ تـا لـە خودی خۆیدا ئەو بارە گرانە هەڵگرێ.

تا بەم جۆرە هێزی ئەو مرۆڤە بەدیار دەکەوێ کە ناشکێ‌و نابـەزێ، گۆشـەگیری خـەمی دونیـا روکـاری نـاوەرۆکی کۆمەلاّیـەتی دونیـای ناوەوەن، لەلای مرۆڤی تاك بایرۆن بایەخی بـە هـەموو شـت دەدا، بـە لۆدیەکان، یۆنانییە سەرکێشـەکان بـە جورئەتـەوە یـەکێتی لـەنێوان وێنەی نەمرو ئاماژەو رەخنەی رۆژانـە دروسـت دەکـرد، بلیسـتراتوفالە کتێبەکەیدا دەربارەی بایرۆن دەڵێت:

ئەوەی کە لەلای ئەودا دەستنیشانی قەلاّی ئـازادی دەکـرد هەنـدێ جار رۆحی ئەبەدی بیری ئازاد بوو (سـۆناتایەك بـۆ شـیلیۆن) هەنـدێ جاریش (خەنجەری ئەراغۆن)و (چەکی کاتالۆنیا) لە دەستی جەماوەری یاخی (چاخی برونزی لە نووسینی بلیستراتۆڤا – مۆسکۆ ١٩٥٦).

لـە کتێبـی (الوعي والفن) گیـورگی گاتشـف، ئامـادە کـراوەو وەرگێڕدراوە.

## ئێمەو ئەوانەی دیکە
## گۆشە نیگای فەرەنسی بۆ فرە جۆریی مرۆیی

ئەز لەبەشی یەکەمی ژیانمدا شەڕم ناسی، لەو کاتەی کە لە وڵاتـێ دەژیام لەژێر رژێمی ستالینی دابـوو..ناسـینێکی لەسـەر خـۆ، لـە ساڵێنی یەکەمی دوای شەڕ، من لەوە بچووکتر بـووم کـە بـە چـاکی لەهەواڵی ونبونی لە هیکەوەی نزیکێك یا هاوڕێیەکی خانەوادەی خـۆم بگەم، هەواڵێك کە بە قەیسەریەت لە شارێکی بچـووکی شـارەکانی، گونـدەکان دەژییـت، یـاخود هـەواڵی دابـەزینی مەواریـدی دارایـی لەنکاوڕا، پاشان خانەوادەکەم لایەنگیری سەرەتای ئەو سیستەمی کردو چووە ریزی هەمان ئەوانەی کە سوودیان لێوەردەگرت.

لە ساڵی ١٩٤٨ کارەکان تێکـەڵ بەیـەکتر بـوون، کاتێـك هەنـدێ هاوڕێیانی خانەوادەمو ئەوانەش کە چووبوونە ریزی دەوروبەرەکانیانـەوە خۆیان لە بەندیخانە دۆزییەوە، یاخود کاتێك لە رۆژنامەکان تەشهیریان پێدەکرا (ئەو رۆژنامانەی کە من ئەو کـات دەمتـوانی بیانخوێنمـەوە) یاخود ئەو کاتەی کە باوکم تووشی دژواری دەبوو لەکارەکەیـدا، بـەڵام من هەر بە پێشەنگێکی پڕ لەحەماسـی سـتالینیەت مامـەوە هـەتا ساڵی ١٩٥٢ ، پاشن ستالین مرد، منیش لەو کاتەی کەلـە قۆنـاغی

هەرزەکاریدا دەچوومە پێشەوە وردە وردە فەراغی گوتاری سیاسیم بۆ ئاشکرابوو کە رۆژانە روبەرووی دەبوومەوە.

من قەت قوربانییەکی راستەوخۆی رژێم نەبووم، چونکە پەرچە کرداری من وەك و بەرپەرچی زۆربەی هاوولاتیان بوو، بەهەر حاڵ نەك بە پەلپ گرتن یان چوونە ژێربار بە گێرمەو کێشە، بەڵکو بەهەڵگرتنی دوو جۆر کەسییەتی، یەکێکیان ئاشکراو ژێربارو گوێڕایەڵ...ئەویتریان تایبەتی بوو هیچی نەدەکرد تەنیا ئەوەی کە حەزی لێدەکرد.

بەڵام من بە مانایێکی دیکەی وشەکە، سەرەڕای هەموو شتێکیش بەراستی قوربانی بووم، تەواو وەکو هەر هاوڵاتییەکی ولاتەکەم، چونکە کەسێتی تایبەتیم وەك چۆن خەیاڵم دەکرد بەرهەمی رووتی ویستم نەبوو، بەڵکو وەکو پەرچە کرداریَ وەبەردەهات سەبارەت بەهەموو ئەو شتانەی دەوری دەدان هەر بەمەشەوە شەرِم ناسی..کە لەناو جیاوازی توندو تیژی ئەو رسکانە دابوو کە نوێنەرانی دەسەڵات لەخۆیان لولدەداو هەروا لەو ژیانەیان لولدەدا کەتیایا دەژیان لەلایەك، ئەو ژیانەش کە لە ئێمەیان باردەکرد کە تێیدا بژین لەلایەکی دیکەوە.

وا بەدیار دەکەوت کە لە پرانسیپی جیاجیا وەرگیرابوو، هەروەها شەرِ لەناچارکردن دابوو کە بەئاشکرا قسە بکەیت بۆ لایەنگیری لەو

پێڕەوگە رەسمیانەو لەو لەدەستدانەی کەبۆ مانای وشە زۆر پاکەکانی وەك ئازادی، یەکسانیو عەدالەت (وەبەر دەهات)، هەمان ئەو وشانە بۆ داپۆشینو شاردنەوەی کوشتو بڕینو جیاوازییە دژوارەکان لەرێگەی مامەڵەکردن لەگەڵ تاکەکان بەکاردەهات.

هەروەها شەڕ لەوەدا بوو کە دەبوا لە هەر بابەتێ هەڵوێستێکی باشو تەنیات هەبێ، لەو سەلماندنە دابوو کە بۆ ئەوە ئەنجام دەدرا کە ئەو هەڵوێستە پێشتر دەستنیشان کرابوو بۆ بەرژەوەندی جێبەجێکەران لەو کاتەدا.

هەروەها شەڕ لەو دەسەڵاتە بێ سنوورو هەڕەمەکییەدا بوو کەبابەتەکەی لەمیانی دەستی پۆلیسو دەزگای ئاسایش لەحیزبەکانو بەرپرسو کارمەندە کارگێڕەکانی دابوو کە لەهەموو ساتێ لەتوانایاندا هەبوو لەکارەکەی خۆتو لەماڵەکەتو لە هاوڕێکانت یا لە ئازادی خودی خۆت وەدەرت بنێنو رووتت کەنەوە.

دیسان شەڕ لەوەدابوو کەتەحریزیان دەکرد بخرێتە ژێرباری وەزاعەت لەسیستەمی شکایەت کردن کە لە هەموو پلەیەکدا دەهاتە کایەوە، لەهەمان کاتدابووە هەمان وەسیلەی زۆر خێرا بۆ شەقکردنی رێگەی ژیان.

هەروەها شەڕ(ترس بوو لە تۆقان) ،لە تەگەرەی مـاددی، لەکـەمی مژادی خوردو بەکارهێنان...یا لەسەرە دوورو درێژەکانی بـازاڕ، هـەر بە تەنیا شەڕ نەبوو، بەڵکو دەبووە شەڕێ بەقەدەر ئەوەی کـە بـەرروونی لە سیفاتی دیکەی رژێمەوە وەبەر دەهات وەك چەند دروشمێ بـۆ خـۆی، هەڵبەت ئەو شەڕە وەك یەك نەبوو لە هەموو مەیدانێکدا، خۆ ئەگـەر وەك یەك با ئەوە ژیان مەحاڵ دەبوو.

من هێشـتاکە خـەڵکانێکی سەرسـوڕهێنەرم دەبینـی.... یـاخود سوودم لەدەسـتپێکی سەرسـوڕهێنەری حـەڵکانێ دەبینـی کەهـەموو دەمێ بەجۆرە نەبوون، لە نا ئامادەیی ژیانی ئاشکراو شایستەدا ژیانی تایبەت زۆر دژواربوو(هەتا ئەگەر ئەوسـاتە لـەوەش وەئاگـا نـەبووبم) پەیوەندییـە عاتیفییـەکان، هـاوڕێتی، بایـەخ پێدانـە فیکرییـەکانو هونەرییەکان توندوتیژی دژواربوون.

کە هاتمە فەرەنسا بەشی دووەمی ژیانم دەستی پێکرد، ئەزموونەکەم دەرسی تەواوکردنێکی دوالیزمی وەرگرت.

لەلایەکـدا وەك چـۆن پێشـبینی دەکـرا سـەرەڕای ئـەوەی کـە ئەزموونەکـەم کـەمتر راسـتەوخۆ بـوو بـەڵام بـەرفرەبوو.... کتێـبو دیمانەی تـاوانی جینۆسـایدی نازییـەکان یـان کاریگـەرێتی بۆمبـای ئەتۆمی لەژاپۆنی لەلای مندا کرد بە مەئلوف....هەندێ خوێندنەوەی

دیکە هەواڵی کارەساتی شەڕی ئاساییو هەواڵی جەنگەکانو ڕژێمە ئیستعمارییەکانی پێدانو چوونم بۆ ناو رابردوو زێتر بوو، من ئەو شەڕانەم بەچاوی خۆم نەبینی بوو، بەڵام هەست بە وێکچوونیان دەکەم لەگەڵ ئەوەی کەخودی خۆم ئەزموونم کردوون، دوو دڵ نیم لەناسینی شەڕ وەك شەڕ(من زیاتر بەوە دوو دڵ دەبم کە تایبەتە بەخێر) هەستێکی وام هەیە کە من لەوێ هەستێکی موتلەق بەچنگ دەگرم کە هەرگیز جێم ناهێڵێ...هاوسۆزیم بە نموونەی دیموکراسی نەك بە تەنیا ئەقلێنی بوو: خوێن دەپەڕێتە کەللەم کاتێ گومان لەوە دەکەنو وا هەست دەکەم کەمن لەدژی ئەوەی قسەم بۆ دەکات حەفز دەکەم.

تەواوکردنەکەی دیکە بەتەواوی خودانی سروشتێکی دیکە بوو، ئەوەم لە حەقیقەتدا ئاشکرا کرد، وردە وردە جگە لە چەند ناوەزەیەکی دەگمەن، ئەو کەسانەی کە ناسیمن هەر لەو کاتەوە،مەحروم بوون لە هەستی ئەخلاقی، تەواو وەك ئەوەی کە من لەژێرییەوە دەمناڵاند، هەڵبەت خەڵکانێ هەبوو کە خاوەنی قەناعەتی چەسپاو بوون، بەڵام قەناعەتی سیاسی نا رەوشتی بوو، کە لە پڕۆژەکانی ئایندە پێکهاتبوو، لەجیاتی ئەوەی پەرچە کردار بێ بەرامبەر ئێستادا بە هەموو جۆرێکەوە، بێ ئەوەی بۆ ئوە بچێ کە ئەو مەبەستانەی کەلەزۆربەی کات دەیانبزوێنێ بریتین لە هەموو ئەو جۆراوجۆرەی ئەو

پرینسیپانەی کەمن زۆر فێری ئەوەبووبووم خۆمیان لێ بپارێزم لە وڵاتی خۆمدا، بەڵام بۆچی ئەم هەمووەم بۆ باس دەکات؟ هەموو خوێنەرەکانم بەسەر سامییەوە ئەو پرسیارەم لێ دەکەن، ئەوەیان دوای کەمێکی دیکە روون دەکەمەوە، بەڵام لەسەرمە یەکەمجار لایەنێك لەم ئەزموونە باس بکەم.

لەهەمان ئەو کاتەی کە من تێبینی نائامادەیی پەرچە کرداری ئەخلاقیم دەکرد ئەوە لەلایەن زۆربەی هاورێ تازەکانم من روخسارێکی دیکەم بەدی دەکرد، هەر لەوانەشە لە ئەنجامی ئەو نائامادەییەوەش بێت_ یاخود هۆیەك بێ بۆی- چونکە هەمان ئەو بیروباوەڕەی کە خۆیان پێ ئاشکرا دەکرد، هیچ ئاسەوارێکی بەجێ نەدەهێشت کەمانا یەکی هەبێ بەسەر رەفتاریانەوە- پێچەوانەکەشی راستە- هەر هەموویان بەیەکەوە وەك ژیانی مرۆیێکی بورژوازی بچووك دەژیان و بانگەشەی ئەلگوێکی شۆڕشگێڕانەیان دەکرد، خۆ ئەگەر بیت و بهاتایەتەدی ئەوە وای دەکرد کەبەردەوام بوونی هەندێ شێوەی ژیانمان مەحاڵ بێت، ئەو شێوانەی کەوا بەدیار دەکەوێ ئەوان زۆری پێ پەیوەست بن، من هیوای ئەوەم نەدەخوازی کە ژیانیان نمایشێکی تەواوی بیروباوەڕیان بێ جا لەبەر ئەوەی من قەدیس نیم نەم دەتوانی داوایان لێبکەم کەوا بن (بەهەر حاڵ کێ ئارەزووی ئەوە دەکات دەگەڵ

قەدیسەکاندا بژیت؟) بەڵام سەرنجی ئەو لێکترازانە تەواوەی نێوان ئەوەی کە دەژینو ئەوەش کە دەیڵێین رووبەڕووم دەبۆوە-ئەو رووبەڕووبوونەوە کەلە لایەن خودی ئەوانەوە نادیار بوو لەمیانی دوو بیرو بۆچوونی لێك جیاو نەك هەر ئەمە بەڵکو دژبەیەك، ئەو شتەی کەتەواو جیایە لەو شڵەژانەی لەمیانی ئارەزووو وەدیهێنانی ناکامڵ هاتۆتە کایەوە، سەر لەنوێ- ئەوە بێگومان ئەزموونی پێشوومە- هەروەها رقبوونەوەمە لەو وشانەی کەکردارو زەفتار پاڵپشتیان ناکات، ئەوەش وام لێدەکات کە بەهەمان ئەو شێوەیەوە چەقبەست بم، ئاگاهی ئەوەبووم کە من گەرەکمە لەیەك کاتا بیری خۆم بە ئەزموون تێرکەم بەپێی توانا، لەهەمان کاتیشدا ئامادەبم تا بەپێی ئەو ئەنجامانەی کەلەرێگەی بیرکردنەوەو نگریشە پێیان دەگەم بژیم.

بەڵام شتێك هەبوو لەژیانمدا کە بەشێوەیەکی باش لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە دەگونجا، ئەویش پەیوەندی نێوان کاری پیشەیی‌و کارەکانی دیکەی ژیان بوو، یاخود نائامادەیی ئەو پەیوەندیە بوو لە ئەنجامی بایەخدانم بە کارەکانی ئەدەبو زمان.

من شارەزاییم پەیدا کرد لە ئەو شتانەی پێی دەڵێن (زانستی مرۆیی-کۆمەڵایەتی)، بەڵام هیچ یەك لەو شتانەی کەوا بیرم لێکردەوە سەبارەت بەزمانو ئەدەب پەیوەندی بە باوەڕو بیروبۆچوونم نەبوو، کە

لەو کاتانەدا هەستم پێدەکرد کە تەرخان نەبوو بۆ کارکردن، هەر ئەوە نا بەڵکو زیاتریش، وا بەدیار دەکەوێ کە لۆژیکی ئەو زانستانە هەموو دەستێوەردانی لەم چەشنە بەدوور دەخاتەوە، لەبەر ئەوەی کارەکە واباشتر دادەنرا بەقەدەر ئەوەی زیاتر بابەتی بێ، ئەوەش مانای ئەوەدەدا کەرێدەدا بە دوورخستنەوەی هەموو کاریگەرییێکی زات کەمن وابووم، یاخود بۆ چەند حوکمێکی راستساز دەمتوانی تاملی بکەم، ئا بەمجۆرە هەڵبەت لە بەشێکی دەستنیشانکراوی بوونمدا کەواتە من ناگونجانم دووبارە دەکردەوە یانی لانی کەم گۆشەگیرەکان کەمن هەمیشە ئامادەم کە رەخنە لەوان بگرم، لەو کەسانەیکە دەوریان داوم کەکاری وایان کردووە.

کە هۆشم کرد سەبارەت بەو لێکترازانە(دەستم کرد بەنارازی بوون) لەو شتەی کەپێی دەگوترێ زانستیمرۆییو کۆمەڵایەتی (کە بەباوەڕی من مێژوو بەشێکیان لێ پێکدەهێنێ) بەو شێوەیەی کە ئیمڕۆکە کاری پێدەکەین، چونکە دابڕان لەمیانی ئەوەی کەهەیەو لەوەی کە دەگوترێ، لەمیانی رەفتارو بەها بۆ بەدیاردەکەوێ کە ئاسەوارێکی بەدی هەیە.

چونکە وام بۆ بەدیار دەکەوێ کەدابڕان لەمیانی ئەوەی کە هەیەو ئەوەشی کە دەگوترێ، لەمیانی رەفتاروبەها ئاسەوارێکی خراپی هەیە،

بەتایبەت بەسەر بەهاوە (دابڕان نەك جیاسازی: هەروەها دەتوانین کە جیا بکەینەوە یاخود پەیوەستی دەبن) هەر لێرەدا تەواو، لەواقیعدا دەستنیشانی جیاوازی زۆری کاریگەریێتی دەکەم لەبایەخدان لەمیانی زانستی مرۆیی و ئەوانی دیکە (زانستی سروشتی) کە زۆر جاران دژایەتی نێوانیان بەدیاردەخرێت بە پێی چەند پێوەرێکی دیکە، لەرێگەی بڕی دیقەت لە ئەنجامەکاندا لێرەو لەوێ، یاخود لەرێگەی سروشتی پڕۆسیسەکانی زەینی کە داوای دەکات، یا بە پێی مەرجەکانی پشکنین، سەبارەت بەجیاوازی لەبابەتی دیراسە نەکراو (مرۆڤ-نامرۆڤ) دەبێتە هۆی جیاوازییێکی دیکە کە سەرەکییە لەپەیوەندی نێوان دونیاو بابەتەکەی.

زۆر شت هەن کە جیولۆجی و ئەو کانزایانەی کە دەخوێندرێن لەیەك جیا دەکاتەوە، لەبەرامبەر ئەوەشدا شتەکان کەمن کە مێژوونووس و زانای دەروونناسی و بابەتەکەی لەیەك دەکاتەوە، واتە هەبوونە مرۆییەکانی دیکە، لەوەش بەدوای ئەوە ناکەوێ کە لەو مژدانەدا بەرەو کەم دیقەتی بچین، هەروەها رەتی پرانسیپی ئەقڵ بکەین....

بەڵام بێین و وەدوورخستنەوەی ئەوەی کە تایبەتمەندێتی بۆ دروست دەکات راستکەینەوە ئەوەیە کە پەیوەندییێکی توندوتۆڵی نێوان زات و بابەتە.

هەروەها دانەبڕاندنی واقیع و بەهایە، ئەلێرە ئەو فیکرەی کە ئەزموونی کەسێتی دونیا خورد و خۆراکی پێنادات، بەخێرایی بەرەو ئەو فەلسەفە سکولاستیکیەدا دادەتەپێ کە تەنیا خودی زاناکە رازی دەکات، یاخود دەزگا بیروکراتییەکان رازی دەکات کەعاشقی ناوەڕۆکی چەندێتین.

چۆن بایەخ بەمرۆیی بدەین بەبێ لایەنگیری؟ یاخود بەبێ لایەنی؟ من تەواو لەگەڵ ئەو کەتەگۆریایەی(سیمۆن ڤیل)م کە دەڵێ: وەرگرتنی مەعریفەکان لەحەقیقەتدا نزیك دەبێتەوە ئەگەر کارەکە پەیوەست بێ بەوەی کە خۆشمان دەوێ نەك بە حاڵێکی دیکە).

ئا بەمجۆرە بۆ ئەوە چووم کە لێکۆڵینەوەی ئەخلاقی سیاسی فەرز بکەمە سەر زانستی مرۆیی کۆمەڵایەتی، راستە ئەو پەیوەندییەی کە ئاماژەی بۆ کراوە هەموو دەمێك بەدیهی نییە، هەنێ بەشی کائینی مرۆیی کەدەخوێنین لەزات و بەهاکان نزیکترە لەوانی دیکە..... جائاخۆ چ رێگەیێ هەیە بۆ زانینی شوێنی خێرو شوێنی شەڕ کاتێ فەیلەسوفێك پێمان دەڵێ کە ئەو کائینە فەزل دەکاتە سەر ئەوەی کە دەبێ(واتە هەبوون سەر دەبێ دەخات)؟ هەروەها بیر بەسەر ئەقڵ؟ چ رێگەیێ هەیە بۆ شەتەکدانی گەرمێتی کەسێتیم بە ئیپۆزێتی زمانەوانییەکان سەبارەت بە پێکهاتەی دەستووری رستەکان؟

به تەئکید تێبینی کردنی شتەکان ڕەنگە بۆ ماوەیەکی درێژ واز لە بەهاو زاتیەت بهێنێ... بەڵام کارەکە لەلایەنێکی دیکەوە وەرگرین، لەوانەیە تەجریداتی فەلسەفی بەهۆی ئەو نێوانگەرییەی کە با ڕاستی بەو بیرە ئەخلاقیو سیاسیەی کە دەچێتە ناو پەیوەندی لەگەڵ زانستی میتافیزیکیا خۆی نمایش دەکات لە ئێمەوە نزیک بێتەوە....کەژێر تەجرید باوەو لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەدا؟ ڕەنگە سەخت بێ بزانین کە ئێمە لەگەڵ یاخود دژی ئەقڵانیەتین، شتەکان کەمێك روون دەبنەوە کە تێدەگەین کە ئەو هەڵبژاردنە، هەڵبژاردنە لە نێوان ئەوەی کەلەگەڵ یاخود دژی دیموکراسیەت بین....وەك چۆن (توکڤیل) دەیگوت مەزهەبە فەلسەفییەکان ئەنجامی عەمەلیان هەیەن بجۆرە لەهەمان ئەو مونتەڵەقە کار لە من دەکات.

ئێستە لەوە دەگەین کە ئەگەر بابەتی ئەو کتێبە پەیوەندی نێوان ئێمە (هەردوو کۆمەڵەی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی (ئێمەو ئەوانی دیکە: ئەوانەی کە لەریزی کۆمەڵەی ئێمە نین) بێ پەیوەندی نێوان گەلانو یەکییەتی مرۆیی، ئەوە هەڵبژاردنی ئەو بابەتە هیچ غەریب نییە نەك لەوەزعی ئێستای ئەو وڵاتەی کە من تیایا دەژیم (فەرەنسا) نە لەوەزعی کەسێتی تایبەتی، کەسیش سەرسام ناکات بەوەی کە من بەدوای مەعریفەی ئەوە دەگەڕێم کە نەك هەر بە تەنیا بۆ ئەوەی کە

دەبێ شتەکان چۆن بوو بەڵکو هەروەها دەبێ چۆن بێ، نەك کارێك یا ئەوی دیکە بەڵکو یەكو ئەوی دی، ئەو سلوکەی کە هاتمە سەر وەسفکردنی رابەرێتی کردم بۆ دانانی کتێبی (فەتحی ئەمریکا) کە لە ساڵی (١٩٨٢)دا بەدەرکەوت، هەر لەو کاتەوە من سەبارەت بەو بابەتە ماندووم، کە بەهەمان هەڵوێست دەستم تێوەردەدا، کتێبێکە هێشتاکە شانازی پێوە دەکەم هەرچەندە من دوای کۆتایی پێکهێنانیشی هەستم بەرازیبوون نەکرد لێی، ئەو حەکایەتانەم خۆشەویست کە تیایا زیندووم دەکردنەوە. حەکایەتی کولمبس‌وکورتس، موکتیزوماو دولاس‌و کازاس، بەڵام ئەو هەستە دایدەگرتم کە ئەو شیکردنەوە ئەقڵیەی کەمن نەدەچووە سەر قووڵایی شتەکان، کەواتە من ئارەزووی بەجێهێشتنی بابەتەکەم نەدەکرد...سەرەڕای ئەوەش، هیچ سوودێکم نەدەبینی لە دووبارە کارکردن بەسەر بابەتێکی نوێوە، چونکە ئەگەر وام کردبا بەبێ گومان تووشی سەختی‌و هەمان سەختییەکان دەهاتم، ئەو کات بڕیارمدا کە یارمەتی بیریارانی رابردوو بدەم...پرسیارم دەکرد، ئایا نووسەرانێ نەبوون زیرەکتر لەمن لە فەیلەسوف‌و سیاسی‌و زاناو دانەران هەر لە کۆنی کۆنەوە کە ئەو مەسەلەیە بخەنە روو؟ ئەگەر من بیری ئەوان شیکەمەوە ئایا ناتوانم

سوود لەو زیرەکییە وەرگرم؟ ئایا ئـەم جـۆرە لـە ئاسـتی رووداوەکـان چوومە ئاستی تێڕامان.

بەلاّم لەبەر ئەم هۆیە، لەبەر ئـەوەی کـە مـن پابەنـد نـەبووم لـە گێڕانەوەیەکی دەستنیشانکراو، بۆیـە مەوداکـە فـراوانتر بـوو لـەوەی کەدەبوو، ئایا ئەوەم لەبەر دەمدابوو کـە هـەموو بیریارەکـانی هـەموو زەمەنەکان بخوێننەوە؟ هەرچەندە کە ئارەزووم گـەورەبوو بـەلاّم توانـای ئەوەی نەبوو بچێتە ئەو رادەیە، یەکەمین دەستنیشانکردن کە ئەنجامدا هەرێم ئامێز بوو.....تەنیا فەرەنسام هەڵبژارد. چەند هۆیەك وەك چۆن بۆ دبار کەوت هەبوو کە ئەو بڕیارەی سپی دەکردەوە:

یەکەم: لەراستیدا هەرچەند مـن غـەریب ئەسـڵ بـووم بـەلاّم بـۆ ماوەیەکی دوورو درێـژە لـەو ولاّتـە دەژیـم، ئـەوەش وەك ئـەرکێك لـە ئەرکەکانی چۆنی وەدیار کەوت کە دەبوا زیاتر بناسم، جگـە لەمـەش بیری فەرەنسی دەورەدەری ئەو مەسەلەیە کە جێ بایـەخی منـە، چـڕو دەوڵەمەندە هەر بەشوێنی ناوەندی سـەبارەت بـە مێـژووی ئـەوروپیو هەروەها فیکرەی فەرەنسی هـەموو هاوبەشـیکردنەکانی نەریتـەکانی دیکەی هەڵمژیوەو پێیەوە کاریان لێکردووە.

ئا بەجۆرە هەر بە تەنها ناسینی نـەریتی بـیری فەرەنسـی(گرینگـە لەسەر ئاستی مرۆیی) دەتوانین رەسدی نوێشـکێکی مانـادار بکـەین

سەبارەت بە مێژووی ئەوروپی(مێژوومان مێژووی من) بەگشتی...ئینجا لەناو زەمەن پابەندبووم، مەسەلەی سەرەکی کە بەزۆربەی دەمویست تێی بگەم تایبەت بە ئێستا هەر ئەو هۆیە بوو کە لە مێژوودا ویستم بەدوای ئەو ئێستایەدا بگەڕێم، هەر لەو پێودانگە بوو کە بایەخێکی زۆرم بە قۆناغێکی مێژووییدا کە سەدەی هەژدەم تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم بوو(بەڵام خۆم مەحروم نەکرد، لە سەرپێچی کردن لەو قاعیدەیە کە مەودام بۆ هەڵکەوت) چونکە من لەبارەی (مونتینیو لیڤی شتراوس)ەوەش قسە دەکەم.

لەکۆتاییداو لەنێو ئەو قۆناغەدا کتێبی خۆم بەپێی پێوەرێکی دوالیزمی هەڵبژارد (زاتیو بابەتی)..ئەو نووسەرانی کە توانیم لێکۆڵینەوەیان لێبکەم و هەندێکیان کە بایەخی زیاترم پێدان بریتیبوون لە(مونتیریکۆ، رۆسۆ، شاتوبریان، رینان، لیڤی شتراوس).

ئەو مەودایەی کە هەڵمبژارد مێژوو نەبوو بەڵکو تێڕامان بوو لە مێژوو، هەر ئەو هۆیەیە کە وەسفێکی گشتی یا بەدواداچوونی قۆناغێك نییە بەڵکو لێتۆژینەوەیە لە ژمارەیەك لە بیریارانی کە نوێنەری زەمەنی خۆیانن.

وام بۆ بەدیار کەوت کە لەم دوو سەدەیەدا هەموو بیری فەرەنسی بەسەر فرە جۆری گەلانەوە سەبارەت بە مەسەلە گەورەکانەوە

چەقبەست بووە، کە هەمان ئەوانەم هەڵبژارد بۆ لێتۆژینەوەیان، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کەمن بەدوای دژایەتی نێوان حوکمی گشتی‌و حوکمی رێژەییدا دەگەڕێم، ریّو رەچەڵەك، نەتەوە، ئەو ئەندێشانە بابەتی هەر یەك لە بەشەکانی کتێبەکەم دروست دەکەن، بەلاّم لە بەشی پێنجەمی کتێبەکەم باس لەو دانەرانە دەکەم کەوا بۆ من بەدیاردەکەون، کە ئەوانە لە نێو کەلتووردا لە هەموویان رۆشنبیرتر بووینە بەتایبەت (مونتیسۆ).

من باس لە ریّو رەچەڵەك ناکەم‌و هەرواش باس لە رەفتاری رەچەلەك ناکەم بەڵکو باس لەمەزهەبەکانی پەیوەست بەرەچەڵەك دەکەم، هەروەها باس لەفتوحاتی کۆلۆنیالی ناکەم بەڵکو باس لەو هەنجەتانە دەکەم کە دراوە پێی، جا ئایا لەوەدا بڕێ لە خۆشەویستی نییە بۆ سکولاستیکیەت؟ کە ئەوەش لەوە سەرهەڵدەدا کە مامەڵکردن لە گوتاردا نەرم‌و نیانترە لە مامەڵەکردن لەگەڵ رووداودا، هیوادارم وەڵام نێگەتیڤ بێت.

دوو بیروباوەڕدا وای لێکردم ئەوە هەڵبژێرم :

یەکەم: من مەزهەبە فیکرییەکانی رابردوو بەوە دادەنێم کە گوزەرە یا لە بەرژەوەندی نووسەرەکانیان کردبێ، بەڵکو دان بەوە دادەنێم کە دەستیان لەسەر رەهەندێکی حەقیقەت داناوە، ئەگەر لەرێگەی گوتارە

بچیت تا بگەینە حەقیقەت لەوانەیە ڕێگایێکی خوارو خێچ بێت، بەڵام هەر دەیگاتێ.

دووەم : وام باوەڕە کە گوتاریش ڕوودواوە، بزوێنەری مێژوو نەك هەر بە تەنیا نمایشی ئەو بێ، لێرەدا دەبێ لە پرانسیپی گۆڕینەوەی شتێ یا هیچ شتێ دوورکەویتەوەو بیرۆکەکان بەتەنیا مێژوو دروست ناکەن بەلچکو هێزی ئابووریو کۆمەڵایەتیش کاریگەرن، بەڵام بیرۆکەکان لەهەمان کاتدا ئەنجامێکی نێگەتیڤانە نین، لەسەرەتادا وادەکەن کە کارەکان هەمواربن، ئینجا ڕێ دەدەن کەقبوڵکرێن: بەهەر حاڵ لێرەدا کارەکە پەیوەستە بەکاری گەورەوە، جا ئەگەر وانەبا من بۆ لێرە ئەو دەقەی خۆم دەنووسی کە ئامانجییەتی کار بکاتە سەر ئەو سلوکە.

کەواتە ئەم کتێبە دوو ڕەگەیە، نیوەی دەربارەی مێژووی فیکرەو نیوەکەی دیکەشی فەلسەفەی ئەخلاقیو سیاسی، بەڵام توانیومە دەستنیشانی چۆنیەتی دیدگای خۆم بکەم بۆ هەر یەکێکیان لە کارەکانی خۆمدا.

مێژووی فیکر جیاوازە لە مێژووی بیرۆکەکانومێژوو(یاخود لێکۆڵینەوە)لەدانراوەکان، تایبەتمەندیەتی فیکر ئەوەیە کە لە زاتێکی تاکەوە هەڵدەقوولێ، بەڵام مێژووی بیرۆکەکان لە ڕشتەی سایکرۆنییەوە

هەڵدەقووڵێ، بەڵکو لەناو کۆمەڵەی دایکرۆنیدا چەکەرە دەکات کە دارشتەی دیکە دەکات بۆ هەمان بیرۆکە.

لەسەرەتادا (روسو) دەبێ بەتایبەت کە دیالۆگی خۆی لەگەڵ کەسێتییەکانی لێ دەست پێدەکات، مونتینی، لابرییر، پاش بەرپەرچی (چوبینوو جۆن ستیوارت میلو توکڤیل) دەداتەوە، لەکۆتایشدا مونتیسیۆ لەلایەن رەخنەگرەکانەوە وەقسە دەهێنرێ، رەخنەگری وەك هیلڤیوتیوس، کوندوسیی، بونالد.

هەروەها مونتیسیۆو روسو رەخنە لەیەك دەگرن، کاتێك کەرووبەرووی دیالۆگی وا نەبەوە لە مێژوودا، یاخود بەو شێوەیەی کە رازیم دەکات، ئەوا من بە جەسارەتەوە رۆڵی دیالۆگیستی دەبینم کە لەسەر مەسئولیەتی خۆم رەخنەی وەڵام سازی مومارەسە دەکەم.

هەڵبژاردنی دیالۆگ لێرەدا بەمانای خۆ وەدوورخستنەوە لە زێدەڕۆیی بە هەردوو شێوەیەوە، مونولوژو جەنگ، جا ئەو مۆنۆلۆژە تایبەت بێ بە رەخنەگر یا بە نووسەر گرینگ نییە، چونکە من وەفام هەیە بۆ میتۆدی (لسینج) باشترین لێکۆڵینەوە لە حەقیقەت ئەوەیە وەدەستی بێنی بەڵام جەنگ لە دەقەکاندا نییە.

ئەمەو جگە لەوەی دیالۆگ لای من بە دیالۆگی هەڵخەڵەتێنەردا هەڵدەستێ چونکە قسە لەگەڵ مەلەکەی ئەقڵانیەتی خوێنەر دەکات

لەجیاتی ئەوەی خەیاڵی خوێنەر رایبکێشێ یان غەرقی حالەتێکی بکات لە سەرسامی... یەکێ لە ئەنجامەکانی من ئەوەیە کە من ئارەزوومە ئەوەی کە دەژین وئەوەی کە دەیڵێین لێك نەکەمەوەو قسەیەك نەکەم کە نەتوانم ئەنجامی بدەم (قسەو رەفتار). ئەمێستاش لەوانە بەشتی جیدی دەست پێبکات.

تێبینی:

(ئەم نووسینەم لە گۆڤاری (النهج) ژمارە١٢ی (١٩٩٧) خوێندەوە کە ئی نووسەری بەناوبانگ (تودوروف)ە، هەرچیم لێ بەباش زانی کردم بەکوردیو شتە زیادەکانیشم لێ وەدەرنا).

## سۆسیۆلۆژیای ئەدەبو
## ئارکیولۆژیای مەعریفە

میشێل فۆکۆ یەکێکە ئاشکرا نەبوونی لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەراستی کەلێنێکی گەورەیە، نەك سەبارەت بەوەی کە بە شەونخوونی هەموو دیوارە دروستکراوەکانی بەردەمی خۆی روخاندو بۆچونێکی تازەی سەبارەت بە ئەقڵو ئەبستم (سیستەمی بیر) و مێژوو هێناوەتە ئاراوە، بەڵکو سەبارەت بەوەی کە هەرچی بۆچوونیش لەم بوارەدا هەبوو هەمووی هێنایەوە سەر رەگو ریشە نادیارو پەنهانو چەقیو لە مێژووو زەینی مرۆڤدا.

بەم جۆرە وەدوا دوای هەموو هەوڵو کۆششە بێ برانەوەیەی لەم رووەوە ئەنجامی داوە گەورەترین دەرزی خستە سەر ئاستی لێکدانەوە فەلسەفیو ئەقڵیو مێژووووەوە. کە مانەوەی هەریەك لەم هاوچاخانە بیر پەروازەکانی خۆی لەم بەر درزەوەو پەڕینەوەی بۆ ئەم بەر خستە بەردەم پرسیاری گەورەو لە وەڵام نەهاتوو، بۆیە دەبێ لای ئێمەش ئاشکرا بێتو بایەخی لێ وەربگیرێت.

فۆکۆ لە ژیانی نووسینەکانی خۆیدا بە سێ هەنگاوی گرنگ تێپەڕیو هەر یەك لەم هەنگاوانەش تێکەڵاوییەکی زۆری

لێکدانەوەیان هەبوو، چونکە فۆکۆ خاوەن شێوازو بۆچونی ساتەوەختی خۆی بوو، قەت مەبەستی نەبووە لەنێو قاڵبە بیرێکی وشكو برینگدا خول بخواو بمێنێتەوە.

هەنگاوی یەکەم: ئارکیواۆژیای زانستە ئینسانییەکان بووو لەم هەنگاوەدا فۆکۆ زێتر پەیوەست بوو بە دونیای بونیاتگەرییەوەو لە ئەبستمێکەوە بۆ ئەبستمێکی دیکە، لە بە دەلالەت کردنێکی داهاتووەوە روەو بەدەلالەت کردنێکی پێشوو...هەنگاوی دەنا هەر لەم هەنگاوەشدا تەواو دژی رێبازی هیومانیزمی بوو، ئەوشتانەی لە یەکدی جیاکردەوە کە مەحاڵ بوو بیری لێبکرێتەوە، دەگەڵ ئەو شتەی کەدەکرا بیری لێبکرێتەوە، زمان لولەیێکی زیندووی هۆش بوو لەلای فۆکۆدا، بەمجۆرە بونیاتگەری- هۆشێکی زیندووو نیگەرانی مەعریفەی تازە بوو.

لەم هەنگاوەدا فۆکۆ بایەخێکی گەورەی دا بەدابڕانی ئەبستمیو نرخو بەهای هەموو شتێکی بەبەهای ئەقڵانی ئەو شتە هەڵدەسەنگاند، جگە لە رەتکردنەوەی هیومانیزمیو بایەخ دان بەدابڕانی ئەبستمی فۆکۆ گەرەکی بوو- چەمکێکی تازە لەجیاتی چەمکی ئایدۆلۆژیای مارکس بخاتە گەڕەوە، دەیوت: هەرچی- مەعریفەیەك کە تاوەکو ئێستا هەبووە بریتی بووە لەدووبارەوە بوونی

خودو ئەندێشەکردنی ئەندێشەکراوەکان-تصور المتصور- بەم جۆرە گەرەکی بوو بیسەلمێنێ کە- مەعریفەی سەدەی شازدەهەم بەوە خۆی تاوان بار کردووە کە هیچ شتێ نەزانێ جگە لەوەی کە دەیزانی، بەڵام دەرئەنجام تەقیەوەو مرۆڤ بوو بە بابەتی مەعریفە بۆ نموونەش (دونکیشۆت لە لای فۆکۆ) هەوڵی خوێندنەوەی دونیایەك بوو بۆ سەلماندنی رای دروستی کتێب چونکە دابڕان بوو لەنێوان وشەو شتەکان.

مێژوو لای فۆکۆ بەجۆرە بەگوڕ نەبوو، بەڵکو فەزایەکی ئەبستمۆلۆژی هەبوو کە دەبوو جیاوازی لە نێوان ژوورەو دەرەوەی بکرێت، دەقیش-بابەتێکی مێژوویی هەیە وەك قەدی دار-.

بەکورتی رێبازی فۆکۆ لەم هەنگاوەدا وەدەرخستنی مانا نادیارەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکانو دۆزینەوەی ئەودیوی هۆشی گوتارەکانی ئەم جۆرە زانستە بوو، دژی مێژووگەرێتی و پێشکەوتنی مێژوو بووەو هەمیشە پەیوەندیە هۆیەکیەکانی رەت کردۆتەوە، چونکە باوەڕی بە پەڕینەوەو تێپەڕین لە هەنگاوێکەوە بۆ هەنگاوێکی دیکە نەبووە.

فۆکۆ قەت هەستی بە دابڕنێ نەکردووە لەمیانی ریکاردۆ مارکس دا، بەڵکو دەڵێ ئەم دووانە تەنها جیاوازی بیروباوەڕیان هەبووە

کەجیاوازییەکی قوولٚ بەخش و ئارکیولۆژی نەبووە، ئەبستمی بیری تازە وای کردووە کە مرۆڤ بکاتە بابەتێك بۆ مەعریفە، بۆچونی فۆکۆ سەبارەت بە ئەبستیم لەبۆچوونی (هیگل)وە نزیك دەکەوێتەوە کە دەلٚێت: شتەکان لە خودی خۆیانن...هەرواش لە مارکس سەبارەت بە زەفت بازیو داگرتنو تەغریبو ئیستیلاب دووبارە لە هۆسرەل وە نزیك دەکەوێتەوە لەرووی بۆچوونەکانی سەبارەت بەو شتانەی کە حەشاردراو ناوەکین.

لای فۆکۆ- دابڕان بریتییە لە وەرچەرخانێکی تیئوری واتە دروستکردنی زانستێك لەرێی جیاکردنەوەی لە ئایدۆلۆژیای رابردووی حوکمی ئەو رابردووە بکات بە رابردوویێکی دیکەی ئایدۆلۆژی.

گوتاری مێژوویی لای فۆکۆ دەستکردنی مژادی بەر دەستی لێکۆلٚینەوەبوو، کە بە ئارکیۆلۆژیای مەعریفەی لەقەلٚەم دەدا...فۆکۆ لەمبارەوە دەلٚێت:

ئەم پچڕ پچڕو دابڕانە ئەبستمۆلۆژیە نهێنیو نادیارە لە شێوەی چەند تەقینەوەیەکی فەزاییە، کەباسی شوێنو رەوتی وەدیارکەوتنیان دەکا بێ ئەوەی بچێتەوە سەر هۆیەکانی وەدیارکەوتنیان، واتە کوژاندنەوەی پەیوەندییە هۆیەکیەکان.

بەمجۆرە فۆكۆ واقیعی دابەش كردە سەر چەند توێژێك‌و سەر چەند پارچەیەك، كە هەر یەك لەو دیاردە بەدوای یەك كەوتوانە -متوالیە- ئیقاعی خۆی هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش فۆكۆ دەچێتەوە سەر گەلێ باسی وەك دابڕان، كایە زانستییەكان، سیستەمی پەیوەندیەكان، سیستەمی وەرچەرخان، گوتارو هەندێ سەرەباسی دیكە.

فۆكۆ هەوڵی ئەوەدەدا بیسەلمێنێ كە- مرۆڤ مێژووی نییەو ناچێتە ژێر باری مێژووەوە -واتە هەوڵی ئەمەی داوە كەمرۆڤ لەمێژوو بترازێنێ -وای لە مێژوو كردووە كە ببێتە كۆمەڵێك كاری پسپۆری كە هیچ شەكلێكیان نەبێ -هەموو بەشە جیاجیاكانی ئەبستمولۆژیای لەیەك ساتەوەختدا بەیەكەو گرێ دەدا بەمجۆرە دوو جۆر دابڕانی ئەبستمی وە دەرخست.

دابڕانی ئەبستمی چاخی كلاسی نیوەی سەدەی حەڤدەهەم.

دابڕانی ئەبستمی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم‌و نوژەنی

كورتەی بۆچوونی فۆكۆ لەم هەنگاوەدا سەبارەت بەمێژوو دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا خەست بكەینەوە:

مێژوو دەبێ واز لە پێكهاتە گەورەكانی‌و تیزە گشتی كارەكانی نا دیاری فەلسەفەی خۆی بهێنێ.

- دەبێ بایەخ بە مەعریفەی جیا جیا بدات.

- مێژوو نابێ وەسف کردنی زنجیرەیی سەر یەك هێڵ بێ

هەنگاوی دووەم:

ئەگەر هەنگاوی یەکەمی فۆکۆ رووەو دیدگایەکی بونیاتگەری بووبێ، ئەوە هەنگاوی دووهەم جۆرێك تێپەڕاندنی بووە، ئیدی واز لە چەمکی ئەبستمی دەهێنێ و گووتارەکان چیدی لە دونیایەکی رەتکراوەی شەکل بەخشی زەینی و دەلالەت بازیدا یەکدی راونانێن، بەڵك و لێکترازان و دابڕان و چەقبەستی-التمفصل والارتکاز- کە ئەو شەکل بەخشی ئەقلانیە جیاجیایانە بەیەکەوە گرێدەدا دەگەڵ دەزگاییەکان و ئەو پڕۆسیسانەی کە پاڵپشتیان دەکا-بووە جێی بایەخی فۆکۆ، بەمجۆرە هاتە سەر داڕشتنی ئارکیولۆژیای مەعریفە، کەوتە سەر ئەوەی کە رەخنە لەهەندێ لە بۆچوونەکانی خۆی بگرێت و دەیگوت من بایەخێکی لەڕادە بەدەرم داوە بە رۆڵی زاتی شارادراوە کە حوکمی مێژوو دەکات.

جیاوازی گرنگی ئەم هەنگاوەی لەگەڵ هەنگاوی پێشوودا ئەوەیە:

-بیرە پەیوەندییەکان یاخود پەیوەندییە بیرۆکەییەکانی بەدەلالەت کردن، کە پێشتر لەناو گوتاردا ساغی دەکردنەوەودانی بە هەبوونیان دەهێنا ئێستاکە- لەم هەنگاوەی دووەمدا- نین و- واتە لەهەنگاوی

یەکەمدا، گوتار ئەو پەیوەندییە بیر ئامێزانەی تیا بوو، بەلاّم لەهی دووەم دا تیای نییە. لەگەلّ ئەوەشدا فۆکۆ دەلّێت"ئەو پەیوەندییە بیر ئامێزانە دەرەکی نین لەگوتارداو گرنگی ئارکیولۆژیستی مەعریفە ئەوەیە بایەخ بە مژادیەتی- مادیەتی- گوتار بدات لە ئاست بۆتە دەزگاییەکاندا، کە ئەمەش هێلّی ناوەندی بۆچوونی بونیاتگەریو هیومانیزمیەیە- کە ئارکیۆلۆژیەتە-ودەست نیشانی ستراتیژیەتی ژەپۆشی- بیردەکات.

فۆکۆ لەم هەنگاوەدا-هەولّی ئەوە دەدا مێژووی کلاسیەتی بیرکردنەوەکە کەوتۆتە ژێر کاریگەرێتی بۆچونی هیومانیزمیوزاتی وردوخاش بکاتو وەسف کردن بکاتە یەکەم گرنگی سەرشانی ئارکۆلۆژیستیەکان لە ئاستی ئەبستیم داو یەکێتی ناوەوەی شتەکانی بەجێ هێشتو چووە سەر باسی یاسای پەیدابوونیان، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە ئارکیولۆژیستەکانی مەعریفە دەکات کە:

- بچنەوە سەر ئەو فەزایەی کەلە دەستەواژەکان دا پێکداوە
- بچنەوە سەر ئەو فەزایەی کە دەستەواژەکان رێکدەخات
- بچنەوە سەر ئەو فەزایەی کە تەواوکەری کارپەردازی نابەدەلالەتن.

بۆ روونکردنەوەی ئەم سێ خاڵـەوبیری فۆکـۆ لـەم هـەنگاوەدا ئـەم نموونانەی خۆی دەهێنمەوە:

- شێت ئەو فەزایەیە کە پێکهاتووە لە دەستەواژە

- دانانی ئەو شێتە لەناو چواچێوەیەکی زانسـتی نوژداریـدا، ئـەو فەزایەیە کەدەستەواژەکان ڕێکدەخات

- پۆڵبەنـدکردنی شـێتەکان ئـەو فەزایەیـە کـە تەواوکـەری کارپەردازی-ممارسە- نابەدەلالەتن.

واتە خاڵی یەکەم کە بریتییە لە فەزای پێکهاتوو لە دەستەواژە کـە مرۆڤی شێت نموونەی ئەم فەزایەیە چەمکی رووی سەرهەڵدانەو، دووەم خاڵ کە بریتییـە لـەو فەزایـەی کـە دەسـتەواژەکان ڕێکـدەخات کـە گواستنەوەی ئـەو مرۆڤـە شـێتەیە بـۆ نـاو چوارچـێوەی دەزگایـەکی تەندروستیو نوژداری مەڵبەندی دەست نیشانکردنی سنوورە.

سێهەم خاڵی ئەوەیە کە ڕێبازی تەخەصوصی یاخود پسپۆڕێتی بێتە ئاراوە.

هەنگاوی سێهەمین:

لەم هەنگاوەدا فۆکۆ هەموو هەوڵو تەقەلایـەکی ئـەوەبوو مێـژووی ڕۆژئاوا قەڵب بکاتەوە بۆ وە دوورخستنەوەی ئەقڵی بۆرژوا، بایـەخێکی

گرنگی دا بەکۆجیتۆی خۆی واتە رووەکەی تری ئەقلّ، دوای ئەوەی کـە کۆجیتـۆی دیکـارتی لـە ئاسـت ئـەم ئەقلّـەدا سـەرەو لیّـژ کـردەوە، بایەخیّکی زۆری دا بەو شویّنە سنووریانە کـە جەسـتەو رۆحـی تیّـدا تیّکەلّ دەبن بە شیّوەیەك کەیەك گشت (کل) پیّك بهیّنیّ تیـا مـەحالّ بیّ پالّنەرە ئەقلّییەکان جیا بکریّنەوە لەخورپەی دلّ بەنیّو ئەو شـویّنە قەدەغەکراوانەی نیّو رۆشنبیری رۆژئاواییدا دەسـووڕایەوەو چـووە سـەر قوولاّییـەکانی ئـەو رۆشـنبیرییە تابتوانـیّ لـەرەگو ریشـەوە باسـی دیاردەکان بکات. توانی پەیوەندییەکانی نیّـوان دەسـەلاّتو مەعریفـە بدۆزیّتەوە، کە بەیەکەوە بەندن بە رای ئەو، هەروەها بایـەخیّکی زۆری داوە بە مارسیل بروست لەرووی چەمکی گشتیدەوروبەرەوە،چووە سـەر (مبدا الکلیە) سەربەندی گشتی لایلیڤی شتراوس، هەولّیّکی زۆریدا بۆ سەپاندنی ئەقلاّنییەت، بەشیّکی زۆری نووسینەکانی ئەم هەنگاوەی سەبارەت بەکردەی نوژداریو یاسابوو، فۆکۆ لەبارەی مەرگەوە دەلّیّ:

مردن ئاسمانی کۆنو تراژیـدی خـۆی بەجیّهیّشـتووە، ئیّسـتاکە بـۆ ناوکیّکی ویژدانی مرۆڤ بۆتە راستییەکی شاراوەو نهیّنییـەکی دیـاری ئەو مرۆڤە.

بەگشتی فۆکۆ لەهـەموو ژیـانی نووسـینەکانیدا مەبەسـتی بـوو بگەڕیّتـەوە بـۆ شـویّنە لـەبیرکراوەکانیبیر ، ئـەو شـویّنانەی مـرۆڤو ئەبستمی رۆژئاوا سالاّنیّکی دوورو دریّژ زاتی ئەوەیان نـەدەکرد خۆیـان

له قەرەی لێکدانەوەو دابەشکردنیان بدەن، بۆ ئەم مەبەستەش زاراوەی ئەوەی بیری لێناکرێتەوە (اللامفکر) لەنێو بیردا بەکار هێناوە-واتە ئەوەی بیری لێنەکراوەتەوە لەنێو هزری مرۆڤدا- بابەتی سەرەکی فۆکۆ لە نووسینەکانی‌دا ئاستی مەعریفەی ئەقڵیی پوختە بوو کە مێژووش بۆ ئەم بابەتە تاکە مەودای ئەزموونگەری‌بوو، نەمەودایێ چاوەڕوانی یەکێ بکا یاسای پێشکەوتن‌و ئالیاتی بدۆزێتەوە.

فۆکۆ نەیدەویست لە سیستەمی هۆیەکی‌دا بکۆڵێتەوە، تابتوانی-کلیە- راڤە بکات، وای لێ بکات_ ئەقڵی مرۆڤی بەسەردا بشکێ‌و لێی بگەین، چونکە ئەو رای وابوو کەمەنهەجیەتی ئەلقە ئاسا یا وەسف باری چەتد سیستەمێکی جیاجیا بە شێوازێکی میکانیزمی‌و هەڕەمەکی، بە پێی بارو زروف بەکاردەهێنێ، جا مەنهەجی متوالیات‌و چەمکی دابڕانی ئەبستمی بۆ فۆکۆ لە میانی ئایدۆلۆژیای کۆمەڵگای ئیستهلاکی‌و تەکنۆکراتی بوو.

نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە فۆکۆ لە سنووری فەلسەفەی هیگل‌وماركس‌و فرۆیدو نبتشەو باشلارو ماکس ڤیبرو شتراوس دا دەسوڕایەوەو شتی نوێی لێ دەرسکاندن.

ئەقڵانییەتی تازە لە کەمیودە گەورەکانی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و فەلسەفی لە دایك بووە.

جەوهەری ئەبەدی ئایدۆلۆژیا بریتییە لە یەکانگیری لە رەگ‌و ریشەوەی نا مێژوویی میانی زانست‌و ئایدۆلۆژیا.

## لوسیان گولدمان

یەکێکە لەو رابەرە مەزنانەی کە لە مەودای لێکۆڵینەوەی ئەبستمیدا رۆڵێکی گەورەو دیاری هەبووە، لەلایەك لەرووی ئەو پسپۆریتییەی کە دەربارەی سۆسیولۆژیای ئەدەبییەوە نواندویەتی‌و لەلایەکی دیکەوە، لەرووی ئەو بەشداری کردنە پڕ جونبوشەی دارشتنی مەنهەجی بونیاتگەرانەی خۆیەوە.

لە راستیدا ئەمەیان واتە هەردوو بابەتی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب‌و مەنهەجی بونیاتگەری بە ئاڵۆزترین کێشەی رۆشنبیری قەڵەم ڕێژ کراوە، ئاڵۆزییەك نەك بەمانای نادیاری‌و بێ چەمکی بەڵکو ئاڵۆزی لەرووی بۆچوونی دیکەی قوتابخانەکانی دیی ئەدەب‌و هونەرو فەلسەفە.

بەو پێودانگەی کە زمان بەراستی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی روونکردنەوەو کەشف کردن لە نێو قاوغی سەرجەم رۆشنبیری سەردەمخوازدا، بۆییێکە دەبێ لەم رووەوە بایەخێکی جیاو مشت ئاگاداری بەزمانی مەعریفی بدرێت. رووبەکی دیکەی ئەم باسە سەبارەت بە لوسیان گولدمان کێشەی ئەدەب‌و ئایدۆلۆژیایە، بڵێین‌و نەڵێین بۆچوونەکانی ئەم نووسەرە سەرێکی دەچێتەوە سەر ئەم لایەنە،

چونکه گووتاری (خطاب)ی ئەبستمی —مەعریفی-گولدمان لەرووی سۆسیۆلۆژیاو پەرەپێدانی ئەدەبو هونەری لە قاوغی یا لە مەودای ئەم تیرمە-مصطلح)دا تێکەڵ بە خاكو خۆڵی ئایدۆلۆژیا دەبێت، هەڵبەت ئەگەر واش بێت دیارە ئاڵۆزیەکە چۆن دەست پێدەکات لە مەیدانیێکدا، کە چەندین دەرگاو دەروازەی ئایدۆلۆژیا بۆ ئەدەبو هونەرمەند دەبێتەوە کە پڕیەتی لە گوتاری جیاجیا، جا هێندێ لەم گوتارانە دەچێتەوە سەر بناغەیەکی ئابووری.

تەواو شێوەی بەرهەمهێنان لەم رووەوە ئەدەبیش دەبێتە گوتارێك لە گوتارەکانی ئەم ئایدۆلۆژیایە، لە بەرامبەر ئەوەشەوە هێندێك دەیبەنەوە نێو دونیای داهێنانو خەڵقو دووری دەخەنەوە لە مەسەلەی کۆمەڵو شێوەی بەرهەم هێنان، ئەم دوو بۆچونە تەواو لە دونیای ماتریالو ئایدیال دا رەنگرێژ کراوە.

ماتریال = چینو بەرهەم - ئەدەبو هونەر

ئایدیال = خەڵقو خود - ئەدەبو هونەر

لەهی یەکەمدا نووسەر خودان دەقی خۆی نییە لەرووی هاتنە کایەوەو هەڵڕژاندا، وەلێ لەهی دووەمدا نووسەر گەورەی خۆیەتی.

هەر لەروانگەی بۆچونەکانیگولدمان بابەتێکی دیکە سەر هەڵدەداو دەبێ پەنجەنۆما بکرێت ئەویش مەسەلەی هاوچەرخێتیو

ڕەسەنێتیيە،چونكە ڕەسەنايەتی پەيوەندی پلەيەكی بە كۆمەڵگاوە بەندە هاوچەرخێتی هەندێ جار سەركێشی كردنە لەو پەيوەندييە كۆمەڵايەتيانەو ترازانە لە مەسەلەی سوسيو ڕۆشنبيری، چونكە چۆن چۆنی باسی سوسيۆلۆژيای ئەدەبیو هونەری بكەين ئەگەر نەگەڕێنەوە سەر مەوروسی كۆمەڵايەتیو نەتەوەيێتيی؟ لە هەمان كاتدا كلتووری ڕۆژئاوا چەندين بابەتی جياجيای هاوچەرخی لەنێو ورگی خۆيدا حەشار داوە، ياخود دەكرێ ڕۆژئاوا ناو لە كلتووری خۆی بنێ كەلتوور بە لێكترازانی بابەتی ڕەسەنو هاوچەرخ، يا كەلتوور دەبێ ئوركێكی ناشێلگيريانە-اللامتجانس و بەرزو نەوی بێ، ئەمەشيان لە بۆچونەكانی گولدمان بە پێناسەكردنی مەسەلەی ئەدەب كۆتايی پێدێ، بۆ بۆچوونەكانی گولدمان پێويستيمان بەزۆر سەرە باسی ديكە هەيە وەك مەسەلەی فەلسەفیو ياسای خودايیو ياسای سروشتيیو بيری جەوهەری مرۆڤ، هەروەها سەبارەت بە بۆچونەكانی (كانت) جياكردنەوەی دنيای ديارو دواوەی ئەو ديارە. جا ئەگەر هيگل بناغەيەك بووبێ بۆ بۆچونەكانی ماركس لەرووی لێكۆڵينەوەی پەيوەست بە كەونو كۆمەڵو مێژوو، دەبێ لای بۆچوونەكانی گولدمانو بابەتەكانی ماركس لەيەك شەتەك بدرێت.

هـــەر ســـەبارەت بەمەیشـــەوە کـــە دەڵـــێین گولـــدمان بابـــەتێکی ئاڵۆزوبڵاوە، ئەمەو جگە لەو سەرەباسانەی لـەرووی ئەزموونگـەری‌و فۆرم بازی‌و ناوەرۆك کـەدەبێت بـاس بکرێـت، ئەمەشـیان مەسـەلەی جـەماوەری ئـەدەبی‌و هـەبوون‌و نـەبوونی ئـەم جـەماوەرە دەسـت نیشاندەکات، لەرووی سۆسیۆلۆژیای گۆڕان‌و سۆسیۆلۆژیای چەسـپاوو دۆگماتیمێز لای گولدمان سۆسیۆلۆژیای تـازەی ئـەدەب-لەسـەر ئـەو گریمانـە دەوەسـتێ کـە داهێنـانی ئـەدەبی رەمزێکـە بـۆ زینـدەگی کۆمەڵایەتی بـە هـەموو لایەنەکانیـەوە- ئەمەشـیان دەوری سـەرەکی داهێنان دەسەلمێنێ بۆ بونێکی کۆمەڵایـەتی وا لـە داهێنـەر دەکـات کەوتن بێ بـەدوای ئـەو بناغـەو کایـە سـەرەکیانەی کـە داهێنانێـك دەخولقێنـێ بـوونی کۆمەڵایـەتی پێـوە بەنـدبێ، جـا ئـاخۆ هـەموو داهێنانێکی ئەدەبی‌و هونەری ئەو دەورە سەرەکیە دەبینێ یان نـا؟ کـە ببێتە رەمزێك لە رەمزەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.

لای گولـدمان- هـەموو بیرکردنەوەیـەك سـەبارەت بـە زانسـتە مرۆڤایەتیەکان دەنێـو کۆمەڵـدا سـەر دەگـرێ نـەك لـەدەرەوەی ئـەو کۆمەڵە- بەم بۆچونە پێمان دەڵێت کۆمـەڵ‌و زینـدەگی کۆمەڵایـەتی رۆلێکی گەورە دەبینێ لە مەیسەر کردنی ئەو چوارچێوەیەی کە تیایـا بیرۆکە چەکەرە دەکات‌و بەم جۆرە چەند بونیاتێك تەشکیل دەبێت وەك-

بونیاتی زەینی کە بریتییە لەو گوتارانەی لەیەك کاتدا هۆشی ئەزموونگەری تویژێکی کۆمەڵایەتی ڕێکدەخات، هەروەها کەونی تەخەیولی کە نووسەر دایدەهێنێ، هەموو ئەو بونیات گوتەکاریانە دەلالەت بەخشی دیاردەی تاکە کەسی نین، بەڵکو دیاردەی کۆمەڵایەتین، واتە بونیاتی زەینی،گۆتەیی، هۆشی گشتی ڕێکدەخاتو دەچێتەوە نێو دونیای خەیاڵو داهێنەرەکە، هونەرمەند یا شاعیر دەکرێ بەم جۆرە روونی بکەینەوە.

- بونیاتی گۆتەکان= هۆشی کۆمەڵایەتی structures categoridles

- بونیاتی زەینی= دونیای خەیاڵو شێوازی ئەدەبو هونەری خالیس structures mentales

- بونیاتی گشتی فرەلایەن=بونیاتی کشان بەسەر هەموو کۆمەڵو خەیاڵی خودstructures globale

هەڵبەت بونیاتی زەینی جۆرێك یەکگرتنەوە دەگەڵ-دیکارت- بەدەر دەخات کە بەو پێیەی- ئەندێشەی یەقینی زەینی زیرەكو پالأوتەیەکە تەنها لە نوری ئەقڵی سروشتیدا لەدایك دەبێو دەبیتە سەك لە داللەکانی دالله-دال- دروستکەری داهێنانی ئەقڵی تەواودا.

(گولدمان) فرە باوەڕی بەوە هەبوو کە(تاك) بەتەنها ناتوانێ دیدگایەك بۆ ئەم دونیایە بهێنێتە کایەوە، بەڵکو ئەم دیدگایە زۆر

جاران کۆمەڵانێك دروستی دەکەن هەر بۆیەش گولدمان نووسیویەو دەڵێ: ئەگەر یەکێ بێتو لەدیدگای-رۆیە- نوسەرێ بکۆڵێتەوەو راڤەی بکات لەرێ بەتەنها بایەخ دان بەژیانو گوزەرانی ئەو نووسەرە ئەوە بەهەڵە دادەچێ چونکە ئەو دیدگایە پەیوەستە بە کۆمەڵانێك - لێرەدا گولدمان - بەتەواوی بیری ئایدیا لە قاوغی ئەدەبو هونەردا رەتدەکاتەوە لەو لایەنەی کە ئەدەبو هونەر زایەندەی نێو زەینی نووسەرو هونەرمەندەو بەس، بەم جۆرە گولدمان لەجیاتی دوو شتدا جیاوازی هەڵدێنێ، یەکیان- مانای زاتی ئەدەبو هونەرەو، ئەوی دیکەش مانای بابەتی ئەدەبو هونەرە، کە ئەمەش بە بیروڕای ئەو دەبێ لەناوەوە شی بکرێتەوە - ئەلێرەدا لە لیفی شتراوس نزیك دەبێتەوە لەلای جیاکردنەوەی هەستو نەست-شعورو نەست- یاخود لە رۆلان بارتو بۆچونەکەی سەبارەتبە-دال- کە خودی گوتارە وەك شێواز هەروا (مدلول) کە چەمکی ئەدەبو هونەرەکەیە وەك چۆن- کۆپرنیکۆس- هەوڵی دا ئاسمان هەڵوەشێنێتەوە، کە جێ نەزرگەی خواکان بووو بیکاتە چەند تۆپەڵێك-ئاواش گولدمان- هەوڵی داوە ئەدەبو هونەر کە جێ نەزرگەی نواندنی زاتە هەڵیوەشێنێتەوەو بیکاتە چەند پۆلێكو کۆمەڵ بەسەردا زاڵ بکات، بەڵام ئایا دەکرێ ئەم دەورە رەنگینەو ئەم بەهایە گەورەیەی زۆر جاران هەوڵی تاکە کەسی

دەیخولقێنێ لە تاك زەوت بکەین‌و، خەسڵەتە ناوەکییەکانی بەرهەمی ئەدەبی لای لوسیان گولدمان بریتی بوو لە بونیادو داللە دیارەکان، واتە بۆ پێگەیشتن‌و راڤەکردنی بەرهەمێکی ئەدەبی یا هونەری پێویستیمان بە بونیادو داللەکان هەیە کە دەچێتەوە قاوغی ئەو پەیوەندییەی کە -دال‌و مەدلول- لە چواچێوەی سیمیائیەتدا جێگەی بۆ دەکەنەوەو، کە لای گولدمان دال ماناو ناوەرۆکە - دووبارە لە شتراوس نزیك دەکەوێتەوە کە دەڵێ: دال گوتە باڵای چەمکە، دال مانایەو مەدلولیش هێمای بۆ دەکات.

پەیوەندی نێوان ئەدەب‌و باری کۆمەڵایەتی لای گولدمان بریتیبوو لەوەی کە هەموو کارێکی هونەری یاخود ئەدەبی بریتی نییە لەوەی کە تەنها بریقەدانەوەی هۆشێکی گەلکۆیی بێ، بەڵکو بریتیی لە بریقە دانەوەی کۆمەڵێك ئاستی بەرزی ئەو شتانەی کە هۆشی گەلکۆیی دروستی دەکەن.

هەروەها ئەو پەیوەندییە پەیوەست نییە بەناوەرۆکی ئەدەب‌و هونەر یاخود کۆمەڵ لەواقیعی مرۆڤایەتیدا، بەڵکو لە بنەڕەتەوە پەیوەستە بە بونیاتی ئەقلی، واتە بریتییە لە هۆشی ئەمبریکی کۆمەڵێك‌و دونیای تەخەیول کە نووسەر دەیرسکێنێ maginative هەروەها پەیوەندی نێوان داهێنانی تاکە کەسی‌و فەلسەفی‌و فیکری‌و ئەدەبی

بەرز بریتی نییە لە وێکچوونی بونیاتەکانhomology بەڵکو ئەزموونی تاکە کەسی زۆر کورتە باڵاترە لەوەی کە ئەو بونیە ئەقڵیە دروست بکات، بەڵکو دەبێ ئەو بونیەیە لە ئەنجامی چالاکی هاوبەشی ژمارەیەکی زۆری خەڵك بێ کە خۆیان لە هەڵوێستی وەکویەکدا ببیننەوە.

کارە ئەدەبیو هونەریەکان لای گولدمان بونیاتی دال ئامێزن، کەدیدگای دونیای کۆمەڵانێك دەستنیشانو بەرجەستە دەکەن، لەرێی خەیاڵ یا ئەندێشە، لای گولدمان کاری ئەدەبیو هونەری (دالە) لەو دەلالەتەش ناگەین تەنها لەرێی ئەوە نەبێ ئەدەبو هونەر رەتکەینەوە بۆ سەر بونیاتێکی فراوانتر کە دەیگرێتە خۆو دەلالەتی پێ دەبەخشێ، واتە کۆمەڵێك پەیوەندی بونیاتگەرانە لەمیانی دەقو دیدگاوە هەیە، ئەو پەیوەندیانەش لە زاماڵی کۆمەڵەوە لەدایك دەبێ.

تێبینی :

دوای خوێندنەوەی ئەم سەچاوانەی خوارەوە ئەم نووسینە لەدایك بووە.

- حفريات المعرفة/ فوكو/ترجمة/ سالم يفوت ط٢ ١٩٨٧

- درس الابيستمولوجيا او نضرية المعرفة/ عبدالسلام بنعبد المالى
- هكذا تكلم زرادشت/نيتشه/ت فليكس فارس
- حدس اللحظة/باشلار/ ت رضا غروز
- علم الاحياء والايدولوجيا والطبيعة البشرية، ستيفن روز واخرين
- المنار/عدد ٢ السنة الاولى/ ١٩٨٥
- تحطيم العقل/ج١/ جورج لوكاش
- فى البدء كانت الممانعة/ مقدمة فى الفكر السياسى العربى/ د.سهيل القش.
- المنهجية فى علم الاجتماع الادبى/ لوسيان غولدمانم ت مصطفى المسناوى.
- الاسطورة اليوم/ رولان بارت/ ت حسن العرفى
- كانط/ بقلم اوفى شولتزت/د. اسعد رزوق.
- ديكارت والعقلانية/ روديس لويس/ت. عبد الحلو.

## ( میرلوبونتی ) فەلسەفەو سیاسەت و

## *رەخنەبارکردنی لیبرالیەت و مارکسیەت*

میرلوبونتی یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە دەتوانن یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی لەو چاخە بگەین کە ئێستاکە تیایا دەژین، ئەوەشیان لە رێگەی ئەو گۆشەنیگایە روونو ئاشکرایەی کە باس لە مرۆڤو مێژوو دەکات، ئەو گۆشەنیگایەی کە کەمتر لای فەیلەسوفەکانی دیکە دەیدۆزینەوە، میرلوبونتی بەنێو هەموو بوارەکانی فیکرو هەموو مەوداکانی مەعریفەدا گەڕا، هەولێدا ئەوە روون بکاتەوە کە فەلسەفە چۆن چۆنی دونیاو بیریاران دەولەمەند دەکات هەروەها چۆن چۆنیش زانست دەولەمەند دەکات.

میرلوبونتی لە ماویەکی تەژی لە رووداودا ژیا، چ لەناو فەرەنسا، کە نیشتمانی خۆی بوو، چ لە دەرەوەیدا، وەك تەماشەکەرێکی نێگەتیڤو گۆشەگیر نەوەستا بەڵکو وەك کەسێکی خودان بیروڕای سەربەخۆ یا وەك رەخنەگرێکی هۆشمەند بەشداری تێدا کرد.

میرلوبونتی لە ساڵی ١٩٠٨و لە چواردەی مارسدا لە شاری رۆشفو لە فەرەنسا لە دایك بووە، لە خانەوادەیەکی سەر بە چینی مامناوەند، قۆناغی منداڵیەتیو هەرزەکاری بێ هیچ تەگەرەیەك لەژێر سێبەری

باوەڕی مەسیحی دەگوزەراند، دوای ئەوەی لە ئەزموونی (ئەگرگاسیۆن)دا لە ساڵی ١٩٢٠ سەرکەوت بۆ ماوەیەك بوو بە مامۆستای قوتابخانەکانی (لیسیە)و لە ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٨ دەستی کرد بە بلاَوکردنەوەی وتارەکانی خۆیو هەندێ لێکۆڵینەوەی دەروونیشی دەست پێکرد.

لە ساڵی ١٩٣٨دا یەکەمین بەرهەمی خۆی بەناوی (بونیادی سلوك) ئامادە کرد، پاشان لە قوتابخانەی بالاَی مامۆستایاندا کاری دەکرد، ئینجا لەساڵی ١٩٣٩دا بوو بە سەرباز لە تیمی پێنجەمی پیادە. پاشان لەگەڵ جان پۆل سارتەردا چوونە ریزی (بزاوتی سوسیالیزمو ئازادی) کە لە ژمارەیەك لە رۆشنبیرانی دژ بە نازیەت پێکهاتبوو.

میرلوبونتی لە ساڵی ١٩٤٤دا دکتۆرای دەوڵەتی بە دەست هێنا، کە بریتی بوو لە دوو نامە پێشکەشی سۆربۆنی کرد، یەکەمیان (فینۆمینۆلۆژیای دەرك پێکردنی هەستەکی) دووەمیان (بونیادی سلوك) یەکمیان کە لە کارە گرنگەکانی ئەو بوون، لە ساڵی ١٩٤٥دا بلاَو بۆوە، لە هەمان ئەو ساڵەدا لەگەڵ سارتەر گۆڤاری (زەمانی نوێ)ی دامەزراندو بە وانەبێژ لە دانیشگای لیۆن دامەزرا، پاشان لە ساڵی ١٩٤٨ بوو بە ئوستادی هەمان ئەو دانیشگایە. لەو ماوەیەدا

زۆر وتارو کاری خۆی لە گۆڤاری زەمانی نوێدا بلاّو کردەوە. پاشان بە کتێبێك بە ناونیشانی (مرۆڤایەتیو تیرۆر) هەموویانی بلاّو کردەوە.

لە ساڵی ۱۹٤۸دا کتێبی (ماناو نامانا)ی بلاّو کردەوە، پاشان ژمارەیەك لە موحازەراتی گوتەوە لە قوتابخانەی بالاّی مامۆستایان کە تایبەتی کردبوو بە زانای زمان – فردینان دی سۆسیر- ئینجا لە ساڵی ۱۹٥٤-۱۹٥٥ کۆمەڵێك وتاری بلاّوکردەوە لەوانە (ئایا فەیلەسوف فەرمانبەرە)و (ئایا مارکسیەت لە یاڵتا مردووەو (ئۆپۆزسیۆنی کۆمۆنیستی بۆ کوێ دەچێ)و (ئایندەی شۆڕش)...هەروەها لە هەمان ئەو سەردەمەدا کتێبی (سەرکێشیەکانی جەدەل)و (زناکەکان)ی بلاّو کردەوە، واتە ساڵێك بەر لە مردنی.

لە ساڵی ۱۹٦٤ کتێبی (چاوو ئەقڵ)ی بلاّو کردەوە وێڕای کتێبی (بینراوو نەبینراو) میرلوبونتی لە فینۆمینۆلۆژیاوە دەستی پێکردو بە ئەنتۆلۆژیا کۆتایی هات، ئەوەشیان لە رێگەی بیرکردنەوەی لە پەیوەندی نێوان مرۆڤو هەبوون بە شێوەیەکی گشتی هەروەها رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە، لە مەیدانی زمانەوانیو شیکردنەوەی دەروونیو سایکۆلۆژیای منداڵانو ئەنترۆپۆلۆژیاوە، هەورەها بایەخی بە بواری زانستە وردەکانی، وەك بیۆلۆژیاو گرفتەکانی مێژوو سیاسەت داوە.

دوا کتێبی میرلوبونتی بریتی بوو له (نا ئامادەگی فەلسەفە هەر له هیگلەوە) کە دەرەنجامی وەعییێکی نوێ بوو بەرامبەر زمان کە ڕێباز بۆ فیکر دروست دەکات.

## میربولونتیو سارتەر

میرلوبونتیو سارتەر لە قوتابخانەی باڵای مامۆستایان بوون بە هاوڕێ، هەردوو لایان کەوتنە ژێر کاریگەریەتی وجودیەتو فینۆمینۆلۆژیاو هەردووکیان کەوتبوونە ژێرکاریگەریەتی یەکترەوە وێڕای سیمۆن دی بۆڤواریش بەشداریان کرد لە بەرگری لە پێناوی سوسیلیزمو ئازادیداو پێکەوەش گۆڤاری زەمانی نوێیان دەرکردووە لە ساڵی ١٩٤٥دا کە (ریمۆن ئارون)یش بەشداری کرد لە دامەزراندنیا.

هەریەك لە بیروڕای ئەوی دیکەی هەڵدەسەنگاندو بیروڕایان لەگەڵ یەکدیدا دەگۆڕیەوە، ئەو بابەتانەش کە ئەوان باسیان لێوە دەکرد لە مەودای فیکری فەلسەفیو لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتیدا بوو. هەموو بایەخی ئەوان تایبەت بوو بە هۆشو پەیوەندی نێوان هەبوونو ماهیەتو لۆژیکی ئازادیو بابەتی دیکە.

سارتەر بیست ساڵ دوای مردنی میرلوبونتی ژیا، بەلاّم هاورِێیەتی زۆربەی قۆناغەکانی ژیانی ئەوی کردووە، بەلاّم لەگەڵ یەکدیدا رووبەڕووی ماوەیەکی سەختی ژیانی فەرەنسا بوونەتەوە.. رێکەوتن‌و لێك جوازیان لەگەڵ یەکتریدا کاریگەر بوو بە سەریانەوە میرلوبونتی هەر لەسەرەتای ژیانیەوە کەوتبووە ژێر کاریگەریەتی سارتەرەوە، لەو کاتەی کە لە ساڵی ١٩٣٦دا لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی بەرهەمێکی سارتەر بلاّوکردەوە کە ناوی (خەیاڵ) بوو هەروەها سارتەریش کەوتبووە ژێر کاریگەرییەتی میرلوبونتیەوە لەم بارەیەوە دەڵێت: میرلوبونتی ئەوی فێری بایەخی سەبر کردووە، کە هۆکارێك بوو بۆ بایەخدانی بە مێژوو، میرلوبونتی لە یەك رەهاییدا وەکو وێستگە وابوو، بۆ هەموومان هەوڵیدا کە (مۆنتنی) لە مرۆڤ بگات، ئەو تێکەڵیە لە تایبەت‌و گشتی کە هیچ شتێك وەکو ئەو نییە. لە جیاوازی نێوان میرلوبونتی‌و سارتەر دەربارەی مارکسیەت بووە هۆی ئەوەی کە یەکجاری لەیەك دابڕێن هەرچەندە پێکەوە دژی ئۆردوگاکانی کاری بێگاری شوورەوی وەستان، میرلوبونتی بە وتارێك گوزارشتی لەو دژ وەستان‌و گوناهبارکردنەی شورەوی کرد کە لە گۆڤاری (زەمانی نوێ)دا بلاّو کرایەوە، بەلاّم میرلوبونتی هەستی بەوە کرد کە ئەو گۆڤارە زیاد لە پێویست بەلای مارکسیەتدا شکاوەتەوە، سارتەر

پەیوەندی کرد لەگەڵ کۆمۆنیزمو (کۆمەنیستەکانو ئاشتی) نووسیو لایەنگیری خۆی راگەیاند بۆ کۆمۆنیست هەروەها سەردانی شورەوی کرد لە ساڵی ١٩٥١دا پاش ئەوە پێنج وتاری لە گۆڤاری (لیبراسیۆن) دا بلاّو کردەوە کە باس لە سەرسامی خۆی دەکات، سەبارەت بەو کەسانەی کە چاوی پێکەوتبوون، ئیدی میرلوبونتی هەستی بەوە کرد کە هاوکاری کردنی مەحاڵە بۆیە سارتەر دوور کەوتەوەو لە گۆڤاری (زەمانی نوێ) ئیستقالەیدا، لە ساڵی ١٩٥٤دا لە ئەنجامی کۆمەڵە جیاوازییەك لەگەڵ یەکتریدا,.

لە ساڵی ١٩٥٥دا لە کتێبی (سەرکێشیەکانی جەدەل) وتارێکی بەناونیشانی سارتەرو بەلشەفیەتی زێدەڕۆ بلاّوکردەوە، تیایدا بەلشەفیەتی تیژڕەوانەی سارتەری رەتکردەوە. ئەوەی لێ بە عەیب گرت کە حیزبی زۆر گەورە کردووە، وەك سەرچاوەی مانا، هەروەك چۆن هیگل سەبارەت بە دەوڵەتی برۆسی وایکردووە، کە وای دەزانی سەرچاوەی ئەقلانیەتە. ئەوەی کە غەریبە ئەوەیە سارتەر گەڕایەوە سەر هەڵوێستی پێشووی خۆیو مارکسیەتی رەخنەبار کرد.

(کلودلیگۆر) وای دەبینێ کە هەرچەندە پەیوەندی نێوانیان توندوتۆڵ بوو، بەلاّم ئەوەیان لەسەر بەدفامی فەلسەفی بنیاتنرابوو، میرلوبونتی کتێبی سەرکێشی (جەدەل)ی نووسی ئەوەیان بەدیار

کەوت پرسیارەکەش هێتاکە لە گۆڕی دایە، ئایا میرلوبونتیو سارتەر یەك بیروڕا بوون، کاتێك لەسەر یەك ئاقارو بیروباوەڕ بوونو پاشان لە قۆناغێکدا لەیەك جیابوونەوە. کە قۆناغی پەرەسەندنی بیروباوەڕی هەریەك لەوان بووو هەستیان کرد مەحاڵە لەیەك بگەن، یاخود ئەوان هەر لە سەرەتاوە لەیك جیابوونو میرلوبونتی درەنگ پێیزانی، لە ناوەڕاستی پەنجاکانداو بەر لە مردنی بە چەند ساڵێکی کەم. ئەوەی راستی بێ سارتەر هەموو ئەو تیشکانەی سەر میرلوبونتی بۆ خۆی دزی، چونکە بەرهەمە ئەدەبیەکانی هێجگار زۆر بوون، جگە لە بەرهەمە فەلسەفیەکانی کەلە خوێنەرو لێتۆژەرەکانی نزیك خستەوەو زیارتر بایەخی پێدرا.

فەلسەفەی میرلوبونتی فینومینۆلۆژیای وجودی لە ساڵانی ۱۹۳٦-۱۹۳۸ دەرکەوتنی یەکەم جاری فینۆمیۆلۆژیای بەخۆوە بینی، لە فیکری فەرەنسیداو پاشان لەکاتی ساڵەکانی جەنگی داگیرکاری ئەلمانیدا پەرەیسەندو لەگەڵ هاتنەکایەوەیشیا فەلسەفەی وجودی پەرەی سەند، ئەوە ماوەیە بە ماوەیەکی گرنگی مێژووی فیکر دادەنرێت. میرلوبونتی کەوتە ژێر کاریگەریەتی تەوژمەکانی چاخی خۆیەوەو سوودی لە رێبازە جۆراوجۆرەکانی بینی، بەلاّم سەرەرای ئەوەی

که لەسەر ئەوانی دیکەی دەنووسیو جەدەلی لەگەڵ دەکردن رەخنەی لێدەگرتن. بەڵام زاتیەتی خۆی بۆ یەك دەمیش بەجێنەهێشت.

هەمیشە بیری خۆی لە دەرەوەی چوارچێوەی بیری ئەوانەدا دەبینیەوە ...لەوانەیە لەو سەرویانەوەش بێ، یا لەژێریانەوە. یا لە پەراوێزیانەوە بێ یاخود وەك چۆن ناوی نابوو نابێ لە دەرەوەی چوارچێوەی فیکری ئەوانی دیکە، ئاخۆ چۆن ئەوەی توانی؟ ئێمە تێبینی ئەوە دەکەین، بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ گەلێ نووسەرو فەیلەسوفو رەسامو زاناو سیاسەتمەدارو ئەدیبەکان کردووە، زۆر جاران گفتوگۆی لەگەڵدا کردوونو یا شاهیدی بۆ دەدان یا لە دژیان بیروڕای دیکارتو لاتیوو ئالاّنو نشفیك سارتەری گردو کۆ کردووە. لە کتێبی یەکەمیدا پشتی بە هیگلو هۆسرەلو مارکس بەستووە، لە راستیدا ئەو ساغلەم بووە، لە گەڕان بە دوای حەقیقەتدا. بەلاّم لە راستیدا ئەو حەقیقەتەی رەتکردۆتەوە، کە کەسێك بەدوایدا بگەڕێو بانگەشەی ئەوە بکات کە بیرۆکەی نەمرن، ئەو لە هەموو پرۆژەیەکی مرۆڤایەتیدا بە دوای ئەو حەقیقەتەدا دەگەڕێو لەم بارەیەوە دەڵێ:

(پەیوەندیمان بە حەقیقەتەوە دەچێتەوە سەر خەڵك جا یا ئەوەتا وێرای ئەوان بەرەو حەقیقەت دەچین یاخود ناچین) میرلوبونتی

بایەخێکی زۆری بە کلتوری فیکر دەداو لە بۆشاییەوە دەست پێناکات لەم بارەیەوە دەڵێت:

(ئێمە ناچینە ناو پەرستگای فەلسەفەوە هەر لەبەر ئەوەی کە ئێمە بیروڕامان داوەتە بیرۆکەی جاویدانی لای خۆمان بیپارێزین. دەنگی حەقیقەت زۆر دەوام ناکات، تەنها لەو کاتەی فەیلەسوف پرسیاری ژیانی خۆی بکات، فەلسەفەکانی رابردوو بە تەنها لە ئەقڵی ئەواندا وەك چەند ساتێ لە نەسەقی دیماهیدا بەردەوام نابێ پەیوەندی فەلسەفە بە نازەمەنیەوە مانای ئەوە نییە بچێتە ناو مۆزەخانە، ئەو فەلسەفانە بەو حەقیقەتانەی کە تیایاندایەو بەو شێتایەتیەی کە تیایاندا بەردەوام دەبێ بەو پێیەی کە پڕۆژەی تەواون، هیگل خۆی کەویستی وجود بگرێتە خۆ ئەمڕۆکە دەژیتو وامان لێدەکات بیر بکەینەوە نەك بە تەنها لەبەر ئاستی قووڵ. بەڵکو شەتەحاتو خووو نەریتیشی هیچ فەلسەفەیەك نییە هەموو فەلسەفەکانی تیا بێت. بەلکو فەلسەفە بە تەواوەتی خۆی لەناو ساتێکی دیاریکراوی هەموو فەلسەفەیەکدایە. ئەلیرەوە ئەو گۆتەیە دەهێنمەوە کە دەڵێ: (سینترالی هەموو فەلسەفەیەك لە هەموو شوێنێکدا هەیە, بەلاّم چێوەکەی یاخود دەوروبەرەکەی لە هیچ شوێندا نییە.

میرلوبونتی فینۆمینۆلۆژیای هەڵبژارد ئەوەش کە یارمەتی ئەوەیدا بۆ تەئویل کردنی خویندنەوەکانی بوو بۆ هۆسرەلی‌و پێیەوە کاریگەر بوو، بەلاّم هۆسرەل لە دیدی ئەودا هەمان ئەو هۆسرەلە تەقلیدیەی دیدی سارتەر نییە. قۆناغەکانی دوای هۆسرەل بۆ ئەو مانای زیاتری هەبوو.

بەلاّم ناتوانی میرلوبونتی بەیەکێ لە سەرسام بووەکان بە هۆسرەل دابنێین‌و بەس کە رەخنەی لە هۆسرەل نەگرتبێ، بۆ نموونە لە کاتی هێرش کردنی بۆ سەر کۆژیتۆی دیکارتی رەخنە لە هۆسرەل دەگرێ سەبارەت بە رامانەکانی دیکارت، هەروەها رەتکردنەوەیە بۆ هەموو جۆرە ئایدیالێك رەتکردنەوەیە بۆ لایەنی ئایدیالی هۆسرەل.

هۆسرەل وای لە فینۆمینۆلۆژیای پالاّوتە دەبینی کەوا جیاوازە لە فەلسەفەی مینۆفینۆلۆژی کە خۆی لەسەر بونیاد دەنێ. بەلاّم میرلوبونتی لە کتێبی (فینۆمینۆلۆژیای‌دەرك کردنی هەستەکەیدا) ئەم پرسیارە دەکات، ئایا فینۆمینۆلژیا چییە؟ چونکە ئەو وای باوەڕ بوو کە سەرەڕای تێپەڕینی نیو سەدە بەسەر کارەکانی هۆسرەل. بەلاّم هێشتا مەسەلەکە نەبووە.

میرلوبونتی بایەخی بەوەدا کە دەبێ بەرنامەیەکی فینۆمینۆلۆژی وجودی بهێنێتە کایەوە لەسەر بناغەی دانانی ماهیەتەکانی لەنێو

وجوددا، (exitence) (esseces)و هەولێدا بەر دیدی زاتیو بەر دیدی بابەتی یەکبخات، ئەوەش لە ڕێگەی ئەوەی کە پێی دەڵێین (فینۆمینۆلۆژیای دوو جەمسەر)و هەروەها هەوڵی ئەوەیدا کە پرنسیپێکی فەلسەفی وجودی نوێ لە فینۆمینۆلۆژیادا دەربهێنێو بگەڕێتەوە بۆ واقیع بە دانیش دنیا بهێنێ.

هەر ئەوەندە بەس نییە بگەینە بونیادی دونیای ژیان بەڵکو هەر دەبێ ڕێچکەیەك بخەینە روو کە ڕێچکەی وجودی مرۆڤە لەناو دونیای ژیانی ئاقاری میرلوبونتی ئەبێرەوە بوو واتە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوانو ماهیەتو ڕووداوەکان. هەروەها میرلوبونتی بە هیگلەوە کارتێکراو بوو، سەبارەت بە هیگل میرلوبونتی دانی بە بەهای میتۆدی جەدەلی نا، هەروەها ئاماژەشی بۆ بایەخی فینۆمینۆلۆژیای رۆح کرد بەو پێیەی کە دانراوێکی بەرزەو لەدارِچینی بونگەراییدا (النزعة الوجودیة)و هەولێدا رەگەزی فەلسەفەی وجودی لە بەرهەمەکانیدا بدۆزێتەوە. بەڵام لە هەردوو بەرهەمەکانیدا، زناکەکانو — بینراو نەبینراو- دا وردە وردە لە هیگل دوورکەوتەوە بەڵام هەمیشە پێی وابوو کە جەدەل مەودای لێکۆڵینەوەیە هەروەها دەیگوت: (ماوەی سەدەیەك زەمەنەکە هیگل بناغەی هەموو شتێکە

لــه فەلســەفە) بــۆ نموونــەی بناغــەی مارکســیەتو نیتشــەو فینۆمینۆلۆژیاو وجودیەتی ئەلمانیو شیکردنەوەی دەروونی بووە.

بەلاّم سەبارەت بە هایدگر میرلوبونتی زۆر سەرسام بوو بە دارِچینی پرسیار ئاکێزی ئەو (النزعـة التسـاؤلية)ی هایدگـەر هەمیشـە ئـەو پرسیارانەی دەکرد کە کۆتاییـان نـەبوو هـەتا بیرکردنەوەشـی خسـتە بەرپرسیار. چونکە پرسیار لای هایدگر رێباز یاخود رارەوێـك بـوو بـۆ بیرکردنەوە، کە دەبێ هەریەك لە ئێمە بۆخـۆی روونـی بکاتـەوە بـەبێ هیچ مەبەستێکی دیاریکراو لە ئەقڵی خۆیدا.

پرســیار کــردنو بیرکردنــەوە دوو وەســییلە نـین بـۆ بـەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریگراو، بەڵکو هەریەك لەوانـە هەنجەتخوازیـەتی خـۆی تێدایە. هەروەها هەڵوێستی هایدگر لـەزەمانو زمانـدا جـێ پەنجـەی خۆی هەیە بەسەر بیری میرلوبونتیو فەلسەفەکەی.

کارامەیی سەبارەت بە میرلوبونتی چەمکێکی بنەرِەتی هەیـە بـەو مانایەی هیگلی.

فةلسةفةء زانستی مرؤظايةتی

لەبەر ئەوەی میرلوبونتی باوەری بەوە هەبوو کـە فەلسـەفە لەگـەڵ فەیلەسـوفدا دەژیـت لـە هـەموو ئـەو شـتانەی لیـی روودەدا، لـەو چاخەکەی ئەو روودەدا، بۆیە ئەو هـەموو پرسـیکی چـاخەکەی خـۆی وەرگرتبـوو کـە بـە فینۆمینۆلۆژیـاو وجودیەتـەوە بۆیـە کرابـوو.
میرلوبونتی باوەڕی بە زانست هەبوو زانستی سروشـتیو مرۆڤایـەتیو لە زۆربەی بیروڕاکانی خۆیدا پشتی بەو ئەنجامانە دەبەستا کە زانسـت دەیهێنایە کایەوە، بەڵام ئەو باوەڕەی بە زانست وای نـەکرد کـە بخرێتـە ژێر باری ئاقاری وەزعی (Positivism) بۆ نموونـە وایـدەبینی کـە فەلسەفە بەشداری دەکات لە پەرەسەندنی زانست بە تایبەت زانسـتی مرۆڤایەتی بۆیە دەبێ فەلسـەفە ریکـەوتی بـەردەوامی نیـوان واقیـع (بویەر)و ماهیەت بێ کە دەبیـە هۆی ئەوەی مانایەکی هێجگـار زۆر لە واتا رەهـا بکـاتو هـەموو پرسـە قوولاییـەکان وەلابنـێو ریگـە لەبەردەم حەقیقەتو شیکاری نوێ چۆل بکات.
میرلوبونتی لە (ماناو نامانادا) دەڵێت (کـە هـیچ دوژمنایەتیـەك لەنێوان مەعریفەی زانستیو مەعریفەی میتافیزیکیدا نییە، چـونکە ئەوەی دووەم زانستییەکەم دەخاتە بەر ئەو کارانەی کە دەبـێ بیکـات، زانست بێ فەلسەفە نەشارەزا دەبێ لەوەی کە قسەی لـەبارەوە دەکـات، فەلسەفەش بەبێ لێکۆڵینەوەی میتۆدی فینۆمینۆلۆژیـا بـێ ئاگایـە

هـيچ حەقیقـەتێکی وێنـە ئـامێز یـا شـەکلی، لێکۆڵینـەوە لـە میتافیزیکیا مانای ئەوە نییە بچینە ناو دونیایەك دابڕاو لە مەعریفە بەڵکو مانای ئەوەیە بە کارامەییەکدا بچین تـەژی لـە دژ بـە یـەکی، هەروەها ئەو مانایە دەبەخشێ کە هەمیشە بگەڕێینەوە سـەر نمایشـی زانستی مرۆڤایەتی ئەوەش هەوڵدانە بۆ بیرکردنـەوە تـا ئەوپـەڕی لـە هەمان ئەو دیاردانەی کە زانست لێی دەکۆڵێتەوە ئەوەشیان لە ڕێگەی ئەوەی کە دیاردەکان بەرزی خۆیانو جیاوازی ڕەسـەنی خۆیـان دووبـارە کەنەوە، هەر لێرەشەوەیە کە زانست بایەخ بە فەلسەفە دەدات.

## فەلسەفەی سیاسەت

میرلوبونتی ڕووبەڕووی سیاسەت بۆوە بە حوکمی ئـەو چـاخەی کـە تیایدا ژیا، کە تەژی ڕووداوی گەورە گەورە بوو، بـە تایبـەت جـەنگی دووەمـی جیهـان، (١٩٣٩-١٩٤٥)و وێـڕای ئـەو بـزاوتو تونـدو تیژییەکانی، پاشان ئەوەی کە لە دونیای ڕۆژئاواو ڕۆژهـەڵاتی بـەدواوە داهات، هەر لەم بارەوە دوو بەرهەمی بە چاپ گەیاند، کە بایـەخێکی زۆریان هەبوو، (مرۆڤایەتیو تیرۆر ١٩٤٧)و (سەرکێشیەکانی جـەدەل ١٩٥٥) بە جیاوازی لەگەڵ زۆر لە وتارەکانی کە هەندێکی لە کتێبی

(ماناو نامانــا) ١٩٤٨دا بــلاْو كردۆتــەوە، هــەروەها لــە (زناكــەكان ١٩٦٠).

میرلوبونتی لە سەرەتادا بەرەو نموونەی ماركسـی چـوو پاشـان لـە گرفتی كۆمۆنیستیدا رووبەڕووی بۆوە، (مرۆڤایەتیو تـیرۆری) نووسـی ئەو سالانە زۆری رزگار بوونی سیاسی بەخۆوە بینـیو گـەلیٚ كودەتـای كۆمەلایەتی تیٚدا هات كە شیٚوەی شۆڕشـی گرتبـوە خـۆی، هـەروەها پیٚڕەویٚك بەرەو سوسیالیزم سەبارەت بە هەنـدیٚك خـەلٚك، هەنـدیٚكیش بەرەو گەڕاندنـەوەی داڕشـتنی هیٚـزە كۆنینـەكان بوونـەوە بـە تـاوانی بونیاتنانی فەلسەفی سەرمایەداری، ئەوەیان لە میرلوبونتی بە عـەیب گرت، كـە گوایـە ویسـتویەتی هەنجـەت بـۆ دادگایـەكانی مۆسـكۆ بیٚنیٚتەوە كە بەراوردی نیٚوان ئەمەو دادگاییەكانی شۆڕشـی فەرەنسـای كردبوو، میرلوبونتی پیٚی وابوو كە هـەرگیز بەیـەك ئاقـاری میٚـژوودا ناچیٚ بەرەو كەمال دەچیٚ هەر لیٚرەوەش بوو كە بە پرۆلیٚتاریاوە سەرسام بوو، رەخنـی لـە لیٚبرالیـەت گـرت، هیٚرشـیٚكی تونـدی كـردە سـەر دیموكراتیەتی رۆژئاوایی كە لەسەرەوەڕا شـتیكەو لـە نـاوەوە شـتیٚكی دیكە.

لەبەر ئەوەی میرلوبـونتی خـودانی هەلٚویٚسـت بـوو، رەتـی ئـەوەی دەكردەوە كە بیٚدەنگ بیٚ لە وەزعیٚ كە هەلٚەیـە، دوای ئـەوەی كـە بـە

ئوردوگاکانی کاری بێگاری شورەوی زانی، رەخنەی لە شـورەوی گـرت، بەبێ ئەوەی لە ئـازاری بـوونی ئـەوان بترسـێ کـە پێشـتر لایـەنگیری مەسەلەی ئەوان بووە، میرلوبونتی بایەخێکی زۆری بە دونیای دووەمدا داوە، بە تایبەت لە کتێبی (زناکەکان) کە لەوێدا دانی پیادەنـێ کـە کۆمۆنیستی وەکو سـەرمایەداری دەسـت نـادات‌و گـوزارە کـردن لـە تەگەرەکانی تێپەڕ کردنی دونیای کۆن، ئەو دەیگوت پەیوەندی جەدەلی هەیە لە میـانی شـڵەژان‌و کامـل بـوون، کـە رابـردوو بـە ئێسـتاوە گرێدەدات، هەروەها زاتی بە بابەتی فیکرو کـارتێکردنی بـە یەکـەوە گرێدەدات، هەروەها دەیگوت هەموو زات بابـەتێك‌و هـۆش‌و مێـژووو ئێستاو داهـاتوو هـیچ مانایـەکی زینـدووی نییـە، کـە ئەگـەر ئـەو پەیوەندییە لەنێو کارپێکردنی سیاسیدا بەردەوام نەبێ.

## میرلوبونتی‌و مارکسیەت

هەڵوێستی میرلوبونتی سەبارەت بە مارکسیەت بـە سـێ قۆنـاغی یەك لە دوای یەکدا تێپەڕی، کە لە یەکتری جیابوون.

لە قۆنـاغی یەکـەم: شـێوەیەکی قبـوڵکردنی وەرگرتبـوو تـا ئـەو رادەیـەی کـە میرلوبـونتی پاسـاوی بـۆ زۆر لـە کارەکـانی شـورەوی

دەدۆزیەوەو تەبریری دەکرد، بەلاّم لە قۆناغی دووەمدا بوو بە رەت کردنەوەو رەخنە گرتن تا ئەو رادەیەی کە هەندێ هەڵوێستی شورەوی تاوانبار کرد، لە کۆتاییشدا بایەخدانی میرلوبونتی بەو ولاّتانەی کە تازە سەریان هەڵدەداو گەشەیان دەکرد زاڵ بوو بەسەر بایەخی مارکسیەت. ئەوەش وایکرد کە زۆر پرسیار لە کتێبەکانی دواییدا بخاتە ئاراوە، هەروەها ئاقاری رەخنەی سیاسیو فەلسەفی لە هەندێ لە کتێبەکاندا گرتبەر. هەروەها لەیەکگەیشتنی لەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا رەتکردەوە.

لە سەرەتادا میرلوبونتی بەرەو مارکسیەت چوو، ویستی هەموو رەهەندێکی کۆمەلاّیەتیو سیاسیو ئابووریو مێژوویی کارامەیی پڕ بکاتەوە، هەروەها دیدێك بەدەست بهێنێ سەبارەت بە کۆمەڵگەی هاوچەرو ژیانی هاوچەرخانە، ئەو مارکسیەتەی کە ئەو تێیدەگەیشتو وەریدەگرت شتێ نەبوو جگە لە زانستی کۆمەلاّیەتیو دیاردەگەرایی (سۆسیۆلۆژی فینۆمینۆلۆژی) کە ئامانجی وەسف کردنو راڤە کردنی هۆکاری کۆمەلاّیەتی بوو. لە جیاتی ئەوەی کە کەشفی رەگو ریشە هەڵچوونەکانی بکات لە مەبەستو هوشیاریدا، دەتوانین بڵێین کە میرلوبونتی وەك دیاردەگەرا وا تەماشای مارکسیەتی دەکرد کە جۆرێك

له مەعریفەی توندو تۆڵی لەسەر دامەزرێنی، مودای ئەوەی بدا لە جیهانی هاوچەرخ بگات.

میرلوبونتی لە کتێبی (مرۆڤایەتیو تیرۆر)دا دەڵێت: (نابێ باس لە مارکسیەت بکەین وەکو چۆن هەیە، یاخود لەسەر زەمینەی پرنسیپو ئەخلاق، بەڵکو لەسەر زەوینەی پەیوەندی مرۆڤایەتیدا، ئەوەش ئەو ناگەیەنێ کە بگەڕێینەوە بۆ لیبرالیەت بۆ ئیحراج کردنی مارکسیەت بەڵکو ئەو مانایە دەبەخشێ کە شیکاری ئەو گرفتانە بکەین کە مارکسیەت دەست نیشانی کردبوو، هەروەها مانای دامەزراندنی پەیوەندییە لەمیانی مرۆڤایەتیدا.

میرلوبونتی کتێبی (کیسلر)ی خوێندەوە کە بە ناوی (زوڵمەت لە نیوەڕۆ)دا بوو دوای وەرگێڕانی لەژێر ناوی (سفرو بێ کۆتایی) ١٩٤٥، کیسلەر لە رێگەی رۆمانەوە هەوڵیداوە کە ئەو حاڵەتە پیشکەش بکات کە تیایا شۆڕشگێڕێ دەبێتە ئۆپۆزسیۆنو بە خیانەت تاوانبار کراوە، پاڵەوانی رۆمانەکە (رۆباشوفا) کە کیسلەر لە جیاتی (بوخارین)ی داناوە، باس لە ژیانی زۆر لەو پیاوانە دەکات کە بوونە قۆچی قوربانی دادگاییەکانی مۆسکۆ، میرلوبونتی هەموو ئەو رەگەزانەی لەو دەقە دیت کە رێی پێدەدات بیر لە پەیوەندی نێوان مرۆڤو مێژوودا بکاتەوە.

## میرلوبونتی و رەخنەی بۆ لیبرالیەت

میرلوبونتی وەك چۆن هەڵوێستی هەبوو لە مارکسیەت، هەر ئاواش هەڵوێستی هەبوو سەبارەت بە لیبرالیەت، بەڵام رەخنەکانی بۆ لیبرالیەت توندو تیژتر بوون، ئەوەشیان لە کتێبی (مرۆڤایەتیو تیرۆر)و (سەرکێشیەکانی جەدەل)و (زناکەکان) بە ئاشکرا دیارە، میرلوبونتی پێی وابوو هەم مارکسیەتو هەم لیبرالیەت کەوتوونەتە هەمان هەڵەی ئەقلانی، ئەو هەڵەیەش ئەوە بوو کە بایەخیان بە لێکۆڵینەوەی دیاردەگەرایی هاوچەرخ نەدا، کە ئەوە سەبارەت بە میرلوبونتی مێژوو بوو، میرلوبونتی پێی وابوو دەبێ لە لیبرالیەت بکۆڵدرێتەوە، تا تێبگەین، واتە لە کۆمەڵگای هاوچەرخ بگەین، نەك لەبەر ئەوەی کە ئایدۆلۆژیای زاڵە، بەلکو لەبەر ئەوەی سەنگی هەیە، لیبرالیەت لە فەرەنسا فەشەلی هێنا، لەوەی کە رۆشنبیرەکانی فەرەنسا دژی نازیەت تەیار بکات. میرلوبونتی ئەوەی لە وتاری (بەرپابوونی جەنگ)دا باس کردووە. بەرای میرلوبونتی (مەکیاڤیلی) حەقیقەتی ناسیووە، چونکە پێی وابوو راستگۆیی دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی تایبەتی.

بەرژەوەنـدی لـە دەسـەلاًت بنـەمای تـەنهای دەسـەلاًتە، هـەروەها میرلوبونتی پێی وابوو کە نەرمونیانی لە بزاوتـی مێـژوویی دەبێتـە هۆی کارەسات. بەلاًم توندوتیژی وانییە. چونکە باشیو نـەرمو نیـانی دەبێتە هۆی توندو تیژی دەبێتە هۆی بەها.

پێی وابوو ئەو تەگەرانەی کە لیبرالیەت تێی کەوتووە بریتین لە:

یەکەم: پێی وابوو سیاسەت تۆڕێکە لە بەها. دووەم: لیبرالیەت پێی وایە پرەنسیپەکانی هەموو راستییە گشتیو گشتگیرییەکانی تێدایە.

سـەرنج: ئـەم نووسـینە کـورتکراوەی بابـەتێکی ژمـارە (٦٣)ی گۆڤاری (المنار)ی ساڵی ١٩٩٠، لە کـاتی ئامـادەکردنو وەرگێڕانیـدا تەنها کرۆکی باسەکانم خستۆتەڕوو.

## ئۆسکار وایلد
## بەرجەستەکردنی تەنگەنەی تەوژمی هونەر بۆ هونەر

بۆمان هەیە بپرسین ئاخۆ هونەرێك پیلە لەگەڵ بونیاتێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بکاتو رەخنەی لێبگرێ، چۆن دەبێ ببێتە پاڵپشتی هەمان ئەو بونیاتە؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە دەبێ رووپێویکی خێرای بزاڤی- هونەر بۆهونەر- بخرێتە روو، کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لە فەرەنسا سەری هەڵداو رۆحی فەرەنسای پێوە دیاربوو، بەرەو دیماهی سەدە دەناسرایەوە، بووە هۆی دەرکەوتنی بزاوتی لەبەریەك هەڵوەشانەوە- decadence (گوتیە) لەگرنگترین پێشەنگانی ئەو بزاوتەبوو هێرشێکی توندی کردە سەر ئەوانەی کە لایەنگیری دارچینی سوودگەرایی (فەرگەرایی-یان دەکرد واتە-النزعة النفعية- لەهونەردا، نووسیبووی‌و دەڵێت :

(نا ئەی گەلحۆکان...نا ئەی خاوەنەکانی رژێنی دەرەقی هەڵساو، ئێمە ناتوانین کتێب بکەین بە شەربەی جیلاتین‌و رۆمانیش بکەین بە پێڵاوی پارچە پارچە.

سوێندم بە هەموو پۆخڵەوات‌و پاپاکانی ئایندەو رابردووو ئێستا، نا هەزار جار نا من یەکێکم لەوانەی، کە بەو شێوەیە سەیری ئەدەب دەکەن، کە گەوهەر بن، خۆشەویستیم بۆ شتەکان‌و خەڵك پێچەوانەیە دەگەڵ ئەو شتانەی کە پێشکەشی دەکەن هەر (نیوفیل گوتیە) لە وتارێکی دیکەدا، بەبۆنەی ژیاندنەوەی شانۆگەری-تشاترتۆن-ی ئەلفرید دی فینسیدا دەڵێت: لەبەردەم تەختەی شانۆیی کە تشاتر توفی لیێ نمایش دەکرا گەنجەکان خۆیان‌و پرچی درێژیان دادەنیشن، هیچ پیشەیەك بەبار ناکەن جگە لە نووسینی شیعرو وێنەکردنی خەیاڵ، بەدیدێکی قێزەوەن بارکردنەوە سەیری بورژوازیەت دەکەن گوتیە دەڵێت: مەبەست لە بورژوازی خاوەن بانك‌و بازرگان‌و بەقاڵەکانن، بەوشەیەك ئەوانە کە سەر بەبازنەی رۆمانسی نین‌و پیشەی خۆیان هەیە ئینجا بزاوتی هونەر بۆ هونەر سەربەخۆیی هونەر بەر جەستە دەکات واتە سەربەخۆیی هونەر لە کۆمەڵگە یا دوورخستنەوەی هەر بەهایەکی کۆمەڵایەتی بۆ هونەر تەنها تەئکیدکردنی باری ئێستاو پارێزگاریکردنیەتی خودانی ئەو بزاوتە بەوە هاتە دیماهی کە رەتکردنەوەی شێوازی ژیانی بۆرژوازی نموونەی باڵایە، هونەرمەندەکان ئیدی گوزارەیان لەو رەتکردنەوەیە دەکرد، هەروەها گوزارەیان لە رووکاری دەرەکی بۆیان دەکرد، وەك جلوبەرگی

رازاوەو پرچی درێژو رەفتارو ئاکاری ناوازە، وەك وەسیلەیەك بۆ گوزارەکردن لە تایبەتمەندێتی خۆیانو جیابوونەوەیان لە شێوازی ژیانی بورژوازی رەتکراوە.

هەرچییەك بێ، سەربەخۆیی هونەر لەلای ئەوانەی کە داکۆکیان لێدەکرد، ئەوانەی کە خودانی دارِچینی ئیستاتیکی بوون-النزعە الجمالیە- زەوت کردنێکی هۆشمەندانە بوو بۆ هونەر کەرەتی بویەر — واقع - بکات. هەتا ئەوکاتەی کە هونەر پەیوەندیەکی توندوتۆڵی هەمیشەیی هەبێ بەوپەڕی کۆمەڵایەتی، هەمان ئەو پەیوەندییەش ستوونیە نەك ئاسۆیی، بەمانای ئەوەی کە هونەر گرتەندەی دیدگاییێکی ئایندەخوازە بۆ گوزارە کردن لە گۆڕانێ کە تێپەڕی بویەر بکات، واتە لە رێگەی پشتبەستان بە هونەرەکەی لە رەگوڕیشەوە بیگۆڕێ.

سیستەمی کۆمەڵایەتی لە ئەوروپا لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا بە گشتیو چاخی فیکتۆری بەتایبەتی کە(ئۆسکار)ی تیادا ژیا، هێزو برِستی بەهرەچنی سەرمایەداریو بەرفرەبوونی کۆلۆنیالی تیادا زاڵبوو، بەڵام لەلایەکی دیکەدا شۆڕشی پیشەسازی بوو بەهۆیەك بۆ سەرهەڵدانی سەرمایەداریو چەوساندنەوەی چینەکانی کۆمەڵو هاتنەکایەوەی چینێکی کرێکاری بەهێز، کە نەفی ئەو پەیوەندیە

چەوساندنەوە ئاماژە بکرێ، تەنها بە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی لەرەگو ریشەوە دامەزراندنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی نوێ خاڵی لە هەر جۆرێك لە جۆرەکانی چەوساندنەوە دەبێ،تیورەکانیپەرەسەندن لەهەموو بوارێکی مەعریفی مرۆیدا کە لە سەدەی نۆزدەهەما بڵاوبوونەوە، وەك داروینییەتو مارکسییەت بەشداریان کرد لە پەرەپێدانی هۆشی چینی کرێکار بۆ رزگاربوون لە چەوساندنەوە، ئەو پەرەپێدانەش هەڕەشەیەکی مەترسیداربوو بۆ سەر چینەکانی بۆرژوازی فەرمانڕەوا، کە هەوڵیاندا لە دژی چینی کرێکار هۆکاری کوشتکاری بەکاربهێنن، بۆیە بەرگریان کردو پەنایان وەبەر ئەدەب برد وەك شێوەیەك لە شێوەکانی هۆشی کۆمەڵایەتی، بۆ دروستکردنی هۆشێکی قولابی-مزیف-لە پانتایی بەوپەری کۆمەڵایەتیدا، ئێمە هەر لەم چوارچێوەیەدا باسی ژیانی ئۆسکار وایلد دەکەین کە دیارترین نمایندەی دارچینی ئێستەتیەکیە لە ئینگلتەرەدا.

## سەرەتاو دەست پێکردن

ئۆسکار وایلد لە١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٥٤ لەدلکاری دبلن لەدایك بووە، دایکی ئۆسکار شیعری دەنووسیو لەمەدا کەوتبووە ژێر کاریگەرێتی شاعیری ئیرلەندی-تۆماس دیفیس-هەموو رۆژانی

شەمووانیش سالۆنێکی ئـەدەبی دەکـردەوە گـەورە ناسـراوانی ئـەدەب ئامادەی دەبوون.

لە ساڵی ١٨٦٨دا چۆتە قوتابخانەی-براتورا-ی مەلەکی لەشـاری-ئیشکلن-دا، کـە ئـەو کاتـە عـومری ١٣ســاڵان بـووە، (ساموائیل بیکیت)ی ئیرلەندیش هەر لەو قوتابخانەیەدا دەرچووە، دایکی ئۆسـکار زۆری حەزدەکرد کە کچی بوایـە، بـەڵام ئـەوی بـوو،، بۆیـە هەمیشـە مامەڵەی کچانی لەگەڵدا دەکردو جلی کچانەی لەبـەر دەکـرد، هـەر بۆیەش دەڵێن هۆی ناوازەی سێکسی ئۆسکار دەگەڕێتـەوە بـۆ هـەمان ئەو پەروەردەیە، ئۆسکار هەمیشە جلـی زەقـی وەك سـوورێکی تـۆخ‌و وەنەوشەیی گوڵباوی لەبەر دەکرد، هەستی نەتەوەگـەرایی لەدایکیـەوە وەرگرتبـوو، بەشـیعریش گـوزارەی لێدەکرد،هـەروەها هـەمان رۆحـی سـوخریەتی لەبەرامبـەر بـەها کۆمەڵایەتیەکانـەوە لەدایکیـەوە بـۆ بـەجێمابوو، ئۆسـکار وایلـد بـەر لـەوەی بچـێتە قوتابخانـە زمـانی فەرەنسی‌و ئەڵمانی دەزانی، هەمیشـە دەیگـوت مـن دەتـوانم رۆمـانێ لەسێ جڵدیدا بە نیو سەعات بخوێنمەوە، هەمووشی بگێڕمەوە.

لە ساڵانی ١٨٦٩-١٨٧١دا هەندێك کاری-ئـەفلاتون‌و ڤیرژیـل-ی وەرگێڕا لەهەمان کاتدا شـانۆگەریی-ئەگامـەمنون-ی ئەسخیلوسـی وەرگێڕا بۆ زمانی فەرەنسی.

## سەرەتای چوونی بەرەو پێڕەوی ئێستەتیکی

لەساڵی ١٨٧١دا ئۆسکار براتوری تەواو کردو دەستی کرد بە خوێندنی کلاسیکیات لەسەر دەستی (ج. ب. ماهاڤی) کە ئۆسکار پێی دەگوت: مامۆستای یەکەمی من، چونکە ڕێی پێ نیشاندام کە هەموو شتێکی گریکیم خۆش بوێ.

لە-ترینیتی-دا دەستی کرد بە هەڕمێن دان بە پێڕەوی ئیستەتیکی aesthehkicism خۆیو براکەی لێکۆڵینەوەیەکیان سەبارەت بە ئیستاتیکا بلاوکردەوە، هەر لەو کاتەی کە تەمەنی ١٨ ساڵان بوو کەوتبووە ژێر کلریگەرێتی ڕۆمانسییێکی ئەلمانی کە ناوی-الاغواء الاول- بوو (م. شواب) نووسیبوویو دایکی ئۆسکار وەریگێڕابوو، باس لە چیرۆکی زانایەك لە زاناکانی زانستی جوانی دەکات، زانیتی جوانی گۆڕیبوو بۆ ئاینی جوانیو پێڕەوی دەکردو لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی تراژیدی دەمرێ.

ئۆسکار کارەکانی بۆدلێرو والت وایتمانی خوێندەوە، لەگەڵ وایتماندا ئەو کاتە یەکدیان ناسی کە وایتمان لێکۆڵینەوەیەکی لەیەکێ لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی فەلسەفە لە ساڵی ١٨٧١ پێشکەش کرد.

له ١٨٧٧دا کاتێ چووە لەندەن تا ئامادەی ئاهـەنگێکی مۆسـیقی بێ کە (ریتشارد ڤاگنر) ڕێبەرایەتی ئۆرکستێرای دەکرد لـە ئـۆپێرای _ هۆڵەندییێکی فڕندە- کە ئەمیری ویڵزو گلاوستونو هنـری جـیمس ئامادەی بووبوون، ئۆسکار لەوێدا سەرنجی هەمووانی بەوە راکێشا کـە پاڵتۆیەکی لەبەر دابوو وەك ئامێری-شیللو- وابـوو، لـەو ئاهەنگـەدا ئۆسکار وەك پارچە ئامێرێ دیاربوو.

ئۆسکار وایلد کەوتبووە ژێر کاریگەرێتی- سایموندس- سەبارەت بە لێکۆڵینـەوەکانی دەربـارەی شـاعیرە یۆنانیـەکان، دەیگـووت شـاعیرە یۆنانیــەکان دامەزرێنــەری پێــڕەوی ئێســتەتیکی بووینــە نــەك- باومگارتن- کە لە١٨٧٣دا یەکەمجار ئەو تیرمەی دارشت. لـە سـاڵی ١٨٧٠دا کەوتــە ژێــر کاریگــەرێتی دەســتووری ســەر هەڵگــەڕانی- نیومان- چونکە سروشتی کاتۆلیکی تێدابوو.

گرفتی یەکەمی ئۆسکار لە-ئۆکسـفۆرد-دەسـتی پێکـرد، چـونکە شێوەزارە ئیرلەندیەکەی بـووە هـۆی تیزپێکردنـی هاوەڵـەکانی، بۆیـە دەبوایە زوو خۆی لێ دەرباز بکات، لەوەدا سەرکەوتنی وەدەست هێناو، لە هەموو هاوەڵەکانی باشتر بـوو لـە لەکنـەی ئینگلیزیـدا، بـەجۆرە رزگاری بوو لە تیز پێکردن، لەو کەسانەی کە لـە ئۆکسـفۆرد کەوتـە ژێر کاریگەریانەوە (هوبودلی) کە کابرایەکی ماسۆنی بوو، ئۆسکاردی

بردە ریزی خۆیانەوەو ئیدی جلی ماسۆنیەتی لەبەر دەکرد، لەگۆرەوی‌و حەریرو پاڵتۆی درێژو بۆینباخی رێك کە ئەو کاتە تەمەنیشی لە (٢١)ساڵ کەمتر بوو، هەر لەو رۆژەی چووە شانە ماسۆنیەکان خیتابی بۆ خەڵك دەداو تێیدا گووتبووی:

وام بیستووە کە (یوحنا معمدان) دامەزرێنەری ئەو پیڕەوەیە (پێکەنینی پڕ هەراو زەنا، تکام وایە نمایشی ژیانی بکەین نەك مردنەکەی، دەبێ سەری خۆمان بپارێزین، ئۆسکار مومارەسەی سروتی نیمچە ئاینی ماسۆنی کرد، بەهەمان ئەو نهێنییەی کە پێویستی پێ بوو، هەر زوو تا شانەی ژمارە (٣) پێشکەوت، ئینجا بوو بە مامۆستایەکی ماسۆنی لە ١٨٧٥دا.

لەهەمان کاتدا ئۆسکار کلاسیکیاتی فەرامۆش نەدەکرد. فەلسەفەو مێژووو ئەدەبی دەخوێندەوە، کارەکانی هەربرت سبنسرو ولیام کنجدمی خوێندەوە. هەروەها شارەزایەکی زۆری هەبوو، دەربارەی ئەفلاتون‌و ئەرستۆ، هەروەها کانت‌و هیگل‌و لوك‌و هیوم‌و بیرکلی.

ئۆسکار وایلد دەفتەرێکی هەبوو هەمیشە تێبینییەکانی خۆی تێدا تۆمار دەکرد، کە زۆربەیان بریتی بوو لە بابەتی رۆشنبیری‌و پێشکەوتن‌و بوردەگی‌و میتافیزیکیاو شیعر، کاتێك کە دەربارەی ئیستەتیك شتێکی دەنووسی وەك باوەڕدارێك بوو کە بۆ خوا بنووسێ،

داکۆکی لەبییتس و سوینبرن و ئاکارە شازەکانی ئەوان دەکرد، ئەو پێی وابوو خەنافسی و ڕەوشتی شاز پێداویستی زەروورین بۆ شیعری ڕەسەن، لە بارەی پێشکەوتنەوە ئۆسکار دەڵێت:"پێشکەوتن لە فیکر واتە سەلماندنی فەردانیەتی دەسەڵات و غەریزەی مانەوەی خودە لە مرۆڤایەتیدا، هەروەها ئارەزووە بۆ سەلماندنی ماهیەتی خود، تا ئەو شوێنەی کە دەڵێت: مرۆڤایەتی هەمیشە لەڕێی ئەوەدایە کە بەرەو پاگژبوونەوە و لەززەتی سێکسی و ڕەگەزخوازی بچێ و کودەتا لەسەر خۆی بکات، بەڵام بە ڕۆیشتنی کاتەکان ئارەزوویێکی فرە پەیدابووە بۆ ئازادی زیاترو مانەوەی خود" هەر بۆیەش چەند پاساوێکی دارویینی سبنسری هەیە بۆجەربەزەیی و سەرکێشی بە پێی بۆچوونی ئۆسکار وایلد.

دەربارەی فەیلەسوفەکان ئۆسکار وایلد دەڵێت: کانت و سوکرات فەلسەفەیان گەڕاندەوە بۆ مرۆڤ، ئەرستۆ خۆی ئامادەکرد تا غەزووی دونیا بکات، بیرکیلی و هیوم نەفی (نائیگۆ-اللا انا)یان کرد، بەڵام هیوم کە یاسای بەرزی ڕاگەیاند بریتی بوو لە پەیوەست لە نێوان بیرۆکەی خود و ئەندێشەی مرۆڤ، کە بەشەریەت لە ڕێدایە بەرەو فەنا دەچێ، سروشت ئەو کەسانە دەکوژێ کەباوەڕیان بە گونجاوئامێزی سروشت یاسای بەرز نییە. لە پرسیارێکدا سەبارەت بە ئایندەی خۆی

دەڵێت:" نابم بە ئوستادی دانشگا، هەر چەندە دایکم زۆر پیلە لەسەر ئەو دەکات، بەڵکو دەبم بە شاعیرو نووسەرو شانۆکار، شەهید دەبم ئەگەر ناوداری وەدەست نەهێنمو ناوبانگم خراپ دەبێ.

## لەمیانی راسکین و باتردا

هەر لە ئۆکسفۆردا ئۆسکار وایلد هەمیشە دەگەڵ راسکینو والتر بیتر بوو، کە هەردووکیان لەو کەسانە بوون کە رەواجیان بە ئیستەتیکا دەدا، راسکین ئەو کاتە ئوستادی هونەرو ئەدەبیات بوو، بەڵام والتر بیتر لە کۆلێژی (بریزتور)دا مامۆستا بوو هەوڵی دەدا ببێتە خەلیفەی راسکین.

راسکین دەیگوت:" هونەرمەند دەبێ پابەندی راستگۆیی بێ سەبارەت بە سروشتو دەبی ئیستەتیك لەگەڵ خێردا یەکگرێ.بەڵام باتر دەیگوت جوانیدەبێ شەڕی تێدابێ، بەڵام ئۆسکار وایلد هەوڵی دەدا پارسەنگێك لەمیانی رۆحو جەستەیدا بەدی بکات، هەمیشە ئامادەی لێکۆڵینەوەکانی راسکین دەبوو کە دەربارەی هونەری فلۆرەنسی بوو لە ١٨٧٤.

هەر لەبەر ئەوەی کە ئۆسکار کەوتبووە ژێر کاریگـەرێتی راسـکین، بۆیـە بـەرەو کاتۆلیـك وەرچـەرخا، هەرچـەندە راسـکین لـە دێـری کاتۆلیکیەتی رۆمانیش بوو، بەڵام نـەبووە کاتۆلیـك. کەچـی هەنـدێ کەس هەبوون لەگەڵ ئـەودا، وەك هـۆبکنزو ئیـدوارد مـاننجو هنـری نیومانی شـاعیر بـوو بـە کاتولیـك، بـەڵام ئـەوەی کـەزۆر بەتونـدی ئۆسکاری بەرەو کاتۆلیك برد ئـەوە بـوو.نـزیکترین هـاوڕێی ئـەو کـە (هنزبلیر)بوو بە کاتۆلیك لە ساڵی ١٨٧٥ ئۆسکار وایلد گوزارەی لـە سەرسامی خۆی سەبارەت بەکاتۆلیك لە رۆمانی-وێنەی دوریان گرای-بەرجەسـتە کـردووە، بـەڵام لـە سـاڵی ١٨٧٥دا ئۆسـکار لـەمیانی کاتۆلیكو پرۆتستانتدا دەهاتو دەچوو، بۆیە وەك چۆن (رونالـدجارو) دەڵێت: ژوورەکەی هەموو پڕبوو لە وێنـەی پاپـاو کاردینـال مـارننجو پەیکەری مەریەم.

وایلد لە کتێبی (رەخنەگر وەك هونەرمەند) لـەبارەی-نیومـان-ەوە دەڵێت ئەو شێوازە بیرکردنەوەیەی کە لەوە دەکۆڵێتەوە شیکاری گرفتـە ئەقڵیەکان بکات بەباوەڕ نەکردن بە باڵابوونی ئـەقڵ بـەردەوام نابێـت جیهـانیش وەرس نابێـت لەچـاودێری کردنـی رۆحـی ئـازار دراو لـە پێشڤەچوونی لەتاریکیەوە بەرەو تاریکی.

پاشان ئۆسکار خەریکی ئەدەبی کلاسیکیات بوو وکاتۆلیکیەتی لەبیرکردو چووە ریزی ماسۆنیەت (لە ساڵی١٨٧٦) وەکو ئەندامی لقی خاچی سووری ئەبوللو هەڵبژێردرا، کە ئەو لقە وەك‌و کڵێسای بالآبوو دەیەویست دووبارە هەیکەلی سولەیمان بونیات بنێتەوە، بەلآم ئۆسکار پاشان زانی کە لقی خاچی سوور بایەخ بە مەرگی مەسیح دەداو هەروەها بە زیندووبوونەوەی قوداسی بۆ ئەنجام دەدا، بۆیە دەوری روفائیلی لەو قوداسەدا بینی، کاتێ ویستی بچێ بۆ رۆما (هافی) هانی دا بچێ بۆ یونان نەوەکا بەیەکجاری ببێت بە کاتۆلیك. بۆیە هافی دەڵێت: ئۆسکارمان لەپاپایەتیەوە دەرکێشا بۆ وەسەنیەت.

## پێڕەوی ئێستەتیکی

ئۆسکار ئاگای لەوە هەبوو کەمێژووی پێڕەوی ئێستەتیکی رەگوریشەی پێشینەی هەیەو زووترە لە تەقاندنەوەی ئەم تێرمە لەلایەن فەیلەسوفی ئەلمانی (باومجارتن) لە (١٧٥٠)دا.

لەگوتارێکدا لە (٤)ی سیبتامبەری (١٨٨٠)دا ئۆسکار گوتویەتی:

ئەفلاتون لە-المادبە-دا (ئەجاپون)ی والێکـردووە کـەرۆلی شـاعیری ئێستەتیکی ببینێ لە چاخی (بیرکلیز)دا هـەروەها ئامـاژەی بـۆ ئـەو شانۆگەریە ونەی ئـەجاپون کـردووە کـە بـە نـاوی —الزهـرە-یـە کـە سـەبارەت بـە ئۆسـکار بریتییـە لـە-جـوانی- هـەروەها ئەرسـتۆڤان بەرەنگی زۆر رازاوە وێنەی-ئەجاپون-ی کردووە،لە هەمان ئـەو وتـارەدا ئاماژەی بۆ دارچینی ئێستەتیکی کردووە.

لە سەدەی نۆزدەهەمدا (کانت) پاساوێکی فەلسەفەی بۆ ئەم پێرەوە هێناوەتەوە کاتێ کە باسی هونەر بۆ هونەر دەکاتو بـەو پێیـەی کـە سروشتیدووەم دەخولقێنێ لەرێگەی مرۆڤەوە،بەلام نیوفیل گوتیە، ئەم بیرۆکانەی لەبار برد کەدژی بیری تەقلیدی بوو، ئەوەشیان لە پێشـەکی رۆمانە ناودارەکەیدا (خانم دی موبان) کە گوتیە لە رێگەی پالـەوانی رۆمانەکە کە جنسێکی دوو فـاقی هـەبوو گـوزارەی لبیرۆکـەی خـۆی دەکرد.

لەسەدەی نۆزدەهەمـدابوو کـە دوو رەگـەیی بلاوبـۆوەو وایلـد زۆر پێیەوە سەرسام بوو، بەلام بە هێرشێکی توندوتیژی رووبـەروو کرایـەوە کاتێ فەیلەسوفی نەرویجی-کیرکجارد- کتێبی (یا ئەمـە یـا ئـەوە)و مرۆڤـی ئێسـتەتیکی خسـتە ژێـر بـاری نەشـتەرگەریەوە، چـونکە جوانیخواز دژی ئەخلاق خوازە، دیلی کۆمەڵێ حاڵەتە کـە بەتـەواوەتی

کۆنترۆلی دەکات ولەو کەسێتییەی دەکات کە دەیەوێ گوزارەی لێ بکات، جا لەترسی ئەوەی کە ئەم حاڵەتانە ون بکات تەواو خۆی دەدایە دەستەوە، بۆیە لە هەستیکەوە بۆ هەستێکی دیکە دەڕوات، لەسەر ڕێبازی-باتر- بەڵام ئۆسکار وایلد هێرشی (کیرکجارد)ی نەخوێندبۆوە، بەڵام هێرشێکی دیکە (و. ه ماللوك)ی خوێندۆتەوە لە ڕۆژنامەی-کۆماری-نوێدا کە بەراوردی نێوان جوانخوازو ڕەوشتخواز دەکات، بەڵام گونجاندنی ئەم دووچەمکە لە شیعرەکانی (وایلد)دا هەبووە وەك لە شیعری (رامنینا)و (هیلاس)دا.

## دەرسێکی جوانخوازی بۆ ئەمەریکا

لە سەرەتای ١٨٨١دا ئۆسکار وایلد ڕازی بوو لەسەر ئەوەی بچێ بۆ ئەمەریکا تا هەندێ باسو لێکۆڵینەوە پێشکەش بکاتو هەندێ کەسێتی ئەدەبیش ببینێو بڕیاریشیدا کە مەسەلەی جوانخوازیو دارڕینی ئێستەتیکی بابەتی سەرەکی باسو لێکۆڵینەوەکانی بێ لە ئەمەریکا، بەڵام دوودڵیش بوو لەوە، چونکە شانۆگەرییەکەی-ڤیرا- ئەوەندەی نەمابوو نمایش بکرێ، بەڵام لەبەر باری سیاسی نمایش نەکرا،

چونکە کوشتنی-ئەسکەندەری دووەمــی روســیای بەســەر داهــات لــە (١٧)ی ئادار.

بۆیە وەستاندیان، نەوەکا قەیرانێکی سیاسی لەمیانی ئینگلتــەرەو روســـیا روبـــدات کـــە شـــانۆگەریەك پەیوەســـت بـــوو بەکوشـــتنی ئیمپراتۆرێکی دیکتاتۆری روسی.

یەکەمین باسی ئۆسکار بریتیبوولە-چاخی راپــەڕینی ئینگلیــزی- ئۆسکار بــاوەڕی بەپەیامــە شارســتانییەکەی خــۆی هــەبوو، هــەروەها باوەڕی بە زەروریەتی بڵاوبوونەوەی هەبوو، بەتایبەت لــە ئەمــەریکادا تا وا لە ئەمەریکا بکات کە ببێتە وڵاتێکی شارســتانی، ئــەوەش لــە رێگەی پێڕەوی جوانیلۆژی خۆیەوە، لە ئەمریکادا والت وایتمانی بینی کە لەسەر داوای ئۆسکار خۆی بوو، گفتوگۆیەکی دوورودرێــژیان کــرد سەبارەت بەپێڕەوی ئێستەتیکیوایلد قەناعــەتی بــەوە زێــتر بــوو کــە پێویســـتە پێناســـەی جـــوانیوپێڕەوی جوانیلـــۆژی دووبـــارە دارێژتـــەوە، هەروەها چاوی بەهاوڕێ کۆنینەکەی خۆی-هنری جیمس- کەوتەوە کــە ئەویش لە ئەمریکا دەژیا.

ئۆسکاربابەتی-هونەر بۆ هونەر-ی لەباسو لێکۆڵینەوەکانیــدا بــە خەستی وەرگرتبوو، لەم بوارەشــدا ئامــاژەی بــۆ بــیری راســکینو ولــیم موریس و باتی دەکــرد بەتایبــەت ئەوانــەی کــە پەیوەســت بــوون بــە

بەرخوودانی ئینگلیـزی هـەروەها لەچـەندین ئێـوارە کـۆڕدا شـیعری خوێندەوە.

ئۆسکار ئەو سـەفەرەی خـۆی بـۆ ئـەمریکا بـە ناسـەرکەوتوو لـە قەڵەمـدا، چـونکە هـیچ گـۆڕانێکی بنـەڕەتی لـە شـێوازی ژیـانی ئەمریکیدا رووینەدا، بەڵام ئەو باوەڕەی وایلد راست نەبوو، چونکە لـە ئەمریکادا هێجگار بەناوبانگ بوو، جگـە لـەوەی پـارەوپولێکی زۆری وەدەست هێنا.

## زەماوەندی ئۆسکار وایلد

**دوای گەڕانەوەی ئۆسکار لە پاریس لە ساڵی ١٨٨٣دا چاوی کـەوت بـە ئەکتـەری شـانۆ-سـاروبرتـار- کونسـتـانس لویـد کـە کچـە ئوروسـتوکراتێکی دەوڵەمەنـد بـوو، خۆشیویسـتولە ٢٩ی ١٨٨٤دا خواسـتیو گواسـتییەوە، هـەتا دوای ژنهێنانیشـی ئۆسـکار هـەر بەردەوام بوو لە نـازو فیـزی خـۆی، نـەك هـەر ئەوەنـدە، بـەڵکو غەندەرەیەی فەرز کردە سەر ژنەکەشی لە جلوبەرگو شێوەی ژیـانی، ئیدی هەر خەریکی سـەفەر بـوو لـە ئینگلتـەرا بـۆ ئـەوەی بـاسو لێکۆڵینەوە دەربـارەی پێـڕەوی ئێسـتەتیکی بڵێتـەوە، یـەکێ لـەو**

**باسانە (بەهای هونەر بوو لە ژیانی نوێدا) کە ئەوەش دووبارەکردنەوەی ئەو شتانە بوو کە لە ئەمریکادا ئەنجامی دابوو، ئەوەیان سێ لایەنی هەبوو:**

یەکەم: (زەخرەف) یەکێ لەهۆکارە گرنگەکان بوو لە وروژاندنی هەست کردن بە پاکبوونەوە، نەك شتێکی سادە لە کاری هونەریدا، لێرەوە ئۆسکار دەڵێت (ئەوەم کەشف کردووە کە شتە کرێتەکان تەنها ئەو کەسانە ئەنجامی دەدەن کە هەوڵ دەدەن کارێکی جوان بکەن، بەمەش لەبیرۆکەی (گوتیە) نزیك دەبێتەوە کە هونەر بێ فەرە.

دووەم: هونەری خراپ- بەرهەمی ئەوەیە کە سروشتمان وەك نموونە وەرگرتووە، ئۆسکار وای دەبینێ کە هونەرمەندی حەقیقی ئەوەیە وێنەیەکی تالی سروشت ناکات، ئەو نموونەیە کە لەلای ئەو باش بوو نموونەی هونەری ئینتباعی بوووەك-مونیەو کامبلو بیسارو-.

سێهەم: بەهای هونەریبە بەهای فێرکاری ناپێورێ، ئەلێرەدا ئاماژەی بۆ رسکین کردووە، هەروەها بۆ ئەو جیاوازییەی کە لەگەڵیا هەیبوو دەربارەی زەرورەتی ئەوەی کە هونەر بەهاییێکی رەوشتی نەبیلی تێدایە، (ویسلر) رەتی ئەوەیکردەوە کە هەر ناونیشانێکی ئەدەبییەو کاری هونەر بەوە پەیوەست بدرێ، چونکە باوەڕی وابوو هونەر وێنەگرتنی مێژوویی نییە.

## چاخی دوڕیانگرای

وایلد نووسیووبەتی‌و دەڵێت "جوانی بەرزترە لـە رەوشـت، چـونکە دەچێتە رێزی مـەودایەك کە رۆحییە زیاتر، جوانترین کۆتایی کـە پێـی دەگەن ئەوەیە کاتێ کەشفی جوانی شتێك دەکەین، هەتا هەست کـردن بە رەنگ بایەخی زیاترە لـە هەسـت کـردن بـە راسـتی‌و هەڵـە، لـە پەرەسەندنی تاکدا، ((قۆناغی نۆهەتەکان لە ۱۸۸۵-۱۸۹۵ زیاتر لە هەموو ئەدیبێك پەیوەستترە بە ئۆسکار وایلد. چونکە لـەو قۆناغـەدا پێڕەوی جوانیلۆژی مشتومـاڵ بوو و دووبارە دارِشـترایەوە، لـە قۆنـاغی هەشتاکاندا سانسۆر ئەو پێڕەوەی زۆر کەم کردەوەو تیزی پێکرد، بۆیـە وایلد ویستی رەهەندێکی قووڵتر بدات بەم پێڕەوە لەسەری بوو کە رقی خۆی بۆ رەوشت‌و سروشت نەکا بە قوربـانی بۆیـە (رەوشـتی بـەرز)ی هێنا) ئاراوە کە رەخنەگرەکانی تر هێندەی دیکە بێزار کرد، ئەو پێـی وابوو لە سێبەری رەوشتی بەرزدا ئازادی هونەری‌و گوزارەی تـەواو لـە زات دێتە کایەوە، جگە لـە جـۆرێکی غـەریب لـە هاوسـۆزی تـاك‌و سوسیالیسـتی‌و نەرگزیـەت، هـەروەها روونـی کـردەوە کـە لەوانەیـە

سروشت له ڕێگەی هونەرەوە پێچەوانە بێتەوە. کە شاعیری ڕۆمانسی شیللی ناوی نابوو ئەو سێبەرە قووڵانەی کە دیدگای ئایندە دەخاتە سەر ئێستا، هەروەها ئۆسکار شتێکی دیکەی زیاد کردە سەر پێڕەوی جوانیلۆژی ئەویش داگیرکردنی هەرێمە حەرامەکانی فیکرو ئاکارە)).

پاشان ئەو زەخرەفەیە بووەتە تەنها مەسەلەیەکی شەکلی بۆ کاری هونەری نەك مەسەلەیەکی ئەخلاقی چەمکی جوانیلۆژی لە ڕۆمانی (وێنەی دوریانگرای)دا جیلوەی کرد، وەك و ڕەخنەیەك بۆ پێڕەوی جوانیلۆژی کەوا دەکا دووبارە لەکۆتاییدا وردوخاش بێ، بەڵام ئەو کاریگەرییەتیەی دوریانگرای بەسەر خوێنەرەوە جێی دەهێڵێ جوانی دوریانەو هاوسۆزی بوو لەگەڵ دوریان وەك چۆن مرۆڤ لەگەڵ (فاوست)دا هاوسۆز دەبێ، بێ ئەوەی ئاوڕ لە کۆتاییەکەی بدەینەوە وەك پیاوکوژ مودمینێك، هەروەها ئۆسکار تێبینی ئەوەی کردووە کە لایەنی ئەخلاقی زاڵە بەسەر لایەنی جەمال لە ڕۆمانەکەیدا بۆیە پێشەکیەکی بۆ ڕۆمانەکەی نووسی کە فەسادی (دوریان)ی وەدەرخستووە، ئۆسکار لە چەند دەستەواژەیەکی فەلسەفی بۆ گەنجاندا دەڵێت: حەکیم ئەوەیە کە لەگەڵ خودی خۆی دژایەتی بکات، هەروەها لە کتێبی (لە ناخەوە)دا دەڵێت:

که ئەو لەو کەسانەیە هەر زوو شەهید دەبێ، ئێمە هەموومان بکوژی ئەو شتانەین کە خۆشمان دەوێ، هەروەها لە گوتارێ بۆ یەکێ لە نووسەرەکان دەربارەی (دوریانگرای)دا دەڵێت:

(یەکەمجار بیرۆکەی ئەوەم بۆهات کە دەربارەی گەنجێ بنووسم خۆی دەفرۆشێ بۆ ئەوەی گەنجێتی هەمیشەیی وەدەست بهێنێ، کە ئەمەیان بیرۆکەیەکی کۆنینەیە لە مێژووی ئەدەب، بەڵام من شێوەی تازەم بۆ زیاد کردووە). هەروەها ئۆسکار دەڵێت (رەسم هونەرێکی شوێنییە، بەڵام ئەدەب زمانییەو دونیای زمان پێشکەوتوترە، چونکە وەڵامی دەروونی تاکەکانی پێیە،

کەواتە ئەو هەوڵی دەدا زمان بەرزکاتەوە بەبێ شوێن، بەڵام ئەو بیرۆکەیەی کە ئۆسکار هەوڵی دەدا لە رێگەی رۆمانی (دورپیانگرای) بیگۆڕێ ئەوەبوو کە ئەدەبو رەسم لەیەك جیاوازنو ناتوانن رۆڵی خۆیان بگۆڕنەوە، هەر چەند هونەر پێوانەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەدەب توانای ئەوەی هەیە بەرهەم بهێنێ کە رەسم پێی ناکرێو ئۆسکار هەمیشە بیری لە سەرکێشییە ژنانییەکەی خۆی دەکردەوە لە کاتی گەنجێتیداو دەیگوت ئاخۆ ئەوە تەنها وەهم بوو؟

ئەوەش وایکرد کە دوو کەسێتی دژ بەیەك بۆ دوریان گرای دروست بکات، رۆمانی دوریان گرای پڕیەتی لەلایەنی سیرەی زاتی وایلد، وایلد

ژیان دروست دەکات، کە دەبێتە هـۆی ئـەوەی زاتـی خـۆی ورد وخـاش بکات، کاتێ کە وێنەی خۆی وردوخاش دەکـات، بـەڵام بـەر لـەمردن لایەنی خێـری خـۆی وەدەردەخـاتو لـە ڕێگـەی خۆکوشـتنی کـە بـە ئەنقەست نەبوو، دورپیانگرای یەکەمین شەهیدی پێـڕەوی جوانیلۆژیـە، ئەو پەندەی کە ئـەو ڕۆمانـە دەیگرێتـە خـۆ ئەوەیـە کـە (ژیـان بـە جوانییەکانی لە رووکاردا دەبێتە هۆی مـردن بـە قـەبیحی لەناخـدا) بەپێی قسەی وایلد خۆی کەشفی قسمەتی دووفاقی دەکات لە میـانی جەستەو دەروونـدا.

ڕۆمانی (دورپیانگرای) بە یەکەمین ڕۆمانی ئینگلیـزی دەژمێـردرێ کە رەواج بە نـاوەوەی سێکسـی دەدات، کـە ئـەوەش وادەردەخـات کـە ئۆسکار بە تەواوەتی خراوەتە ژێر باری ئەم بیرۆکەیە.

## سۆسیالیستگەرایی ئۆسکار وایلد

سـەرەتا ئۆسـکار بانگەشـەی بۆنەتەوەگـەرایی‌و سـەربەخۆگەرایی ئێرلەندای دەکرد، تا رزگاری بێ لە داگیرکاری بەریتانیا، لـە هەنـدێ لە شیعرەکانیدا ئەو هەستە نیشتمانییەی خسـتۆتە شـیعری (ئـازادی من) دیموکراسیەتی بە ئیرهاب دەزانی‌و دایکی ئاسا رقی لـە حـوکمی

جەماوەر دەبۆوە، سەرسام بوو بە پاڵەوانیەتی فەردیو هاوکاری کردنــی چەوساوەکان، ئەو دەیگوت من سوسیالیستم خۆی مەبەستی ئەوە بــوو بڵێ من دژی زوڵمو زۆرداریم، بایەخیشــی بــە سیاســەت بەســەر ئــەو هاوسۆزییەوە بەندەو بەوە وەسفی سوسیالیست دەکــات کــە (جــوانیو چێژە) کە ئەوانەش چەند تیرمێکی لەگەڵ دارچــینی جوانیــدا دەچــن بەرێوە، لە هەوەلین شانۆگەریەکانی کە بەناوی (ڤیرا) بوو دەڵێت: لــە ژێر سێبەری دیموکراسیەتدا دەبێ هەموو مرۆڤێك ئوروستوکراتی بێت.

کە کتێبی (گۆرانییەکانی گەل)ی ئیدوارد کــارنتزی نمــایش کــرد تێیــــدا سوسیالیســــتیوهونەری کردبــــووو لــــەبارەی قەناعــــەتی سوسیالیستەکاندا بەوەی کە هونەر بەشداری دەکات لە دروســتکردنی (شاری جاویدانی) قسەی کردووە، هــەمان ئــەو وتــارە کەشــفی ئــەوە دەکات کە ئۆسکار چەند لایەنگری سوسیالیستی دەکاتو هــەوڵ دەدا کە سوسیالیستی دیموکراسیو مرۆڤایەتی بێ نەك دەسەڵاتداریەتی.

لە وتــارێکی دیکەیــدا کــە بــەناوی (رۆحــی مــرۆڤ لــە ســێبەری سوسیالیستیدا) وایلد دیدگای ئاینــدەخوازی خــۆی وەدەردەخــات کــە مەبەستەکەی دووبارە راخستنەوەی پیرەوی جــوانیو جوانیلــۆژی خــۆی بووە، کە دەیگوت دەبێ لە رەهەندی راخستنی کۆمەڵایــەتیو سیاســی بێ، بۆ بیرۆکەی جوانکردنی ژیان، واپێدەچوو ئۆســکار کەوتبێتــە ژێــر

کاریگەرێتی (برناردشو) هەرچەندە تێگەیشتنی ئۆسکار جیابوو لە تێگەیشتنی شۆ، ئۆسکار هەمیشە باسی سوسیالیستی دەکرد، بەو پێیەی شتێکی جوانەو بەو مانایەی ئازادی کارکردن بە مرۆڤ دەبەخشێ ئەو باوەڕی وابوو سوسیالیستی کەفیل بە رزگارکردنی مرۆڤو پێشخستنی چاکەکردن پێویست نییەو هەژارەکان هەقی خۆیانە چاکەکاری رەتکەنەوەو بێزیان لێی بێتەوەو بەرەو کاری دزیکردن بچن، لەجیاتی ئەوەی سەدەقە وەرگرن.

## چەند برگەیەك لە ناوەرۆكی كتێبی (لە ناخەوە)دا

من ئەو پیاوە بووم كە چەند پەیوەندییێكی رەمزی هەبوو بە هونەری چاخی خۆیو رۆشنبیریو ئەو چاخەوە، هەر لە مندالّییەوە تەئكیدم لەوە دەكرد، پاشان ئەو چاخەی خۆم ناچاركرد كەدەبێ هۆشی بەوەوە هەبێت، بایرون كەسێتیەكی رەمزی بوو، بەلاّم پەیوەندییەكانی لە سنووری شەهوەتی چاخی خۆی بوو، هەروەها لەسنووری بێزاركردنی چاخەكەیبوو لەرێگەی شەهوەی چاخەكەی، بەلاّم پەیوەندی من زۆر نەبیلترو زۆر بەردەوامترو زیندووتربوو، من عەبقەریمو مرۆڤێكی جیاوازم هەیەو زیرەكێتیو جورئەتێكی ئەقلّیم هەیە، هونەرم كردە فەلسەفەو فەلسەفەش هونەر، ئەقلّی مرۆڤو رەنگی شتەكانمگۆڕین، هیچ شتێكم نەكردووەو نەگوتووە كە جێگەی سەرسامی ئەوانی دیكە نەبێ، درامام كە شەكلێكی هونەری زۆر بابەتییە كرد بە مەسەلەیەكی كەسێتیو شێوازێ لە گوزارە كە لە سونێتا دەچێت، لە هەمان كاتدا ئاسۆی درامام فراوان كرد، دەستم دابێتە هەر شتێ جوان بووە، وا كارم لە هونەر كردووە كە بەرزترین ئاستی واقیعە، هەروەها ژیان شێوەیەكە لە شێوەكانی رۆمان، خەیالّی چاخی خۆم بێداركردەوە،هەموو شتێكو هەموو چالاكییەكم لەدەستەواژەیەكدا كورت كردەوەو وجودم لە شیعردا كوورت كردەوە.

* ئەم نووسینە لـە گۆڤـاری (المنـار)ی ژمـارە (٥١) سـاڵی (١٩٨٩) بڵاوبۆتەوەو منـیش ئـەوەی کـە مەبەسـتم بـوو تیایـدا ئامـادەم کردووەو ئەوەش کە بەدڵم نـەبووە جێمهێشـتووە، دەکـرێ بڵـێم هەڵبژاردەیەکە لەم نووسینە.

## جان جینەو

### *نووسینی سەرجەستە*

وا بەدیار دەکەوێ کە نووسین لەبارەی جان جینە کـارێکی سـانایە، ئەوەشیان هەر لەبـەر ئەوەیـە کـە رەوتـی ژیـانی پارسـەنگە لەگـەڵ نێوەرۆکی کارەکانی، سەرەڕای ئـەوەش بـیروڕای جیـاواز هـەن لـەبارەی ئەوەوە بۆ نموونە لای جان بۆل سارتەر ئەکتـەرێکی هـەزەلی شـەهیدەو لای جـۆرج باتـای (قەددیسـی شـەڕەو لای جـان کوکتـو گەوهـەری نووسەرانی چاخی خۆیەتی بەڵام جاك دریدا دەڵێـت: (کـە ئایینێکی نهێنی ئامێزە) بە راستی جان جینە یەکێکە لە سـەیرترین روخسـاری ئەدەبی ئەم سەدەیەمان لە هەموان زیاتر جورئەتی هەبووە، لـە رووی کەم نەزیریو پەراوێزبارییو لەکەس نەچوون کوڕی کابرایەکی زیناکـار بوو، سواڵکەر بوو بەندیخانانی دیوە، راهـاتووی مـادە بێهۆشـکەرەکان

بووە، دزێکی تەواو بوو، لۆتیەك بوو خودانی جەستەیەکی جوان هەر لەبەر ئەمەش بوو ئەوەندەی نێوبانگی ڕەوتی ژیانی هەیبوو ئەوەندە ئەدەبەکەی نەیبوو، چونکە خوێنەر ئەوەندەی بە دوای تایبەتیو سلوکیدا لە نێو کتێبەکانی دەگەڕان زیاتر لە گەڕانیان بە دوای ئەو ئاسۆگانەی کە ئەم کتێبانەی لە بەردەمیانا دەیانکردەوە.

بە پێی قسەی دریدا لەناو هەموو کائینێکی تاودار یەکێکی دیکەی غەریب هەیە، هەردووکیان جیلوەو سەرچینی دەگەڵ یەك دەگۆڕنەوە، دریداکاتێك دەرکی بەوە کرد، کە تێبینی ئەوەی کرد جان جینە بزاوتی درێژ بوونەوە لەسەرتاوی دادەنێ genet تا مانای گوڵی کرکم بدات هەندێ جارانیش لایدەبرد تا ناوەکە genet مانای ڕەچەڵەکێك لە ئەسپی ئەسپانی بدات کە ئەسڵەکەی عەرەبییە، دریدا لە هەردوو ئەو کارە ئەدەبیانەی کۆڵیوەتەوە کە بە هەردوو جۆر نووسراوەو بۆی دەرکەوت کە جان جینە هەندێ جار دەبێتە کرکم گوڵ کە بەهی یەکەمی دەنووسێ هەندێ جاریش دەبێتە حیلەی ئەسپێ کاتێ دەچێتە سەر زینی دووەمو وەك نەبیلێکی ئەسپانی ڕێشمەی دەگرێت. جان جینە خۆشی ئەوە ناشارێتەوە کە دەکەوێتە میانی ئەم دوالیزمە بە گوزارشتی خۆی (لەبەر ئەوەی کارەکە وا ڕوودەدات واتە ئەو کاتەی کە دەزانم بەسەر پشتی ئەسپێکەوەم ، ئەوە ئەو حەرەکەتانە

دەکەم کە سوار دەیکەنو هەمان میزاجی ئەوانم هەیە، دەستم وەردەگەڕێو سەرم بەرز دەبێتەوە، دەنگم سەرسامی دەگرێ ئەو هەستەی من سەبارەت بە سوار ئەسپی هەستێکی دەواری کورژن کارو نەبیلەو تێپەڕی ژیانی رۆژانەم دەکات، خەیالم پێ دەبەخشێ، ئەو دەستەو نەبرەیەم دەداتێ کە من واحیسابیان دەکەم سەرکەوتوون

## منداڵەکە مردو دزەکە لە دایك بوو

جان جینە دەربارەی منداڵێتی خۆی دەڵێت: "لە نۆزدەی کانونی یەکەمی ١٩١٠ لە پاریس لە سەر رێگا لەدایك بووم‌و لە پەناگەی بێ باوکان سەرم هەڵدا کە بوومە بیست‌و یەك ساڵ شەهادەی لە دایك بوونیان پێدام، دایکم ناوی گابریل جوانیە بوو واتە (جینە)و باوکم دیار نەبوو زانیم لە خانووی ژمارە (٢٢) لە شەقامێکی سەرەکی لە دایك بۆتم، بەڵام کە چووم بەدوای ئەو ناونیشانە بگەڕێم بینیم جگە لە خەستەخانەیەك کە بۆ شیرخواردن منیان بردبوو ئەوێ هیچی دیکە نییە"

ئا بەم جۆرە لەدایك بووژیا، بەزینا بووەو دایکی لە سەر یەکێ لە شەقامەکانی پاریس فڕێی داوە، پەناگەی بیژووەکان بەخێویان کردووە، پاشان داویانەتە جوتیارێ لە هەرێمی-مورفان- لە نێوەندی فەرەنسا،

تا بەرامبەر کرێیەکی مانگانە بەخێوی بکات، ئەوانیش کردویانە بە خزمەتکارێ لای کاهینێ کە سروشێکی ئایینی هەبووە.

هەر لە منداڵیەوە هەستی کردووە کە کەسێکە کەس حەزی لێناکات، وای هەست دەکرد مەخلوقێکی لەناخدایە حەزی لێناکرێ وەزعەکەی وا بۆ بەدیار دەکەوت کەخۆرە درێژبوونەوەیەکی قێزەوەنکردنی کۆمەڵایەتی بێ، ئەم منداڵە بیژووە هیچی نەبوو، ئەگەر بدرابایە خێزانێکی کرێکار دەیتوانی تێبگات کە مرۆڤ بۆیەکا هەیە تا کار بکات بەڵام خودان مەزرەعەکان مەللاك بوون، موڵکدارێتیان دەموچاوی ئەوان دروست دەکات، هەر بۆیە ئارەزووی کرد کە نوێنەرایەتی مەهزەلەی موڵکدارێتی بکات، ئەوەشیان بە هۆی ئەوەوە بووە کە بە تەواوی تێکەڵ بوو دەگەڵ ئەو خێزانە جوتیارەو خودان مەزرەعەیە ئەوەشیان لەرێگەی دزی کردنەوە بۆیە بەوە سزا درا کە بینێرنە پەناگەی‌س-مترای- ئیدی هەوڵنەدا کە گومان لەو سیفەتە بکات کە ئەدرا بەو، بەڵکو بڕیاری دا ببێ بە دز، سارتەریش زۆر لەسەر ئەوە دەوەستێ‌و دەڵێ:

منداڵەکە لە ناندینێ یاری دەکرد، لە هیکەوە لە تەنهایی خۆی وەئاگا هات، بردیە ناو نیگەرانییەوە پاشان دیسان غایب بوو لە خۆی‌و لە جۆرێك لە بوونەوە غەرق بوو، ئیدی حاڵی حازر کەس لە ژوورەکە

نییە، هەستێکی کۆچلێکراوە کەلوپەلی تێدا رەنگ دەداتەوە، ئا ئەوە پلیکانەیەکەو دەکرێتەوەو دەستێکی بچووك دێتە ژوورەوە، ئینجا دەستەکە بە تاوانێکی بینراو گیرا، یەکێك هاتە ژوورەوە وا سەیری دەکات، لە ژێر کاریگەرێتی ئەو سەیر کردنە منداڵەکە بۆ خودی خۆی گەڕایەوە، کە هێشتا نەبۆتە کەسێك، لەهیکەوە دەبێتە جان جینە، جان جینە کێیە؟ دوای کەمێکی دیکە هەموو خەڵکی گوند دەیناسێ، لە هیکەوە وشەیەك کەمایەی سەرسووڕمانە پەیدا دەبێ لە قووڵایی دونیاوە راهاتووە، بۆ ئەوەی گەڕەلاوژە بخاتە ناو سیستەمی جوان، دەنگێك بە ئاشکرا رایدەگەیەنێ (تۆ دزیت) ئەو کاتە تەمەنی دە ساڵان بوو"

کەواتە منداڵەکە مردو دزەکە لەدایك بوو، ئەو کاتەی کە سەرسوڕانی نەگبەتو وشەی دز راویان نا وەك بڵێی ئەو دوو شتە ئەو پێناسەیان بۆ هێنا کە لەمێژ بوو بەدوایدا دەگەڕا "هەتا ئەو کاتە هیچ نەبووم پێیان گوتم تۆ دزیو بووم بە دز!"

ئیدی منداڵەکە دەستی کرد بەوەی ببێتە رەوای ئەو سیفەتە کە خۆی وەدەستی هێنا، گۆڕستانیك لە مونبارناس خاڵی دەکات لەگوڵ، تایبیبات بۆ سەر گۆڕی هاوڕێیەکی خۆی، کاری گەمژەڵانەی دەکرد کە بەهۆیەوە دەیانبردە بەندیخانەی-احداپ- کە ئەو کاتە تەمەنی (١٥)

سالاَن بوو، ئەوە بۆ ئەوەی لە کارەسات رزگاریت بێ، ئەوەت لەسەرە وەك گوتمان تا هەردوو چاوانت تیایا نقووم ببێت)وا بڕیاربوو تا دەگاتە تەمەنی-روشد-لەو بەندیخانەیە بێ بەلاَم لەتەمەنی (٢٠) سالێدا رایکردو چووە ناو تیمێکی بیانی لەباکووری ئەفریقیاو بوو بە ژمارەیەك لە کەتیبەیەك کەلاتو تاوانبارو خەلکی شازو تەلەکەبازی تیابوو، بەلاَم دوای (٥) سالَ حەزی چۆوە ئازادی دەستی کرد بەکار لە سوریاو تورکیا، لە خزمەتی سەربازی رایکردو جانتای ئەفسەرە رەشەکانیشی لەگەلّ خۆی برد، بڕیاریدا سوود لەو شتانە وەرگرێ کەلە بەندیخانەفێری بوو، ئیدی دزی کردنو خراپەکاریو لەیاسالادانی کرد بە پیشەی خۆی چونکە" دەبێ ببێتە ئەو شتەی کە دەیانەوێ.-دز-ترسنۆك-خیانەتکار- شاز هەر شتێ"

شتێکی دلخۆشکەرو سووتێنەر هەبوو پالی دەدا بۆ دزیکاریو راکردن هەتا رۆژێ توانی لە سنوورەوە بچێتە -چیلیو نۆ سالان لە دەوروبەری ئەسپانیاو ئیتالیاو یۆگسلاڤیاو نەمساو ئەلبانیاو چیکۆسلۆفاکیاو پۆلەندا گەڕاو سوڕا، تێکەلی دزو قاچاغچیو ئەشقیای بەندەرەکانو کچە بەدرەوشتەکان بوو، لەناخی خۆشیدا هەستکردن بەنامۆییو نامونتەمیەتی هەلگرتبوو، لە هەموو شارێکیشدا ئەو دیمەنە دووبارە دەبۆوە، راکردن لەیاسا، بەندیخانە،

دەرکردن، پاشان دەچێتە ئەڵمانیا کەلە ژێر حوکمی نازی دابوو، بەلاَم هەستی بەخنکان کرد چونکە (هەستم کرد من لە مەیدانێکدا دەسورێمەوە کۆمەڵە دزێ حوکمی دەکات" (ئەگەر شتێ لێرە بدزم ئەوە من شتێکی غەریبم نەکردووە بەڵکو شتێکی ئاسایم ئەنجام داوە).

لە ساڵی ۱۹۳۹دەگەڕێتەوە فەرەنسا تا خۆی لە بەندیخانە بدۆزێتەوە ئەوەش بە تاوانی دزیو راکردن لە سەربازی، بەلاَم دادگای سەربازی کەوای لەپێش ئەو دادگایە کرد کە ئەقڵی تێکچووە بەرهەڵلای کرد.

## تاسوقی نووسین

لەنێوان ساڵانی ۱۹٤۰-۱۹٤۷دەگەڕێتەوە بۆ بەندیخانە لەبەر تاوانی دزیو تاوانکردن، بەلاَم شتێکی لەدڵ گەڕابوو، ئەو بێزلێکراوە ببووە خوێنەری کتێبان، لەکتێبەکانی سان سیمونو دونزفالو شیعرەکانی شاتوبریانو بودلێروسرودی سرودان چێژی وەردەگرت، هەتا رۆژێکیان لە بەندیخانەی-فرین-دا موریس توسکا وەرەقەو قەلەمی پێداو قەلەمەکەی گرتو ئیدی دەستی کرد بەنووسینی ئالۆزو نادیار.. لەوانەیە کاری شێتایەتی بێ، کەشف کردنو چوون بەرەو دیدگاو گوێ هەڵخستن..دەفتەرەکانی بەرایی ئەو هێڵکاریانەی

زۆربوونجـا ئـەو وشـانە لـەچ مەودایەکـەوە دەهـاتن‌وبۆ چ مەودایـەك دەچـوون؟ لـەچ شـەوێکدا تـەزووی بەلەشـداهاتووە، دەنووسـێ رەش دەکاتەوەو دەنووسێ؟ کەی شـەهوەتی گـڕی گرتـووە؟ ئـەدی هەوەسـی خەڵق چۆن داگیرساوەو ئەو هاوارە سەختەی وەبـەرهاتووەو ئـەو دەنگـە داگیرساوەی بۆ هاتووە...؟

سارتەر دەڵێت: جـان جینـە لەسـەرەتادا بـۆ ئـەوەی نووسـی، کـە تەنهایی خۆی تەئکید بکات و بەسـیەتی خـۆی بـەدی بهێنـێ، هـەر خودی نووسین بوو ئەوی پاڵدا بەرەو تەگەرەکانی لە رێگەی نەسـقەوە.. تا بەدوای خوێندنەوە بگەڕێ، ئا بەمجۆرە ئەو مرۆڤە چەقبەستووەی سەر خودی خۆیو لە وشەو گولەبەرەکانی بوو بە نووسەر،بەڵام هونەرەکـەی هەمیشە بە سەرچاوەکانییەوە کاریگەر دەبێ، ئـەو بەردەوامییـەی کـە پێشکەشی دەکات بۆ تاهەتایە تەرزێکی تاقمانە دەمێنێتەوە.

جان جینە باس لەو ترسە پیرۆزە دەکات کە تووشی هات لەو کاتەی کەوێنەیەکی لەرۆژنامە لێدەکردەوەو بە نەرمەنانی جووراو بە دەرگـای زیندانی هەڵدەواسیو بەدرێژایی شەو سەیری دەکرد، وای بیر دەکـردەوە کـە رۆژێ دادێ ئـەو خۆشەویسـتییە نادیارانـە دەبـن بەپاڵـەوانی رۆمانـەکانی، لەوانەیـە ئـەو ئـارەزووە شـەهوانی ئـامێزە وەكو ئـەوە هەسـتەوا بـێ کـە خۆشنووسـەکانی سـەرەتا بەسـەر دیـواری

ئەشکەوتەکانی-لاسکو-دا هەستیان پێدەکرد، کە یەکەم شیعری خۆی نووسی (مەحکوم کراوێك بە لە سێدارەدان) لەلایەن خودانێکی نادیاری دەزگاییێکی بڵاوکردنەوە بڵاوکرایەوە، کە پێشکەشی بەیادی هاوڕێکەی-موریس بیلوریج- کردبوو کەلە ساڵی ١٩٣٩ لە بەندیخانەی سان بریو لە سێدارە درابوو، کە ئەو دەقەی لەبەر دەستماندا هەیە:

دەمی تۆ دەمێکی مردووە کە چاوەکانت دوو گوڵن

(................)

ئەو بەفرەی وەك مەشخەڵ پڕوشك دەدا

(.....................)

سەرەڕای فرمێسکی چلوورەت

(......................)

(..................) کلیلەکان دەدزی

(.....................)

کە مەلەکی ئاسا

ورتکە بەفر بەسەر سەرینمەوە لە بەندیخانە بێدەنگەکەمەوە

سیحری سپی دەبەشیەوە

ترس‌ومردوەکانیش لە گوڵە وەنەوشەکان

مەرگو كەڵەشێرەكانی (..................)
منالێكی جوانكیلە لە شێوەی فریشتە
بەسەر تاجە گوڵینەی قەرەنفلو یاسەمیندا
(...................)
ببە ئەو كچەی خودان گەردەنێكی درەوشاوەی ساف
یاخود گەر نەترسیت ببە منالێكی نەغمە ئامێز
مردن لە مندایە..بەزۆری...بەر لەوەی تەور بمتاشێ
تۆ ئەی منالی شەرەفی زۆر جوانو بەلاولاو تاج لەسەركراو
بەسەر سەرینمەوە لار بەوەو یادگاری جێبهێڵە
لە روومەتی زێڕاویت دەدا......گوێ بگرە
عاشقە كوشندەكەت باسی پاڵەوانی خۆی لەچەند فەسڵێكی كاریگەر بۆ تۆ دەكات
سروود بۆ تۆ دەڵێتو هەمان روخسارو جەستەی تۆی هەیە
ئەو دڵەی كە سمی خەیاڵێكی گەورەش نایكاتەوە

بە داهێنانەكانی دیوارەكانی زیندانی دەرازاندەوەو بەناو ئاسنبەندەكاندا دەبردرانە دەرەوە تا روبیر دونویلو جاستان جالیمار بڵاویان بكەنەوە بێ ئەوەی جەسارەت بكەن، ناوی خاوەنەكەی بەسەرەوە

بوو، له هەر کتێبێکیا ئەو پیاوە ئیهانەکراوە زیاتر قودرەتی بەسەر ئەو شەیتانەوە زیاد دەبوو کە چوو بووە ناخییەوە.

قسەو باسی (نوتر- دام - دی فلور) زۆر دەبوون له بەندیخانەی (ترین ١٩٤٤) بۆل ڤالیری داوای کرد بیسوتێنن (موجیزەیگول) له بەندیخانەی (توریل)کە لە ساڵی ١٩٤٦ بلاوکرایەوە، توریل فی بریست١٩٤٧ جگە له سیرەتی خودی خۆی بەناوی (رۆژانەی دزی) ١٩٤٨.

سیمون دی بۆڤار یادگارییەکانی خۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

(ماوەی چەند مانگێکە شیعرێکمان لە شاعیرێکی نادیارەوە بیستووە، کۆکتۆ کەشفی کردووەو دەڵێ گەورەترین شاعیری ئەو چەرخەیە له نامەیەك کە لە١٩٤٣ بۆ سەرۆکی دادگای گوناهی نۆزدەهەمی ناردووە کە جان جینەی لێ دادگایی دەکرێ، پێشتر نۆ مانگ بەندکردنی بۆ دەرچووە بەهۆی دزییەوە، کە یەکەم بەشی چیرۆکی خۆی-نوتردام دی فلوری) له گۆڤارێ کە (لاربالیت) دەری دەکات بلاوکردەوە سەرسام بوین کە دیار بوو لەژێر کاریگەرێتی بروستو کۆکتۆو جوهاندۆیە سەرەڕای ئەوەیش دەنگی تایبەتی خۆی هەیە، جان جینە سەر لەنوێ دەسەلاتی وشەمان بۆ کەشف دەکات کەواتە کۆکتۆ موبالەغەی نەکردووە، ئێمە وەدیارکەوتنی نووسەرێکی

**گەورە دەبینین. لە ساڵی١٩٤٨ بەنەفی کردنی بۆ دەرەوەی وڵات حوکم دەدرێ حوکمەکەشی بەدرێژایی ژیانی دەبێ لە مەنفا بێ، بەڵام ئەدیبانی فەرەنسا، سارتەر، ئەندرێ جید، کۆکتۆ، بۆ کلودویل لەگەڵ بیکاسۆ، نامەی پاڕانەوە بۆ جان جینە دەدەن بەسەرەك کۆمار-فنسان ئوریول-و ئەویش قبوڵی دەکات‌و عەفوێکی بۆ دەردەکات‌و رایدەگەینێ" بەند کردنی شاعیر حوکم کردنیەتی بە لەسێدارەدان لەرێگەی ئەو بگرەو بەردەیە سارتەر ئەوی ناسی‌و خۆی پابەندی ئەوەکرد کە پێشەکی بۆ ئەو کتێبە بنووسێ کە-جالیمار- بڕیاری دابوو بۆی بڵاوبکاتەوە، ئەو پێشەکییە لە دواییدا بوو بە کتێبێکی (٦٠٠) لاپەڕەیی، بەناونیشانی (جان جینەی قەددیس-ئەکتەرێکی هەزەلی‌و شەهید کە لە ساڵی ١٩٥٢ کەوتە بەردەستان.**

**ئەم کتێبە لە کاریگەرێتی پرۆسیسی سەقامگیری منداڵێتی بەسەر جان جینەوە دەکۆڵێتەوە نەك بەو پێیەی تەنها هێدمەیەکی دەرونی بێ بەڵکو وەك رووداوێکی کۆمەڵایەتی‌و لەپەڕەکانی هەوەڵیدا سارتەر دەڵێت:**

**ئەگەر ویستمان لەو مرۆڤەو دونیای ئەو مرۆڤە بگەین هیچ شتێ نییە تەنها یەك وەسیلە نەبێ، ئەویش ئەوەیە سەرلەنوێ بە ئاگاهێنێکی تەواو دامەزراندنی رووداوی ئەسڵیەکە دووبارە کەینەوە**

که به بەردەوامی هێمای بۆدەکرد، کە لە سرووتە شاردراوەکانیدا دووبارە دروستی دەکردەوە لە ڕێگەی نمایشی ئەفسانەیی کە ئەو مرۆڤە پێشکەشی دەکرد، ئەلێرەدا ئەو میتۆدە خۆی فەرز دەکرد: ڕووداوەکان دەگەڕێنەوە بۆ دەلالەتە ڕاستییەکانیان بە هۆی شیکردنەوەی ئەفسانەکان.

## لە تابلۆگەی جیاکومیتی

لە ساڵی ١٩٥٨جان جینە دەکەوێتە ژێر کاریگەرییێتی کارە هونەرییەکانی هونەرمەندی شێوەکاری فەرەنسی- ئەلبیر توجیاکومیتی- کە بەکاری درێژکۆڵە کردنی غەریب ئامێزو نامەئلووف ناوی دەرکردبوو، لێکۆڵینەوەیەکی لەمەڕ نووسی، جا ئایا ئەو لێکۆڵینەوەی لەبەر ئەوە پێشکەشکردن، چونکە گیانی جیاکۆمیتی تەژی هەمان ئەو ڕەوتە وێرانکارییەو ئەو توندوتیژیە بوو کە کارەکانی پێ لە خەڵکی دیکە جیا دەکردەوە، وەك چۆن دەڵێین کورتێ‌و کەژێ لێك دەهەژێ بوو؟ جاك دوبان دەڵێ:

(دڕێیکی سروشتی لای جیاکومیتی هەبوو، هەووەها مەیلێکی وێرانکەر چالاکی داهێنانی ئەوی حوکم دەکرد، هەر لە منداڵییەوە ئارەزووی تاوانی سێکسی لە پشت خەیاڵ‌و دیدگای وەهمی ئەوبوون،

که لەخەونێکی خوێناوی لە ڕۆمانسییە ڕەشبینەکان دەچوو، ئەوەشیان ڕاڤەی یەکەم وێنە دەکات کە بە شێوەیەکی خوێناوی ڕەسمی کردووە، کە لە خوێندنەوەی خۆیدا لە تراژیدیەکانی ئەسخیلۆس‌و سۆفۆکلیسدا کەوتبووە بەر دڵی، تاسوقی بۆ دیمەتی ترس شەهوانیەتێکی زۆری زیاد کردبووە سەر هەوەس‌و شێتایەتی ئەوەوە، هەموویان ئەو مەشخەڵە بوون کە لە زۆرکاری نەحتی سەرەکیدا هێنایە دی لەو کاتەی کە چووە نێو تەوژمی سیریالییەتەوە.

هەرچەند کە جیا کومیتی کوڕی خەڵك بوو، لە خێزانێکی هونەری ناودار‌بوو، بەڵام چەند رووییێکی لەیەك چوو لەگەڵ جان جینەی کۆدەکردەوە، وایان دەکرد کە هەریەك هاودەمی ئەوی دیکەبێ، هەردووکیان داهێنانیان کردبووە پەناگەو دیدگای خۆیان، هەردووکیان ئامانجیان نەبوو لە داهێنانی خۆیان کە ببێتە مایەی رازی بوونی سووك بۆ زات یا کۆمەڵە خەڵکێ.. بەڵکو داهێنان لای ئەوان (پڕۆژەی رزگارکردن بوو لە رێگەی ئەوەی لایەنێك لە غوربەتی خۆیان کە پێیەوە دەتلێنەوە بەوانی دیکەوە نووسێنن، هەردووکیان وێنەی سیحربازو ئەفسانەو عەرافات‌و سروودی کەنعانی‌و گۆرانی ئەجندەی بیابانییان وەبەر رۆحی دەکەوت، هەروەها (جان جینە) وای لەئاژەڵان کرد قسە بکەن بە تەعبیری جان کۆکتۆ، کە مەبەستی ئەوەبوو قسان

بەزمانی کەسانێکەوە هەڵڕێژێ کە قسە ناکات جیاکومیتیش وای لـە روخام کرد بترسێ.

کەواتە جان جینە لە جیاکومیتی دایە سێ لە پاڵەوانـەکانی خـۆی دۆزیەوە کە عـەودالّی دەرچـوون بـێ لـەباوەکان، جیـاکومینی باسـی ئەڤینیەکانی خۆی بۆ کردم لەگەڵ یەکێ لە کەڵەك بازە وێڵەکان دڵـی بردبوو هەرچەندە جلەکانی هەلاهـەلا بـوو، تـارادەی پـۆخڵی سـیمای پەڕپووت بوو، کە لەگەڵیا کاری سێکسـی دەکـرد سـەری قینچـکەو ئەوڕامی لێدەهات".

جان جینە لە سەر زمانی جیاکومیتی ئەو گوزارشتە غەزەلییانـەی گوتوە کە بۆ ئەو کلۆڵەی چڕیوە "چەندم خۆشدەویسـت هـەتا کـە دوو رۆژ یا سێ رۆژ نەمدەبینی رامـدەکردە سـەر شـەقامو بـە تاسـووقەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەیم دەکرد، لەلای من لەبەرابەری هەموو جوانەکانی ژنان بوو" جونیە وەڵامی دەدایەوە:

دەبوایـە بیخوازیـتو وای بەخـەڵکی بناسـێنیت کـەوا ژنـی تۆیە...جیاکومیتی بەبزەوە سەیری جینەی دەکردو دەیگوت:

وازەن دەکەی؟ ئەگەر کارێکی وام کردبا زۆر کەس وای دادەنـام کـە کاڵفامو کەم ئەقڵم، ئـەدی وانییـە؟ جـان جینـەش وەڵامـی دەدایـەوە "بەڵێ" جان جینە لەبەرامبەر پەیکەرێکی جیـاکومیتی کـە بـەناو-

بابەتی شاردراوە- بوو دەوەستاو ئەو تێبینییەی دەکرد "لەوانەیە ئەو ناوە لە هەموو کارەکانی ئەو هونەرمەندە بنێین لەمەودای پەیکەرتاشیو رەسم بەیەکەوە، بێگومان ئێمە لە-بابەتی شاردراوەدا_ کەسێتیێکی مێ دەبینین، ئەو بابەتە کەمە، بەتەواوی نائامادەیە بەڵام دەبێ بە پێچەوانەی وەرگرین، بۆیە دەبێ ئەوە بڵێم کەئەو-بابەتە-کەم نییە لە راستیدا، لە کاتێکا کە تێبینی ئەوە دەکەین ئەو پەیکەرانەی کە بەرهەمی هێناوە لە قۆناغی پێگەیشتووی خۆیدا....پەیکەرەکە هەر خۆی سەرەڕای ئاڵۆزیوشاردراوەیی خۆی کەشفی بابەتی خۆی دەکا".

جان جینە لە رێگەی دیقەتی حەواسەوە لەزەتی لە وردەکاری پەیکەرەکانی جیاکویتی وەردەگرت، ئامادەگی لەرێگەی حەواسەوە دەرگەی بوونە لەرێگەی هونەر یاخود گوزارشت کەرە بۆ گەیشتن بە هونەرو ئاشکراکردنی سکەی هونەر گوێ بگرە چۆنە بەدەستەکانی هەست بە پەیکەرەکانی جیاکومیتی دەکات (ناتوانم دەروونی خۆم لەوە قەدەغەکەم کە دەست بکاتە پەیکەرەکان، من چاومی لێ وەردەگێڕم کەچی دەستەکانم بەتەنها بەردەوامن لە کەشف کردنی،سەر، مل، شانەکان، هەستەکان بەسەر لێوی پەنجەکانم خڕ دەبنەوە، پەنجەکانم ئەوە دروست دەکەن کە جیا کومیتی بە پەنجەکانی دروستی

دەكردن، بەڵام پەنجەكانی جیا كومیتی بە دوای پاڵپشتێك دەگەڕێن كە نقومی گەچی تەڕ دەبن، لەكاتێكا كە پەنجەكانم بەسەر هەمان رێگەدا دەڕۆن ئەو رێگانەی كە پەنجەی هونەرمەند كێشابووی لە كۆتاییدا هاتووە وە دەستەكانم دەژیو دەبینی.

## جان جینەو شانۆ

زۆر جاران نووسەر هەوڵی ئەوە دەدا كە زێتر لە پێڕەوگەیەك بگرێتە بەر تا یەك ئارەزوو بخاتە روو، هەر بەجۆرەش جان جینە چووە ناو دونیای شانۆ دوای ئەوەی كە لەناو شیعرو رەخنەو رۆماندا گەڕاو سوڕا، هەرواش سینەما، كە ئەوەش هەر بە تەنها مەبەستی گۆڕینی رەگەزەكان نەبوو، بەڵكو لە بنەڕەتدا رەوێك بوو لە راستەوخۆیی ژیانو جەختی شەهادەتەوە بەرەو هەرەتەكانی خەیاڵكردنو یاریو خۆ وەدەرخستنو ماسكو ئاهەنگ كە تیایا ژیانو خەیاڵ، حەقیقەتو زەیف تێكەڵ بەیەك دەبن، رووداوەكان بایەخی خۆیان بۆ بەرژەوەندی شیعر ون دەكەن لە رێگەی زمانێكەوە كە لە شەفافییەتدا سنووری نییە، هەروەك چۆن هیچ سنوورێ نییە بۆ ئاگاهی لە جەسارەت كردنی

بۆچوون تا ئەو پەڕی، واتە بەرەو شەفافیەتی دۆزەخی، بە پێی گوزارەی ئەو خۆی، جان جینە هەرگیز دەستی لەو رەگەزانە هەڵنەگرت کە لە رێگەی ئەزموونی خۆیەوە ئەو ئەزموونە توندوتیژەی دژ بە کۆمەڵگەی دامەزراو ئامێز، چووبووە تاویەوە، هەروەها لە ناو بەندیخانەکانیشدا، بەڵام هەمیشە چەند سیمبولێکی بۆرژوازی بۆ ئیزافە دەکردن تا هەموان لەگەڵ یەك تێکەڵکا لە ناو تابلۆیەك‌و دیمەنێك کە هەمیشە لەواقیع‌و ناواقیع هەبووە ئەوەی ئەو دەیەویست ئەوە بوو کە بەرجەستەی ریالێك یا گەیاندنی بیرێك یا پەیامێك نەکات، چونکە ئەوە گەوهەری بزاوتی شاردراوەی پڕ لە دژایەتی بە پیت دەکات.

بەڵکو گرینگ ئەوەبوو، داڕشتەی شیعری بوو کە تیشك‌و بینەو بەردەکان بۆ کەسێتی‌و فەزاو رامانەکان بهێڵێتەوە بەجۆرە کە رێبەرێتی شیعرو رەخنەو سینەماو رۆمانی کرد بەرەو شانۆ هەولێدا بۆ بیگەڕێنێتەوە کە تیایا هەموو ئەو ئاسەوارە هەڵکەنراوەی جەستەی تیابوو کە بەر لەوەی لە دەرگای ئەو هەرێمە نووسین ئامێزەی بدات، هەروەها لە رێگەی ئەشیریەتەوە لە رێگەی رەگەزی ئاهەنگ سازی‌و کەرنەڤاڵ‌و یاری‌و ناولێنان‌و دەست نیشانکردنی مەودای دوورکەوتنەوە گواستنەوە کەمیانەی حەقیقی‌و زەیق‌و توندوتۆڵ کات.

لێرەدا شانۆی جان جینە بەکەس ناچـێ تـەنها خـۆی نـەبێ، ئێمـە لەبەرامبەر کەسێکین کە نمایشمان دەکاو لە پێشماندا تەمسیل دەکـا، لە سەرمانەوە تەمسیل دەکات لەبەرامبــەر دونیایـەك دایـن دارمانـە حەقیقەتەکان کورت دەکاتەوەو دەتەقێتەوەو پارچە پارچە دەبێت، ریـال دەبێتە شتێك کە ئێمە نەمانزانیبوو یا هۆشمان پـێ نـەکردووە، زەیـف دەبێتە حەقیقەتی زەیـف یـاخود زەیـف حەقیقـەتی بنـەڕەتی چـونکە "حەقیقەت کاری من نییە بەڵام دەبێ درۆ بکەم تـا راسـتگۆبم بـەڵکو دەبێ لەوەش دوورتر بڕۆم".

جان جینە هەرگیز پۆزش بۆ ئەو زەیفە ناهێنێتەوە، بە لەهجەیەکی تامپۆن ئامێز لەسەر زمانی (مادام ئیرما)دا دەربارەی قسـە دەکـاتو هەرواش لە کارەساتەکانی (بانێژە) چراکان دەکوژێنێتەوەو قسە لەگەڵ جەماوەر دەکات" خەڵکینـە ئێسـتا کـە بڕۆنـەوە مـاڵ، راسـتە مـن تیاترۆخانەیەك دەگێڕم، تاکە جیاوازی نێوان منو ئێوە ئەوەیـە کـەمن خۆم دەناسم بەڵام ئێوەش وەكو مـن تیاترۆخانـەکان دەگێـڕن، ئـەوەیان حەقیقەتەو دانی پیا دەنێم، شەرمی لێناکەم بـەڵام ئێـوە هەنـدێکتان نازانن لەناو تیاترۆخانەدا دەژین، وا وەهم دەکـا کـە لـەناو فیردەوسـی چاکەدا دەژی، ئەوانی دیکە ئەو حەقیقەتە دەزانن، بەڵام دانی پیانانێن، لەوانەیە لە شەرمان بێ، یا لە نیفاق یاخود بۆ ئیـدعا هەنـدێ جـار

بەردەوام زەیفی تازە هەیە قەدەغــەی یـاری شـانۆ دەکـات بـۆ ئـەوەی نەکەوێتە تەڵەی نزیك کەوتنەوە لە حەقیقەت".

سارتەر لەم بارەیەوە دەڵێت: "جان جینە بـوو بـە نووسـەری شـانۆ، چونکە زەیف لە درامادا دیارترین جـۆری زەیفـەو لەهـەموان جـەزاب ترە" جا بۆ ئەوەی گەمەکە بەهەموو زەیفیەوە بێتـە دی دەبـێ یەکـەم کـار کـە بیکـەین سەوسـەت لـە کەسـێتییەکان دوورکەینـەوە، بـۆ نموونەرۆڵی-سولانج- لە خزمەتکارەکان دا هەموو ئەکتەرێك دەتوانـێ نمایشی بکات، بەڵام ئەوەی کە پێی دەڵێین دوور کەوتنەوە لە حەقیقەت یا ریال بنەڕەتی نییە، کەواتـە پێویسـتیمان پێـی نییـە تـا وا خـۆت بەدەرخەیت کـە گەمـەی رۆڵـی ژنێـك دەکـەی، چـونکە نـەرمونیانی جەستەیو نەرمی ئاوڕەکانیو دەنگ خۆشی ئەو ژنە چەند سـیفاتێکی سروشـتین، ئـەو سـیفاتانەش ئـەو کەرسـتەیە دروسـت دەکـات کـە هەڵیدەڕێژی وەك چۆن خۆی دەیەوێ بۆ ئەوەی گوزارشت لـە روکـاری- سولانج- بدات، یەکەم جان جینە کەدەیەوێ کە ئەو کەرستە ژنانەییـە هەر خۆی ببێتە رووکـار ئەوەشـیان لـە ئـەنجامی گێرمـەو کێشـەدا، چونکە نابێ سولانج خـۆی وەهمـدارکردنێکی شـانۆیی بێـت، بـەڵکو سولانجی نێر وەك خەونێکی مەحاڵ بۆ پیاوێکە لە دونیاییێکی بـێ ژن، بەم رێگەیە ئەوەی کە لەسەر تەختەی شانۆدا بەدیار دەکـەوێ ژنێکـی

وەها نییە بە قەدەری ئەوەی کە خودی (جان جینە)یە کە بە مەحالێتی ئەوەی کە ژنە دەژییێت، هەروەها بۆ ئەوەی بینەر نەکەوێتە داوی حەقیقەتەوە دەبێ بەدرێژایی راخستنی شانۆ بێهۆش کرێ، لە سەر کێشەیەك دژی هەموو یاساییێکی شانۆ، دەبێ بینەر بزانێ کە ئەکتەرەکان فێڵی لێدەکەن هەتا دەوەش کەپەیوەستە بە پێناسەی بایۆلۆژیان، یاخود سیمای سایکۆلۆژیان، بە واهیمەدارکردن لێرەدا دوور دەکەوێتەوە لە بەڕاست زانین بەهۆی دژایەتی نێوان ئەو ئەکتەرانەی کە لە بەهرەی خۆیاندا لەسەر بنەمای قودرەتیان بۆ فێڵ کردن دەژین، ئا بەمجۆرە جان جینە خیانەت لە ئەکتەرەکانی دەکاتو پێستیان لەبەر دادەماڵێ، کە ئەکتەریش خۆی دەبینێ رووتو قووتە وا هەست دەکا تاوانبارێکەو کارەکەی ئاشکرا بووە، واهیمەدارکردن، خیانەت، فەشەل، هەموو ئەو سەرچاوانەی حوکمی خەونەکانی جینە دەکەن لەناو دونیای شانۆی ئەوا بەدیان دەکەین، ئەوانە چەند کوسایەتیەکن کە نابێ لە ئەکتەر زیاتر بن واتە ناتوانن ببن بە پاڵەوان بە مانای تەقلیدی شانۆ، هەر بۆیەش خۆپاککردنەوە نامێنێ لە بێن دەچێ بە واتاکەی ئەرستۆیی خۆ بەڵکو چەند موتیفێکی زەیف بە چەمکی سەوت ئامێز جێگەی دەگرتەوە. بەڵام ئەوانەی کە لەژێر روناهیدا قسەدەکەنو دەجوڵێن لەبەر چاوماندا ئەوانە جگە لە

وەخۆدەرخەرو موخبیر هیچی دیکـە نـین، وەزعەکـە وەك تاکـە کـەس تێپەڕیان دەکات لەهەمان ئەو کاتـەی کـە دەیانگرێتـە خـۆ، هـەمان حاڵیشە سەبارەت بە بینەر، کە نە لەگەڵ پاڵەوانی یەکتر دەگرێو نەبۆ هەڵوێسـتێ هەڵدەچـی بـەڵکو دەبێتـە بینـەری وەزعـێ فـراوانتر لـە فەردییەتی خۆی بەڵام پێویستی پێیـەتی چـونکە "تێپـەڕی سـنووری کوفری ئەو دەکـات وەك تاکـە کـەس تـاوەك پێناسـە بـەدوای خۆیـدا بگەڕێ" بۆیە لای جان جینە (شانۆ لە شانۆدا) هەبوو.

(خزمـەتکارەکان) قوداسـێکی ڕەش بـوو دوو خزمەتچـی هـەموو ڕۆژێك وەك پرۆڤە بۆ تـاوانی کوشـتنی گـەورەی خۆیـان پێشکەشـیان دەکرد ،لە-زنجیەکان-دا کۆمەڵێکیان ڕۆڵێکیان نمایش دەکـرد کـە لـە سروتی ئاینی دەچوو، کوشـتنی ژنێکـی سـپی چـونکە نەیانـدەتوانی ژنەسپی یەك ژێر بخەن تەنیا لە دونیای خەیاڵ نەبێ، لە-بانێژەدا- سێ لە زەبوونەکانی تیاترۆخانـە وا ڕاهـاتبوون کـە نـاوی وەهمـی قەشـەو جەنەراڵو قازی لە خۆیان بنێن، بۆیە لە چەند زەرفێکـی دیـاریکراودا ناچاربوون کە ڕۆڵی ئەو کەسێتیانە بەراستی بگێڕن نەك بـە تەقلیـد، هەرسێ ئەو شانۆگەرییانە لە ساڵانی ١٩٥٦، ١٩٦٠، ١٩٦٢ لەلایەن جان جینە بڵاوبونەتەوە بۆ ئەوەی تەئکیـد لـەو شـێوازە بکـات، ئـەوە گەوهەری ڕێبازی (جان جینە) بوو لە شانۆ کە کورتەکەی ئەوەیە:

"دووبـــاره خســـتنه رووی ریـــالّ لـــه پشـــت پەیوەنـــدیو بگـــرەو بەردەکانیەوە، ئەو دووبارە خستنەوە رووە بەشـێوەیەکی قەبـە بـوو کـە رووداوی پەرەسەندو بونیاتی حوکمو ئەو گرێیەی کە زنجیرەی تابلۆکانی رێکدەخست تیایا نەبوو تا بینەر وەئاگا بهێنێ کـە لـە میـانی زولـمی واقیعدا بەندکراوە، وای لێدەکردن کە بگەنە هەمان ئـەنجام لـەجیاتی ئەوەی کە لەناو گیرەی وەهمدا یا لەناو خەیالّ زیادەدا بیانخات. لای جان جینە ڤێزەوەندەکانو راونراوەکانوخزوشبجیو بەندی دودەکیو سواکلەو هەموو سفلسدارەکانی ژێرەوەی مرۆڤایەتی بریتی بوون لەو چینەی کە ئەو لەواندابوو، هەروەها ئەو کەسێتیانەی کەلە دونیای داخراوی ئەودا دەژیان.

## بە پەراوێز کراوەکان

هەموویان چەند کەسێتێکی دابەشکراون لەمیانی جەسـتەو چـەند پەیوەندییێکی رەمزی لە لایەکی دیکەوە کە لەو دابەشکردنە بزاوتێکی جۆلانەئاسا رەسم دەکرێو جەدەلییـەتێکی نـوێی کەسـێتی لـە دایـك دەبێ، روخسارو کەسێتی-مەخلووق.

ئەو کەسێتییە یاخود ئەو پرۆلیتاریـا پەڕپوتـە وەك چـۆن مـارکس وەسفیان دەکا کەسێتییێکی بەدرۆ پەراوێز کراوە، گوناهەکـە لای جـان

جینه له ڕێگەی گوناهبارەوه حەل دەبێ لەدەرەوەیدا ، وێنەیەکی بەکۆمەڵە، تاوانبارێکه بەسەریا دادەبەزێ ، جا بۆ ئەوەی تەئکید له درۆی کەسێتییەکان بکات جان جینه هەڵدەستا بە کاری تەعمید کردنیانو چەندین ناوی لێدەنان، ناوی شتەکانو سیفەتاکان چەند ناوێ که ڕەمز کاری بوون، دەلالەت کاری یاخود مانای مەجازی دەبەخشی، هەمیشه به حەرفی کەپیتەڵی دەنووسینو دەیکردن بەناوی عەلەم بۆ نموونە:

(پیاوکوژه گەنجەکە) مەبەستی لە-قەددیسەی گوڵەکان بوو، یوفیر مەبەستی چاوی کەسك بوو، کیریل واتە (بە شەرهاتن).

ئەو کەسێتییانه له شانۆی جان جینه دابەش دەکرێنه سەر دەسەلاتدارو ژێر دەسەلات، لە (خزمەتچییەکان)دا گەورەی ماڵو ژنەکەی له بەرامبەر سولانجوکلیر دان، له بانێژه کەسانی بانێژه له بەرامبەر سادەکان ئەوانەی سەر لەماڵی وەهم دەدەن، لە زنجییەکاندا ڕەشو سپی دەبینین، لە- پەنا خۆڵ-دا کولاونیالیستو سەر کێشەکان ئێستا چ ڕێگەیەك هەیه تا لەداهێنان بگەین؟

لەبارەی ئەو پرسیارەوه سارتەرولوسیانو گولدمان دوو وەلامی جیایان هەیە:

سارتەر وای دەبینیّ کە جان جینە کەسێکە لە موعاناتی داهێنـان دەژیت کە لە موعاناتی دەروونی ئەوەوە نزیکە جگـە لـەوەی کـە وەك دەقێکی وجودی خۆشدەوێت ئازادی خۆی لە رێگەی پڕۆژەیەکی وجودی ئیجابی بە دەست هێنایەوە کاتیّ کە بە ئازادی خۆی ئـەوەی هەڵبـژارد کە ببیّ بە نووسەر ئەو کاتە بە قەددیسی شەهید ناوی برد.

## وەڵامی جۆراوجۆرو تێکچڕژاو

لە نەزەری سارتەردا هەمان ئەو تاوانبارە ئایدیالە کە تەواوی ووزەی خـۆی دەبەخشـی بـە قـەدەر لـە کەسـێتی قەددیسـەوە نزیـك بـوو، کەهەردوولا بۆ مەرگ هیلاك دەبوون، تاوانبـار لـە هەڵچـوونی بـەرەو تاوانکردنو قەددیس لە شەیدابوونی خـۆی بـۆ قوربانیـدان، کـە لـە هەردوو حاڵەتدا مەرگ کۆتایی حەتمی ئـەو پاڵەوانـە تراژیدیایانەیـە، ئەو مەرگەش تاوانبارو قەددیس دەکا بە شتێکی دەگمـەنو بـەجیلوەو هەیبەتەوە دەوریان دەدا.

سارتەر سەبارەت بـەوەی کـە خـەونی پێـوەدەبینی لـە پەرەپێـدانی وجودی ئەدەب هەوڵێدا ئەوە پیادەکاتە سەر جان جینە، کـە پەیوەسـت بوو بە بنەما فیکریەکانی فەلسەفی ئەوەوە، زات دەگـەڵ هەڵوێسـتی

هەڵبـژاردنی دونیـا تێکـدەگیرێن هەڵوێسـتی ئەوانـەی هەسـت بـە غوربەتو نـامۆیی دەکـەن، پاشـان ئەوەنـدەی پێنەچـوو کـە پـڕۆژەی داهێنانی ئەدەبی خۆی هەڵبژارد، گـۆڕانی وەزعییـەتی حاڵـەتێك لـە پێناوی دامەزراندنی وەزعییەتێکی تازەی هەڵبژارد.

شـتێکی سروشـتییە کـە تـەنها سـایکۆلۆژییەتی سـارتەری فینۆمنیۆلۆژی دەتوانی بڵێ کە لە بەرهەمەکانی جان جینـە دەگـات، لەو کاتەی کە هەڵوێستی ئیرادی خۆی لـەرێی چـەمکی بۆچـوون یـا قەسد وێنە کردو دیدگای مارکسیەتی راست کردەوە کـە وای دەبینـی هەستو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان دەکا بەشـت یـاخود دەگشـتێنێ هەرواش دیـدگای لێتۆژینـەوەی دەروونـی کـە شـتەکان بەرەوچـالاکی نەستی دەبات لادا.

لای سارتەر روداوی گرنگ لـە ژیـانی تاکـە کەسـدا هەڵبـژاردنی ئازادانەو هۆشـیارانەیە بـۆ خـۆیو بـۆ دونیـا لـەجیاتی ئـەوەی کـە ئیپۆتیزی چینایەتی بکـرێ وەك مـارکس وایـدەبینێ، یـاخوود بـوونی گرێیەکی شاردراوە وەك چۆن فرۆید پیلەی لەسەر دەکات.

بەو رووداوە یەکلاکەرەوەیەش دەتوانین لە رێگەی ئەوەی کە ناوی نـا (میتۆدی پەرەسەندن ئامێز- پاشەکشەکردن) روون کەینەوە، کە ئـەو غایەتانە لێکدەدا کە سلوك بـەرەو ئایـندە دەبـەن لـە رێگـەی ئـەو

خیبراتانـــەی بـــەرەنجامی منـــاڵین و دەرەنجـــامی زروفـــی کۆمەڵایـــەتی و مێژووین لە راڤەکردنی پەیوەنـدی داهێنـــەر بـــە خیـــبرەی ئیســـتاتیکی "دەمـــەوێ ســـنووری لێکۆڵینـــەوەی دەرونـــی و راڤـــەی مارکســـی روون بکەمەوە، تەنها ئازادی دەتوانێ راڤەی کەسێتی بکـات لـە هـەموەتی خۆیدا، هەروەها ئەو ئازادییەی لە کێشە لەگەڵ قەدەردا وەدەرخەم کـە سەرەتا وا خەیاڵ دەکرێ وردوخاش بووە بـە حەتمیاتانـەوە پاشـان لێـی هەڵگەڕاوەتـەوە هەرسـی کـردووە، هـەروەها بەڵگەبەنـدی بکـەم کـە عەبقەرییـەت هیبەیـەك نییـە، بـەڵکو ئـەو رێگەچـارەیەیە کـە دەیدۆزێتەوە لە هەڵوێستی بێ ئومێدیـدا هـەروەها ئـەو هەڵبژاردنـە بدۆزمەوە کە نووسەر بۆ خۆی و ژیانی خۆی دەکات هەرواش بۆ مانـای بوونی، ئەوەش هەتا شێوازو پێکهاتەی وێنـەو خەسـڵەتەکانی زەوقـی دەگرێتەوە.. هەروەها بە درێژی باس لە مێژووی رزگارکردنی بکەم.

دەبا ئێستا لە ئاستی چەند وەڵامێکی دیکە چۆن باس لە جان جینە دەکات؟ لوسان گولدمان دوو هۆی گرینگ دەهێنێتەوە لە بایەخی بـۆ جان جینە، یەکەمیان ئەو لێکچوونەیە لە میـانی دونیـای کارەسـات ئامێزی ئەو، ئەو دیدگایەی جان جینە بۆ بینینی دونیایەك کە وێنەی کۆمـەڵانێکی بـە پـەراوێزکراوی کۆمەڵگـەی پیشەسـازی هاوچـەرخ دەکـات، دووهـەمینیان پیـادەبوونی هەنـدێ لـە روداوی مێـژوویی

کەرەنگە ئەو هۆشی پێ نەکردبێ لەگەڵ داهێنانەکانی کە تەئکیدی ئەوە دەکەن کە دژایەتییەکی بنەڕەتی هەیە لەمیانی چینەکاندا، هەروەها دان پیانانەکانی بەوەی کە مەحاڵە چینی باڵا دەست لە بێن بچێ.

لوسیان گولدمان بونیاتگەرییە بەڵام بونیاتگەرییەکی شەکلی نییە تا جان جینە لە روانگەی کەتە گوریای زمانەوانییەکانی خۆی هەڵبسەنگێنێ بە"دەنگ دارِشتە،لەفز، رستە..هتد. بەڵکو دەیخاتە ناو بزاوتی مێژوویی کۆمەڵایەتی کەتیایا بەدیار کەوت وەك جۆرێك لە شۆڕشی دژو رەنگێك لە رەتکردنەوەی مازوکییانەی دونیای بۆرژوازیو کۆمەڵگای دەسەڵاتو موڵکداریکردن، کە لەسەر درۆو شاراوەییو قەهرو باڵادەستی بەسەر کەمینەوە دروست بووە.

ئا بەجۆرە رۆمانەکانی جان جینەو شانۆکانی بە پێی بۆچوونی گولدمان گوزارە لە توێژێکی کۆمەڵایەتی دەست نیشانکراوی کۆمەڵانێکی بە پەراوێزکراو دەکاتو رەفزی کۆمەڵگەی بنەرەتی ئەو توێژە دەکات کە هەست بەوە دەکات، لەوەشەوە دەگاتە ئەوەی کە ئەو توێژە دیدگای هەبێ بۆ دونیا هەروەها جان جینە لە کارەکانی شانۆیی خۆیدا لەشەستەکان لەگەڵ دیدگای یەساری فەرەنسی دەگونجا لە تەئکیدکردنەوەی ئەوەی کە دژایەتییەکی بنەڕەتی هەیە لە میانی

چینەکانوزەرورەتی پاراستنی ئەو دژایەتییە، هەروەها دانی بەوە ناوە کەرۆحی شۆڕشگێڕی لەناو کۆمەڵگەی خۆرئاواییدا بوونی نیە.

گوڵدمان باس لە دوو قۆناغی جان جینە دەکاتو لێکیان جیا دەکاتەوە:

یەکەمیان: قۆناغی فەوزەوی کە تیایا سانسۆرێکی توندوتیژی نووسیوە لەوێدا چارەسەری رەفزکردنەوەی بکوژانو لۆتییەکانی کردووە، کە ئەوانە نوێنەرایەتی هەموو کەسێیەتیەکانی شانۆ دەکەن بۆ ئەوەی بکەونە ژێر باری ئەو کۆمەڵگەیەی کە رەتیدەکەنەوە. بەڵام قۆناغی دووەم هەموو شانۆگەرییەکانی دیکەی دەگرێتەوە، کەتیایا باس لە گێرمەوکێشەی نێوان گەورەو بچووك دەکات،یاخود بە مانایەکی دیکە تەئکیدی کێشەی چینایەتی دەکات.

جان جینە لای سارتەر زاتێکی فەردیە وەك حاڵەتێك لە میتۆدی خۆیدا تواندویەتیەوە بەو شێوەیەی کە هەوڵێك نییە بۆ تێگەیشتن لە کارامەیی نووسەر لەرووی ئیستاتیکەوە، سارتەر بەهێزی زیرەکی خۆیەوە تەمسیلی-دیناسور-ی رۆشنبیرانی فەرەنسای دەکرد، ئەدیبانی دەخستە ژێر هەمان ئەو چارەسەرییەی کە فەیلەسوفەکان دەخزانە ژێریەوە ، هەر لەم رووەش ئەو رێگەی کە گرتییە بەر بۆ شەتەکدانی بیروڕای (بوونوزەمان)ی هایدگەر لە کتێبەکەی خۆیدا (هەستو

نیستی) دەلالەتێکی ئەم قسەیەیە ئێمە لەو دەقەی سارتەردا هایدگەر ناناسینو دەبێتە کەسێکی سارتەری هەمان شێوەش لە چارەسەرییەکانی بۆ بیروباوەڕی (کارل مارکس) دەبینین لە کتێبەکەی خۆیدا کە ناوی (رەخنە لە ئەقڵی جەدەلی)یە لەوێدا مارکس بۆتە بیریارێکی سارتەری، بە هەمان شێوەش لە خوێندنەوەی بۆدلێر یا مالاریەوفلۆبیرو جان جینە، کە بە رێچکەیەکی سارتەری دەیخوێندنەوە، وای لە وانە دەکرد کە چەند نووسەرێك بن خزابنە نێو بیرکردنەوەی ئەووەوە، بەڵام جان جینەو گوڵدمان زاتێکی کۆئامێزو- فەردیە-، لە چارەسەریەکانیدا چەند وەڵامێکی کۆمەڵایەتیو مێژوویی سەبارەت بە داهێنانەکانی پێشکەش کرد، کە دیدگای بە پەراوێزکراوەکانی شەکل دەکرد دەکرێ بڵێین سارتەر خۆی لە رەگەزەکانی جوانی ژیانی جان جینەوکارەکانی ئەیان کرد لەو کاتەی کە موبالەغەی کرد ئەوە دەرخستنی رزگاری تاکە کەسیو ئازادی زاتی، وای دەرخست کە جان جینە تەنها بەدوای ئازادییەکی تۆباویدا دەگەڕێو بەسو دابڕاوە لە کۆمەڵەکەی خۆیو خزاوەتە نێو دونیای بێهودەییەکەی خۆی، هەر بۆیەش سۆسیۆلۆژیای گوڵدمانی بونیاتگەری زاڵ بوو بەسەر سایکۆلۆژیای سارتەری فینۆمینۆلۆژی لە تێگەیشتنیان بۆ داهێنانی جان جینە.

واته هەردوکیان سارتەرو گولّدمان لایەنی ئیستاتیکی داهێنانی جان جینەیان پشت گوێ خست ئەوەش بە پێی بۆچوونی جاکۆبسن کاتی تەنها بۆ مەعریفەتیان دابەزاند، جا بەهۆی جەووانیەتی هۆش بێ لای سارتەر یا بە بەڕڕانیەتی بونیاتی دالّ بێ لای گولّدمان.

## زمانی قەرەجی

ئەوەی کە دەچێتە سەر کارەکانی جان جینە جوانیەتی کە تەمینی بۆ چەند وەبیرهاتنەوەیەکی رەش، بە شوشتنەوەی لە زەیف تا ئەو سنووره رەش کاتەوە لە میانی کەونی رۆژانە (کەوەسفی دەکرد) لە کەونی بەلاغی (کە دەیدواند) هەر لە هەولّی خۆی بۆ تەمینی کردنی ئەو واقیعە جان جینە هەمیشە بیری لە (گولّەکان، پرچی باڕۆکە، ئەسپەکان.. هتد) دەکردەوەو بە ئاسەواری پرۆسیسی دەقئامێز دایدەڕشت، لە هەموو رۆمانو شانۆگەرییەکانی ئامادەیەکی هێجگار زۆری گولّ هەبوو، گولّ بۆتەرخانبەندیو هەندێك بۆ خۆشاردنەوەو هەندێکیش بۆ کوشتن، بەلاّم بزاوتی ئەسپەکانی بۆ مەجاز وەردەگرت بۆ ناونانی چوونە ناو دەقێك بەسەر دەقێکەوە (ستیلیتانو) یەکێ لە کەسێتیەکانی شانۆی (رۆژانەی دزێ) هەمیشە هێشووە ترێیەکی لە پلاستیك لە شوێنێکی حەساسی جلی ناوەوەی دادەنا کە ئیحا بۆ ئامێرێکی گەورە دەکا تا تیایا قوداسێکی خودا گوناهو قولابیو

بەتامو ترس بهێنێتەدی، کەواتە شانۆیی کوشتو بڕین بوو ئەوە هەڵدەگرێ بەرەو (ناشانۆ) تەئویل بکرێ، ئەم تەمینی کردنەی بۆ واقیع وای لێکرد کە زمانیش تەمینو کەدی بکات بە مانای یاری کردن لە فەرهەنگو دەلالەتەکانی زمان، ئەمە لای ئەو هەولێکە ئەنەمۆرفوس کردنی تا وێنەیەکی تاریکی وەك وێنەی ئاوێنەییێکی شێواو دابڕێژێ.. بەجۆرە زمان لای جونیەو بەم شێوەیە بەردەوامی نەدەما، ئەو لە جیاتی ئەوەی پردێك لە نێوان خۆیو ئەوانی دیکە دروست بکات...بەینەکەی قوڵتر دەکرد، ئەوە وەسیلەیەك بوو بۆ درۆو ڕیا.

گومانی تێدانییە ئەو زمانە زمانێکی تایبەتی بوو، هەر بۆیەش لە هجەی تایەفەیەکی میللی باشتربوو بۆ کەسێ کە دەوری پەراوێزی قرتێنەری دەبینی.

جان جینە دەڵێ" کچەکان لە قاتی سەرەوە زمانی تایبەتی خۆیان هەبوو بەڵام (ئەرجو) پیاوەکان بەکاریان دەهێنا، زمانی نێران بوو، زمانی پیاوانی هەرێمی کاریب رەمزێکی سێکسی زۆربوو، لە رەنگی جوان دەچوو وەكو پەڕی نێرەی مەلو جلی حەریری رازاوە کە جەنگاوەرەکانی هۆز لەبەریان دەکرد.

زمان لای جان جینە تەون دەکراو درەوشـاوەیی خـۆی وەردەگرتـەوە، بەهۆی نارازی بـوونی بـۆ بـەکارهێنانی گشـتی بـەهارێکی شـاعیری جیهانی وەردەگرت تووشی داوی خۆی دەکردین، هەروەها زمانی نووسین لای ئەو وەك زمانی خەون وابوو کە عەدەمی بەرجەستە دەکردو چرێتی واقیعی دەخستە سەر وەهمەکان، لەلایەکی دیکە وەك کوتین وابوو کـە نمایشـی رەمزێکـی دەکـرد بـۆ هەڵبـژاردنێکی بـە پێچـەوانەیی ئـەم شیعرییەتە باڵایەی ئەم زمانەی تا مەرتەبەی قودسیەت بـەرزدەکردەوە ئەو گەرەکی بوو لەرێگەی وەحیو ئیلهام گیانی خودی زمان ئیلهامدار بکاو گەوهەری شاردراوەی زمان وەدیبهێنێ.

بۆ ئەو مـەبەستە نەقسی ناوەوەی رستە سـەر هەڵدەگەراودەشـڵەژاو ئیدی خاوبوونەوەی پەخشان ئامێز هێـزی ئـەوەی نـەدەما ئـەوەی کـە روویدەدا وەریبگرێ، ئەو رووداوانەی نـاوەوەو دەرەوە بەیەکـەوە، کارەکـە پێویستی بە سەرنج پێـدان نـەبوو چـونکە مەسـەلەیەکی کیمیـاییو ئۆرگانی بوو لە هەمان کاتدا کیمیاییەکی ئازار بەخش چونکە رەسدی زمانی لە بزاوتێکی ستوونیدا دەکـرد، هـەروەها رەسـدی زمـانی لـە برینی چینەکانی ژێرەوەی دیمەنێك یا دەنگێك دەکـرد ئـەوەش گێـژەنی جەستەو دەلیل بوو بەیەکەوە.

ئـەوە بزاوتـی بـەردەوام بـوو کـەزاتی تێدەکـەوت کـە بـە دوای کەش‌وهەوای واقیع‌وزماندا دەگەڕا تـا دەقێکـی لـە گەمـە ئـاخنراوی دوولەت بوون‌و هێشوی لەفزی‌و دەلالی بدابەدەستەوە، دەقێـك کـەیاری بەسەر مانای حەرفی‌و تەمسیلی‌و تەئویلی ووشە بکات هەروەها یاری بەسـەر جیناسـی لـەفزی بـەش ئـامێزەوە بکـات تـا ببێتـە دزینـی کلیلـەکان‌و تەقینـەوە لـەناو لیتـاوداو لـە جۆقـەی ئـەو زەنگانـەی کەلێدەدران.

## جان جینەی شۆڕشگێڕ

لە شەستەکاندا شڵەژانی چینی ئەنتلحنسیا لە گوتارو پرۆژەکـانی فەرەنسای دیگۆلی وەدیار کەوت کاتێ کە لە ساڵی ١٩٦٦جـان جینـە (مەرگی شانۆی) ڕاگەیاند چـیدیکەی نەنووسـی، ئـەم ڕاگەیاندنـەش سەرەتای فیکری ڕاستی ڕووداوی مایۆی ١٩٦٨ بوو کە بـە ڕاپـەڕینی قوتابییانەوە ناودێرکرا، هەر ئەو کاتەش جان جینە خۆشەویسـتی خـۆی لە شانۆوە گۆڕی بـۆ بـەرگریکردن لـە چەوسـاوەکانی دونیـاو کێشـە عـادیلـەکانیان، پێشـتر شـانۆگەری (سـاترەکان) کـە بەرهـەمی ڕووداوەکانی جەنگی ڕزگاری جەزائیر بوو هەراو وەنـای نـابۆوە کـە لـە

پاریس پێشکەشکرا لە ساڵی (١٩٦٠) چەندین هەوڵدرا بۆ راگرتنـی لەلایەن سوپای فەرەنسی کە لایەنگری جەنگ بوون، جان جینە دەگەڵ هەمان کۆمەڵە بە پەراوێزکراوەکاندا وەستا کە خۆی باسی دەکردن، لە گـەڵ زنجییـەکان (پڵنگـە رەشـەکان)و (شۆرشـگێڕانی ڤێتنـام)و یابانییەکانو کرێکارە راگوێزکراوەکـانی فەرەنسـا هاوسـۆز بـوو، دژی سیاسەتی رەگەزپەرستی باشووری ئەفریقیا بوو.

لە ساڵی (١٩٨٣)دا (جـاك لانـج)ی وەزیـری رۆشـنبیری فەرەنسـا (جائیزەی گەورەی نیشتمانی بۆ ئەدەب) دەدات بـە جـان جینـە بـەڵام لەبەر نەخۆشی نەیتوانی بچێو زنجێکی لە دوورگەی ئەنتیلدا دەنێـرێ تا میدالیاکە وەرگرێ، لە ساڵی (١٩٨٥)دا سـەرەتانی گـەورەی زیـاد دەکات کە پازدە ساڵانی خایانـد ئـەو کـات بەشـی یەکـەمی کتێبـی (عاشقێکی دیل) چاپ دەکات.

لە ١٥ی ئیپریلی ١٩٨٦و دوای کۆچی دوایی سیمۆن دی بۆڤوار بە رۆژێك تەرمی جان جینە لە ژووری هوتێلێ لە پاریس دەدۆزنەوە، تەنها مرد بەبێ ناونیشان، قەت لە ژیانیدا ناونیشانێکی هەمیشەیی نـەبوو هەر لەو رۆژەوە کە دایکی لە سەر یـەکێ لـە شۆسـتەکانی شـەقامدا فڕێیدا..بە رێبواری ژیاو لەهوتێلێکەوە دەچوو بۆ هوتێلێ..تەمەنی لـە ٧٥ ساڵ تێپەڕی کردبوو، هەموو شتە خۆشەویسـتەکانی خـۆیو ئـەو

کابوسانەی کـە قـەت ئـارام نەدەبوونـەوە بەجێهێشـت.. قاشـوانیێمان پێکردوو بەسەر چوو، ئێمەی بەبێ هیچ شەرمێك بەجێهێشت وەك بڵێی هەمیشە پیلەی لەسەر ئەوە دەکرد کە بەهێزتر بێ لە شـکایەتێ کـە بەدرێژایی ژیان نەیکرد..

ئا بەمجۆرە جان جینە قسـەی خـۆی کـرد..وای لـە ئێمـە کـرد کـە رووبەرووی پرسیارە داخراوەکانمان ببینەوە،پرسیارەکانی خۆمان دادگایی بکەین بـۆی بگـرین یـان بۆخۆمـان بگـرینو لـەبیر بکـەین، ئەگـەر لەبیرکردنی زاکیرەی هەبێ،ئـەو جـان جینـە بـوو، کـە سـرووتەکانی خیانەتمان لێدەکاتو دڵی پڕلە زەیفمان داگیر دەکـات، ئـەو کەشـفی هەڵـەی ئـەو شـتانەی دەکـات کـە پـێی» دەڵـێن حەقیقـەتو گوناهەکانمان....

## جان جینەو بیروڕا جیاجیاکان

جان جینـە هـەر بەتـەنها تەقدیسـی شـەڕی نـەدەکرد، بـەڵام لـە قەداسەت نەدەگەیێ بەهۆیەوە نـەبوا، عـەیب لەنـەزەری ئـەودا تاکـە چاکەیەو دزیش ئەو پاکییەیە کـە دەکـرێو رێـی پێـدەدرێ، ئـەو لـە دۆزەخێك نقووم بووبوو هەمیشە بەدوایا رایدەکرد پێی وایە بەهەشـتە،

پێی وابوو هیچ رزگارییەك بۆ مرۆڤ نییە تەنها بەوەی كەزەلیل بكرێ..هەرچەند زەلالەتی زیاد بێ بەختی بۆ رزگاربوون زیاد دەبێ: p.٣٩٠ Deboisdeffrep.dictionnaire جان جینە دەڵێت:

پیاوی بكوژ كەسێكە ناچارم دەكات رێزی بگرم نەك لەبەر ئەوەی خودانی ئەزموونێكی دەگمەنە، بەڵكز لەبەر ئەوەی لە هیكەوە وەك خودایەك قیت دەبیتەوە سەر عەرش هەرچەندە ئەو عەرشە لە چەند تەختەدارێكی بە جوڵە دروستكراوە لە هەوارێكی لازوردیدا راوەستاوە، هەڵبەت من باس لەبكوژێكی خودا ناوەعی دەكەم، بەڵكو ئەو سوخریەتكارەی رۆحی لێ سەندی كردۆتە ئەركی سەر شانی بە بێ ئەوەی پشت بە دەسەڵاتی ببەستێ هەر جۆرێ بێ،ئەو سەربازەی كە دەكوژی هیچ لێپرسینەوەیەكی ناكەوێتە سەرشان، هەروەهاش شێتەكان یاخود ئەو كەسەی كە دڵنیایە لە بە دەستهێنانی (سەكی غوفران)Genet notre-dme-oesfleursp. p٦٣ (دووبارە قسەكردن لەبارەی قودسیەت بەبۆنەی بەندیخانەو دوورخستنەوە واتان لێدەكات ونتان وێك بكەوێت، چونكە لە تامی ترشاتی رانەهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ژیانەی كە دەژیم چەندین رەنگی هیجرەت كردنی تامی ژیانی دەوێ، زۆر لەو داواكاریانە دەچێت كە كلێساكان لە

قەددیسی دەکەن،جگە لەوەش قوددسیەت بە خورتی دەرگاییٚ دەکاتەوە کە بەسەر دونیای لەرادەبەدەری هیٚزەوەیە.

هەروەها لە ریٚگەی ئەوەی چۆن رابەرایەتی ئیٚمە دەکات بـۆ ئاسمـان لە ریٚگەی گوناهەوە ئیٚمە قودسیەت بناسین"

genet. j. miracle de la rass. p٢٥٥

سارتەر دەلٚیٚت: جان جینە شـەڕی راسـتەوخۆو کارەسـات ئـامیٚزی کەشف کرد کە ئەویش (تاوانە) بۆیە قەت نابیٚتە تاوانکار بەلٚکو ئەو تەنها دەبیٚتە جەرسومی تاوان هەروەها یەکیٚ لە مشەخۆران قڕتیٚنەری شەڕ، خیانەت بەبیٚ گومان تـاوانیٚکی مشـەخۆرە مادامـەکیٚ بەسـەر تاوانیٚکی دیکەوە دەبیٚ، تاوانی پلە دووە، بـە دەسـتەواژەیەکی دیکـەوە تاوانی دژە،ئەوەش تەواو مەبەستی جان جینە بوو، ئـەو بڕیـاری دابـوو کە"ئەو دەبیٚتە خائین" sartre. p:sain genet. p١٦٤

سەرچاوە:

المنار ژمارە ٥٤ یونیو، حوزەیران ص١٣٤

شخصیات ومذاهب فکریة

جان جینة والکتابة علی الجسد

د. محمد حافظ دیاب

من تەواو پابەندی وشە بە وشەو دێڕ بەدێڕی ئەو سەرچاوە نەبووم‌و هەوڵمداوە چی زۆر بەسوودەو بایەخی ئەو شتانەی تێدایە ئامادە بکەم‌و وەریبگێڕم‌و ئەو کارانە بکەم کە بابەتەکە بەیەکەوە پەیوەست بدەم

## دوو ڕێدۆز بۆ فەلسەفەی مێژوو

گەلاَ سپییەکانی مێژوو وەها دێتە بەرچاو کە رابردووی ئێمە بە چەسپاوی‌وپایەداری‌و پارێزراوییەوە بەدوامانەوەیە، ئایندە ئێمە سەقامگیر نییە، بەلاَم کراوەو بەرفرەیە، دەتوانین رابردوو بناسین، بەلاَم دەربارەی ئایندەمان تەنها ئەوەندە دەتوانین کە دەست بە لێکۆڵینەوەی تیۆری بکەین، ئیستا ئێمە نەتوندو پوندەو نەپارێزراویشە، بەڵکە پەی دەر پەی‌و بە پەلە دەبێتە رابردوو، تەنها لەرێگەی راڤەکردنی رابردوو پاشان بینینی ئێستێ لە نێو عەدەسەکانی ئەو راڤەیە دەتوانین خۆمان لە جیهانێکی پایەداردا سەقامگیر بکەین.

ئەگەر نەتوانین بزانین چی دەبێ ئەوە توانای ئەوەشمان نابێت بڵێین ئێمە کێین؟ لانی کەم لەروودا دەتوانین بزانین کە ئێمە چی بووین، بە ناسینی ئەوەش کە ئێمە چی بووینە کەشفی دەکەین ئێمە چ کەسانێکین؟

ئێمە مێژووین‌و مێژووناسین، نەك تەنها راڤە دەکەین کە چی بووینە؟ بەڵکو پێویستییەکی قووڵمان بەوە هەیە کەوا بکەین، هەر خوێنەرێ ئا لەو کاتەدا ئاگاهی وەدەست دەهێنێ سەبارەت بەخۆی تا ئەو لەحزەیەی کە لە رابردووی کەسێتی خۆی ریوایەتی دەدا بە

دەستەوەو بەردەوامیش بەسەریا دادێتەوە، ئێمەش ریوایەتی گروپی جۆراوجۆرمان بە دەستەوەیە، کە پێیانەوە بەندین، وەك خانەوادەكانی خۆمان وەدەستمان هێناوەو بەردەوامیش پیایانا دێینەوە، ئەم ریوایەتەش زێتر لە ئەنجامی پێداویستی زۆری ئێمەیە بە هەبوونی پێناسەیەك، ئیمڕۆش كە هەمان ئەو كەسەین كە لە بوونی ئەو بەشداری دەكەین، بەرهەمی هەمان ئەو ریوایەتەیە.

راڤە كردنی خۆمانە كە ئێمە دروست دەكات، دەستمان پێدەكات، كاری نە پیشەیی راڤە كردنی مێژوویی تاكە كەسیو مێژووی كۆی ئێمە لە چالاكی مێژوو بینانی پیشەیی راڤە كردنی مێژوویی كۆمان رەنگی خۆی لە دەست دەداو دەدۆڕێنێ، پرسیاری بنەڕەتی خوێندنەوەی مێژوو چی روویداوە؟ بۆ روویداوە؟ مانای چییە؟ پێویستی بە زانینی واقیعییەتە، پرسیاری دووەم پێویستی بە روونكردنەوەو بەیانكردن هەیە، هی سێیەمیش پێویستی بە مانا یا بایەخ هەیە، هەموو گێڕانەوەیەكی مێژوویی لانی كەم وەڵامی پرسیاری دووەم دەدەنەوە، بەڵام راڤەكردنی بنەڕەتی وەڵامی هەر سێ پرسیار دەداتەوە، تەفسیری مێژووی، شوێنی خستنەڕوو یان لەنێو فەلسەفەی مێژوو شایستەی فەرامۆشكردن نییە، ئەوە گەر لەسەرەتاوە تەفسیری مێژوو لە ئارادا نەبێ، ئەوا فەلسەفەی مێژوویی لە ئارادا نابێ، بەڵام فەلسەفەی

مێژوو بەهەمان ڕێژە شایستەی قبووڵ نەکردنی نییە، چونکە تەفسیری مێژوویی (ڕاڤە کردنی مێژوویی) هەیەو مرۆڤی ئەندێشەمەند لە پرسیاری فەلسەفی لەبارەیەوە خستۆتە ڕوو.

ئایا ڕاڤەی مێژوویی چییە؟ بۆچی ئێمە ڕابردوومان ڕاڤە دەکەین، بۆ بە شێوەیەکی دیکە کار ناکەین یاخود لە ئەسڵەوە دەست بە ڕاڤە دەکەین؟ سوودو بایەخی ئەم خاڵە لە چی دایە کە دەست دەکەین بەڕاڤەکردنی ڕابردوو، ئەوانە هەمووی پرسیاری ئەسڵی فەلسەفەی مێژوون، یەکەمین جار پێویستیان بە واقیعییەتەو دووەم بە ڕاڤەکردنو سێهەمیش بە ماناو بایەخ، هیچ فەلسەفەیەکی مێژوویی تەواو نییە مەگەر ئەوەی کە وەڵامی هەر سێ پرسیار بداتەوە.

وەك چۆن پرسیاری بنەڕەتی فەلسەفەی مێژوومان خستە ڕوو،ئیدی ڕابردوو هەمان ڕابردوو نییە کە هەبوو واتە سەقامگیریو پایەداریو پارێزراو (واتە نابێ کەس دەستی لێبدات) شتێ کە بتوانێ سەقامگیرو پایەدارو پارێزراو بێت ئەو شتەیە کە لە پشتمانەوە بێت.

ڕابردووی ئێمە لە دوامانەوە نییە-لەوانەیە ڕابردوویەك لە دواوەی ئێمە هەبێ-ئێمە واگریمانەی بۆ دەکەین، ئەو ڕابردووە ڕەنگە شتێ بێ لە واقیع ڕویداوە بەڵام گۆشە نیگای ئێستامان (وەك چۆن ئێستە دەیبینین) ڕابردوو بەسەر چووە، ڕابردوو کاری کردۆتە سەر ئێستا،

بەڵام تا ئەو رادەیەی کە نازانین چی بووەو چۆن ئەو کارگەرێتیەی خۆی بەجێهێشتووە؟ واتە رابردوویەك کە شایستەی سوود لێوەرگرتن نییەو رابردوویەك کە شایستەی سوود لێوەرگرتنە، شوێنی خۆیان لە راڤەکردنی مێژووی ئێمە کردۆتەوە.

ئەم تەفسیراتەش لە ناوەوەی ئێمەدا شوێنی خۆیان هەیە، لەسەر بناغەی تێبینی نەزەری لەنێوان هەمان رابردووو رابردووی خۆمان، ئێمە جیاوازی دەکەین لە میانی ئەو شتانەی لەواقیعدا روویان داوەو باشترین ئەو راڤەکردنانەی کە لە واقیعدا (بەواقیعی) روویان داوە، بەهۆی تێبینی پراکتیکی ئەو جیاوازییە لەنێواندا هەڵدەگیرێتو نامێنێت، ئێمە راستەوخۆ رابردوومان لەبەردەست نییە، بەڵام تەنها ئێستاو رابردووی خۆمان لە بەر دەستایە بە شێوەیەکی راستەوخۆ، رابردووی ئێمە رابردوویەکە (لە ناخەوەمان دایە) ئەو رێگایانەش بۆ دووبارە دروستکردنەوەی رابردوو لەوانە سوود وەردەگرین.

ئێمە دەتوانین رابردوو لە چەند رێگایەکی زۆر جیاوازەوە هەتا لێکدیگێرەوە راڤە بکەینو رێگایەك هەڵبژێرین، بەڵام بەسەر چ بناغەیەکەوە؟ ئەم هەڵبژاردنە تا چ رادەیەك نیشاندەری تەرجیحی زەینو کەسێتی یا گروپ گەرێتییە؟ تا چ رادەیەك پەیوەستە بە بەڵگەنامەکانو ئەو بریارانەی بۆ راڤەکردنی بەڵگەکان بەکاریان

دەهێنین؟ ئایا راڤەکردنی بەڵگەکان هەڵبژاردەیی واقیعگەرێتی بۆ بڕیارەکان هەیە؟ ئەگەر نییە؟ ئەگەر هەیە چییە؟ بۆچی ئێمە ئەوانە هەڵنابژێرین.

چۆن وەڵامی ئەو پرسیارانەو پرسیاری وا بەستە بەمانەوە بدەینەوە؟ بێ دوودڵی یەکەمین هەنگاو لێکۆڵینەوەیە لە تەفسیری مێژوویی، بۆ ئەوەی پەی بەوە ببەین کە تەفسیری مێژوویی چۆن‌و تاچ ئەندازەیەك بە بڕیارداوی ئاشکرا دەستنیشان دەکرێ، ناچارین بایەخ بەجوزئیاتی تەفسیری مێژوویی بدەین.

هەرچەند وردتر سەیر بکەین رابردوو کەمتر بەچەسپاوی دێتە بەر چاو، بەو جۆرەی کە ئێمە دەمانەوێ کەمتر سەرچاوەی پایەداری پارێزراوییە، لەم رووەوە هەر کاتێ تەفسیری مێژووی جیهانیمان سەبارەت بە پایەداری پێشکەش بکات‌و بخاتە روو ئەوانە فەلسەفەی مێژوویی ئەم جیهانە هەڵدەرێژێ، رەنگە یەکێ لە بەڵگە قووڵ‌و پەنهانەکانی ئەوەی کە مێژوونووسەکان زۆربەیان دوژمنی فەلسەفەی مێژوون هەمان ئەوە بێ.

ئامانجی سەرەکی ئەم نووسینە زۆرتر ئامانجی رەوشی ناسین‌و گۆڕینی رێڕەوی رێدۆزی ئێمەیە بۆ فەلسەفەی مێژوو .

خاڵی عەزیمەتی ئەوان زیاتر وشەی (بـەیان کـردن)- (عیللـەت)ە نەك بونیاتی ناوداری تەفسیری مێژوویی، بە ناونیشانی بەدوا داهاتنی ئاسایی ئەم فەیلەسوفانە لەسەرەتادا بۆ شتێك چووینە کە لە ئەسـڵدا دەکرێت هەبێ، نەك بە فیعل یا بە شتێ لە واقیعیدا رەنگـە ئیمکـان بێت.

میراتی ئـەم رێگـە دۆزە هـەتا ئەمڕۆکـەش جێکـاری فەلسـەفەی مێژووییەو کاری پێدەکەن.

ئەو رێگەیـەی کـە بـە لـەباری دەزانـین ئەوەیـە کـە ئـەم واز لـە کارپێکردنی شـیکردنەوەی نـەزەری بهێـنین‌و لـەجیاتی ئەمـە بـەرەو تەفسیری بەراستی مێـژوویی بچـین کەشـفی ئـەو بڕیـارە بەدیهییانـە بکەین کە دەیان کەینە بەردی بناغەی راڤـەکردن، وەك چـۆن دەبیـنین کە بۆ ئەوەی ئەم دیدگایە بۆ تەفسیری مێژوویی واقیـع بینانـە بێـت، دەبێ لە گۆشە نیگای پراکتیکی سەرچـاوە بگرێـت کـە بـە جیـدی‌و بەراسـتی زەن بـۆ دەسـت نیشـان کراوەکـان بکـات، ئـەو دەسـت نیشـانکراوانەی کـە مێژووییـنـەکان کـاری بـۆ دەکـەن لـەکاتی ئیشـکردنیاندا ،واتە لـە گۆشـەنیگایەکەوە سەرچـاوە بگرێـت کـە هەوڵدەدات دەست نیشانی ئەوە بکات کە مێژوونووسان چۆن چۆنی لە هەوڵ‌و تەقەڵلادان تا بیسەلمێنن تەفسیری پەسندی ئەوان لە تەفسیری

رەقیبەکان چاکترە، ئەم ڕێگـە دۆزە ئەلتەرناتیڤـە نـاودەنێین (ڕێـدۆزی ئەزموونگەری) بـۆ فەلسـەفەی مێـژوو، کـە لـە بەرامبـەر ڕێـدۆزی تەقلیدیدا ڕێدۆزێکی ئەزموونگەرییە، ئەویش خاڵی عەزیمـەتی خـۆی لــە لێکۆڵینــەوەی واقیعییەتــدا وەردەگــرێ نــەك لــە شــیکردنەوەی چەمکەکان، کە ئەویش بنەڕەتیترین ئەو ڕێگایانەیە کە مێژوونووسـان لە ڕێگایانەوە ڕاڤەی خۆیان لە ڕاڤەی تەقلیدیەکان بە باشتر دەزانن.

ئێمەی فەیلەسوفەکانی سـەر بـە ڕێبـازی شـیکردنەوەی مێـژوویی ماندووبوینە لەدەست جیاوەزییەکانی کۆنینە، بەڵام بژاری فەلسەفیمان لەوەی کە بۆچی ئەم جیاوازییە کۆنینانە ماندوومان دەکەن....هێشـتا ئەوەمان بەیان نەکردووە، هەروا نیشانی دەدەین کە چـۆن چـۆنیەی تـا دروستی جیاوازی بیروڕاکان دەدۆزینەوە، بەو توانایە ڕووبەڕوو دەبینـەوە کە پەی بەوە ببەین بۆچی ڕێدۆزی سونەتیو نەزەری-تەقلیـدی- ئێمـە لــە فەلســەفەی مێــژوو بــۆ وەڵام دانــەوەی مەســەلە ئەسـڵییەکانی فەلسەفەی مێژوو گونجاوو لەبار نەبووە؟

پاشان ئاسانتر دەبێ ئەگەر ئەوە ببینین چەند پێویستمان بە گۆڕینی ڕێدۆزەکەمانە بە شێوەیەك کە لە بارتر بێت، لەبەر ئەمە دەلیلی ئێمە لەبابی ئەوەی کە چ شتێ لە ڕێدۆزی نەزەری بۆ فەلسەفەی مێـژوو بـە

نەقسی بنەڕەتی دەزانین ئەوە بەشێکی گەورەی بە دەلالـەت کردنـەکان (ئاماژەکان) دەربارەی رێدۆزی ئەزموونگەرییە.

رێدۆزی شیکردنەوەی فەلسەفی مێـژوو تـا ئەندازەیـەکی زۆر بـەم مەبەسـتە هاتۆتـە کایـەوە کـە کـەمو ئاسـتی رێـدۆزەکانی پێشـینە چابکاتەوە لە سەرانسەری دەورەی کلاسیکی خۆیدا رۆحی چکردنەوەیو شێتو شەیدایی بە ئاشکرای خۆی بۆ شیکردنەوەی نەزەری پاراسـتووە، ئەم دوو خاڵە سەرەتای دەستپێکردنی کیتابی (مورتون وایت)ە کە بە جوانی بەیانی کردووە.

خوێندنەوەیەکە لە فەلسەفەی مێژوو، رشتەیەکە لەگـەڵ رابـردووی چاكو خراپ ئێستاشی لەگەڵدا بێ شایانی رێزلێنانە، ئومێدەوارین لە ئایندەیـەکی رۆشـنتر....پێیـدا دەڕواو دەڵـێ: ئایـا قارەمانـەکانی ئەندێشە یا مەرجـە ماددییـەکان بـە تـەنهایی لانکۆڵـەی مێـژووی مرۆڤیان بەرجەستە کردووە؟ یـا نـا؟ بـەڵام زەمانـێ کـە فەیلەسـوفە هاوچەرخەکان، بە تایبەتی فەیلەسووفەکانی ئینگلیسی، ئەمریکایی، بایـەخی ئەکیـدی خۆیـان بـە مـەنتیقی زمـانو رەوشـی زانسـتو شـیکردنەوەی چـەمك دەدا، وەزعەکـە بـە تـەواوی گـۆڕاو، فەیلەسووفەهاوچەرخەکانی مێژوو لـەجیاتی ئـەوەی بکەوتبانـە دوای پێشـکەوتنی دەرەکـانی فەرهـەنگو شارسـتانی زێـتر بایـەخیان بـە

شیکردنەوەی ئەندێشەی زمانو زمانی مێژوویی‌دا، ئەوان نیگەرانی روونکردنەوەی تێرم ئامێزن (اصطلاح) کە مێژوونووسو موفەکیرەکان زێتر ئەندێشەی مێژوویی بەکاردەهێنن، بە تاسوقەوە بۆ بژارو هەڵگرتنەوەی رۆشنتر لە چالاکییە فیکرییە گەورەکانی مێژوونووسان هەنگاو هەڵێنن.

گەلا سپییەکانی فەلسەفەی مێژوو گەواهی بایەخداری بژارو هەڵگرتنەوەی چالاکی گەورەی فیکری مێژوونووسانن، بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم ئامانجەدا کارێکی دژوارە، بەلام ئایا- تێرمە روونکەرەوەکان- وەسیلەی ئەسڵی ئێمەن بۆ گەیشتن بەو بژارکردنە.

فەلسەفەی نەزەری مێژوو رەنگە لەگەڵ یۆنانییە کۆنینەکان لە زەمانی (قەدیس ئۆگستینۆس)ەوە دەستی پێکردبێ‌و لە دیدگای بەهێزی مێژوویی (ویکۆ، هیگل، مارکس) گەیشتە ترۆپك، لە سەرەتادا وەکو هەموو زانستێك لەبەر ئەوەی پێویستی بەرێکەوتنی نەزەری بوو، هاتنە کایەوە، لەزەمانی خۆشیدا وەلامێکی گونجاوی ئەم پێویستییە بوو، لەبارترین حاڵەتیشدا ئەم ریدۆزەی ئێمە سەبارەت بە خوێندنەوەی رەفتاری مرۆڤ بەقووڵی کاریگەر بوو. بەلام عەسری بەسەرچوو، نەك بەدەلیل نەبوونی زیرەکی نەزەری بەڵکو لەم رووەوە کە خوێندنەوەی مێژوو جێی ئەوانەی گرتۆتەوە، بەهەمان جۆر کە زانستی

سروشتیە بەناونیشانی رشتەیەکی فیکری کە دەتواندرێ بە شێوازێکی زۆر بە راستیی موددەعی فەراهەم هێنانو بەدەستهێنانی، زانست بێ دەربارەی سروشت،بەر لەوەی کە جێی زانستیکە لام بکرێتەوە خوێندنەوەی مێژوویش بە ناونیشانی رشتەیەك کە بە جۆرێکی جیدی دەتوانێ موددەعی بەرهەمهێنانی زانست بێ لە رووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، جێی فەلسەفەی نەزەری مێژوویی بگرێتەوە، هەر لەم رەوەندەوە وردە وردە جێگۆڕکێ کرا، بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم تەواوبوو، (شەبەنگلەر) (توین بی) لە نووسەرانی سەدەی بیستەمن، بە ئەندازەیەك کاریگەریەکی وایان نەبوو بۆ خوێندنەوەی مێژوو یا فەلسەفە، فەلسەفەی نەزەری مێژوو سەرەڕای هەموو شکۆو جیهانبینیو دیدگای شاعیرانەی سەرەنجام شکستی خوارد چونکە گۆشەی زانستی هەبوو بەڵام لە رەوشی زانستی بەهرەمەند نەبوو هەرواش لە ئەزموونگەری.

فەلسەفەی نەزەری مێژوو بۆ فەلسەفەیەك کە بە فەلسەفەی رەخنەی مێژوویی ناودار بوو لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بەتەواوی لە ئاسەواری (ویکۆ)دا بەدیارکەوتو رێگای کردەوە، فەلسەفەی رەخنەیی مێژوویی دەبێ لە چاوەڕوانی بە پیشەبوونی فەلسەفەی خوێندنەوەی مێژوویدا بمێنێتەوە وەك چۆن فەلسەفەی نەزەری مێژووی بە ناونیشانی

بابەتێکی فیکری بەر لە بە پیشەبوونی خوێندنەوەی مێژوویی شایستەی بوون بوو، فەلسەفەی ڕەخنەی مێژوویش داوای ئەو شایستەی بوون بوو.

پرسیاری بنەرەتی فەیلەسووفە ڕەخنەگرەکان وێڕای ئەوە هەر ئەو شتە بووەو ڕەنگە هەمیشە هەر ئەوەش بێت.

فەلسەفەی شیکردنەوەی مێژوویی (هەمان وێنەی سەرەتایی بەخۆوە گرت کە فەلسەفەی تەقلیدی ئینگلیسیو ئەمریکایی بەخۆیەوە گرتبوو) هێندەی دیکە پەنجەی نایە سەر موشکیلەی ئەسڵی.

یەکەمین جار لە دەیەکانی ٥٠،٤٠،٩٣٠ نموونە بەندی لە ئارادابوو، جاری دووەم لە دەیەکانی٦٠،٧٠ ،٩٥٠ ئەم نموونە بەندییە بە (بەیانکردن) خرایە ڕوو لە هەر یەك لەم دەورانەدا لێکۆڵینەوەی دووروودرێژ، جارجارەش توندوتیژو تێکچڕژاو ڕویان دەدا کە ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ بگرەو بەردەی نێوان ڕێدۆزەکانی زانستیو مرۆڤایەتی کە خەریکی خوێندنەوەی ڕەفتاری مرۆڤ بوون.

کارل مانهایم کۆمەڵناسی ئەلمانی چەندین ئاماژەی بەهێزی پێشکەشکرد بۆ سوودی ڕوونکردنەوەی ڕێژەگەرایی خوێندنەوەی مێژووی تێکەڵبوونی هەردوو سەرچاوەی ئیستیدلال زەینگەرایی بووە هۆی پەیدابوونی سەچاوەی فەلسەفی دەربارەی توانایی نموونە بەندی

له خوێندنـەوەی مێژوویـدا،""واتـە-مـرۆڤ گـەرایی (مرۆڤایـەتی)و ڕێژەگەرایی (ڕێژەیی).

تێبینی: باسەکە تۆزێ لە ڕاستەوخۆیی بەدووره، هەوڵمداوه لـە خوێنەری نزیک بکەمەوه.

## گەڕان بە دوای یەقیندا
## تێگەیشتنی ئەقڵی بۆ مەعریفە

ئەسڵی چەمکە ئاڵۆزەکانی مەزهەبە فەلسەفیەکان دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێك لە هاندەرەکانی دەرەوەی مەودای لۆژیك کە دەچێتە ناو پرۆسێسی بیرکردنەوە لە ڕێگەی زمانی مەجازییەوە، فەیلەسوف رازیبوونێکی وەهمی دەبەخشێتە هەوڵەکانی خۆی بۆ پێشکەشکردنی تەفسیرێك خەسڵەتی گشتگیری (العمومیـة)ی تیا بێ، ئەوەش وا دەکات کە شیعر بئاخزێتە مەودای مەعریفە، واتە بوونی مەیلێك بۆ دروست کردنی دونیایەکی خەیاڵی لە وێنە، ئەوەشیان مەیلێکە دەکرێ ببێتە بەهێزتر بەهێزتر یاخود بێ لە مەودای هەوڵدان بۆ حەقیقەت، ئەو مەیلەش بۆ بیرکردنەوەی مەجازی شایستە ئەوەیە پێی بڵێین پاڵنەرێکیدەرەکی لە مەودای لۆژیکدا، چونکە نوێنەرایەتی جۆرێك لە شیکردنەوەی لۆژیکی ناکات، بەڵکو ئەسڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستیەکی زەینی کە ناچێتە ریزی لۆژیکەوە، پاڵنەرێکی دیکە هەیە لە دەرەوەی مەودای لۆژیکدا کە زۆر جاران دەچێتە نێو پرۆسێسی شیکردنەوە، سەرەڕای ئەوەی کە مەعریفەی وەرگیراو بە تێبینی حیسی کە بە گشتی سەرکەوتووە لە ژیانی رۆژانەدا. بەلاّم لە

تواناماندا هەر زوو دەرك بـەوە بكـەين كـە ئێمـە نـاتوانین زیـاد لـە پێویست پشتی پێببەستین، لێرەدا هەندێ یاسای فیزیکی سادە هەیە، وا بەدیار دەکەوێ بـەبێ جیـاوازی کردنـی شـتێك لێیـەوە وەکـو ئـەو یاسایەی کە دەڵێ ئاگر گەرمە، راسـت بێـت، یـاخود، مـرۆڤ یاسـایە (یـاخود ئـەو تەنانـەی لەسـەر شـتێ نـین بەردەبنـەوە، بـەلاّم چـەند دەستوورێکی دیکە هەن کە شتیان لێ دەگێڕێتەوە وەك ئەو دەسـتوورەی دەڵـێ: ئـەو تـۆوەی کـە لـە زەویـدا دادچـێنرێ شـین دەبـێ، یـاخود دەستوورەکانی کەش‌و هەوا یا دەستوورەکانی چـاکبوونەوەی نەخۆشـیی مرۆیی، زۆر جاران تێبینی کردنی گشتی وا دەکات ئەو دابـڕ کردنانـە هەتا لەو یاسایانەی کە زۆر وردیشن کەشف بکەین.

نموونەیەك بۆ ئەمە: ئاگری مێشولە (مێشولەی ئاگر) گـەرم نییـە لانی کەم بە مانای باوی وشـەکە، هـەروەها گلۆپـەکانی سـابوون بـۆ سەرەوە هەڵدەگەڕێ (هەرچـەندە بەسـەر هیچـەوە نییـە) لـە کاتێکـا لەوانەیە ئەو دابڕکردنانە (استثناءات)بـە وەزعێکـی وردتـری یاسـا تەفسیر بکـەین، کـە دەسـت نیشـانی مەرجـەکانی داڕژانـی‌و مانـای لەفزەکان بکەین، لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەر بـە گومانـەوە دەمێنێتـەوە سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ ئەم داڕشتە تازەیـە خـاڵی لـەو دابڕکردنانـە یاخود کەشفی تازە بە دیـار بکـەوێ کـە جـۆری کـەمی لـە داڕشـتە

چاكراوەكەدا بەديار بخات ، گومانی تيا نييە كەئەو گومانە هەنجـەتی بەهێزی خۆی هەبووە، كە دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەو شـتانەی پێشـكەوتنی زانستی هێنايە ئاراوە لـەرووی بـەدوور خسـتنەوەی تيـۆرە كۆنـەكانو گۆڕينيان بە تيۆری تازە.

سەرچاوەيەكی ديكەش هەيە بۆ ئـەو گومانـە ئـەويش ئەوەيـە كـە تاقيكردنەوەو ئەزموونـەكانی ناوەوەمـان دابـەش بۆتـە سـەر دونيـای واقيعو دونيای خەون، زەرورەتی دابەشكردنی ئەمە لەرووی مێژووييەوە كەشفیٚ بوو لەماوەی درەنگ وەختی پەرەسەندنی مرۆڤ، ئێمـە دەزانـين كە گەلاٚكانی بەرايی لەسەردەمی ئێمەدا، سنوورێك دانانیٚ كـە روونو ئاشكرا بێت لەميانی ئەم دوو دنيايە. مرۆڤی بەرايی كە خەونی بـەوە دەبينی كەسێك هێرش دەكاتە سەر ئەو، خەونەكەی دەبووە هەقيقـەتو پياوەكەی ديكە دەكوژێت، ياخود خەونی بەوەوە دەبينی ژنەكەی فێڵـی لیٚ دەكات لەگەڵ پياوێكی ديكـە، ئـەويش هەڵدەسـتايە ئەنجامـدانی هەمان كار وەك تۆڵـە، يـاخود هـەوڵی دەدا تۆڵـەی لێبكاتـەوە، جـا شيكەرەوەی سايكلۆژی ئامادە بوو داوای عوزر بكات بۆ ئەم پيـاوە تـا رادەيەك بەوەی كە ئاماژە بەوە بكات كە ئەم جۆە خەونانـە بـەبیٚ هـۆ نەبوون، لای كەم ئـەو گومانانـە هەنجـەتبار دەكـات، ئەگـەر سزاكە هەنجـەتبار نـەكاتن، بـەلاٌم مـرۆی بـەرايی بـە پێـی ئـەو شـتانەی

شیکردنەوەی سایکلۆژی کاری نەدەکرد بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە جیاوازی میانی خەون واقیعی نەدەکرد.

هەرچەندە مرۆی ئێستاکە جیاوازی روونو ئاشکرای ئەم دوو دنیایە دەکاتو تێکەڵیان ناکات، بەلاّم شیکردنەوەیەکی کەم بۆمان دەردەخات کە بڕوای ئەم مرۆیەی ئێستاش ناگاتە پلەی یەقین. جا، چونکە ئێمە کە خەون دەبینین نازانین کە خەون دەبینین بەڵکو دوایی دەزانین کە خەونەکەمان خەونەو واتا کە لە خەو هەستاینەوە ئەوی چۆن دەڵێین ئەزموونەکانی ئێستاکەمان دەتوانین زیاتر لە خەون پشتیان پێ ببەستین؟ لەبەر ئەوەی ئەو ئەزموونانە بە شعوری واقیعەوە پەیوەستن وای لێ نایەت کە زیاتر پشتییان پێ ببەستین. چونکە ئەو شعورە خۆی لە خەونەوە بۆمان دروست دەبێ، هەروەها ناشتوانین ئەو ئیحتیماڵە دوور بخەینەوە کە ئەزموونەکانی داهاتوو دەیسەلمێنێ کە ئێمە ئێستاکە خەون دەبینن مەبەستیش لەمەدا ئەوە نییە کە باوەڕی مرۆڤی ئاسایی لەق بکەین سەبارەت بە ئەزموونەکانی ، بەڵکو ئەو حوجەتە ئەوە بەدیار دەخات کە ئێمە ناتوانین باوەڕی موتلەقمان هەبێ سەبارەت بەو لێ دڵنیانەبوونە (ثیقـەیە).

فەیلەسوف هەمیشە هەستی بە دڵەڕاوکێ دەکرد، چونکە نەدەکرا پشت بە دەرك پێکردنی هەستی پێ بکرێت. هەمیشە بەم جۆرە

بیرکردنەوانەوە ئەم دڵەڕاوکێیەی دەردەبڕی کە پێشکەشمان کردن، هەروەها باسی فیڵی حەواسەکانیان دەکرد لە کاتی بە ئاگاییدا، وەك خواربوونی دارێك کە لە ئاو دەنرێت. یاخود وەك سەراب لە بیاباندا بۆیە کە هەستی بە شادی دەکرد کاتێ کە لانی کەم مەودایەکی دەدۆزیەوە لە مەوداکانی مەعریفەت پێی وابوو دوورە لەو فێڵە ئەویش مەودای مەعریفی ماتماتیکی بوو.

ئەفلاتون وای سەیری ماتماتیك دەکرد کە بەرزترین وێنەی مەعریفەیە، کاریگەریەتی ئەفلاتون بەشداریەکی زۆری کرد لەو بیروڕا بەربلاوەی کە دەڵێ مەعریفەت نابێتە مەعریفە ئەگەر وێنەی ماتماتیك وەرنەگرێ، بەلاّم دونیای تازە هەرچەندە ماتماتیك بە ئامێرێکی سەرەکی دادەنێ بۆ لێکۆڵینەوە. ئەم حوکمە بێ قەیدو شەرت قبولّ ناکات. بەڵکو تەئکیدی ئەوە دەکات کە ناکرێ لە دونیای ئەزمونگەریدا تێبینی فەرامۆش بکەین، بەڵکو ئەوە بۆ ماتماتیك بەجێدێڵین ئەویش گرنگی سەلماندنی پەیوەندییەکانە لە میانی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەزمونگەریو بەس. ماتماتیکیش ئامادەیی خۆی بە تەواوی دەردەخات بۆ بەکارهێنانی ئەو پەیوەندییە ماتماتیکیانە وەك رابەرێك بۆ دۆزینەوەی تازە کە پشت بە تێبینی دەبەستێ.

زانستی ئەزمونگەری بە مانای تازەی ئەم دەستەواژەیە لە میانی میتۆدی ماتماتیکی میتۆدی تێبینی خۆی دەگونجێ، ئەنجامەکەشی یەقینێکی موتلەق نییە، بەڵکو پلەیەکی بەرزی (لە وانەبازی) تیایە دەکرێ بۆ هەموو مەبەستێکی زانستی بە رادەییێکی باش پشتی پێ ببەستین.

بەلاّم بیرۆکە مەعریفەی ئەزمونگەری لای ئەفلاتون شایانی ئەوەیە وەك رێگرێك بەدیار کەوێ، کاتێ کە مەعریفەو مەعریفەی ماتماتیکی یەکخستو ویستی بڵێ تێبینی نابێ دەوری مەعریفی هەبێ یەکێ لە قوتابیانی سوکرات لە محاوەرەی فیدون گوتی: ئەو هەنجەتانەی پشت لەوانەبازی (احتمالات) دەبەستێ قوولاّییە ساختەیە (زائف) چونکە ئەفلاتون داوای یەقینی دەکرد نەك چاك بە زانینی شکاندنەوەی لێگەڕانەکی (ئیستقرائی) کە فیزیکی نوێ وای دەبینێ کە تاکە ئامانجە دەتوانین بیگەینێ.

یۆنانییەکان زانستی فیزیکیان نەبووە کە بەراوردی بکەین بە زانستی خۆمان، ئەفلاتونیش نەیدەزانی چەندە ئەوەی کە دەتوانین بەدیبهێنین لە رێگەی کۆکردنەوە لە میانی میتۆدی ماتماتیکیو تاقیکردنەوەدا لەگەڵ ئەوەشدا زانستێکی سروشتی هەبوو هەتا سەردەمی ئەفلاتونیش سەرکەوتنێکی زۆری بەهۆی ئەو کۆکردنەوەیە

به دەست هێنا، ئەویش زانستی فەلەك بوو، چونكە یاسای ماتماتیكی سوڕانەوەی ئەستێرەكان به پلەیەكی گەورە لە حوكمەكان دۆزرایەوە بەهۆی تێبینی وردی وەنجامگری (ئیستدلال)ی ئەندازەیی. بەلاّم ئەفلاتون ئامادە نەبوو دان به رۆڵی تێبینیدا بنێت لە فەلەكدا، بەڵكو تەئكیدی ئەوەی دەكرد كه فەلەك زانست نییه، تەنیا به قەدەر ئەو بزاوتەی كه ئەستێرەكان هەیانەو له ڕێگەی ئەقڵ‌و زەین تێیان دەگەین، ئەفلاتون دەیگوت: (ئەركی ئەستێرەناسە ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە وەلاّنی‌و بچێتە ناو بابەتەكەی خۆی لە ڕێگەی بەكارهێنانی بەشە ئاقڵەكەی خودی خمان).

ئەوەشیان چەند وتەیەكن كە تەعبیر لە ڕەتكردنەوەی زانستی ئەزمونگەری دەكەن.

ئەو فەلسەفەیەی كه پێی وایه ئەقڵ سەرچاوەی ناسینی دونیای فیزیكی بەناوی مەزهەبی ئەقڵ به (Rationalsim) دەبێ به وردی جیاوازی بكەین لەمیانی ئەو وشەیەو ئەو سیفەتەی لەم وشەیه هەڵچنراوە ئەویش ئەقڵانیە، (Rational لەمیانی Rationaltic) پێی دەگەین چونكه وا دەخوازێ كە ئەقڵ بەكاربهێنین‌و پیادەی سەر تێبینی بكەین. بەلاّم ئەقلانیەت نییە چونكه ئەو سیفەتە پیادە نابێتە سەر میتۆدی زانستی، بەڵكو پیادە

دەبێتـە سـەر میتـۆدی فەلسـەفی کـە ئـەقڵ وەك سەرچـاوەیەك بـۆ مەعریفەی تەرکیبی پێویست بە زانست وەردەگرێو تێبینـیش مـەرج بەند ناکات بۆ ئەوەی مەعریفەت بێتە کایەوە.

ئەفلاتون یەکەم فەیلەسوفی ئـەقڵی نـەبوو، بـەڵکو فەیلەسـوفی ماتماتیك (ڤیساگۆرس) (٥٤٠ پ.ز)، بـەڵام بـەر لـەو هـەبوو، کـە زانست زانیارییەکانی زۆری کاریگەرێتی هەبوو بەسەر ئـەفلاتون ئـەو فەیلەسوفەی کە واز لە تێبینی ئەزمونگەری دەهێنێ بەو وەسفەی کـە سەرچـاوەی حەقیقـەت لـەمیانی خـۆیو لـەمیانی سـونیگەریەتی هێندەیان نێوان نییە، تەنیا هەنگاوێك نەبێ جا ئەگەر ئـەقڵ توانـای هەبێ مەعریفە خەڵق بکات ئەوا ئەنجامەکانی دیکە کە زەینی مرۆیی دروستی دەکات، لەوانەیە شایانی ئەوە بێ پێی بگوترێ مەعریفە هەر لەو چەمکەوە ئاوێنەیەکی غەریبی نێـوان بۆچـوونی سـۆفیگەریەتیو بۆچوونی ماتماتیکی دێتە ئاراوە.

لەبەر ئەوەی (ڤیساگۆرس) ئەوەندە بایەخی بە ژمارەی لۆژیـك دەدا لەرووی ئایینییەوە تاوای لێهات بڵـێ هـەموو شـتەکان ژمـارەن کـە ئەوەش بیرۆکەیەکە نـاتوانرێ وەربگێـڕدرێ بـۆ چـەند دەسـتەواژەیەکی مانـادار تیـۆری دۆنـای دۆن یـاخود (کۆپانـدنی رۆح) لـە شـتە سەرەکیەکانی ڤیسـاگۆرس بـوو لـەوا گریمـان دەگـرێ، لـە ئەقیـدەی

ڕۆژهەلاتی وەریگرتبێ، ئەفلاتونیش بەم تیـۆرەی زانیـوە لـە ئـەنجامی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ڤیساگۆرسیەکان، هەروەها ئەو بیرۆکەیـەی کـە دەڵێت تیژبینی لۆژیکی دەتوانێ خەسڵەتەکانی دونیای ماددی کەشف بکـات کـە بیرۆکەیەکـە بـە دەوری خـۆی بـۆ ئەسـڵی ڤیساگۆرسـی دەگەڕێتەوە. ڤیساگۆرسیەکان جۆرێك لـە پەرسـتنی ئایینیـان ئـەنجام دەدا. کە شێوازی سۆفیگەرێتیان پێوەدیـار بـوو، دەڵـێن مامۆسـتایان بەسەریاندا فەرزی کردبوو لەوانە فێر بووبوون کە جێی مەترسییە مرۆ بۆچوونی هـەبێ سـەبارەت بـە جەسـتەی خـۆی لەسـەر بالینگانـدا، لەسەریان بوو کە نوێنی خانەوادەیان ڕێکبخەن کە بـەیانیان لـە خـەو هەڵدەستن.

سۆفیگەریەتی چەند شێوەیەکی دیکەی هەیە، پەیوەست نییـە بـە ماتماتیك، سۆفیەکان هەمیشە رقیان لە ئـەقڵ و لۆژیکـە، هەمیشـە قینی خۆی بـۆ بـەهێزی ئـەقڵ پیشـاندەدا، سـۆفیەکان دەڵـێن ئێمـە ئەزمونێکمان هەیە لەسەرووی سروشتەوە، کە حەقیقەتێکی بێ گرێ و گۆڵیان بە دیدگایەکی راسـتەوخۆ پێدەبەخشـی، سـۆفیە ئاینییـەکان سەرچاوەی ئەم بۆچوونانەن.

مەزهـەبی ئـەقڵی لای دیکـارتی فەرەنسـی (١٥٩٦- ١٦٥٠) هەمیشە ئەو هەنجەتانەی پێشکەش دەکرد، بۆ سـەلماندنی ئـەوەی کـە

مەعریفەی بونیات نراوە، لەسەر ئیدراکی حیسی یەقینی نییە، بۆیە دیکارت هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا بوو، سەبارەت بەوەی کە مەعریفە یەقینی نییە، دیکارت سەلماندنەکانی خۆی لەسەر یەقینی رەهاو لە رێگەی فیڵی لۆژیکی بونیات دەنا، دەیگوت: (من دەتوانم گومان لە هەموو شتێ بکەم، جگە لە یەك شت ئەویش ئەوەیە کە من گومان دەکەم، بەلاّم کە گومان دەکەم بیر دەکەمەوە کە بیریش دەکەمەوە دەبێ هەبم، تا بەم جۆرە بوونی -من-ی سەلماند لە رێگەی ئیستدلالی لۆژیکی، بەم جۆرە ئەو دارِشتە سیحریەی بریتییە لە ((من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم)).

زاناکانی سایکۆ ئەو هەولاّنەی کە بۆ یەقین ئەنجام دەدرێ وا تەفسیر کردووە کە ئارەزوویەکە بۆ گەڕانەوە سەر قۆناغی منداڵێتی، کە قۆناغێکە گومان لێڵی نەکردووەو حیکمەتی دایكو باوك رابەریەتی دەکرد ئەم ئارەزووەش هەمیشە بەهۆی ئەو پەروەردەوە بەهێز کراوە کە منداڵ لەسەر ئەوە رادێنێ کە گومان بە گوناه بێنێ، سیقەو گومان نەکردنیش ئایین پشتی دەگرێ.

- ئیمانوێل کانت (Immanuel kant) (١٧٢٤-١٨٠٤) بوو کە دەرکی بەوە کرد یەقینی خودان سروشتی پێکهاتەیی لە پێشەکیەکانی شیکردنەوە وەرناگرێت بەڵکو پێوەرێتی بە پێشەکی

پێکهاته هەیە کە هیچ ڕێگایەك بۆ ڕاستی شەك نییە، یاخود بۆ شەك لە ڕاستی خۆیدا، کانت پێی دەگوت مەسەلەی پێکهاتەیی هەیە کە هیچ ڕێگایەك بۆ ڕاستی شەك نییە یاخود بۆ شەك لەڕاستی خۆیدا، کانت پێی دەگووت مەسەلەی پێکهاتەیی پێشینە ( synthe ticapyioyi وشەی پێشینە مانای ئەوەیە کە لە هیچ ئەزموونێك وەرنەگیراوە یاخود لەهیچ ئەقڵێك کەڕاستی موتلەقی هەیە وەرنەگیراوە، فەلسەفەی کانت هەوڵی گەورە بوو بۆ سەلماندنی بوونی ڕاستیە پێکهاتەییەکانی پێشینە کە لە گۆشە نیگای مێژوویدا نوێنەرێتی دوا بونیاتی گەورە دەکات بۆ فەلسەفەی ئەقڵی، کانت بەسەر ئەفلاتونو دیکارت کەوت چونکە خۆی لەهەڵەی ئەوان بوارد، کە ئەوانیش بۆ هەمان ئاقار دەچوون، چونکە کانت پابەندی ئەو قسەیە نەبوو کەدەڵێ نموونەی ئەفلاتونی هەیەو هەروەها ئەو فێڵەی دیکارتیشی نەکرد، بەڵکو ئەو وەكو ئەفلاتون بە مەعریفەی ماتماتیکی دەستی پێکرد بە تەئویل کردنێکی زیرەکانە بۆ مەعریفەی ئەزموونگەری. کانت هەمیشە پرسیاری ئەوەی دەکرد ئاخۆ مەعریفەی پێکهاتەیی پێشینە چۆن دەبێ؟ هەر خۆشی وەڵامی دەدایەوە بەوەی کە دەلیلی هەبوونی لە ماتماتیكو فیزیك ی ماتماتیکی وەرگیراوە.

کانت دەرکی بەوە کردبوو کـە ئەنـدازەی – ئەقلّیـدس- چـەقێکی دەگمەنی هەیە چونکە ئەو کەشفی پەیوەندی پێویستی کرد کەبەسـەر بابەتە ئەزموونگەریەکانەوە دادەهات، هەروەها دەرکی بـەوە کـرد کـە وردی سەلماندنی ماتماتیکی ناکرێ بـۆ باشـی ئەزموونگـەری تەفسـیر بکرێ لەتیۆرەکانی ئەندازە.

بەم جۆرە کانت مەعریفەی پێکهاتەیی پێشینە بەوە دەسەلمێنێ کـە بگەڕێتەوە سەر ڕێگە ڕۆیشتنی زانست واتە بناغەی فەلسـەفی کانـت بریتیە لەوەی کەبلێ زانست مەعریفەی پێکهاتـەیی پێشـینە گریمـان دەکات هەوڵەکانی کانت بۆ گەیشتن بە یـەقین جـۆری سـۆفیگەریەتی نەبوو کە دونیای ئایدیا ببینێ، هەروەهاواش نـەبوو کـە بـەرەو فێلّـی لۆجیکی بچێ تا یـەقین بدۆزێتـەوە وەك دیکـارت بـەڵکو پشـتی بـە زانست دەبەست بۆ ئەوەی بگاتە یەقین.

کانت دەیگوت کە قۆناغی کۆتایی مەعریفـەی زانسـتی فیزیکـی (نیوتن)ە کە بۆ مەرتەبەی فەلسەفی بـەرزی کـردەوە، بـەم جـۆرە بـە دۆزینەوەی پرینسیپەکانی نیوتن لە ئەقلّی پالاوتەدا گەیشتە ئەوەی کە تەبریرێکی ئەقلّی تەواوی مەعریفە بدۆزێتەوە، ئیدی گەیشـتە ئـەوەی کە پێشوو نەیدەگەیشتنێ ناونیشانی کتێبەکەی- ڕەخنـە لـە ئـەقلّی پالاوتە- بەرنامەی فیکری ئەو دەست نیشان دەکات، کە ئەقلّی کرد بە سەرچاوەی مەعریفەی پێکهاتەیی پێشینە بەمجۆرە لەسەر بنەمایـەکی

فەلسەفی سەلماندی کە ماتماتیكو فیزیکی باو لە رۆژگاری ئەودا حەقیقەتێکی زەرووریان هەبووە دەبێ دانی پیابنێین کە تەفسیری کانت بۆ مەعریفەی پێکهاتەیی پێشینە بەرزتربوو لەهی ئەفلاتون بۆ ئەم بابەتە، چونکە ئەفلاتون گریمانەی ئەوەی دەکرد کە بۆ تەفسیری قودرەتی ئەقڵ بەسەر مەعریفەی سروشتی دەبێ دونیایەك لە شتە نموونەیەکاندا هەبێ کە ئەقڵ دەرکی پێبکات بەڵام کانت ئەم بۆچوونە سۆفیانەی نەبوو بەڵکو دەیگوت ئەقڵ مەعریفەی هەیە، سەبارەت بە دونیای فیزیکی چونکە ئەو وێنەیە دروست دەکات کە بۆ دونیای فیزیکی بونیاتی دەنێین، مەعریفەی پێکهاتەیی بەرایی دەگەڕێتەوە بۆ زاتی خۆی، ئەوە مەرجێکە زەینی مرۆیی بەسەر مەعریفەی مرۆیی لە سەرەوەڕا فەرزی دەکات، نموونەیەك لەم بارەیەوە:

ئەگەر یەکێك چاویلکەیەکی شینی لە چاو بێت دونیا شین دەبینێ، بەڵام ئەگەر ئەو خۆیو ئەو چاویلکەیە وا لە دایك بوایە ئەوا بەوە سەیری ئەو شینەی دەکرد کە سیفەتێکی زەرووری بێ لەهەموو شتەکان ،بەڵام دەبێ کاتێ بەسەر بچێ تا کەشفی دەکات کە ئەوە ئەوەیە لانی کەم چاویلکەکەیەتی.

سەرچاوە: کتێبی، جذور الفلسفة التاملیة، هانس ریشذتباخ

## هاملێتو پرۆبلێمەکانی

ئەوەنــدەی بایــەخی بــە بابــەتێکی وەك هاملێــت وپرۆبلێمــەکانی ئــــەلیوت لـــــە پێناســــەکردنی دەســـــتەواژەی (پارســــەنگی بابــــەتیobjectivcoorelestiy) دا هەیــــە ئەوەنــــدە لــــە شیکردنەوەکەیدا نییە بۆ شانۆگەریەکە خۆی، ئەم دەستەواژە رەخنەییە گرینگە نەك هەر لەشانۆگەریدا هەیە، بەڵکو لە هەموو هونــەرەکانو شیعردا هەیە، تێبینییەکانی ئەلیوت سەبارەت بەشانۆگەری هاملێـت جێگەی بایەخە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە لە میانی رەخنەگرەکانــدا سەبارەت بــە راڤــە کردنــی ئــەلیوت بــۆ ئــەو شــانۆگەرییە گونجــانو هاورێکی هەیە، گرنگترین خاڵی بێهێزی هاملێــت لەدیــدی ئــەلیوت لــەو شــانۆگەریە پشــت گوێخســتنی قســەکانی کەســێیتی ســەرەکی (هاملێت)ە لە بە ئەنجامــدانی ئەکشــی خۆیــدا، مەســەلەی تۆڵــەش بەتەبیعەتی حاڵ بــەو مانایــەی چــاخی ئەلیزابیســی نییــە، هاملێـت پیاوێکە خــودان کێشــەیەك داوای هــەق دەکــاتو دەیــەوێ بیهێنێتــە دی،نەك لەرێگەی غــەدر، بــەڵکو بەشــێوەیەکی عادیلانــەو ئاشــکرا دەیەوێت ئەوە بەدی بهێنێ بەر لەوەی شای دوژمنی بیکوژێت کە پــەی بە مەبەستی ئەو بردووە، ئەوەشیان ئامانجی کارەکەیە.

بەڵام پرسـیارەکە لێـرەدا ئەوەیـە: ئـاخۆ شـانۆگەرییەکە بەراسـتی پارسەنگی بابەتییە بۆ ئەم مەبەستەو سۆزی (هاملێت)ی تیـا نییـە؟ زۆر جاران واروودەدات کە شکسپیر بکەوێتە داوی سۆزێکی سەختەنداز کە ناتوانرێ بە ئاسانی گوزارشتی لێ بکرێـتو رێگـەش بـەوە نـادات وەلابنرێت، بە دژواری چارەسەری دەکات لەوکاتەی دەرك بـەوە دەکـات کە گران بووە بەسەرییەوە، بە هەندێك وشە کە هەر چۆنی بـێ ئـەودەم بۆی دێ دەبجی دەکات، ئیدی لبّدەگەڕێت تـا راڤـە بکرێـتو لەلایـەن ئەوانەوە کە کاتیان هەیە لێی سەرف بکەنو شی بکرێتەوە.

ئاشکرایە (جۆنسۆن) پەنجەی لەسەر مەسەلەیەکی گرینگ دانـاوە، بەڵام هیچ نموونەیەك لە هیچ شانۆگەرییەك بۆ ئەو گرفتە ناهێنێتـەوە، هەروەها هیچ شتێ ئیزافەی سەر ئەو وشانە ناکات تا مەبەستی خـۆی روون بکاتەوە ، ئەلیوت راست بوو کە گـووتی گرفتەکـە دوو لایـەنی هەیە، یەکەمیان: نووسەر لە شانۆگەرییەکەدا باس لە بابەتێ دەکـات کە چەند کارێکی ژیانو ململانێی دەروونیو شتی دیکەی تێدایە کـە پێوەندی پێوە نییە کە ئەوەش سەختترەو فراوانترو قـووڵترە لـەوەی کـە رۆشنبیرییەکەیو مەعریفەتو کارامەیی رێگەی پێ بدات بە تـەواوی تێبگات، دووەمیان: کە بیرۆکەی خۆی بە شیعر دادەنێ، رەنگە شـیعر کورتی بێنێ لە گوزارشت سەبارەت بە فیکرو رووداو، لەوانەیە وێنەی

شیعری نەتوانێ دەرك بە دەرك نەکردنی بنتـایی- کنهـە- ی نووسـەر بکات، بۆیە وێنەی شیعری کورتهێنـە بـەهۆی نـەبوونی مـەعریفـەی (ئولزی) نووسەر، سۆزیش وەك هەموو هونەرێکی رووت نـاتوانین لـە رێگەی پارسەنگی بابەتییەوە نـەبێ تـەعبیری لێ بکـەین، جـا ئـاخۆ شکسپیر بەراستی لە هێنانەدی ئەو پارسەنگە نوشوستی هێناوە؟ یـان ئایا ئەو سۆزو پاڵنەرەی کە بەدوای پارسەنگێ دەگەڕان لەپێناو ئـەوەی گوزارشتی لێ بکەن ئەوە بە راستی هەستکردنی دایکـە بـە گونـاه ؟ یان هەستکردنی (هاملێت)ە بـە گونـاه وەك چـۆن (جۆنسـۆن) دەری دەبڕێو گفتوگۆی لەسەر دەکات؟ یان ئایا عاتیفە بریتییە لە هەسـت بە ناتوانایی کردن لە بەرامبـەر هـەڵگرتنی کێشـەیەكو پـەیامێكو کارێك کە پاڵەوان لە ژێرییەوە دەناڵێنێ؟ ئایا شتی باشتر هەیـە لـەوە تاتەعبیر لەو بێ توانابیە بکرێ بۆ دۆزینەوەی پارسەنگی بابەتی بۆی؟

ئەو پێشەکییەی (کەوسـەر جـەزائیری) نـاوەرۆکی ئـەو نووسـینەی ئەلیوت روون دەکاتەوە کە ئێسـتێ دەیخوێنێتـەوە، ئـەو رەخنـە گرانـە کەمن کە بڕیاریان داوە لانی کەم شانۆگەریی هاملێت گیروگرفتێکـی بنەڕەتییەو کەسێتیی (ئەو رەخنەگرانە کەمن کە بڕیاریان داوە، لانـی کەم شانۆگەری هاملێت بنەڕەتیە)و کەسێتی هاملێـت گیروگرفتێکـی مام ناوەندییە، هەروەها کەسێتیی هاملێت ئیغرایەکی بەهێزە بـۆ پـڕ

مەترسیترین جۆر لە رەخنەگران، چونکە ئەو رەخنە گرەی خودان ئەقڵێکی داهێنەرە، بەڵام بەهۆی بێ هێزیی قودرەتی خوڵقاندن ئەو هەموو هێزەی خۆی لە مەودای رەخنە بەکار دەخات، ئەو جۆرە رەخنەگرانە بوونی ئەلتەرناتیڤێك کە کەسێتیی هاملێت دەدۆزنەوە کە دەژیو دێتە دی لە رێی ئارەزووی هونەرییەوە، ئەقڵێکی وای رەخنەیی (گۆتێ) هەی بوو کە (هاملێت)ی کرد بە (ڤێرتر) هەروەها (کولردج) کە هاملێتی کرد بە (کولردج) لەوانەیە هەر یەك لەم دووانە لەبیریان نەبووبێ کە ئەرکی یەکەمیان نووسینە لەبارەی شانۆگەریی هاملێت وەك کارێکی هونەری. لەبەر ئەوەی ئەو رەخنەیەی کە هەر یەك لە (گۆتێ)و (کولردج) سەبارەت بە شانۆگەریی هاملێت نووسیویانە لە هەموو جۆرە رەخنەیەك زیاتر زەلیل ئامێزە، چونکە ئەوان دیدگایەکی رەخنەیی بێ هاوتایان هەبوو، هەردوولا شتە رەخنەییەکانی خۆیان وا لێ دەکرد کە مەقبووڵ بێ کاتێ لە کەسێتی(هاملێت)دا دەچوونە خوارەوەو وەك شکسپیر بەهۆی قودراتی خولقێنەریان ئەندێشەیان دەکرد، بەڵام (والتر پالتر) بایەخی خۆی نەخستۆتە سەر ئەم شانۆگەرییە، پرۆفیسۆر (ستول) لە زانکۆی (مینسوتا) لەم دواییەدا دوو کتێبی بچووکی بڵاوکردەوە، ستایش دەکرێت، چونکە بە ئاکارێکی پێچەوانە ئامێزدا چووەو لەمەڕ

رەخنەگرەکانی سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا دەڵێت" مەعریفەتیان بە زانستی دەروونی لە مەعریفەی رەخنەگرەکانی هاملێت کەمتر بوو ئەوانەی کە ئێستا هەن، بەڵام لەرووی رۆحییەوە لە هونەری شکسپیر نزیك بوون، ئەوان پیلەیان لەسەر ئەوە دەکرد کە بە گشتی سەیری بایەخی کارەکە بکرێ نەك سەیری بایەخی رۆڵی سەرەکی کەسێتی، بۆیە ئەوان بە رێگەی کۆنی خۆیان نزیکتر بوون لە نهێنیی هونەری شانۆگەری بە گشتی. کاری هونەری بەو وەسفەی کە کارێکی هونەرییە ناتوانین راڤەی بکەین هیچ شتێ نییە راڤە بکرێ، دەتوانین بە پێی پێوانەکانی بەراوردکاری لەگەڵ کاری هونەری دیکە رەخنەیان لێ بگرین، بەڵام سەبارەت بە راڤە، دەبێ حەقیقەتی مێژوویی پەیوەستدار بەوەی کە خوێنەر وای باوەڕە کە نایزانێ تێدابێ، لەم رووەوە (روبنسن) راست دەکا کە دەڵێ: رەخنە گرەکان هەرەسیان هێنا لەراڤەکردنی شانۆگەریی (هاملێت)بەوەی کە ئەو شتانەی دەبوایە بەدیهی بن ئەوان پشتگوێیان خست: ئەویش ئەوەیە کە هاملێت لە چەندین چین پێکهاتووە. ئەو هەوڵی کۆمەڵێك لە رەخنەگرەکان پێشکەش دەکات کە هەریەکەیان هەوڵی داوە چەمکی خۆیان بخەنە سەر کارەکانی ئەوانەی پێش خۆیان رەنگە شانۆگەریی هاملێت شێوەی

چەند داڕشتەیەك بێ لەسەر بنەمای کەرەسەی سەرەتای خاو بەدیار دەکەوێ.

ئێمە دەزانین کە شانۆگەرییەکی کۆنینە هەیە (تۆماس کید) نووسیوویەتی، کە نووسەرێکی شانۆیی گەورە بوو، هەروەها دوو شانۆگەریی دیکەی هەیە بەناوی (کارەساتی ئیسپانی)و (ئاردن)، بەڵام شانۆگەرییە ونبووەکە (هاملێت) کە نووسیبووی، لە رێگەی گەرانەوە بۆ سێ سەرچاوەوە، دەتوانین تەخمینی شێوەو ناوەرۆکی بکەین.

- بە پشت بەستن بە شانۆگەریی- کارەساتی ئیسپانی-.

- حیکایەتی (بلڤروست) کە سەرچاوەیەك بوو لە کاتی نووسینی هاملێت دا پشتی پێ بەست.

- هەمان ئەو شانۆگەرییەی (هاملێت) کە ئەو نووسیویەتی لە ئەڵمانیا نمایش کراوەو شکسپیر هێشتا لە ژیاندا بوو، ئەوەش بەڵگەیەکە کە پشتی بە(شانۆگەریی کید) بەستووە نەك(شانۆگەریی شکسپیر)، لەو هەر سێ بەڵگەیە وا بەدیار دەکەوێ کە پاڵنەری(شانۆگەریی کید) لەبنەرەتداو بە سادەگی پاڵنەری تۆڵە وەرگرتنەوەبووە.

دواکەوتن لەبەدیهێنانی ئامانجی بەراستی شانۆگەرییەکە هۆیەکەی تەنیا وەك چۆن لە شانۆگەریی(کارەساتی ئیسپانی) دژواری کوشتنی

شا بووە کە بە پاسەوانان دەورەدراوەو (هاملێت) خۆی وەك شێت نیشان داوە تا کەس گومانی لێ نەکات، لەو ئامانجەشیدا سەرکەوتنی وەدەست هێناوە. لە شانۆگەرییەکەی دوای شکسپیر، پاڵنەرێك هەبووە بۆ کاری تۆڵە وەرگرتنەوە کە بە ئاشکرا دیارە ئەو پاڵنەرە پاڵنەرێکی ئیقناع ئامێز نەبووە. هەروەها دواکەوتنی راپەڕاندنی کاری تۆڵە وەرگرتنەوە، هیچ هەنجەتێکی نییە، ئەوەش لەسەر بنەمای پێویستی و رەچاوکردنی بەرژەوەندی، بەڵام مەبەست لە خۆشێتکردن، چەواشەکردن نەبوو، بەڵکو بۆ وروژاندنی گومانەکانی شا بوو. جگە لەمەش چەند لێکچونێکی لەفزی هەیە کە زۆر نزیکن لە شانۆگەری (کارەساتی ئیسپانی) کە ئەوەش هیچ مەودایەك بۆ گومان ناهێڵێتەوە کە شکسپیر لە هەندێ شوێندا دارشتنەوەی دەقی شانۆگەری(کید)ی ئەنجام داوە.

رۆبتسن دەڵێت :شانۆگەری (کید)ی ئەسڵی وەك شانۆگەرییەکانی- تۆڵەسەندنەوە- بەدوو بەش نووسراوەو هەریەکەیان پێنج بەشن، ئەنجامەکانی لێتۆژینەوەو لێکدانەوەی رۆبتسن بەباوەڕی من قابیلی رەتکردنەوەنین، ئەویش ئەوەیە کەشانۆگەری(هاملێت)ی شکسپیر بەو رادەیەی کە بەقەڵەمی شکسپیرە بریتییە لەو شانۆگەرییەی کەباس لە هەستکردنی دایکێك دەکات بە گوناە لە بەرامبەر کوڕەکەیدا،

شکسپیر نەیتوانیوە ئەم پاڵنەرە بەسەرکەوتوویی بچەسپێنێ بە سەر کەرەسەی شانۆگەرییە کۆنینەونارِایەڵەکە. جا لەبەر ئەوەی کەرەستەکەی کۆنینە نارِایەڵ بووە، هیچ گومانی تیدا نییە، هەرچەندە یەکێکە لە کارە مەزنەکانی شکسپیر، بەڵام شانۆگەرییەکە لەرووی هونەرییەوە سەرنەکەوتووە. لە زۆر لایەوە سەرسام بەخش‌و وروژێنەری نیگەرانییە بە جیاوازی لەگەڵ شانۆگەرییەکانی دیکەی. نەبرەی شێوازی (هاملێت) دەگەرِێتەوە بۆ کەسێ کە ئازار دەچێژێ لەبەر ئەو ئێش‌و ئازارەی کە مەهانەتی دایکی بۆی دروست کردووە. هەستکردنیشی بە گوناه کردنی دایك پاڵنەرێکە وەك بلێی لەسەر شانۆ بەرگەی ناگیرێت.

تاکە رێگە بۆ گوزارشتکردنی لە عاتیفەو بەشێوەیەکی هونەری ئەوەیە کە پارسەنگی بابەتی بدۆزێتەوە،بە دەستەواژەیەکی دیکە، دۆزینەوەی کۆمەڵە ئەشتێکی میتالی یا هەڵوێست یاسریالێك لەرووداو کە دەبێتە دارِشتەی ئەو عاتیفە دەستنیشان کراوە، بە شێوەیەك کاتێ کە ئەو راستیانە یا ئەو زرووفە فینۆمیانە دەدا بەدەستەوە کە هەر دەبێ ببێتە ئەزموونی هەست بەخش، هەر لەو کاتە ئەو عاتیفەیە راستەو خۆ هەڵدەقوڵێ، لە کاتی پشکنینی هەر یەك لە شانۆگەرییەکانی شکسپیر لەوانەی کەزۆر سەرکەوتوون، ئەو

پارسەنگە وردە دەدۆزینەوە، بۆ نموونە لە (ماکبێـــپ)دا ئـەو حاڵەتـە زەینییەی —لێدی- دەدۆزینـــەوە، کــە لــە خــەودا دەڕواو بەشــێوەیەکی زیرەکانە دەیگەیەنێتە ئێمە، لە ڕێگەی چەند ئینتباعــاتێکی هەســت بەخش کە لە خەیاڵی ئێمەدا کەڵەکە بووە، قسەکانی (ماکبێــپ) لەو کاتەی گوێی لە مردنی ژنەکەی دەبێــت، لەبــەر ڕۆشــنایی بــە زنجیرە بوونی ڕووداوەکان وا بۆ ئێمە هەڵدەکەوێ وەك بڵێــی چــەند وشــەیەکی کۆتاییە لەدوا ڕووداوی سیریالەکەدا. حەتمیەتی هونەری لەو پارسەنگە کاملەدایە لەمیانی ئەوەی کەدەرەکییەو فینۆمییە لەلایەك ئەوەش کە عاتیفییە لەلایــەکی دیکە،هــەر ئەوەشــە کــە شــانۆگەری(هاملێــت) پێویستی پێیەتی.

(هاملێت)ی پیاو عاتیفەیەك حــوکمی دەکــات کــە تــەعبیری لــێ نەکراوە، چونکە وەك چۆن بەدیار دەکەوێ گەورەترە لە ڕاستییەکان. جا ئەو هاویەکییەی کەهەندێك لە میانی هاملێتو نووسەردا ئیپــۆتیزی دەکەن لەم مەسەلەیەدا ڕاستە، چــونکە حیرەتــی (هاملێــت) بــەهۆی نەبوونی پارسەنگی بابەتی بۆ ئەو شتانەی شعوری پێــدەکات بریتییــە لە درێژبوونەوەی حیرەتــی نووســەرەکە لــەڕووی گرفتییــەکی هونــەری. (هاملێت) ڕووبەڕووی دژوارییەك بۆتەوەکە لەدایك بــووی ئەوەیــە کــە دایکی هۆی قێزەوەنکردنیەتی، بەڵام دایکی پارسەنگێکی تەواو نییــە،

بۆیەکە هەستێکە تێیناگاتو ناتوانێ سەیری بکات وای لێ دەکات ببێتە شتێکی بابەتی، ئا بەمجۆرە دەمێنێتەوە تا ژیانی ژەهراوی دەکات. گرفت دەخاتە بەردەم کارەکەی-فعل – یان فرمانەکەی، هیچ لەو کارە گریمان ئامێزانە بەشی ناکات، هەروەها شکسپیر ناتوانێ بەهیچ شێوەیەك مامڵەت لەگەڵ تەونەکە بکات تا گوزارشت لە(هاملێت) بکات، بۆیە لێرەدا دەبێ تێبینی سروشتی ئەو دراوکارییانە_معگیات- ی پرۆبلێمەکە بکەین کەدەبێتە هۆی نەبوونی پارسەنگی بابەتی، ئەگەر شکسپیر تاوانی- جروترد- ی بەرز هەڵگەڕاندبا ئەوە مانای ئەوە دەبوو کە داڕشتەیەکی تەواو جیاواز بۆ عاتیفەی هاملێت دەدۆزێتەوە، لەبەر ئەوە کەسێتییەکەی نێگەتیڤو پووچە، بۆیە ئەو شعورە لای هاملێت دەورووژێنێ کە لەتوانایدا نییە نمایشی بکات.

لە شانۆگەری یەکەمی(کید)دا شێتایەتی هاملێت فێلێکی سادە بوو، جەماوەر تا کۆتایی قبوڵیان کرد، بەوەی کە فێڵێکی سادەیە، بەڵام سەبارەت بە شکسپیر فێڵی خستنە دڵ بوو بەمەبەستی خستنە دڵ بە کەمتر لەشێتیو زۆرتر لەوەی کەوا خۆی بنوێنێ. روخۆشیی هاملێتو دووبارەکردنەوەی هەندێ لە دەستەواژەو یاری پێکردنی بە مانای وشەکان بەشێك نەبوو لە پرۆسێسی مەبەست تا بە

مەزهەبێکی فێڵبازانە بەدیاردەکەوێت، بەڵام هەندێك لـە خەمــەکانی خۆی بەبا کرد، لەکەسێتیی (هاملێت)دا، ئەو عـاتیفەیـەی کـە هـیچ پێڕەوێکی نەبوو لەناو کارەکەدا ئەو لە تەهریجەکەدا پێڕەوی بـۆ خـۆی کردووە، بەڵام لای نووسەری شانۆیی ئەو عاتیفەیەیـە کـە نوشوسـتی هێنا لە رێگەی هونەرییەوە گوزارشتی لێ بکات.

هەموو کەسێکی خودان ئیـدراكو حەساسـیەت بـە ئـەزموونێکی بەهێزی مەشاعیردا رەت بووە، جا شادییەکی زۆر بێـت یـا کلۆڵیـەکی زۆر، کاتێ ئەو مەشاعیرە بێ بابەت بێ ئەو بەدەوریدا چەقبەست دەبێ، یان بابەتەکە تێپەڕ دەکات، ئەوەشیان حاڵەتێکە کەسێکی هەرزەکاری پێ جیا دەکرێتەوە کە ئەوەش لە تایبەتمەندیـەکانی دەروونـە، کەسـی پێگەیشتووش کۆنترۆڵی ئەو جۆرە مەشاعیرانە دەکات بەشێوەیەك کـە بۆ دنیـا کـاری رۆژانــە لـەبار بێـت، بـەڵام هونەرمەنـد بەزینـدوویی دەیپارێزێ، چونکە کارامەیی ئەوەی هەیە سروشتبەندی-تطبیع- دنیـا بکات تا لەگەڵ عاتیفە بەهێزەکانیدا لەبار بێت. کەسێتیی هاملێـت وەك چۆن (لافورط) وێنەی دەکات کەسێتیی هەرزەکارە، بەڵام هاملێت لــە شــانۆگەری شکسـپیردا وانییـە، کەواتـە ئـەو هەنجەتـەی نییـە، لەسەرمانە دانی پێدابنێین شکسپیر چارەسەری گرفتییەکی کردووە کە لە برِستی ئەو گەورەتر بـووە، بـەڵام ئـەو هۆیـەی کـەوای لێ کـردووە

بەکاری بهێنێ ئەو تەلەسمێکی سەرسام ئامێزە هیچ وەڵامێکی نییە، ئێمە قەت ئەوە نازانین کە ئەو بارودۆخە کوشندەیە چی بووە وای لێکردووە هەوڵ بدات کە گوزارشت لەو شتە ترسناکە بکات کە لە سەرووی ئەندێشەکردنە، ئێمە پێویستمان بە زانیاری زۆر هەیە لە بارەی ژیانییەوەو هەروەها پێویستمان بەوە هەیە بزانین کە ئاخۆ کتێبی (مونتین)ی خوێندۆتەوە کە بەناوی (داکۆکی ریمون سیبون- بەشی یەکەمو فەسڵی دووەمەکەی خوێندویەتییەوە، لە کاتی یا لە دوای کام ئەزموونی کەسێتی.

لەکۆتاییدا دەمەوێ شتێ بزانین کە مەحاڵە بیزانین، چونکە بە پێی ئەوەی پێشکەش کرا گریمانی دەکەین، ئەزموونێکە بەسەر هەموو دراوکارییەکانی زانیاری کەوتووەو تێپەڕی کردووە، بۆیە دەبێ لە هەندێ شت بگەین کە شکسپیر تێینەگەیشتووە.

(١) هاملت ومشكلاتة، ت. اس. اليوت العدد الرابع، ١٩٩٦

(٢) هەندێ شتیم بە پێویست نەزانی وەری بگێڕم.

## ئێرنست کاسیرەر

مەیدانی فەلسەفەی هاوچەرخ چوار ئۆردی سەرەکی دابەشی دەکات، کە لەنێوخۆیاندا جیاوازن، بەڵام هەر هەموویان لە رەچەڵەك و سەرچاوەی قووڵی خۆیان یەکتر دەگرنەوە، هەر ئەو سەرچاوەو رەچەڵەکە قووڵەیە کە رۆشنبیری چاخی ئێمە دروست دەکەن و کلیلی رۆشنبیری ئەو چاخەمان پێ دەبەخشن، ئەو سەرچاوەو رەچەڵەکە قووڵەش بریتییە لەو شۆڕشەی کە بەسەر ئەو فەلسەفانەوە هەڵگیرساون کە دەسەڵاتیان هەبووە، ئەویش فەلسەفەی (هیگڵ) بووە.

پێڕەوگەی هیگڵ بریتییە لەوەی کە گەردوون بەهەموو شت و کەسەکانییەوە گوزارشتە لە رۆحێکی رەها کە سنووری بۆ نییەو هیچ شتێ رێی پێ ناگرێ و هیچ پێوەندی کۆتی ناکات، ئەو رەهاییە رۆحانییەش لەگەهەردا لەرووکاری دنیا دەست پێدەکات وخۆی ئاشکرا دەکات، کەهەستەکانمان دەرکی پێدەکەن.

جا ئەگەر دنیای بەرهەست پێشکەوتوو بێ لە قۆناغێکی نزمەوە بۆ قۆناغێکی بەرز ئەوە تەنیا بریتییە لە وردە وردە ئاشکراکردن و دۆزینەوەی رۆحی رەها خۆی وەك ئەوەی کە تەواریێ بێ و خۆی سادەی کاتەوە تا ئەوشتە شاردراوانەی ناخی بەدیار بکەون، کەون سەبارەت

بەو پێڕەوگەیە جیاوازی نییە لـە هـەبوونێکی ئۆرگـانی زینـدوو کـە ئارەزوووئامانجی هەیە,,,بەشێوەیەکی روونتر ئەو کەسـانەو ئـەو تـەك تەکانـەی کـە لەدەوروپشـتماندا هـەن‌و رووبـەڕوویان دەبینـەوە لـەو هۆکارانـە زیـاتر نـین کـە خزمـەتی گشـت دەکـەن لـە بـەدیهێنانی ئامانجەکانیان.

## شۆڕش دژی پێڕەوگەی هیگڵ

ئیدی شۆڕشی سەدەی بیست هات بـۆ ئـەوەی دژی فەلسـەفەیەکی ئاوا بوەسـتێ، بـەڵام ئـەو شۆڕشـە چـەندین شـێوەی گرتـە خـۆ، کـە گرینگترینیان چوارن وەك لە پێشدا وتمان کە هەریەکەو لە شـوێنێکی سەر ئەو زەوییە سەری هەڵدا.

لـە ئینگلتـەرەدا فەلسـەفەی-شـیکردنەوە- هاتـە کایـەوە کـە تۆپەڵەکان دەگەڕێنێتەوە سەر رەگەزەکانی خۆی‌و گشـت ورد دەکاتـەوە سەر تەکتەکانی خۆی، گرینگترینیشی فەلسەفەی- (مور) و٠ (رسل) بوو.

لە ئـەمریکا فەلسـەفەی-پراکمـاتیزم- سـەری هەڵـدا کـە هـەق دەباتەوە سەر ئەنجامە سەرکەوتووەکانی لەکاتی پراکتیزەکردنـدا واتـە هەق هەبوویەکی بـاڵاتر نییەلـەو خەڵکـە لەتەگەرەکانیانـدا... ئـەو

تەگەرانەی کە لەمەودای لێکۆڵینەوەی زانستیو ژیانی ڕۆژانە سەر هەڵدەدا.

لەکیشوەری ئەوروپادا بەتایبەت لە فەڕەنسا فەلسەفەیەك هاتە کایەوە کە لە خودی مرۆڤدا رووچوو، رووچوونێ کەماهیەتی ئەو خودە وەدەربخات...ئینجا فەلسەفەی وجودی لەفەرەنسا کەبوونی مرۆڤی بەرزکردەوە (بوونی دەرەکیو حەقیقەتی) بەسەر ماهیەتە رووتەکانەوە...باڵاتری کرد کەوا زەن دەکرا پێش ئەو مرۆڤانە کەوتووە لە بوونی ماددی خۆیان...هەروەها وێنەی ئەو وجودەی بۆ دەستنیشان کردن...بەشێوەیەك کەهیچ مەودایەك نییەو دەبێ بخرێتە ژێر باریەوە.

لە روسیادا فەلسەفەی ماڕکسی سەری هەڵدا کە بەشێوەیەکی دیکە شۆڕشی بەسەر فەلسەفەی هیگڵی هەڵگێرساند کە باوەڕی بە مەزهەبی دیالکتیکی هەبوو لەپەرەسەندنی گەردووندا، بە پێی قۆناغەکانی مێژوو، فەلسەفە لای هیگڵ (ڕۆحی گشتی رەهابوو) فەلسەفەی مارکسیش (دیالکتیك) بوو واتە رەوتی پەرەسەندنی لە-بابەتەوە-بەرەو-دژەبابەت- هەڵدەکا فەلسەفەی مارکس جەدەلیە وەك فەلسەفەی هیگڵ، بەڵام جەدەلییەتێکی ماتریالیزمییە کە پەرەسەندن تەنیا بەسەر مرۆڤو ژیانی بە راستی مرۆڤ سەقامگیر دەکات.

بەمجۆرە دەبینین هەموو ئـەو فەلسـەفانە دژی-رەهـا- دەوەسـتن کـە هیگلْ گەرەکی بوو بیکـات بەهـەموو حەقیقەتـەکان... بـەلاّم هـەر بەتەنیا ئەو شۆڕشانە (هیگلْ)یان نەگرتەوە بەڵکو-ئەمانوێل کانـت-یشی گرتەوە...ئەوانەش کـە دژی وەسـتان زۆربـەیان ئـەڵمانی بـوون پێیان دەوترا-کانتیە تازەکان- کە گرنگترینیـان (ئێرنسـت کاسـیرەر) بوو.

## ئێرنست كاسیرەر کێیە؟

- لە شاری-برسلاو- لە ئەڵمانیا لە سـاڵی (١٨٧٤) لـە دایك بووە.
- لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا چووەتە دانشگای بەرلینو لـە سەرەتادا بە یاسا خەریك بوو.
- وازی لە خوێندنی یاسا هێناو دەستی کرد بە خوێنـدنی فەلسەفەو ئەدەبو هونەر.
- پاشان دەچێتە دانشگای (ماریوزخ) بۆ خاتری خوێندنی کتێبەکانی (هرمان کوهین).

***گێچەڵی مەعریفە***

(کاسیرەر) تەمەنی لە سیساڵ تێپەڕی بوو کە هەموو دنیای بەخۆیەوە خەریك کرد لە مەیدانی فەلسەفەدا لەو کاتەی کە بە دوو بەرگ کتێبی -تەگەرەی مەعریفە- ی خستە بەر دەستانەوە، کە تیایا باس لە وێنەی هزری ئەوروپی دەکات کە چۆن پەرەیسەند تا گەیشتە فەلسەفەی -کانت- دوای پازدە ساڵان سێیم بەرگی ئەو کتێبەی چاپ کرد کە باس لەمەودای دوای (کانت) دەکات، پاشان لەساڵی (١٩٤١) دەچێتە ئەمەریکاو چوارەم بەرگو دوا بەرگی ئەم کتێبە تەواو دەکات.

لەتەمەنی سی‌وشەش ساڵیدا کتێبێکی دیکەی بەناوی (گەوهەرونواندن) نووسی کە بۆ چەندین زمان وەرگێڕدرا، لەوانە رووسی‌و ئینگلیزی.....کوورتەی بیرۆکەی ئەم کتێبە بریتییە لەوەی (کە حەقیقەتی مرۆڤ لەگەوهەرێکی کپدا نییە، بەڵکو لە ئەداکردنێکی زیندووی کاریگەرە...)

لەکاتێکا دوو هەزار ساڵی برد کە فەلسەفە بەپێی لۆژیکی ئەرستۆ دەرۆیشت لە پەی پێ بردووەکانی ئەقڵدا کە لۆژیکێکە وای دادەنێ کە ئەقڵی مرۆڤ بەهۆی (تەجرید) لە چوکە بەرهەستەکانەوە دەگاتە مانای گشتی، بۆ نموونە ئەقڵ چۆن دەگاتە بیرۆکەی گشتی‌و تێکرای مێزێك؟ ئەو کاتە دەیگاتێ کەچاو مێزەکان تەك تەك دەبینێ،

هەنــدێکیان چوارگۆشــەن‌و هەنــدێکیان سێگۆشــەن‌و هەنــدێکیان لاکێشن.....ئەی ڕەنگی چۆنە؟

ئیدی ئەقڵ هەموو لایەنە جیاجیاکان لــە حســابی خــۆی دەردەدات سەبارەت بــە تەکــە تەکــەی ئــەو مێــزە تــەنیا لایەنــە هاوبەشــەکان دەهێڵێتەوە کە بریتین لە مانای گشتی ئەو مێزە.

لێرەدا (کاسیرەر) رازی نابێ کە چۆن چۆنی ئەقڵ دەزانێ کە یەکــەم شتێ چاو دەیبینێ لە هەمان جۆری شتی دووەمە کــە چــاو دەکەوێتــە سەریەوە؟

ئەگەر وتمان بەوە دەیزانێ کە وێك چوون هەیە کەواتــە ئێمــە لــەناو ئەڵقەیەکی بۆشدا دەسوڕێینەوە... ئەوە وەك ئەوە وایە کە ئێمە بەر لە ناسینی کەســەکان جۆرەکــان بناســین‌و ئینجــا بڵــێین ئێمــە جۆرمــان نەناسیوە تەنیا دوای بینینی کەسەکان، لەبەرچی مێزەکــە بــە کوپــێ بەراورد ناکەیت‌و بە مێزێکی دیکەی بەراورد دەکــەی، کەواتــە ئــەقڵ حەقیقەتەکەی کاریگەرێتی‌و ئەدایە بەر لەوەی کە گەوهەرێکی خودان قەوارەیەکی سەربەخۆ بێ.

دوای ئەمە (کاسیرەر) لــەم کتێبــەدا جیاوازییــەکانی نێــوان پــەی پێبردووەکــانی ئــەقڵ پیشــان دەدات لــە هــەموو بوارەکــانی زانســت،

ماتماتیك پەی پێبردووەکانی ژمارەیە، سروشت پەی پێبردووەکانی کاتو شوێنو وزەیە...ئا بەمجۆرە دەچێتە دوایانەوە.

## *کاسیرەر وەك ئوستادی فەلسەفە*

بەڵام ئایا ئەو هەموو بەرهەمەی (کاسیرەر) لە فەلسەفەدا وەزعی ئەوی لە وڵاتی خۆی (ئەڵمانیا)دا گۆڕی؟ نەخێر ژیانی لەبارێکی وادا سەمەرەیەکە لە سەمەرەکان، هەموو خەڵکی کەوتبوونە ستایشی ئەو لە کاتێکا هیچ دانشگایەك کورسییەکی پێ نەبەخشیو ئەویش هەر خەریکی بەرهەمهێنانی فەلسەفە بوو زۆریشی دڵ پێ خۆشبوو، هەموو دنیاش ڕێزییان دەگرت، بەڵام دانیشگای هرفرد لە ئەمەریکا یەکەم دانیشگا بوو کە کورسی ئوستادییەتی لە فەلسەفەدا بە کارسیرە بەخشی، بەمجۆرە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کتێبی-دیمەنو سیمبولەکان-ی نووسی هەر بە هۆی ئەم کتێبەوە کرا بە بەڕێوەبەری دانیشگای (هامبرج) پاشان جەنگی دووەمی جیهانی ڕوویداو گەڕایەوە ئەڵمانیا، دانیشگای (ئۆکسفۆرد) کردی بە ئوستاد هەروەها دانیشگای (جنبرج) لە سوئێد، دوای ئەوە گەڕایەوە دانیشگای (بیل) لە ئەمەریکاو دانیشگای (کۆلۆجیا) لە نیویۆرك، لە ساڵی (١٩٤٥)دا دوای تەواوکردنی کتێبی (وتارێك دەربارەی مرۆڤ) کۆچی

دوایی کرد، کتێبەکە بریتییە لە کورتەی فەلسەفەی خۆی سەبارەت بە ژیانو دەورووبەرو شتەکان.

### لە میانی (کاسیرەرو کانت)دا

(کاسیرەر) وەك هەموو فەیلەسوفەکانی دیکەی ئەو چاخە- گوزارشتی لە رۆشنبیری زەمەنی خۆی دەکرد کە تەوەرەکەی دوورکەوتنەوە بوو لە -تەجرید-و چڕ بوونەوە بەسەر مرۆڤ لە دەستنیشانکردنیو لە بوونی زیندوویدا، بەڵام بە پێچەوانەی فەیلەسوفەکانی ئەو چاخە (ئەمانوئیل کانت)ی کردە ستوونی خۆی کە بەدرێژایی ژیانی لێکۆڵینەوەی دەربارەی ئەنجامدا... لە کۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەی تۆزێ راستکردەوە کە خۆی پێیان گەیشتبوو بۆ ئەوەی لەگەڵ گیانی سەردەمدا بگونجێ، هەروەها ئەوەی راڤە کرد کە (کانت) لە کتێبی (رەخنەی ئەقڵی پالاوتە) پرۆسێسی ئەقڵێکی تەواوی شیکردۆتەوە کە دەبێ ئەقڵ پێیەوە هەڵسێ تا مەودای ئەوەی هەبێ بگاتە حەقیقەتە زانستییەکان هەروەها مرۆڤ دەتوانێ چەند پارسەنگێکی ماتماتیکی دابڕێژی کە گومان لە یەقینیاندا نییە هەروەها دەتوانن چەند یاسایەکی زانستی سروشتی دابڕێژێ کە گومان لە یەقینیاندا نییە هەروەها دەتوانێ چەند یاسایەکی زانستی

سروشنی دابڕێژێ وەك یاسای راكێشان بۆ نموونە كـە ئەوانـەش چـەند یاسایەكن گومان لە یەقینیان نییـە. لـە گۆشـە نیگـای ئـەوەوە كـە هەمووەمان گۆشەنیگای زانا سروشتییەكانی هەردوو سـەدەی حەڤـدەو هەژدەیە.

رای-دیڤید هیم-ی فەیلەسوف

مێژووی فەلسەفە، فەیلەسوفێكی دیكـەی بـەخۆوە بینـی ئـەویش (دیڤید هیوم) بوو كە بەگژ یەقینی بـە قسـەی یاسـای زانسـتەكاندا دەچۆوە، بۆ ئەوەی بگاتە ئـەنجامێك، ئـەویش بریتـی بـوو لـەوەی كـە (حەقیقەتە زانستییەكان) مادامەكێ پشت بە بینراوەكانی هەستەكان دەبەسـتێ ئـەوە مەحالـە بـە یـەقین وەسـف بكـرێن، چـونكە ئـەوەی هەستەكان دەیبینێ لەوانەیە بەئەقڵ وێنەی دیكەیان هەبێ جگە لـەو وێنانەی كە بەراستی هەیانە، وەك ئەو بەردەی كە بەرەو هاتنە خـوارەوە دێ، بە پێی یاسای راكێشـانە وەك دەیبیـنین... ئـەوا لـەلای ئـەقڵی پاڵاوتە هیچ شتێ نییە كە قەدەغەی بكات ئەو بە شێوەیەكی دیكـەی ببینێ... وەك ئەوەی كە ئێمە بەردەكە دەهاوێژین بەرەو سەرەوە دەچـێ لەجیاتی ئەوەی بەرەو خوارەوە، ئەوەی كـە ئێمـە دەتـوانین بیسـەلمێنین ئەوەیە كەكارەكەمان وا بینیوە نەك بە شێوەیەكی دیكە، كەواتە هـیچ یەقینو حەتمییەتێك لە ئارادا نییە كە وا بكات سروشت بـەم شـێوەیە

بەرێوە بچێ، جا ئەگەر ئەوەی دیڤید هیوم دەیڵێ ڕاست دەربچێ ئەوە بونیاتی زانست دەلەرزێ وەك چۆن ئەهلی زانست دەیبینن، بۆیە دەبێ فەیلەسوفێکی دیکە ئەم شتە بگرێتە ئەستۆ تا ڕاستو چەوتەکانی بەدەر بخات کە ئەویش (ئەمانوئیل کانت) بوو، کە وتی:

(هیوم ئەوی لە سرِ بوونی هزری وەخەبەر هێنا، بەڵێ ئەگەر هەستەکان بەتەنیا دەرگای زانستی سروشتی بن، ئەوا دەگەیشتە هەمان ئەو ئەنجامانەی کە هیوم پێیان گەیشت، بەڵام کارەکە وانییە، (پێ هەستەکان) بە کەرەستەی خاو لە هەستەکانەوە دەگەن بە ئێمە... هەستەکان هێرش دەکەنە سەر چاوو گوێو پێستو شتی دیکە، ئەوجا ئاوێتەیەك دەگا بە ئێمە ئەگەر کارەکە بەوەندە بوەستابا ئەوا مەعریفەت نەدەبوو، بەڵام لەپشت_ پێ هەستەکانەوە- ئەقڵ هەیە کە بە چەند گوتەزارو قالبێك تەیار کراوەو ماوەی هەستەکانی تیا کراوە، بەجۆرە بۆتە زانستێکی ڕاست وەك چۆن پیتەکانی چاپ بەسەر لاپەڕەی کتێبەوە ڕێکدەخرێ....کەواتە ئەوانە مانان نەك چەند پیتێکی رووتو پەرشو بڵاو.... کانت بەوە کۆتایی دەهێنێ کە مەعریفەی زانستی دوو لایەنی هەیە...ئەو هەستانەی کە دێتە ناو هەستەکانمانەوە لە دەرەوەڕا ئەو گوتەزایە ئەقڵیانەی کە ئەو هەستانە ڕێکدەخات، جا ئەگەر هی یەکەم نەبا ئەوا هەموو گوتەزاکان خاڵی

دەبوون لە ناوەرۆكو ئەگەر هی دووەمیش نەبا ئەوا هەستەكان دەبوونە قۆمەتێكی كوێرو تولخاوە بەبێ مانایەكی ماقوولْ فەرمۆڵی سەرەكی (كانت).

## كاسیرەر رای كانت تەواو دەكات

(كاسیرەر) هات نەك (كانت) رزگار بكات، بەڵكو بۆ ئەوە هات شتێ بخاتە سەر (كانت)و تەواوی بكات، ئەو دەڵێ مرۆڤ بە تەنیا عەقڵێكی رووت نییەو بەس وەك چۆن كانت بۆی دەچێ، دەنا ئەگەر وابوایە ئەوا زۆر لایەنی رۆشنبیری خۆی بەهەدەر دەچوو...سەیری رۆشنبیری مرۆڤ بكە بە درێژایی مێژوو و لە هەموو كۆمەڵگەیەك دەبینی بریتییە لە تەونی شتێكی زۆر كە ناتوانی واز لە هیچێكیان بهێنی... ئەگەر بەتەنیا پێویستی بە لایەنی ئەقڵی زانستی هەیە كە بەرای كانت وایە، بەڵام لەهەمان كات پێویستی بە هونەرە پێویستی بە ئەفسانەو زمانو مێژووە، پێویستی بە ئایینەو هەروەها چەند لایەنێكی دیكە كە مەحاڵە بەبی ئەوانە بژییت.

ئایا گەلێكی هەمەجی یاخود شارستانی هەیە بەبێ هونەر یا ئاین یا ئەفسانە ژیابێ؟ بەبێ زمان ژیابێ؟ بە بێ مێژوویەك كە دەیگێڕێتەوە ژیابێ؟ ئەوانەش زانست نین كە بڕژێنە ناو گوتەزاكانی

ئەقڵی پاڵاوتە، بۆیە هیچ مەودایەك نییە بۆ ئەوەی تەسمیل بە ئەوە نەبین کە خۆرسکی مرۆڤ فراوانترە لە ئەقڵی پاڵاوتە....لێرەدا خۆرسکێك لە خۆرسکێکی دیکە چاتر نییە، چونکە هەموویان پێویستن بۆ ژیانو شارستانییەتی، هەموو ئەو لایەنانەیە کە (کاسیرەر) ناویان دەبات بە (دیمەنە رەمزییەکان) یاخود بڵێ ئەو قالبانەی کە ئەو ماددانەی تیا دەکرێت کە مرۆڤ دەیکا بە رەمزێك رێی خۆی پێ دەکاتەوە لە ژیان.

ئەوەی کە زۆر گرنگ بوو (کاسیرەر) دەستی بە شیکردنەوەی ئەو وێنانە کرد. تا سەر رەگی بردنەوە کە ئەوەشیان چەند ساڵێکی خایاند لە (١٩٢٣) تا (١٩٢٩)، کە ئەو سێ بەرگەی دوایی بوون بەو کتێبە مەزنەی (دیمەنە رەمزییەکان).

## *ئێرنست کاسیرەرو ریشاڵی زمان*

ئەم فەیلەسووفە بایەخێکی زۆری بە ئەسڵی زمان داوە. کە حوکمی پێشخستنی سرووتو ئەفسانەکانی سەرەتایی دەکات، ئەو کتێبەی کە بەناوی (فەلسەفە شێوە رەمزییەکان) (١٩٢٣-١٩٢٩) بە چاپی گەیاند ناوی لە —هردر-ناوە کۆپەرنیکی مێژوو-، هردر زمانی لە ئەفسانە دەردەهێنا کە (کاسیرەر) لەگەڵیدا هاورا نەبوو، چونکە

(كاسیرەر) دەیووت هیچ یەکێك لە زمانو ئەفسانە لە یەکتر دروست نابن، دەبێ وا بیر لە زمانو ئەفسانە بکەینەوە، کە دوو لقی لە یەك جیاوازی یەك قەدن لە یەك پاڵی دروستکردنی رەمزی دێنە دەرەوە کە (کاسیرەر) بەو پاڵنەرەی دەوت (چڕبوونەوەو سەر هەڵگەڕانی ئەزموونی هەستی سادە) (کاسیرەر) دەستی بە پەیوەستدانی زمانی بەرایی کرد لەگەڵ ئەزموونی هەڵچوونی چڕوپڕ مەسەلەیەکی هێجگار گرنگ سەبارەت بە چەمکی ئەو بۆ شیعر،، (کاسیرەر) وای باوەڕە کە رەمز (سیمبول) پێویستییەکانی مرۆڤ دروستی کردووە، واتە پێداویستییەکانی مرۆڤ بۆتە هۆی دروستبوونی رەمز، رەمز یەکێ لە رووکارەکانی حەقیقەت نییە، بەڵکو خۆی هەقیقەتە، لە رەمزدا بەسەریەك پیادەبوونێکی تەواو هەیە لە میانی خودو بابەت (کۆلرێدج) هەوڵی دەدا کە ئەو شوێنە بدۆزێتەوە تیایا جیاوازی نێوان وشەو شتەکان نامێنێ، بەڵام (کاسیرەر) رایگەیاند کە ئەو شوێنە هەیە ئەویش لە دنیای ئەقڵی بە وەحشی بوودا هەیە، لە ئەقڵی مرۆڤی بەراییدا دەبینین کە ئیدراکانە هەستە ئەفسانەییەکان واتە- خوداوەندە کاتییەکان- کە ئەزموونی بە وەحشی بووە زۆر زیندووەکانیان لێ دێتە کایەوە بەهۆی وشەوە بالانسیان هەیە.

وشه لەوێدا ئەلتەرناتیڤی نییە، (کاسیرەر) تێبینی ئەوەی کرد کە زۆر جاران ناوی ئیلاهیەت نەك خوا خۆی سەرچاوەی بەراستی هێزو قودرەتە وەك بەدیار دەکەوێ.

(کاسیرەر) پیلە لەسەر ئەوە دەکات کە رەمزی شوێنی بەیەکگەیشتنی خودو بابەتە، چونکە چەمکی خود بۆ زمان دەگەڕێتەوە، جیاوازی کردن لەمیانی خودی دەرك پێکەرو شتی دەرك پێکراو بۆ هێنانەدی ئەوانە زۆر پێویستی بە وزەی تێڕامانو لۆژیك هەیە.

ناو زۆر گرنگە لای کاسیرەر بۆ گەیشتنی بە گەوهەر، ئەزموونی مرۆڤایەتی بێ ناو ناچەسپێو خەزنە ناکرێ هەر بەهۆی ناوەوەیە کە وزەی دەروونی بەرەو گەوهەر دەچێ، کەواتە ناو خەزنەی مانایە.

هێزو بڕستی ئەوەی کە ئەم رەمزانە دابنێینو بەکاریان بهێنین وا لە مرۆڤ دەکا کە مرۆڤ بێ، مرۆڤ ئاژەڵێکی داهێنەری رەمز، تاکە ئاژەڵە لەم چوارچێوەیەدا.

(کاسیرەر) دەڵێت: شیعر وێنەی لەفزی ئەفسانەیی نییە بۆ خواو شەیتان هەروەها هەقیقەتی لۆژیکیش نییە بۆ هەڵبەتییەکانو پێوەندییە رووتەکان، دنیای شیعر دوورە لەو شتانە بەو وەسفەی کە دنیای بە واهیمەکردن، بەڵام ئەم جۆرە بە واهیمەکردنە تەنیا هەرێمی

هەست دەتوانێ نوتقی بۆ بدۆزێتەوە، هەر بەو هۆیەوەش دەتوانێ بگاتە تەواوی وەدیهاتنی بەرهەستی خۆی، ئەم بیروڕایانە لە کتێبی (زمانو ئەفسانە)دا هاتووە (کاسیرەر) لە کتێبی (وتارێك دەربارەی مرۆڤ)دا بە تەواوی روونی دەکاتەوە کە شعووری رووت کە هونەر گوزارشتی لێدەکات بە تەنیا هەڵچوونی کەسێتی شاعیر نییە، ئەو پێمان دەڵێ کە شاعیری لیرکی قەت ئەو مرۆڤە نییە کە هیلاکە بۆ راخستنی مەشاعیر، هەرێمی شعووری رووت گۆشەی تایبەتی خۆی هەیە سەبارەت بە مەوزوعییەت، جا مادامەکێ ئێمە ناتوانین پێناسەی هەقیقەتی بابەتی بکەین تەنیا لە رێگەی شێوەکانی سیمبول نەبێ ئەوا هونەر یەکێ لە پێدا تەماشایانە دروست دەکات یاخود یەکێ لەو روانگەیانە دروست دەکات کە لێیەوە سەیری هەقیقەتی واقیعی دەکەین، هونەر رابواردنو لەرێ لادانو یاری نییە، بەڵکو کەشفی دیمەنێکی رەسەنە لە ژیانماندا، ئێمە چۆن دەتوانین ئەو جیاوازییە کەمانە بناسین کە لە رووکاری شتەکاندا لە ژمارە نایەن بەبێ کاری گەورەی وێنەکێشانو نەقاشەکان؟ هەرواش شیعر، کە کەشفی ژیانی تایبەتیمانە. بۆیە هونەر کۆپی کردنو قولابکاری نییە، بەڵکو بەدیارخستنێکی رەسەنە بۆ ژیانی ناوەوەمان.

لێرەدا وا بەدیار دەکەوێ کە لای (کاسیرەر) هونەر راستکردنەوەی زانستە، هونەر مەعریفەیەکی تایبەت بەژیانی ناوەوەمان پێدەبەخشێ وەك چۆن گریمان دەکرێ کە زانست مەعریفەی تایبەت بە ژیانی دەرەوەمان بداتێ. (کاسیرەر) دەڵێت: زمان لە نیوەی مەملەکەتی نێوان دەست نیشانکراوو دەست نیشان نەکراودا جووڵە دەکات هەر هەوڵێك بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەمانباتە دەرەوەی هەرێمی زمان بەرەو (دنیای بێدەنگی)یمان دەبات.

دووبارە لە کتێبی (زمانو ئەفسانە)دا دەڵێت: زانست دوا قۆناغە لە پێشکەوتنی ئەقڵی مرۆڤو باڵاترین ئەو شتەیە کە شارستانێتی مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە، لێرەدا بەدیار دەکەوێ کە (کاسیرەر) زانست لەپێش هەموو جۆرەکانی زماندا دادەنێت، هەروەها دەڵێت: (بە دوورخستنەوەی رەگەزە کەسێتییەکانی هەڵچوون کە بەشێکی گەورەو پێکهێنەری زمانی ئەفسانەو ئاینو هونەرە، ئەوە زانست لایەکی فراوانو قووڵمان لە لایەنەکانی هەقیقەتی واقیعی پێدەبەخشێ، زانست ئەو هۆیەی پێیە کە بگاتە هەقیقەتی واقیعی کە لە هۆی هونەر باڵاترە.

سەرچاوە

نافذة على فلسفة العصر- الدكتور ذكي نجيب محمود.

الاقلام، ئاياری-١٩٧٦.

## بۆریس ڤیان و
## رۆمانی نەفرەتی سپی

بـۆریس ڤیـان هـەم شـاعیرو هـەم زانـای ماتماتیـك بـووە، واتـە نوێشکێکی بلیمەتی ڤالیری و ریمون کینو بووە، ریـالیزمی و سـوریالی، سەرکێش و سـازکار، ئەوانـە رەمـزی ئـەو کەسـانەن کـە دەیانویسـت تەکنەلۆژیا بکوژن، کە دڵی مرۆڤ دەکەنە ترومپای پلاستیکی، یاخود ببێتە ژمارەیەك لـە نـاو مەصـەحەییێکی گـەورەدا، کـە کۆمەڵگـەی پیشەسازییە جێی هیچ شتێ نییە تەنیا بۆ دەستە چەپاولەکان نـەبێ، بەڵام بۆریس ڤیان، رەمزێکی تراژیدی بوو بۆ هەموو ئەوانەی کـە لـە ترۆپکی خەیاڵدا بۆمباباران کـران، بـۆ ماوەیـەکی دوورو درێـژ نـاوی (فرتون سولیڤان) لە خـودی خۆیـدا رایکـردو لـە میـانی روخسـارو ماسکدا دەژیا، بەڵام لە کۆتـایی تولانەوەکـەدا روخسـارەکە زاڵ بـوو، مەرگ زاڵبوو، هەر ئەوەش وایکرد کە بۆریس ڤیان ببێتە خاڵی بەیەك گەیشتنی رۆمـان و شـیعرو گۆرانی وجـازو تێکـەڵ بەیەکـدی کـردن، ئەوانەی پـەراوێزی دەگـەڵ گەوهـەردا تێـك کـردەوە، لـە وێنـەکردنی قەیرانی وجودیـدا کـە سـارتەر رەهەنـدێکی فەلسـەفی دیکـەی پـێ بەخشی سەرکەوت، بەڵام ئـەو بـە هـەموو سـادی و قـەیرانی خۆیـەوە

وێنەی کێشاوە، لەو ڕۆژئاوەیەی کە قەیران بە قـەیرانی دیکـەی تـازەو هەموو ئەو شتانەی کەسێتی بە تەکنیك دەکات تا لـەناو چوارچـێوەی گشتگیرییەکانی باودا پلە بەندی بکات.

ئەم نووسینە لێکۆڵینەوەیەکە سەبارەت بە ڕۆماننووس‌و نووســەری شانۆکاری فەرەنسی بۆریس ڤیانی ساخیرو دانـەری ڕۆمــانی پـایز لــە پەکین‌و گیاکەڵەی سوورو هەندێکی دیکە، ئامانجەکەش ئەوەیە چـەند لایەنێکی ژیانی ئەو نووسەرە بخەینە بەر تیشك کە لەیەك کاتدا چەند دەنگێك بوو، بریتی بوو لـە کۆمــەڵێك کەسـێتی تـا سـنووری لێـك دوورکەوتنەوە ڕاهاتن.

ڕەنگە هەڵوەستەکردن بەسەر منداڵێتی بۆریس ڤیان سەخت بێـت، چونکە تەژی گرتەی وردە وردە، ئەم منداڵێتیەی ئـەو لـە جیهانێکـدا ئەو شـتە ڕادەفڕێنـێ دەسـت نیشـانکردنی سـەخت‌و دژوارە، شـتێکە لەمیانی تیشك‌و تاریدا، بەڵام هەردەبێ دەست بەسەر ئەو منداڵێتییەو ساتمەکانی دابگرین، ئەوەی کە گومانی تێدا نییە ئـەو منداڵێتییـەی بۆریس ڤیان تاوەکو مردنی بـەردەوام بـووە، سەرکێشـەو حەماسـەت‌و توورەیی‌و سۆزمەندییەتی ئەو ڕاڤە دەکات، ڕەتکردنـەوەی نموونەیـەکی دەست نیشانکراو لە دونیای گـەورە پیاوانـدا هەنـدێ جـار وا بـەدیار دەکـەوێ کـە بێزکردنەوەیـەکی ئاسـایی مرۆڤێکـە زانیویـەتی چـۆن

پارێزگاری نەرمو نیانی ئـەو منداڵێتییـە بكـات كـە دوور بـووە لـە جیهـانی وەحشـییەكاندا وەك چـۆن لـە (مردووەكـان یـەك پێسـتیان هەیە)دا باسی لێوە دەكات.

ڤیان دەڵێت (من نامەوێ دەستی خۆم بە تۆڕێـك لـە بەرژەوەنـدیو ئامانج پیس بكەمو خەنجەر لەدواوەوە بوەشێنم، خەنجەر لـە پشـتی بـێ گوناهان بدەم).

ئەو منداڵەی لەگەڵ پەپوولەكان پێدەكەنی لە سێبەری باوكێك بوو كە ناوی پول ڤیان بوو، بۆریس لە شەقامی ڤەرسای لـەدایك بووە،لـە (فیـب فـاخرای) كـە دەكەوێتـە رۆژئـاوای پایتـەختی فەرەنسـا، لـە سانەویەی (سیڤر) خوێندیو پاشان چووە (هـوش) لـە ڤەرسـای، لـە پازدە ساڵیدا بەكالریۆسـی وەرگـرتو لـە حەڤـدە سـاڵیدا شـەهادەی فەلسەفەو ماتماتیكی وەرگرت، لە ناوەنـدی ئـەو ئیقاعـە پارسـەنگی نێوان مەعریفەكە زیاد دەبووو جەستەش كە قورس دەبوو هەندێ كات هەبوو هەناسەی نێدا دەدا ئەویش ئەوەبوو دەچووە گوند لـە دوورگـەی (كونتان) (ئەوە ماڵێك بوو لـەدار كـە شەوچـەرەی لەگـەڵ شـەپۆڵو ئەستێرەكان دەكردو تاقە ماڵێك بوو من هەناسەم تێدا دەدا... بـەڵام لەبەر سـتراتیژیەتی ئـەو شـوێنە ئەڵمانییـەكان كردیـان بەسـەنگەرو

روخساریان گۆڕی، ڤیان لە رۆمانی (دڵێکی وردوخاشکراو)دا باس لەو شوێنە دەکات.

لەساڵی ١٩٣٩دا چووە قوتابخانەی (هونەرەکانی پیشەی دەست) پاشان لەبەر هۆیەکانی جەنگ خانەوادەی ڤیان چوونە (باسك) لەوێ ڤیان یەکەم ژنی خۆی ناسی کە ناوی (میشیل لەگلیز) بوو، هەروەها بووە هاوڕێی شانۆکار (جاك اوستالو-ماجوور).

ماجور بە پێنج ساڵ لەو بچووکتر بوو، هێندێ لە رەخنەگرەکان دەڵێن، ماجوور ئەو بەرجەستەیە بوو کە بۆریس ئارەزووی دەکرد، بۆریس خۆی لەسەر رووخۆشیو وازیو رێکی پەروەردە بووبوو، بەڵام خۆی لەبەرامبەر لووت بەرزیو فرۆفێڵی ماجووردا دۆزییەوە...بۆیە بۆریس نموونەیەکی چەواشەی لەودا دۆزییەوە، ئەوەش یارمەتی ئەویدا بۆ ئەوەی لە بنەڕەتەوە بابەتی رۆمانی خۆی دابڕێژێ، هەروەها هانیدا کە بچێتە ئەوپەڕی سنوور لەزەتەوە، هەروەها ئەوپەڕی سنووری گومانەوە، (ماجوور) ئەو دەرسەی لە رووی مەیدانیەوە بەرجەستە کرد کاتێ کە لەو بانێژەیە کەوتە خوارەوە کە بەسەریا هەڵدەگەڕاو مرد لە سەعات سێی حەوتی کانوونی دووەمی١٩٤٨دا.

بۆریس لە ساڵی ١٩٤١دا ژنی هێناو لە دوانزەی نیسانی١٩٤٢دا کوڕێکی بوو ناوی نا باتریك، کۆمەڵە شیعرێکی بەچاپ گەیاند کە

بریتی بوو له (١٠٠) شیعرو پاشان رۆمـانی (دنـهو وڕێنـه)ی چـاپ کرد، له ساڵی ١٩٤٤ رۆمانی (فیرکوکانو بلانکتـون)ی چـاپ کـرد، ڤیان له کتێبی (بونیاتنـهرانی ئیمپڕاتۆریهتـدا)دا دهڵێـت (مـن لـه ترۆپکی ناهۆشی بووم له بهرامبهر رووداوهکاندا) ئهوهشیـان سـهبارهت بهو رووداوانهی شـهڕی ئـهڵمان بـوو کـه کـهمتر وهك نووسـین باسـی نهکردووه.

ڤیان له ساڵی١٩٤٦دا رۆمانی (زبد الایام)ی نووسیو پاشان (تـف له گۆڕهکانتان دهکهم)ی نووسی، لهبهر نادیاری ژیانی خۆشیو لهزهتی ئهبیقۆریو ورووژانـدنی گومـانو عـهیبو عـار ناچـار بـوو بـهناوی خواستراوی-فرێون سولیفان- بنووسێت.

له ١٩٥٣دا ئۆپێرای (سوار چاکی بهفر)ی دانا که جـۆرج دولـوری چوارچێوهی مۆسیقی بۆ داناو له میهرهجانی (کان)دا نمایش کرا.

له بهلجیکادا ئهوهی که له سهربازی رایکرد کـه ئـهو کاتـه شـهڕی جهزائیر لهو پهڕی دابوو، ههراو زهنایهکی زۆری دروست کردو دوژمنـی زۆر بوو، ههموو دهرگاکانی تهخته شانۆکانی لێ داخرا، هـهر بۆیـهش له رووی هونهریهوه فهشهلی هێناو بـه دڵشـکاوی لـهم بـوارهدا چـووه دهرهوه، بهڵام سوودێکی زۆری وهرگرتو له رۆمانهکانیدا دهنگی دایهوه، ههر ئهوهش بووه هۆی تێکچوونی میانـهی لهگـهڵ ژنهکهیـدا، پاشـان

دەستی کرد بە بایەخدان بە لێکۆڵینەوە دەربارەی هەڵوەستەو هۆیەکانی شێتیو هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بە حاسەی حەوتەمو ماوەرائیات هەبوو.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ڤیان تووشی شێتی هات؟ وەڵامەکەی ئاسان نییە، دەبێ رۆمانەکانی بە وردی بخوێندرێتەوە بەتایبەت نووسینەکانی دوایی، کە تیایدا دوو لەتبوونی کەسێنیو دوفاقییەکانیان دەبینین.

لە ساڵی ١٩٥٩دا لە کاتێکدا ئامادەی ئەو فیلمە بووبوو کە بەناوی (تف لەگۆڕەکانتان دەکەم) کە لە رۆمانی ئەودا وەرگیرابوو، تووشی نەخۆشی دڵ هاتو کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی-فیل دافرای- دا نێژرا.

لەوانەیە هەر چوار رۆمانی بۆریس ڤیان کە بریتییە لە (کەف چەرِی رۆژان، پایز لە پەکین، گیای سوور، دڵی شکاو) رۆمانی رووبەڕوو بوونەوە بن لەرووی نووسینو بنیاتو تەدویری کەسایەتییەکانیان، خودان تەونێکی وان کە لە قاڵبی خۆیان دەردەچن، کە ئەوەش لەلای بەلزاكو ستاندالو ناتالی ساروتو میشال بوتوردا دەبینین، هەروەها لەو رۆمانانەدا تێکەڵبوونێکی قووڵ هەیە لەمیانی لەقتەی وەسفیو مەنەلۆژی قووڵو ئاووهەوای مێژووی

روخساری بە ئەفسانەکردنی واقیع، هەموو رۆمانەکانی بۆریس ڤیان سیرەتی خودەکە مەحەکی رووداوەکانی دونیای دەرەوە، لێرەدا مەیلی بۆریس ڤیان بۆ نووسینی رۆمانی راستەوخۆ دیار دەکەوێ، بۆریس لە رۆمانەکانیدا هەوڵی ئەوە دەدا کە لە ناو نالۆژیکدا بژیت بۆ زمانی نووسین وەك نافورەیەکی زمانەوانی وایە بە هەموو لایەکدا دابەش دەبێ، چونکە ئەو پێی وابوو ژیان راکردنو هەناسەبڕی بوونە بە دوای هیچ شتێ (ناشتی)....

لە ساڵی ١٩٤٤دا باوکی مردو لە ١٩٤٨ هاوڕێکەی (ماجوور) مرد کە یەکجار زۆر کاریان کردە سەر بۆریس ڤیان.

بۆریس ڤیان پیاوێکی تیزبازو بێهودە بوو، هەروەها موتەمەرید بوو لە پەیوەندی نێوان ئەقڵو ئەقڵ لە شارستانییەتی ئامێری پیشەسازیدا.

کارێکی ئاسان نییە کە بۆریس ڤیان لە یەك کاتا رۆماننووسو ماتماتیکزانو شاعیرو گۆرانیبێژوو عازفی جازو ئەندازیار بێ، لە کاتێکدا خەو لە ژیانی ئەودا نەبوو، کە ئەوەش بووە هۆی ئەوەی جەستەی بکەوێتە ژێر پاڵەپەستۆیەکی بەردەوام، بۆریس ڤیان لە (گیای سوور)دا ئەوەی خستۆتەروو کە هەردوو پاڵەوانی ئەو رۆمانە (وولف، لازولی) گرفتی ئەوەیان هەیە ناتوانن فرمانی جنسی بەدی

بهێنن لەگەڵ خۆشەویستەکانیان لە هیکەوە تووشی سێ ژن دێـن کـە لە ریز یەکتر خەوتوون لەوەی ناوەند دەگەڕێن‌و هەردووانی پەرگە بێدار دەکەنـەوەو ئیـدی کـاری سێکسـیان بەتـەواوی لەگـەڵ دەکـەن، لـە حاڵەتێکا کە تەنیا ئەو شوێنەیان بێدار کردۆتەوە کـە کاریـان پێیـەو لای بالآشیان لە ناو ناوەعی جێ دەهێڵن لە کاتێکدا کە هـەردوو ژنـە خەوتوون ئەوان لەناو ئەوپەڕی لەززەتدا دەژین.

هەمان ئـەو رووداوانـە لـە رۆمـانی دڵشـکاودا دووبـارە دەبنـەوە، دەتوانین بڵێین بۆریس ڤیان لە رۆمانەکانیدا بە گشـتی مرۆڤێکـە بـۆ رابردوو دەژییت‌و تووشی نوستالیگا بووە.

ڤیان دنە کردن لە هێڵەکانی دروێنەی نووسـی، لـە سـاڵی١٩٤٢-١٩٤٣دا ئەم رۆمانەی نووسی‌و هەروەها لەگەڵ ژنەکەی خۆی میشـال باشکیدا رۆمانێکی پۆلیسییانەی نووسی بـە ناونیشـانی (مرۆڤێکـی ناوەخت) کە تێیدا باسـی هاوڕێیەکـەی (مـاجوور) دەکـات، کـە بـە شێوەیەکی تراژیدی کۆچـی دوایـی کـرد، هـەروەها بـاس لـە ئاکـارو رەفتاری ماجوورو چۆنییەتی نووسـینەکانی دەکـەن، بـەڵام بایـەخی-هێڵەکانی دروێنە لە دوو ئاست دایە ئەویش ئاستی مێژوویی‌و ئاستی رەخنەیی کـە تێپـەڕی رەهەنـدی رۆمـان ئـامێز دەکـەن، رووبـەڕووی

کەسێتی دەبێتەوە کـە سـەر لـە نـوێ بـەدیار دەکەونـەوە، ئـەوانیش ماجوورو تامبو کە جەوهەری شێوازی ڤیان بەدیار دەخات.

سەرچاوە

لە گۆڤاری (المنار) ژمارە١٤ی١٩٨٦ وەرگیراوە.

## قوتابخانەی بڵاوکراوەیساڵانە

## گۆشەنیگایەکی نوێ لە نووسینی مێژوو
## لە تۆمارکردنی رووداوێك بەرەو تێگەیشتنی دیاردەکان

نووسینەوەی مێژوو لە فەرەنسا، بەدرێـژایی چـاخەکان خزایـە ژێـر باری دوو چەمکەوە، کە پلەی پێکەوە ژیانیـان جیـاواز بـوو چـەمکی یەکەم چەمکێکە شیکارسازی بوو، بەدوای ئەو رێچکۆڵانە کەوت کـە شارستانیێتی گرتبوویە بەر، بایەخی بە چارەنووسی مرۆیی دەدا، زیـاتر لەوەی کە بایەخ بە تاکەکان بدات، جا بە پەرەسـەندنی کۆمـەڵ زێـتر لەپەرەسـەندنی دەزگاکـانو بـە پەرەسـەندنی نەریتـەکان زیـاتر لـە رووداوەکـان، ئـەو چـەمکە چـاخی سـەنگینی خـۆی دەگـەڵ بزاوتـی رۆشنگەریی‌و نووسـەرو مێژوونووسـەکانی وەك (بـودانو باسـکیە)دا بینی.

بەڵام چەمکی دووەم کـە زیـاتر گێڕانەوەیـەو زیـاتر لـە سـێنتڕاڵی دەسەڵاتی سیاسیەوە نزیك بـوو، زۆر بایـەخی بـە دووبـارە وێنـەکردنی رەگوڕیشـەو رەچـەڵەکی دەزگاکـانو ململانێکـان دەدا، هـەر لەگـەڵ سەدەی نۆزدەیەمدا چەمکی دووەم سـەرکەوت، ئـەوەش لەبـەر چـەند

هۆیەك بوو لەوانەیە گرنگترینیان هەبوونی پەروەندەو دیكۆمێنتی گشتی بێ كە مێژوونووسانی هاندەدا كە بچنە ناو دەریای مێژووی كۆن چونكە لێكۆڵینەوە لە رابردوو- واتە دەولەت- شەرعییەتی سیاسی پێدەدان، هەروەها هۆیەكی دیكەش هەبوو بۆ وەدیاركەوتنی ئیرادەیەكی ئاشكرا لە سەدەی نۆزدەیەم بۆ ساغكردنەوەی شێوازی زانستی ئەزموونگەری، ئەوەش مانای بچووككردنەوەو تەنگكردنی كایەی تێبینی مێژوویی بوو كە ئەوەی دەگەیاند دیدگایەكی سێنترالی بەسەر پەرەسەندنی مێژووییەوە گریمان بكات، ئینجا بەسەر پەرەسەندنی كۆمەڵەوە.

هەمان ئەو پاشینەیە وایكرد كە قوتابخانەی (حولیات- بلاوكراوەی سالانە) و بانگەشەكانی بۆ ئەوەی كە مێژوونووسان لە هەیوانی وەزارەتو ئەنجومەنی پەرلەمان بێنە دەرەوەو دەست بكەن بە لێكۆڵینەوە سەبارەت بە (سروشت) و كۆمەڵە كۆمەلایەتییەكانو بونیاتی ئابووری، بێتەكایەوە، ئەم قوتابخانەیە هەولیدا كۆتایی بە میتۆدەكانی بژاركاری بۆ واقیعی كۆمەلایەتی بهێنێ، واتە ئەو میتۆدانەی كە لە گرووپەكانیان دەكۆڵییەوە بەهۆی سەركردەكانیانەوە لە رێگەی سیاسەتەوەش لە چالاكی كۆمەڵگە، بەلام رێگاكانی پەرشو بلاو بوون، بە شێوەیەك كە وایلێهات پرسیار هەبێ دەربارەی

**پەیوەندی نێوان (بڵاوکراوەی ساڵانە) لە سەرەتاوە (بڵاوکراوەی ساڵانە) لە ئەمڕۆکەدا.**

**بزاوتی تازەی نووسینی مێژوو، لە قۆناغێکی زۆر چاکدا دەژییێت لە مێـژووی خۆیـدا، بـەر لـە چـەند سـاڵێ ئاهـەنگی گێـڕا بەبۆنـەی تێپەڕبوونی پـەنجا سـاڵ بەسـەر دروسـتبوونی گۆڤـاری (بڵاوکـراوەی سـاڵانەی ئـابووری‌و سیاسـی) لەراسـتیدا ئـەو بزاوتـە بـۆ بیدکـەی ڕاگەیاندن نوێ بوو، ئەو کۆمەڵە پشـتی پـێ دەبەسـتێ کـە هـەموو شتێکی تازە بەکار دەهێنێ.**

**تەمەنی لەپەنجا سـاڵ زیـاترەو ڕەگوڕیشـەکەی درێـژ دەبێتـەوە بـۆ مەودای نێوان هەردوو جە نگ کـە ئـەم ماوەیـە گۆڤـاری-حـەولیاتی مێژووی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی- تێـدا لـەدایك بـوو، هـەر لەهـەمان ئەوان ڕۆژاندا ئەم بزاوتە قوتـابی پێڕەوکـەرانی خـۆی هـەبوو، تـا وای لێهات کە ئەمڕۆکە شوێنێکی کۆنترۆڵکار بەسەر ئەو پارچە زەوییـەدا بگرێت کە مێژوونووس داگیر دەکات‌و وای لێهاتووە بـە شـوورەو قـەڵا دەورە دراوە زیاتر لە هەموو کاتێك، جا ئەگـەر شـتێکی نـوێ هـەبێ ئەوەیە کە قوتابخانەی حەولیات دەستی بەسەر هۆیەکانی ڕاگەیاندنـدا گرتووە، چونکە هیچ خەنیمێك لـە ئـارادا نـەبوو بۆیـە حەولییـەکان دەستیان بەسەر هەموو قەڵاکانی کۆمەڵگەی ڕاگەیاندندا گرت.**

ئیدی مێژوونووسی نوێ بوو بە زاناو لـە هـەمان کاتـدا بازرگـانو وەکیلی گەڕۆكو پیاوی پڕوپاگەندەو ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی کە حـوکمی هــەموو ئاســتەکانی تــۆڕی بڵاوکردنــەوەی کــاری مێــژوویی دەکــات، بەرپرسانی زنجیرە کتێبی مێژوویی لە زۆربەی تەلارەکانی بڵاوکردنەوەی ئیمڕۆدا لە ئەمڕۆ ئەوان شوێنێك لە دەسەڵاتی گەوهەری داگیر دەکەن، دەسەڵاتی بژارکاری ئەو کارانەی کە چاکە بـۆ بڵاوکردنــەوەو رمانــدنی ئەو کارانەی دیکە کە وای دادەنێن زبڵو زارە.

بەهەمان ئەو بۆچوونە یا ئەو دارچینە -النزعە- بۆ دەست بەسـەر داگرتن، ئەم قوتابخانەیە خۆی لە هۆیەکانی راگەیاندندا کـە رەواج بـە بڵاوکراوەکانیان دەداو تروسـکانەوەو بریقـەیان بـۆ دابـین دەکـات کـە هەردوو پێویستن بۆ راکێشانی جەماوەر لە رۆژی ئەمڕۆدا.

هەموو ئەو شتانە ئەو پرسیارە دەورووژێـنن کـە ئایـا هێشـتاکەش پەیوەندی بەردەوامی هەیە لەمیانی لەدایك بوونی ئەم قوتابخانەیە لـە ساڵی (١٩٢٩)داو تا تەمـەنی پێگـەینی لـە سـاڵی (١٩٧٩)دا؟ _ ئیمانوئێل لوروا لادوری) وەڵامی ئەم پرسیارە بـە پـۆزەتیڤ دەداتــەوەو تەئکید دەکات کە لەو پێوەندییەو دەڵێ:

(قوتابخانــەی بڵاوکــراوەی ســاڵانە وێنەیەکــە بــۆ هــەمان ئــەو کۆمەڵگایانــەی کــە لێکۆڵینــەوەیان لەســەر دەکــات، کــە سســتەو

لەسەرخۆن) لەگەڵ ئەوەشدا دابەشبوون هەیە لەمیانی بڵاوکراوەی ساڵانە لە سەرەتاوەو بڵاوکراوەی ساڵانە لە ئەمڕۆکدا کە وا دەکا جیاوازیان دیار بێ، دونیا گۆڕاو بڵاوکراوەی ساڵانەش گۆڕا (م. دی. سیرتو) دەڵێت: [(هەڵسوڕاندنی مێژوویی هەمووی بە بونیاتی کۆمەڵەوە پەیوەستە) لە راستیدا قوتابخانەی بڵاوکراوەی ساڵانە وەك قەبارەیەکی سەدیمی بەدیار دەکەوێ کە رەگەزەکانی نارێك بێ، زیاتر لەوەی وەك قوتابخانەیەك خودانی بونیاتی تایبەتی خۆی بێ.

گوتارەکەی کۆمەڵێ گوتار دەگرێتە خۆ کە بە زەروورەت ناتەواون، بۆیە هەر هەوڵێك بۆ پێکهێنانی گوتارێکی ئاوێتەو رێك کارێکە خاڵی نییە لە خۆپێدادان.

قوتابخانەیەك دەیەوێت دەست نیشانکراو نەبێو شایانی پێناسەکردنیش نەبێ، بۆیە بەم شێوەیە گوزارە لە داوایەکی دووفاقی دەکات کە تەئکیدکردنی چوونە ریزیەتی بۆ کۆمەڵێك کە رابردوویان هەیە کاری خۆیان هەیەو بەشداریکردنی یەك لەدوای یەکی خۆیان هەیەو هەروەها پشتگیری شوێنی خۆی هەیە، وەك دەسەلاتێك بۆ توندوتۆڵکردنی بونیاتی دەزگای خۆی کە هێزی ئەو دروست دەکات وەك بڵاوکراوەی ساڵانە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زانستی مرۆڤایەتیی زۆر گەنجدا، ئەوەیان داوایەکی ستراتیژییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین

سێ نەوە لەم قوتابخانەیە جیابکەینەوە کە هەر نەوەیەك پەیوەندی جیاوازی هەیە بە مێژووەوە، لەراستیدا ئاشکراکردنی هەبوونی هێڵی بەردەوامی لەسەرەتاوە تا ئێستا لەلایەن لایەنگرانی بڵاوکراوەی ساڵانە، زۆر لەدابڕان‌و پێوەندییەکان دەشارێتەوە لە میانی گوتاری مێژوویی لە سییەکانداو گوتاری مێژوویی لە هەشتاکانداو ئەگەر ئەمڕۆکەش چەند -نموونەو سەرچاوە-ی لێ بەدی بکەین، کە گوتاری مێژوویی لەناو قوتابخانەی-بڵاوکراوەی ساڵانە- دروست کردووە.

## بڵاوکراوەی ساڵانەی مارك بلوك‌و لوسیان فافر

مێژووی قوتابخانەی-بڵاوکراوەی ساڵانە- مێژوویەکی ساردو سڕ نییە، ئێمە هەرچەند خۆمان نادەینە دەست نەریتی مێژوونووسەکانی بەرایی لە گەڕان بەدوای رەگوڕیشەو رەچەڵەك، ئەو نەریتەی کە-مارك بلوك- وەسفی کردووە هەڵبەت لەدوای-ف.سیمیاند- کە نەریتی پەرستنی رێورەچەڵەکە، پابەندی ئەوەین کە ئەوەین کە لەم رێیە دەربچین، هەر چەند بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ، تا باس لە زایینی گۆڤاری-بڵاوکراوەی ساڵانە- بڵاوکراوەی ساڵانەی مێژوویی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی بکەین، پرۆژەکە پێش قەیرانەکە بووە، لە سەرەتادا قەیرانەکە بوو، قەیرانی ساڵی (١٩٢٩)و دەرکەوتنی ئەم گۆڤارە،

بەڵام سەرکەوتنی پەیوەست بوو بەم کەشوهەوایە تازەیەی کە سییەکان پێی زانی بوو، هانی ئەوەی دەدا بایەخە سیاسیەکان بکرێن بە بایەخی ئابووری، ئەو شکستو بەزینـەی کـە دونیـای سـەرمایەداری تووشـی هات، ئەو دنیایە بوو کە تەژی لە بێکـاریو دارمـانی ئـابووری بـووە هۆی ئەوەی کۆمـەڵێك هـوروژم لەبـەردەم مێژوونووسـان بورووژێنـێ، (بڵاوکراوەی ساڵانە) ئارەزووی ئەوەی هەبوو کە وەڵامی ئەو هوروژمانە بداتەوە لە رێگەی ئەوەی کە رەهەندێکی مێژوویىو زەمانی ببەخشێتە گۆڕانکارییەکانو جیاوازییەکانی ئابووری، کە دەکرێ حیسابی بکەین، بۆ دەرککردن بە ئەڵقە قووڵەکانو دیاردە درێژ خایەنـەکان، لەهـەمان ئـەو کاتـەدا بـوو کـە (ف. سـیمیاند)و (هـوزر)و (لابـروس) لێکۆڵینـەوەکانی خۆیـان سـەبارەت بەپەرەسـەندنی بزاوتـی نـرخ بڵاوکردەوە، ئا بەجۆرە لە ساڵانی (١٩٢٠-١٩٣٠)دا ئابووری بووە جێ بایەخی کۆمەڵ.

رەگـەزی دووەم کـە بـۆ یارمەتیـدانی سـەرکەوتنی ئـەو دابڕانـە ئەپستمۆلۆژییەی کە-بڵاوکراوەکانی ساڵانە- وەدیهێنابوو، لە هێدمەو ئاسەواری جەنگی (١٩١٤-١٩١٨) هاتە ئاراوە هەروەها لە دەرککردن بەوەی کە دەکرێ بەربەریەت لە دڵی ئەوروپادا بەرپا بێ.

که تا ئەو کاتە وا دادەنرا تاکە شارستانییەتێك بێ، پیرۆزو شایان هەمان ئەو ناوە بێ، ئەو وەعییەش بووە هۆی ئیفلاس بوونی نەمەتی نووسینی مێژوویی، کە تا ئەو کاتەش کۆنترۆڵی هەبوو، واتە تا مێژووی شەڕەکانو مێژووی دیبلۆماتیکی، ئەرکی سەرشانی ئەقیدەی مێژوویی بوو، لەو ماوەیەدا کە یەکێتیەکی نیشتمانیو یەکێتیەکی پیرۆز وەدەست بهێنێ لەپێناوی وەدەستهێنانی ئەوەی-ئەلزاسو لۆرین- هەر لەساڵی ١٨٧٠وە قوتابخانەی مێژووییو وەزعی فەرەنسیو قوتابخانەی-فوستیل دی کولانج-و-لافیس-تا گۆڤاری- مێژووی سکولاستیکی ناوداری (لافیس)، گۆڤاری ئابووری کە-ج مونو- لە ساڵی ١٨٧٦دا خستییە روو، هەر لەو ساڵەوە ئیدی مێژوو بوو بە هەستێکی پێش تەیارکردنی گشتی، پاشان-فێردان هەست بەوە دەکات کە میراتگری پاڵەوانی کۆنینە (فرسا نجیتوریکس)ە، بەڵام سەبارەت بە قوتابییەکانو. لافیس لە کتێبە کورتکراوەکەیدا گوتویەتی: قوتابی ئەگەر نەبێتە هاووڵاتیو ئەرکی خۆی هەبێ نەبێتە سەربازی تفەنگەکەی خۆی خۆشبوێ، ئەوە مامۆستاکانی خۆی بە فیڕۆ داوە) کەواتە مێژوو لە پێناوی کاری جەنگ بەکاردێت، ئیدی مێژوونووس دەبوایە لەگەڵ ئەو دونیایەی کە بەدوای سەقامگیرکردنی ئاشتی هەمیشەییدا دەگەڕا خۆی بگونجێنێ.

دووەم هۆ کە نێوەندی مێژوویی پێی زانی بریتی بوو لە هۆکاری قەیرانو هۆکاری زیندەیی کە لە مەیدانی زانستی کۆمەڵایەتیدا هاتە کایەوە، چونکە گومانکردن لە دارچینی پەرەسەندن- دەرکەوتنو سەرهەڵدان- هەروەها گومانکردن لە بیرۆکەی پێشکەوتن، بیرۆکەی مێژوونووسی گواستەوە بەرەو مەوداکانی دیکەی دەرەوەی مەودای تایبەتی خۆی، ئەو ماوەیەش بەند بوو بەسەرکەوتنی زانستی کۆمەڵایەتیی تازەو بەهێز بەوەی کە هەیەتیو ئارەزوومەند بۆ وەدەستهێنانی پێگەیەك بۆ سیستەمی دەزگایی، لە ئەنجامی ئەوەدا زانستی زمان دەگەڵ- سۆسێرو میلی-داو شیکردنەوەی دەروونی لەگەڵ- فرۆید-داو ئەنترۆپۆلۆژیا لەگەڵ (مالینۆفیسکی)و (رادکلیف براون)داو جوگرافیا لەگەڵ قوتابخانەی- فیدال دولابلاس)دا پەرەیسەند، بەتایبەتی ئەو زانستەی کە تەواو بەسەر سنووری راستەوخۆی مێژووەوە هەیە، واتە زانستی کۆمەڵناسی-سۆسیۆلۆژیا- لەگەڵ قوتابخانەی-دورکهایم-دا کە ئەوانەش هوروژمێکی زۆر بوون کە گۆڤاری-بڵاوکراوەی ساڵانەی مێژووییو ئابووریو کۆمەڵایەتیو ویستی نەیهێڵێتو کۆتایی پێ بهێنێ.

لێژنەی گۆڤارەکە ئەوەی نیشاندا کە بەڕێوەبەرەکانی (م. بلوك)و (ل. فیفر) حەزیان لەوەیە کە تەولیفەیەك لەمیانی هەموو زانستە

مرۆییەکانـدا دروسـتبکەن، چـونکە لـەم لیژنەیـەدا جوگرافینـاس‌و زاناکانی کۆمەڵناسـی‌و ئـابووری‌و سیاسـی لـە پـاڵ مێژوونووسـاندا هەبوون‌و بەگونجاوی لەگەڵ یەکدا کاریان دەکرد، لە پێناوی بونیاتنانی زانستێ بۆ مرۆڤ کە سـنووری تایبەتمـەدی کـاری تێپـەڕ بکـات، لـە بیروڕایەکانی بەڕێوەبـەرانی گۆڤارەکـە ئەوەیـە کـە داکـۆکیکردن لـە زانستی مێژووو قەیرانی ئـەو مێـژووە بـەوە دەبـێ کـە وەڵامـی ئـەو هوروژمانە بدەینەوە کە قۆناغەکەو زانستی کۆمەڵایەتی هێناویـەتی، هەروەها وەرگرتنی ڕێچـکەو بابەتـەکانی ئـەو زانسـتانە لـە پێنـاوی کۆنترۆڵ کردنی لە بەرژەوەندی نوێکردنەوەی زانستی مێژوو، گۆڤـاری-بڵاوکـراوەی سـاڵانە-دا کـە رابەرایـەتی شـەڕێکی دووفاقـەیی دژی قوتابخانەی وەزعی دەکـرد، لـەلای راسـتی خـۆی‌و دژی مارکسـییەت لەلای چەپی خۆی، ڕێگەی سێیەمی پێشکەشکردو پایەیەکی ناوەنـدی نموونەیی وەدەست هێنا لـە پێنـاوی سـتراتیژی خۆیـدا بـۆ دەسـەڵات، ئەوەندە ماوە کە چەند نموونەیەکی نەمەتی لەسەر دروست بکـات کـە (بڵاوکراوەی ساڵانە) وەك قوتابخانەیەك بونیات بنێ.

یەکێ لە نوێکردنەوەکانی بنەڕەتی-بڵاوکردنەوەی ساڵانە- لە ماوەی -م , بلوك-و-ل. فیفر- لەوەدابوو کە خۆیـان لـە چـەمکی سـەلەفی گوتاری مێژوو دابڕی، لەباری رابردووو ئێسـتاکەوە لـە پێوەندییـەکی

توندوتۆڵی بەهۆی مێژوویەك كە هەر بەتـەنیا رابـردوو ناخوێنێتـەوە، بەڵكو كۆمەڵگای هاوچەرخیش، بەجۆرە مێژوو دەبێتە وەڵامێك بۆ ئەو پرسیارانەی كە مرۆڤی ئەمڕۆكە بە زەروورەت لەخودی خـۆی دەكـات، بەڵكو (م. بلوك) بانگەشەی بۆ كۆڕەوێكی پاشەكشەیی كرد كە پشـت بە ئێستا ببەستێ‌و سیاقی مێژوو سەربخات، تا بگاتـە كۆمەڵگـە زۆر كۆنەكان رابردوو لـەو بەشـداریكردنە نوێیـە هاوبـەش دەبـێ لەگـەڵ گەوهەری ئێستادا، ئا بەجۆرە (م , بلـوك) نـاڕازی بـوو كـە پیشـەی مێـژوونووس‌و پیشـەی بایەخـدان بـە ئاسـەواری داخـراو لـە دنیـای زیندووكردنەوەی رابـردوودا لەگـەڵ یەكـدا كۆبكرێتـەوە، بابەتـەكانی گۆڤاری-بڵاوكراوەی سالانە- لە قۆناغـەدا گرفتی رۆژانەی چارەسەركرد لە رێگەی دانیشتووانی (یەكێتی شوورەوی پێشوو) تا دەگاتە قەیرانی بلنكی كلن لە ئەوروپای ناوەندو نارازیبوونی جووتیاران لـە رۆژئـاوای ئـەمریكا دووەم نوێكردنـەوەی-بڵاوكـراوەی سـالانە- لـەو پێشـڕەو كردنانەدا (توجیهات) بوو كە پێشكەش بە كـاری مێـژوویی كـرا بـۆ ئـەوەی لـە دنیـای سیاسـەتەوە بچـێتە فینۆمینۆلۆژیـای- زانسـتی دیاردەگـەرایی- ئـابووری‌و كۆمەڵایـەتی، ئـەو گۆڕانـەش خـۆی لـە گۆڤارەكەدا بەدیاردەكەوێ، مەنتیقی بەڕێوەبەرایەتی ئـەو گۆڤـارە لـە سییەكاندا ئەوەیان بۆخۆیان دەویست كە كارگێڕی بـن، پشـتیان بـەوە

بەستا کە بەشـدارییی مێـژوویی خۆیـان لەگـەڵ چـاخی تـەکنۆلۆژیاو تەکنۆکراتیدا بگونجێنن، لەپێناوی ئەوەی ئەو دەورە بە سـوودە بگێـڕن لەلایەن سەنتراڵەکانی بڕیار لەبواری ئابووریدا، ئا بەمجۆرە —م. بلـوك- و- ل. فیفـر- بـە بەرپرسـانی کـارگێڕی نێودەوڵـەتی بـەرزو دنیـای کرێکـاران دەورە دران، هـەروەها پیـاوانی بانکـەکان ئەوانـەش کـە بەشداری نووسینیان دەکـرد لـەلای مێژوونووسـەکان لـە بڵاوکـراوەی ساڵانە.

چوونی —بڵاوکـراوەی سـاڵانە- بـۆ نـاو ئـەو تەکنۆکراتـە، ئیـدی کاریگەرێتی دەبوو بەسەر گوتاری مێژوویی لەخەتی کەمکردنـەوە لـە وەزنی مرۆڤو ویستی مرۆڤایەتی، لە پێناوی ئـەوەی کـە ئیمتیازیـات بدات بەو ئالییەتەی کە لـە چـنگی بڕیـار دەردەچـێ، هـەروەها ئـەو سەرسامی بوونەیە دارچینی نوێکردنەوەی ئەمریکی کارە مەزنـەکانی ئابووری شوورەوی دەردەخات.

لە هەمان ئەم قۆناغەدا پێنج گوتاری پڕ حەماسی (ج. فریدمان)و (ج. میکیـت) بڵاوبـۆوە دەربـارەی سـتاخانوفیەت) (کارگـەرێکی سەردەمی شوورەوی بوو کە لە رۆژێکدا ئەو بەرهەمەی ئـەو بەدەسـتی هێنا کارگەیەك بەرهـەمی دێنـی)و بـە هاوتـەریبی لەگـەڵ ئـەوەدا گۆڤاری-بڵاوکراوەی ساڵانە- دوژمنایەتی خـۆی بـۆ گوتـاری سیاسـی

روونکردەوە، ئەوەش وەك دابڕانێکی ریشەیی بوو لەگەڵ قوتابخانەی یادی مێژوویدا، لەسەرووی هەمووشیانەوە (لافیس)، ئیدی مێژوو دوورکەوتەوە لە مەیدانیو جەنگو بوو بە رۆمانی نوێی سیاسی، بە شێوەیەکی رێژەیی ئەگەر بە تەواوی رەت نەکرابێتەوە، دونیای سیاسی بوو بە ئاسۆگەیەکی مردوو، سەبارەت بە بڵاوکراوەی سالانە هەمان ئەو بڵاوکراوەیە رەهەندی گەوهەری واقیعی داپۆشی، بەجۆرە وەپاشکەوت لە ئەنجامدانی گرنگی مێژوویی خۆی سەبارەت بەرۆشنی بەخشین بە واقیعی هاوچەرخو دوو دیاردەی گرنگی فەرامۆش کرد لەو قۆناغەدا کە ئەویش-نازییەتو ستالینیەت-بوو، ئەو کەمتەرخەمییەش لەوە داهات کە کارسازانی بڵاوکراوەی سالانە مێژوویان بە خوێندنەوەیەکی ئابووری خوێندەوە، رەتی هۆکاری سیاسیان کرد (مارك بروك) لەم بارەیەوە ئەسەفی خۆی سەبارەت بەو چاوداگرتنە دەربڕی کە دەگەڕێتەوە بۆ چەند (مسلمات) وەبەرهاتێکی هەڵە کە (بڵاوکراوەی سالانە) لەسەری بونیات نرابوو، دەیگوت (هۆیەکەشی ئەو دیدگەیە جەبرییە بوو کە گوتاری-بڵاوکراوەی سالانە- پێی ناسرابوو، هەروەها فەرامۆشکردنی رۆڵی تاکەکانو پشت گوێ خستنی پابەندییەکان بوو، کە هێزە سیاسیەکان لە پێناوی

بەرژەوەندی هێزە گەورەکانی فەوزەوییەتدا، گرتبوویانە بـەر) (ئـەوەیان ڕاڤەیەکی خراپ بوو بۆ مێژوو) بەپێی قسەی مارك بلوك.

بڵاوکراوەی سـاڵانەی-ف. برودیـلو"سـەرکەوتنی لێکۆڵینـەوە لـە قۆناغە دوورودرێژەکاندا"

هەر لەو کاتەدا کە جەنگی دووەمـی جیهـانی خـەریك بـوو تـەواو دەبوو هەوڵێکی دیکە لـە ئاسـۆدا وەدیارکـەوت، هەمـدیس ویـژدانی مێژوونووسی ڕۆژئاوایی لە ژێر کاریگەرێتی ئـەو گۆڕانانـەی کـە لـە ئەنجامی جەنگەکانەوە هاتە کایەوە کەوتە هەژان، ئیدی ئەورووپا هێـزو دەسەڵاتی پێشووی نەما، بەڵکو ئـەو دەسـەڵاتە بـە شـێوەیەکی روون و ئاشکرا دەستی کرد بە دارِمان، بەجۆرە ئەمریکاو شوورەوی بـوون کـە بڕیاری چارەنووسی دنیایان دەدا، بەڵام ئەو مژدەیەی کـە ئەورووپیـەکان لە فتوحـاتی خۆیـان پشـتیان پـێ دەبەسـت بـۆ گشـتگیری جیهـانی زەربەیـەکی تونـدی خـوارد لەسـەر دەسـتی بزاڤـی رزگـاربوون لـە کۆلۆنیالییەت، ئیدی گوتـاری مێـژوویی کـە تـا ئـەو کاتـە بەسـەر گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا چەق بەست بوو (نەتەوەو دەوڵەت) و هـەروەها ئەو شتەی کە ناونرا بوو بڵاوکردنەوەی پەیامی ئەورووپای شارسـتانیش دارِمان، زوڵمی نازییـەت هێجگـار پەرشـوبڵاوبۆوە، بەشـێوەیەك کـە یەقینی مێژوونووسان قۆپایەوە ناو یەك، سەبارەت بە مانای مێـژوو و

چەمکی پێشکەوتنی بەردەوامو پێشڤەچوونی حەتمی، هەروەها بە نێو دەوڵەتکردنی ئابووریو گەیاندنو زانیاری لە میانی کیشوەرە جیاجیاکان بووە شێوەیەکی راستەوخۆو دەمودەست، وای کرد دووبارە گوتاری مێژوویی بخرێتە روو، وا بەخستنە رووی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بۆ چەند رووچاوێکی (واجهات)ی تازەو نوێ، بە مانایەکی دیکە ئەو بارە تازەیەی کە لە ئەنجامی جەنگی دووەمی جیهانەوە هاتەکایەوە لە بەرژەوەندی (بلاوکراوەی سالانە)دا سەبارەت بەوەی کە لە سییەکاندا هەبوو، کە دوای ئەوەی کە ناوەکەشی بۆ (بلاوکراوەی سالانەی ئابووریو کۆمەڵگەکانو شارستانییەکان) گۆڕا.

لابردنی وشەی (مێژوو) لە ناوە کۆنەکەی گۆڤاری بلاوکراوەی سالانە ئاماژە بە بایەخی بەرپرسانی گۆڤارەکە دەکات، لە نزیک کەوتنەوە لە زانستە کۆمەلایەتییەکانی دیکە، لەلایەکی دیکەوە گونجانێ هەبوو لەمیانی ئەو رۆحە باوەی دوای جەنگو ئەو بابەتانەی کە گۆڤارەکە چارەسەری دەکردن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە بە چاکی بلاوببێتەوە لەو کۆمەڵگەیەی کە خۆشیو نوێبوونەوە بووبوو بە کۆڵەکەی هۆکاری ئابووری لە هەموو کاتێك زیاتر کۆمەڵگەی دەگرتە خۆو چوارچێوەی بیری ئەو کۆمەڵگەیەی دەستنیشان دەکرد.

(بلاّوكراوەی سالاّنە) هەر بەتەنیا هەولّی ئـەوەی نـەدا بەتـەنیا لـە زانستی كۆمەلاّیەتی نزیك بكەوێتــەوە، بــەلّكو ئامــارگیریو ژمــارەی دانیشتوانو سۆسۆلۆژیاشی خستە ناو لاپەڕەكانیەوە وەك چـۆن-جـۆرج جورفیچ- لێیكۆلّیەوە، ئەنستیتۆی نەتەوەیی ئامارگیریو لێكۆلّینەوەی ئابووری لە سالّی (١٩٤٦)دا دامەزرا، واتە سالّێك دوای دامەزراندنی ئەنستیتۆی نەتەوەیی بۆ لێكۆلّینــەوەی ژمــارەی دانیشــتوان، لەگــەلّ ئەمەشدا گۆڤارەكە دەزگایەكی گرنگی خوێندنی بالاّی گرتەخۆ ئەویش ئەو بەشە بوو كە-لوسیان فافر- لە سالّی (١٩٤٧) دروستی كرد كـە رۆلّێكی گرنگی گێڕا لە هەولّو تەقــەلّلای (بلاّوكــراوەی ســالاّنە) تــا ببێتە خاوەنی دەسەلاّت لە مەیـدانی لێكۆلّینــەوەی مێــژوویی، كلــود لیڤی شتراوس رابەڕایەتی ئەو هێرشەی كرد بۆ سەر مێژوو بە میتــۆدە نوێیەكەیــــەوە واتــــە بونیاتگــــەری (ك. ل. شــــتراوس) چــــەمكی ســەرهەلّگەڕانی بــۆ مێــژوو رەتكــردەوە هــەروەها دارچینەكەشــی بــۆ رەگەزپەرستی رەتكردەوە، بەڕای ئەو مێژوونووس دوورتــر لــەوە ناچــێت كە ئەزموونگەری دیاردەگەراییە، بەلاّم زانــای ئــەنترۆپۆلۆجی دەگاتــە گەوهەری واقیع بەهۆی چەمكی بونیاتەوە، بەمەش تا وەعی شــاردراوە لەبن كردەكــاری (ممارســات) كۆمــەلاّیــەتی دووركەوتــەوە لــە دەســتی مێــژوونووس، كۆمــەلّ دەبێتــە كۆمــەلّێكی ســاردو سڕ، ئــا بــەجۆرە

کەتەگۆریای-مرۆڤ مرد- بووە گـەورەترین هـورژمی نـوێی بـەردەمی مێژوونووسان، (ف برودیل) لە پایەیەکی چاکدا بوو کە ئەو پایە ڕێـی پێدەدا نموونەی لێکۆڵینەوەی بونیاتگەری وەربگرێ، ئا بەجۆرە بابـەتی مێژوویی لە مرۆڤەوە گۆڕا بـۆ سروشـت، جـا تـا (ف. برودیـل) بـەری هێرشەکانی بونیاتگەری بگرێت کە دژ بە مێژووگەرایی بـوو، هەسـتا دەستی بەسەر بەرنامەکەیاندا داگرت بەهەمان ئەو شـێوەیەی کـە (م. بروك)و (ل. فیڤر) دەستیان بەسەر ئەو بۆچوونانەدا گـرت کـە زانـای سۆسیۆلۆژی دورکهایمی (سیمیاند) دایڕشتبوو لە سـاڵی (١٩٠٣)دا، هــەر چــەندە چوارچــێوەیەك بــۆ وەســفکردن دروســتبوو نــەك بــۆ ئەندێشەکردن، بەڵام دەســت بەســەرداگرتن بەســەر بونیاتگــەری بــەم شێوەیە کاری کردە سەر ئیقاعی مێـژوویی نـوێو بابەتـە دیارەکـەی، ئەوەش بووە بەشێك لە کەتـەگۆریای- مـاوەی درێـژ خایـەن- پێیـەوە بەرجەستە بوو، (برودیل) نووسـیبووی (بونیـاتی مێـژوویی بینـراوە، دەتوانین جیای بکەیتەوەو هەروەها پێوانەشی بکەین بە شێوەیەك یا بە شێوەیەکی دیکە: ئەو ماوەیەی کە بەردەوام دەبێ پێوانەیـەك دروسـت دەکات)، تا بەجۆرە توانی هۆیەك بۆ بەرگرتن لە هێرشی بونیاتگـەری دروست بکات، ئەو هۆیەش ئەو گوتـارە مێژووییـە بـوو کـە ئیمتیـاز بدات بە (مەودا دوورو درێژەکان)و وازبێنێ لە گێڕانەوەی ئەو شتانەی

که رووداوئامێزن‌و دێن‌و دەڕۆن، ئیدی رووداو بوو بەو شتەی کـە بـەوە وەسف دەکرێ کە هەڵچوونی شەپۆڵ بێ یا گێژانێکی لەبار یان ئـاگرە گەمە یان (دیکۆر)، مانای ونکرد تازیاتر کاریگەرێتی یەکلاکـەرەوەی نەگۆڕەکان‌و شێوە هەمیشەیی‌و مەودا زەمەنییـە دوورودرێـژەکان وەدەر بخات.

(ف. برودیل) دەربارەی ئەو یەکەم هێنانەوە (اولیات) قسەی کردووە کە دەبێ بیبەخشینە مێژووی نیمچە وشك یا ساردو سـڕ، کـە ئـەوەش وەرچەرخانێکی گەورە بۆ گوتاری مێژوویی دروسـت دەکـات، کـە ئـەو ئارەزووی نییە بـۆ گۆڕانـەکانی کۆمەڵگـەکان‌و قەیرانـەکانیان‌و ئـەو قۆناغەی گواستنەوەکان پێیدا دەڕۆن، هەڵسـاندنی مـەودای زەمـەنی دوورودرێژ لە رۆڵی مرۆڤ کەم دەکاتەوە هـەروەها لـە رۆڵـی دارچـینی ئەنترۆپۆلۆژی مێژووش کەم دەکاتەوە، مەودای زەمەنی دوورودرێژ لای- برودیل- بۆ چـەند زەمـەنێکی وەزعـی جۆراوجـۆر دابـەش دەبـێ کـە هەریەك لەسەر ئەوی دیکە کەڵەکە دەبێ، ئەو بونیاتە لـە سـێ نهـۆم پێکدێت، یا سێ ئاست کە لـە ئاسـتی زەمـەنی سروشـتیدا پلەبەنـد دەبـێ، ئـەویش بریتییـە لـە زەمـەنی جەوهـەری، کـە لـە هـەموان دوورودرێژترە بۆ زەمەنی فەردی‌و سیاسـی‌و ئـەوەش کـە دێتـە رێ تـا دەگاتە زەمـەنی کۆمەڵایـەتی کـە زەمـەنێکی مامناوەندییـە، ئیـدی

(برودیـــل) هــەر بــە پاڵپشـــتی کۆگشـــتی (الاجمالیـــة) میـــژوویی دەمێنێتەوەو هەمان ئەو ئاستە جیاجیایانــەش بــەوە دادەنــێ کــە وەك چەند رەگەزێکی بۆ کوللێك کە دابەش نابێت.

(لەواقیعدا بەراستی ئەو ماوە زەمەنییانە دەگەڵ یەك هاوکارن) ئەم بۆچوونەی مێژوونووس لەوەسەرخستنی چاخە زەمەنییە دووررودرێژەکان بووە هۆی بازێکی گەورە لەدیدی مێژوویدا چــونکە مێــژوونووس وازی لە مێژووی هاوچەرخ هێناو لە دیاردەکانی رۆژانە دوورکەوتەوە.

ئا بەجۆر بیرۆکەی- ماوەی زەمەنی دووررودرێژ- بــەو لێکۆڵینەوەیــە دەستنیشان دەکرێ کە ئێســتا پێــی دەڵــێن-چــاخی نــوێ- واتــە ئــەو ماوەیــەی کــە لەســەدەی شــازدەیەمەوە دەســت پێــدەکات تــا ســەدەی هەژدەیەم. هەر لێرەشەوەیە کە جیاوازی نێوان ئارەزووەکانی-بڵاوکراوەی ساڵانە-ی نــەوەی یەکــەمو کارەکــانی-بڵاوکــراوەی ســاڵانەی (١٩٥٠و ١٩٦٠) بەدیار دەکەوێ.

## نەوەی سێیەمو هەڵوەشانەوەی زەمانی مێژوویی

سەرەڕای سەرکەوتنی برودیل لە بەرایی گرتنــی هێرشــەکان، بــەڵام بونیاتگەری بەزیندەییەوە بەردەوام بوو وتووشی هیچ لــەڕوو لاوازییــەك نەبوو، هۆیەکەشی ئەوە بوو، کە بونیاتگــەری لــەنێو رەوتــی فیکــری

گشتی شەستەکاندا خۆراکێکی باشی دۆزییەوە، چونکە لەو ماوەیـەدا بەتەواوی بیرۆکەی پەرەسـەندنی رۆژئـاوایی لـە ئـەنجامی ئـازادبوونی کۆلۆنیالکراوەکانو زیادبوونی قووڵی نێوان نەتەوە کۆلۆنیالیستەکانو ئە ولاتانەی لێی جیابوونەوە، بەزیو دارما ئا بـەمجۆرە ئـەو شـەقبوونە هەلێکی باشی دروسنکرد کە رێی بە وەعی مێژوویدا لە گۆشـەنیگای ئەنترۆپۆلۆژیا لەپێشەوەی مەیدانی بیر مێژوویی بە دیاربکەوێت، ئیدی بایەخەکان بەسەر چەند هۆکارێکی هێزی بەرگری ئـەو کۆمەڵگایانـە گیرسـایەوە کـە دوژمنـداری بـە رۆژاوایـی بـوون. هـەروەها دژی بەردەوامبوونی بە هاوبونیاتی رۆژاوابوون، وای لێهات دۆزینەوەی ئەوی دیکە (لە شوێندا) نموونەیەك بێ بۆ حەقیقەتێکی مرۆڤایەتی کە بـە شێوەیەکی رێژەیی نموونـەی رۆژاوایـی روون دەکاتـەوە، رۆژاوا هەسـتی بەوە کرد ئیدی ئەوە نییە کـە مێـژووی هـەموو مرۆڤایـەتی دروسـت دەکات بەڵکو مرۆڤایەتییەکی دەست نیشانکراو دروست دەکات، ئـیتر وا تەماشای جیهان دەکرا کە شـوێن بـێ زیـاتر لـەوەی زەمـان بێـت، رەگوریشەی ئەنترۆپۆلۆژیا لە رۆژاوادا رەگاژۆ بوو، ئەوان لـە ئـەوروپادا دەستیانکرد بە لێکۆڵینەوەو زانای ئەنترۆپۆلۆژیا ئەوەی کەشفکرد کـە ئەو پێویستی بە گـەڕانو سـووڕان نییـە بـەدوای بابەتـەکانی خۆیـدا چونکە ئەوروپا هەموو ئـەو شـتانەی تێدایـە کـە ئـەو دەیـەوێت لـە

فۆلکلۆرو نەریت کە هەمان سیحری فۆلکلۆرو خووونەریتی کیشوەرەکانی دیکەی هەیە.

ئەوەشیان شتێکی غەریب نەبوو، چونکە گوتاری ئەنترۆپۆلۆژی تایبەت بەدیاردەی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی هەمان شت بەتەواوی لەگەڵ هەرێمە مامناوەندییەکان دەگونجا.... ئەو دارِچینەش (النزعة) وای کرد کە مێژوو بە رەنگێکی ئەتنۆلۆژی رەنگ بکەن، وێرِای کۆتایی سەرهەڵدانی ئابووری کە ئەو ماوە زەمەنییە تووشی هات کە پێی دەگوترا (ماوەی سی ساڵ زێرِین) بەجۆرە هەموو ئەو سەرچاوانەی کەباس لە دارِمانی قەیرانی جیهانیان دەکرد هەر لە هەفتاکانەوە بوون بە چەمکی بەستانو بەردەوامی ئەوچاخە زێرِینەی کە تێپەرِی، ئاسۆی مێژوونووس بەسەر ئێستایەکی وشكو برینگدا کلیل درا...چیتر سەیرورەت نەما، وایان لە مێژوو کرد کە ببێتە مێژوویەکی ئەتنۆلۆژی، ئینجا نەوەی سێیەم هاتنو گوتاری خۆیان گۆرِی بەوەی چوونە ژێر باری ئەوەی کە پێی دەڵێین ئەنترۆپۆلۆژیای مێژوویی، لێرە هەمان ئەو کاریگەرێتییە دەبینینکە (بڵاوکراوەی ساڵانە) سەبارەت بەزانستی کۆمەڵایەتی دیکە تووشی هات لە پێناوی پاراستنی ئەو کۆنترِۆڵکارییەدا.

ئەو نرخەی کە دەبوایە بیدەن لەو پێناوەدا جێهێشتنی ئـەو گوتـارە بوو کە خودان دارچینێکی ئابووری هەبوو، هەروەها وازهێنان بـوو لـە بۆشایی گەورەی (برودیلی)، پاشان کۆمەڵایەتی بکشێتەوەو ئەوەی کە رەمزی رۆشنبیرییە جێگەی بگرێتەوە، مێژوویـەکی نـوێ لـەدایك بـوو کە-(د. روش) ناوی نا- مێژووی کۆمەڵایەتی رۆشـنبیری- رووداویـش لەو مێژووە ئەنترۆپۆلۆژیە نائامادەبوو، ئەو رووداوە بۆ ئەوە جێهێڵرابوو کە ئیمتیاز بە رۆژانە مرۆڤایەتی بدات کە بە تـەنیا بریتـی بـوو لـە هەڵچوونی بەسەر رووکاری بایۆلۆژی یان خانـەوادەگی بـوونی خـۆی- واتە لە دایك بوون تەعمیدو زەماوەندو مەرگ.. مێژوونووس سـاڵانەیی بوو بە پسـپۆر لـە زەمـەنی بـێ جوولـە لـە ئێسـتایەکی بـەردەوامو سەقامگیرو بەترس بارکراو لەبـەردەم ئایندەیـەك کـە چارەنووسـێکی نادیاری هەبوو.

گوتاری مێژوویی تـازەی-بڵاوکـراوەی سـاڵانە- لەگـەڵ دەسـەڵاتو ئایدۆلۆژیای باودا گونجا، ئا بەمجۆرە ئارەزووی گۆڕین لە دنیـای نوێـدا هەمان وەزعییەتی خەیاڵی شەپڕێوو وڕێنەی هـەبوو، کاتێـك کـە بـە شێوەیەکی جۆرەکی بیر لە گۆڕین دەکرێتەوە نەك وەك ئەوەی گۆڕین بـە تەنیا بریتی بێ لە وەرچەرخانی چەندێتیو دووبارە بەرهەم هێنانـەوەی ئێســتاکە، گوتـاری —بڵاوکـراوەی سـاڵانە- کـۆنترۆڵی هۆیـەکانی

راگەیاندنی وەدەر دەخست، هەروەها گوتاری (بلاوکراوەی سالانە) مێژوویەکی رۆشنبیری بە شێوەیەکی بنەڕەتی پێشکەشکرد، مەبەست لەوە بەیانێکی وەسفی، رانانی (استعراض) بوو، بۆ رۆشنبیری مادەی بە چارەسەریەکی رۆمانسییانەی نوێ کە تێیدا شێتەکان لە سیحربازەکان نزیك دەکەوتنەوەو ئیستاتیکایەکی تازە پێشکەش دەکات کە ئاوەژووی تەکنۆکراتی دەورووبەر بێت کەواتە رەنگکردنی گوتاری مێژوویی بە ئەتنۆلۆچیا دەگەڵ ئەو دەسەلاتەی هۆیەکانی راگەیاندا هاویەك دەبوون، هەمان ئەو دەسەلاتە تازەیەی کە یاساو پێوانەی خۆی فەرز دەکرد، ئەو مرۆڤەی کە دەخزێتە ژێر باری دەسەلاتی راگەیاندن تاکێکی پەککەوتەو نێگەتیڤەو ئینتیمای کۆمەلایەتی خۆی دەشارێتەوەو بەتەنیا دەبێتە بخۆرێك -مستهلك- کە دلۆپ دلۆپ راگەیاندت دەمژێو هەرسی دەکات، ئەو مرۆڤەش هیچ گۆڕانو رەپێشییەکی -صیروره- دیکەی نێگەتیڤی نییە، هەروەها لە قوتابخانەی (حەولیات)دا نموونەیەکی چاکی هەرێم بەندی کۆمەڵگەی راگەیاندن دەدۆزێتەوە، نوێنەرایەتی مێژوویەکی دابەشکراو دەکات لە کۆمەڵگەیەك کە تادێ زێترو زێتر دابەش دەکرێتو وردوخاش دەبێت، وردوخاشبوونی دەستەی کۆمەلایەتی گەیشتە پەیەك کە ئیدی مرۆڤ خۆی پێ ئەندێشە نەدەکرا تەنیا لە مێژووی تایبەتی خۆی وەك تاکێك

نەبێ- ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەر تاکێك خۆی شکۆمەند دەکات

,

ئەو کۆمەڵگە نەرگسیە، کۆمەڵگەی مرۆڤی سایکۆلۆژی- homo psycholgicus وادەکات کە بەدوو فاقی واز لە رابـردوو بهێـنین‌و واز لە داهاتوش بهێنین، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی کـە هەسـت بـە ئینتما نەکەین هـەموو مانایـەکی بـەردەوامی مێـژوویی لـە دەسـت بدەین‌و بزربێت، بەجۆرە بایەخدان بە تەنیا بە ئێسـتایەکی دابـڕاو لـە رەگوریشەو ئایندەو ئێستایەکی بەرەو ئەبەد بۆ دووبارە بەرهـەمهێنانی هەمان شت.

(ج. شیسـتو) وەسـفی هێمـایی ئـەو زەمەنـەی ئێسـتا واتـە – مۆدێرنیزم-و چۆنیەتی ئەوەی کـە ئـەقڵ ئـەلکترۆنی ئـەو شـەقبوونە دێنێتە کایەوە لە بەردەوامبوون دەکات کە ئاینـدە بـە تـەنیا دەکاتـە موحاکات، ئیدی _بەرنامەکان) شایانی بەرنامـەکاری دەبێـت بـەبێ هیچ گۆڕانێ تا ئەبەد، تەنیا تەولیفەکان دەگـۆڕین‌و دابـڕان ئەندێشـە نـەدەکرا، ئـەقلی ئـەلکترۆنی نـاوەرۆکی راسـنەقینەی شـێوەکانی موحاکاتی خۆی خاڵی دەکات، بـەهۆی دابەشـکردنی مەعریفەیـەکی لەبەر یەك هەڵوەشاوە، ئیتر مرۆڤ چیتر گـەورەی تەکنیکـەکان نـەبوو، بەڵکو بەرگەی دەگرتن‌و لەسەنتەر دوورخرایەوەو بووە شـتێکی زیـادە،

هەر بەدەست پێکردن لەو تەکنۆلۆژیا نوێیەو ئەوبەها رۆشنبیرییە نوێیە دەتوانین پاڵنەرە بنەڕەتەکانی گوتاری (بڵاوکراوەی ساڵانە)ی ئێستا لە هەڵوەشاندنەوەی بۆ (کل)ی مێژوویی بدۆزینەوە لە چەند بابەتێکی ناگونجاو لە پێشکەشکردنی دنیایەکی بێ جووڵەو گۆڕان تەنیا گۆڕانی تەکنیکیو رۆشنبیری دەبێ، بەڵام قەت کۆمەڵایەتیو سیاسی نابێت، ئیدی لەم مێژووەدا چیتر بۆ کارکردن لەبەر دەم بووندا ئەقڵانییەت نامێنێ، لە رەتکردنەوەی -بڵاوکراوەی ساڵانە- لایەنی سیاسی وادەگەیەنێ کە هێشتا لە پێوەندی دایە لەگەڵ ئەوەی یەکەمی ئەو گۆڤارە، لەراستیدا هەندێ بۆچوون هەن لە میانی هزری ساڵانی سییەکان کە لە دوژمنکاریێتی کردنی دیاری دارچینی سیاسیدا خۆی دەنوێنێو هەبوونی دارچینی تەکنۆکراتیو نەخشەکێشانو لەمیانی کەشوهەوای ساڵانی هەشتاکاندا کە دەوڵەت سەرچاوەی هەموو شەڕو کیانی دەرەوەی کۆمەڵگەی مەدەنییە.

ئەمڕۆکە –ریجانیەت-و قوتابخانەی شیکاگۆو دوژمنایەتی کردنی سیاسەتو دەوڵەت دەنگدانەوەی دارچینی لیبرالیەتی ساڵانی سییەکانە.

پرسیارێکی دیکە هەیە لەچاخی ئێمەدا کە کاریگەریێتی هەیە بەسەر گوتاری مێژوویی نەوەی سێیەمو زیاتر سیاسەت رەفز دەکاتەوە

مەبەست لەوە کەشفکردنی بەندیخانەکامە لە سەربازگاکانی ڕۆژهەڵاتی، بەتایبەتی کە مێژوونووسان ئەندام بوون لەپارتی کۆمەنیستی فەرەنسی لە ساڵانی پەنجاکاندا وەك (ف. فوریێ)و (ڕ. ریشێ)و(ج. ئوزوف)و (ئە. بیزانسون)و (و. لوراو لادوری).

(ج. میسلیێ) دەڵێت (مێژووو مێژوونووس دروست دەکات بە قەدەر ئەوەی کە مێژوونووس میچژوو دروست دەکات) ئەو نەوەیەی کە گوتاری کە کۆنترشۆڵی گوتاری نوێی مێژووی کرد، نەوەی وەهم گومڕاییە ئەو نەوەیە زانستی هیوای شۆڕشگێڕی گۆڕییەوە بە هەڵمدانی شەهیدان (ئە. بیزانسون) دەنووسێو دەڵێت (من دەچمەوە ریزی نەوەیەك کە زۆر بەهێزەوە کەوتبووە ژێر کاریگەرێتی بیری کۆمۆنیستی).

ئەوانە زۆربەیان چارەنووسی خۆیان دەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی گرێ دابوو لە ساڵەکانی پەنجاکاندا، بەتایبەتی لە گەرمەی شەڕی ساردا، بەڵام (لوروا لادوری) دەیگوت: (من لە قاوغی خۆم وەك شۆڕشگێڕێکی پاشایەتی هاتمە دەرەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بوومە قەوقەعەیەکی ستالینی...).

لە ساڵی (١٩٦٥)دا کۆنگرەی بیستەمی حزبی شیوعی فەرەنسا زەنگی پاکسازی لێداو ئیدی-لودری- موستەحەقی ئەوە دەبێ کە بە

پاكستان —المگهر- دابڕوات له پێناوی باوكیدا، كه وەزیـری پێشـووی حكومەتی-فیشی-بوو ،كه پاش ساڵێك ئیستیقالەیدا له حیزب، لـەم بارەیەوە گوتی (من وام هەست دەكرد له بەهەشتدام) كەواتـە سـاڵانی پەنجاكان یەكلاكەرەوە بوو لـە دەستنیشـانكردنی نەوەیـەك كـە خـوای دوێنێكەی لێببوو بـە شـەیتان بـابزانین- بیزانسـون- چـی دەڵێـت : (پسپۆڕ بوو لـە كاروبـاری شـوورەوی هـەروەها سـەرخەرو لایـەنگری شوورەوی بوو) (وەسفكردنی یـەكێتی شـوورەوی بەبەربەریـەت زوڵمـە نـەك لەبـەر شـوورەوی بـەڵكو لـە بـەخودی بەربەرییـەكان). ئـەو مێژوونووسانەی كه رزگاریان بوو بوو له وەهم خۆیـان لـە تێزەكـانی فەیلەسوفە نوێكان دۆزییـەوە، ئەوانـەی كـە هێرشـیان دەكـردە سـەر ماركسو هیگڵو رۆسۆ، بۆ ئەوانەیان دادەنان كه هۆكاری دروستبوونی ئوردوی ئەشكەنجەدان بوون، بـەڵام مێژوونوسـەكان ئـەوەیان خرابـووە سەرشان كه هەندێ له رەگوریشەی شۆڕشگێڕی بۆگەن وەدەرخەن بەبێ ئـەوەی هـیچ ئاگاداربوونەوەیـەك پێشـكەش بكـەنو دەمارەكـەی هەڵكێشن....له ساڵی (١٩٧٩)دا (ف. فورێ) قسەیەكی نوشتەجاڕی كردووە كه دەڵێت (شۆڕشی فەرەنسی كۆتایی هات) ئـەو شۆڕشـەی وا له قەڵەمدا كه لـە ریـزی بكـوژانو ئەفسـانە دایـە بەتایبـەتی كـە جەماوەر كاتێك پشتی شانۆ دەگـرێ، لەكاتێكـدا كـە مێـژووی تێـدا

خلیسك دەبات، چونكە (هیچ پێداویستیەك نییە بۆ رزگاركردنی هێزی بەرهەمهێنەر) هەروەها (و.تـود كـە قوتـابی- و. لوروابـوو) دەڵێـت: (شۆڕشی هیتلەر لە ساڵی (١٩٣٣) هاوسـەنگی شۆڕشـی فەرەنسـای (١٧٩٣) یە، هەروەها (و. فـوریێ) دەڵێـت: (مێـژووی — مـاوە دوورو درێژەكان مرۆڤی ناوەند) لەراستیدا مێژووی دان پێـدانانی سەرپشـك ئامێزەو ئارە زوویەكی موحافیزكارانەی هەیە.

بەجۆرە مێژوو لای نەوەی دووەمی (بڵاوكراوەی ساڵانە) بریتی بوو لە پاراستنی كلتوورو خـۆدوورگرتن لـە هەرچـی گـۆڕان، هـەروەها دژی هەموو (وەرچەرخانێكی یەكلاكـەرەوە بـوو) ئـالێرەدا زۆر لـە نـەوەی یەكەمی-بڵاوكراوەی ساڵانە- وەدووركەوتنەوە كە مێژووی بـە زانسـتی گۆڕین دەزانی، بەڵام لەلای نەوەی دووەم بە پێچەوانەوە بوو بە زانسـتی ئەو شـتانەی كـە (نـەگۆڕ) هـەروەك-لـورو لـودری- لـە كردنـەوەی كۆلێژی(دوفرانس)دا تۆماری كرد.

دابڕانێكــی گــەورە هــەبوو لەگــەڵ نــەوەی یەكــەم كــە لــە هەڵوەشاندنەوەی مێژوودا بوو كە ئیدی بریتی نەبوو لە مەعریفەیەكی گشتگیرو هەمەلایەنە، چـونكە وشـەی (مێـژوو) تـا بـۆ ماوەیـەكی نزیكیش بە پیتی گەورە دەنووسـراو بـە داڕشـتەی (تـاك)یـش بـەڵام قوتابخانەی- بڵاوكراوەی ساڵانە- نەوەی دووەم- مێژووی هەڵوەشاندەوەو

ئیدی به پیتی بچووك‌و دارِشتەی کۆ دەنووسرا، واتە مێژوویەکی هەمەلایەنە،-پیتی گەورە- لە ئارادا نەبوو بەڵکو چەندین مێژوو، بۆیە (ب. نورا) دەیگوت: (ئێمە لە ماوەی تەقینەوەی مێژوودا دەژیین)، هەڵوەشاندنەوەی مەعریفەی مێژوویی بۆ چەندین بلبەت ئەنجامی گشتی لەبەر یەك هەڵوەشانی مێژوو بوو لە مەیدانی زانستی کۆمەلایەتیدا، مێژوو کاتێ ویستی هەموو مەوداکان هەڵمژێ بووە هۆی لە دەستدانی پێناسەی خۆی‌و وەزیفەی خۆی وەك مەعریفەیەکی کوللی‌و لە پشت دارچینی بەرفرەخوازیی گوتاری مێژوویی.

(م. فورێ) دەڵێت: (لەسەر مێژوونووس ئەوەیە کە واز لەدەسەلاتی کۆمەلایەتی خۆی بهێنێ)و (ب. نورا)ش دەڵێت: (مێژوو لە دیماهیدا تەنیا کەشفی خۆی دەکات لەپێناوی ئەوەی کەنەفی خۆی دەکات).

بەمجۆرە دابڕانێك هەیە لە پەرەسەندنی گوتاری مێژوویی (بلاوکراوەی سالانە) لە زەماندا لە میانی سێ نەوەی یەك لەدوای یەك، هەروەها دابڕانێکی ناوەکیش هەیە لە گوتارە ئێستایدا لەمیانی ئەوانەی کە دەڵێن مێژوویەکی گشتگیر هەیە.

مێژوونووسانی -بلاوکراوەی سالانە-ی وەك (ج. دوبی)و (م. فوفیل)و (ج.لوغوف)و (ج.بوا)و (ب. فیلار)و زۆرانی دیکە دەیانەوێ ئەو نوێکارییەی زانستەکانی دیکەی کۆمەلایەتی دەیدەن بە دەستەوە

رەچاو بکەن، بەبێ ئەوە قوربانی بۆ ئەوە بدەن، تا ئـەو کاتـەی مێـژوو تەولیفێك وەدەسـت دەهێنـێ یـا بـەدوای رێکوپێکیـەك‌و سیسـتەمی هۆبازیدا دەگەڕێ، وەك چۆن (ج.لوغوف) دەڵێت: (مێژوو هەمەکییـە) واتە کولییە، هەروەها ئەوان دەیانـەوێ بـەرەو بـەوە بـدەن کـە رووداو ئامێزە، لەوەشدا مەبەست ئـەوە نییـە کـە رووداو ئـامێزێ دەلالـەتی هەبێ وەك چـۆن لای قوتابخانـەی —لافـیس- بـەڵکو مەبەسـت لـە- دیالکتیك-ی زەمەنە کوورت ماوەکان‌و درێژ ماوەکانە کە رووداو بەبێ پایەی حەقیقی خۆی وەردەگرێ‌و راخستنێ کە دەلالەتی خۆی هەبێ، یا وەك خالێ لەمیانی بونیات‌و زرووفـە هـەبووە کـەوا جومگـە بەنـدی بکات.

(ج. دویی) دەڵێت: (من خۆم روداو بـە حسـێب دەگـرم، لەهـەمان کاتدا هەوڵدەدەم دووبارە بیخەمەوە ناو بونیات).

_ب. فیلار) هەمان ئەو میتۆدەی راگەیاند لەگۆڤاری (بڵاوکـراوەی ساڵانە)ی ساڵی ١٩٧٣ دەڵێـت: (مەیـدانی مێژوونووسـان مەیـدانی گۆرشلنکارییە) هەمان ئەو تەوژمەی ناوەوەی-بڵاوکراوەی سـاڵانە- وا دەبینێ کە دەکرێ تێبینی کۆمەڵگایەك بکرێ بە شێوەیەکی باشتر لـە قۆناغی بەردەوامبوونی کۆمەڵایەتی.

ئەو مێژوونووسە مارکسیانە قودرەت بۆ مرۆڤ دەگەڕێننەوە کە کار لەنێو مێژوو بکاتو نوێی بکاتەوەو بەشداری بکات لە شاردنەوەی دونیای کۆن لەپێناوی لەدایك بوونی دونیایەکی نوێ، بۆیە مارکس سەبارەت بە (ب. فیلار) بریتییە لە سەرچاوەی مێژوویی، کە رەنگی دارچینی مێژوویی لە هەموو ناوەرۆکی ژیانی مرۆڤایەتی وەدی دەهێنێ، (دویی) دەلالەتی خۆی هەیە لەو شتەی کە پێوەستە بە گشتیکاری ئابووریو گەیشتە ئەوەی کە خەیاڵییەو پاشان کۆمەڵایەتییە، واتە، ئابووری، خەیاڵی، کۆمەڵایەتی سێ ئاستن وایان دادەنێ کە لەیەك ناترازێن چونکە کۆمەڵگە،یەك (یەکە- وحدە) پێکدەهێنێ.

(م. فوفیل) دەڵێت: (مێژووی ئەقلیات بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە زەپۆشەکانو پێوەندی دیالیکتیکی لەمیانی مەرجەکانی بابەتی ژیانی مرۆڤ ئەو رێگایانەی کە خۆیانی پێ دەبینن‌و ئەوەی کە پێی دەژیین) ئەم وردکردنە لە بابەتی مێژوودا دەنگدانەوەی هەبوو لەلایەن فەیلەسوفانی وەك-میشیل فۆکۆ- کە پێناسەیەکی حەقیقی پێشکەش دەکات سەبارەت بە مێژووی زنجیرەکانی_ بڵاوکراوەی سالانە- و دەڵێت: هیچ مێژوویەکی هەمەلایەنەو گشتی لە ئارادا نییە تەنیا مێژووی هەرێمەکانو لقو کارە لابەلایەکییە تایبەتییەکان لە ئارادا هەیە)،

هەروەها لە کتێبی- ئارکیولۆژیای مەعریفەدا- چەپڵە بۆ گۆڕانی ئەپستمۆلۆژی لێدەدات کە بە هۆی- بڵاوکراوەی ساڵانە- وەدیهات.

میشیل فۆکۆ واقیع بۆ چەندین توێژ دابەش دەکات بۆ شیکردنەوەی کە هەریەکەیان ئیقاعی تایبەتی خۆی هەیەو دەڵێت: (گرفتەکە هەر لەو کاتەوە دروستکردنی ئەڵقەی تایبەتییە یان زنجیرە تایبەتییەکان کە یەکەی زاتی خۆی هەیەو هەروەها خەسڵەتی خۆیان هەیە). لەم حاڵەتەدا مێژوونووس دەبێتە تۆژەرێك بەدوای مەعریفەدا.

(لوولادوری) دەڵێت: (لەکۆتاییدا جوتیارێکی سەدەی شازدەیەمی فەرەنسی دەبینم وەك بابەتێکی مێژوو زیاتر لەوەی کە هۆیەك بێ بۆ مێژوو).

قوتابخانەی -بڵاوکراوەی ساڵانە- کە چڕبوونی بەسەر مەیدانی کاری مێژوویی کەم کردەوە لە ڕێگەی خەیاڵکردنی لە دیالیکتیکی بەردەوامبوونی زەمەنی بەم پشتی کرد لە پرۆسێسی نوێکردنەوەی حەقیقی مێژوویی، بۆیە لەسەریەتی کە ئیلهام لە بەشدارییەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە وەرگرێت تا بەرەو بداتەوە بە رووداوی خودان دەلالەت هەروەها کاری مێژوویی بە تێپەڕکردنی دابڕانی دروستکراو لەمیانی رابردووو ئێستادا تێدەپەڕێ، هەروەها بە ناسینی رابردوو وەك بابەتێك بۆ بیرکردنەوە لە پێناوی وەرچەرخاندنی یا

گۆڕینی دنیای ئێستاماندا، هەروەها بیرکردنەوەی لەو شتەی کە خەریکە دەبێ بەشتێ خۆی نییەو هەڵنەخلیسکان بۆ دەرگە لەخۆداخستن لەوەی کە کائینە، دەبێ ئەوە ئارەزووی گەیشتن بێ بە مێژووی راستەقینەو نوێ چونکە وەك چۆن-(م.فینلی) دەڵێت: (دەبێ دنیا بگۆڕین).

١- مارك بلوك

* دامەزرێنەری -بڵاوکراوەی ساڵانەیە- ساڵی (١٩٢٩) لەگەڵ (لورسیان فیفر)دا.

* لە ساڵی(١٨٨٦) دا لەدایك بووە، دەرچووی (خانەی مامۆستایان)ە.

* ساڵی (١٩١٩) لە زانکۆی-ستراسبورگ-بووە مامۆستا.

* کتێبی -شاکان دروستکەری مێژوون ساڵی(١٩٢٤)، هەروەها- خەسڵەتە تایبەتیەکانی مێژووی لادێی فەرەنسی-و (کۆمەڵگەی فیودالی) هەیە.

٢- لوسیان فیڤەر

* دامەزرێنەری گۆڤاری —بڵاوکراوەی ساڵانەیە- تا ساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ مارك بلوك —دا.

* له ساڵی (١٨٧٨) له —نانسی- لەدایك بووه.

* تێزەکـەی بـەناوی(فیلیـپ)ی دووەمو فەرەنسـای لـە زەمـانی (کونتات)ه.

* له زانکۆی —ستراسبورگ- مامۆستا بووه.

چەندین وتاری بلاوکراوەی هەیە لـە دوو جلـدا بـەناوی (کۆمەڵـەو تاریـكو چـەند کورتکردنەوەیـەك)، چـەند شـەڕێ لـە پێنـاوی مێژوودا).

٣- فردیناند بروديل

* بەشی شەشەمی بلاوکراوەی ساڵانەی بەڕێوه بردووه (١٩٥٦).

له ساڵی (١٩٠٢) له —لونیفیل- لەدایك بـووه. لەگـەڵ کلـود لیفی شتراوس کاری کردووه.

٤- گۆڤـاری —بلاوکـراوەی سـاڵانەی مێـژوویی‌و ئـابووریو کۆمەڵایەتی:

له ساڵی (١٩٢٩)دا دروست بووه، لێژنەی بەڕێوەبەری بریتـی بـووه له (م.بلوك)و(ل.فیڤر) وجوگرافیا ناس(دومایخون) زانای سۆسیۆلۆژی (ا. هـالیواش)و ئابوورینـاس (س. ریسـت)و زانـای سیاسـی (ا. سیغفرید)و مێژوونووس (ا. بیغانیول)و (ج. ئینیاس).

سەرچاوە

گۆڤاری —المنار- ژمارە (٤) (مـن لای خـۆم ئـەوەی بـە پێویسـتم نەزانی لێم هەڵگرتووەو پشتگوێم خستووە).

## چاخی ڕۆشنگەری
## بیروبۆچوون و فەیلەسوفەکانی

ڕۆشنگەری بزاوتێکی فەلسەفی بوو، بەڵام مێژوونووسەکان لەسەر خاڵی دەستپێکردنی کۆك نین، یوا هیزار لە کتێبەکەیدا کە بەناوی (قەیرانی ویژدانی ئەورووپی ١٩٣٥) بوو دەڵێت:

بزاوتی ڕۆشنگەری بۆ نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەم دەگەڕێتەوە، بەڵام (کریستوفرهل) لە کتێبەکەیدا کە بەناوی- ڕێوڕەسمی ڕۆشنبیری شۆڕشی ئینگلتەرا ١٩٦٥ دەڵێت: بیری ئینگلتەرا لە سەدەی شازدەهەمدا ناوبانگی دەرکرد. هەروەها بیترگرای لە کتێبی (ڕۆشنگەری)دا چاخی ڕووناکبیری بۆ یۆنانییەکان دەگەڕێنێتەوە، (دیدرۆ)ش جەخت لەمە دەکاتەوە بەوەی کە(تالیس) یەکەم کەسی سروشتی بووە لەبەراییدا، هەروەها یەکەم کەس بوو کە میتۆدی زانستی خستۆتە ناو فەلسەفەوە، هەموو ئەوانەش کە لەدوای ئەودا هاتوون، ئەقڵیان کردۆتە ڕەخنەگری خۆیان، هەروەها فەیلەسوفەکانی یۆنان مۆڕاڵیان لە سروشتی مرۆڤدا دۆزیوەتەوە نەك لە سروشتی ئیزەدا، ئیڤۆن دەڵێت: یۆنانیەکان بوون کە فەلسەفەی ڕەخنەییان داهێناوە کە دەسەڵاتی ڕەتکردۆتەوە، هەروەها لەگەڕان و سووڕان

بەدوای حەقیقەتدا ترووسکەی (بەداهەت)یان کردە ڕێنیشاندەری خۆیان

هەر چۆنێ بێ، ئەو بیروڕایەی کە ناودارو ئاساییە ئەوەیە کە سەدەی هەژدەیەم چاخی ڕۆشنگەرییە، چاخێکە لە دروستکردنی فەیلەسوفەکانە، کە لەغزێکە هەمیشە بە فەرەنسی دەنووسرێ، بەڵگەی ئەوەیە کە یاوەکو روناکبیری دیاردەیەکی ئەوروپییە بەڕەهایی، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتی دیاردەیەکی فەرەنسییە، هەرچەند فەیلەسوفەکان وەکو یۆنانیەکان ئەقڵیان بەرز کردەوە، بەڵام ئەوان بەوە جیایان کردەوە کە فەلسەفەیان لە میکانیکای تەقلیدی جیا کردەوە، ئەقلانیەتی دێرین سەرنەکەوت لە پەیوەستدانی ئەقڵو ژیانی ڕۆژانە، پاشانیش لە رووداوە عەینییەکانی ژیانی ڕۆژانە جیا بۆوە، جا ئەگەر روناکبیری شانازی بەخۆوە بکات بەوەی کە چاخی فەلسەفەیە لێرەدا بەو چەمکە تەقلیدییە نییە، بەڵکو بینینێکی وەزعییە بۆ نەسەقی دونیا، زانستو هونەر بەسەر پرانسیپی هۆبەندی دادەمەزرێ بەبێ ئەوەی تێپەڕی دنیا بکات، پاشانیش فەیلەسوف بایەخ بە ژیان دەدا لەم دنیایەدا، نەك بگەڕێ بە دوای حەقیقەتە ئەزەلییەکاندا، بەڵکو عەقڵو رووداوی عەینی بەیەکەوە گرێدا.

فەیلەسوفەکان کەوتنە ژێر کاریگەرێتی دوو بیریاری بلیمەت کە بریتی بوون لە(لوك ١٦٣٢-١٧٠٤)و (نیوتن ١٦٤٣-١٧٢٧)و کۆك نەبوون لەگەڵ دیکارتدا کە بە باوکی فەلسەفەی مۆدێرن ناوداربوو، ئەوەی کە غەریبە ئەوەیە: دیکارت لەلایەن هاوچاخەکانیەوە ڕەتدەکرایەوە، بەڵام پاشان لەلایەن یەسووعییەکان جێگەی قبوڵ بوو، کە وایان دانابوو هاوپەیمانی مەسیحییەتە، هەر ئەوەش نا بەڵکو یەسوعییەکانی فەرەنسا ئەویان بە سەنەدێکی گرنگ دانابوو بۆ سەلماندنی پەیوەندی توندوتۆڵی فەلسەفەو لاهووت بەو داوەتەی کە بیرۆکەی بوونی خودا بناغەی فەلسەفەی دیکارت بووە.

پاشان(مالبرانس) هاتووە (١٦٣٨-١٧١٥) هەموو ئەو ئەنجامانەی دەرکێشاوە کە لە فەلسەفەی دیکارتدا هەبووەو شێوازێکی ئایینی پێ بەخشیوە...لەگەڵ ئەوەشدا نیوتن شوێنی دیکارتی گرتەوە...روون بۆوە کە شێوازی دیکارت دژ بەدیدگای زانستی لوكو نیوتن بووە.

لوك لە کتێبەکەیدا (هەوڵێك لە تێگەیشتنی مرۆیی) بەدوای ئەسڵی بیردا گەڕاو گەڕاندییەوە بۆ ئەزموونی هەست ئامێز، نەفس لە ئەسڵدا وەك تابلۆیەکی صەقل کراو وایە کە هیچی تێدا نەخش نەکراوە، تەنیا ئەزموون نەخشی ماناو پرانسیبی تێدا دەکات، لێکۆڵینەوە لە زمانیش لایەنگیری ئەم بیروڕایەیە، لەفز لە ئەسڵدا

دەلالەت لە بەش بەشی ماددە دەکات پاشان وردە وردە بۆ دوو جۆر گواسترایەوە، یەکەمیان لەبەش بەشەوە بۆ هەمەکی بە تێبینی کردنی وێکچوونو جۆرەکەی دیکەش لە ماددیاتەوە بۆ رۆحیات بەوێکچوونو مەجاز، ئا بەمجۆرە (هیچ شتێ لە ئەقڵدا نییە بەر لەوەی کە پێشتریێ لە هەستدا بوونی نەبووبێ بەمجۆرە لوك رێبازی غەریزەی لە دیکارت دابڕاندو لایدا، بەڵام نیوتن کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بەسەر فەیلەسوفەکانی چاخی رۆشنگەری بەهۆی میتۆدی زانستییەوە... کەشف کردنی هێزی راکێشان لەلایەن نیوتنەوە لایەنگیری کردن بوو بۆ رێبازی ئالیو توندوتۆڵکردنی میتۆدی ریازی، ئەو دەلالەتی بۆ میتۆدێك کرد کە پێکەوە شەتەکبوونی بەشەکانی سروشتی راڤە دەکرد، یاساییێکی گشتی دانا لە رێگەی پێوانەوەو ئەو ئەنجامانەی بەدەست هێنا کە لەگەڵ ئەزموونەکە رێك بوون.

لوكو نیوتن هەردووکیان باوەڕیان بەخودا هەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا فەیلەسوفەکانی چاخی رۆشنگەریی، کەوتنە لێکۆڵینەوە لە ئەسڵی خودایی بۆ کەون، تەنیا لێکۆڵینەوەیان لەبارەی ماقولیەتی جیهانی فیزیکی ئەنجامدا، هەروەها دەربارەی سروشت بێ ئەوەی سەرووی سروشت پاشان وشەی سروشت بوو بەبارترین وشەی چاخی رۆشنگەریی.

بۆ رەخنەگرتن لە ئەقڵ سروشت پەیوەست بوو بە ئەرکی رەخنـەیی، چونکە سروشت فەیلەسوفی ناچارکرد کە تێپـەڕی مـەودای تێبینـیو ئەزموون نەکات، لەگەڵ ئەمەشدا مەودای لێکۆڵینەوەی لە ئەقڵی بۆ کرایەوە بەوەی کە سروشـت بویـەری کۆتـایی هەڵـدەگرێ یـان وردتـر (نەسەقی جیهانو هەبووە دروستکراوەکان)ی وەك چۆن (دالامپیر) لـە ئەنسـکلۆپیدیادا، بـەمجۆرە سروشـت وامـان لێـدەکات کـە بـەدوای (پرانسـیپی یەکخـەر)دا بگـەڕێینو زانسـت جێگـەی میتافیزیـك دەگرێتەوەو مەعریفەی بـوونی خـۆی بـە مـرۆڤ دەبەخشـێو هـەروەها پێوەندی مرۆڤ بە کەونەوە.

پێشکەوتنی زانست لە سەدەی حەڤدەیەم وایکـرد کـە متمانـە بـە سروشتو هەروەها توانای پێشکەوتن لە سەدەی هەژدەیەمدا هەبێ.

زانستی فیزیکی ریازی بەهۆی نیووتنەوە پێشـکەوت، لـە کتێبـی (لابلاس) (نەسەقی جیهان) رەهەندی کەونی پرەنسیپەکانی (نیوتن)ی تاجدار کرد، کیمیاش لەسەر دەسـتی (لافوازییـە ١٧٤٣-١٧٩٤) بـە ماوەیـەکی باشـی داهێنکاریـدا رەت بـوو و زانسـتی رووەكو ئـاژەڵو ئەرکـەکانی ئەندامـەکان لەسـەر دەسـتی-لینـایوس وبوفـونو فـان هـالردا- پەرەیانسـەند (مۆنتیسـیکۆ)ش رێگـەی بـۆ سۆسـیۆلۆژیا خۆشکرد، هەروەها ئەزمونگەرێتی لوك هەوڵیدا کە بایەخ بەزانسـتی

دەروون بدەن، ئەوەش لە کتێبەکانی هیوم (١٧١١-١٧٧٦)، کوندیاك (١٧١٥-١٧٨٠) ئاشکراو روون بوو، هەروەها لێکۆڵینەوە مێژوویی‌و زمانەوانییەکان لە گریمانەکاری لاهووتییەکان رزگاربوو، هەروەها بەکارهێنانی پرەنسیپی (هۆبەندی) بۆ هەموو مەوداکانی شارەزایی مرۆیی درێژ بۆوە، پێشکەوتنی زانستی کە لەسەر بناغەی سەرنج‌و ئەزموون بونیات کرابوو، رێگر نەبوو لەوەی کە لە پەرنسیپی هەمەکیدا بکۆڵنەوە، میتۆدی ریازی لای نیوتن وای کرد کە باس لە شوێنی رەها وزەمانی رەها بکەین کە خەیاڵدان خەیاڵی لێدەکردەوەو ماتماتیك پشتی پێ دەبەست، هەروەها سروشت وەك پرانسیپێکی یەکخەر، متمانەی خستە نێوان بابەتی‌و سەلماندن.

قوتابخانەی یاسای سروشتی کاریگەرییەکی قووڵی کردە سەر فەیلەسوفەکانی سەدەی هەژدەیەم وەکو رۆسۆ، حاڵی سروشت لای ئەو ئەوە فەرز دەکات کە مرۆڤ ماهییەتێکی چەسپاوی هەیەو بە گۆڕانی زرووفی کۆمەڵایەتی ناگۆڕێ‌و - بەوەحش بووەکەی نەبیل- خەسڵەتێکی سروشتی‌و هەمەکی زۆرتری لە خەسڵەتی مرۆی ئەورووپیدا هەیە ...

بەڵام بەڵگەکانی فەیلەسوفەکانی رۆشنگەریی، سەبارەت بەهێزی سیستەمی سروشتی بەڵگەی ئاسایی نەبوون، ئابووری سیاسی لای

(فزيوكرات) واى گريمانه دەكات كه خوا سيستەمى سروشتى دروست كردووەو نەسەقێكى تەواوى پێداوە لەميانى بايەخى جۆراوجۆر بەجۆرێك كە دژايەتى نامێنێ لەميانى فەرِى زاتىو خێرى كۆمەلايەتى، كشتوكالّ لاى (فزيوكرات) لە پێش پيشەسازىو بازرگانيدايە، چونكە لە سيستەمى سروشتى نزيكترە، لە ئينگلتەرادا ئادەم سميس (١٧٢٢-١٧٩٠) متمانەى بە سروشت كرد، لە كتێبەكەيدا (سامانى نەتەوەكان) (١٧٦٦) مەبەستيەتى كە فەرِى زاتى لە هەموو كۆتێك رزگار بكات كە بەدەورى خۆى، دەبێتە هۆى بەختەوەريى هەمووان، بۆيە حكومەت داوا دەكا كە وازبێنن لە تەدەخولو ياساى دابەشكردنى كارو راخستنو داواكردن بەرهەلّلا دەكات كە كارى خۆيان بكەنو فەرِى بەرهەمهێنەر دەگەلّ فەرِى بەرهەمگر دەگەلّ يەك دەگونجێنێ.

(هەتا بيريارى گەشبين- متدفيل-) دەلّێ كە -رەزيلەتە تاكييەكان- دەبێتە هۆى- فەرِى گشتى-و سروشت رێكى كۆمەلّگا دەپارێزێ سەرەراى بوونى گێرمەو كێشەو دژايەتى، بەلام ئەم متمانەيە بە سروشت لاى فەيلەسوفەكانى چاخى رۆشنگەرى لەبەردەم پەرەپێدانى چەمكى سروشت رێگر نەبوو، شێوازى ئاليى تيۆرەكانى ديكارت، بەرەبەرە بوو بە شێوازێكى ديناميكى، ليبنتز (١٦٤٦-

١٧١٦) ، یەکـەم ڕێخۆشـکەری ئـەم وەرچـەرخانە بـوو، کـەمووکوڕی ڕێبازی ئالی دیکارتی بەدیار خست، چـونکە دیکـارت وای لـە تـەن دەکرد کە شتێکی جیا بێو بەس، لیبتـز-یـش وای دەبینـی کـە ئـەم گۆتەیە ڕاڤەی (کەموکوڕی زاتی)ی تەن ناکـات، واتـە بـەرگریکردنی ماددە لە بزاوت! هەروەها ئەم گۆتەیە ڕاڤـەی جیـاوازی نێـوان تـەنی جوولاو لەخاڵی هێڵی ڕۆیشتنیدا لەگەڵ تەنی نەجوولاودا ناکا، چونکە تەنیا لە ڕێگەی بیرۆکەی وزەوە نـەبێت، بـەبێ ئـەم بیرۆکەیـە جـوولان دەبێتەوە زنجیرەیەك لـە وەسـتانو نـەجوولان، ماهیـەتی تـەنیش هـەر بەمجۆرە دەبێت لە وزەدا، کە عیللەتی جوولانـە، هـەر دەمێنێتـەوە تـا ئەگەر جوولانیش بوەستێ، ئەوەش کـە لەسـەر ئـەم ڕێخۆشـکردنە ڕێ دەبێ کە چەمکی دینامیکی سروشت وەرگرین، ئەوەیە کـە بایۆلۆژیـا پێشـی فیزیـا کـەوتو کـەون بـوو بەسـەنتەری وزە نـەك سـەنتەری سیستەمو بەشەکانی کەونیش بوون بە شوێنی کەونو فەسـاد، پاشـان بوو بەهۆی ئەوەی کە خەیاڵدانو ئەقڵ دەوریان لە ڕاڤەکردنی جیهانـدا هەبێو بە هۆی بیروڕاکانی دیدرۆ مـەودا لـە میـانی مـرۆڤو ئاژەڵـدا نەما.

ڕۆشنبیری ئینگلیزی لە گـۆڕانی شـێوازی بیرکردنـەوە لـە ئـەورووپا سەرچاوەی بنەڕەتی بوون، ڤۆڵتێرو مۆنتیسیکۆ هەردووکیان سەفەریان

کردو بیوڕای ئـایینیو سیاسـی خۆیـان بڵاوکـردەوە، کتێبـی ڤـۆڵتێر (پەیامی فەلسەفی) ١٧٣٤ دیدگایەکی هەمەلایەن بوو بۆ ڕۆشـنبیری ئینگلیـــزی، کێشـــن مونتیســـیلیوش (ڕۆحـــی یاســـاکان) ١٨٤٨ ڕاخستنێکی دوورودرێژ بوو بۆ دەستوری ئینگلیزیو کتێبی بریفوسـت (لەگـەڵو دژ) ١٧٣٣-١٧٤٠ نیشـانەیەك بـوو لـە ڕۆمانـەکانی ئینگلیزیو ناوو ناوبانگی شکسپیر لە فەرەنسادا بڵاوبۆوە.

دەگـەڵ ڕۆمـانی تەگـەرە نەتەوەییەکانـدا، ڕۆشـنبیری شـێوازێکی مرۆیـی وەرگـرت، دیـدگای ڕۆشـنبیران لـە فەرەنسـاو ئینگلتـەرادا شێوازێکی ئـەوروپی وەرگـرت نـەك شـێوازێکی نەتـەوەیی سـەرەڕای جیـاوازی بـاری کۆمەڵایـەتیو سیاسـی، بنـەمای لێکۆڵینـەوە مێژووییەکان ئیدی شێوازی لاهووتی تێدا نەما وەك کتێبی (جیبـون) (ڕمانی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمـانیو بـەزینی ١٧٧٦- ١٧٨٨)و کتێبـی ڤۆلتێر (چاخی لویسی چواردەم) ١٧٥١و کتێبی فیکۆ (زانستی نـوێ ١٧٢٥) هەروەها کتێبـی مۆنتیسـیکۆ شۆڕشـێکی لـە لێکۆڵینـەوە یاساییەکانی هێنایەکایەوە لە ڕێگەی کتێبی (ڕۆحی یاساکان ١٧٤٨) بە کەشفکردنی ڕەگوڕیشەی فیزیکیو مێژوویی یاساکان.

بایـەخی فەیلەسـوفەکانی چـاخی ڕۆشـنگەری سـەبارەت بـە مەسەلەکانی جیهانی زەوی نەك جیهانەکەی دیکە، بووە هـۆی ئـەوەی

که گرفتی بەختەوەری، پێش هەموو گرفتەکانی دیکە بکەوێ، هەروەها بۆیان روون بۆوە کە سروشت هەر بەتەنیا ئەقڵی نەداوە بە مرۆڤ، بەڵکو سۆزو شەهوەتیشی پێ بەخشیوە، گێرمەو کێشەی نێوان ڤۆڵتێرو باسکاڵ جگە لە گێرمەو کێشەی نێوان کۆنو تازە، شتێکی دیکە نەبوو، مرۆڤ بەڕای ڤۆڵتێر بەشێك بوو لە سروشت کە نزیکتر بوو لە ئاژەڵ نەك لەخوا، هەرچەندە کە خەسڵەتی پاکزاوی هەیە، بەڵام باسکاڵ وای دەبینێ کە مرۆڤ ئاوێتەیەکی غەریبە لە رقو مەزنی، بەڵام مەزنی غەلەبەی هەیە، چونکە ئەسڵی مرۆڤ خودایییە...کەواتە دەستکردی خوایە، پەیوەستدانی بەختەوەری بەسۆزو شەهوەت بووە هۆی گرفتێکی تازە کە گونجاندن بوو لە جیاتی داواکانی تاكو داواکانی کۆمەڵ.

(دامتری) ماددی، رێبازی لەزەتی هەستەنی پەیڕەو کرد، بەڵام زۆربەی فەیلەسوفەکان، فەڕی زاتیو نموونەی کۆمەڵایەتیان پەیوەست کرد.

هەندێ لە بیریارەکان هەوڵیاندا، گونجاندن بهێننە کایەوە لەمیانی بەختەوەری دنیاییو پرەنسیپی ئایینی بە پێی ئەبیکۆریەتی مەسیحی، بەڵام بەنەمانی مەسیحییەت هیچیان لەبەر دەمدا نەما جگە لە شیکارێکی فەلسەفی پاڵاوتە، هەروەها گونجان لە میانی تاكو

کۆمەڵو مرۆڤو کەون، ئیدی پشتیان بـە چـەمکی (کۆمەڵگـەرایی) بەست جا ئەگەر سروشت مرۆڤی دروست کردبێ لە ناو کۆمەڵدا، ئەوا کۆمەڵ بەرپرسیارە لە دابینکردنی بەختەوەریی مرۆڤ..ئەنسکلۆپیدیا دەڵێت (بابەتی فەیلەسوف هەرچییەك بێت ئەوە بەختەوەریی ئـەو لـە ژیاندا لە نێو کۆمەڵەی ئەگەر فەیلەسوف (مرۆڤێکی خانەدان بێـت) دەبێ بەفەڕ بێو هەڵگری بیروباوەڕێ بێ کە خێری کۆمەڵگەی سـیڤڵی داوا بێ) هەتا رۆسۆ کە گومـانی لـە فیتڕیـەتی کۆمەڵایـەتی مـرۆڤ هەبوو بڕیاری ئەوەیدا کە مرۆڤ هەتا لەناو کۆمەڵدا نەژیت ئاقڵ نابێ.

پەیوەستدانی بەختەوەری بەلەززەت، بووە هۆی تەگەرەیەکی گـەورەو ئاڵۆز. (دەلامەتری) وتی: مۆڕاڵ پەیوەندی بە فەزیلەتو پێداویسـتییە رۆحییەکانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەبەختەوەریو لەززەتـەوە هەیـە، لەبەر ئەوەی کە هەستپێکردنەکانی فیزیکی لە چەمکەکانی مۆڕاڵیو ئەقڵی لـە پێشـترە، بۆیـەش فەلسـەفەی هەسـتەنی، شـێوەیەکە لـە شێوەکانی پێڕەوی لەززەت، ئەوەی کە کارەکەی خراتر کرد، پەیدابوونی (ماکیز دی ساد) بوو کە وا سەیری سروشتی کرد بەوەی کە هێزێکـی تاکە کەسێتییەو کاری توندوتیژیو پڕ چەنگی تەیر دەکات، هەتا ئەو کاتەی کە گوزارشت بێ لە بەختەوەری کەسێتی، دەتـوانین بڵـێین کـە (دی ساد) حاڵەتێکی ناوازە بوو، چـونکە زۆربـەی بیرمەنـدەکان ئـەم

گۆڕانە بنەڕەتییە تەقلیدییەیان رەتکردەوە، چونکە متمانەیان بەو پرەنسیپی هەمەکی هەبوو، هەروەها بە چەسپاوی سروشتی مرۆیی، پێناسەی مرۆڤیان بەوە کرد کە ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر چۆنێ بێ، وەڵامی پرسیاری تایبەتییە سەبارەت بە سروشتی بەها خوڵقییە مەزنەکان، ئەوە پرەنسیبە تیوریەکانیو ئەو ئەنجامدانە پراکتیکیانەی کە تێیدایە پێوەندی بە مەسەلە گرنگەکانەوە هەیە کە زەینی فەیلەسوفەکانی چاخی رۆشنگەریی خەریك کردبوو، ئەویش مەسەلەی ئازادیو سەربەستی بوو، خەبات کردن لە پێناوی ئازادی- مافی تاك بوو لە هەڵبژاردنی ئایینی خۆییو مافی بیریاران بوو لە گەڕان بەدوای حەقیقەتدا هەر کەسەو بە شێوازی تایبەتی خۆی- کە پاڵنەرێکی بنەڕەتی بوو لە هێرش کردنە سەر کڵێسای کاتۆلۆکی، کڵێسای کاتۆلۆکی وای دەبینی کە مافی ئەوەی هەیە داکۆکی لە باوەڕی خۆی بکات بە مەحکوم کردنی ئەوەی کە دژی دەوەستێ بەو داوەتەی کە ئەوە دەستی بەسەر حەقیقەتی رەهادا هێناوە، بەڵام فەیلەسوفەکان خەباتیان دەکرد لە پێناوی ئازادیی مرۆڤ لە لابردنی جەختە میتافیزیکییەکانو ئاینییەکان، دژی بەندەکانی نامرۆڤایەتی لە یاسای جینائیداو هەروەها دژی مۆنۆپۆلکردنی فێرکردنی کڵێساو کۆیلایەتی..

(ئەنسکلۆپیدیا) کۆیلایەتی مەحکوم کرد بەوەی کە ئیهانەیە بۆ کەرامەتی مرۆڤایەتیو تەگەرەیە لەبەردەم ئازادییو دژیەتی، بۆیە سەدەی بیستەم بەوە ناسرا کە بیری لیبڕاڵی باڵادەست بوو، بەڵام بیرۆکەیەکی شۆڕشگێڕی نەبوو، دەگونجا لەگەڵ ئەو وەزعەی کە هەبوو، مۆنتیسیکۆ بە رژێمی کۆماری سەرسام بوو لەگەڵ ئەوەش دژی پاشایەتی فەرەنسی نەبوو.

زۆربەی فەیلەسووفەکانی چاخی رۆشنگەریی باوەڕیان وابوو کە فەرمانڕەوای بەهێز کەفیلە بە هێنانەدی چاکسازیی داواکراو، ئەگەر پرس بە فەیلەسووفەکان بکات، زۆربەی بۆ ئەوە دەچێ کە ئەمە هۆی ئەوە بێ کە ڤۆڵتێرو دالامپیر زیارەتی (مزدریکی مەلیکی فەیلەسووف) بکەنو دیدرۆش زیارەتی (ئیمپڕاتۆرە کاترین بکات).

مەسەلەی ئازادی لە- ئینسکلۆپیدیا-دا مەسەلەیەکی فەلسەفی خولقییە نەك مەسەلەیەکی سیاسی، لەم بارەیەوە گوتارێکی زۆر هەن دەربارەی ئازادی فەلسەفی کە پەیوەستە بە ئازادی حەتمییەت وێڕای چەندین وتاری کورت کورت دەربارەی ئازادی سیاسیو سیڤڵی.

وتارەکەی (دیدرۆ) دەربارەی (دەسەڵاتی سیاسی) تەنیا پرانسیپی گشتی دەخاتە روو، هەتا سۆسیالیستە تۆباوییەکانو کۆمەنیستەکان کە لەمیان فەیلەسووفەکاندا هەبوون وەکو مولّیmoelly

ومـــابلیmably باســـی واقیعـــی سیاســـیان نـــەکردووە تـــەنیا زۆر بەدەگمەن، هەروەها زانا ئابووریناسە فەرەنسـییەکان هـیچ تیـۆرێکی سیاسیان بونیات نـەنا، بـەڵکو داوایـان کـرد کـە کۆتـەکان لەسـەر بازرگانی هەڵبگیرێت وەك تورگۆت turgot، بەڵام کتێبی ئادەم سمیپ (سامانی نەتەوەکان) (١٧٧٦) تاکە کتێبی سیاسی دیارە، کتێبێکـە لــە زانســتی ئــابووری لەســەر ئــەزموون بونیــات نــراوە، بــەدەوری دەستورێكو رێسایەك دەسوورێتەوە کە دەڵێ (هەموو مرۆڤێك ئـازادەو تەواو ئازادە لە گرتنەبەری هەر رێگەیێ کە فەری بۆ دێنـێ.. تـا ئـەو کاتەی کە خیلافی یاساو عەدالەت نییە).

ئەمەش وایکرد کە چینێکی بۆرژوازی سـەرهەڵبدا، ئـەم چـینەش لەسەرەتای پێکهاتنیدا ئاقارو رواڵەتەکانی دیار نەبوو، لە فەرەنسـادا بۆرژوازییەکان بریتی بوون لەخـەرج پـارە دەوڵەمەنـدەکانو بازرگـانو پارێزەرو دکتۆرو ئەدیبو پیشەکارەکان، بـەڵام رۆڵێکـی کاریگـەریان نەبوو لە ژیانی سیاسیدا، بەپێچەوانەی ئەوەش لە ئینگلتـەراو چـینی مامناوەند کاریگەرییەکی سیاسیو رۆشنبیریو کۆمەڵایەتیان هـەبوو، لە ئەڵمانیادا دابەشکردنی جوگرافیو سیاسی قەدەغەی هـەموو ئـەو چینانەی کـرد کـە بێسـەوادیان تیـا بڵاوبووبـۆوە، لـەوەی کـە هـیچ کاریگەرییـەکی سیاسـیان هـەبێ، لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەرهەڵدانی

بورژوازییەت بووە هۆی بڵاوبوونەوەی کتێبو ڕۆژنامەو، هەر ئەمەش نا، بەڵکو نەیانتوانی (ئەنسکلۆپیدیا) دەربکەن بەبێ پشتیوانی بورژوازییەت، بەڵو بورژوازییەت لە وڵاتە جۆر بەجۆرەکانی ئەورووپا بیرمەندو زانای بۆ ئەکادیمیاتەکان پەیدا کرد.

بە کوورتی گرنگی ڕۆشنگەریی بنەڕەتی بریتی نەبوو لە مەعریفەتی سروشتی مرۆڤ، بەڵکو بریتی بوو لە گۆڕینی کۆمەڵ لە پێناوی گۆڕانی سلوکی مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەقلانیو ماددی بەجۆرە بیروڕاکان جیاواز بوون سەبارەت بە باشترین شێوە بۆ کۆمەڵگە.

## مۆنتیسکیو (١٦٨٩-١٧٥٥)

لە خانەوادەیەکی ئەرۆستوکراتییە، سێ ساڵی لە ئینگلتەرا بەسەر بردووەو کەوتۆتە ژێر کاریگەریێتی دەستووری ئینگلیزی، چەند نامەیەکی فارسی لە (١٧٢١)دا بڵاوکردۆتەوە بەبێ تۆمارکردنی ناوی خۆی کە تێیدا وای خەیاڵ کردووە، دوو ڕۆڵەکانی فارس زیارەتی ئەوروپا دەکەن بەتایبەتی فەرەنساو بۆ هاوڕێکانیان دەنێرنەوە لە وڵاتی خۆیان، ئەم یادگارییانە بریتین لە رەخنە گرتن لە کۆمەڵگەی فەرەنسیو مۆراڵو نەریتو ئاینییان، پاشان کتێبی (هۆیەکانی گەورەیی ڕۆمانو رمانیان (١٧٣٤) بڵاوکردۆتەوە کە دیدی

لاهووتییەت لە مێژووەی کە (بوسویە) لە کتێبی خۆی (وتاری مێژوویی گشتی) دەریدەخات، دوور دەخاتەوە، وای دەبینێ کە مێژووی مرۆڤایەتی مەحکومە بە عینایەتی خوداوەندو دەخزێتە ژێر پلانێکی خودایی، بەلام کتێبی –ئیعتیبارات- راڤەی هەڵکشانی ئیمپڕاتۆرییەتی رۆمانیو رمانی دەکات بە چەمکی سروشتی نەك چەمکی سەرووی سروشت، پاشانیش دەڵێت : مێژوو بە رێکەوتو عینایەتی خوداوەندی مەحکوم نییە، بەڵکو مەحکومە بە چەند هۆیەکی گشتی جا فیزیکی بێت یاخوڵقی.

لە ساڵی (١٧٤٣)دا لە کتێبی –رۆحی یاساکان- بۆوە، بەلام لە (١٧٤٨)دا بلاوی کردەوە، وا پێناسەی یاسا دەکات کە (چەند پێوەندییەکی پێویستەو لە سروشتی شتەکان وەرگیراوە) کە چەند پێوەندییەکی هۆبەندییە، ئەو پێناسەیە وایلێکرد کە بایەخ بە فیزیکیەت بدات لە پێکهاتنی سیستەمی حوکمو یاسا، بە تایبەتی ئاوو هەوا، دانیشتوان لە ئاووهەوای گەرم ئاسانتر زوڵم قبووڵ دەکەن لەوانەی کە لە ئاووهوای سارد دەژیین، بۆیە گەلانی ئازاد بە زۆری لە باکوور دەژیین نەك لە باشوور، ئازادیش هەقێکە بەوەی کە مرۆڤ تا ئەوەی کە یاسا رێی دەدا کار دەکات، ئەگەر هاوولاتی هەقی ئەوەی هەبێ کە کار بکات بەوەی کە یاسا رێی پێنادات، ئەوە مانای ئەوەیە

که ئازاد نییه، چونکه ئەوەی دواییش هەمان مـافی هەیـە، هـەروەها پێداویستییەکانی عەدالەت بۆ ئازادی پێویست، پاشـان مۆنتیسـیکۆ شێوەکانی حوکم بە سێ شت دەستنیشان دەکات، کۆماری، پادشـایی، زولّم و زۆر.کۆماری، دەبێتە دیموکراسی و ئەرۆستۆکراسی بە پێی ئـەوەی کە حوکم هەمووی بۆ گەلە، یا بۆ تیمێکیان کە ئەشـرافن، سروشـتی دیموکراسییەت ئەوەیە کە گەلی تێدا هەم پادشاو هەم ئەشراف، پاشایە بە هەڵبژاردنی و رەعیەتە بەوەی کە گوێڕایەلی فەرمانداره، گەل خـۆی مافی یاسادانانی هەیەو بۆ نوێنەرانیش لەم مافە دانابەزێ، ئا بەمجۆرە یەکییەتی رەعیەو دەسەڵات لە هاوولاتیدا دێتە ئاراوە.

بەو مانایەی کە هاوولاتی دەوڵەتەو لە تاك بەرجەستە دەبێ، هـەر بۆیەش فێرکردن شوێنێکی گرنگی هەیە لە سیسـتەمی دیموکراسـی، بەڵام مۆنتیسیکۆ دوالیزمی لە فێرکـردن رەت دەکاتـەوە کـە رژێمـی پاشایەتی پێیەوە شەپۆل دەدات، هەندێ فێرکـاری هەیـە باوکـان بـۆ کوڕەکانیان دەیکەن، هەندێکی دیکە، ژیـان بـۆ لاوان ئـەنجامی دەدا، بەڵام لە دیموکراسـییەتدا جیـاوازی لـە نێـوان فێرکردنـی خانـەوادەو فێرکردنی ژیاندا نییە، ژیان هەمووی فێرکردنێکی بەردەوامە، چونکە دیموکراسییەت لە ناخەوەیدا، فەرزی وەرچەرخانێکی بنـەڕەتی دەکـات لە مرۆی تاکەوە بۆ مرۆی گشتی.

وای فەرز دەکات کە تاوانی تاك تاوانی گشتییە، ئالێرەوە پرنسیپی دیموکراسییەت فەزیلەی سیاسیە، واتە سەرخستنی فەڕی گشتی بەسەر فەڕی تایبەتی.

سروشتی ئەرۆستۆکراتییەت ئەوەیە کە گەل تێیدا رەعییەتەو ئەشرافیش فەرمانڕەوا، هەر کات ئەشراف ژمارەیان کەم بوو، هەموویان دەبنە فەرمانڕەوا، ئەگەر زۆریش بێ ئەوانە ئەنجوومەنێك لە میانی خۆیان هەڵدەبژێرن و ئەنجوومەنەکەش دەبێتە ئەنجوومەنێکی ئەرۆستۆکراسی، جەماوەری ئەشرافیش دیموکراسی و گەلیش پشت گوێ دەخرێ، بەڵام ئەرۆستۆکراسی حەکیم، گەل لەم عەدەمە دەردەهێنێ و لە نێو دەسەڵاتدا گرنگییەکی بۆ فەراهەم دەکات، لە ئەرۆستوکراسییەتدا فەزیلەت پاشبەندی فەرمانڕەواکانە، پراکتیزەی میانە رۆیی و نیزام دەکەن بەشێوەیەك لە میانی خۆیاندا یەکسان دەبن، بەڵام نابنە لازمەی ئەوانەی کە حوکمییان دەکەن، چونکە دەخزێتە ژێرباری یاساوە بە هێزی ئەو حوکمەتەی کە هەیە.

سروشتی مەلەکییەتیش ئەوەیە کە فەرد حوکم دەکات بە پێی یاسای چەسپاو، واتە دەستوور، هەروەها بەهۆی چەند هێزێکەوە کە ئیرادەی (مەلیك)ی نا دەستووری کۆتبەند دەکات.

ئەم هێزانە دوو جۆرن:

- نـەجیبزادەو کـەهنوت: پاکزادەکـان لـە لایـەن سروشـتەوە لـە کەهنوت نزیکن، پادشا نابێتە پادشا تـەنیا بـەهۆی ئـەم دوو هێـزەوە نـەبێت، هـەروەها پادشـا دەبـێ دانیـان پێـدا بنێـتو داکـۆکی لـە بەرژەوەندییەکانیان بکات، بەڵام پـاکزادەیی بنەڕەتییـە سـەبارەت بـە پادشایەتی، مۆنتیسیکۆ دەڵێت :

(هیچ پادشایەکی بێ پاکزاد، بوونی نییە، (گیانی یاساکان بەشـی ٢،٤) ، جیـاوازی هەیـە لـە میـانی دیموکراسـییەتو پادشـایەتی، دیموکراسـییەت بـە زەروورەت پێویسـتی بـە فەزیلـەتو ئـەقڵو ئاقڵمەندانە هەیـە، بـەڵام لـە پادشـایەتیدا پـاکزادی –نبـل- دەوری حیکمەت بۆ مەلیك دەبینێت کە بە زەروورەت حەکیم نییە، بەڵکو بـە پێی سروشـتی خـۆی ناماقووڵییەتـە، ئـا لێرەدایـە کـە پادشـایەتی میکرۆبـی لەناوچـوونی خـۆی لـە نـاو خۆیـدا هـەڵگرتووە، بۆیـە مۆنتیسـیکۆ دەگاتـە کۆتـاییو دەڵـێ حەقیقـەتی شـەرەف لـەوەوە سەرهەڵدەدا کە درۆزنە، مانای ئەوەش ئەوەیە کە شەرەف پێوەندی نـە بە حەقیقەتەوەیە نە مۆراڵ.

سروشتی زوڵمو زۆر ئەوەیە کە حـوکمی تاکـەو پابەنـدی دەسـتوور نییە، بایەخ بەهەیئات نادات، واتە حوکمێکی بـێ یاسـایە، یـان بـێ بونیـاتی یاسـادانان، یـای سیاسـیو کۆمەڵایەتیـە، پاشـانیش پشـی

بەئارەزوو دەبەستێت، حوکمێکە سیاسەت دەکاتە ئارەزوو هەر ئەمەش نا، بەڵکو ئاینیش دەکاتە هەوەس‌و ئارەزوو،چونکە ئایین لە سیستەمی فیودالّی زالّدا، زالّە، مۆنتیسیکۆ دەڵێ: زیادکردنی بنگەوەرێکە بۆ بنگەوەرێك) (رۆحی یاساکان ج ٥،١٤) لە زولّم‌و زۆردا یەکسانییێکی تەواو هەیە لە میانی مرۆڤدا، بەلاّم ئەو یەکسانییە مانای ئەوە نییە تاك بەهای خۆی هەیە، بەڵکو بەو مانایەیە کە تاك هیچ قیمەتێکی نییە، پاشانیش شەرعیەتی، هەر لەسەر ئەو بونیاتە زۆردارە بڕیارەکانی خۆی بە شێوەیەکی عەفەوی ئانی دەردەکات، واتە بێ ئەوەی هۆیەك یان هەنجەتێك لە ئارادابێ، کە سەنگیان هەبێ، پاشان هیچ شتێك لەبەر دەم زۆردار نامێنێ، جگە لە تێرکردنی شەهواتەکانی خۆی بەو چەند ئافرەتانەی کە هەیەتی.

مۆنتیسیکۆ بۆ ئەوە دەچێ کە هەموو ئەو حوکمەتانە بەفەسادی پرانسیبی خۆیان فاسید دەبن، دیموکراسییەتیش بەنەمانی رۆحی یەکسانی لە نێو دەچێ، ئەرۆستوکراتییەتیش لەناو دەچێ کاتێ ئەشرافەکان دەخزێنە ژێر باری هەوەس‌و ئارەزوو، مەلەکییەتیش کاتێ لەناو دەچێ کە مەلیك لە عەدالەتەوە بەرەو توندوتیژی دەچێ‌و هەیئات لەناو دەبات تا کارەکە بگرێتە دەستەوە، بەلاّم زولّم‌و زۆر هەر بەتەبیعەتی خۆی گەندەڵە.

ئامانجی دیار لای مۆنتیسیکۆ ئەوەبوو کە حکومەت ئازادی دابین بکات، ئازادیش لای ئەو لەوەدایە کە مرۆڤ تەقدیری ئەوە بکات کاریّ کە دەیەویّ لەسەریەتی ئەوە بکات، ناچار نەکریّ کاریّ بکات کە نایەویّت.

باشترین شتیّ کە ئازادی دەپاریّزیّ، هەرسیّ دەسەلاّتە، یاسادانان، جیّبەجیّکردن، قەزایی، بەلاّم کۆبوونەوەی ئەو سیّ دەسەلاّتە لەدەستی یەك حاکمدا بەرەو زولّمو زۆرداری دەبات.

## ڤۆلتیّر (١٦٩٤- ١٧٧٨)

بەڕای هاوچەرخەکانی خۆی نووسەریّکی بلیمەت بوو، شاعیریّك بوو کە کیّبڕکیّی دەگەلّ شاعیرانی کلاسیکی دەکرد، بەلاّم بەڕای خویّنەرانی چەرخەکە نویّنەریّکی بریقەداری رۆشنگەریی بوو، ئارەزووی ئەوە بوو کە رووناکبیری لەمیانی هاوولاّتیی خۆیدا بلاّوبکاتەوە، لە ریّگەی وەبەرهاتووەکانی فەلسەفیو زانستو ئەدەبو سەرنجییان بۆ رۆشنبیری ئەورووپی رابکیّشیّت، بەتایبەت رۆشنبیری ئینگلیزیو هانیان بدات کە رەخنە لە بەهای فەلسەفیو کۆمەلاّیەتی باو بگرن.

لە سالّی (١٧٣٤)دا کتیّبی- چەند نامەیەکی فەلسەفی- بلاّوکردەوە کە تیایا رۆشنبیری ئینگلیزی دەخستەڕوو کە سیّ سالّ

خەریکی بوو (١٧٢٦-١٧٢٩) تێیدا کەوتبووە ژێر کاریگەرێتی لیبرالێیەتو لێبووردەیی بەرامبەر باوەڕو ئاینەکان.

ئامانجی ئەو لەدانانی ئەو کتێبە سەرنج راکێشانی گەلی فەرەنسا بوو بۆ پێویستی گۆڕینی شێوەی ژیانی خۆیان، بەوەی کە رەگەزپەرستیو خودپەرستی بوو، بەراوردێکی کرد لە میانی جۆراوجۆربوونی باوەڕی ئایینی لە ئینگلتەراو زاڵ بوونی کڵێسای کاتۆلیکی لە فەرەنسا، بە درێژی پادشایەتی دەستووری ئینگلتەرای راڤە کرد تا وەبیر فەرەنسییەکان بهێنێتەوە کە دەسەڵاتداری ئەوان دەسەڵاتێکی رەهایان هەیە ئەوانەی کە بە حەقی خودایی حوکم دەکەن...پاشان بەشی دوایی نامەکانی بۆ رەخنە گرتن لە باسکاڵ تەرخان کرد کە داوەتی مەسیحییەتی دەکردو دەڵێ :

(هەتا ئەگەر تەسلیم بەوە بووین کە دژایەتی هەیە کە باسکال بەڵگەی بۆ دەنێتەوە لە مرۆڤدا، بەڵام ئەو بەڵگە هێنانەوانە بۆ حەقیقەتی مەسیحییەت بەس نین، چونکە ئێمە لە ئایینە بت پەرستییەکان ئەفسانە دەدۆزینەوە کە لە رەگەزی دژ بەیەك پێکهاتووە.

هەروەها حوجەتەکانی باسکال وای دادەنێ کە مەسیحییەت پێڕەوێکی میتافیزیکییەو لەبالای هەموو پێڕەوەکانی دیکەیە، نایسەلمێنێ کە مەسیحییەت ئایینی حەقە.

دژایەتیش لە مرۆڤدا چیە تـەنیا چـەند رەگـەزێکی پێویسـتن لـە خێروشەڕو هەروەها هـەواو ئـەقلّ پێکهـاتووە لـە سـالّی (١٧٣٠)دا کتێبێکی لەبارەی میتافیزیکیاوە دانا تەنیا دوای مردنی بلاّوکرایـەوە، کە تێیدا میتافیزیکیای تەقلیدی رەخنەبەند دەکـاتو کەوتۆتـە ژێـر کاریگەرێتی (بلوك) لە گۆتەکەی خۆی کە لە توانـای عـەقلّی مـرۆڤ نییە پێناسەی ماهیەتی خواو سروشتی ئازادی بکات.

لە سـالّی (١٧٦٦)دا، کتێبـی (فەیلەسـوفی نـەزان)ی دانـا کـە ناونیشانەکەی بەلّگەی وانەیێکە لە فروتەنی ئەقلّی، کـە ڤـۆلّتێر وای دەبینێ بێهودەییە بەدوای شیکاری مەسەلە فەلسەفییەکاندا بگەڕێین، ئەو مەسەلانەی کە شیکاریان نییـە، لـە سـالّی (١٧٦٤)دا، کتێبـی (فەرهەنگی فەلسەفی)ی خۆی بلاّوکردەوە کە مەسـەلەی فەلسـەفیو ئایینی دەگرێتە خۆ.

لەگەلّ ئەوەشدا، کە ڤۆلتێر دژی میتافیزیکیاو لاهووت بوو، بـەلاّم لەو کەسانە بوو کە باوەڕیان بەخوا بـوو، بەلّگەکەشـی ئەمـەبوو کـە (کاتێ سەعاتێك دەبیـنم میلەکـەی زەمـەنێك دەستنیشـان دەکـات، ئەنجامگیری ئەوە دەکەن کە ئاقلّمەندێ سپرینگەکەی رێکخسـتووە بـۆ ئـەم مەبەسـتە، دوو چـاویش دراوە بـۆ دیـتنو دوو دەسـتیش بـۆ وەرگرتن.....تاد.

وتنی غائییەت پابەندمان دەکات بە وتنی عینایەت، بەڵام لای ڤۆلتێر عینایەتەکە هەمەکییە، واتە تەگبیری کەون تەنیا بۆ یاسای گشتی دەگەڕێتەوە کە خوا دایناوە، لەمەدا ڤۆلتێر لەژێر کاریگەرییێتی نیوتن بوو.

بۆیە بەشی یەکەمی کتێبی ڤۆلتێر تەرخانە بۆ(پرەنسیپی فەلسەفەی نیووتن) لە ساڵی (١٨٣٨)دا ناونیشانەکەی (دەربارەی خودا)یە نیووتن دەڵێت:

(بوونێك هەیە بە زەرووڕەت هەر لە ئەزەلەوە لە خودی خۆیدا هەیە کە ئەسڵی هەبووەکانە ئەو بوونە بێ کۆتاییە لە زەمانو لە هێزدا، چ هەیە دەستنیشانی بکات؟

ماددەش کاتێك رادەکێشرێت بەهۆی سروشتی خۆی نییە، بەڵکو بە فەزڵی خودایە، کاتێکیش ئەستێرەکانیش لە فەزادا دەسووڕێنەوە، بۆ ئاقارێكو بۆ ئاقارێکی دی نا، ئەوەیان بە زەرووڕەت خوا دەیانبزوێنێ کە بە ئازادییەکی تەواو کاردەکات (بەڵام ڤۆڵتێر تەنیا لەسەر ئایینی سروشتی وەستا بوو، تێپەڕی ئایینی سەرووی سروشتی بۆ مەسیحییەت تێپەڕی نەدەکرد، چونکە ئایینیی سروشتیی، ئاینی مرۆڤایەتییە هەر لەکۆنەوە، چونکە پەرستنی سروشت پێش هەموو پێرەوەکان بوو، ولاتی چین-یش بەهێزنرین بەڵگەی لە پێش بوونی

ئاینی سروشتییه، ئاینی چینییه‌كان له باره‌ی ئـه‌و شـته‌وه‌یه (ئاسمـان بپه‌رسته‌و عادل به) به‌ڵام ئه‌م ئایینه سروشتییه له‌رۆژئاوادا بـه هـۆی بڵاوبوونه‌وه‌ی ئه‌قیده dogmas له‌به‌ر یه‌ك تلایه‌وه.

ئـاییني سروشـتی ده‌سـتكردی ئه‌قڵـه، بـه‌ڵام ئه‌قیـده ده‌سـتكردی كه‌هه‌نووتـه كه‌هـه‌نووتیش جگـه لـه دابه‌شـبوونی لاهـووتیو چه‌وساندنه‌وه‌و كوشتنی هه‌رته‌قییه‌كان (ملحد) هیچییان نییه، بۆیـه ئه‌قیده‌كان توانای ئه‌وه‌یان نییه ببنه جیهـانی، لـه كاتێكـدا ئـه‌خلاق سیفه‌تی جیهانی هه‌یه ده‌ڵێت : (چۆن ده‌بـێ هـه‌موو گـه‌لان هـه‌مان پره‌نسیپی بنه‌ڕه‌تی عه‌داله‌ت‌و زوڵمیان هـه‌بێ ئه‌گـه‌ر خـودا ئـه‌قڵیان نه‌داتێ).

**رۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨)**

له خانەوادەیەکی بە ئەسڵ فەرەنسییەو بە مەزهەب پڕۆتستانتییە، لە تەمەنی سی‌و سێ ساڵیدا چووەتە ناو کۆڕی فەیلەسووفەکان، بەتایبەت لای دیدرۆ لە ساڵی (١٧٤٩)دا ئەکادیمیای-دیجون- پێشبڕکێی ئەم مەسەلەیەی خستەڕوو (ئایا هونەرو زانست هاوبەشییان کردووە لە لەناوبردنی مۆراڵ؟) رۆسۆ وەڵامی ئەکادیمیای دایەوەو خەڵاتەکەی بەدەست هێنا، ئەوەش ئەسڵی کتێبی یەکەمی کە بەناوی (وتارێك لە زانستو هونەر) (١٧٥٠) بوو، پاشان ئەکادیمیا پێشبڕکێیەکی بۆ ئەم بابەتەی خوارەوە راگەیاند: (سەرچاوەی جیاوازی پلەکان چییە لەمیانی خەڵکدا؟ ئایا یاسای سروشتی بڕیاری (لەسەرداوە؟) رۆسۆ وەڵامی دانەوە، بەڵام ئەکادیمیا خەڵاتی پێنەداو کتێبی (وتارێك لە ئەسڵی جیاوازی نێوان خەڵك)ی لە (١٧٥٤)دا بڵاوکردەوە، دوای هەشت ساڵ لە (١٧٦٢)دا دوو کتێبی بڵاوکردەوە، یەکەمیان (عەقدی کۆمەڵایەتی) -گرێبەندیی کۆمەڵایەتی- دووەمیان ئەمیل یاخود (لە بارەی پەروەردە)وە کە دەسەڵاتی پاریسی رەتکردەوە هەوڵی گرتنی درا، بۆیە لەگەڵ -هیوم-دا بۆ ئینگلتەرا چوون.

ڕۆسۆ بۆ ئەوە چوو کە بنەمایەکی سیڤیلی بۆ کۆمەڵ دابنێ لە جیاتی بنەمایەکی ئاینیی، کە فەیلەسووفەکانی چاخی ناوەند ڕەواجیان پێدەدا، لە پێش هەموویانەوە -قدیس توما ئەکوینی- کە بڕیاری ئەوەیدا کە هەموو دەسەڵاتەکان لە خواوە هاتوون، دەوڵەت دەخزێتە ژێر باری کلێسا، بۆیە وای دەبینی کە ڕژێمی کۆمەڵایەتی پاش ئەوە بوو کە بۆ موسای دارێژا، موساو ئەوانەی دوای ئەو بە یارمەتی حەفتاو دوو کەسی حەکیم حوکمڕانیەتیان دەکرد کە گەل هەڵی دەبژاردن، بەڵام خوا مەلیکی هەڵدەبژارد، بەدژی ئەوە ڕۆسۆ لە کتێبی خۆی -گرێبەندی کۆمەڵایەتی- (١٧٦٢) دەڵێ کە مرۆڤ لە بەرائەتی یەکەمدا دەژیا کە کۆمەڵ فاسیدی کردو دەکرێ بە گرێبەندی کۆمەڵایەتی چاکی بکەینەوە، لە پێشترێدا ڕۆسۆ بەرائەتی یەکەمی لە کتێبی بەناوی (وتارێ لە ئەسڵی جیاوازی نێوان خەڵك)دا باس کردبوو لە (١٧٥٤) بەوەی کە ئەسڵ لە مرۆڤدا، لە حاڵی سروشتدا ئەوەیە، کە مرۆڤ لە دارستان هەبووە، نە زمانی هەبووە نە پیشەسازی نە چاکەی هەبووە نە خراپە، ئینجا مرۆڤ لە حاڵی سروشتدا هاتە دەرێو لەبەر چەند هۆیەکی سروشتی قاتو قڕیو سەرمای زۆرو گەرمای سووتێنەر، لەگەڵ کەسانی دیکەی هەمان جۆری خۆی بە شێوەیەکی کاتی هاوبەشی کرد، بەڵام لافاوو

بوومەلەرزەکان ناچاری کردن کە بە شێوەیەکی هەمیشەیی کۆببنەوەو زمانیان داهێناو دوژمنایەتی سەری هەڵدا، هەردوو ئەو کۆبوونەوەیە بە شێوەیەکی کاتیو هەمیشەیی نوێنەرایەتی مەدەنیەتی نەدەکرد، چونکە خاڵی بوو لە یاسا، بەڵام کاتێ مرۆڤ ئاسنی دۆزییەوە کە مەرجی کشتوکاڵو چاندن بوو، گواسترایەوە بۆ مەدەنییەت، بەڵام کشتوکاڵ پێویستی دەکرد کە زەوی دابەش کرێت، ئیدی جیاوازی زۆر دەبوو دوژمنایەتی کەڵەکەی دەکرد، خەڵك دابەشبوونە میانی هەژارو دەوڵەمەند، ئا بەمجۆرە مرۆڤی باش لە ئاکاردا دەبێتە مرۆڤی شەڕانگێز لە کاتی کۆبوونەوە یان لە ناو کۆمەڵدا.

بەڵام هیچ چارەیەك نییە دەبێ کۆببنەوەو هیچ گەڕانەوەیەکیش بۆ حاڵەتی سروشت نییەو ئەوەی دەمێنێتەوە چاکسازی خراپیەکانی کۆبوونەوەیە، ئەوەیان مەسەلەی کتێبی-گرێبەندی کۆمەڵایەتی-یە بەوەی کە مرۆڤ لە هەموو هەقەکانی خۆی خۆشبێ لە پێناوی کۆمەڵداو هەموو لە ژێر سایەی یاسادا یەکسان بنو یاساش ویستی هەمووان بێو بڕیاری فەڕی گشتی بدات، چونکە هەمیشە راستەوخۆ دەسەڵاتی کڵێسە رەت دەکاتەوە، بەڵام ئەوەش مانای رەتکردنەوەی ئایین نییە، چونکە ئایین پێویستە بەڵام تەنیا بۆ عەقیدەی زەرووری ژیانە، هەتا ئەو رادەیەی کە نەفی یا عەدەمی هەموو ئەوانە دەکات کە

باوەڕیان پێ نییە (نەك بەو پێیەی کە کافرە، بەڵکو بەو پێیەی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی چاك نییە) ئەو ئەقیدانەش ئەقیدەی یاسای سروشتین، بوونی خوا، عینایەتی خوداوەندی، پاداشتو سزا لە دوارۆژداو قەداسەتی گرێبەندی کۆمەڵایەتی، گرێبەندی کۆمەڵایەتیش پشت بە ویستی گشتی دەبەستێ، یاساش گوزارشتە لەو ویستە، بەهۆی خزانە ژێر باری یاسا مرۆڤ سوود لە کۆمەڵ وەردەگرێ بێ ئەوەی یەکسانی یا ئازادی ون ببێ لە ئارادا، پاشانیش نە سەید هەیەو نە کۆیلە، نە بەهێز هەیە و نە بێ هێز، بەڵکو هەموو هاوولاتی یەکسانن لە بەرامبەر یاسادا، بەڵام نەهاتنەدی ئەم کۆمەڵگە نموونەییە بۆ دابەشکردنی سەروەت دەگەڕێتەوە، پاشان رۆسۆ مەسەلەی پەروەردەی خستەڕوو کە دەبێ مرۆڤ بێ تا ببێتە هاوولاتییەکی لەبار- ئەمیل- دەسکردی مرۆڤ نییە، بەڵکو دەستکردی سروشتە، بەڵام مانای ئەوە نییە کە مرۆڤ ببێتە کێوی، بەڵکو مانای ئەوەیە کە بە هیچ دەسەڵاتێك پابەند ناکرێ تەنیا بەدەسەڵاتی ئەقڵ.

## دیدرۆ (١٧١٣-١٧٨٤)

بەڕای هاوچاخەکانی ئەو خاوەنی- ئەنسکلۆپیدیا-و کتێبی فەلسەفی وایە کە شێوازی نائایینی هەیە، بەڵام بەڕای خوێنەرانی سەدەی بیستەم فەیلەسووفێکی رەسەنە، دیدگای کەونی ئەو پشت بە زانست دەبەستێ، بیرۆکە خولوقیەکانیشی ماددیەتە، شانۆگەرییەکانیشی درامای تازەیان داوابوو، یەکەمین کارە فەلسەفییەکانی لە ساڵی (١٧٤٦)دا بەناوی- بۆهاتە فەلسەفییەکان- کە بیروڕای پێچەوانەی ئایینی تێدابوو، هەروەها میتافیزیکای تەقلیدی رەت دەکردەوەو پەیڕەوی ئەقلانییەتی زانستی دەکرد، بەم هۆیەوەش شەش مانگان زیندانی کراوە، لە هەمان ساڵدا بەڕێوەری گشتی یەکێ لە بیرۆکان داوای لێکرد کە (مەوسووعەی هونەرو زانستەکان) وەربگێڕێ کە لە (١٧٢٨)دا بەدیار کەوت، بڕیاریدا کە ئەویش مەوسووعەیەك وەکو ئەوە دابهێنێ، دالامپێر کە زانایەکی ماتماتیك بوو کردی بە هاوبەشی خۆیو یەکەم بەرگی لە (١٧٥١) دەرکرد کە پێشەکییەکەی بەقەڵەمی دالامپێر بوو لەبارەی ئەسڵی زانستو پۆلبەندی زانست بوو، لە یەکەمین بەرگدا هێرشێکی توندوتیژی وروژاندووە، لەلایەن ئایین پەروەرەکان ئیدی دالامپێر کەوتە حەسانەوە شەریکی خۆی بەجێهێشت، دیدرۆ هەڤدە بەرگی دیکەی بە تەنیا دەرکرد، بیرۆکەی تەوەرەیی ئەم ئەنسکلۆپیدیایە رەخنەگرتن بوو

لە بیری تەقلیدیو گەڕان بەدوای حەقیقەت بە شێوازێکی وا کە دژ بە عەقیدەی ئایینیو سیاسی باوی ئەوان سەردەم بوو، هەروەها دژی فێربەندکاری کلێساو دەوڵەت بوو، بانگەشەی لێبووردەیی دەکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە کلێسای کاتۆلیکی تووڕە بکات کە شانازی بەوە دەکرد داکۆکی لە دەسەڵاتی رەهای کلێسا بکات، هەتا ئەگەر کارەکە واشی خواست کە هێز بەکاربهێنێ، لەفزی (سروشت) گرنگترین تێرمێ بوو کە لە ئەنسکلۆپیدیاکەدا هەبوو، خاوەنی ئەنسکلۆپیدیا دەیانوت، کە یەکێتییەك هەیە لە سروشتو بەشەکانی لە پێوەندییەکی کارلێکدان، پاشان سەربەخۆیی تەواوی واقیعەی جوزئی دژ بە بیرۆکەی هەمەکییە، بەبێ بیرۆکەی هەمەکی هیچ فەلسەفەیەك لە ئارادا نییە، ئەوەش هەمووی دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەوداکانی مەعریفە لەناو یەکە، واتە دەبێ یەکێتییەك هەبێ بۆ مەعریفە، هەر بۆیەش پێشەکی دالامبیر سەبارەت بە ئەسڵی بیرۆکەو چوونە ناو یەکی لەپێناوی پەرەسەندنی مەعریفەی زانستیو فەلسەفی، لەم وتارەیەدا رۆحێکی گەشبینی تێدا بڵاوبۆوە، دالامبیر سەبارەت بە پەرەسەندنی مێژوویی لە چاخی سەرهەڵدانەوە باسی دیکارتو بیکۆنو نیوتنولوكو مۆنتیسیکۆو ڤۆلتێر دەکات، ئەو ماوەیە هەر هەمووی بەشداری کردووە لە سروشتی مرۆڤو کەون، هەر

بۆیەش سەدەی هەژدەیەم مافی ئەوەی هەیە کە پێی بڵێین (چاخی فەلسەفە) دالامپیر لەمەدا مەبەستی چاخی روناکبیرییە، بەراستیش رۆحی فەلسەفییەت لە نێو ئەنسکلۆپیدیاکان بڵاوببوەوە، کە رۆحێکی رەخنە گرانەو عەقلانی بوو لە باسکردنی مەسەلەکانی دنیای ئێستا نەك دنیای دیکە، ئەم رۆحەش بووە هۆی تووڕەبوونی دوژمنانی ئەنسکلۆپیدیاکان، چونکە پێیان وابوو هەڕەشەیە بۆ سەر عەقیدەی مەسیحییەت، چونکە ئەوەی سەرووی سروشت حەزف دەکات لە مەعریفەی عەلمانیدا، وا لەوانەی کە هاوسۆزن دەگەڵ مەسیحییەت دەکات کە راڤەیەکی ئەقلانی بکەن بۆ مەسیحییەتو بۆلای لێکۆڵینەوەی مۆراڵی دەچن نەك لێکۆڵینەوەکانی عەقیدەیی، ئەو ئاقارە مۆراڵییەش وای لە مولحیدەکان کرد، ئەوانەی وەکو دیدرۆو دولباك کە سەرنجیان بدەنە ئەنجامەکانی نامرۆیی بیروڕا تەقلیدییەکان، وەکو رەگەزپەرستیو پڕوپوچی ئەقڵی، لە پێناوی هەموو ئەو شتانە ئەنسکلۆپیدیاکان بایەخیان بە کێشەی مرۆڤدا.

لە وتارێکی (دیدرۆ)دا بەناونیشانی ئەنسکلۆپیدیادا هاتووە (پێویستە بەدوای پایەی مرۆڤدا بگەڕێین لەم کەونەدا، باسی هەموو ئەو مەسەلانە بکەین کە پەیوەستن بە ئارەزووەکانی مرۆڤو ئەرکەکانیو پێداویستیەکانو چێژەکانی، ئەو بایەخەش بە بەهای

مرۆیی وای کـرد هـەموو شـێوەکانی زوڵـمو زۆرداری ڕەت بکرێتـەوە، پاشانیش تەئکیدکردن سەبارەت بە ئازادی، دیـدرۆ لـە وتـارێکی بـە ناونیشـانی (دەسـەڵاتی سیاسـی) دەڵێـت (ئـازادی پێدانێکـە لـە ئاسمانەوەیە، مافی هەموو مرۆڤێکە کە تام لە خۆی وەرگرێ کاتێ کـە تام لە عەقڵی خۆی وەرگرێ بـە هـەمان ئـەو ئاقـارەوە-شـفالییە دی گوکور- کە یەکێ لە ئەنسۆکلۆپیدیاکانی دژی چەوسـاندنەوەی مـرۆڤ بـوو لـە پێنـاوی دەسـکەوتی ماددیـدا. لـە سـاڵی (١٧٦٩) دیـدرۆ کتێبێکی دانا بە ناوی (خەونی دالامپیر) کە دیالۆژێکـە لـە میـانی خۆیو دالامپیردا، بەڵام ئەم کتێبە تەنیا لە دوای مردنیدا بڵاوکرایەوە، کە ئەمەی خوارەوە بەشێکیەتی :

دالامپیر: بڕیار دەدەمو دانی پێدا دەنێم ئەو هەبووەی کە لە شـوێندا هەیە، لایەندار نییە لە شوێنداو خاڵی نییـە لـە بـەردەوامی، لەگـەڵ ئەوەشدا بۆشاییەك دەگرێ لە شوێندا، بەتـەواوی لـە هـەموو بەشـێك لەبەشەکانی ئەم شوێنەدا هەیەو جیایە لەگەڵ ماددە لەگەڵ ئەوەشـدا یەکی گرتووە لە گەڵیاندا، بزوێنـەری مادەیـەو بـێ ئـەوەی بجووڵـێ، کاریگەرە بەسـەر مـاددەوە بـێ ئـەوەی بجزێنـە ژێـر باریـەوە، نـاتوانم ئەندێشەی بکەم، ئەو هەبووە قەرزێکە قبووڵ کردنی سـەختە، لەگـەڵ ئەوەشدا هەندێ گرفت لە ئینکارکردنیدا سەر هەڵدەدا، چونکە ئەگەر

مەلەکەی هەست تایبەتییەکی گەوهەری مادە بێت ئـەوە دەبـێ بـەرد هەستیار بێ.

دیدرۆ: ئەی بۆ نا؟

دالامـپیر: باوەڕپێهێنان سەختە.

دیدرۆ:دیدرۆ: بەڵێ ئەوە سەختە سەبارەت بەو کەسەی کە بەردەکـە دەبڕێ لەگەڵ ئەوەشدا گوێی لە هاواری نابێت.

دالامـپیر: کەواتە هەواڵی جیاوازییـەکم بـدەرێ، بـەڕای تـۆ چـییە؟ جیاوازی نێوان مرۆڤو پەیکەر.. رووخامو گۆشت ؟

دیدرۆ: وەك ئوەی کە دەڵێی ئەوەی کە پێـی دەڵێـی هێـزی زینـدوو وەکو هێزی نازیندوو وایە.

دالامـپیرك زۆر گرانە بەدوای تۆدا بچم.

دیدرۆ: لێیگەڕێ با بۆت روون کەمـەوە، گواسـتنەوەی تـەنێك لـە شوێنێك بۆ شوێنێ کە بزاوتێکی لە زاتییدا نییە، بەڵام لـە ئـەنجامی جووڵەوەیە، جووڵەیەك جا لە تەنی جووڵاوە دابێ یا تەنی وەستاو.

دالامـپیر: ئەوەیان دیدێکی تازەیە بۆ شتەکان.

دیدرۆ: ئەو تەگەرەیە دووردانێ کە قەدەغەی گۆڕانی شوێنی تـەنی وەستاو دەکات، دەبینین دەجووڵێ، ئەگەر هەوای دەورووبەری قـەدی دار

بەڕوویەك خەلخەلە بكات سەیر دەكەی ئاوی ژێرەوەی دەكشێ‌و دارەكـە دەبینیت كە ورد دەبێت... چارەنووسی جەسنەی تۆش ئاوایە.

دالامپیر: لەوانەیە وابێ، بەڵام پێوەندی چییە لـە میـانی بـزاوت‌و مەلەكەی هەست؟ ئایا جیاوازی لە میانی بە هەسـتی كاریگـەرو بـە هەستی نا كاریگەر وەكو جیاوازی نێوان هێـزی زینـدوو و نازینـدووە؟ هێزی زیندوو لە رێگەی گواستنەوە خۆی كەشف دەكات، بـەڵام هێـزی نازینـدوو لـە رێگـەی جەختـەوە، بـە هەسـتی كاریگـەر سـلوكێكی دیاریكراوی هەیە لە ئاژەڵ‌و لە رووەكدا، بەڵام بەهەستی ناكاریگەر لە كاتی گواستنەوەیدا بۆ حاڵەتی كاریگەر خـۆی كەشـف دەكـات، ئایـا دەتەوێ ئەوە بڵێیت؟

دیدرۆ: تەواو وەك ئەوەی كە دەیڵێیت.

## دلامتری (١٧٠٩-١٧٥١)

دلامتری رێورەسمی پێـڕەوی خـۆی لـە كتێبـی (مێـژووی سروشـتی دەروون) بڵاوكـردەوە، لـە سـاڵی (١٧٤٥)داو لـە كتێبـی (مرۆڤـی ئامێرە) (١٧٤٨) راڤەی ئەم رێورەسمەی بە فراوانی باسكردووە، دەڵـێن كە ئەم كتێبەی دوایی بـوو بـە مانیڤیسـتۆی ماددیـە جەزرییـەكان، دلامتری وای دەبینێ كە پێڕەوە فەلسـەفییەكان لـە مەسـەلەی رۆحـی

مرۆڤدا بۆ دوو ڕێباز دەچن، ماددیو ڕۆحی، ئەو ماددیەتی دادەشکاند بەسەر ڕۆحیو لەمەدا پشتی بە ئەزموونو تێبینی دەبەست، ئەگەر ئاژەڵ هەست دەکاو دەرك دەکاو وەبیری دێتەوەو حوکم دەکاو شتی دەوێ بە پێی پێکهاتەی ماددیو بەس ئیدی پێویست بە چییە کە نەفسێکی ڕۆحی لە مرۆڤدا دابنێین کە ئەم کارانە دەکات، کارەکانی لەگەڵ کارەکانی ئاژەڵدا هیچ جیاوازی نییە، تەنیا بە پلە نەبێ، جا ئەگەر گریمان نەفس هەیە، ئەوە هیچ شتێکی دیکە نییە جگە لە دووبارەبوونەوەی جەستە، نەفس بەبێ خۆراکی چاك دەمرێ، نەفس بە ئازایەتی چەکدار دەبێ ئەگەر چەکدار کرا بە خۆراکی چاك، بە پێشکەوتنی جەستە پێش دەکەوێ، لەسەر ئەو بنەمایە ئەوە دلامتری مۆراڵو لێکۆڵینەوە لە بەختەوەری بەیەك دەگەیەنێ، کە بەمەبەستی بەختەوەری دنیاییە، نەك بەختەوەری قیامەت، ئەوەش وادەگەیەنێ کە وا تەماشای مرۆڤ نەکرێ وەك هەبوویەکی ئاقڵو بەس بەڵکو وەك هەبوویەکی کە ئاقڵیش بێ.

**هلفسیۆس** (١٧١٥-١٧٧١)

بانگەشەکارێکی دیکەی بانگەشەکارەکانی ماددیەت بوو، لەسەردەمی گەنجێتیدا کەوتبووە ژێر کاریگەریێتی-بلوك-ەوە، لێیان دەگێڕایەوە کە شۆڕشێکی لە بیرۆکانە کردبوو کە مرۆڤی نوێ تێیدا

لەدایك دەبوو حەقیقەتی بلاّودەكردەوە، پاشان كەوتە ژێر كاریگـەرێتی مۆنتیسیكۆو لەبارەیەوە دەیوت كە یاسادانانی لە لاهوت رزگـار كـرد كتێبەكەی كە بەناوی (لـەبارەی روح)ە (١٧٥٨) دەگـەڵ فەلسـەفەی لوك‌و مۆنتیسیكۆدا دەڕۆیشتن، بەڵام لەلایەنی مۆراڵەوە دژ بە رۆسـۆو هتشۆن بوو.

هلفسیۆس بە پێچەوانەی رۆسـۆ وای دەبینـی كـە مـرۆڤ هـەر لـە فیترەتەوە چاك نییە، چونكە سلوكی مرۆڤ پشت بە هەسـتی فیزیكـی دەبەستێ، لە بەشی نۆیەمی وتاری دووەمی كتێبـی (لـەبارەی رۆح)دا هاتووە كە هەوەس‌و هەوا هەمووی وەكـو تـەماح‌و خـۆ بەگـەورەزانی‌و دۆستایەتی‌و رەزیلی جگـە لـە چـەند نەغمەیـەك بـۆ حەساسـییەتی فیزیكی هیچی دیكە نییە، ئەوەش مانای ئەوەیـە كـە مـرۆڤ هـەوڵی چێژوەرگرتنی دەداو لە ئـازار رادەكـا، پاشـان هلفسـیۆس فیترییـەتی سایكۆلۆژی لادەدا، تەنیا بـە هەسـتی یاداشـتگەی تێـدا دەپـارێزێ، لەگەڵ تێبینی ئەوەی كە یاداشتگە تەنیا هەستێكی لاوازە، هلفسیۆس لێرەدا هەڵوێستێكی زیاتر رەگاژۆیی هەیە لە لـوك، لـوك ئـەزموونی ناوەوە دەخاتە سەر ئەزموونی هەستەنی، بەڵام هلفسیۆس هەر هـەموو زات بـۆ ژینگـەی دەورووبـەر دەگەڕێنێتـەوەو دەڵێـت (ئێمـە تـەنیا دەستكردی بابەتی دەورووبەری خۆمانین) بۆیـە بایـەخی پـەروەردە لای

ئەو هەموو زروفێکی دەورەدراو بەتاك دەگرێتەوە بە تایبەتی (شێوەی حوكم) لە پێشەکی وتارەکەیدا دەڵێت (هونەری دروستکردنی مرۆڤ پێوەندی توندی هەیە لەگەڵ شێوەی حوكم تا ئەو رادەیەی کە ناتوانین هیچ گۆڕانێ لە پەروەردەی گەلدا بکەین، بەبێ رووداني گۆڕان لە دەستووری ولاّتاندا، پەروەردەی باشیش کەفیلە بەوەی کە مرۆڤ رازی بکات کە فەڕی خۆی لە فەڕی ئەوانی دیکە دایە، وایە یەکێتیەك لە میانی فەڕی فەردیو فەڕی کۆمەڵ هەیە.

**دولباك** (١٧٢٣)

کیمیاگەرێکی فەرەنسی بوو، فەیلەسووفێکی بە ئەسڵ ئەڵمانی بوو، لە پاریس ژیاو هێرشی کردە سەر مەسیحییەکان لە دوو کتێبدا (پێڕەوی سروشتی) (١٧٧٠)و (هەستی هاوبەش) (١٧٧٢) ئەو وای دەبینێ کە جگە لە ماددیەکی جوولێنەر هیچی دیکە لە کەوندا نییە، هەموو شتێکیش بە ماددەو بزاوتو جووڵە راڤە دەکرێت، ئەم دووانە ئەزەلیو ئەبەدینو دەخرێنە ژێر باری یاسای زەرووری کە ئەویش خەسڵەتەکانی خۆیانە، جیهان بە رێکەوت نییەو بە خوداوەندێك هەڵناسووڕێو غائیەت نییە لە سروشتدا، چاو بۆ دیتن دروست نەکراوەو قاچیش بۆ رۆیشتن، بەڵکو رۆیشتنو دیتن ئەنجامی کۆبوونەوەی ماددەیە، بیر وەزیفەی دەماغە، هەستی ئایینی

تێکەڵاوێکە لە ترسی خورافیو ئارەزوو بۆ گۆڕانی زرووفێکی بە ئازار، هەر ئەم هۆیەیە کە مرۆڤی پاڵ پێوە نا کە باوەڕ بە پەرجوو بکات.

هەروەها باوەڕ بە خودایەك بهێنی کە برستی هەیە لە گۆڕینی سیستەم بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ، بە کورتی دولباك دژی ئایین بوو و پێی وابوو کە ئایین تەگەرەی بەردەم پێشکەوتنی زانستییەو پیاوانی ئایینی ئەقڵی منداڵان بە بیرۆکەی خورافی ژەهراوی دەکەن، هەروەها بیرۆکە بە ئەفسانەیەك ژەهراوی دەکەن، کە کاری ئەقڵ دەوەستێنێو ڕێ لە گەڕانو سووڕان دەگرێ بە دوای حەقیقەتدا، لە کۆتاییدا دولباك تەنیا ڕەشو سپی دەبینێ یا ناسینی زانست یا جەهلی ئایین.

## کوندورسیه (١٧٤٣-١٧٩٤)

لە ئەکادیمیای زانست بوو لە ساڵی (١٧٦٩)داو ئاشنایەتی دەگەڵ دالامپیردا کرد، لە ساڵی (١٧٧٦)دا بوو بە سکرتێری هەمیشەییو قسە بێژی ڕەسمی بەناوی دەزگا زانستییەکانی فەڕەنسا، بەهۆی دالامپیرەوە ئاوڕی لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی فەیلەسووف دایەوەو بوو بە یەکێ لە فەیلەسووفەکانی چاخی ڕۆشنگەریی، کتێبەکەی کە بەناوی (وێنەیەکی مێژوویی ئەقڵی مرۆڤایەتی) گوزارشت بوو لە ڕۆحی ڕۆشنگەریو لە سێ وشەدا کورتی کردەوە، ئەقڵ، تەساموح،

مرۆڤایەتی، لەم کتێبەدا کوندورسیە پێشکەوتنی مێژوویی مرۆڤایەتی دابەش دەکاتە سەر نۆ قۆناغ، کە قۆناغی دەیەمیشی بۆ زێدە دەکات تێیدا ئەندێشەی هیواکانی ئایندەی دەکات، کوندرسیە دەڵێ مرۆڤ هەر لەدایك بوونییەوە دەسەڵاتی رازیکردنی ئیحساساتی هەیە، دەرکی پێدەکاو لە نێوانیاندا جیاوازی دەکات، دایاندەنیو بەراوردی نێوان جیاوازییان دەکات، کەشفی دابەشی هاوبەشی دەکاتو پاشان دەیانکاتە رەمزو ناسینیان ئاسان دەبێتو دانراوی تازە پێك دێت، چێژو ئازار لە ئیحساس لە دایك دەبێت وەك چۆن پێوەندی نێوان مرۆڤو مرۆڤی برای لە دایك دەبێ، کە پشت بە فەرو ئەرك دەبەستێ، ئا بەمجۆرە ئەقڵی مرۆڤ پەرەدەسێنێ، لە تاکەکانو لە کۆمەڵدا، پەرەسەندنەکەشی بێ سنوورە، بەڵام پەرەسەندنی بێ تەگەرە نییە، رژێمی فیودالی گرنگترین تەگەرەیە، بەڵام درێژە ناکێشێ ئەگەر ئەوروپا دژی بوەستێو شۆڕش بکات لە پێشەوەی هەموو ئەو شۆڕشگێڕانە سێ فەیلەسووف هەبوون بیکۆن- گالیلۆ- دیکارت، بیکۆن لە (١٥٦١-١٦٢٦)دا لۆژیکێکی تازەی دانا، بەشە ئیجابییەکەی بریتی بوو لە میتۆدی بڕیارگیری کە پشتی بە تێبینی ئەزموونگەری بەست تا بتوانێ حوکمی سروشت بکات، چونکە مەعریفەت هێزە، بەڵام لایەنە سلبیەکەی پشتی بە ئازادبوون لە هەر

چوار بتەکە بەستا، بتی تیرەگەریی، بتی ئەشکەوت، بتی بازاڕ، بتی شانۆ.

بتی تیرەگەریی: لە ئەندێشەی ئێمەوە سەری هەڵدا بەوەی کە سروشت زاڵە بەسەر کاری مرۆیی.

بتی ئەشکەوت: بەوە هاتە دی کە ئێمە بە دیدێکی تاکانەوە سەیری دونیا دەکەین.

بتی بازاڕ: بەوە هاتەدی کە وشە کۆنترۆڵی ئەندێشەمان دەکات سەبارەت بە شتەکان.

بتی شانۆ: بەوە دەروەست بوو کە پێمان وایە تیۆرەکانی کە بە میرات ماوەتەوە پایەو هێزی هەیە.

بەڵام گالیلۆ (١٥٦٤-١٦٤٢) زانستی دەوڵەمەند کرد بەوەی کە میتۆدێکی زانستیو نیۆرێکی ئالی پێشکەشکرد، روونی کردەوە کە میتۆدی زانستی بڕیارگیرییەکی کەموکوڕیدارە، بەڵام تیۆرە ئالییەکەی پشت بەوە دەبەستێ کە جیهان ماددەو جووڵەیەو پاشان گۆڕانی چلۆنایەتی بریتیە لە گۆڕانی چەندییێتی، زانستی سروشتی دەبێتە زانستی ماتماتیکی.

دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠) رایگەیاند کە میتۆدی زانستی پیادە دەکات نەك بە تەنیا لە مەودای زانستی سروشتیو ماتماتیکی، بەڵکو

له مەودای فەلسەفیش، مەبەستی لە میتۆدی زانستی میتۆدی ماتماتیکی بوو کە دیکارت لە چوار ڕێسادا گیری کرد، یەکەم (شتێ بە ساغ نەزانم تەنیا لەو کاتەی دەزانم هەقە) گریمان ئەم ڕێسایە ڕێسایەکی شۆڕشگێڕە، چونکە مانای دارماندنی هەموو دەسەلاتێکە، واتە هیچ سولتانێ بەسەر ئەقلەوە نییە تەنیا ئەقلێ خۆی. لە لای دیکارتدا هەشتەم قۆناغی پەرەسەندنی ئەقلی مرۆیی لای کوندورسیە کۆتایی دێت، بەلام قۆناغی نۆیەم لە هەموو قۆناغەکان گرنگتر بوو، چونکە ئەقلچ نێیدا کۆنترشۆلی ئەوروپای کرد، لە سەدەی حەڤدەیەمو هەژدەیەمدا، دوای ئەوەی رزگاریان بوو لە خورافەتو زولمو زۆرداری. هەروەها ئەوروپا شەلالی یەقین بوو لەوەی کە جارێکی دی ناگەڕێتەوە سەر ئەو هەلانەی کە لە قۆناغی منداڵێتیدا ئەنجامیدا، هەموو فەیلەسووفەکان لە ولاتە جیاجیاکاندا یەکیان گرت دژی زولمو داکۆکیان کرد لە زولملێکراوانو جەماوەریش لایەنگریان بوون، ئیدی هەلگیرسانی شۆڕش بوو بەکارێکی حەتمی بەیەك لەم دوو هۆیە، یا بە جەماوەر یا خود بە حکومەت شۆڕش لەحالەتی یەکەم خێراترە، بەلام توندوتیژترە، لە حالەتی دووەم لەسەرخۆ ترەو کەمتر توندوتیژی دەگەلێ دایە، بەلام فەسادی حکومەتەکان مەودای بۆ شۆڕش خۆشکرد کە لەلایەن جەماوەرەوە بێتەدیو زۆر بە خێرایی وروژمی بۆ ئەقلو

ئازادی هێنا لەفەرەنساو ئەمریکادا، جا لەبەر گرنگی قۆناغی نۆیەم ئەوا بەشێکی نووسینی کوندورسیە دەهێنینەوە: (ئێمە بە دوای ئەقڵ داچووینو بینیمان کە چۆن لەسەرەخۆ سەرهەڵدەدا بەهۆی پەرەسەندنی سروشتی شارستانێتی، چاوەدێری خورافەتمان کرد، کە حوکمی ئەقڵ دەکاتو فەسادی دەکات، هەروەها زوڵمو زۆرداری چۆن ئەقڵ بێ هێز دەکاتو بە هۆی کلۆڵیوترس دەیمرێنێ نەتەنیا یەك نەتەوە لە زوڵمو زۆرداریو خورافەت بەرکەنار بوو هەر لەو نەتەوەیە گڕی ئاگری بلیمەت هەڵساو ئەقڵی لە کۆتی منداڵێتی رزگار کردو بە هەنگاوی چەسپاو بەرەو حەقیقەت چوو.

بەڵام ئەو سەرکەوتنە وایکرد زوڵمو زۆرداری وێڕای خورافەت بگەڕێتەوەو مرۆڤایەتی کەوتە نێو شەوێکی تاریك وەك بڵێی هەرگیز لەبەین ناچێ، بەڵام هەر زوو رۆژهاتو چاوو رووناهی سپێدەی بینی دوای ئامادەنەبوونێکی دوورودرێژ لە تاریکاییدا، بەڵام نەیتوانی بەردەوام بێ لە بینینی، بەڵام لەگەڵ رۆیشتنی کات لەو رووناهییە راهاتو بە بی پاشەکشێ چاوی تێبڕیو بلیمەتی (عەبقەرییەت) توانی جارێکی دیکەش بگەڕێتەوە زەوی دوای ئەوەی کە بەربەرییەتو خود پەسنی راوی نایەوە...

ئەقڵمان بینی کە کۆتی خۆی فڕێداو هێزی خۆی دەگەڕێنێتەوە، خۆی ئامادە دەکات بۆ ساتی رزگاربوون، دەبێ لە قۆناغی ئەوە بکۆڵینەوە کە ئەقڵ بەتەواوی رزگار دەبێت لە کۆتو پێوەند، ئەگەر شتێ لەو کۆتو پێوەندە بە ئەقڵەوە مایەوە دەبێ وردە وردە خۆی لێرزگاربکات.

## ئایدیۆلۆژییەکان

کوندورسیە لە ریزی کۆمەڵە فەیلەسووفێك دابوو کە ناویان لە خۆیان نابوو(ئایدیۆلۆژییەکان) لەوانە دستودی تراسی (١٧٥٤-١٨٣٦) کابانیسی (١٧٥٧-١٨٠٨)، دەڵێن ئەو ئایدیۆلۆژییانە ئەنجامی حەتمی کوندیاك بوون (١٧١٥-١٧٨٠) کە لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەسڵی مەعریفەت کردو گەڕاندییەوە سەر هەستی رواڵەتی، کە بەسە بۆ ئەوەی هەموو هێزێکی دەروونی بزانێ، بەلام دی تراس کۆك نەبوو لەگەڵ کۆندیاك لەبەر یەك دەرکێشانی هێزی دەروونیو باوەڕی بە هێزی بەرایی هەبووو ئیحساسی لە پێش حوکم دادەنا، دی تراس دەڵێت: ئیحساسات دەکری بەراورد بکریو لە بەراوردکردنیش رێژەیەکی دەرکپێکەرە، واتە حوکم... کەواتە ئیحساسو حوکم هێزی

بەرایین، کونڈیاك دەڵێت دەست لێدانێکی کاریگەر کەفیلە بەوەی کە شتێ لە دەرەوەی زاتی خۆمان بەدەر بخەین، بەلای دی تراس وای دەبینێ کە ئەو زاڤەیە بەس نییەو دەبی هێزی جووڵە هەبێ، چونکە ئەو بەرگرییەی کاری ئیرادەی خۆمان کە هەستی پێدەکەین، فێرمان دەکات ئەوەی کە بەرگری ئیرادەی ئێمە دەکات جیاوازە لەگەڵیدا، دی تراس هەر بەدڵسۆزی مایەوە بۆ پرانسیپی فەلسەفەی سەدەی هەژدەیەم سەرەڕای ئەوەی کە یەکێ بوو لە قوربانییەکانی شۆڕشی فەڕەنسی، بانگەشەی بۆ ئازادی لێکۆڵینەوەی فەلسەفیو ئازادی لێکۆڵینەوەی مۆڕاڵی دەکرد، ئەخلاق دەستکردی خۆمانەو بەرهەمی خیبرەی ئێمەیەو پشت بە مەعریفەی سروشتی مرۆیی دەبەستێ کە ئەوەش بەدەوری خۆی پاڵی بەحاڵەتی فیزیکییەت داوە، بۆیە ئایدیۆلۆژیا بەشێکە لە زانستی ئاژەڵی یا فیزیکی ئاژەڵی، هەر بۆیەش کتێبی خۆی (لۆژیك –١٨٠٥) پێشکەش بە کابانیس –ی هاوڕێی کرد کە خاوەنی کتێبی (پێوەندی نێوان سروشتیو مەعنەوی لە مرۆڤدا)یە.

کابانیس کۆك بوو دەگەڵ (دی تراس) لەوەی کە عیللەتی یەکەم لەسەرووی لێکۆڵینەوەمانەو لەلایەن ئەقڵەوە بەکار هێنراوە، پاشان میتۆدی مادی هێنا بەرهەمو هەموو کارێك لەکارەکانی مرۆڤی بۆ

ئەندامێکی گەڕاندەوەو وتی: (دەماغ فیکر فەرز دەکا وەك چۆن جەرگ زەرداو هەڵدەڕێژێ، هەروەها جۆراو جۆربوونی ئەرکەکانی هەنجەتێك نییە بۆ جۆراوجۆربوونی پرانسیپ.

## کانت (١٧٢٤-١٨٠٤)

کانت یەکێکە لە فەیلەسووفە مەزنەکانی ئەڵمانیاو ترۆپکی چاخی روناکبیری بوو بەبێ ئەوەی کەس خۆی لێبدات، نووسینەکانی نیوتنی خوێندەوەو کەوتە ژێر کاریگەرێتی ئەوەوەو بوو بەرەگەزێکی گرنگ لە رەگەزەکانی بیری نیوتن، لە (١٧٥٥)دا کتێبێکی بەناوی (مێژووی گشتی سروشتو تیۆری ئاسمان) بڵاوکردەوەو ناوی خۆی نەنووسی، یاساکانی نیوتنی تێدا بەسەر سیستەمی ئێستای جیهاندا پیادە کرد، هەروەها تیۆرێکی ئالی لەکاتی خستنە رووی راڤەی پێکهاتنی دنیا خستەڕوو، لە ساڵی (١٧٥٨)دا نامەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا لایەنگیری خۆی بۆ (لیبنیتز) وەدەرخست سەبارەت بە گۆتەکەی کە دەڵێ خودا بۆ کەمالی خۆی بەزەرووەرەت خێرترین جیهانی کە دەکرێ دروست کردووە، پاشان هیومو رۆسۆی خوێندەوەو بیری گۆڕا، سەبارەت بە هیوم وتی کە ئەوی لە سوباتێکی دۆگماتیکی بێدارکردەوە.

کانت دەیوت زانست بەسەر زەرووڕەتەوە هەستاوە، سەرهەڵدانی زانست کارێکی واقیعییە دەبێ پرانسیپی عیللیەت پرانسیپی بەرایی بێ لە ئەقڵدا، پاشان دەبێ پرانسیپەکانی دیکەی لوول خواردوو لە ئەقڵدا فەحس بکرێو ئەرکیان دەست نیشان بکرێ لە مەعریفەی زانستیدا، ئەوەیان فەلسەفەی ڕەخنەیی ئەو بوو کە لە سێ کتێبدا دەریخستووە.

ڕەخنە لە ئەقڵی پالاوتە (پەتی) (١٧٨١)

ڕەخنەی ئەقڵی زانستی (١٧٨٨)

ڕەخنە لە حوکم (١٧٩٠)

پاشان بە تیۆری لە مەعریفە، پاشان لە ئەخلاق کۆتایی پێدێ، تیۆری مەعریفە لەبارەی ئەوەیە کە ئەقڵ بڕستی دەرککردنی نییەو شتەکان وەك حەقیقەتو ناویان چۆنن هەر ئاوان (شتەکانی لە زاتی خۆیانن) ئەوەش ڕەنگە شتەکان لە زاتی خۆیان بۆ ڕواڵەت ببات، هەر بۆیەش کانت دەیوت (شتەکان بە دەوری ئەقڵدا دەسووڕێنەوە تا ببنە جێگەی دەرك پێکردنو زانست، ئەقڵ بەدەوری شتەکاندا ناسووڕێتەوە وەك چۆن پێشترێ وایان باوەڕ بوو، ئەمەش بوو ئەو شۆڕشەی کە کانت لە جیهانی فەلسەفەدا خولقاندی، کە بە شۆڕشی کۆپەرنیکۆس- یان چواند لە زانستی فەلەکدا، بەوەش کۆتایی پێهێنا کە زانست بەبێ

بوونی خوداو نەفسو جیهان مەحاڵە، بەڵام مۆڕاڵ بەدەوری ئەرکدا دادەسووڕێتەوە کە پێی دەوت (ئەمری رەها) کە کانت بەمجۆرە پێناسەی دەکات (بە پێی حوکم کارێکەو بەس کە لە هەمان کات دەتوانێ یاسایەکی هەمەکیت بوێ) ئەم پرانسیپە خولوقییە دروشمی چاخی روناکبیری بوو، کانت هەوڵیدا گوزارشت لە رۆحی ئەم چاخە بکات، لەساڵی (١٧٨٤)دا وتارێکی بەناونیشانی (وەڵامێك بۆ پرسیاری- روناکبیریی چییە؟) بڵاوکردەوە، لەبەر بایەخی مێژوویی ئەم پرسیارە هەندێکی دەخەینە روو:

روناکسازی کۆچی مرۆڤە بەرەو نارۆشد کە ئەوەش عیللەتی ئەو کۆچەیە، نارۆشدیش بریتییە لەناتوانایی مرۆڤ لە سوود وەرگرتن لە ئەقڵی خۆی بەبێ یارمەتی ئەوانی دیکە، هەروەها نارۆشد هۆیەکەی مرۆڤ خۆیەتی، ئەگەر هۆیەکەی کەموکوڕی ئەقڵ نەبێ، ئەوا کەموکوڕی زاتە لە بەکارهێنانی ئەقڵ بەبێ یارمەتی ئەوانی دیکە، بۆیە پڕ زات بە لەبەکارهێنانی ئەقڵی خۆت.. ئەوەبوو دروشمی روناکسازی.

تەمبەڵیو ترسنۆکی دوو هۆنە لە مانەوەی مرۆڤ لە حاڵەتی ناپێگەیشتنیدا، بە درێژایی ژیانیان، هەرچەندە سروشت ئەوانی

رزگارکردووە لەوەی پشت بەوانی دیکە ببەستن، بەڵکو دوو هۆن بۆ ئاسانکردنی کار لەبەر دەم ئەوانی دیکە.

تا لە کۆتاییدا دەڵێت: ڕووناکسازی پێویستی بە هیچ نییە جگە لە ئازادی، باشترین ئازادییەکانیش خاڵین لە زبان، هەر ئەوەشە ڕێ دەدا، کە ئەقڵ بەگشتی بەکاربهێنین بۆ هەموو کێشەکان، ئازادی بەکارهێنانی ئەقڵ ئەو ئازادییەیە کە مرۆڤ ڕووناک دەکاتەوە، بەڵام بەکارهێنانی تایبەتی ئەقڵ کۆتی هەیە، بەڵام ڕێگری پەرەسەندنی ڕووناکسازی نییە.

## سەلەفییەکان

ئەوانە ئەو فەیلەسووفانە بوون کە ئۆپۆزسیۆنی چاخی ڕووناکسازی بوون، خەسڵەتی هاوبەشی نێوانیان ئەوەبوو کە بەرەهایی سوڵتانی ئەقڵیان ڕەتدەکردەوە، حەقیقەت لای ئەوان لە سەلەفییەت دابوو، بەتایبەتی سەلەفییەتی ئایینی کە حەقیقەتی ڕەهای پێیەو گفتوگۆی قایل نییە، لەگەڵ ئەوەش سەلەفییەکان هەوڵیان دەدا لەحیجەتە ڕووناکبیرییەکان بدەن بەحوجەتی فەلسەفی چەواشەیی بۆ بەیانکردنی هەڵەی مرۆیی، لە پێشەوەی هەموویان- لویس دی بوتالد (١٧٥٤-١٨٤٠)و جۆزێف دی مستر (١٧٥٣-١٨٢١) بوون. دی بونالد ڕەخنەی

له فه‌لسه‌فه‌ی رووناکسازی ده‌گرت هه‌روه‌ها ره‌خنه‌ی له شۆڕشی فه‌ره‌نسی ده‌گرت که له‌و فه‌لسه‌فه‌یه (فه‌لسه‌فه‌ی ئه‌قڵ) له‌دایك بووه.

له کتێبی که له ساڵی (١٧٩٦)دا به‌ناوی (تیئۆری ده‌سه‌ڵاتی سیاسی ئایینی- بڵاوی کرده‌وه، هێرشی کرده سه‌ر شۆڕشی فه‌ره‌نسی پاشان بیروڕای خۆی له زۆر کتێبان بڵاوکرده‌وه له هه‌موویان گرنگتر (شیکردنه‌وه‌ی یاسای سروشتی سیسته‌می کۆمه‌ڵایه‌تی)و (یه‌که‌م شه‌رعییه‌ت)و (فه‌حسی فه‌لسه‌فی له‌باره‌ی یه‌که‌م بابه‌تی مه‌عریفه‌ی ئه‌خلاقی) بوو.

فه‌یله‌سووفه‌کانی رووناکبیری ده‌یانگوت که سروشت (ئه‌صڵه)، به‌ڵام (بونالد) ره‌تی ده‌کرده‌وه ده‌یوت خواییه، پاشان سروشتییه، ئه‌وان ده‌یانگوت زمان ده‌ستکردی مرۆڤه‌و بونالد ده‌یووت نه‌خێر ده‌سکردی خوایه، به‌ڵام (دی مستر) کتێبی (پاپا)و (گه‌ڕانه‌وه‌یه‌ك بۆ سه‌ر فه‌لسه‌فه‌ی بیکۆن)ی هه‌بوو پێی وابوو که سه‌ده‌ی هه‌ژده‌یه‌م به فه‌لسه‌فه‌که‌یه‌وه ده‌سکردی شه‌یتان بووه، هه‌ر چۆنێك بێ‌و چۆن هێرش کرابێته سه‌ر چاخی رووناکبیری له لایه‌ن سه‌له‌فییه‌کانه‌وه، ئه‌وا هه‌ر به ره‌مزی پێشکه‌وتن ده‌ژمێردرێ‌و رێ خۆشکه‌ر بووه بۆ شۆڕشی زانستی‌و ته‌کنه‌لۆژی که خه‌سڵه‌تی سه‌ده‌ی بیسته‌م بوو.

*** دەقی ئـەم بابەتـە لـە (المنـار)ی ژمـارە (٥٥)ی ١٩٨٩ کـراوە بەکوردی لەگەڵ لادانی هەندێ لـەو پەڕەگرافانـەی کـە بـە پێویسـتم نەزانیوە وەریان بگێڕم.**

## دوا دوودڵی مەسیح
## دوا وەسوەسەی مەسیح

ئەمەیان ناوی یەکێك لە ڕۆمانە بەهێزەکانی نیکۆس کانزانتزاکیە لە راستیدا من گەلێ لە ڕۆمانەکانی هەمان ئەو نووسەرەم خوێندۆتەوە، بۆ نموونە زۆربا، ئازادی یا مەرگ، مەسیحی دووبارە لە خاچدراو، وێلی دوای هەق ...هتد. قەتم لەبیر ناچێتەوە، دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی زۆربا، تووشی چ دونیایەکی زۆر باواری بووم، چەند بێ منەت بووم لە ناهەمواریو ناڕێکی زیندەگی ، وەلێ دوای خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە واتە (وەسوەسەی مەسیح) دونیایەکی دیکەم بۆ ئاوەلا بوو. ئەویش دونیای خوبەخت کردنو گەڕانەوە. سەر خوودی ئەسڵو رووت بوونەوە تا سەر ئێسقان.

تەواوی ڕۆمانەکانی کازانزاکی وێڵ بوونە پشکنینە بە دوای ئازادی بە هەموو مانا پیرۆزەکانیەوە، کازانزاکی لەم ڕۆمانەدا (زیندەگی نامەی مەسیح دەنووسێتەوە) نموونەیەکی دیکە لە مرۆڤی ئازاد وەدەردەخاتو دەنووسێتەوە، بە مەبەستی باوەڕهێنانو مانەوە بە ریالیسم، نووسەر تەواوی ناوەکانی ئەم ڕۆمانەی لە کتێبی موقەدەسدا وەردەگرێ. هەتا ژمارەی بەشەکانی ڕۆمانەکەشی کردۆتە (٣٣) بەش

دروست به قەد تەمەنی مەسیح، به هەر حاڵ وەك چۆن خۆی دەڵێ ئەم رۆمانه راڤه کردنی گوزەرانی خەڵك نییه بەڵکو دان پیانانه به هەموو مرۆڤێکی موباریز.

به م جۆره رۆمانی ناوبراو دەربڕی بابەتێکی گشتییه، له قالبی مرۆڤێکی تایبەتدا، دەیەوێت بۆ خوێنەری روون بکاتەوه که ئەمە ئەسڵی بابەتەکان رەهایی شتەکانه، لەسەر رووی هەموو بابەتەکانەوەیه.

وای دەنوێنێ که (مەسیح) له پایەی رابەری نەتەوەی خۆیدا به سێ هەنگاو تێدەپەڕێ: عیرفان، عەشق، ئاگر.

عیسای پاڵەوانی کازانزاکی بۆ داوەت کردنی عیرفانو برایەتیو یەکسانی که ئەنجامەکەشی رزگار کردنی مرۆڤه لەژێر نیروکۆتی دیلیەتیدا. له سەرەتادا دەست دەکا به ئازاد کردنی خودی خۆی، ماڵو خانەوادەی خۆی جێ دەهێڵێ چاوی له شادی بچووكو گەوره دادەخاتو زاڵ دەبێ بەسەر وەسوەسه به تایبەتی وەسوەسەی جەسته دوای ئەمه به قبوڵکردنی مەرگو گۆڕینی زەڕڕه زەڕڕه گۆشتی لەشی بۆ خوێنی گیانیو بۆ سەر خاچ هەڵدەکشێ.

خوێنەری بەڕێز

بۆ نزیك کەوتنەوە لە دونیای ئەم رۆمانە لە رێی ئەم نووسینەدا بــە پێویستم زانی کە پێشەکی رۆمانەکە کە بە قەڵەمی خــودی نووســەر کازانزاکی خۆیەتی بکــەم بــە کــوردی ، بــە ئومێــدی لێوردبوونــەوەو پەیبردن بە شاکاری ئەو نووسەرە.

## پێشەکی رۆمانی دوا وەسوەسەی مەسیح

جووتەکی بوونی مەسیح تاسوقی سووتانی مـرۆڤ، وا مرۆڤایـەتی‌و بالاًتریش بۆ گەیشتن بـە خـوا یـا وردتـر بـۆ گەڕانـەوە بـەرەو خـوداو یەکگرتنی خۆی دەگەڵ ئەودا، بۆ من سیمبولێزمێگی یەکجار قووڵەو وەدەست هێنـانی ئەسـتەمە، غوربەتـە خـەمێکی رەمزئاسـای وا لـە هەمان کات ریالیستی بۆتە سۆنگەی ئەوەی کە لە بوونمدا زام‌و برین‌و کولاًن‌و جۆشی سەرچاوەی گەورە گەورە سەریان قیـت بکەنـەوەو بێنـە کایەوە.

شلەژانی ئەسڵی من‌و سەرچاوەی شەوق‌و بێبەشی من لـە دەورانـی جەوانی بەولاوە کارزاری هەمیشەو بێ ئامانی نێوان گیـان‌و جەسـتەی من بووە، هێزی هەرماسی ئەزەلی مرۆڤایـەتی‌و بـەر لـە مرۆڤایـەتی، هەرواش هێزی تیشکناکی خودا دەرونیان داگرتووم، رۆحیشـم وادگـای ئەم دوو لەشکرە بووە.

ئەو جۆرە شلەژانە گیانکێش‌و شـەکەت بـاربووە، جەسـتەی خـۆمم خۆشدەویست‌و نەمدەویست لەبێن بچێ، رۆحی خۆشم خـۆش دەویسـت قبوڵی فەنا بوونیم نەدەکرد، لە رێی ئاشـتی پـەرش کردنـی ئـەم دوو هێزە سەرەتاو رووبەڕووی یەکە، وای چ هـەوڵێکم داوە تـا لەوانـە ئـەو

پێناسو ناسیاوییە بخولّقێنم کە ئەوانە نەك هـەر دوژمنـی یـەك نـین بەڵکو هاوڕێی یەکدیشن بۆ ئەوەی لە هاوسازیو پێکـەوە هەڵکردنـدا دڵخۆش بنو منیش بەشداری شادمانی ئەوان بم.

بەشێك لـە سروشـتی خـودایی ئەگـەر لـە جەسـتەو ڕۆحـی هـەر کەسێکدا بێت هەم لەم ڕووەوە یەکە ڕازو پەنهانی مەسـیح تـەنها لـە گۆتەی ئایینیدا ناگونجێو جێی نابێتەوە، ئەو ڕازەش جیهانییە.

گێرمەو کێشەی نێوان خوداو مرۆڤە وێڕای شەیدایی بۆ بە یەکـەوە هەڵکردن لە دەروونی هەموو کەسێکدا ڕوو دەدات، ئەم جۆرە گێرمـەو کێشانە فرە دەمان نائاگاهانەیەو ئەوەندە ناخایەنێ بەرگـەی جەسـتەی لە حەوسەڵەی ڕۆحی لەڕوو لاوازدا جێی نابێتەوە. ڕۆح سـەنگین دەبـێو خۆی دەبێتە جەستەو هـەماوەردی کۆتـایی دێ, بـەلاّم لـەنێو مرۆڤـە بەرپرسیارەکاندا ئەوانەی ڕۆژو شەو چاوەکانی خۆیان بڕیوەتە (وەزیفەی بالاّ) کێشەی نێوان جەستەو ڕۆح بە شێوەیەکی بـێ ئامـان ڕوودەدات، کە ڕەنگە تا دەمی مەرگ درێژە بکێشـێ کـە تـەنو گیـان بـە هـەر ئەندازەیەکی بەهێزتر بێ کە کەشمەکەشی نێوانیشان بە هـەمان ڕێـژە بـە بەرهـەمو بـەهرەتر دەبـێ، پێکـەوە هـەڵکردنی ئارمانێشـیان دەوڵەمەندتر دەبێ.

خوا گیانی زەبوونو تەنهاو سستی خۆش ناوێت، هەمیشە بەدوای ئەوەیە کە دەگەڵ جەستەیەکی بە بڕستو داکۆکی ئامێز یەکانگیر دەبێتەوە، ڕۆح باڵدارێکی برسی گۆشت خۆرە، لە جەستە دەخواتو شی دەکاتەوەو لە بێنی دەبات، گێرمەو کێشەی نێوان جەستەو گیان عاسێ بوونو داکۆکی کردنە.

بەیەکەوە هەڵکردنو تەسلیم بوونە دواتریش یەکبوونە دەگەڵ خودا، ئەوەشیان ئارمانی بەرزی ئەم گێرمەو کێشەیەیە، میعراجێ بوو کە مەسیح بەدەستی هێنا، لەگەڵ گرتنەبەری ئەم ڕێگە خوێناویە ئێمەش بۆ ئەمە بانگ دەکات کە دەست بەو میعراجە بکەین، داوەت کردن بەرەو ئەو لوتکە بەرزەیەی کە مەسیح نۆبەرەی ڕزگاری لێ وەست هێنا، ئەرکی پیرۆزی مرۆڤی بەربەرەکانێ ئامێزە، بەڵام چۆن چۆنی دەستی پێبکەین.

ئەگەر توانای هەنگاو هەڵێنانی هەمان ئەو ڕێیەی ئەومان وەدەست دەکەوێ، دەبێ پێناسەیەکی قووڵی جەنگو جیداڵی ئەومان هەبێ شپرزەییو شلەژاوی ئەو مرۆڤە تازە کەینەوە کە ئەویش بریتییە لە سەرکەوتنی ئەو بەسەر فڕوفێڵو داوو تەلەکەبازی بەر فرەی سەر زەوی، بە قوربان کردنی بەختەوەریە بچووکو گەورکانی مرۆڤو گەڕانو پشکنینی ئەو لە خۆبەخت کردنێکەوە بۆ خۆبەخت کردنێکی

دیکەو لە جەنگێکەوە بۆ جەنگێکی دیکە تا گەیشتن بە میعراجی شەهادەت، واتە (خاچ).

هیچ کاتێك ئەز ئەوەندە کێوییانە پەیگیری سەفەری خوێنینی مەسیح نەبوویمە، بۆ کەلکەتا وەك چۆن لە کاتی نووسینی دوادوڵی مەسیحدا پەیگیری بووم، قەت زیندەگیو نەگبەتیەکانی ئەم مرۆڤەم ئەوەندە بە توندیو تێگەیشتنو عەشقەوە نەدیوە، تەنها لەو کاتە نەبێ کە ئەو نامەیەی دانپیانانی شپرزەییو ئەو ئومێدە گەورەیەم دەنووسیەوە لەبەر لە رادەبەری کەفو کولو شوورو هەڵچوون چاوەکانم پڕ لە فرمێسك دەبوون، من قەتاو قەت هەڵرژانو بازوقەدانی تکە تکە خوێنی مەسیحم ئاوەها بەم شیرینی بەم دەردو ئازارەوە هەست پێنەکردووە، بۆ سەرکەوتن بەسەر خاچەوە، (میعراجی خۆبەختکردن)و (سەرکەوتن بەرەو خودا) (میعراجی مەعنەویەت) مەسیح بە تەواوی ئەو هەنگاوانە تێپەڕیوەو گوزەری کردووە کە مرۆڤی کۆڵنەدەر پێیدا تێپەڕیوە.

هەر ئەوەشە کە رەنجو ئازاری ئەو مرۆڤە لە ئێمە ئاشکارو ئاشنایەن بەشدارین لەمە، سەرکەوتنی ئارمانی ئەو ئاییندەیەی ئێمە دەنوێنی ئەو بەشە سروشتەی مەسیح کە بە جۆرێك قووڵو مرۆڤ ئامێزە یاریمان دەکات کە دەرکی پێبکەینو خۆشتان بوێ، بەدوای

موسیبەتەکانیدا بچین کە دەڵێی لە خودی ئێمە دایە، لە دەستدانی ئەو توخمە گەرمەی مرۆڤایەتی لە بوونی ئەودا، توانستی ژەنینی تارەکانی دڵمان بەو هەموو میهرەبانیو دڵنیاییەوە لەو داوەر دەگرتو ئیدی ببێتە ئولگۆی زیندەگیمان.

ئەو دەمەی کە خەبات دەکەین ئەویش دەحاڵی خەباتدا دەبینین ئەوەش تینو توانا دەبەخشێتە ئێمەمانان، پێدەکەوین کە لەم دنیایەدا بەتەنها نینو ئەویشمان لەکەنار دایەو دەجەنگێ، تروکە بە تروکە زیندەگی مەسیح جیداڵو سەرکەوتنە. ئەو جادوی شکست ناقبوڵی سادە لەزەتەکانی مرۆڤی خستە بەردەستی خۆیو بەسەر وەسوەسەدا زاڵ بوو چیڕ بۆوە.

لە رێی گۆڕینی زەڕڕە زەڕڕە گۆشتی لەش بە خوێنی گیان میعراجی خۆی کرد، بەسەر هەڵگەڕان بۆ کەلکەتا چووە سەر خاچەوە بەلام لەوێشدا بەربەرەکانیو جەنگی ئەو تەواو نەبوو، وەسوەسەو دوا وەسەوەسە لە بەرزایی خاچ لە چاوەڕوانی ئەودا بوو، لەبەرچاوی بیر ڕووناکی لە خاچدراوا. رۆحی هەرماس لە دیمەنی چاوتروکانێکی هەڵخەڵەتێنەردا ژیانی ئارامو دڵنەوازی بۆ ئەو کردووەن مەسیح وای زەن کرد کە شەقامی رەحەتو نەرمی مرۆڤی کردۆتە بەرو بۆ خاوەن منداڵو خەڵك خۆشیان دەوێتو رێزی دەگرن، ئێستاش بۆتە

پیرەمێردێك‌و لە ئەستانەی دەرگای ماڵێدا ڕۆنیشتووە. هێشتا خۆزگەو بریای دەورانی جحێڵی لە بیرە بزەیەکی ڕازی بوون بەسەر لێوەیەوە نەخشی بەست.

لە هەڵبژاردنی شەقامی مرۆڤاندا چەند بە شكۆو ئاوەزمەندانە کاری کردووە، بە ڕاستی نەجاتی دونیا دێوانەیی بۆ ڕاکردن لە بێبەشی‌و ئەشکەنجەو خاچ چ لەزەت بەخشە.

ئەوە دوا ئەو وەسوەسەیە بوو کە لە کورتە چاوتروکانێکا هاتە سۆراغی تا دواساتەکان ئەوی پەرێشان کرد، بەلاّم لە هیکەوە مەسیح سەری خۆی بە توندی ڕاتەکان چاوەکانی کردەوەو بینی نەخێر سوپاس بۆ خوا کە خائین نەبوو، پەیمان شکێن نەبوو ئەو سەبارەت بەو وادەیەی کە بۆ ئەنجامدانی ئەو بەڵێنەی کە خودا وەکو ئەرکێك خستبوویە سەر شانیەوە، ئێستا بەجێی گەیاندوە. بە ڕەبەنی ماوەتەوەو هەنگوینی بێگەردی زیندەگی تام نەکردووە، ئەو گەیشتبووە ترۆپکی خۆبەخت کردن‌و بینی لە چوارمێخە دراوە.

بە ڕەزامەندییەوە چاوەکانی داخست‌و پاشان نەغمەیەکی مەزنی سەرکەوتنی چڕی، ئەرك بە ئەنجام گەیشتووە، بە قسەیەکی دیکە (ئەرکی خۆم بەجێگەیاند...لە خاچ درام‌و نەکەوتمە داوی وەسوەسە.

## شانۆی پیتەر برووك
## لەنێوان بەیەکەوە ژیانی دژەکان و تێکەڵبوونی رۆشنبیرییەکان
(١)

له نێوەندی جەنگەڵەکانی ئەفریقیادا، ئەکتەرەکان لە- برووك- دەپرسن کە ئاخۆ ئەم سەفەرە دووروودرێژەی لە پای چییە؟ ئەویش لە وەلامدا باسی چیرۆکی مەجنونیان بۆ دەکات کە چۆن چۆنی وێڵی لای لەیلا بوو! کە دووبارە لێیدەپرسن ئایا باوەڕت وایە کە لێرەدا دەیدۆزییەوە؟

وەرام دەداتەوەو دەڵێت: لە هەموو شوێنێکدا دەگەڕێم، بەو هیوایەی لە شوێنێکدا دەیدۆزمەوە، ئا بەجۆرە برووك بەیانی سەفەری خۆی دەکات لەوەی کە بەدوای شتێکدا دەگەڕێت هێشتا روخسارو سیمای دیار نییە... بەدوای مەجهولدا دەگەڕێ..

(٢)

لەم دواییەداو لەبنکەی نیشتمانیو لێکۆڵینەوەی زانستی cnrs لە پاریس جلدی سێزدەمی تایبەت بە شانۆی بیتەر برووك peter brook کەوتە بەردەستان، ئەم کتێبە بریتییە لە شەش بەش:

بەشی یەکەم، لێتۆژینەوەیەکی گشتییە سەبارەت بە برووكو کارەکانی کە تیایدا زێتر بایەخ بە قۆناغی دوای برووك دەداتو باس

له مەنهەجیەتی ئەو دەکات کە بریتییە لە بەیەکەوە ژیـانی دژەکـان، لە بەشی دووەمدا باس لەو سەرچاوانە دەکات کە بـرووك بابەتـەکانی خۆی لیێ هەڵێنجاون‌و تێیدا رۆڵی شەکسپیر بە تـەواوی، لـەنێو کـارو ئەندێشەی (برووك)دا بەتەواوی بـەدیار دەکـەوێت لـەو شـتانەی کـە پێوەستن بە شانۆو مەسەلەکانی شانۆو تەکنیك لە شـانۆدا، هـەروەها لەم بەشەدا هەست بەوە دەکرێت کـە بـرووك بـەبیرو هـزری تەقلیـدی رۆژهەڵات کارتێکراو بووە، لەبەشـی سـێیەمی کتێبەکـەدا بـاس لـە چۆنییەتی مامەڵەکردنی برووك دەکرێ لەگەڵ ئوپێرادا بەتایبـەت لـە رێگەی دەرهێنانی ئوپێرای garmen-گارمین-و لەبەشی چوارەمیدا باسی هـەمان ئـەو مامەڵەیـەی بـرووك دەکـات لەگـەڵ-چـیخۆف- ئەوەشیان لە ریگەی شـانۆگەری بێسـتانی کـەرز carisaie- بـەڵام لەبەشی پێنجەمدا تۆماری شانۆو سینەمایە لـە رێگـەی شـانۆگەری سەرکەوتوو لە هەردوو ئەزموونی (مارا-ساد)ی بیتەرفاس‌و (شالیر)ی شکسپیر، کە برووك ئەو دووانـەی کـردن بـەدوو فلیمـی سـینەمایی، بەشی شەشەم‌و کۆتایی چاوپێکەوتنە لەگـەڵ بـرووك‌و کۆمـەڵکارانی برووك.

(٣)

خـۆ ئەگـەر ئـەو کتێبـە کـارێکی دەسـتە جـەمعی بـێو لـەژێر سەرپەرشتی (جۆرج بانۆ) gbanuدا ئـەوە هـەر لەبـەر ئەوەیـە کـە رێزێکی هێجگار زۆر بۆ پەرهێزی (حـزر) بـرووك کـراوە لەبەرامبـەر هەڵوێستە زاتییەکانی، کە ئەمـەش هـەر بـەکارێکی دەسـتەجەمعی ئەنجام دەدرێت، هەموو ئەو لیتۆژیسـتانە هـەوڵیان داوە بـەپێی توانـا کتێبەکە بەرهەمێکی مەعریفی راستەوخۆی شانۆ بێـت بـە تایبـەت شـانۆی -بـرووك- چـونکە بەرهەمـەکانی بـرووك رووداوێکـی شانۆگەرییانە نەبوو بەتەنیا، بـەڵکو رووداوی ژیـان بـوون، شـانۆ لای برووك هۆیەك بوو بۆ بیرکردنـەوە سـەبارەت بـە ژیـان، وەك چـۆن لـە رێگەی ژیانەوە بیر لەشانۆ دەکەینەوە، ئەو پێوەندییـەی نێـوان ژیـانو شانۆیش کۆڵەگەی سەرەکی کاری شانۆیی بوو لای برووك.

(٤)

لەو کتێبەدا باس لەکێشـەیەکی قـورسو قـووڵی نووسـین دەکـرێ دەربارەی (مومارەسەی شانۆیی کـە ئـاخۆ (چـۆن دەتـوانین داهێنـانی شانۆی زیندوو بکەین بە وشەو وێنەی بێ گیان!).

جۆرج بانۆ دەڵێت: (مەحاڵە لە وەرگێراندا داهێنانی شـانۆگەری ون نەبێت، بەڵام بە هەر حـاڵ وەرگێـران هەوڵێکـە بـۆ ئـەو داهێنانـە)، مەحاڵ بوونی نووسین دەربارەی شانۆ لەوە هاتووە کە شانۆ هونـەرێکی

رووخێنەرە بۆ خودی خۆی وەك چۆن برووك وایدەبینێ، هەروەها دەڵێت شانۆ هەموو ئێوارەیەك کۆمەڵە خەڵکێکی جیاجیا کۆدەکاتەوە لە ڕێگەی هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکانو قسەیان بۆ دەکەن، بۆیە نووسین تەنیا هەوڵێکی دوور لە ئامانجە، ئەزموونی شانۆگەریی بەتەنیا لە ئەزموونەکەی خۆیدا هەیەو بەس، هەروەها لای ئەو کەسانە هەیە کە بەهەموو گیانی خۆیانەوە لەگەڵ ئەزموونی شانۆگەریدا دەژین، جا ئەگەر لێکۆڵینەوەو تێگەیشتن لە کارێکی شانۆیی بەهێز دەکات ئەوە دەبێ هەموو لێکۆڵینەوەکانی شانۆ بگرێتەوە.

دنیایەکی هاوتەریبو هاوسەنگ بۆ دنیای شانۆ هەر خۆی دنیایەکە هاوسەنگو هاوتەریب لەگەڵ ژیاندا، چونکە نووسەرانی شانۆ لەو ئەزموونەدا ناژین کە لە بارەیەوە شت دەنووسن، ئەوان تەنیا ئاماژەی بۆ دەکەن.

(٥)

ناسینو زانینی ئەوەی کە شانۆ چییە، بریتییە لە ناسینو زانینی ئەوەیە کە چ دەبێ ببێ، ئەمە گوتەزایەکی (مقولة) یەقین دەخاتە دڵو لەهەمان کاتدا گومان دروست دەکات، ئەوەی وامان لێدەکات کە بپرسین ئاخۆ چۆن دەتوانین لە یەقین دابینو لە هەمان کاتیشدا لە گومانێکی یەك لە دوای یەکیشا بین؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە کە لەگەڵ هەموو دێڕێکی ئەم کتێبەدا هەیە، جا ئەوە دوانیزمەی(گومان/ یەقین)ە (برووك) بەوە ئیحراج ناکات کە سەبارەت بە شتێ قسە دەکات دەکرێ پێی بڵێین (یەقینی گومان).

(٦)

لەبەر ئەوەی کۆڕەوی داهێنەران تەنیا رووی دیکەی ژیانە دەبێ شتێ لەبارەی ژیانی-پیتەر برووك- بزانین: برووك لە ئاداری (١٩٢٥) لە ئینگلتەرا لەدایك بووە، لەدایكو باوکێکی بەنەژاد رووسی. لە ئۆکسفۆرد خوێندویەتیو چالاکی شانۆیی خۆی دەست پێکردووە, برووك هەر لەسەرەتای کاری شانۆیی خۆی تەئکیدی لەسەر ئەوە دەکرد کە پێی دەڵێن (ستراتیژییەتی پیاوی شانۆ کە بەتەنیا کار ناکات) لەسەریەتی-دابهێنێو بەرهەم رێکبخاو پێکی بهێنێ جەماعەت بخاتە چالاکییەوە، لە پێناسەکردنی زیرەکیو کارامەیی

دەرهێنەر حیکمەتی هونەری مامەلەکردن لەگەڵ کەس‌و سیستەمدا بایەخێکی حەقیقی هەیە.

یەکەمین جار کە برووك چووە هۆڵی مەشقی شانۆیی یەك بەستەی گەورەی کاغەزو وێنەی پێبوو، دەستنیشانی هەموو جووڵەو بزاڤی ئەکتەرەکانی کردبوو، هەروەها بە شێوەیەکی کۆتایی چۆنیەتی دەرهێنانی شانۆگەریشی نووسیوە، بەڵام هەر زوو رووبەڕووی شتێك بووە لەو کاتەی کەشفی کرد کە ئەکتەرەکان دیاربوو تێپەڕی نەخشەی ئەوە دەکەن کە برووك لەسەر کاغەزەکانی نووسیبوو، بۆیە بەبۆیەش گەیشتە ئەو بڕوایەی کە وردە وردە دەگەین بە ئەکتەر، ئەو دەرهێنەرەش کە دەچێتە مەشقی یەکەم جووڵەو بزاڤی ئەکتەرەکانی تۆمار کردبێ، ئەوا دەکری بە شانۆکارێکی دۆگمای لە قەڵەم بدەین.

(٧)

برووك لەسەرەتادا پشتی بەمەرجەعیەتی رۆشنبیری بەست لە پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکانی (شکسپیر)و (بەرنادشۆ)، چونکە مەرجەعییەتی رۆشنبیری دنیایەکی هاوبەش دروست دەکات کە دەرهێنەر پێویستی پێیەتی، دوای سەفەریشی بۆ ئەفریقیا ئەوا بە دوای هەموو شانۆگەرییەکاندا دەچوو بێ ئەوەی بگەڕێتەوە سەنەدێکی رۆشنبیری‌و ئەدەبی‌و وێنەیی، مەودای نێوان ئەو دوو سنوورە ئەو

مەودایە بوو بڕووك هەڵبڕی تا بگات بەشتێکی دیکە، ئەگەر لەرابردوودا زێتر کاری لە شانۆگەریی هاوچەرخ دەکرد وەك هی سارتەر. نانۆی، میللەر، روسان، بۆ ئەوە بوو کە پێوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ حەقیقەتی چاخی خۆیدا هەبێت، بەڵام ئەمڕۆکە دەبینین لەم ئەزموونەدا وەستاوە بۆ ئەوەی رێك بەپێچەوانەی ئەم ئاقارەدا بچێ و داوا دەکات کە زەرוורەتە مەودایەك خەڵق بکات تا بۆ هاوچاخەکانمان یکجار زۆر پەیوەستن بە ئێستا، بۆیە دەبێ بەدوای ئەوانەدا بگەڕێی کە لە رابردووەوە بۆ پرسیار کردن لە ئێستا.

(٨)

له گەرمەی کارکردن له نێو شانۆگەرییەکانی شەکسپیر لــه ســاڵی (١٩٥٥)، برووك پرسیارێکی سەبارەت به پێوەنـدی شــانۆگەرییەکانی شکسپیر بەشــانۆوه کــرد، لــەم پرســیارەدا گەیشــته ئــەوەی کــه ئــەم شانۆگەرییانه به پێی ڕێسای لێك نزیــك کردنــەوەی ئەکتــەرەکان لــه جەماوەرەوه کار دەکەن وا له تەختەی شانۆ دەکەن که خەڵکی بــەدوادا کۆبێتــەوه کــه ئەمــەش قاعیــدەی شــانۆی شەکســپیرییه، لــه ســاڵی (١٩٦٠) شـــــانۆگەری (بانیـــژەیی balkon ی جـــان جینیــــەی پێشکەشکرد.

له ساڵی (١٩٦٢) له تیمی نیشتمانی ڕەسمــی ئینگلتــەرای تیپــی شەکسپیری مەلەکیدا کاری کرد، به پێچەوانەی زۆران (برووك) هەوڵی دەدا له کاتی کارکردندا دوو ئاقاری ســەرەکی تێکــەڵ بەیــەك بکــات (دەزگــای ڕەسمــیو ئــەزموونگا) نــەك بەتــەنیا ڕێبازێــك وەك ڕێبــازی (شانۆی زیندوو)ی گرتۆڤسکی (برووك) دەیوت: ناتوانین له دەزگاکــان راکەینو هەرواش ناتوانین داوەتی تەکنیکــەکانی بکــەین، ئــەوەی کــه دەتوانین ئەوەیه بزاڤی بەرگری ناوەوه ڕێکخەینو سەرکێشییەکی ڕێــك، لەناوەوەڕا ڕێکخەین، کاتێ شانۆگەریی(مارا- ساد)ی (بینەر ڤایس)ی پێشکەشکرد که تیڕامانه بۆ (گەمژەڵیو مێــژوو)، خــەڵك وایــدەزانی

که دەرهێنـــانی (بــرووك) کورتـــەی تـــەکنیکی (برێشـــت)و تێزەکـــانی (ئارتۆ)یە، بەڵام برووك ئەوەی ڕەتکردەوە.

(٩)

(برووك) لەوە نەدەترسا کە کارتێکراو بوبێ بە سەرچاوەی فیکـری‌و ئەزموونگەری جۆراوجۆرو دژ بەیەك، بەڵکو هەمیشە تەئکیـدی لـەوە دەکردەوە کە دەبـێ تێـزە دژ بەیەکـەکانی (ئـارتو)و (مـایر هولـد)و (ستانسلافسکی)و (گرتۆفسکی)و (بریشت) بە چاکی بپشـکنین بـۆ ئـەوەی بـە زرووفێکـی ژیانبـەخش رووبـەروویان ببینـەوەو لـە چـوار چێوەکانیاندا کار بکەین.

لە ساڵی (١٩٦٦)دا (برووك) ئەم پرسیارەی خسـتە ئـاراوە: ئـاخۆ چۆن چۆنی شتێکی جەوهەری بە بزوێنەرێکی زیندوو بگوازینەوە؟

لە ساڵی (١٩٧٠) برووك گەڕایەوە-ستراتسفورد- بۆ ئەوەی (خەونی نیوەشەوان)ی شەکسپیر پێشـکەش بکـات، کـە لـە پێشکەشـکردنی بوونەوە هەموو ئەکتەرەکان تەوقەیان لەگەڵ جەماوەر کرد وەك ئـەوەی خوداحافیزیان لێبکەن کە بەڕاستی ئەوە خوداحافیزییەکی ڕەمزی بوو، دەلالەتێکی قووڵی هەبوو بەوەی کە (برووك) ئیدی دەزگا ڕەسمییەکان‌و نیشتمان جێدەهێڵێ بێ ئەوەی لەشانۆ دوور بکەوێتەوە، تەنیا لە ساڵی (١٩٧٨) گەڕایەوە ئینگلتەراو شانۆگەریی (ئـەنتۆنی‌و کیلوبـاترا)ی

پێشکەشکرد، لە ساڵی (١٩٧٠) تەواو لە پاریس جێگیر بوو، ئیدی ئیمەی خۆی راگەیاند (بیرۆکەی میحوەری) کە بریتی بوو لە پەیوەستدانی ئەوەی کە ئەخلاقییە بەوەی کە جەمالییە. (١٠)

لەگەڵ بڕیاری (برووك) بۆ مانەوەو سەقامگیربوون لە پاریس لە ساڵی (١٩٧٠)و راگەیاندنی تیمەکەی خۆی کە شەتەکدانی ئەوەی کە ئەخلاقی بێ بەوەی کە جەمالییە لە کاری ئەکتەردا، کە سەرەتا وا بەدیار دەکەوێ بەدیهی بێت، بەڵام پاشان بەدیار کەوت ئەوەی کە (برووك) داوای دەکات لە ئەکتەر گەلێ زیاترە.

برووك لەگەڵ (میشیلین رۆزان) لە ساڵی (١٩٧٠) بنکەی لێکۆڵینەوەی شانۆگەریان دامەزراند کە تەرخان بوو بۆ لێتۆژینەوەی جەماعی، مەرجەعی ئەوان بۆ ئەو دەزگایە شەقامەکانی ئەورووپای گەورە بوو، کە وایان دەبینی ئەرکی سەرشانی هەموو تیپێکی هونەرییە ئاوێنەی دنیا بن‌و لە کەسانی جیاجیا دروست بن، بەمجۆرە رەنگێکی جیهانیان خستە ئاراوە بۆ ئەوەی پاشان ببێت بە بابەتێکی شانۆیی‌و هەیکەلی شانۆ، بەمجۆرە (برووك) جەماعەتی لێکۆڵینەوەو ئەزموونگەری دامەزراند، بەڵام ئەم جەماعەتە مانای ئەوە نەبوو کە کۆمەڵێك ئەکتەر بن بە کرێ گیرابن بۆ پڕۆژەیەکی دیاریکراو، بەڵکو

جەماعەتی دەست پێکردنی هەموو شتێ بوون، یەك کەس بە تەنیا ناتوانێ هیچ شتێ بکاتو گوێی لەهیچ نابێ تەنیا جەماعەت دەتوانن هەموو شتێ ئەنجام بدەن.

(١١)

برووك دەیووت دەبێ رووناکی بەسەر هەموو شوێنێکی تەختەی شانۆدا بچێ تا هۆلیش واتە ئەو شوێنەی کە جەماوەر لێی دادەنیشێ، دەیووت، لە رابردوودا شانۆ دەیتوانی وەك سیحر دەست پێبکات (سیحری ئاهەنگی مووقەدەس) یاخود سیحری پێشەکی تەختەی شانۆ، بەڵام ئەمڕۆکە بە پێچەوانەوەیە، ئەوەمان بۆ دەمێنێتەوە کە دەبێ بایەخی جەماوەر بۆ لای شانۆ رابکێشین وای لێبکەین کە باوەڕی بەوە هەبێ کە دەیبینێ، بۆیە دەبێ بیسەلمێنین کە هیچ فڕوفێڵێك لە ئارادا نییە.

ئەوسا دەتوانین دەست پێبکەین، هەروەها (برووك) دانی پیادەنێ ئەوەی کە داوای دەکا لە ئەکتەر سەختە ئەگەر مەحاڵ نەبێ، دەبێ راستگۆیی وەك ئەوەی بە راشکاوی درۆ بکات، کەسییەتی شانۆگەریی شتێکی وەستاو نییە کە وەك دیوار دروستی بکەین.

## مەرگی سوکرات- ڤان کوخ

(١)

هەموو پەروەردەییێکی ئێمە لەسەر کەم مەسرەفی بونیات نراوە، مەعریفە حیکمەت دادەڕێژێ بە مەرجێ پابەند بێ بە حیکمەتی پێشوو، کە ئەمەش جگە لە حیکمەتی- مامۆستا هیچی دیکە نییە، لە ڕێگەی چەندین وەرچەرخان ئەم نەخشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سوکرات، سوکراتی یەکەم نموونەی مامۆستا کە ئەفلاتون رەسمی کردووە، یەکەم نموونەی خێرخوازە موعتەبەرەکان، ئەو مامۆستایانەی دەتوانن ئاوا بنووسن، نووسینەوەی ئێستا بە رادەیەك کە نەتوانێ لێی دەربازبێ، کاتێك سوکرات ئیدیعای ئەوە دەکات هیچ شتێ نازانێ, ئەو جگە لە شێوازێك ناتوانێ پێشنیاری هیچ شتێکی دیکە بکات، ئەویش ئەوەیە کاری جەدەلی جێگەی پێشبڕکێ بگرێتەوە، ئەوەش ئەو دیدگایەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسی خێرخواز بەرەو ئیلقائیەت بچێ، کە ئەمەیان پرۆسەیەکی گواستنەوەیە پتر لەوەی سوڕانەوە بێت لەبەر وێنەی مامۆستا بەهۆی ئەدگاری سیادەت.

(٢)

لەو حاڵەتەدا ئەقڵ دەلالەت بەپێی ئەوەی بۆمان ماوەتەوە ئەوەش لە ئەنجامی مەشقی ئەفلاتون، ئەو مەشقەی سوکرات ئەنجامی داوە، بەهۆی بنەمای کەم مەسرەفی-تەقەشوف- وا دەلالەت دەکات کە باس لە هەموو هێزێکی شەبەقی بێ، هەروەها جێگەشیان دەگرێتەوە، وا باسی بێبەشبوون دەکات کە بچێتەوە سەر دیاردەکانی شەبەقیەتی گشتی کە ئەو خۆی ریکی خستووە، بە تایبەت لەبارەی هونەر کە تیایا لە هۆی بە سیادەی رەوشتیو سیاسی رەوشتیو سیاسی یاخود هەتا زانستی دەکات، پرسیار کردن سەبارەت بە کەسی سوکرات مانای تەرحکردنی پرسیارێکی ئەکادیمی نییە، بەلای ئەوەدا ناچین کە-نیچە-لە-ئەسڵی تراژیدیاو ئاوابوونی بتەکان وازی لە سوکرات نەهێنا، یەکەم کەس بووە کە سوکراتی لە رەگەوە خستە روو، لەوانەیە لەوە بترسین کە لە پرسیارێکی سەخت پتر بێ، سوکرات خۆیەتی کە لە مرۆڤ دەپرسێو هەر لەوێشەوە دەست پێدەکات، ئێمەش دووبارەی دەکەینەوە وامان باوەڕە کە سەرچاوەیەك دووبارە دەکەینەوە سەر لەنوێ شوێنگەی خۆمان لە ئەصلدا دەکەینەوە، بەمجۆرە دەبینین پەروەرش کاربن بێ ئەوەی بپرسین بۆ، هەڵبەت ئەوە یا ئاوابوونێکی حەتمییە بۆ ئێمە، سەرچاوەشی دووبارە بوونەوە، چونکە ئێمە سوکرات ناناسین

تەنها بەوە نەبێ کە لەبارەیەوە دەبیستین، ئەوەش لە ڕێگەی چەند شاهیدێك کە لەودا نییە بەڵکو لە کەسانی دیکەدا هەیە.

(٣)

ئایا سوکرات کەسێکی خورافی نییە لە دروست کردنی خودی ئەفلاتون، چونکە جێگەی کەسێکی مێژوویی دەگرێتەوەو ناوی خۆی پێ دەبەخشێ، ئەوەیان موفارەقە نییە پرسیارێکی پێشینەیە، ئایا کەسێك هەیە بتوانێت سوکرات دابهێنێ بەبێ ئەوەی بینی بێ؟ ئایا دەتوانین ئەندێشەی عەبقەریەتی ئەو بکەین، عەبقەریەتێکی بەهێز وەك ئەوەی ئەندێشەی دەکەین، توانای ئەوەی هەبێ بەتەنیا ئەو مەعبودە ئێشکگرە لە قاڵب بدا وەك دابین کارێکی کارەکانو ڕێڕەوە جیاو دیارەکانی؟ یاخود بە پێچەوانەوە، ئایا کەسێکی (محاورات) بەکەموکوڕییەوە داوای ئەوە ناکات (سوکراتی دیرۆکی) بە موجامەلە لە خەسڵەتی خۆی بەخشیوە، یاخود لانی کەم خودان پێگەیەکە کە (سوکراتی ئەدەبی) لەگەڵ ئەودا بەمە تەنها مەرجەوە ماقوڵە.

ئەفلاتون بە شێوەیەکی دیکە، ئایا ئەو ئەقڵەی کە بۆمان ماوەتەوە بەخۆو بە دیقەتو زەرووڕەتی واجبی پەیوەست بە ڕوداوێکەوە نییە؟ ئەوز ئەقڵە نە سوکراتییەو نە ئەفلاتونییە، هەتا لە محاوەراتی نێوان سوکراتو ئەفلاتونیش بونیات نەنراوە، بەڵکو لە دووبارە بوونەوەی لە

زاکیرەی ئەفلاتون لە دایك بووە، بانگی سوکراتی کـردووە لـەو کاتـەی کە نەمری دەکات.

(٤)

جا بۆ ئەوەی قوتابی ببێتـە مامۆسـتا پێویسـتی بەمامۆسـتایەك هەیە کە خۆی بێو پشت بە هیچ مامۆستایەکی دیکـە نەبەسـتێ تـا بتوانێ شوێنی بگرێتەوە، مەبەست دۆزینەوەی عاجباتییـەکی گریکـی نییە، بەڵکو مەبەست لەوەیە سوکرات چۆن توانی بەدیار بکەوێ، لـە هەموو پەروەردەیەکی واقیعی شتێ لـە نەسـەقی پەیوەنـدی هێزەکـان روودەدات کە ئەهلو مامۆستاکانی، مێژوو هێزێکـی واسـەپێنەر لـە حەقیقەتدا مەعریفە ئیزافەی سەرکێشی خۆی دەات، خۆ ئەگـەر هـیچ تەحقیقێکی ماقووڵ نەبێت ئەوە تەقلید وەکو کەفیل بـەکار دێـت یـا وەك هونەری ئیقاع کردنی حەریف، رەنگە واش نەبێ، ئەقڵ ئەو شتەی (هۆسرەل)-husserl- وای لێدەبینێ کاری بەشەریەتی بـێ کۆتـایی بێ- لەیەك مرۆڤدا لەدایك نەبووە، بەڵکو لەدوان، لە پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤ لە رێگەی کـارێکی پـەروەردەیی کـراوەدا، لـە پـڕ بڕشـتی نووسەری یەکەمەوە لە دایك بووە، کە ئیدعای ئەوە دەکات کە نازانـێ بنووسێو نەزۆکە، مامۆستای یەکەم ئەو پەیوەندییە دروست دەکـات، بەهۆی بەدیارخستنی مامۆستای تایبەتی خۆی دەبێتە مامۆستا، ئـەو

مامۆستایه تایبەتییەی کە ماندوو هیلاکە تا بیچەسپێنێ کـە هـیچ نازانێ، ئەلێرەوە تەقلیدێکی مەعریفی لە نامەعریفی هاتە ئاراوە.

(٥)

پرسیاری ئێمە دەربارەی گرفتی سـوکرات مانـای هـەوڵی لابردنـی کاریگەرێتی رەجعی لە ئەقڵی تایبەتی ئێمەدا-لەیەك مەودا- دا، تـا پرسیار لە خۆمان بکەین سەبارەت بەو پەیوەندییەی کە لەفەزایەکـدا خستییە ئاراوە خۆی تێدا غایب بووە، ئـەفلاتون دەیتـوانی جگـە لـە فەیلەسـوفێکی سەفسـەتی شـتێکی دیکـە نـەبا کـە چـەند ئیستیعارەیەکی داهێنانی لەهەمان حەقڵی رەوانبێژیداو لەنێو هەمان حەقڵی هونەری جەدەلیدا لەکاتی گەمەی قساندا، کە مەبەستی بـوو بەسەریا زاڵ بێ بەهۆی وەسیلەیەکی خەیاڵتر، لـەو حاڵەتـەدا چـونکە ئەفلاتون چـۆتە ریـزی هـەمان تایبەتمەندییـەتی سـوکراتو توانـای سیحریشی هەیەو بەمەوە دیاردەکەوێ کە دەیپارێزێ، ئەوا سەردەکەوێ لە تەقەشوف، ئەو کاتە وێنەی ئەو نموونەیە نمـایش دەکـات کـە هـەر نەقییەکان بەراستی پشتی پێ ببەستن تەواو وەك مامۆستاکان پشتیان بەهەمان نەریت دەبەستو هـەمان مەتحـەفیان دەسـووتاندو دەشـیان پاراست، دیکارت هەموو ئـەو مەعریفانـە رەتدەکاتـەوە کـە بـۆ ئـەو

پێشنیار کراوەو دەڵێ هیچ دانەرێکی فەلسەفی کلاسیکی لە ئارادا نییە).

(٦)

سوکرات هیچی پێنییە خەڵکی پێ فێرکات، تاکە کاری سوکرات کە بەهی خۆی لە قەڵەم دەدا ئەوە بوو وا لەخەڵك بکات ئەو شتانە کەشف بکەن کە پێشترێ دەیانزانی، ئەگەر شتێکیان زانیبێ، ناوەرۆکی هەموو قسەکانی بریتییە لەوەی هانیان بدات بۆ بەدوادا گەڕانو تۆبزی هیچیان لێناکات، تەنها ئەوە نەبێت کەداوایان لێدەکات زۆر تووندو تیژ بن سەبارەت بەخودی خۆیان، وا بەدیار دەکەوێ سوکرات هەموو ئارەزووەکانی ئەوە بووبێ وا لە ئەوانی دیکە بکات واز لە ئارەزووەکانی خۆیان بهێننو ئارەزووی ئەوانی تر لغاو بکەن. سوکرات ئارەزووی مردنی دەکردو راستەوخۆش دەیتوانی ئیغتیراب بکات، ئەو بۆ ئەوە مابوو تا یاساکانی دیقەتی قسەکردن پێشێل نەکات، قسەکردن لەگەڵ شتی بێ گیان لای –کریتون- دەقێکی خودان شێوازێکی کارامەبوو، رێگەی بەهیچ گومانێك نەدەدا بە هەر حوجەتێکەوە بێت، ئەقلانییەتێکە بۆ ئەوە هاتووە رەتکردنەوەی بەرایی بکاتە سەلماندن، باشترین وەسیلە بۆ بەدیارخستنی بەرائەتی ئەو ئەوەبوو بچێتە ژێر باری ئەو شێوازانەی پەیوەستن بەتاوان.

(٧)

به رزگاربوون لەداب‌ونەریت‌و حـوکم نـاتوانین پەنایـەك بدۆزینـەوە تەنها لە زاتی خۆمان نەبێت، کەواتە واجبی تیڕامان یادی کزۆڵەیەکە خۆیان بەقەرز بکەن، ئا بەجۆرە جگە لەو ڕێگەیـە هـەموو ڕێگاکـانی دیکە دەبینین سوکرات مەشقیان لەسەر دەکات، بیرۆکەکەش سەبارەت بەو(دایەلۆگێکی ناوەکی)یە دایەلۆگ نە موناجات، بە بیرۆکە لەگـەڵ زاتی خۆی بێ ئەوەی پشت بە-کلام- ببەستێ، سوکرات زیاتر لـەوانی دیکە دەیزانێ چـۆن بخواتـەوە، چـۆن تەقـدیری جـوانی بکـات‌و خـۆر بپەرستێ، ئەو کاتەش ئەو نهێنییە ونە دەسـت پێـدەکات: چـونە ژێـر باری ئەو ئارەزووەی نییە ئەگەر ئەو ئارەزووە بەمانای —امتلاك- بێت،

ئەرکی سەرشانی رواقیەکانە زیاتر لە سەدەیەك ڕەت بێ تا جیاوازی نێوان- کەمی‌و فەزیلەت بزانن لە خورافە-هیراگلیس-ی پڕ حیکمەت، ئەوەیان ژێدەرێکی گونجاوە بـۆ هـەموو حاڵەتـەکانی وەعـی حـەقیقی دروست کرد، هیچ شتێکی وا لای سوکرات نییە، هەتا روخساری ئـەو ئەگەرەش، هەتا دوژمنایەتیش، سوکرات تـەنها لـە-فیـدۆن-نـامرێ ئەوێك کە بە درێژایی ژیانی خـۆی مـەرگی خـۆی دووبـارە دەکـردەوە، مەرگ بۆ ئەو وەسیلەی مانـەوەبوو..ئـەوەیانی پێـی دەگـوترێ ڕۆح وەك چۆن سوکرات وای چین بەند کرد، ڕەنگە مایەی سەرسـامی بـێ کـە-

سوكرات- گيانێكی ژەهراوی-بەوە دابنێین كـە شـەرابی خۆشەویسـتی نەمرییە.

(٨)

ڤان كوخ تا لە تابلۆكانیدا گرەوی مرۆڤایەتی دەبردەوە، لە سووتانو ئازارەكانی خودی خۆی سەرچاوەی دەگرتو فلّچەكەی دەوەشاند، تـەنها تەنانـەت كـاتی وا هـەبوو، هـەر هـەموو سـەعاتەكانی رۆژی لـەناو كێڵگەو باخەكاندا بەسـەر دەبـرد، (ن. دوسـتایل) لەسـەر ئـەنكیتی گەلەری هونەرە تازەكانی نیویۆرك نووسیبووی :

-ڤان كوخ ئەوا لەعیشقی هونەرەكەی شێت بووە كەڤاڵەكانی ئـەو هونەرمەندە هەرگیز شەبەنگو خەیاڵاتی تێدا نـەبوو، بـەڵكو چـەند تابلۆیەكی گڕگرتووی بەر خۆرەتاوی سەعات دووی دوای نیـوەڕۆ بـوو، بە كپی كابووسـەكانی دەهاتـە ئـاراوەو وردە وردە خۆیـان وەدەرخسـت ئەمە سیڕەی هـەموو رۆمـاننووسو هونەرمەندەكانـە كـە هەمیشـە رادەكەن بەرەو مەسخ بوون یا عەبقەریەت.

(٩)

بـەڵام نـا...ئەگـەر دابو نەریتـەكان لەچـەند سـەدەیەكەوەڕا خەیاڵدانی كردبووە ماڵی هونەر ئەو هەموو شتێ دەتوانێ پێچـەوانەی

ئەو حاڵەتە بچەسپێنێ، لە دوا ترۆپکی حاڵەتەکانی ئارەزوو، هەروەها لە خراپترین حاڵەتی تەنگانە، زۆر کەم سوتفەی ئەو روونو ئاشکراییە دەکەین، ئەو (نموونە زیندووە)ی زۆر روونو ئاشکرایەی وامان بۆ بەدەردەکەوێ کە ئێمە بە چینێکی پارێزەر لوول دراوین، بە شێوەیەك کە زەوقی سەلیمی ئێمە سەبارەت بە هەستەکانمان وەك ئەو حبرە وایە سەبارەت بە-سبیدج (ئاژەڵێکی دەریاییە لە فەسیلەی تولخاوەیی مادەیەك دەردەدات شلە وەك حبر وایە) رەنگە هێڵی رۆیشتنی ئەو نموونە زیندووانەو هێڵی رۆیشتنی هونەرەکەی بە هەمان هێڵ وەسف بکرێت، وەك ئەوەی گفتوگۆیەکی درامی بێ چونکە بەردەوام پەیوەندی بە واقیعەوە هەیە کاتێ کە دوستایل وردە وردە_تەجرید-ی جێهێشت ١٩٥١ لەوکاتەدا وازی لە سانایی دەهێناو خۆی تووشی سەرکێشەیەك دەکرد (تەنها وێنەکێشان خۆی لەنێو ئەو سەرکێشییەدا دەمایەوە- نامەیەك بۆ ئیوشامب لە٨ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٥٣ پێوستی پڕ لە سونگە ل ٥٢) دەیباتەوە لای ئاوازبەندێکی بەرهەم نەهێنراو... ئیحتیمالی رووداني هەڵواسینێك بە یەکجاری.

(١٠)

ئەو چەند مانگەی دوای لە- ئەفرسدا auvers سەبارەت بە ڤان کوخ قۆناغی بەرهەم هێنانێکی زۆر بوو- تابلۆکانی بە قەدەر رۆژەکان بوو- بەبێ هیچ ئەزمەیەك-قۆناغێك بوو لەگەڵ- کێلگەی گەنمی قولەڕەشەکان-کۆتایی دەهات، لە جیاتی ئەوەی لە واقیع دوور کەوێتەوە لە ناویاندا وردوخاش دەبوو (واتە تابلۆکان) ئێمە ئەوە دەزانین، لە سان ریمی‌و هەرواش لە ئارلز ڤان کوخ وەك ئەوەی لە واقیعی حاڵەتی خۆی بێ وایە بەدیار دەکەوێت، جا ئەگەر نامەکانی لە نێوان ئەو دوو ساڵەی دواییدا جۆرە کپییەك، بەدیار بخەن کە بەرگەی ناگیرێت ئەو لەهجەکەی ئەو نامانە رێشمە نەکراون هەتا لە حالەتی تۆمارکردنی حالەتەکانی گەڕانەوە لە خراپە، هەوڵی داوە کار دژی شێتایەتی بەکاربهێنێ (مەبەستی کاری هونەرییە).

(بەدرێژایی چەندین رۆژ زۆر سەرگەردان بووم وەك چۆن لە ئارلوێش هەر وابووم، ئەگەر خراپتریش نەبووبی، وام باوەڕە کە ئەم قەیرانانە دووبارە دەگەڕێنەوە.. بەراستی ناخۆشە.. ئەو قەیرانە تازانە برای ئازیزم هەڵیانگرتووە بۆ کێڵگە کاتێ کە شەکەتی وێنەکێشان بووم لە رۆژێکی تووشدا تابلۆکەت بۆ دەنێرم کە سەرەڕای هەموو شتێك تەواوم کرد).

- نامەیەك بۆ سێو، بەبێ مێژوو کە ڕەنگە لە تەمووزی ١٨٨٩ بێ ئەم نامەیەشی لە مانگی ئابدا ناردووە.

- دوێنێ دەستم بە تۆزێ کارکرد- من شتێك لە پەنجەرەکەمەوە دەبینم کێڵگەیەك لە قامیشی زەرد، هەندێك دروێنەی دەکەن، بەراوردێکە لە نێوان زەوییە دوراوەکە وەنەوشەییەو ئەو باوەشە قامیشە زەردەدا لە قولایی گردێکەوە).

ئاخ! وا بۆمن بەدیار دەکەوی کە مرۆڤ لە ئەقڵی هەموو شتێکدا بێ، هەرچەندە ئەوە بۆ ئەبەد وەکو هەستێکی ڕەش دەمێنێتەوەو لە جیهانی حەقیقەتی دا نییە، بەو مانایە کە باشترە ئیش لە گۆشتی لەش بکرێ زیاتر لە ئیشکردن بەڕەنگ یا گەچ... بەو مانایە کەچاکترە منداڵ دروست بکەین زیاتر لە تابلۆ یا ئەنجامدانی کارێك، بەهەر حاڵ وا هەست دەکەین، ئێمە دەژین کەوا بیردەکەینەوە هاوڕێمان لەناو ئەوانە هەیە کە لە نێو ژینی حەقیقەت دان) بۆ سێو ١٨٨٨ کە لە کۆبوونەوەیەکی وا دەگەڕێمەوە دڵنیات دەکەم کە دەماغم زۆر ناسکەو لەو کاتە وەبەر هاتووەیە، من تەواو ڕووت دەبمەوەو توانای ئەو کۆمەڵە شتەی سروشتم نییە -هاییتی ١٨٨٨(ئەو تەجریدە وەك ناڵە دەگەڕێتەوە).

(من رووت بوومەتەوەو ناتوانم لەو ساتەدا زیندەگی خۆم رێکخەم) نیسانی ١٨٨٩-من موعاناتم هەیە لەو ژیانەو حاڵەتی ئەقلییم نەك تەنها بەڵکو رووت بۆتەوە بە شێوەیەك کە هەرچییەکم بەسەر بێ ناتوانم بیر لە رێکخستنی ژیانم بکەمەوە ئەیاری ١٨٨٩-(زۆر جاران غەرقی کار دەبم بەشێوەیەك لەگەڵیا وام باوەڕ هەمیشە رووتم و زەحمەتە تەگبیری ژیانم بکەم-ئەیاری ١٨٨٩.

(١١)

کەواتە ئەو دەزانێ کارێ کە ئەو لەبونێکی پارێزراودا هەڵیدەکێشێ و دواتریش دەیخاتە مەترسییەکی گەورەوە ئەوە ئەو قەسوەتە لەهەمان کاتدا پێداویستییە:

(رای) دەڵێت لە جیاتی ئەوەی بە رێك‌وپێکی بخۆین هانام بردۆتە بەر قاوەو شەراب بەتایبەتی... من هەموو ئەو شتانەم قەبوڵە بەڵکو بەراستی دەمێنێتەوە تا بگەینە ئاماژەی زەردو بەرز کە لەم هاوینەدا گەیشتم پێی.. هەندێ جار واجبە تۆزێ باوەڕ بەزەیف بکەین، هونەرمەند لە کۆتایی یا مرۆڤێکی کارکەرە نەهاتووە لە کۆتایی ئەمردا دەرۆزەکەرێ بشکێنێ و وردوخاش بکات ٢٤ی ئاداری ١٨٨٩.

ئەو کاتەو سەبارەت بەو سنوورە وا بەدیار دەکەوێ کە مەجبوربوون دان بەخۆی بگرێ...وەزعەکان رەنگ دەدەنەوە، ئەم بوونە بەرزە وا بەدیار دەکەوێ کە حەقیقەنیێکی زێتر بێ لە هەر بوونێکی دیکە،

ئەوەش بەو مانایە دێت دەتوانرێ دەربارەی سەر سووڕانی خۆر بنووسێ بە تایبەتی_ لەو حاڵەتەدا بۆ ئەوەی تەواو ئاگای لێبێ بۆ تواندنەوەی ئەو خشڵو زێڕە، پلەی ئیشراقی ئەو گوڵانە- هیچ کەسێکی دیکە توانای ئەوەی نییە، وا گریمانە کە بڕستو ئاگایی فەرد هەر هەمووی هەبێ-٢٣ی کانونی دووەمی١٨٨٩- ئەو مەترسییانە تەقدیر دەکاو قبوڵیان دەکات (من قەناعەتم هەیە کە دروستکردنی تابلۆیەکی باش ئاسانتر نییە لە دۆزینەوەی ئەلماس یاخود مەرواری....ئەوەیان هەوڵی دەوێو مرۆڤ ژیانی خۆی لەسەر دادەنێ وەك فرۆشیارێ یاخود هونەرمەندێ..تشرینی یەکەمی ١٨٨٨ دەتوانین بەبێ هیچ موفارەقەیەك ڤان کوخ بەوە دابنێین کەزۆر شڵەژاوە لەڕاکانی پێشووی لەبورتیاج باخود لەکاتی سوتانەوەی ئارەزووەکانی خۆی لە بەرامبەر- فوس- واتە بەر لە دەساڵ، راستە نامەکانی ئەو ماوەیەی تەعبیر لە حەماسێ دەکەن کە نیگەرانی سان ریمی- بەڵگەی روونی وئاشکرایی ئەوە... بەهەر حاڵ ئەو قۆناغە وا بۆ ئەو بەدیاردەکەوێ کە پەرژینبەندی ئەو ماوەیە دەکات لە داماڵینی موڵکییەت کە رەنگە غەریبتر بەدیار دەکەوێ، بە مارەکردنی-سیان- ئەو بەدرەوشتو سکپڕو نەخۆشە، هەندێ داڕشتەی بۆ دەهات دەتوانین سەرەتای لەدایك بووی تێدا بخوێنینەوە هەروەها سەرەتای گەڕانەوە بۆ شتەکان).

لە مێژووی وێنەکێشاندا ڤان کوخ بە شێوەیەکی بەربەری بەدیار کەوتو وەکو رۆسۆ لە مێژووی ئەدەبو فیکر بەڵام رۆسۆ سەبارەت بە رەوانبێژی جاهیل نەبوو.

(باوەڕم پێ بکە کاتێ مرۆڤ دەیەوێ کاریگەربێ نابی بترسێ، لە ئەنجامدانی هەندێ شت بەشێوەیەکی لەڕێ لادەرانە، نابێ لە ئەنجامدانی هەندێ هەڵە بترسێ) پەیوەندی نێوان شێتایەتیو هونەر بێ کۆتاییە چونکە بە شێوەیەکی هەڵە دەستی پێکردووە، وادەستی پێکردووە، چونکە ئێمە ناتوانین لەمانەوەڕا پێهەڵێنین.

تێبینی: لە ئامادەکردنو وەرگێڕانی ئەو بابەتە (تسلسل) لەبەرچاو نەگیراوە لە کتێبی (الفن والجنس-میشال دیرمی) دەرهێنراوەو ئامادەکراوە.

# کەچڵی زێڕین دەشکێ
## (هەڵبژاردە)

هەموو ئەو فاکتەرانەی کە لە پشتی نووسینەوەی ئەو باسەن، کە پەیوەستە بە راڤەکردنی میتۆلۆژیاوە، بریتین لە کۆمەڵە چینێكو لە کاتی داماڵینو سپی کردنیان، یەك لەدوای یەکیانەوە، ئەوە یەکەم جار ئەوە بەدیار دەکەوێ کە بایەخێکی گەورەی هەیە لە هەمبەر لێتۆژینەوە لای (لیڤی شتراوس) کە سیستەمی فیکری ئەو کەڵە نووسەرە بە گەورەترین سەرکێشی دەژمێردرێ لە سالآنی رابردوودا، مێژوونووسان لەو رووەوە بایەخ بەو کەمبایەخییەی ئەو نادەن سەبارەت بە پاسڤینەو باکگراوندی مێژوویی ئەفسانە.

(جێمس فریزەر) کە کاری پشکنینی میتۆدی میتۆلۆژیای ئەنجامدا، میتۆلۆژیای ئەو میللەتو چاخانەی کە لە ژمارە نایەن، هەمیشە پشتی بە گریمانە کۆنینەکان دەبەست -ئیپۆتیز- بۆیە کارەکانی تووشی زەرەرێکی زۆر بوون بە هۆی کەوتنە ژێر کاریگەییەتی بۆچوونەکانی (ئۆگست کونت) کە دوور کەوتەوە لە میتافیزیكو ئایینو وای باوەڕ بوو کە مرۆڤایەتی لە سیحرەوە بۆ ئایینو

له ئایینەوە بۆ زانست پەرەی سەند، هەروەها کارەکانی فریزەر دیسان بەدەرکەوتنی فەلسەفەی وەزیفی تووشی نەهامەتی هاتن.

گەورەترین نوێبوونەوە لە تۆژینەوەی لاهوتی کە (یلتمان) پێشنیاری کرد، لە ئەنجامی ئەو مشتەکۆڵەیە بوو کە فەلسەفەی وەزیفی لە تەقلیدی (فریزەری)دا، نەیتوانی پشت بەو ئەندێشەکارییانە ببەستێ، کە میتۆلۆژیای بەراوردکاری کەونی پێی گەیشتبوو، بەڵکو تەنیا رەمزە میتۆلۆژییەکانی مەسیحی هەڵوەشاندەوە، سەبارەت بە (فریزەرو فرۆیدو یۆنگ)، قوتابخانەی کۆژمۆپۆلۆژی دێرین، مانای ئەفسانە رێگەی راڤە کردنەکانیان بوو، میتۆدی بنەڕەتی (لیڤی شتراوس) ئەوەبوو کە ئەفسانە بیر لەخۆی دەکاتەوە لەنێو ئەقڵی بەشەردا، واتە ئەفسانە چیرۆکێك نییە بەشێوەیەکی ئیرادیو هەڕەمەکی دروست بێ، بەڵکو بەتەواوی کۆنترۆڵی ئەقڵی بەشەری دەکاتو لەناو ئەقڵی مرۆڤدا گوزارشت لەخۆی دەکات، هەروەها ئەفسانە دەبێت وەك یەك راڤە بکرێتو ناتوانرێ گوزارە لەمانای بکرێت ئەگەر بەشێوەی چیرۆکی تاك تاك بێ، ئەو سەختییانەی کە بونیاتگەری تووشی هات, وامان لێدەکات بگەینە ئەو ئەنجامگیرییەی کە دەڵێ مەقبول نییە راڤەی میتۆلۆژیا بکەین بە (رێگایەکی) ناوەزیفیو لە رێگەی بەراوردکردنی بە

زمانێکی دیکەوە، بۆ ئەوەی وردتر بڵێین ئەفسانە لە ئەرك و پەیامی خۆی دانابڕێ.

شتێك نییە ناوی ئەفسانەی (ئۆدیب) یا ئەفسانەی خوای مردوو بێت، چیرۆکێکی سۆفۆکلیس هەیە لەمەڕ ئۆدیب، بەڵام حیکایەتی میللی دیکەش کە پێش چیرۆکی سۆفۆکلیس دەکەوێ و باسی (ئۆدیب) دەکات، راستە (لیڤی شتراوس) باس لە رەهەندی مێژوویی ئەفسانەکان دەکات کە دەڵێ شیکردنەوەیەکی بونیاتگەری دەبێ هەموو ئەو وێنانە رەچاو بکات کە ئەفسانە وەریان دەگرێت، بۆ نموونەش شیکردنەوەی ئەفسانەی ئۆدیب دەبێ کۆپی سۆفۆکلیس و کۆپی فرۆید رەچاو بکات، (مارسیل پرۆست) شیکردنەوەیەکی بونیاتگەرانەی تەواو لە رۆمانی-گەڕان بەدوای زەمەنی ونبوودا- پێشکەش دەکات، هەرواش (ئەبسن) لە شانۆگەری (هیداگا)-بلر-دا جیاوازی نێوان (پرۆست) و (لیڤی شتراوس) ئەوەیە دەستەواژەکانی پرۆست وەسفێکی زۆری لە پیشەوەی ئەزموونی دەروونییەوە هەیە بۆ ونبوونی زەمان، ئەوەی کە (پرۆست) دەیەوێت هەواڵیمان بداتێ ئەوەیە کە-زەمەن دەگەڕێندرێتەوە-.

راڤەی تۆبۆلۆژی دژی راڤەی بونیاتگەرییە بۆ میتۆلۆژیا کە ناوەزیفیە لە میتۆدی خۆی، هەروەها لە غایەتی خۆیدا، لیڤی شتراوس

دەڵێت: راڤەی بونیاتگەری ئەو مەودایە فراوان دەکات بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی نێوان مردنوژیان، بەڵام لە راڤەی تۆبۆلۆژی-دا میتۆدی تۆبۆلۆژی نابێتە شتێکی گەورەتر لە راڤەی میتافیزیکی بۆ دونیای سروشتی.

برێکی زۆر لەبەد حاڵیبوون لەوەوە هاتۆتەوە ئاراوە کە ئێمە نەمان توانیوە مەجازو ئەفسانە بەدی بکەین، بە پێیەی کە تەواوکەری یەکترین، مەبەست لەهەردووکیان کەڵەکەکردنی داکراوێکە لە سیمبۆلەکان بۆ سەر ئەو سیمبولانەی دونیای سروشتی بە ئێمەی دەبەخشێ، ئەو دنیا سروشتییەی کە ئەزموونی دەکەین.

جا ئەگەر بەو چاوە سەیری مەجازو ئەفسانە نەکەین کە تەواوکەری یەکترین، زۆر ئاسانە، بەڵکو زۆر زۆر ئاسانە با دایانبنێین کە دوو رەمزن بۆ چەند رووداوێکی سروشتی، ئەویش لەزۆر حاڵەتاندا رویداوە، رەمزێکی وەك خودای کراوەتە رەمزی خۆرەتاو، سیمبۆلێکی وەك قوربانیدان بەوە دانراوە کە داوەتێکی گەلە کۆییە، بە دەستەواژەیەکی دیکە ئەفسانە یا وێنەیەکی مەجازی بەو شێوەیە دانراوە کە نمایشی یا ئاماژەی ریالێکی سروشتییە. لەکاتی سەدەی نۆزدەیەمداو لەترۆپکی سەرهەڵدانی مەزهەبی ئەقلانیrationalism ی لیبرالی، سەیرکردنی ئەفسانەو مەجازەکان بەو پێیەی کە ئەلتەناتیڤی چەندین

رووداوی بەراستین، رەواجێکی گەورەی هەبوو، بەڵام لەکاتی ئێستا کـە هیچ پێداویستییەك داوای ئەوە ناکات کەرەخنە لە تیۆری ئەو-گۆڕینی سادە- یەکبگرین ئەگەر بێتو سەر لەنویٚ لـە نووسـینەکانی زۆربـەی زانا سۆسـیۆلۆژیو ئـەنترۆ پۆلۆژییەکانـدا، بـەدیار نەکەوێتـەوە. بـۆ نموونە(رۆبرت گریفز) هەنجەت بەوە دەگریٚ کـە ئەیقۆنەیـەکی کۆنینـە لەمەڕ کوشتنی(بلیوس) کە مرۆڤیٚ خەنجـەریٚ لەجەسـتەی پیـاوێکی خەوتوو دەدا لەکاتێکدا کە ژنێك لـەدواوە چـاودێری دەکـات...ئـەوە دەڵـیٚ ئەمـەیان وێنـەی رووداوێکـی حەقیقییـە وای بـاوەڕە کـە ئـەو ئەفسانەیەی دەڵێت کە خودا ژنی لەپەراسویەکی ئادەم خـەڵق کـردووە بەو وێنەیە گۆڕاوە کـە لـەو ئەیقۆنەیـەدا هەیـە لـەم دواییانـەش (م. ئەلیگرو) ئەوەی ورووژاند کە خەریك بوو بگاتە رادەی حـەیابردن لـەو کاتەی کە گفتوگۆی لەسەر ئەوە کرد کە خاچی مەسیح ئەلتەرناتیفی فیتری کەونییە کە ئەو تۆوانەی لیٚ دێتە خوارەوە هێجگار بەپیتن، ئـەو فیترەش ئەلتەرناتیفی ئامێری نێرینەیە کە زینـدەوەری مەنـەوی-تـۆ- هەڵدەپڕژێنیٚ، رەنگە لێرەدا شتێك لەراستی هـەبێت لـەو تێبینییـەی دەڵیٚ بـە شـکلگیرییەك هەیـە لـە نێـوان فـیترو سـەلیبو چـالاکیە تایبەتییەکانیان کە زیان دەبەخشن...بەڵام لەبەر ئـەوەی خـاچ و ئـەو بەرەکەتەی دەیبەخشیٚ لە فیترو پرۆسەی چاکردنی زیاتر سـنووربەندە،

ئەوە بێسوودە بڵێین کە سیمبۆلێکی فرە سنووربەند ئەلتەرناتیفی ڕەمزێکی کەمتر سنووربەندە، واتە یەکەمیان نمایشی دووەم دەکات. بەمجۆرە ئاماژەیە بۆ دووەم و هەرواش زیادەیە، هەروەها هەڵەیە کەوا ئەنجامگیری بکەین کە خاچ واتە فیتر. گەوهەری مەسەلەکە ئەوەیە کە (کەڕوو) وێنەیەکە یان نەمەتێکە، بەڵام خاچ نەمەتی خووپێگیراوە، جا بۆ دەرککردنی مانای زنجیرەکە ئەوە مرۆڤ ناتوانێ کە نەمەتی خووپێگیراو بەوە دانێ کە ئاماژەی نەمەتەو بەس، بەڵکو دەبێ کەشفی دژە نەمەتیش بکات لەو زنجیرەیەدا، لە ڕێگای ڕەسد کردنیانەوەش دەستنیشانی ئەو ئاقارە بکات کە لە ناو زنجیرەکەدا لەسەری دەڕوات، دوای بەرهەمهێنانی ئەوە دەتوانێ نەمەتێکی دژو کۆتایی بە پلەی دەستنیشانکردن وەرگرێ و ڕەسدی پاڵپشتی نەمەتەکانی دیکە بکات کە کەمتر دەستنیشان کراون.

بەمجۆرە دەگاتە ماهییەتی ئەو تیشکەی کە خراوەتە سەریانەوە، هەر بەم ڕێگەیەشەوە، بە شێوەیەکی دراماتیکی، دەگاتە ئەنجامگیری و یەکانگیری لەگەڵ بیروڕای (ئەلگیرو)دا.

ئیدی مرۆڤ ئەوە دەبینێ کە خاچ تیشک دەخاتە سەریان بەواتای کەڕوو دێت نەك بە پێچەوانەوە، (گای. ی. سوانسون) گفتوگۆ لەسەر ئەوە دەکات کە کائیناتە ڕۆحییەکان ئەلتەرناتیفی چەند بونیاتێکی

پێکهاتەیی دەست نیشانکراوی ژیانی کۆمەڵایەتیو زۆریش هەوڵیدا کە راڤەی سرووتییەتی جۆراوجۆری ئەو کائیناتە رۆحییانە بکات بە پێی بونیاتی پێکهاتەیی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی جۆراوجۆر.

دەبێ ئێمە تێڕوانینێکی گشتیو لێمشت بکەینە سەر کەشفکردنی زیاتر مەنهەجی ئەو رووداوانەی کە میتۆلۆژیاو میتافیزیك دەیشارنەوە.

توبیچ لە کتێبی (لە سەرەتاوە تا کۆتایی میتافیزیك) بە ەدووردرێژی باس لە بیرۆکەی میتافیزیکی دەکاو تێیدا پرەنسیبی میتافیزیك ئاشکرا دەکات کە لە ئەفسانەی جیا نەکردۆتەوە، دەڵێت: هەموو ئەوانە بەسەر پرۆسیسی بایۆلۆژی وەك لە دایك بوونو گەنجو پیرو مردنو سێکس دارێژراون هەروەها بەسەر ئەزموونی ئاسایی ژیانی خانەوادەییو سیاسیو داهێنانی هونەریو دەستکردی هونەرییە، بەمجۆرە میتافیزیکی وا پۆلبەند کردووە کە یان (خودانی شێوەیەکی بایۆلۆژییەbiomorphic یان خودانی شەکلێکی سۆسیۆلۆژییە sociomorphic یان خودانی شەکلێکی هونەرییە tiechnomorphic پاشان بەو ئەنجامگیرییە رازی بوو کە دەڵێت: میتافیزیك، فۆتۆکۆپی دەقاودەقی زیاد لە چالاکیو ئەزموونی ئاساییە کە لەتەك ئەوانو وەك ئەوان دادەڕێژرێ..پرەنسیپەکە وەك

چەند ئەلتەناتیفێکی زیاد لە نموونەی ئەسڵی- وەدیار دەکەوێ، رای (توبیچ) کە دەڵێ: میتۆلۆژیاو میتافیزیك-لە ئەزموونی ئاساییەوە وەرگیراون- راستە بەڵام توبیچ لەوەدا هەڵەیە کە دەڵێ: میتۆلۆژیاو میتافیزیك جگە لە ئەلتەرناتیفێکی نازەرووری ئەو ئەزموونانە هیچی دیکە نییە.

بەپێچەوانەی ئەوانەوە وا بەدیار دەکەوێ کە بەرفرە بوونی تۆبۆلۆژی ئەزموونی ئاسایی‌و سەرەتایی بە زەروورەت دادەنرێ چونکە ئەو ئەزموونە بە شێوەیەکی سیمۆلۆژی کار دەکات بۆ پێناسەکردنی حاڵەتەکانی شعوور واتە پارسەنگی بابەتییە بۆ حاڵەتەکانی شعوور، ئەو گۆکارییەش مانای ئەوە نییە کە ئەزموونی ئاسایی شتێکی دیکەیە غەیری حەقیقەتی خۆی هەروەها سیمبۆلە، هەر لەبەر ئەو وەسفەی کە رەمزە پێویستی بە بەرفرە بوون هەیە، زیاتریش لەوە بەرفرە بوونی تۆبۆلۆژی، هەر ئەو هۆیەش کە میتیۆلۆژیامان دەست دەکەوێ‌و پاشانیش میتافیزیك.

جا کاتێ کە (توبیچ) بایەخی خۆی تەرخانی شکلگیری دیاری میتافیزیك یا ئەفسانەو رووداوی کۆمەڵایەتی‌و هونەری‌و بایۆلۆژی کرد ئەو کاتە بازێکیدا بۆ ئەنجامگیرێکی هەڵە.. ئەگەر ئەو بەرفرە بوونی تۆبۆلۆژی نێوەندی بەدیقەتێکی گەورەترەوە کردبا ئەوە توانای

ئەوەی نەدەبوو کە بگاتە ئـەو ئەنجامگیرییـەی کـە دەڵـێ میتافیزیـك فۆتۆکۆپی تەواوی زیادەیە لە ئەزموونی ئاسایی، ئەو رەخنەیەی کە لە ئەنجامگیری (تیوبیچ) دەگیرێت لە تێبینییە زیرەکەکانی کەم ناکاتەوەو هەروەها لە قۆلبەنکردنی پرەنسـیبەکانی میتافیزیـك کـەم ناکاتـەوە بەوەی کە چەند شێوەیەکی بایۆلۆژیو هونەری سۆسیۆلۆژی هەیـە بـە پێچەوانەشەوەو هەمان ئەو تێبینیو پۆلبەندکردنـە تەئکیـد دەکـات، بەڵام تەنیا، گومان دەخاتە سـەر ئـەو ئەنجامگیرییـەی کـە (تیـوبیچ) وەدەستی دەهێنێ.

ئەگەر هاتوو ئەو نموونانەی دواییمان بە هەند هەڵگرت کە لەسـەر ئاستێکی فراوان گفتوگۆی لەسەر دەکرێ بەدیار دەکەوێ کـە هەڵەیـە تیورەکانی_گۆڕینەوە- رەت بکەینەوە بەو پێیـەی بەرهـەمی چـەرخی مەزهەبی کە ئێستا بەسەرچووە، جا ئەگەر رێگە درا بەو تولاندنـەوەی کە بناغەی تیۆری گۆڕینەوەیە تا پەرشو بڵاو بێت ئەو کاتە پێویسـتە لەسەرمان هەوڵبدەین هەموو ئەفسانەیەك یا مەجازێك بگەڕێنینـەوە بۆ ئەو شتانەی کە بە هەڵە گریمان دەکرێ کە نوێنەرایەتیمان دەکات

(مالینۆڤیسکی) بـە توونـدی دەسـتی بەسـەر ئـەوە داگـرت کـە دانیشتوانی دوورگەی-پربریاند- بە تەواوی دەرکیان بـەوە دەکـرد کـە منداڵان لە کوێوە دێنو مرۆڤ پێویستە کە ئەفسانەکانیان سەبارەت بە

زاوزێ وەرنەگرێ لە بەهایان وەك دەلیلێگ بۆ بێسەوادیان (هـ. ویرز) نووسیویە کە مەعریفەی وردو تەواو سەبارەت بە حەقیقەتی ژیانی سەخت سەبارەت بە مرۆڤی سەرەتایی ئەوانەی کە باری زرووفی سەخت دەچێژن بەوە دادەندرێت کە مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ مانەوە، وامان بۆ بەدیار دەکەوێ کە مرۆڤی بەرایی ناتوانێ لە نێو ریالّ-دا وێنەی مەجازی قەبولّ بێ، (ماکس مولر) کە بەوە دادەنرێ لە هەموو زانا زمانەوانییەکاندا زیاتر حەماسی هەبوو، لە سەدەی نۆزدەیەم سەبارەت بە تیۆرەکەی کە دەڵێ میتۆلۆژیا بریتییە لە رێ لادانی زمان، هەولّیدا ئەوە بەدیار بخات کە تیشکی خۆر دەتوانێ ببێ بە پەنجەی خوا، هەورو بارانیش چەند مانگایەکی ئاسمانین بە خۆیان‌و بەگوانی پڕەوە.

عەڕافیش زەیوسە.

(ئەندرو لانگ) دژی ئەو رایە زمانەوانییەی (مولەر) وەستاو وتی: کە ئەو تێکچڕژانە سایکۆبیە زیاتر لەوەی زمانەوانی بێ، بەلاّم لەسەر ئەوە رێکەوت، بۆیە ئەفسانە دروست کراوە چونکە مرۆڤە سەرەتاییەکان بەردەوام بوون لەسەر ئەوەی کەوا لەشتی ناحەقیقی بکەن کە جێگەی حەقیقی بگرێتەوە گوان لە شوێنی هەور هاتووەو زەیوسیش لە شوێن عەراف.

هەر لەبابی ویژدانەوەش دەبێ ئەوە بڵێین مولەرو لانگ هەردووکیان دەستیان لەسەر خاڵێکی هەرە گرنگ داناوە، هەردووکیان وایان بینیوە کە ئەفسانە شێوەیەکە لە شێوەکانی مەجاز چونکە هەوری بەباران یا بارێنەرو گوان لەگەڵ لە خەسڵەتەکانیاندا کۆکراونەتەوەو لەو شوێنە دابڕێندراون کە لەناو سروشتدا هەیانە،بەجۆرە مرۆڤ وێنەیەکی نوێی دەست دەکەوێ، بەو مانایەی کە تێکەڵکردنی رەگەزەکانە لەبەر ئەوەیە کە دەڵێی رووداوی ماتریال روحانییە یان لە رێ لادانی هەمووکی زمان لە ئەنجامی تولاندنەوەیەکی زمانەوانییە.

قوتابخانەی ئەفسانەو سرووت راڤەیەکی تازەی دۆزیوەتەوە بۆ حەقیقەتی ئەوەی کە ئەفسانە (چەند چیرۆکێکی پڕ زێدەڕۆییە، بەو مانایەی چەند چیرۆکێکن ناتوانرێت باوەڕ بکرێت کە روویانداوە.

بەگشتی هەموو ئەو تیۆرانەی-گۆڕینەوە-یەی کە باسمان کردن، وا گریمان دەکەن کە رەمز تەنیا ئاماژەیە یان هێمایەو مرۆڤ دەتوانێ لە رێگەی گۆڕینەوەیان بە شتی دیکە کە هێمای بۆ دەکەن بە مانایان کەوێ... تەنیا شتێ کە لەم تیۆرانەدا هەیە لەوەدایە کە ئەو شتەیان کەشف کردووە کە هێمای بۆ دەکەن.

* له دوای خوێندنەوەی کتێبی (حین ینکسر الغصن الذهبي) بنيوية ام طوبولوجيا- زۆر شتم وەك وەرگێڕان‌و ئامادەکردن لا گەڵاڵە بوو بۆیە هەر هەموویانم دارشتەوەو ئەم نووسینەی تێدا لە دایك بوو، ئەم کتێبە (بیتر مونز) نووسیویەتی کە لەسەر نەغمەی کتێبەکەی (جێمس فریزەر) (الغصن الذهبي)یەو صابر سعدون کردوویە بە عەرەبی.

## مەرگی مرۆڤ

## لە سێبەرە ساردەکانی یاسادا

## تیشکێکە بۆسەر رۆمانی (بێگانە)ی کامۆ

ئەلبێر کامۆ یەکێکە لە ئەدیبە هەرەگەورەکانی فەرەنسا کە بەهۆی بەرهەمەکانی خۆی توابیویەتی سنووری نیشتمانەکەی خۆی بشکێنێو ببێتە موڵکی هەموو مرۆڤایەتی.

کامۆ خۆی لە ساڵی ١٩١٣ لە وڵاتی جەزائیردا لە دایكو باوکێکی فەرەنسی لەدایك بووە، دیستۆڤیسکی گەورەترین نووسەری رووسی هێجگار کاریگەر بووە بەسەر کامۆوە، کامۆ ئەو کاتەی رۆمانی-غەریب-ی نووسی کە وازی لە حیزبی کۆمەنیستی هێنا، لە ساڵی ١٩٥٧ خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەب وەرگرت، کامۆ بەرهەمێکی زۆری هەیە لە ئەدەبو نووسینی جیاجیا لەوانە، سیزیف، مەنفاو مەلەکوت ،گیۆتین، شایی.........هتد.

کولن ولسن لە کتێبی – رحلة نحو البادية - دا باس لە نموونەیەك دەکا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە وەڕسی-الضجر- هاوژینی مرۆڤەو مەحاڵە بتوانێت لێی رزگاربێت، واتە وەڕسی پارسەنگی بابەتی

ویژدانی مرۆڤە بۆ ئەم مەبەستەش نموونەی ئەفسانەی پیرەژنی ناو شوشەی هێناوەتەوە، کەدەکرێ دەرسی کولن ویلسن لەناو بێهودەیی کامۆدا بەرابەر بکەین، ئەلبێر کامۆ خودانی دەفتەری هەمیشە زیندووی بێهودەییە کە لەنێو رەحمی (ئەگزیستالسیالیزم)ی ئەورووپی لەدایك بووەو ئاسەوارەکەشی پەڕیەوە هەموو دونیا، بەشێوەیەك دەنگی دایەوە کە مرۆڤ لە باس کردنیا تێدەگا شەڕو پێکدادان چەند کاریگەرە بۆ لەناوبردنی رۆحی مانەوەو موقاوەمەکردن، شەڕ چەند بەتینە بۆ خەڵفکردنی هەرماسی نەهامەتیو لەناوبردنی هەموو کون‌وکەلەبەرێ کە تیشکی گەشبینی تیادا دەچێتە نێو ژوورەکانی رۆحو مرۆڤ بۆ ژیانێکی پڕ لە بەخشش هاندەدەن.

رۆمانی-بێگانە- (کە بەڕای من نەدەبوا، د. موحسین ئەحمەد عومەر موفرەدەی (بێگانە)ی بۆ ئەم رۆمانە بهێنابایەوە کەکامۆ بۆ مەبەستێکی فەلسەفی یاسایی بەکارهێناوە لە کاتێکا وشەی (بێگانە) هاتن خوارەوەیەکی دیکەیە لەزمانی کوردیو لە چەمکێکی کۆمەڵایەتی جیادا دروست بووە وەك وشەیەکی ئاوێتە-مرکب- خۆ ئەگەر هەر وشەکەی-غەریب- دانابایە گەلەك چاکتربوو، هەتا لە عەرەبیش نەهاتوون وشەیەکی دیکەی وەك مانا کوردییەکەی د. موحسین ئەحمەد عومەر-دابنێن).

وتمـــان رۆمـــانی —بێگانـــه- ترۆپکـــی نوانـــدنی ڕەوحانیـــەتێکی ڕۆژهەڵاتییە لە جلی بێهودەیەك کـە هـەم دیـدگای فەلسـەفیو هـەم دیـدگای ئـاوارەییو هەسـتکردن بـە نـامۆیی دروسـتیان کـردووە بەشێوەیەك سادەو پڕ لە خوێن تەعبیری لێکراوە کە جۆرێك سیحر لـە حیکمەتی کەلامدا بەدی دەکرێ،- بەتایبەت لە بەشەکانی پەیوەسـت بـە دادگـایی کردنومانـەوەی پـاڵوان لـە زینـدانـدا- کـە هـەوڵو تەقەلّلایـەکی زۆرە بـۆ خۆپاککردنـەوە،. (بـەڵام لەبـەر ئـەوەی بـەری تاوانێکم لەسەر پشت بوو دەبوایە خۆمی لێ رزگاربکەم، بەقسەی ئـەو عەدالەتی مرۆڤ هیچ نییـە بـلاّم عەدالـەتی خـوا هـەموو شـتێکە) (ئەویش وەڵامی دامەوە لەگەڵ ئەمەش ئەم حوکمدانە منی لە گونـاه پاك نەکردۆتەوە) هەر لە سەرەتای رۆمانەکـە هـەموو بیرۆکـەی خـۆی دەخاتە روو کلیلی نهێنییەکان بەدەستەوە دەدا.

(ئیمـرۆ دایکـم مـرد، نـازانم دوێنـێ مـرد) بـەجۆرە مـردن لـە دەستەواژەیەکی ئاوادا کاریگەریو ئاسەواری زۆری خۆی دەنوێنـێ کـە لەلای کامۆ کۆتایی هاتنی هەموو شـتێك نییـە بـەڵکو بـەلای ئـەو هۆیەکیش نییە بۆ گۆڕان لە شێوەی بیرکردنەوە، وەنـەبێ کـامۆ رووت بووبێتەوە لە هەموو ئیحساساتێکی مرۆڤایەتیو لەهەموو بەهایـەکی ئینسانی شۆرابێتەوە بۆیە مردنی دایکی هیچ کاریگەرییەکی نەبوو لە

کاتی ئـەو هەواڵـە (دایکـی مـرد، ناشـتن بـەیانی) دیـدگای کـامۆ سەبارەت بـە ژیـان هـەموو نهێنییـەکی مردنـی لای کـامۆ ئاشـکرا کردووەو ئاسۆی فیکریو فەلسەفی بۆ دروستکردووە بۆیە بە بیسـتنی هەواڵی مردنـی دایکـی کـەم تـا زۆر داخورپانێـك لای ئـەو دروسـت ناکات، ئەلێرەدا مردنی دایکی خۆی بێت یا هی کەسێکی دیکـە کـە کامۆ مەبەستییەتی مردنی سەرجەم بەشەریەتە کـە بێهـودە هـەوڵی ئەوە دەدات بژییت.

(ئایا زیندەگی شایانی ئەوەیە کە تیایا بژیین) مردنی دایك، مردنی رۆژهەڵاتێکە لە قووڵایی پاشەکشەی لێکدانەوەی خۆیـا دەژی، مردنـی جیاوازی نەکردنی ئەو دەڤەرەیە کەتیایا سنوور لە میانی مردنو ژیـان نەماوە.

بێهودەیی پاڵەوانیش بێهودەیی سەرجەم ئەو مرۆڤانەیە کە پەی بەم حەقیقەتە دەبەن تەنانەت پەککەوتوخانەکەش کـە لـە (مـارینگۆ)ی هەشـتا کیلۆمـەتر دوور لـە جـەزائیرە، پەککەوتوخانـەی سـەرجەم ئینسانیەتە کە لە نێو کۆتایی هاتنی خۆیاندا دەژینو چاوەڕوانی مردن دەکەن، ئەلێرەوە دەزگای گرنگی سەردەم دەست نیشان دەکرێ.

- دەزگایەك پێشوازی ئەوانە دەکات کـە لـە ئاسـتی رووداوەکـانو ئاستی پرۆسێسی گەورەبوونی جەستە بەرەو مردن دەچن کە بەناو بەرەو

راحەتیو (مەصەحات) بەرەو چاکسازی-بەندیخانەکان- دەچن وەك چۆن —فۆکۆ- لە باسی شێتخانەکان وەك دەزگا باسیان دەکا کە کەرەسەی رۆحیەتی مردنیان پێ دەبەخشرێ.

- دەزگایەك کە بەرهەمهێنەری بێهودەییە بۆ مرۆڤ لە ئاستی رووداوەکانی ژیانو چۆنییەتی بیرکردنەوەی پاڵەوان ئەویش وەستانە وەك چاودێرێ لە دەرەوەی شەرگەکانەوە کە پاڵەوان دەچێتە پەککەوتوخانە بۆ ئەوەی دایکی ببینێ دەبوایە تابوتەکە سەر لەنوێ بکەنەوە تا بۆ دواجار چاوی بەدایکی بکەوێ بەڵام پێی وتن مەیکەنەوە کە لێیان پرسی بۆ؟ وتی نازانم! (پێی وتم بۆچی؟ وتم نایزانم) دووبارە بوونەوەی وشەی نازانم بەو ریتمەی کە دەربڕاوە هێندەی دیکە چەمکی بێهودەییو تەغریب لەم رۆمانەدا قووڵتر دەکاتەوە.

لە رێگەیەکی دیکەدا چەمکەکە تەواو دەخاتە بەردڵو دیدی خوێنەرەوە کە دەڵێ (ئەوانی دیکە وا دەهاتنە بەرچاو گوێتان لێ نییە گشتییان خەمبارو گرفتارو بێدەنگ بوون تەماشای تابوتو گۆپاڵەکەی خۆیان دەکرد) لێرەدا پێوەندییەکی قووڵ هەیە لە نێوان سەرجەم مێوانانی پەککەوتوخانەکە ئەو پەیوەندییەش پەیوەندییەکی رۆحیەتی بەرەو مردن چوونە بریتییە لە چاوەڕوانی کردنی مەرگ،

مەرگێك كە كەسێ دەسەڵاتی راگرتنی نییەو رۆژانەش بە بەرچاویان یەكێ دەمرێ مەسەلەكە پەیوەستە بە نۆبە هاتن.

تابووت، مردنی رۆژانەی یەكێك، گۆپاڵ، مردنی داهاتووی یەكێك دوای ئەو، واتە تابووت رەمزێكە بۆ مردنی حەتمیو گۆپاڵەكەش رەمزێكە بۆ مردنی سبەینێ پاش بینینی تابووت، ئەگەر دیقەت بكەیت دەبینین (نازانم)ی كامۆ دووبارە دەبێتەوە، ئەم پەڕەگرافە بخوێنەوە:

(تەلەفۆنەكەی بەدەست گرتو پێی وتم "كارگوزەرانی ناشتنی دەمێكە لێرەن ئێستا داوایان لێدەكەم بێن تابووتەكە داخەن، ئایا دەتانەوێ بۆ دواجار سەرنجێكی دیكەی دایكتان بدەن؟" (وتم نەخێر..........)

ئەم پێداگرتنەی پاڵەوان كە حەتمەن ناخی كامۆیە تەنیا یەك شت دەسەلمێنێ ئەویش بێهودەیی راستەڕێیەكی دیاریكراوی ئەقڵ دەدا بەو مرۆڤەی بێهودەیی هەڵدەبژێرێ- بێهودەیی بە مانا ئیجابییەكەی- نەك بازاڕییەكەی بەمانا فەلسەفیەكەی، ئیدی ناخزێتە ژێر كاریگەرێتی راكردن بە دوای حەقیقەتێك كە ئاوابووەو یاساكانی كاری پێناكرێت.

تا له باسکردنی (سالانۆماو سەگەکەی)دا دووباره (کامۆو کۆلن ولسن) بەیەك دەگەنەوە کە کامۆ لە وەسف کردنی پێوەندی (سالانوماو سەگەکەی)دا دەڵێت (ئیتر هەموو رۆژێك بەمجۆرەیە).

لەراستیدا ئەم رۆمانە هێندە باس لە چارەنووسی مرۆڤ دەکا هێند بەدوای کارە هونەرییەکانی رۆمان ناگەڕێ، کامۆ لەم رۆمانەیدا ویستویەتی چەمکی بۆچوونی خۆی سەبارەت بە مردنو ژیانو یاساو دادگا بدا بە خوێنەر، هەروەك چۆن لە کتێبی-گیدتین-دا باس لە حوکمی یاسای سزادان دەکا سەبارەت بە (ئیعدام) کردن بە تایبەت لە ئیعدامکردنی (کابرایەك کە خێزانێکی جووتیاری بە منداڵەوە سەربڕی بوو) لە جەزائیر لە(١٩١٤).

دەمێنێتەوە ئەوە بڵێم دەستخۆشی لە د. موحسین ئەحمەد عومەر دەکەم بۆ ئەو کارەی کە بە زمانێکی خۆشو شێوازێکی پڕ بە پێستی ماناکانی ئەسڵی خۆی ئەم رۆمانەی کردووە بە کوردی.

بەکورتی:

پاڵەوانی رۆمانی بێگانە ناوی میرسۆیە، کارمەندێکی دەوڵەتی جەزائیرە دایکی دەمرێو ئامادەی پەککەوتوخانەکەی دەبێ تا بەشداری بکات لە مەراسیمی کفنو دەفنی دایکی، بەڵام ساردییەکی گەورە دروست دەکات بۆ خەڵکەکە نایەوێت بۆ دواجار دایکی ببینێ پاشان

دەبێتە هـاوەڵی کچـێك بـەناوی-مـاری کادۆڤـا-و بەیەکـەوە دەچـنە سینەما، پاشان دەچێتە لای-ریمـون-و سـەبارەت بـە کێشـەی ریمـون لەگەڵ عەرەبێك بەشەڕ دێ‌و چوار گوللەی لێدەداو دەیکـوژێ کـە لـە رۆمانەکەدا رەمـزن‌و دەکەوێتـە زینـدان‌و دادگـایی دەکـرێ، مەرسـۆ هەمیشە رەتی ئەو ژیان‌و تەقالیدانەی دەکردەوە کەلـە سـەر بناغـەی ناڕاستی‌و درۆو فیشاڵ دروست کراون، هەستی بە غەریبی دەکرد لـەو رووپۆشـانەی دادگـاو لـەو رۆڵانـەی کـە دەیـانگێڕاو حـوکمی لـە سێدارەدانیان بۆ دا.

## چیخەف
## مەلی نەورەس لە چەند نمایشێکدا

(١)

دوای رابردنی چارەکە سەدەیەك بەسەر نمایشی مەلی نەورەسی چیخۆف بۆ یەکەمجار لەسەر یەکێ لە شانۆکانی بیترسپورگ لەسالّی ١٨٩٥،دەرهێنەری فەرەنسی-الفافراسون- دووبارە لەسەر شانۆی پاریس نمایشی کردەوەو پشتی بە دەقی ئەسڵی ئەم شانۆگەریە بەستا کە لە فەرەنسادا نمایش نەکرابوو، بەجۆرە نمایشێکی پڕ جورئەتی پێشکەشکرد کە لە مەو پێش‌و بەدرێژایی سەدەیەك زۆربەی شانۆکانی دونیا وایان نمایش نەکردبوو ....

چێخەف لە سالّی ١٨٩٥ئەم شانۆگەرییەی نووسیوە، دووبارە پێیدا چوبووەوەو لە ئەنجامی دەقی دووەمی وەدەست هێنا کە بە نوسخەی ئەکادیمی ناودارە، یەکەمجار کە نمایش کرا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، بەلاّم پاشان لە مۆسکۆدا بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە نمایش کرا، کاتێك لەلایەن (نمیرۆنیفش)و (ستاتسلاڤسکی) کە دامەزرێنەری شانۆی مۆسکۆ بوون، هەر لە سالّی ١٨٩٨ ئیدی لەسەر شانۆکانی ئەوروپادا نمایش دەکرا کە زۆربەی جاران شانۆگەرییەکە وەك گەڕانەوە

بۆ رابردوو دەنوێنرا، لە رێگەی چەند کەسایەتیەك (کەسادەو ساکار بوون) پاشان (ئەلن فرانسون)ی دەرهێنەر بەشێوەیەکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ ئەو شانۆگەریە کرد، کە دەقی ئەسڵی ئەو شانۆگەرییەی دەرهێنا کەسێتی چیخەف وا بەدیار کەوت کە لە حاڵەتی شەڕدابن..لە شەڕو کێشەدا بوون تا لە دونیایەکی نا سەقامگیردا بژین، چەند شەڕکەرێك بوون گۆشەگیر بووبوون، ئەم دیدگای دەرهێنانەی-ئەلن- بوو کە لە شانۆی شارا پێشکەشی کرد لەناو هەوایەکی باکووری ساردا بەسەر تەختەییێکی سپی کە جوان دەریلچەی وێنەکراوی سەر نابلۆی دەخستەوە یاد، هیچ رووناکییەکی کپ نەبوو بەڵکو هاتوچوونێ هەبوو لەمیانی داهاتنی شەوێکی تاریكو رۆژێکی رووناكو هەروەها لەرزینێکی کپی ماڵێکی داخراو...رووناکی هی- (جویلو کریستیان بینو) بوو کە خاڵێکی سەرەکییە لە پرۆسێسی دەرهێنان- تا ئامادەیی دیدی کەسێتییەکان کە بەدەگمەن چاوو وردەکاری جەستەیان دەبینرا، وەك بڵێی هەموویان تووشی نەفس کزی بووبنو جەستەیان وردوخاش بکاتو وەك ئارامی بەدیار بکەن.

(٢)

## كۆمیدیا

ئەم شانۆگەرییە بۆ؟ ئەو چیخەفەی لەگەڵ-ئەلن-دایە هەمان ئـەو چـیخەفە نییـە بـەڵکو چـیخەفێکە لـەلای-ئەنـدرێ مـاکوفچ-وەرگێـڕدراوە، هـەروەها لەلایـەن-فرانسـۆ مورڤـان- کـە دووانـەی راپەراندنی بەرهەمی روسین، ئـەم دوانەیـەیی بەپێچـەوانەی ئەوانـەی پێش خۆیانن هەر لەهەمووشیان ناودارتر-ئەنتوان ڤیتز-کـە سـنووری هەموو قەدەغەیەکی وردوخـاش کـرد، یەکـەمین جـار دەقـی ئەسـڵی چـیخەفی وەرگـرت لـە فەرەنسـا نـەك نوسـخە ئەکادیمیەکـە-مـەلی نەورەس- نوسخەیەکە مەودا والاّ دەکـات لەبـەر دەم چـێخەف تـا بـە کەیفی خۆی بچێتە قولاّیی ئارەزووەکانی، لەنووسینی شانۆگەریەك کە گفتوگۆی ئەدەبی جۆراوجۆرو کەمێك جووڵەو پێنج کەسێتی تیـا بـێ تووشی داوی خۆشەویستی بووبن"

(مەلی نەورەس) پێنج پیاوو پێنج ژن پێشکەش دەکات کە عەشقی یەکترین (ئەرکادینا-دومینیك-ڤالادییە) ئەکتەرێکی نـاوداره لەگـەڵ نووسەرێ دەژیت کە لەو کەمتر نییە لەناوداری، تریگون (کارلوبراند) کە دەکەوێتە دوای خۆشەویستی (نینا) (ڤالیری دیرڤی) گەنجێکە خەو بەئەووە دەبینێت کەببێ بە ئەکتەر کە-تریپلیف (کلـونی کورنیـاك)

بێ هیوا خۆشی دەوێت ((کوڕی ئەرکادینا)) کە دەیەوێ لەگەڵ دایکی کە زۆر سەختەنداز بوو بژیت،بەڵام (تریپلف) (ماشا) ئەوی خۆشدەویست کە (میشیل گودییە) بوو کە کچی بەڕێوەبەری ماڵ بوو، شامرایف (بییربابو)و پولینا (کلیر واپیون) کە عەشیقەی (جان کلود)ی پزیشك بوو، بەڵام (مدڤینکو)ی مامۆستا کە (گیوم الفیل) بوو ماشای خۆشدەویست، تەنها سورین (جان بیر دونیاك)ی برای ئەرکادینا کەسی خۆشنەدەویست، ئەو پیربوو.

(٣)
## نۆكەس لە گۆشەگیریدا

مەلی (نەورەس) دووبارە نۆ کەسەکە لە گۆشـەگیریدا دەژیـن، هـەر هەموویان دەزانی کە حسێبی هەیە دەبێ سافی کەن لەنێو مەسـەلەی تایبەتی خۆیان، لەمیانی خۆیان قسە دەکەن، هەر یـەك لەوانـە ئـەوە لەویتر دەبینێ کە ئاوێنەیەکە شەڕی ناوەکی وە دەرنادا هەنـدێك تـرس هەیە لە نوسخەی ئەسـڵیدا، شـەیدابوون بـۆ رابـردوو دژی نوسـخەی ئەکادیمیەکەیە کە موستەحیلی تیایە، کەسێتییەکان هەرچیان هـەبێ دەیلێن، کـە لـە ئێسـتایەکی پـڕ لـەئازاردا دەژیـن تـا رادەی مـردن هەرچەند شانۆکە بە خۆکوشتنی (تریپلیف) کۆتایی دێت بەڵام ئەمـە مانای کۆتایی هاتنی نییە.

دیدگایـەکی وا بـۆ –مـەلی نـەورەس- شـتێکی تیایـە کـە هەڵتدەتەکێنێ بەڵام وامـان بـەجێ ناهێڵـێ کـە بـێ موبـالات بـین.. ئەوەشیان لەو پەیوەندییە دایە کە دەرهێنەری فەرەنسی-ئەلن- لەگەڵ کۆمەڵێ ئەکتەر دروستی دەکات،کەزیاتر لەخێزانێکن، -الن- ویستی بەردەوام بێ لەو کارە کە بـەدەرهێنانی شـانۆی شـەڕی-ئەدوردبونـد- دەستی پێکرد، کە هەر هەموویان بە شـێوەیەکی زۆر مـەزن بـەردەوام

بوون له پێشاندانی دەوری خۆیان که ئەمجۆره پێشاندانه زۆر کەمە لە شانۆی فەرەنسی که وایان له (مەلی نەوڕەس) کرد ببێتە شانۆی جەنگ رێك به پێچەوانەی ئەوەی که ناسراوه پێی.

(٤)

## دونیاییێکی مردوو که خاڵی نییه له ئارەزوو

له نامەیەکدا بۆ دەرهێنەر له کاتی مەشقدا لەم شانۆگەرییه (ئەدوارد بون) لەبارەی گۆشه نیگای خۆیەوه سەبارەت بە شانۆگەری چیخەف دەدوێ، هەر له ساڵی ١٩٩٢ دەرهێنەر (ئەلن) بۆ یەکەمجار دەقێکی-ئەدوارد-ی دەرهێنا، دەرهێنەرو نووسەری شانۆگەری بریتانی بەرێك‌و پێکی نامەیان لەگەڵ یەکدی دەگۆڕیەوه، لێرەدا پارچەیەك لەو نامە دوورو درێژەی بڵاودەکەینەوه که له میانی یەکتردا گۆڕیبویانەوه له کاتی مەشقەکانی شانۆی (مەلی نەوڕەس).

که دەستم به نووسین کرد چیخەفم باش دیراسه کردبوو ئەویش وەك‌و-ئەبسن- زۆر جاران مرۆڤێکی میلۆدرامییه بەشێوەیەکی زۆر غەریب..زۆر جاران بیرم کردۆتەوه که شیکردنەوه دەبێ میلۆدرامی بێ (رووداوەکانی شانۆگەریەکه بەمەوه پەیوەسته هەرچەنده لەوانەیه

کلاسیکی بێ) هەروەها گێڕانەوە دەبێ واقیعی بێ.شیکردنەوەو گێڕانەوە لەیەك نزیکن لە کارەکانی چیخەفدا، چونکە کۆمەڵەکەی هەوڵدەدات بەخۆی لەخۆی بگات بەڵام کۆمەڵی ئێمە ئەمەی بەجێهێشتووە ئێمە بیر لە چارەسەری دەروونی دەکەینەوە هەروەك بیر لە چارەسەری ئابووری دەکەینەوە، بەڵام لە کۆمەڵگەی چێخەفوتولستویو دیستۆڤیسکی، کاریگەرێتی ئەو شتە لە رێگەی پرسیارەوە هەست پێدەکەین کە دەیخەینە پێش چارەسەرەکان.

یەکەمین شتێ کە دەبێ ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە چیخەف هەمیشە سەردولکە بێژنە بووە، کەسێتی (مەلی نەورەس) هەموویان نەخۆشنو هەست بە هالاوی لە دایك بوونو ئازاری منداڵێتی دەکەن، کە-ماشا- منداڵەکەی خۆی پشت گوێ دەخا (میدڤنگۆ) پێی دەڵێت (با برۆین من گرەو دەکەم کە منالەکەمان برسییەتی) (ئەوەیان کارێکی پڕ ئازارە سەبارەت بە منالەکەمان) ئەو سێ شەوی بەسەراچوو کە بێ دایکە) بەڵام باوکی تریلیف لە شانۆگەریەکەدا نائامادەیە لەگەڵ ئەوەش کە هەموو کەسێتییەکان ئەوانەی کە پیرن باوکن تاکە کەسە کە هەست دەکات لیی نزیکە، (سورین)ی مامیەتی، کە لەرووی جینسیو کۆمەڵایەتی ناتەواو بوو، تریلیف

ماچی دەکات کە نینای وەبیردێتەوە کە خۆشی دەوێت هەروەها دکتۆریش ماچ دەکات (سورین) کە ستایشی شانۆگەرییەکە دەکات.

لە شانۆگەرییەکەدا هەموو کەسێك ئەوی دی خۆشدەوێ کە خۆشەویستی لەگەڵدا ناکات، نەخشەی شانۆگەریەکە لۆژیکیە بەسەر ئەو پەیوەندییەی هاملێت لەگەڵ باوکیدا هەیەتی چەقبەستن (هەموو کەسێك‌و لایەنێك لەو لایەنە دوژمنکارێتییەی ئەو پەیوەندییەوە پەیوەستە بە یەکێك لە دیمەنە جیاوازەکانی. بەشی یەکەم باس لە عوقدەی پەیوەندییەکان دەکات لە دونیایەك کە خاڵی نییە لەئارەزوو- گوناهکردن- چاوی شەیتان لە دەریاچە بەدیار دەکەوێ، دوای گێرمەو کێشە جەستەو ئارەزوو یەکتر دەگرن (یەکگرتنێکی جوان) چونکە پێشبڕکێ لە هەموو شتەکاندا هەیە.

## (٥)
## پێکەوەبوونێکی نموونەیی

لەساڵی ١٩٩٢ کە (الن فرانسون) بۆ یەکەمجار شانۆگەری- ئەدوارد بوون-ی دەرهێنا کە بەناوی -تێکەڵێك لە خەڵك- بوو

هەردوو ئەو دوو پیاوەو بەردەوام بوون لە هێنانەدی شانۆییێکی تازە کە قسە لەبارەی دونیای تازە بکات لەهەمان کاتدا بچێتە ریزی تەقلیدی شانۆیی قـولتّرو جیـدی تـر، لەبـەر کاریگـەرێتی سـێینەی-شانۆگەرییەکانی شەڕ- نووسـەری بـەریتانیو دەرهێنـەری فەرەنسـی بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ سەبارەت بە شانۆگەری (مەلی نـەوڕەس) کە شانازیا پێوە دەکرد، پاشان (ئەلن فرانسون) شـانۆگەری (قـاوەی) ئەدواردی دەرهێناو لەسەر تەختە شانۆی (بان) نمایشی کـرد پاشـان دووبارە (تێکەڵێك لە خەڵك)ی دەرهێنایەوە بە دیدگایەکی تازەتر.

سەرچاوە

الموقف الثقافی-١٩٩١

العدد-١-٢

## ئارەزوویەکی بچووک
## بەناوی ئازادی...

سادەو بچووکە ئارەزووان دەجمێنێ، دروستکەرو شادیهێنەر تەنها وشەیەکە بە شەش پیت، لە هەمان ئەو پیتانەی رۆژانەی کووچەو کۆلانان، ئەویش ئازادییە، کە گوتنی ئازادە، بەلام داواکەی زۆر دژوارەو کارپێکردنیشی دژوارتر، رازێکە لەگەلْ مرۆڤ لە دایك دەبێت، وەلێ دەگەلْ مرۆڤ نامرێت، وەك موجیزەیەکی ژیان یا رووداوێکی سەرسام وایەکە کە ناوی دەنێین ئیشق.

وای مرۆڤ چەند جەبرکارو گەمژەو دلڕەقە لەو کاتەی کە بۆ خاتری هەمان ئەو ئارەزووە بچووکە بە درێژایی مێژوو هاوجۆری خۆی خستۆتە ترسو زولمەوە بەندو زنجیرو دادگایی کردووە سەرەنجام سپێردراوەتە دەست شمشێرو ئامێری سەربڕین.

لە رێگەی هەمان ئەو ئارەزووە سادەیەوە مرۆڤ زۆرترین قوربانی داوە، ئاواتێکی حەقیقیو شادی هێنەرێکی وا کە مرۆڤ لە بەرزیو نزمیو کوتانەوەیدا لە خەمو پەژارەیەکی ئەبەدیدا روونیشتووە ئارمانێکی بونیاتنەرە کە لە پێناویا خوێناویترین شۆڕش بەرپا بووە، دیسان هەمان ئەو ئازادییە کە بەناوی ئەو بەلکو بە بەهانەی ئەوەوە

چەندین شۆڕش دزراوەو لە ڕێ لایداوەو شکستی خواردووەو گـەورەترین خەسارەتێ کە هەرگیز پڕ ناکرێتەوە، تەنها تەنها بـۆ هێنانـەدی یـەك ئارەزووی زەینی...یەك ئارەزووی بچووك روودەدات.

ئارەزوویەکی چوکەڵە، بـەڵام دەسـتکەوتێکی گەورەیـە کـە بـەرزی ئیشقو خواستی مرۆڤو فەرهەنگو شارستانی دەگەڕێتەوە سەر ئەسلی ڕەگو ریشەی ئەوەوە، میوەیەکی دانایە کـە بەسـەر بـەرزایی درەختـی وجودەوە شین دەبێتو لە کۆتاییدا بۆ کامـڵ بـوونو بەختـەوەری هـەر دەبێ بکەوێتە بەر دەستی هەمووانەوە.

بەڵام مرۆڤی فەرمانڕەواو چینی دەسـەڵاتدار لـە بەرابـەر بـژێوگری هاوبەش لەو بەهرە ژیانبەخشە، بە تەواوی بۆ مانـەوەو دەسـەڵاتیخۆی دەستی داوەتە بە موڵكو ماڵ کردنو خستنە ژێر دەستی ئـەو درەختـە بەختەوەرو بەخشە بەندکردنو دابڕاندنی ئەو میوە دانایە لـە بـەرزایی درەختو باوەشی دایكو زاهیدانی باغەوەو پەنهان کردنی لەناو خانـەی سندوقی یاساو دەستووری تەوجیهیو مەقتـەعی هـەر بـە تـەنها بـۆ بەردەوام مانەوەی فەرمانڕەوایەتی پێـنجو دوو ڕۆژەی خـۆی ئومێـدەوار دەبێ بێ خەبەر لەوەی کە ئەو میوە نایابە ئەو میوە زەریفو کارەسـات بەرگە بە تەواوی جیلوەی غـەریبانەو جەزابو جوانیەوە، دژەکانی خـۆی لە هەناوی خۆیدا پەروەرش دەکات، دەق وەك ژیانو مـەرگدا.

ئازادی لە یەك خانەی سندوقیێکی حەسرکراودا بە هیچ جۆرە رەوش‌و پەرستارێکی پێویست ناتوانێ بەردەوامی بدا بە مانەوەو سەلامەتی‌و پاراستنی پێناسەی خۆی‌و خاسیەتی خۆی.

ئازادەگی‌و ئازادی خواستێکی سادەو بچووکە کە پێویستی بە ئاگاهی مرۆڤەوە هەیە، تەنها لە کەش‌و هەوای لەبارو باغێکی هاوبەش‌و هەموانیدا بە بارو بەرەوە رووەدەنیشێ، بە زمانی سادە دەڵێم ئازادی عەینی مرۆڤە، بەبێ باڵندەگی‌و کارو توانا، هەتا بە رادەی ئارەزوویەکی بچووکیش توانایی دەست نیشانکردن نادۆزینەوە جا ئەگەر بەو جۆرە لە جیهاندا رەواجی هەیە ئاوا نەفەسی ئەو ئارەزووە بگرن‌و لە چاڵی نێن، ئەوە چك دەکات‌و بۆگەن دەبێ، لەنێو دڵی ئەم چاڵەدا ئومێدی شین بوونی کەڵە گیایەکی نووشدار نائومێدیەکی گەمژەلانەو وەهمیە لە کۆنگرەی ئەو چاڵەدا تەنها بنەو بۆتکەی دڕکی خنکان‌و تۆڵەو قەهرو ترس‌و سەرکوتکردن‌و نائاسایش‌و مەرگ شین دەبێ، مەرگێ کە بەناچاری‌و سەرەنجام دامەنی باغەوانان‌و کارگوزارانی ئەو جۆرە رەوشە شەیتانیانە دەگرێتەوە، ئەو دڕکە بەر لە هەموو شتێ چاوانی خودی سەرکەوتکەران بە نیشانە دەگرێ.

ئێمە لە میانەی ئەو سەدە هەزارانە پێگەیشتووین‌و ئەزموونمان کردووەو بەم باوەڕە بێ ئەلتەرناتیفەوە گەیشتینە ئەوەی کە ئازادی‌و

هوشیاری سینگ فراوانی له بارەی بونیاتنـانو خەللاقیـەتو خۆشـی هەمووانو یەکسانی کۆمەلآیەتیو گەلآله بوونی رۆشـناییه. هـەروەها خوێندومانەتەوەو بینیومانه که چۆن یەك ئارەزووی بچووکیش له سـێ رەهەندی جیادا بۆته شوێنی بەهرەچنی له رێگەی ئازادیو به بەهانەی ئازادی که بەم جۆرەیه:

- شـۆڕش بێدارکردنـەوەو راپـەڕینی کـاملّی خـەلّکان لـه رێگـەی ئازادیدا.
- نیمچه شۆڕش: بڕینـی مرخـەمرخی خـەوالّوەکانو بێداربوونـەوەو سەرەنجام له رێ لادانو شکستی یەکجارەکی بەناوی ئازادی.
- کودێتاو تەجاوەز که به بەهانەی ئازادییەوە ئەنجام دەگرێت به

نموونه:

- لەشکرکێشـی نـاپلیۆن (رزگـاربوونی ئـەوروپای یـەگرتووی کلاسیك).
- هێرشی هیتلەر (ئازادی به هەنجەتی ئەوەی به نەژاد لـه هـەموان باشترن).
- ستالین: (ئازادی به بەهانەی فەرمانڕەوایەتی ئایدۆلۆژی).

- هەروەها سەدام حوسێن: تەجاوەز کردن بە بەهانەی ئازادی نەتەوەی عەرەب.

لە جیهانێکی ئاوای کلیل دارانی باغدا رێگە نادەن بە کەسێك کە ئەو میوە دانایە ببینێ، هەر بۆیەش چەمك و ئەسڵ و گەوهەری ئازادی بە گشتی بە نەناسراوی دەمینێتەوە. ئەو ئارەزووە دەبێتە دژی ئارەزوو زۆر بە وردی لەبەر خاتری هەمان ئەم بێ ئاگاییە گشتییەوە سەبارەت بە ناسینی ئازادی، کە زۆربەیان لە دژی دووچاری دروشمی لە رێ لادەران دەبن بۆ نموونە (هەڵچوونی هێجگار زۆری خەڵك ئاڵمان لە بەرامبەر خوتبەکانی هیتلەرە).

* ئەم نووسینە لە یەکێ لە ژمارەکانی (دنیای سوخەن) وەرگیراوە و لە نووسینی شاهرخ تویسرکانییەوە، تەنها شتە گشتیەکانم لێ هەڵبژاردوە و پوختەکەییم نووسیوەتەوە. خۆیشی پێشەکیەکی تایبەتی سەرنووسەری هەمان ئەو گۆڤارە ئەدەبیەیە.

## پاشماندەی ئەزەلی دووەم
## ( ئەم رۆمانە خوێننامەی مێژووی کوردە
## سەلیم بەرەکات لەسەر تاوێرەکاندا دەینەخشێنێ )

( ۱ )

لە حەوشەی ئاغای کوژراودا رۆحەکان یەك لەدوای یەك لە دەم بوونەوەی تۆوی جەستەکاندا هەڵسانەوە، ئەو جەستانەی کە مەرگو رووەك ئاسا هەڵیدا بوونو پێیگەیاندبوون، رامیسان، باوکیو براکانیو هەر پێنج غەریبو بێگانەکانو هاوار حاجیو سەرحۆو حەمید داهیو چواردە کەسی دیکەی مەجلیس جگە لە هەر سێ ئەسپەکەی کە بژی خۆیان دەجوولاند بۆ ئەو ئەسپ سوارەی کە تەقدیری ئەوەی کرد کە بکەوێتە میانی غەریبو بینراودا هەرچەندە خواوەند حوکمێك کە رایدەخات هەموو زەروورەتەکان بە میسقالەکانی خۆی پێوانە دەکات رۆحی ئادەمیەکان سەعاتی کانزایی وەك یەکێ خۆیان دەرهێنا، سەیری دەمژمێری پەرشو بڵاویان کرد، کە بروسك ئاسا بەسەر ژمارەکانەوە دەدرەوشانەوە لە شوێنێ بۆ شوێنێکی دیکەوە هەڵدەخزان، خەسڵەتو چەندێتی دەگۆڕدرانەوە، سەعاتەکانیان خستەوە گیرفانیان بە نەرمیو ئارامی ئاوڕی دەوروبەریان دایەوە،

ئینجا لەسرخۆ بەرەو پێش چوون رووەو ئەو رێگایەی لـە پشـت مـاڵی کەریم ئاغادا دەسوڕایەوە.

ئا بەم جۆرە سەلیم بەرەکات ماڵئاواییمان لێـدەکات ئەوەشـیان لـە رێگەی وەتیرەی دەقێك کە بەرەو سەختی پێکراوەکـان سـەرهەڵدەدا تـا لەگەڵ هەمان ئەو کەسانە بۆ پەنابردنە بەر (مـەلا کـەریمی بیرخـان) رووبەڕوو ببنەوە تا هەموو بێ چەکێك هەڵکردنی گوللـەیان بەدەسـت کەوێ تەنها مردنی نەبێت تا بـە ترسـێکی ناکـاو ئـامێز رووبـەرووی چارەنووسی کوژراوەکان ببینەوە.

(٢)

ئەزەلی ئاوارەکردنی خوێناوی کە هەرگیز مێژووی خوێنی کوردی بۆ ئۆقرەی نەگرتووە، هەریەکەو کارەساتی جەستەکانی لێـوە دەردەکێشـێ هەر ئەمـەش نا بەڵکو وەك دەم کردنـەوەی تۆوەکـان لـەنێو جەسـتەدا رمانو نغرۆ بوون رووەك ئامێز تا رۆحەکان بەرەو سوکنای ئەبـەد وێـڵ بکەن بەرەو باکوور هەموو ئەوانەش لە رێگەی زاکـیرەوە کـە رێبـەری رۆحــە، پاشماندەی ئـەزەلی دووەم گێڕانــەوە ئاسـا بـەرەو چـاڵێ کـە مەینەتیەکان ئاشکرا دەکات هەڵدەکشێ، کە زۆر بە زەحمەت دەستمان بەسەر هەڵکشانە خوارەوەی دا دەشکێ، چـونکە بـاس لـە مەینـەتو تاڵیو کوێرەوەریەك دەکات کە بەرگەی ناگیرێت.

هەوڵدەدات لە ڕێگەی گێڕانەوە حاڵەتێك وەدەرخات نیگەرانی پێبگەیەنێ ئەو نیگەرانیەی دەگۆڕێو کۆتایی نایەت، تەنها بە پەلاپیتکەیەك کە هەرگیز کوشتنەکە دوا ناخات، ئەو نیگەرانیەش وا لە خوێنەر دەکات، کە چاودێری خۆی سەرهەڵگەڕێنێو بکەوێتە لە هۆی چێژێك هەرگیز وەسف ناکرێت، هەموو ئەو شۆڕبوونەوەو داکشانەش بە نەسقێکی چارەنووسساز بە دیار دەخاتو تەواوی دەقی ڕۆمانەکە دادەگرێ، لە هەردوو جەمسەری تیژکاری دەکات قەنناسو هەموو ئەوانەی بە توندوتیژی سەرادووی قوربانیان دەکەون، لەمیانی نێچیرو بێگانەکاندا ، شەریف ڕەندو مەلا نەژدەت والی جەناب جگەر سەیداو زینیتیڤانو هەموو ئەو وێڵو سەرگەردانانەی سەبارەت بە ترسی نائومێدی کە هیوای بەهەشتی مەهابادی رووەو هەرەتێ کە شەلالی خەون بوو رماند.

لەم دەقەدا هەستەکان هەموو شتێ هەڵدەقرچێنێ ترسی خۆحەشاردان وەسوەسەی ڕاکردن بێهودەیی تۆڵەسەندنەوە، تاوەکو دوا دەق هەڵدەهێنجین کە حیکمەتی ئەزەلە.

(٣)

له هەموو دەقێکی رۆمانی سەلیم بەرەکاتدا، دەبێ بە تەوەری بیرۆکەیەك بە ئەسڵ بکەین کە رەگەزەکانی هونەری دیدگەسازی لەسەر هەڵچوونەکانیدا چەق بەست بکەین.

ئا بەم جۆرە ئەو تەشکیله یا ئەو داکشانەی رووداوی چارەنووسساز، دەست پێدەکات ئەم داکشانەش له دەقێکەوە بۆ دەقێکی دیکە جیاوازە وەك بڵێی سەلیم بەرەکات دەخزێتە ژێرباری لابووری داهێنانو سەرهەڵدەگەڕێ ئەو شکلگیریە داپۆشراوە لەناو حەشارگەی دەقدا بۆ داگیرساندنی گیرانی مەتن غەزەلێکی ناسکە.

کاری تەنکنیكو ئیحتیمالاتەکانی دیکەی هاوبەش کە تۆماری موعاناتەکان دەکەن لە پێناوی رەسەنکردنی کاری داهێنان ئارەزووەکانی رۆحی رۆماننوس قووڵ دەکەنەوە ئەو ئارەزووانەی نەحتی سەرکێشیەکانی دەکەن، تا تەشکیلەیەکی هونەری پتەوو هەمەجۆرو پڕ لە جیلوەی داهێنان بدا بەدەستەوەو لەناو دەستەکانی خۆیدا ببێتە عەزفێك دیدگا بەردەوام بکات، خوێنەریش کە دەگاتە یەکەم سەکۆی دەقی ئەم رۆمانە لەگەڵیا زاکیرەی دەجوڵێو دەست پێدەکات رووەو ئەو لێوارانەی کە مەینەتیەکانی تێدا جیلوە دەبەخشێ. ئەو پێنج بێگانەی کە پشتی قازی محەمەدی پرتەو بە خوێنی رژاو دەگرن، ئەوانەی کە رمانی یەکەم کۆماریان بینیوە ئەو کۆمارەی کە مەملەکەتی کوژراوە

به پیلانی ئەو هاوپەیمانەی کە وەلیەکانی خیانەتی تێدا هاوبەند بوون بەم جۆرە سەلیم بەرەکات شەڕی خۆی دەکاو بەدوای سەختیو گرانیو میراتی خۆیدا دەگەڕێت، تا بە قورسایی زاکیرەی خۆی هەموو ئەو زیانانەی کە هاوچەرخی خوێنی ئەون بدۆزێتەوەو دایانگیرسێنێ هەر لە دەریاچەی (وانەوە) تا خابوورو لە تەبریزەوە تا دیجلە، خوێن دەنگ دەداتەوەو مەمکی بەردینی سەر هەڵگەی کورد دەهەژێنێ.

ئەو پێنج بێگانەی کە رابردنو بە هەورە تریشقەی رۆح لەبەردەم سێبەری تەرمی قازی محەمەد دا کە بەسەر پەتی غەدرو خوڕەی خیانەتدا دەلەرایەوە لەو کاتەی کە ملی قازی تەسلیم کرایە ئاشی رەشەبای فارس.

هەر لە یەکەم ئەو حبرەی کە بە راشکاوی حەرفی داپۆشی هەموو ئەو هەناسانەی لە تخوبی ئەو دەکەن، دەکەونە بەر قووەتی قەدەری هەموو لایەکیان لێگیراوە، هۆزی (مەلا کەریمی بیرخان) لەلای رۆژهەڵاتەوە هۆزی ئال بایەك لە رۆژئاواوە دابەشی هەردوو کەناری رۆژهەڵاتی دیجلە دابەش دەکەن، لەناو خۆشیاندا تووشی گێرمەو کێشەی بەش بەشانێ دەبن، سەلیم بەرەکات بە بەلاغەتێکی هێجگار بەتین ئاماژە بە رێزی ئەو کارەساتانە دەکات، لەمیانی ئەوانەو قەوارەی چارەنووسی بێهودەیی ئەوانمان پێڕادەگەیەنێ، هەر لە ماڵی کەریم

خانەوە کەسانی ڕۆمانەکە دەبێــتە بــوون و هــەر لــەوێش (ســیدرۆك) دەناسین کە سەلالەیەکی بەهەرمەندە لە دروستکردنی مافوورو بــەڕوو لباد، لەگۆشەگیریەکی درەوشاوەدا هەموو ئەو دارمانە ڕووداوئامێزە بە قووڵی بوونگەی دیمەنەکە هەڵدەکۆڵێ، هەر لە گۆڵی مــەهابادەوە تــا دەگاتە ئەزەلی دووەم کە بە خەمێکی زۆرەوە شەلاڵی توندوتیژی دەبــێ، لە ڕێگەی زیندوو کردنەوەی شەوی درێژی کــوردان، هــەروەها ســەلیم بەرەکات لەم ڕۆمانەدا باس لە ئاوارەبوونی ئەوانە دەکات کــە کــەمال ئەتاتورك هەمووانی ڕاگوێزا بۆ ناو شارە گەورەکان بە تایبەت ئەوانەی باشی ڕۆژهەلاّت تا ڕزگاری بێ لە دەست شۆڕشەکانیان تا لە دواییــدا دوا گریانی خۆی لە تاریکستانی ڕۆحدا سەردەداو دەڵێت:

(ئەوەی لێرە دەیکەیت بە دڵی داپۆشراو بە پەڕی سەرینەکەم
لە شوێنی دیکە نایکەیت..
ئەوەی دەروونت ڕۆشنی دەکاتەوە لە نەقشی ڕۆحتدا
لە شوێنی دیکە ڕۆشنی ناکەیتەوە
لەدەستم نەك لە دەستی دیکە نەرمە خەوێ وەك خەیاڵی سەوسەن
داتدەگرێ..لە دەستی مندا نەك لە دەستی دیکە
خەونی لەزەتەکانت دادەگیرسێ کە هەرگیز نایدۆزیتەوە
ئەوە لە سینەمایە لێرە ئەی شەریکی شەوانم...)

شەوی ئەم شیعرە بووە لابوورێکی رۆمان کە تیایا سەلیم بەرەکات بۆ کپیو بێدەنگی بانیژەی دەگێڕێو بۆ ئەو دڵۆپێنە درکان ئامێزەی خۆشەویستی گوێ رادەدێرێ هەروەها بۆ سووتانو خەمو هەڵسانەوەی رۆحو راکێشانی شەکری حەواس گوێ رادەدێرێ

زادە بزرباری دوای ونبوونێکی زۆر دەگەڕێتەوە خاکی کوردستان لەبەر چاوی باوکی سوێندی خوارد کە نیشانەیەك لە خوێنی شەریف رەشۆ لەسەر هەموو بەردێك جێدێڵی کە پێویست بێ هەر لە مەهابادەوە تاوەکو دەرگەی ماڵو هەردوو بازنەی پێی شەریف رەشۆ دەخاتە کیسێکەوە لەبەر دەرگەی ماڵەوە دەینێژێ ئا بەم جۆرە خوێنی تۆڵە بۆ هەڵڕژتنی خوێن دەست پێدەکات بە رابەرایەتی زادە بزرابری شەریف رەشۆش لەدوایەوە شوێن پێی هەڵدەگرێ.

هەر لەم رۆمانەدا دەنگێ هەیە کە رابردووی تەرمەکان رووناك دەکاتەوە لەناو زاکیرەی مێژووی کوردیدا قیت دەبێتەوەو دەنگێکە لەسەرخۆ بەڵام هەموو رابردووەکان ئاشکرا دەکات.

زۆربەی رۆمانەکانی سەلیم بەرەکات تەژی لە مێژوو کێڵی گۆڕو تالانکردنی دیکۆمێنتو حبری رێکەوتنەکانە.

لە پاشماندەی ئەزەلی دووەمدا سەلیم بەرەکات شێوە مێژووییەکانی خۆی لە رووداوێکی جۆراو جۆر هەڵدەرێژێ هەموو ئەو رووداوە

مێژووییانەش لە دەقێکەوە دەگۆڕێ بۆ دەقێکی دیکە ئەوەش هەر سەبارەت بە زەخمی مێژووی کوردی سەربڕاوە، هەوڵدەدا ئێستای پێی تاوانبار بکات.

کە دەیەوێ هەموو میراتی تارو مار بکاتو باس لە هەڵمژینی شیلەی کۆماری مەهابادی زیندەبەچاڵ کراو دەکات بێ ئەوەی ڕووداوەکان لە بیر بکاتو بێداریان کاتەوە.

پاشماندەی ئەزەلی یەکەم لای سەلیم بەرەکات بریتییە لە دارِمانی کۆماری مەهابادو لە سێدارەدانی رابەرانو خەڵکانیانو دەست پێکردنی پاشماندەی ئەزەلی دووەم کە رمێنەری جەستەکانیان بووەو بەم جۆرە سەلیم بەرەکات باس لە ئەبەدی کارەساتەکانی کوردی دەکاتو باس لە ئەزەلی ئەو کوردە دەکات کە دەنگ دەداتەوە دوای ئەوەی قەسابخانە بۆ خەڵکی (سیدرۆك) نرایەوە هەموو کوژراوێك خوێنی خۆی ئەوەندەی کە مابوو هەڵوەشاندو بەرەو باکوور خزا بە شێوەیەکی سیمبۆلیزمی کە تەژی دەلالەتو سەرسوڕمانە.

لەسەر کوژراوەکە پێویست بوو وەسیەتی زاکیرەی بکات کە حەتمیە خوێنی بەردەوام دەبێ، هەروەها شتێکی حەتمیە کە هەوای سیەکانی هانا بۆ ئازادی هەوا دەبات، کە لە سەرەتا کەوتە کێشە بۆ ئەوەی رۆحی ئەو بەردەوام پاسەوانی زەوی بکات، هیچ گۆڕێ بۆ جەستەی

**نییه جگه لەو زەوییه، ئا بەم جۆره بژیتو بکەوێته ژێر ئەو شــەبەنگه زۆرانەی دەوری زەوی‌و ئاسمان‌و هــەوا دەدەن، لــه دژی هــەر بەربەســتێ خورپەی دڵ نەهێڵێ ئا بەم جۆره وجود بەسەر بێــداری زەمــان ئــامێزو وەرگەڕاو ناواخنی ئەزەل به دیارکەوت، که له حاڵەتێکەوه دەگۆڕێ بــۆ حاڵەتێکی دیکه.**

ئەم نووسینه له ژماره (١٣٣٠)ی رۆژنامەی (الحیاة) ئاماده کراوەو پوختەکەی وەرگیراوه.

## پۆل ئیلوار

(ئێلوار) ئەو شاعیرەی کە تازە لە سەرەتای بەهاری تەمەنا بوو خۆی خزاندە سەنگەرێك لە سەنگەرەکانی شەڕی سەردەمی ژیان، ئەو کاتەی کە تەمەنی گەیشتە (١٩) ساڵ ئیتر جلی خاکی سەربازی کردەبەرو دایکی هەموو پێداویستیەکی بۆ ئامادەکردو لەگەڵ سێ پەرتوك خستیە بوخچەیەکی سەربازی بەرەو ژیانی سەربازیەتی بەڕێی کرد.

پشکۆی خۆشەویستی (پۆل ئیلوار) لەگەڵ چاوی شیعرو ئەدەبیاتدا لە ئاگردانی قوتابخانەی ناوەندیدا گەشایەوە، لە ساڵی (١٩١٧) توانی دوو بەش لە هۆنراوەکانی لە چاپ بداو بیخاتە بەرچاوی خوێنەرانەوە، ئەم کارەش بوو بە مایەی داهێنانی ئەو، چونکە ئەو مەبەستی سەرەکی لەم چاپەدا تەنها تاقیکردنەوەی بەهرەی ئەدەبی خۆی بوو، زۆربەی شیعرەکانی لەم دوو دیوانەدا رەنگدانەوەی زاتی خۆیەتیو هەروەها وێنەی عاتیفیو خەیاڵاویشی تیایە کە بەهرەی شاعیرێکی لێهاتوو دەنوێنن، ئەم شاعیرە لە خوێندنەوەی رۆژانەیدا عەشقێکی بەهێزێکی هەبوو، گەلێ لە نووسینەکانی خۆی بە ناوێکی ترەوە بڵاودەکردەوە، شاعیرێکی بلیمەتو چاونەترس بوو، هەروەك هاوڕێکانی

لێـــی دەگێڕنـــەوە، (ئـەو کاتـــەی تووشـــی نەخۆشـــیەکەی بـــوو بـــۆ تیمارخانەیەکی سەربازی دووریان نارد بۆ دۆزینـەوەی چارەسـەری، لـە زۆربەی نامەو نووسـینەکانیدا کـە بـۆ ماڵـەوەی دەنـاردەوە بـە دیـار دەکەوت کە گەلێ خەمبارو داخ لە دڵی ژیانێکی ئاسـوودە بـووە، ئـەو کاتەی کە لەسەر زەمینەی خەمو پەژارەی تەنهاییدا رۆژانی پڕ لە ژانی ئەبردە سەر، مەرگ گەلێ جار خـۆی نیشـان داوە)، سـەیری کـە لـەم نامەیەدا کە بۆ ماڵەوەی ناردووە چی دەڵێ:

(لەم سووچە دوورەی وڵاتەکەما جگە لە خەمو خەفەت نـەبێ هـیچ شتێکی دی بەدی ناکەم...خۆشیو شادیم لە ناخەوە هـەڵفڕیوە تـەنها فرمێسکو ئێشو ژان نەبێت).

ئیتر هەر لەم رۆژەوە پۆڵ ئێلـواری شـاعیر بـاوەڕی بـە بـەردەوامیو مانەوەی لەم ژیانەدا بی هێز بوو، کەوتە داوی رەشـبینییەوە، هەسـتی بەوە دەکرد کە زەوی لەژێر قاچەکانیدا دەتوێتەوە. هەوڵێکی بێ پایانی دەدا بۆ خۆ بەهێز کردن لـە بەرامبـەر مـەرگو لـە بەربەرەکانیـەکی خەستو قووڵ دابوو. لە لایەکی ترەوە دایكو باوکی ئەوەندە بیریان لـەم رۆڵە جگەرگۆشەکەیان دەکردەوە کە هـەر بۆیـەش نەدەحەسانەوە لـە دوورگەی خەمو ئازارێکی بـێ کۆتـایی تەمـەنیان دەدوورییـەوە لەبـەر ئەوەی باری تەندروستی کوڕەکەیان زۆر شلەژابوو.

ئەو پارە ناهەموارەو ئەو ئێش‌و ئازارە رۆژ بە رۆژ گرەویان لەگەڵ ئەم شاعیرە ئەکرد، هەروەها هەست بە غوربەتکردنی ئەم شاعیرە، بوونە سەرچاوەی نووسینەکانی.

لە یەك لە نامەکانیدا دەڵێ:

(مانەوەم لە ریزی دواوەی ئەم هەموو سەربازە ئازاو جەنگاوەرانەدا مایەی شەرمەزاریمە).

لە پێناوی وەدەست خستنی لە شتێکی بەهێز کە تاکە رێگایەك نیە بۆ رزگار کردنی ئەم گێروگرفتە دەروونیە گەلێ جار پزیشکەکانی ناچار دەکرد کە راپۆرتی پزیشکی بۆ بنووسن تیایا باشی تەندروستی ئەو نیشان بدەن رێگە بدرێ دووبارە بخرێتەوە سەرکاری سەربازی‌و بەشداری لە کارەکانیا بکات، لە کۆتاییشدا توانی کە ئەم مەبەستە بە ئەنجام بگەیەنێ وەکو سەربازێکی ئازا چەکی راستی‌و پیرۆزی بگرێتە دەست‌و لە سەنگەرێکا شانبەشانی لەگەڵ جەنگاوەرەکانی تر هەنگاو بنێ.

هەر لەو تەمەنەشدا بوو گەیشتە ئەو پلەیە کە بە تەواوی لە هات‌و هاواری نارەوای ئەم ژیانە بگات، بۆی روون بووەوە کە کامە لایەن رەوای مافەو کامەیان پیاوکوژەو شەڕفرۆشە هەر بۆیەش دەیوت: (لەم جیهانەدا مرۆڤێك هەیە بەرپرسیاری ژیانی ئێمە بێ ئەو

مرۆڤەش ئێمەین، بەلاّم ئەوانەی کە بەرپرسیاری مردنی ئێمەن. ئەوانە دوژمنەکانمانن).

هەر بەم جۆرە وشەکانی تێکەڵ بە ئاوو هەوایەکی سەربازی دەکردو باشترین نموونەی ئەدەبی دەهێنایە کایەوە. ئەمەش زۆر بە چاکی لە دیوانی (ئەرك) هەستی پێدەکەین، کەلە لە ساڵی (١٩١٦) لە چاپی داوە.

پاش تێپەڕینی ساڵێك بەسەر چاپکردنیئەم دیوانە، دیوانێکی شیعری تری خستە ژێر چاپەوە بەناوی (ئەركو ترس) لەم دیوانەدا توانی خۆی بە خاوەن دەنگێکی رەسەن بنوێنێ، چونکە رەنگدانەوەی برینە گەورەکانی بوو، کە مانای ئەو موعاناتە قووڵە ئەگەیەنێ، کەلە ژیانیدا چێشتوویەتی. هەروەها وێنەیەکی راستەقینەی ئەو سەربازانەن کە لەمیانی ئەرکی ژیانو ترسی چارەنووسیاندا ژیانیان دەبردە سەر.

لێرەدا ئیلواری شاعیر هەستو بیرێکی جیاوازە لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخیدا ئەم جیاوازیەش هەر لە دیوانەکەی دواییدا بەدی دەکرێت کە بە ناوێکی خواستراوە (مستعار) بلاّوی کردەوە، بە راستی مایەی بیر لێکردنەوەو چاوتێبڕینە، چونکە پڕ لە وێنەی تراژیدی رۆژانەی

مرۆڤن، ئەو مرۆڤـەی سـاڵ دوانـزەی مـانگ لـە چاوەڕوانی مـردنو کوژراندا رۆژژمێری تەمەنی هەڵئەداتەوە.

هـۆنراوە لـەلای ئـەو شـاعیرە پـەراوێزێکی سـپی گـەورەی هەیـە، پەراوێزی بێدەنگی کە بیرو هۆشی مرۆڤی تیا کلّپە دەکاتو دەسـووتێ بۆ ئەوەی شاعیر نەخشەی ژیانی پێ بکێشێ.

ئەو کاتەی رێبازی دادائی لە ساڵی ١٩٢٠دا سەری هەڵـدا تـاوەکو ساڵی (١٩٢٣) بە تەواوی پەرەیسـەند بەرەبـەرە بـەردەوام بـوو (پـۆل ئێلوار) دوو ساڵی تەمەنی ئەدەبی لەژێر بەیداخی ئەم رێبازەدا بەسـەر برد، کە ئەو کاتە نموونەی گەنجایەتی ئەدەبی دەنواند.

لە ساڵی ١٩٢٠ لەگەڵ دادائیەکان تێکچوو هێرشێکی توندی کردە سەریان بە تەواوی دژی ئەوان وەستاو بایـەخێکی گرنگـی بـە رسـتەو وشەو دەنگی وشەو زمانو مۆسیقادا لە هۆنراوەکانیدا.

لە ساڵی ١٩٢٥ پەرتوکێکی چـاپ کـردو کـە هـەموو قسـەیەکی نەستەقو چەند رستەیەکی بە کەڵکی تیادا کۆکردەوە.

لە ساڵی ١٩٢٦ کتێبێکی تری خستە ژێر چاپ بەناوی (ئـەهرامی مرۆڤایەتی) کە لە ساڵی ١٩١٩ دەستی بـە نووسـینی کردبـوو، کـە تیایا بۆ یەکەم جار چەند هۆنراوەیەکی پەخشانی بڵاوکردەوە.

هەرچەندە ئەو ژیانە تاڵە شاعیری لە سروشتو جوانی بە دوور خستبۆوە هەموو هیواو ئاواتەکانی خستبوە ژێر پەڵە هەوری مانو نەمانێکی زاڵ بوو، بەڵام گەلێ جار وێنەی پڕ جوانی ئەخستە بەرچاوی مرۆڤو گەشەی بە هەستو بیری خەڵك ئەدا کلی مژدەی دەکردە چاوی پایزو بەهارێکی پڕ لە پێکەنین بە وشەکانی نەخش دەکرد، دیاردەیەکی یەکجار بلاو لە شیعرەکانی ئێلوار بەدی دەکرێ، ئەویش تێکەڵ کردنی خەمو شادیو ئێشو ئازارو بەختەوەری بوو، لە کاتی دەربڕیناکە جوانترین شێوەی بۆ ئەڕسکان، هۆنراوەیەکی قووڵی ئەخستە چوارچێوەی مێشکی خوێنەر، گەلێ جارێش هەستی بە غوربەتێکی بێ کۆتایی دەکردو لەبەر خۆیەوە دەکەوتە دووان:

(ئایا دەزانی بۆ کوێ رێچکەی ژیانمان گرتۆتەبەر، ئایا ئێمە سەرفرازینو دڵخۆشین...؟! یا وەکو ئەو دارە واین کە لە رەگەوە هەڵیان کێشاوە).

پاش ئەوەی ئێلوار لە مەیدانی بەرەی سەربازی گەڕایەوە بەردەوام بوو لە گەڕانو سووڕان بە دوای راستیو پیرۆزی ژیان بە دوای ئەو راستیانەی کە لە ژیانی سەربازیدا ونی کردبوون، ئەو راستیەش ژیانێکی ئاسوودەیی بێ کارەسات بوو). هیوایەکی گەش لە ناخەوە چەخماخەی بۆ دا، گولاڵەی بەختەوەری قۆزاخەی جیهانێکی تریان بۆ

ئەم شاعیرە دەکردەوە، وایدەزانی ئیتر لەگەڵ منداڵەکانیا لە ژیانێکی دوور لە کارەسات سەر لەنوێ لە دایك دەبێتەوە. ئەم هەموو هیواو ئاواتانەش لە دیوانەکانی دوایی کە لە ساڵی ۱۹۱۸دا بەشێکی بلاوکردەوە، دیسانەوە بە ناوێکی خواسراوەوە بلاوی کردنەوە.

هەر بەم جۆرە (پۆڵ ئێلوار)ی شاعیر ویستی بە درێژایی ژیانی لە هۆنراوەدا موعاناتی مرۆڤی سەردەم بخاتە روو، لە پێناوی گەیشتن بە سەرکەووتن لە دایك بوونی خۆرو باراندا، ویستی لە رێگای شیکردنەوەی خەونە شیرینەکانی مرۆڤ. هەر ئەو (یۆتۆپیایە) مرۆڤایەتیش بوو، کە وای لە ئێلوار کرد زیاتر خۆی بە ژیان ببەستێتەوە، زیاتر بە ناخی پەڵە هەوری ژیاندا بچێت، لە کۆتاییشدا باوەڕی بەوە هێنا کە جیهانو بوونی مرۆڤ دەتوانرێ لە رێگای قیەمی راستەقینەی مرۆڤەوە بگۆڕدرێ، بەلام پاش ئەوەی بە تەواوی لە واقیعی ئەو سەردەمەی ژیان گەیشتو بەناو ئێشو ئازارەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمە خولایەوە، ئینجا دانی بەوەنا کە وشە بە تەنها ناتوانێ بە دوای (یۆتۆپیا)ی بەختەوەری مرۆڤ بگەڕێو بیدۆزێتەوە کە بە درێژایی ژیان خەڵك بە دوایا وێڵو عەودالن.

سەرچاوەکان:

**١- بول ايلوار، مع مختارات من شعره، جارمارسيناك، ترجمة فؤاد حداد، القاهرة، ص,٦٥**

**٢- بـول ايلـوار، مغـنى الحـب والحريـة، ترجمـة، عبـدالوهاب البياتي، واحمد مرسي.**

**٣- الاقلام، العدد ١٢، السنة الثامنة ١٩٧٣.**

## مەهاباد
## (بۆ ئۆلۆمپیادی ئێزەد)

***شیعری: سەلیم بەرەکات***

(خودایە... ئەوانە کوردی تۆن..خودایە)

سەلیم بەرەکات ژانرەکانی خۆی لە چیرۆكو شیعرو رۆماندا لەنێو قوولاّیی ئەو گێژەنە دەدۆزێتەوە. کە رەگوڕیشەی خۆی لەناو دایە، دیرۆکی پڕ لە ئازاری خۆیو نەتەوەکەی دەگێڕێتەوە...ئەو هەمیشە بە حاڵەتێکی تراژیدی هێجگار خەمناك شتەکانی خۆی دەنووسێتەوە، هەوڵدەدات هەرچیەك کە دەینووسێ وەك داهێنان لە رووداوەکان گەورەتر بێت..هێندە بە وردی هەڵبژێرێ کە مرۆڤ لە خوێندنەوەیاندا مەزنی کێشەکەی بەرجەستە بکەن...بۆیەش هەم شێوازو هەم شکڵو هەم ناوەرۆكو هەم موفرەداتەکانی سەختو ئەستەم دێنە بەرچاو، هەقیەتی ئەو مرۆڤێکە. .نووسەرێکە دەیەوێ هەم بەو زمانەی کە پێی دەنووسێ کە عەرەبییە، هەم بەو ناوەرۆکەی کە دەیخاتە روو کە کوردییەو هەم بەو شکڵەی کە دروستی دەکات کە ئەوپەڕی نوێخوازییە، تەواوی دەورو پشت بە تایبەتی رۆشنبیرانی عەرەب لە

کێشەکەی خۆی بگەیەنی هەر بۆیەشە سەلیم بەرەکات سەخت دێتە بەرچاو.

لە شیعری مەهاباددا کێشەکەی خۆی کە کوردە لە دەستی مرۆڤ سەندۆتەوەو لەناو قولایی یاسای وەزعیدا هەڵی دەکێشیو دەیگوازێتەوە ئاسمان، ئا لەوێوە تیشکە بەهێزەکانی ئەم کێشەیە لە مارسۆنێکی وەرزشیدا بۆ مرۆ ڤی سەر زەوی داوێت.. خۆی وەك راکەرێك پیشان دەدات کە رەمزی هەوڵو تەقەڵلایە، بۆ رزگار بوون ...دەبێ ئەم شیعرە بە وردی بخوێندرێتەوە تا دەرك بە موعاناتی شاعیر بکەین.

**مەهاباد**

ئێسقانیش زرینگەی خۆی هەیە
گۆڕەکانیش زرینگەی خۆیان هەیە
بەیانیش کە پتر لە گڕ هەڵدەچێ مەرگ نیشانەی دانیشتوانیەتی
ئەی مەلەك بە هەمان ئەو پیتانەوە مەمنووسەوە کە ژیان بەسەر
گوناهە شیرینەکان
سەرزەنشت دەکەن

ئەو پیتانەی شەرم لە نان دەکەنو یەقینی خۆیان لەبەر دەکەن
ئەو مەنفا کراوەیە مەنووسەوە کە وەك دەرگایەکی کراوە بێهوودەکان
بەکلیلی وێنە دایانە بەر لەقە
بەڵام ئەو خەوزڕانەی کە مندالە شەیداکان پەرشو بڵاوی نێو باغی
دەکەن
ئەو خەوزڕانی خەتێنراوە بە درێژیو پانی کە بە پاژنەی شێر لە
ناخمانا لەنێو براوە
کە ڕێچکۆڵە بەهێزەکانی پێی بەهێزی لێیە
کاتێ ئەو لوفاخانە سەرەوژێر دەبن کە بیناکاران بە گوێ پینەدانەوە
بۆ بەیانی خۆیان فڕێی دەدەن
ئەی مەلەك قولاییەکانی نێوانمان شەڤەڵن، لیمن، چەند
سیحربازێکن
داری پەنجەرەو دەسکی مسینی دەرگاکانو ئەو بووكو زاوایانەی
لەشەفەقی
تواوەن لە میانی دەستیان، دەدزن، بەڵام ئەو یاریکەرانە کە لە
گومانلێکراوانن مێژوو بەنێو کەلاوەکان پەرشو بڵاو دەکەنەوە
ئەوانە ئەمانەتی سپێدەن لە نێوانماندا تا ئەو کاتەی شوێنێکیان بۆ
دەدۆزینەوە شایستەی گەوران بێ

یاریکەران ئێستاکە سپێدە تاقی دەکەنەوە، بە دارە درێژەکانو تۆپەکانیان ئاسنە سووکەکانیانو دەستکێشەکانیان وەك ئاسۆیەکی سەر پشتی کەرن، بەلاّم زەوی هەناسەبڕکێی ئەو بینەرە خنکاوانەن کە بەرەو تانۆك رادەکەنو هاوار دەکەن:

ئەو حەقیقەتە گرن،

گێڕانەوە چییە، ئەگەر گێڕامەوە ئەوان لەوێن، کۆچ لێکراوەکان، راکەرەکان، ئاسن هەڵگرەکان رم هاوێژەکان، ئەوانەی بە راکردنەوە تەگەرەکان دەبەزێنن ئەوانەی بە قەمیشەلاّنە درێژەکانیان بەرز باز دەدەن، ئەوانەی بە رێدا دەڕۆن، خۆیان هاویشتۆتە سەر تەرۆکیان، ئەوانەی کە بەسەر حەلەبەوە کەوتوونو ئەو قورسایییە تاقیدەکەنەوە کە بەرەو ئاگر شەتەکیان دەدات..

منیش وەکو یاریکەرێکی تاقیکراوە لەسەرمە بچمە پێش (بە دەوری خۆم) هەمان ئەو ئاسنە هەڵگرم کە ئەوانی دیکە هەڵیان گرت، بە یەقینێکی شاردراوە کە رەچاوی سەرکەوتن ناکات، بەڵکو رەچاوی وەستان لەبەرامبەر ئەو ئاپۆرە خەمبارە دەکات کە لە یادی کێماسییە شانازییە کەم ئاستەکان هاوار دەکەنو (وای بۆ قورسایییمان).

چۆن وەها بەم جۆرە ماسوولکە ئێسقان ئێسقان خاو ببمەوە، چۆن خۆم بدزمەوە لەو وادەیەی کە دابووم، تا چاوم بە مردووان بکەوێ، بەڵاّم من لە ئاپۆرەی ئەوێ دەترسم کە وەك بنێسێ بەسەر پلیکانەوە لە نیوەڕۆدا تواونەتەوە بۆیە لاقو لەتەرم لە پۆلێکدا کۆدەکەمەوە سییەکانم بەسەر سپێدەیەکی بەزیودا بەرز دەکەمەوە لەو کاتەی کە من رمەکەم لە نێو حەلەبەوە لە پێش داوەرێ کە بەسەر ئاگایی خۆیەوە ئێشك دەگرێ دەهاوێژم، تا بڵێ من رمێکی وام هاویشتووە دوورتر لە هەموو ئەو رمانەی لەنێو حەلەبەی بێداردا هاویشتراوە.

ئایا ئێستا بازی خۆم بدەم، مەودای کورتی خۆم ببڕ من کە خاكو خۆڵم چاوەڕوانی دەکات، لەو کاتەی کە من دادایمەوەو ئەژنۆکانم بە زەوی یاری دەکەن، چاوەکانم بەسەر ئەو شەفەقەوەیە کە دەمامکی باوکایەتی پۆشیوە،

ئایا حەلەبەکە دابەش بکەم لەمیانی خۆمو لاسارەکان؟ هەموو تۆپەکانی خۆم داوێم کە ناکەونە گۆڵ، بە حیکمەتی ئەو بەفرە، بەفرەخلیسکێ دەکەم کە لە شیر کراوەتەوە.

هیبەکانم دەبەخشم..

هەر بایەو تەنیا هەنجیر لە راکەرێ دەدزێ کە هەنجیری نەچنیووە وەك باوکێك هێشتاکە نەگەیشتبێتە باوکایەتی، ئەو ئێوارەیە

دەپشکنم کە بۆ راکردن رادەپەڕێ، بازەکانی ئەوو بازەکانی خۆم لە قوولاییمدا بالانس دەکەم، من سەرکەتنم ناوێ بەڵکو دەمەوێ یارییەکە بە ئامادەبووان تەواو بێ تا هیچ دۆڕاوێ قسە نەکات لەسەر ئەو داوەرەی هیدایەتی شەقاوەتی سەرکەوتنی هیچ کەسێ نادات‌و ئەو لێدانانە حسێب ناکات کە مرۆڤ دەکوژێ.

من لێرە بە هەرحاڵ، من‌و ئامادەبووان لەوێ ئەو لایەنەی کە بە بازرەقەی خوێن وەرگیراوەو لە تۆڕی خوێن دەچێتە دەرەوە، وەك یاریکەرێکی دۆڕاو، کە کۆتایی بریقە بریقە پەلك داوێ‌و بەسەر ئازارەوە لەخۆ دەچێ.

من لێرە بە چەند هاوسێیەك لەماندووبوون دەورە دراوم، رێ بە رۆژیش دەدەم کە هێزو گوڕی‌و کوێرییەوە تەئکید بکات،

من لێرە لە میانی راکەران دابەش کراوم، لە سپێدەیەك کە کەس نایباتەوە لەو سپێدە شیر بەدەستەی بەیانییەك پەلکێش دەکات کە بە گوڕەی با بارکراوە...

من لێرە چەند لۆرییەکی بزێو پێشم کەوتوون کە دەستی شوفێرەکانیان بەسەر سوکانەوە هەڵدەخزێ تا ئەو کاتەی رێکەوتی مەرگێکی دیکە بۆ مردووان دابین دەکاو ژیان بە درۆکانی دروست دەکات.

ئایا بۆ نایدرکێنم کە هاوسێکان چەندیان فێڵ لێکردم تا بچمە ناوئەو پێشبڕکێیە؟

وایان واهیمەدار کردم کە لەش سووکی تەڵو لاری پەرژینم هەیە، باخەکەمیان وا وەهم بار کرد کە ئەوە فڕینێکە بە دوای پەڕەمووچێکدا دەگەڕێ...

ئینجا لەژێر شەونمی سیحر ئامێزی سپێدەیەك کە لە مەسینەیەکی بەردینەوە هەڵدەڕژاند راکشانە سەر ورگ.

لە هاتنە دەرەوەم بە دەرگاوە کەوتنە رامان، دوای ئەوەی لە پشت دەرگاوە جووتێ لاپچینی وەرزشوانەکانو کراسێکی غەرق بوویان دانا، من ئەوەم کردە بیانوو بۆ ئەوەی بە کۆتێ لە ژمارەکان تەسلیمی سەرکەوتنەکانم بم، هەڵمخەڵەتاندن هاوسێکانم هەڵخەڵەتاند، دادڕەسیەکان..

ئەو تیشکەی خۆی بە دارزانە درێژکەوە گرتبوو حەلەیەکە پێکەوەیانم هەڵخەڵەتاندن...

بە راکردن لە خواستو ویستێکەوە بۆ خواستو ویستێ، لە شۆخێکەوە بۆ شۆخێ نووکێکی ئادەمی شکاوم لە ژێر پێیەك کە پێشم کەوتبوو سەرنەکەوت گرت.

قسەکانم رەقن ....ئەوە دەزانم، دەموودوم رەقە...ئەوە دەزانم

**هەنگاوەکانم رەقن، چونکە بۆ پێشبڕکێ ئامادەم کردوون.**

**خۆشم دڵڕقم، چونکە ئێوە دەرك بەو مانایە دەکەن کە ئیش بەسەر یەقینێکی وردو خاشکراو دەکا...لە ئاوێنەیەکی ورد خاش کە کۆچ لێکراوەکان سەیری دەکەن.**

**هەروەها زەویش رەقە ئەو دارڕزانە درێژەی بۆ بازدان ئەو مەترەقانەی کە لە هاویشتنیانا دەناڵێنن، ئەو رانانەی بە پەلە خوێندرانەتەوە کە ماسوولکەکانی بە شەهوەتەوە هەناسەی قووڵ هەڵدەکێشن...بە زینێکی تێدایە حسێب ناکرێت،**

**حەلەبەکەش دڵڕەقە، چونکە بە دەنگێکی کز قورسایی گەورەی مردن دەگێڕێتەوە.**

**ئەی ئەو لەناوبەرەی کە دەلەرزیت.**

**ئەی ئەو یاقوتەی کە بە توندو تۆڵی بەسەر ئەمووستیلەوە شەتەك نەدراوی**

**ئەی ئەو کەسەی کە خۆی لەنێو لەقەبەکاندا لەبێن دەبات.**

**وەك ئەوە وایە کە تانجییەك بە هەناسەبڕکێوە راتدەکێنێ**

**وەك ئەوە وایە کە یادەوەریت چەند پشیلەیەکی هەڵدراوی**

**لە بانیژەکانەوە دەبینێ**

**ئەی مەرگ**

ئەی ئەو لە ئاو غەرق بووەی کە هەموو دەستەکانی بـۆ لای تـۆ دەکشێن

(تۆزێ لە پرسیارەکانت کەم کەوە)

بەڵام من بەخۆو بەو دارزانەی درێژەمەوە رادەکەم لە میـانی ئـەو هەراو زەنایەی کە دەمکاتە شەریکی یەکەم راکەری ئادەمی ناو ئەو هوتافانەوە کاتێ کە خۆمی دەهاوێژمە سـەر بەوپـەڕی هەڵچـوونم‌و رمهاوێژییە کەوانەییەکەی بۆ جەستەی خۆم وەردەگرم.

هەواشایەتی زیرەکیم دەدا

رووناهیش، تیشك تیشك بەسەر منـداڵێتی سـەرگەردانی خـۆی هونەربازی دەکات، چونکە من پێش هەموو مەرج کارەکان‌و ریـزی ئەو یەقینەیان وەسف ناکرێن دەکەوم.

لە گوزەرینمدا بۆ بازدان دانیشتووی سەر پلیکانـەکان شـێوەیان خلیسك دەبات پڕ بە دەستیان ئەو بازە کورتکراوانەی نێـو شـێتی‌و شێتایەتی دەگرن...

هاوارم بۆ دەکەن (کۆتایی بێنە دەست)

کۆتاییەکـە بـە لـیم‌و چـەوری لاپـەڕەو ئەسـفەڵت‌و پاسـەوان‌و سەرتاش‌و دیواری خـۆڵ‌و خـەواڵوویی‌و قاقـاو کورسـی‌و پەیکـەرو

هەموو پۆزشەکانییەوە کە خوێن لە پالأیشگانیەوە بازرەقە دەدا وەردەگرم...

ئێستیش لەگەڵمدا بۆ سەر بانیژە هەڵدەچێ کە ئاسن هەڵگرەکان ئەو لە بێنەچوونەی کە وەك ئاسنێ لە هەنگوینی سەبك کراو بەرز دەکەنەوە، شوێنی خۆم لەنێوان پەیامبەرەکان دەکەمەوە تا بە دەوری خۆم بچمە سەر بانیژەوە ناو لەپم دەخەمە سەر ئەو لیمەی کە وشکیان دەکاتەوە تا ئاسنی لێ هەڵنەخزێو ئێوارە لە بازێکدا سی بەرد بەرز دەکەمەوە...ئەوەی کە ژیان لە شەوچەرەیەکدا بەسەر ئێوارەی بەجێهێشت..

چەند بەشۆکەیەکی دیکە لە زەردایی قومارچیی کە (با) بەسەر براکانی دەبەشێتەوە.

ئایا بۆ ئێوە ئەو بەیداخانە ناوبنێم کە بەسەر تفەنگەکانی سەر بانیژەوەن؟ ئایا ناو لەو تڤەنگە زۆرانەی ئەوێ بنێم، ئەو پالەوانیەتییەی دەمامگ دەپۆشن تا لە ناموسەوە هەڵکوتێتە ەر کورد؟

ئایا بەو کوردە بڵێم کە شەو خۆی بە کراسی داگیرکراوی گەرم بکاتەوە.

دوو بازدان بە توندی بۆ خوداوەندی شکاو!

ئایا ئێوە بە دیلی وەرگرم تا وەسف بۆ من تەواو بێ؟ یا بۆ بۆچوونی وەرزشوانی خۆی جێبێڵم؟ ئایا ئەو رمە هاویشتراوانە کۆکەمەوە هەر ئەوەندەی پێمە بەس بێ لەو گریەو لوورەیەی کە بە چەند مەترێ حسێب کراوە لە دەورە زۆر بە دیقەتەکانی وەرسیی مرۆڤدا؟

کەواتە ئەو ئاسنە هەڵدەگرم کە بەسەر ئەو تەختە بەهێزەوەیە کە لە ژێر پێیەکانمدا دەلەرێتەوە، تاقیکردنەوەی ماسولکەو تاقیکردنەوەی هەوا دەبینم، کە خوێنەرە فوارەکان ئامادەگیی خۆیان وەردەگرن کە رێی پاکیزەگیی فوجور بۆ خوێن خۆش دەکات.

ئەو ئاستە بە حیکمەتی ئاسن هەڵدەگرم.

سوێند دەخۆم کە ئەو ئاستە بەرزکراوەی سەر دەستم سپێدەیەکی پاککراوەیە لە سییەکی کوردیدا.

ئا بەم جۆرە منیان خستە یارییەکەوە

ئا بەم جۆرە منیان خستە یارییەکە تا وەکارم بخەن بۆ ئەوەی وەك دارتاشەکان لە خەڵوەت بم بۆ مەزەندە کردنی سووچەکانی مەلهات، بەگژداچوون بە لادانی ئەو سیڕەیەی کە رێ بۆ قفلێ خۆش دەکات ببینێو بەو فیتەنەیە کە کەلاوەکان یەك دەخات.

دەبا نێردراوەکان هەموویان بە ئازاری توکمەی وەك ریش ئامادە بن

تا قسە لەگەڵ ژیاندا بکەن، قسەی کەسێ کە گرۆ دەکات

دەبا دابەش بن لەو کاتەی کە قسان دەگێڕنەوە، چونکە نیعمەت بە گوێچکەیەکی سەرەڕۆ گوێ رادەگرێو ئێستای ناڵە بە بۆڵەبۆڵی تەلاّقدراوەکانی تۆمار دەکات...

نەك بە قسەی شاهێدەکان

دەبا بازدانەکە بەرز بێو راکردنەکە لە قوڵاّییەکی بڵند بێ

دەبا فریشتەکان لەژێر کەوتندا

لە دەروازەی باکووری حەقیقەتدا، ئەو پاڵتۆیانە بپۆشن کە هەیانە کە ئەو بوندق دەکرۆژێ تا ئەو کاتەی بە زار خەبەر بە بینراوەکان دەدات...

فوکاهەت غیلمانەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ ئامادەبووانیش لە حەلەبەکە دێنە دەرەوە، خۆیانو ئەو گۆزانەی کە مەرگ هیچ نەخشێکی زیندووی خۆی بەسەر جێنەهێشتووە.

قەلاّتگە نەرمونیانەکانو چەند دیوارێ کە وەك دەست دوڕو گەوهەر هەڵدەلووشێ...چەند پەیکەرێ کە با دادەپۆشن...

بەلاّم ئەوانەی وەك من لە ریّگەی پلیکانــە ســەختەکانەوە بــەرەو تاریکی سەردەکەون.

ئەوانەیی تاقیکردنەوەی بیّداربوونەوەی خــەوناوین ســەبارەت بــە زەنای دارتاشەکان...

ئایا من لەسەرمە بۆ داوەری هانا بەرمە بەر کەسیّ؟

چەند ولاّتیّکی زەندەق چوو قەدەریّ کە بە دوای تۆپە قوورەکانیدا هەلّدەخلیسکیّبە تایبــەتیش ســپیّدان قــژی دادەهیّنــیّ بــۆ ئــەوەی بیناکــاران بــەرەو ئەبەدییــەت پیّشــڕەوی بکــەن..وەك بلّیّــی دوای کەمیّمەرگ چیرۆکەکانی خــۆمی پــیّ دەبەخشــم تــا بــۆ نیســتیّ نوســتالگیای ئــامیّر ئاســای خــۆی بگیّڕیّتــەوە.. وەك بلّیّــی کــورد قاقاگانی خۆمان چی تاقی دەکەنەوە...کە بــە ســەولّی بەســتەلّەك بەرەو ریّژگە گەورەکانی ئاهونالّینی گەورە سەولّ لیّدەدەن.

خودایە...

ئەوانە کوردی تۆن...خودایە

بوندق پەرش‌و بلاّودەبنەوە هەرمیّکان پەرش‌و بلاّودەبنەوە

کرۆسك بلاّودەبنەوە هەرمیّ دەرەکان دابەش دەکات..گــەنم وڕیّنــە دەکات، دەبا گولّەگەنم خواستی مەرگ بیّ

دەبا مەرگ هەراو زەنای زۆرتر لـەو پیرەوانـەی کـە کلێسـاکانی پەلك داوێنو ریبوارەکان تێیدا بە چرپەیەکی کز قسـەی دواخـراوی خۆیان دەکەن.

ئەی مەلەك بە گوناهی گەرەکم لەگەڵ مەکە، چـونکە مـن وەك چارەنووسەکان گێلاس بەسەر بێهوودەکان دابەش دەکەم.

بە هەردوو دەستە ورێنەبازەکانیش لە دەرگاوە تارماییـەکان تـور هەڵدەدەم، تا بە چیرۆکەکانی لەناو ژیاندا بسوورێ.

هـەروەها چـاوەرێم مەکـە، چـونکە (ئـەز وەك راکـەرێ لـە چیرۆکەکان) ئەو کەسە دەمرفێنێ کـە هـیچ ناگێرێتـەوە.. دەبم بـە کۆتایی کە رووداو کۆتایی بە گێرانەوە کۆتایی خـۆی ناهێنـێ کـە بینیتو وەدوام دەکەوێ ئەوا زانە درێژەکەی خۆت بەرزکەوە.

لاپچینە وەرزشوانیەکانی خۆت لە پـێ بکـە. (چـونکە تـۆ وەك راکەرێ لە چیرۆکەکان)

ئەوا ئەوانەی گرۆیان کردووە لە هەڵکوتانیان لە (مەهابادێکەوە بۆ مەهابادێ) دابەشت دەکەن)

وەك من تۆزێ بکەوە ئاخو ئۆف ئەی مەلەك لە کاتێکدا کە تـۆ قـەیتانی لاپچـینەکانت دەکەیتـەوەو کراسـە خۆلاویەکـەت لەبـەر دەکـەیتو تـا ئیسـقانت هەناسـە هەڵدەکێشـی...وەك بلێـی

ستایشەکان لە گریەو لوورە رزگاریان کردووی‌و قاقا وەگریەی خستووی وەك بلێی فیتنەیەك لە ئاسمانێکەوە بۆ ئاسمانێ رات دەدا.

ئازار کورتت دەکاتەوە ...ئەو ئازارەی کە هەوا وەك پاڵتۆیێ بەرەو چەکدانی خۆی هەڵدەواسێ

دەبا قەدەر لە ئاگرێکەوە بۆ ئاگرێ ئەوەی کە کورد لە بۆڵەبۆڵی بۆ قەدەر دەخاتە هەڵ بقۆزێتەوەو لەسەر زەوی بیگێڕێتەوە وەك سەبەتەیەکی زێڕین. بەرلەوەی کە راکەرەکان بە تارمایی خۆیان، بە پەرژینی سپێدەی ترساوی خۆیان دابدەن، لە کاتێکا کە کراسەکانی خۆیان هەلداوێن تا هەوا خۆی پێ گەرم بکاتەوەو پێلاوەکانیان جێ دەهێڵن بۆ گەمارۆ تا بریندارەکان گەمارۆ لە گوڵێکەوە بۆ گوڵێ بە رۆیشتن بە رۆیشتن بگوازنەوە.

(با) چییەتی؟ لە مەهابادێکەوە بۆ مەهابادێ...هەروەها

هەموویان لە مەهابادێکەوە بۆ مەهابادێ

هەموو زەربەیەك لە مەهابادێکەوە بۆ مەهابادێ

هەموو گریەو زارێ لە مەهابادێکەوە بۆ مەهابادێ

دایکایەتیش بە مەمکۆڵە بەردینەکانییەوە شۆخە لەنێوان منداڵەکانی

جا ئەگەر خوا بێداری کردمەوە لە ستایشی تەڕ بۆ خوێن ئەوە لاپچینەکانی
خۆم ئامادە دەکەم...یا ئەگەر خوێن بێداری کردمەوە خواوەند ئامادە دەکەم
وەك ئازارێ کورد بەرەو حەقیقەت پێشڕەوی دەکات
وەك ئازارێ شوێن کۆچ کۆچ سپیدە بۆ کچۆڵەکانی دەگێڕێتەوە
وەك ئازارێ خۆرەتاو بە کوێری دەچێتە نێو مەهابادەوە
منیش کۆچ کۆچ خۆم دارِزانە درێژەکەمو هەردوو لاپچینی وەرزشوانیو
چەپڵە لێدانی کەڕی لەبیرکراو بەسەر پلیکانەکانەوە کە کەسی نەچۆتە سەر
ئارەقەی سەر تەوێڵت دەسڕمەوە ئەی مەلەك
بە ئێسقانم پاڵپشتی باڵەکانت دەکەم تا ئەو زەوییە کە لە دواتەوە رەشەبا...جوانی جوانی دەڕوخێ پاشان ناڵە... ناڵە
لە مەهابادێکەوە بۆ مەهابادێ
خۆم دەژمێرم

**سەرچاوە**

**مجلة (الكرمل) العدد (٣٠) سنة ١٩٨٨.**

## نئوم چومسکی
## چەند بیروڕایەك دەربارەی هزرو زمان و ئەقڵ

### بەروتار

نئوم چومسکی نووسەرێکی دیاری ئەم سەردەمەیە، لە ئێستای گوتاری زمان دەکۆڵێتەوە، لە هەمان کاتدا خۆی لە قەرەی بابەتی سیاسی دەداو لە وێشدا کاریگەرییەتی خۆی هەیە، ئەو لە نێو تەواوی کایەکانی زمان جووڵە دەکات، زمان لای ئەو بۆتە ئەلتەرناتیڤی هەموو بابەتە زیندووەکان، تەنانەت لای ئەو دەبێ مێژووش پشت بە نهێنییەکانی زمان ببەستێ لە گوتاری خۆیدا، لەم بارەشەوە بە نووسینو تۆمارکردن بیروڕاکانی خۆی وەدەردەخات، خودانی چەندین بەرهەمی دیارە لە بارەی زمانو سیاسەت، گرنگترینیان (هزرو زمان)، (زمانو ئەقڵ)، (غەزو بەردەوامە)..

ئەو پێی وایە زمان دەورێکی هێجگار گرنگی هەیە لە رووی بونیاتنانی ئەقلانییەتو شارستانییەتو داهێنان، زمان لای ئەو پێوەندی نێوان دەنگو مانایەو دەستوور لای ئەو لە بایەخدا هێندەی پێ نییە چونکە ئەو دەڵێ میکانیزمی دەنگی زمانی مەنتوق (مۆرفیم) کە لە وشەو ئینجا رستە پێکهاتووە دەستووری تایبەتی

خۆی هەیە کە سیستەمێکە لە نێوەندی کۆمەڵایەتیدا هاتۆتە بەرهەم، بەم نووسینەی بەردەستت تۆزێ شارەزای دونیای ئەو دەبین، دەبێ ئەوەش بزانین چۆمسکی زۆر جاران رستەی غەریب هەڵدەبژێرێ وەك (هزری سەوز رەنگی نییەو زۆر بە توندوتیژی دەخەوێ).

(١)

رێگەم بدەن تۆزی لە کاریگەرییەتی هەر پێشبینییەك هەبێ کەم بکەمەوە ئەوەی من دەمەوێ ئەنجامی بدەم زیاترە لەوەی بە تەنیا بچینە ناو چەند بابەتێکەوە کە ناونیشانی ئەم تێبینیانەی فەرزی دەکات.

هەمان ئەو بابەتانە دەگەڕێنەوە بۆ ئوسولّی هزری تۆمار کراو، پاشان دەگاتەوە ناخی سروشتی ئێمەوەن کە چەند پرسێکی وردو ئالۆزی وورووژاندووە لەم سالآنەی دواییدا پەرەی سەندووە، ئەو یاسایانەی کە ئاقارێکی ئەزموونگەرییان هەیە و بایەخ بە زمانو هزر دەدەن، ئێستا ئاستێکی بەرزی تایبەتمەندێتیان وەرگرتووە، بەر لە چل سالآن کە قوتابی بوومو تەواوم کرد، داوام لێ نەکرا هەولّی زیاتر بدەم بۆ بڕکردنی تیۆری زانستی زمانو سایکۆلۆژی، بەلآم ئەوەی کە ئەوان رۆژان وەرگیراوەو لە زەین تۆمار کراوە بڕێکی کەم بوو لە میتۆدی ئەمڕۆکەدا تایبەتمەندییەتی بەلگەی پێشکەوتن نییە، مانای ئەوەیە دیدگای تیژ بەلاوە نیێ بۆ بەرژەوەندی چارەسەرکردنی هونەری کەم بایەخ، ئەوەشیان ئەمڕۆکە بە شێوەیەکی جوزئی راستە، بەلآم پرسیاری تەقلیدی تا ئێستا لەبیر نەکراوەو بە شتێکی خراپ دانەنراوە، یا بەبێ مانا دانەنراوە، هەروەك چۆن لە سەردەمی کەفوکولّی زانستی

سلوكی نویو بونیاتگەری جۆراوجۆراردا هـەبوو، ئێسـتاكە پرسـیاری نوێ هاتۆتە كایەوە، بەر لەچەندین ساڵ پێشبینی نەدەكرانو وا بەدیار دەكەون كە پرسیاری رەوان بنو رێگە خۆشدەكەن بۆ تێگەیشتنی نوێ.

**(٢)**

**باشترین شتێ که دەستی پێبکەم بریتییه له (دارِشته) که لەلایـەن (گوتلوب فریژ)ەو بەر لـه سـەد سـاڵ دارِێـژراوەو بۆتـه پێوەرێـك بـۆ ئەوانەی دوای خۆشی، پوختەی بۆچوونی-فریـژ- بریتییـه لـەوەی کـه مرۆڤ زەخیرەیـەکی هاوبەشیان هەیـه لـه هـزرو لـه نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکی دیکه دەگوازرێتەوەو ئەوەش هەرگیز نکوڵی لێ ناکرێت خـۆ ئەگەر وانەبوایه ئەوا زانستی گشتی-common science مەحاڵ بوو، به زمانێکی گشتی هاوبەش گوزارشت لەو هزه گشتییه دەکـرێ، که پێکهاتووە له چەند ئاماژەیەکی هاوبەش هـەر ئاماژەیـەکیش دوو رووی هەیه، یەکەمیان هێمایه بۆ شتێك له ناو پانتـایی بـوون، واتـه مەدلوولەکەی لەزمانێکی تەواو مەنتیقیدا راستو رەوانه بـۆ هـەموو گوزارشـتێکی خـودان ئاوێتەیـەکی بـاش، دووەم ئەوەیـه کـه ئامـاژە مانایەکی هەیه که دەست نیشـانی ئامـاژە بـۆکراو دەکـاتو هـەموو کەسێ کـه زمـان بزانـێ دەرکـی پێـدەکات، چـونکه تێگەیشـتن لـه دارِشتەیەك یانی زانینی ماناکەی له زمانی هاوبەشدا، جگـه لـەوەش هەموو کەسێ وێنەیەکی زەینـی تاکـه کەسـی پەیوەسـت بـه مانـای شتەکانی هەیه، کەواته ئاماژەو ماناو مـەدلوول بـریتین لـه قـەوارەی دەرەکـی، واتـه دەرەوەی ئـەقل- دەمـاغ بـۆ ئـەوەی کاربـه بیرۆکـەی-**

-فریژ- ananlogy بکەین، با وای دابنێین کە ئێمە بە تەلەسکۆب سەیری مانگ دەکەین، لەوانەیە بیر لە وێنەی حەقیقی مانگ بکەینەوە کە پێچەوانەی ناو تەلسکۆبەکە دەبێتەوە، کە ئەمەش شتێکی هاوبەشە لەلایەن هەموو ئەوانەی سەیری ئەو تەلسکۆبە دەکەن، وەك چۆن ئەوەیان لەگەڵ مانادا یەك دەگرنەوەو بەسەر یەکدا پیادە دەبن، چونکە وێنەی عەینی تاکە کەسی retinal image وەك وەینی زەینی تاکە کەسییە، ئەوەی لێرەدا پێویست بەسەلماندن دەکات روونی بکاتەوە کە هزر بریتییە لە چەند قەوارەیەك دەکرێ موڵکداری بکرێ وەك —ئەڵماس- بەڵام ئەو قەوارەیە هەر چۆنێك بێ دەکرێ گومانی لێ بکرێت.

(٣)

بەڵام سەبارەت بە بەردەوامبوونو پێوەندی- التواصل- communication پێویستی بەمانای هاوبەش نییە، بەڵکو پێویستی بە رێگەیەکی گشتی فۆنەتیك هەیە، هەروەها پێویستیمان بە گریمانکردنی ئەوە نییە کە مانا یاخود دەنگی یەکێ لە بەشداربووان دەکرێ کەشف کرێ لەلایەن یەکێکی دیکەوە، پێداچوون کارێکی نسبییە، دەبێ ئەوەی کە دەوترێو ئەوەش کە لە نێو ئەقڵدایە روونو ئاشکرا بێ، کەواتە ماقووڵ ئەوەیە کە ئێمە گریمان لەسەر ئەوە

بکەین کە کەسەکەی دیکە هاوتـای ئێمەیـە، بیرۆکـەی -فریـژ- کـە دەڵێ- ئاماژەکان لە وجوددا نامێنن- بـە شـێوەیەك کـە ماناکانیـان دەست نیشان بکرێن، سەرەتا دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ، کە ئەو هزرانـە بەشێك نین لە بـەکارهێنانی ئاسـایی، بۆیـە دەبـێ –فریـژ- تێرمـی هونەری دابهێنێ، بۆ ئـەم مەبەسـتە، چـونکە گوتـاری تیـۆر ئـامێز پابەندی مەعریفەی مرۆڤایـەتی ئاسـایی نابـێ، بـەڵام پرسـیاری وەك ئایا- داهێنانی هونەری شتێکی لـەبارە- دەوروژێنـێ، راسـتە خـەڵك وشە بەکار دەهێنێ بۆ ئاماژەکردنی شتەکانو قسە لەسـەر کردنیـان، بەڵام ئەمەیان بازدانێکەو بەهۆیەوە ئەو وشـانە بەرهـەم دەهێـنن کـە ئاماژە بۆ شتەکان دەکات،-فریـژ- کـە رێ دەکاتـەوە بـۆ مەعریفـەی هاوبەش، وای داناوە کە زمانی ئاسایيو سروشتی هـەر بەتـەنیا ئـەوە نییە کە کامڵ نییە، بەڵکو لە رووی مەبدەئییەوە بەیەك پەیوەست نین وەك چـۆن (دۆمیــە) دەیبینــێ، حاڵەتــەکان بەجۆرەیــە، پــرۆژە تایبەتییەکەی بە هیچ یەك لە ئیعتیباراتەکان کارتێکراو نییە، بـەڵام من پرسیار دەکەم کە ئاخۆ دەبێ چی پێشکەش بە بابەتی زمانو هـزر بکەین، لەوانەیە زۆر کەم، هزرە توندو تیژەکانی- ڤـۆلتێر-unkind لەوانەیـە رەوا نـەبن، بـەڵام دەکـرێ لـە قـاڵبی بـدەین بـۆ مەسـەلە هەنووکەییەکان.

(٤)

با وای دابنێین-گوتلوب فریژ-لە- زمانی کامڵ-دا مەبەستو ئامانجی- زانستە- یا زانست مانای هاوبەشی پالاوتەیە، ئەو کاتە- کامڵ بوونی- فریژ- بەشێوەیەکی نا راستەوخۆ هەواڵێکی گرنگمان پێ رادەگەیەنێ سەبارەت بە هزری ئاساییو زمان، بەلام دەبێ ئەوە بزانین کە یەکەمجار بە دەلالەت بوونە ئەقڵ فەرزی دەکات، رێکخراوە ئاماژەییە ئاوێتەییەکان بریتین لە زمان، لەوانەیە- کاملترین لە زمانی مرۆڤ، پاشان پڕۆژەی زانستی کە بۆ چەند نەتەوەیەك بەردەوام دەبێو دەبێتە هۆی دارشتەیەکی تۆژینەوە لێکراوو دووبارە لە ئەنجامی ئالیاتی تێگەیشتنی هاوبەش بەردەوام دەبێت، زمانی منداڵ (لە هزر سەر هەڵدەدا) وەك چۆن سیستەمی چاو ئەو هێزە پەرە پێدەدا کە بە چاو بیبینین، یاخود وەك چۆن منداڵ لە ماوەیەکی دیاریکراوی پێڕاگەیشتندا بە قۆناغی باڵق بوون تێدەپەڕێ، وەرگرتنو بەدەست هێنانی زمان لە منداڵدا روودەدات کە لە ژینگەیەکی دیاریکراودا دانرابێت، ئەگینا کارێ لە ئارادا نییە سەبارەت بەوەی کە منداڵ پێی هەڵسێ، وا بەدیار دەکەوێ رێکخراوە ئاماژەییەکان کە پڕۆژەی زانستی دایهێناون، لە رەگو ریشەوە جیاوازن لەگەڵ زمانی ئاساییو سروشتی، لەرووی خەسڵەتی شەکڵو گەوهەری، هەرواش لەرووی خەسڵەتی

دەلالیشەوەsemantic پرسیاری ئـەوەی کـە ئـاخۆ زمـانی زانسـتی زمانـە؟ یـاخود نـا، ئەمـەیان پرسـیارێکی جیـدی نییـە، بـەڵکو پرسیارێکی لاوازە، لاوازە وەك ئەو پرسیارەی کە ئاخۆ فڕۆکە بەراسـتی دەفڕێ؟ یاخود بەراستی کامیرا دەبینێ؟ هیچ لێکۆڵینەوەیەك نییە لـە مێروولـەوە دەسـت پێبکـات تـا دەگاتـە زمـانی مـرۆڤ، تـا دەگاتـە ماتماتیکی شەکڵی، وەك چۆن هیچ لێکۆڵینەوەیەك نییە سـەبارەت بـە جووڵە کە لە ئەمیباوە دەست پێبکات تا دەگاتە- بـاز-و تـا دەگاتـە کەشتی فەزای خەیاڵی زانستی، یاخود لێکۆڵینەوەیەك لـە-تواصـل- لە کارلێکی خەلەوی دەست پێبکات تا دەگاتە سـونێتاتی شەکسـپیر، تا دەگاتە ئەو شتانە کە هـەن لـەدەرەوەی گـۆی زەوی، پێمـان دەکـرێ بەخێرایی تێبینی ئەوە بکەین کە ئەو ئیعتیبارانە هـەر خۆیـان پیـادە دەبن بەسەر ئەو پرسیارە، کە گفتوگۆی زۆری لەسەر کراوە کە ئـەویش بریتییە لەوەی ئاخۆ دەکرێ ئامێر بیر بکاتەوە؟

(٥)

مەسەلەیەکی دیکە هەیە ئەویش بریتییە لە — لاسایی کردنـەوەی شتەکان- کە ئاخۆ شتێکمان لەبارەی پڕۆسیسی لاسایی کردنـەوە فێـر دەکات، بۆ نموونە ئەگەر بەرنامەی شەترەنج پێی بکرێ شتێکمان فێـر بکـات سـەبارەت بـە هـزری مـرۆڤ لـە رووی مەبدەئییـەوە دەکـرێ

لاسایی‌کردنه‌وه‌ی دیدگایه‌کی گه‌وره پێشکه‌ش بکات که هـه‌مان ئـه‌و دیدگایه زۆر ئاشکرابوو، له سه‌ده‌کانی پێشوودا‌و ده‌بـێ ئـه‌وه‌ش بڵـێین گفتوگۆی کلاسیك نه‌که‌وته نێو هه‌ڵـه‌ی چـاخی راپـه‌ڕینی نـوێ لـه‌و کاته‌ی که –جاك دۆڤانس- ده‌ورووبه‌ری خۆی سه‌رسام کرد لـه رێگـه‌ی ئه‌و داهێنانه‌ی که پێشکه‌شـی کـردن، بـۆ نموونـه لـه دروسـتکردنی (مرلوی ئالی)دا هه‌وڵیدا ببێته نموونه‌یه‌ك له هه‌زمی حه‌قیقی مراوی، نه‌ك وێنه‌یه‌کی کتومت، پێویست ناکا بچینه ناو گفتوگۆی ئه‌وه‌ی کـه ئاخۆ مراوییه‌که‌ی- جاك- به‌راستی هه‌رسی حه‌قیقه‌تی ده‌کـات، بـه‌ڵام ئه‌مه‌یان ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نێ که شۆڕشی مه‌عریفی تازه به تازه پاشه‌کشێی پێوه دیاره، ئه‌گه‌ر هاتوو گه‌ڕاینه‌وه سه‌ر بۆچوونه‌که‌ی (گوتلوب فریژ) ئه‌و له پرسیاری یه‌که‌م که سه‌باره‌ت به زمانه به دیار ده‌کا کـه ئـاخۆ هـه‌ر وێنه‌یـه‌ك کـه ئیـدراك بنوێنـێ خـودانی مانـای شـه‌کلی لـه شه‌کڵه‌کانی زمانه؟ که له‌وانه‌یه له خودی زمـانی مـرۆڤ نزیـك بێـت ئه‌وه‌یان ده‌بی قسه‌ی له‌سه‌ر بکرێ نه‌ك هه‌ر زوو فه‌رزی بکه‌ین، به‌ڵام وا به‌دیار ده‌که‌وێ که گوته‌زایه‌ك بێت خۆی له‌بـه‌ر شـیکردنه‌وه نـه‌گرێت پرسیارێکی دیکه که له‌باره‌ی هزره ئه‌وه‌یه که ئاخۆ پـڕۆژه‌ی زانسـتی، هه‌مان ئه‌و میکانیزمانه به‌کار ده‌هێنێ که هزرو لێتۆژینه‌وه به‌کاریان ده‌هێنێ؟ به‌سه‌ر رووی ئه‌و شه‌به‌نگه دوورو درێژه‌ی زانسـتی ده‌روونـی‌و

فەلسەفەی زانستیو فەسلەجەی دەمارو زیرەکـی دەستکردوزانسـتییە مەعریفییەکان – ئەبسـتیمییەکان؟ speculative neurophy solology وا گریمـانکراوە کـە میکانیزمـەکانی گشـتی زیرەکـی بوونیان هەیەو کارێکی گشتییەو بەشێوەیەك کە گرنگی کەمە بەسەر مەودای جۆراوجۆری مەعریفی پیادە دەبن.

(٦)

مەزهەبی ناتۆرالیزمی مەعریفی epistmic naturalism لەم ماوەیەی دواییدا بەدیار دەکەوتەوە، بەچـەندین شـێوەی جیاجیـای وەك (تیۆری ئەپستمی ناتۆرالیزمی) لای نووسەر-کوین- کە بە بۆچـوونی من لە ڕێلادانێکی زەقە لەناو پانتـایی زانسـتی نـاتۆرالیزمیو هـیچ پاساوێکی نییە، هەروەها لە چـەندین ڕاڤـەکردنی دیکەشـدا بـەدیار کەوت کە پێشنیاری –ستروسن-strawson ئـەو مانایـە دەبەخشـێ کە ئێمە – چوارچێوەیەکی گشتیمان هەیە بـۆ ئـەو عەقیدانـەی کـە ئێمە پێیانەوە پەیوەستینو ناتوانین لێیانەوە ڕزگـار بـین، بۆیـە دەڵێـت گفتوگـۆ لەگـەڵ گومانـداران بـێ سـوودە، مەزهـەبی نـاتورالیزمی ئەبستمی وا بەدیار دەکەوێ کە بۆ سـەرەتاکانی هـزری نـوێ شـتێکی ماقووڵ بێت، بۆیە هەوڵدەدرێت دووبارە کەشف بکرێتەوەو بایـەخێکی زیـاتری پـێ بـدەین لـەناو پرۆسـەی پەرەسـەندنی چـەمکدا، لێـرەدا

پرسیارێکی گرنگ هەیە کە ئاخۆ ئەمەیان پێوەندی چییە بە زانستەوە کە بایەخێکی زۆر بە شعووری هاوبەشی رەگەزی مرۆڤ نادات؟ ئـەویش بە فرێـدانی ئـەو بیروبـاوەڕو عەقیدانـە دڵخۆشـە- کـەوا پەیوەسـتبن پێیانەوەو ناتوانین لێیان رزگار بین- وەك وێنەی مانگ یـا ئـەو بـاوەڕە توونددوتۆڵەی هەمانە سەبارەت بەوەی کە رۆژ لەپشتی هێڵـی ئاسـۆوە دادەبەزێ، هەروەها بەدیهێنانی زانستی کە هیچ عەیبێکی نییە پشـت بەو پرنسیبە دارێژراوانەی نەفس دەبەستێ کە بـەوەحی لـە سروشـتەوە هاتونەتە ئاراوە، لـەکاتی لێکۆڵینـەوە لـە برِسـتی تایبـەتی یـاخود رووکانی مەعریفەو عەقیدە، بە جوانیو رێکـی بـەدیار کـەوتووە کـە پێکهاتووەکانی ((رەنگە مەبەستی پێکهێنەرەکان بێت) مام ناوەنـدی ئـەرکی ئـەقڵ/ نـاواز جۆراوجـۆرە، دیسـان بەدیاردەکـەوێ کـە ئـەو پێشنیارو تایبەتییەیانەی کـە هاوبەشـن- یـاخود بـەوەی کـە رەنگـە هاوبەش بن- وا بۆ ناو شتی پڕووپووچ دێتە خوارەوەو سەر هەڵـدەدەن- هـەر وەك ئـەوەی کـە کـارە گرنگەکـە بکرێـت بـە چـەند بەشـێکی مامناوەندیو شیرازەی- چونکە کاتێك بە شێوەیەکی راسـتەوخۆ قسـە دەکەین لەگەڵ شتی گرنگی تایبەتی ئەوا بـە چەسـپاوی ئاویتەیـەکی تایبەتی دروست دەبێـت، حـاڵی حـازر بەڵگەیـەکی گرنگمـان هەیـە سەبارەت بەوەی کە پێکهێنەرەکانی ئەقڵ / دەماغ بـەهرەو مەلەکـەی

زمانە کە تەرخانە بۆ زمـانی قسـەکردنو چـۆنییەتی بـەکارهێنانی- مەبەستمان زمانی مرۆڤە- ئێمە ئەقڵ بەوە دادەنێین کە ڕێکخراوێکـی ئاڵۆزو خودان ئاوێتەیەکی بەرزی جیاکردنەوەیە.

واتە هۆی لێك کردنـەوەی شـتەکانە- مـن وام بـاوەڕە کـە ئەگـەر دیدگای مێـژوویی لـەو دیـوی نموونـەی-گوتلـوب- قـووڵ کەینـەوەو شۆڕشی مەعریفەی سەرەتا دیراسەت بکەین کارێکی بەسوودە.

(٧)

جێگەی سەرسامی نییە کە زمان ئەم جۆرە سـیحرە ببـات بـەرێوە، چونکە بەهرەی زمان، مەلەکەی زمان حەقیقەتـە لـە نێـو مرۆڤـداو گۆڕانی تیـا ڕوودەداتو لـە هـیچ شـوێنێکی دیکـەدا نییـە، ڕەنگـە نزیکترین شتێ کە لە زمان بچێو لە نێو مەگەزدا هەبێ، سیسـتەمی پێوەندیو بەیەکەوە کردنە لای هەنگ لەگـەڵ خـودی زمـانی مـرۆڤ، زمانی مرۆیی لەگەڵ ئەو سیستەمەی هەنگ لە شتێکی زۆر تایبـەت یەکتر دەگرنەوە ئەویش ئاماژەی لابەرە، واتە دەتـوانین قسـە لـە بـارەی شتێکەوە بکەین لە رووی شوێنو کاتەوە لە ئێمەدا بەدوورە، هەنگ بۆ ئـەوەی بگاتـە ئاقـارو مـەوداو ئـارەزووی لـە سەرچـاوەیەکی دووری هەنگوین سەمایەکی ئاڵۆز دەکاو هیچیش نازانێ، زمانی مرۆیـی لـە خەسڵەتی گەوهەری خۆیدا وا بەدیار دەکەوێت کە زمانێکی گۆشەگیرە

لەرووی بایۆلۆژییەوە ئەمڕۆکە هیچ پێشکەوتنێکی گرنگ لەئارادا نییە تا سەرکێشی لەگەڵ دیدگای (دیکارت)دا بکەین، توانایی بەکارهێنانی ئاماژەی زمانەوانی بۆ گوزارشت کردن لە هزرێ کە بەئازادی دارِشتراوە جیاوازی حەقیقییەو لە میانی مرۆڤو ئاژەڵو مەکینە بەدیار دەخات جگە لەم —مەلەکەی- زمان چۆتە ناو هەموو لایەنێك لەلایەنەکانی ژیانی مرۆڤو هزری مرۆڤو کارلێکردنییەوە، هەروەها بەرپرسە تا رادەیەکی زۆر لە حەقیقەتێك ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ بەتەنیا لەناو بایۆلۆژیدا مێژوو پێشکەوتنی رۆشنبیری جۆراوجۆری دەوڵەمەندی هەیە.

زمانی مرۆیی پشت بە تایبەتمەندییەکی سەرەتایی دەبەستێ و وا بەدیار دەکەوێ کە لەرووی بایۆلۆژییەوە گۆشەگیرە، ئەویش تایبەتمەندیەتی بەکۆتایی نەهاتنی جیاوازو دیارە، تەواو پشت بەمەودای هزری بوونەوەرەکانی دیکە دەبەستێ، گالیلۆ وای دادەنا کە دۆزینەوەی ئەو (٢٤) رەمزە بچووکە نهێنیترین شتە کە دۆزراوەتەوەو لە هەموو داهێنانەکانی دیکەی مرۆڤ مەزنترە، بەشێوەیەکی ماقووڵ دەتوانین وای دابنێین کە مەلەکەی زمان(ئەندامێکی زمانەوانییە) بەهەمان ئەو مانایەی کە زاناکان دەربارەی دەزگای مەناعەتو یاخود

دەزگای سوورِی خوێن قسەی لەبارەوە بکەین. بەو پێیەی کە زۆر گەورەیە، بەمە واتێدەگەین ئەندام شتێ نییە لە جەستەدا دەریبهێنین.

تیۆری ئەسڵی زمانی مرۆیی دەبێ دوو مەرجی تیابێ، (کارامەیی وەسفی) کە تایبەتە بە دەستوورێکی دیاریکراو، دەستوورێ کە تەفسیرێکی کامڵ دەداتە خەسڵەتەکانی زمان، بەڵام (کارامەیی تەفسیری) تایبەتە بە تیۆری گشتی زمان، دەستووری گشتی.

(٨)

تیۆری دیکارت کە تایبەتە بە تەنو ئەقڵ، دیکارت راپۆرتێکی سەرەتایی راخستووە سەبارەت بەدنیای میکانیزمییەوە لە رێگەی فەلسەفەی میکانیکی mechanical philosophy بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو گۆشە نیگایەی کە دەڵێت- شتەکان کاریگەرێتیان هەیە بەسەر یەکەوە لە رێگەی کۆنتاکتەوە contact هەروەها هەوڵیداوە وەدەری بخات کە لەرێگەی ئەوەوە مرۆڤ دەتوانێت تەفسیری هەموو شتێ بکات لە جیهانی نائۆرگانیدا هەروەها تەفسیری بەشێکی زۆری کە دونیای ئورگانی بکات لە رووەکو ئاژەڵو زۆر لە ئەرکەکانی مرۆڤ تا دەگاتە حس –هەستو ئیدراك، لەنێو گەرمەی ئەم نەخشەیەدا دیکارت وێرای بەشداریکردنەکانی دیکەی بناغەی زانستی فەسلەجەی عەسەبی تازەی دارِشت ncoschys sidogy

ئەمە جگە لەوەی کە بونیاتی تیۆری ئیـدراکی حسـی سکولاسـتیکی رمـاند- کە فەرزی کردبـوو شـێوەی تـەنی بەرهەسـت خـۆی لـە نێـو دەمـاغدا بە شێوەیەکی نادیار تـەبع دەکـا، واتـە لەگـەڵ فەلسـەفەی میکانیزمی یەکتر ناگرنەوە، بەڵام ئەلتەرناتیفی دیکارتی شتێکی وەك تیۆری ئەقڵی ورووژاند کە دەڵـێ- زنجـیرە رووداوەکـانی فیزیکـی کـە هەمیشە پێوەندی راستەوخۆیان هەیە وەك تۆڕی چاو- دەست-...تـاد. دەخەنـە چـالاکی، بـەڵام دیکـارت تێبینـی ئـەوەی کـرد کـە چـەند دیاردەیەکی دیاریکراو وەها بەدیار ناکـەون بکەونـە نـاو فەلسـەفەی میکانیکییەوە، دەبێت پرینسیبێکی نوێ سەبارەت بـە دیکارتییـەکان بهێنینە کایەوە، ماددەیەکی چەسپاو کـە گەوهەرەکـەی زمـان بێـت- substance دیکارت دەیووت هێزی مەعریفە بە شێوەیەکی راسـت پێی دەوترێ-ئـەقڵ- بـەڵام ئـەوەی کـە زۆر دیـارە ئەوەیـە بەرنامـەی دیکارتی لەزەرفی نەوەیەکدا رما، بۆیە مایەی تیزە ئەگـەر ئەمڕۆکـە باوەڕمان بـەوە هـەبێ کـە- تارماییـەك لـە نـاو مەکینـەدا هـەبێ- aghost in the machine بەڵام ئەو بە ئەنجام گەیشتنە لـەوەی کە روویداوە تێگەیشتن دەشێوێنێ چونکە تیۆری تەنی دیکارتی رمـاوە کەچی- تیۆری ئەقڵ- بەساغ و سەلامەتی ماوە وەك چۆن هەبوو، بـەڵام نیوتن دەریخست کە تیۆری دیکارتی بۆ دنیای ماددی تا رادەیـەکی زۆر

تەواو نییەو دەسەڵاتی ئەوەی نییە تەفسیری زۆربەی خەسڵەتەكانی بزاوت-یmotion-ی سەرەتایی بكات هەروەها هیچی پێ نەبوو بڵێت سەبارەت بەتارمایی ناو مەكینەكە بەتایبەت كە ماكینەكەی دەركرد نەك تارماییەكە.

(٩)

نیوتن دۆزییەوە كە تەنەكان چەند خەسڵەتێكی رۆحی پێشبینی نەكراویان هەیە gosty properties نادیارن‌و هەمیشە بەرزترن لە چەمكی گشتی تەن‌و یاخود شتێكی ماددی، نیوتن دەیبینی كە ئەو ئەنجامانە پیاو دەشێوێنن، لەوەشدا لەگەڵ دیكارتییەكان كۆك بوو سەبارەت بەوەی كە ناكرێ خەیاڵی ماددەیەكی نا ئەقڵی كەڕبكەین بەبێ بوونی شتێكی دیكە، هەروەها ناتوانێ كار لە مادەیەكی دیكە بكات بەبێ پێوەندی یەكتری.

نیوتن دەیووت ئێمە دەبێ تەسمیلی ئەوەبین كە راكێشانی كەونی هەیە، ئەگەر نەشتوانین تەفسیری بكەین لە رێگەی فەلسەفەی میكانیكییەوەش.

(هیوم) لە كتێبی مێژووی ئینگلتەرەدا نووسیوویەتی: (نیوتن، هیوم لە كتێبی —مێژووی ئینگلتەرا-دا نووسیویەتی (نیوتن پەردەی لەسەر هەندێ نهێنی سروشت داماڵی‌و لە هەمان كاتدا عەیب‌و

عاری فەلسەفەی میکـانیکی وەدەرخسـت بـەجۆرە هـەموو نهێنییـە ڕەهاکـانی گەڕانـدەوە بـۆ ئـەو نادیارییـەی کـە تیایـدا مایـەوەو بـۆ هەتاهەتایـەش تیایـدا دەمێنێتـەوە) بـەپێی ئـەوەی کـە زۆر لـە لێتۆژەرەوەکان بینیویانە کـە زانسـت کـەوا ئـەو بزاوتـە هزرییەیـە- گۆشەنیگایەکی تازەی دەربارەی زانسـت ڕاگەیانـد- کـە ئامانجـەکانی هەوڵدان نییە، بەدوای تەفسیراتی ڕەهـا، بـەڵکو هەوڵدانـە بـەدوای دۆزینەوەی باشترین ڕاپۆرتی تیـۆری کـە دەتـوانین پێشکەشـی بکـەین لەڕووی کارامەیی‌و ئەزموون، ئا بەجۆرە ئەوەی کە لەگەڵ تێگەیشتنی هاوبەشـدا دەڕوات پێوەرێکـە بـۆ بـەدیهێنانی ئـەقلانی، سروشـتی میتافیزیکی وا بەدیار دەکەوێ کە قابیلی دارشتن نەبێ، پێمان دەکـرێ جۆرێك لە سروشتی میتۆلـۆژی دابڕێـژین logical naturalism method کە تەئکیدی ئەوە دەکات کە لێکۆڵینەوەی ئەقڵ بریتییـە لە بـەدیهێنانی لایـەنی دیـاریکراوی دنیـای سروشـتی، ئـەویش وەك هەموو میتۆدەکانی دیکە فـەرزی دەکـا کـە دەمـاغی مـرۆڤ دەکـرێ بەشێوەیەکی بایەخدار سەیر بکرێ بەوەی کە بریتییـە لـە زنجیرەیـەکی ڕێك لە پێکهاتووەکانی مام ناوەندی کارلێکەر دەتوانین لەسەر ئاسـتی جیاجیا لێیان بتۆژینەوە، ئـەتۆم‌و شـانەکان‌و کۆمەڵـە خەلەویـەکان‌و

تۆڕی عەسەبییەت‌و سیستەمی حیسابی کە لە یەکەم قۆناغیدا دیکارتییەکان دایانهێناوە.

(١٠)

چەندین لوغز هەیە بۆ تاهەتایە لەدەرەوەی مەعریفەی ئێمەدا دەبن، جا لەبەر ئەوەی ئێمە کائینێکی واین، رامانمان هەیە، ئەوە هەوڵدەدەین کە ئەو لوغزانە حەل بکەین‌و بەلاّم هەمیشە خیت- فەشەل- دەبینەوە، لەوانەیە سیستەمێ بەدیار کەوێ تایبەت بێ بۆ ئەو هەوڵەو دابڕاوە لە زانستی ناتورالزمی لەو کاتەی کە مرۆڤ بەباشی دەبنە خودانی وەعی بۆ زاتی خۆیان‌و دەست لەسەر ئەگەرەکان دادەگرن، لەوانەیە بیر لە زانستی ناتیۆرالیزمی بکەینەوە کەوا جۆرێك بێ لە (نزیك بوونەوەی عەرەزی chance conbergence لەمیانی رووەکانی دنیای سروشتی‌و خەسڵەتەکانی ئەقلّ- دەماغ —ی مرۆڤ، کە رێیدا هەندێك تیشکی خۆر بێتە ژوورەوە بۆ ئەوەی نادیاری گشتی برەوێنێتەوە، ئەگەر هاتوو گەڕاینەوە بۆ داشکاندنەوەی- نیوتن- سەبارەت بە تیۆری گشتی تەن ئەوا چەند وردەکارییەکی ئاسایی دەبینین کە بریتییە لەوەی هزرو کاری مرۆڤ دوو خەسڵەتی ماددی رێکن وەك هێزی راکێشان‌و لێك ترازان، بارگەی کارەبایی ... تاد.

جا ئەگەر هەنگاوی وابنـێین ئـەوا رووبـەڕووی زنجیرەیـەك پرسـیار دەبینەوە کە بریتین لە- ئاخۆ خەسڵەتیشتەکان لەدنیادا چییە؟ چـۆن لەتاك‌و جۆر دێتـە کایـەوە، چـۆن روون دەکرێتـەوە بـۆ بـەکارهێنانی لەکارو تەفسیردا ؟

چۆن دەکرێ میتالی رێکخراو ئەو خەسـڵەتانەی هـەبێ؟ لـەکاتێکا زانستی سـلوکی نـوێ‌و شـێوازی بونیاتگـەری بـەر لـە هـەفتا سـاڵ دەکەوتنە ژێر تەوقەوە، زمانـەوانی دانیمـارکی- ئوتویسیرسـن- دانـی پیانا کەکاری زمانەوان دەبی خەڵقکردنی سەربەخۆ بێ بە پێچـەوانەی چەمکەکانی- سوسوری-saussurean کە زێـتر بـەر تـەنگتربوون‌و کاریگەریانە گەورە بوو، بیرۆکەی تەقلیدی نـەیتوانی دارشـتەی روون‌و ئاشکرا قبووڵ بکا تائەو کاتـەی زانسـتی شـەکڵی هاتـە ئـاراوە کـە چەمکی ئەنجامدانی هێنانە کایەوەی پێشکەش کرد.generative

**سەرنج**

* زیاتر لەبەر ئەوە ئینگلیزییەکانم لەبەرامبەر نووسیون چونکە رەنگە هەندێ وشە هەن لەکوردیدا دەقاودەق چەمکەکە نەبەخشن.

* سەرجەمی ئەم نووسینەم بە وەرگێڕان و هەڵبژاردن و دەستکارییەوە لەم سێ ژمارەی ئەو گۆڤارانەی خوارەوە وەرگرتووەو هەوڵمداوە تۆزێ سادەی بکەمەوە، چونکە دیارە نووسینەکانی چومسکی بە شێوازێکی قووڵ نووسراون و رەنگە ئەگەر هەر بە وەرگێڕانێکی وەك خۆی هەمان ئەو چەمکە نەدا بەدەستەوە کە خۆی مەبەستییەتی.

- الثقافة الأجنبية/ العدد ١-٢، ١٩٩٦
- الموقف الثقافی/ العدد ١٥، ١٩٩٨
- الثقافة الأجنبية/ العدد ١، ١٩٩٨

## ئەندرێ مالرۆ
## دیاردەیەکە پۆلبەند ناکرێ

پەیوەندی مالرۆ بە هونەرەوە بێ دوو دڵی کۆمەڵێ کاریگەرێتی دەگرێتەخۆ، کە لای هەمووان کەمتر ناسراوە.
مالرۆ بە درێژایی تەمەنی هەوڵی داوە تا پەی بە نهێنی خولقاندن ببات، لای ئەو جیهانی ئەدەب دۆڵێکی ئەبەدییە، یان لانی کەم هونەر شتێکە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ زاڵ بوون بەسەر مەرگ. هونەر بە جیلوەی ڕەنگاو ڕەنگی خۆی ڕەنگ دانەوەی ڕۆحی میللەتانە.

**ڕازی خولقانی هونەر:**
لە ساڵی ١٩٢٢ (ئەو کاتە ٢٢ ساڵان بوو) لە کاتی بەرگوزاری پێشانگای (گالانیس) مالرۆ ڕایگەیاند بوو کە (ئێمە تەنیا لە ڕێی پێوانەوە دەتوانین هەست بە شت بکەین).
هەست کردن، بینینو پێوانە کردن هەتا خەیاڵیش چەند وشەیەکن کە ڕەفتارو هەڵسو کەوتی (مالرۆ) لە بەرامبەر تەنیا ڕەگەزی ژیانی ئەودا، واتە هەوڵ دان بۆ پەی بردن بەڕازی خولقاندنی هونەری بە کورتی بەیان دەکات.

مالڕۆ ڕەخنەگرێك نییە بەچەمکی سوننەتی، ئەو قەت خۆی بە قوتابخانەیەکی دیار نەبەستۆتەوە, ناتوانرێ لەو ڕەخنەگرانە بژمێردرێ کە سەر بە ڕەخنەی قوتابخانەیین وەکو (فور) یا (پیرفرانکاستل) لە ڕەخنەی ئەدەبی فەرەنسیدا، مالرۆ دیاردەیەکی تاکە کەسییەو ناتوانرێ پۆلبەند بکرێ، بەڕاستی پێویست بەوە ناکات کە یەکێکی وەکو ئەو بخەینە چوار چێوەی پۆلبەندی.

بەڕای مالرۆ بەر لە بیرکردنەوە دەربارەی بابەتێك دەبێ تێی ڕامێنین لێ قوولْ بینەوە، بە شێوەیەك کە کاکڵی مەسەلەکە بە دەست بهێنین‌و پەی بە خاڵی جوانکاری‌و لایەنە نادیارەکانی ئەو بابەتە ببەین. تەواوی بەرهەمەکانی مالڕۆ لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە دەوڵەمەندن‌و زیرەکی ئەم نووسەرە مایەی سەرسامی خوێنەرانە... بەتایبەتی لە (سەدای بێدەنگی)دا مرۆڤ دەخاتە باوەشی گیانی سادەکان‌و بەرەو ڕووی داهێنەرانەی ڕۆشنبیری‌و شارستانیشی دەکاتەوە. نووسەر بە کورتییەکی بەرچاو گیر قسە دەکات‌و خوێنەر لە کلێسای (شارتر) بەرەو هونەری (استث)ەکان‌و ڕۆمی ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو تانکەکانی (تبت)ی دەبات.

لەگەڵ ئەمەشدا جۆرە تێکچڕاژانێکی وا لە ئەندێشەو بەرهەمەکانی (مالڕۆ)دا هەیە کە هەندێ جار دەبێتە هۆی ئەم جۆرە

سووتان‌و گڕگرتنە، ئەوەش ڕاستگۆیی بەرهەم‌و چیرۆکەکانی ئەومان پیشان دەدات، کە لە دوای خوێندنەوەی کۆمەڵە نووسینەکانی ئەودا دەتوانین خەیاڵی ئیستاتیکی لە بواری هونەردا بدۆزینەوە... لە ساڵی ١٩٧٤دا مالرۆ خۆی ئەو مەسەلەیەی لە پێشەکی بەرگی دووەمی(بەدگۆڕان)، (مەسخ)دا باس کردووەو دەڵێ: بە دوای مەرگی مارسیل پروست (زمانی دووبارە دۆزراوە) بڵاوکرایەوە خەڵکی تازە لەچەمکی (گەڕان بەدوای زمانی ون بوو)دا.

تێگەیشتبوون، چەمکی ئەو کتێبەش تەنیا دوای بڵاوبونەوەی دوا بەرگی ڕۆشن دەبێتەوە.

هۆیەکەشی ئەمەیە کە تەواوی نوسینەکانی مالڕۆ لە بارەی هونەریدا جۆرە یەکایەتیەکانی زۆر قوڵی شەتەکدراوی هەمیشەیی تێدایە.

## دنیای هونەر، دنیای جاوێدانییە:

ئاندرێی گەنج لە ساڵانی یەکەمی گەنجێتی خۆیدا لەگەڵ یەکەمین هاوسەری خۆی (کلارا)دا سەفەری دۆزینەوەو ناکامی خۆی بەرەو هیندو چین دەست پێکرد.

ئایا بەڕاستی ئەو سەفەرە (یەکەم هەنگاوی گەڕانو سووڕان بەدوای جوانی)دا نیشانەیەك نەبووە لە ئارەزووی وەلای دۆزینەوەو دەرك پێکردنی هەندێ چەمکی پەناو پێچی کە دەرك پێکردنیان سانا نەبوو.

لە کۆمەڵە نووسینەکانی مالڕۆدا بابەتێکی دەردناك جیلوەیەکی تایبەتی هەیە کە ئەویش ڕەخنەگرتنێکی هونەرمەندانەیە سەبارەت بە شتێ کە ناوی (ژیانی)ی لێ نانرێ؟

شتێکە کە هونەرمەند بەرەو ئەو ڕادەکێشێو هەوڵدەدا بە پاڵپشتیو زیرەکی لێهاتوویی خۆی بەیانی بکات، شتێ کە لە دەست هونەرمەندەوە ڕادەکات.

بەڕاستی دنیای هونەر لای مالڕۆ دنیایەکی دیکەیە، دنیایەکی جاویدانە بەڵگە نەویستە کە مالڕۆ لەم بارەیەوە جیاوازی هەیە لەگەڵ (پۆڵ ڤالیری) کە بڕوای بە لەناوچوونو شارستانێتی هەیە.. بە بڕوای مالڕۆ لە بەرهەمێکی هونەریدا هێزی چوونەباریەك (هێزی کلێشەگۆڕی) (تناسخ) هەیە کە دەبێتە هۆی مانەوەی ئەو بەرهەمە.

((شارستانێتی بەسەرچووەو مردووە، بەڵام هونەری ئەو شارستانێتیە زیندووە)) ئەگەر میسری کۆن لای ئێمە هەمیشە هەر بە نەناسراوی دەمێنێتەوە، بەپێچەوانە، پەیکەرەکانی میسری لە

مۆزەخانەکانی ئێمەدا هەیەو قسەمان لەگەڵ دەکەن. بەم جۆرە ئایا(سەدای بێدەنگی)و (ئاوازی چوونە باریەك).

مالرۆ چونە باریەکی گیانی بەرهەمی هونەریە بە دۆزینەوەیەکی بەڕاستی سەرسامکەر دەزانێو هەمیشە بە پاڵپشتی زانیاری لێی کۆڵیوەتەوە، هەروەها جۆرە گۆڕانێکی هارمۆنی کیمیایی تێدایە، وەك بڵێی بەئاگاداری بوونەوە لە تەسکی وەخت ویستوویەتی گەورەیی بەرهەمی خۆی بە ئاوازێك کۆتایی پێ بهێنێ کە هەندێ جار پەلەپەلیو خێرایی پێوە دیارە. هەڵبەت هێشتا کە لە هەندێ نێوەندا وا باوە کە لە بارەی بەرهەمی جوانناسی ئەندرێ، بەڵام ئەو خاڵە دەبێ بۆ چەندەمین جار دووبارە بکرێتەوە کە مالڕۆ خۆی نە بە مێژوونووس زانیوە نە بە ڕەخنەگری هونەریو نە بە کابرایەکی ئیستاتیکی.

سەرچاوە: گۆڤاری (أدبستان) ژمارە ١٦ فروردین، ١٣٧٠، ل ٢٢.

# کتێبی سێیەم

## بابەتە شاردراوەکان

### دەسەڵاتی ئەدەب

دەستەواژەیەکە لە جەستەی ترس، زێتر پرسیار بەرهەم دێنێ یاخود پرسیارێکە بۆ ئەفراندنی دەیان پرسیاری دیکە، دەچێتە کایەی لەنێوبردنی وەڵامی هەمیشە لەسەر زارو ئامادەکارن، ئەو وەڵامانەی کە لە راستیدا وەڵام نین بە قەد ئەوەی پەردەکێشانە بەشەر حەقیقەتەکان، هەر کاتێکیش پرسیار وەڵامی ئاوهای وردو خاش کرد ئەو کاتە سەرەتای سەرهەڵدانو داهێنانی راستەقینە دێتە کایەوە، دەسەڵاتی ئەدەب بریتیی نییە لە دەسەڵاتێك کە نەخشەی بۆ کێشرا بێو رێورەسمی سەربازی پشتیوانی بکاتو کۆڕەوی ئامێرئامێز بپارێزێ، بە قەد ئەوەی دەسسەڵاتێکە تانو پۆی لە هزری ئازادی ئەدیب وەردەگرێو دەوری رۆحی دەداتو دەیپارێزی.

لە هەموو خۆبەدەستەوەدانێك، دەسەڵاتێکە سەرچاوە لە کوانوی جورئەتو داهێنانو خۆدۆزینەوەو راستبێژیو شیکردنەوەی قووڵ وەردەگرێ، هەرسێ زەمەنی رابردوو داهاتووو ئێستا بە یەکەوە گرێدەدا، بۆ ئەوی لەبەرامبەر هەموو رەشەبایەکی ترسو پەشیمانیو

دوودڵی بوەستێ، چونکە راستبێژی لە رۆژهەڵاتی ئێمەدا بۆ ئـەدیبانو ئەدیبانیش هەمیشە تراژیدیای دروست کردووە.

بۆیێکە ئەگەر ئەدەب دەسەڵاتێکی چنراوی لـە راسـتگۆیی و دەقـێ کـە داکـۆکی لـەخۆی بکـات دروسـت دەکـات، ئـەوە تووشـی ئـەو نەهامـەتیە دەبێت، بەم جۆرە دەسەڵاتی ئەدەبی شـەرعیەتی خـۆی لـە قووڵایی مێژوو وەردەگرێو سەربڵندانە بوونی خۆی لەنێو ئـەم مێـژووە دەسەلمێنێ، دەسەڵاتی ئـەدەبی کـەمبوونێك نییـە لـە بـازاڕی بزاڤـی فیکریدا، بە ئامـادەکراوی دەسـکەوێت، بـەڵکو شـەونخونیو خـەباتی ئینسـانە لـەنێو جوگرافیـای هـەزارەها سـروتدا بـۆ ئـەدیب ئـەو گەنجینەیەیە دوای دەیـەها جـار کـەوتن لـە پێنـاوی بـەپێوە مانـەوە دێتەکایەوە، تێگەیشتنە لـە مێـژوو دەستنیشـانکردنی فاکتـەرەکانی سەرهەڵدانیەتی بۆ دۆزینەوەی هوشیاری بەم مێژووە، دەسەڵاتی ئەدەبی هـەر بـە تـەنها لـەوەوە سـەرهەڵنادات کـە لـە خانەیـەکی ئـەدەبی دیاریکراودا، جووڵە بکەین بەڵکو کردارێکی پرۆسەیەکی گشـتی لـە گوتاری ئەبسـتمۆلۆژیادا ئەقڵانیەتێکـە ئـەزموونی عـومر دروسـتی دەکات، هەرکات چەمکی ئەوانەمان بـۆ وەدەرکـەوت ئـەوا دەسـەڵاتی ئەدەبی سەرهەڵدەداو هێزو برست دەنوێنێ.

## ئەدەبی دەسەڵاتدار

وەلێ ئەدەبی دەسەڵاتدار دوو وشەی بە ئەستەم بە یەکەوە لێکنراون، هەرگیز بەیەکەو هەڵناکەن. چونکە دەسەڵاتی ئەدەبی سەری هەڵدا، دژ بە موڵکداریەتی کردنی دەسەڵات دەوەستێ، هەموو خەباتی رۆشنبیری بریتییە لە بەربەرەکانێ دەسەڵاتداریەتی، هەڵبەت لەنێو چوارچێوەی رۆشنبیریدا.

مەبەستی دەسەڵاتی ئەدەبی دروستکردنی هەراو زەنا نیە، هەر لە سەرەتاوە ئێمە نەچووینەتە نێو ئاوایی سیاسەتەوە لە دەرەوەی گوتاری سیاسیدا باسی ئەم دوو چەمکە دەکەین بۆ ئەوەی شەقامی خۆمان قیرتاو بکەین‌و بچینە ناو ئەم دونیایە.

ئەدەبی دەسەڵاتدار تەنها ئەو کاتانە دروست دەبێ، کە ئامانجی ئەدەب ئامانجێکی گشتی ئینسانی نەبێ، بە دروست بوونی ئەدەبی دەسەڵاتدار لە چەمکی شارستانیەتدا دەترازێنن‌و مرۆڤایەتی ئەدەب وردو خاش دەکەین، چونکە کە دەسەڵاتدار بوو بە حوکمی ئەو دەسەڵاتە قودرەتمەند دەبێ، بەربەرەکانی تەوژمەکانی دەوروبەری خۆی دەکات، کە دڵنیایە رەتی دەکەنەوە، رەنگە تەوژمەکان لای ئەو دەسەڵاتداریە سەلبی بێ، بەڵام لای پەیڕەوکەرانی دەسەڵاتی ئەدەبی چاك بن.

بەم جۆرە ئەدەبی دەسەڵاتدار ئەدەبی دەربارەو دژ بە دیموکراسیەتو مرۆڤایەتی ئەدەبە...بەم جۆرە دەسەڵاتی ئەدەبی حوکمی مانەوەی خۆی لە مەعریفەو دونیای مەعریفەو ئەندێشەی قووڵی ئینسان وەردەگرێ. بەهۆی ئەو دەقانەی کە هەوادارانی ئەو دەسەڵاتە فرێی دەدەن. ئینسانیەت بەهێزتر دەبێ.

## ئازادی هزر

پێم وانیە هزر ئازاد بێت ئەگەر هزرەڤان لە ناخەوەی خۆیدا نەبێو سێدارەو فەلاقەو مەقسەلە بۆ هزری دیکە هەڵواسێ، ئەمە هزرێکی دیلو پابەندو یەخسیرە. هزرێکە لەژێر دەمامکی ئازادیدا دەقی تۆریرزم دەنووسێتەوە زۆر نووسینان دەخوێنمەوە بە رادەیەك باسی رەهایی دەکات کە شەهدی ئازادیو سەربەرستی لێ دەتکێ، هەر زینەتە تامی بکەیت.

وەلێ وانییە، چونکە لەمیانی وشە بریقەدارەکانو رەفتاری رۆژانەی خەڵك ئاسا دیارە کە خودانی ئەو نووسینانە، نەك هەر لە ناخەوە ئازاد نین بەڵکو زۆریش ئازادی کوژن، بۆیان بلوێ یا خودای نەکردە سەرە پەتکێکیان بکەوێتە دەست، نەك هەر تەڕو وشك بەیەکەوە دەسوتێنن، بەڵکو دەبن بە نەمرودێك نەك هەر رۆما بەڵکو هەموو دونیا

دەسوتێنن، چونکە ئەو ئازادییەی ئەوان بەدوایدا دەگەڕێن هەرێمێکـە بۆ ئەوەی هەرچی سادیەتی ناخیانـە پیـادەی بکەنـە سـەر دەورپشـت، چونکە ئەو جۆرە خودان نووسینانە پێیان وایە خـەڵکی دەبـێ هـەموو وەکو ئەوان بیر بکەنەوە وەکو ئەوان بنووسـن، وەکـو ئـەوانیش ڕەفتـار بکەن. ئەمە مەنتیقی ئەوانەیە، بۆیە ناکرێ بەم جـۆرە هـزرەی ئـەوان دایدەڕێژن بڵێین هـزری ئـازاد، بـەڵکو لەگینـەپێیان بڵـێین هزرێکـی پابەندو بودەڵەیـە، هزرێکـی بناغەدارێـژەری فاشـیەتی ڕۆشـنبیرییە، ئەگەر ئابووریزانەکان ڕازی بن سەبارەت بەم زاراوەیە.

## ئەدەبی سەرچاوەدار

دیارە دونیای سەردەم دونیایەکە بایەخ بە دەسەڵاتی مەرجەعی دەدا لە هەمان کاتدا بایەخ بە تیۆرامان دەدا، دەقەکانیش چ ئەو دەقانە بـن لە بالای سیاسەتەوە پۆشتەو پەرداخ دەکرێن، چ ئەو بابەتانە بن کە لە کەمـەری هونـەرەوە بـە گشـتی بەنـد دەکـرێن هـەردوو جـۆر ئـەو کەمەندانەن کە سوارانی ئەم مەیدانە دەیهاوێژن.

بەڵام دڵنیان لە گەردەنی مەبەست گیردەبن، لە هەمبەر خۆمانـەوە تا ئێستا عەقڵیەتی نووسین لە مەیدانێکی تـاك ڕەهەنـدی سیاسـیدا جوولـە دەکـات کـە جووڵـەش دەکـات تـەنها لـە وەڵامـدان،

وەلاّمدانەوەکانیشی دەقی سادە وەریدەگرێ، کە جیاوازی نییە بۆ ئێمەی ڕۆشنبیرو ئەدیبو سیاسەتمەدار، لەگەڵ ئەو وەلاّمانەی لە ڕاڤە کردندا، بێ پرسیار کردن دەدرێتەوە، لە کاتێکا ئێمە پێویستیمان بە ئەقلاّنیەتی بەرهەمهێنانی دەقدا بە (پرسیار)ە نەك وەلاّم، ئەو پرسیارانەی دەیان وەلاّمیان حەشار داوە ئەو پرسیارانەی دەیانەوێ بە گشتی هونەر لەیەك پارسەنگی گشتیو هەمەلایەنیو بگەیەننە خوێنەر، واتە لە نووسینی دەقێکی ڕۆماندا سیاسەت ئامێرێکی مردووی کەم بایەخ نەبێ، بەهای ڕەوشتو قسە ون نەبووبن، مۆسیقا هەمان مەبەستی (فاغنەر) بێ، مەبەست لەمە بوونی ئاگاهی گەورەیە کە بڕیاری میکانیزمیەتی ئەقڵی دەق دەدات، گوناهی خوێنەر پڕ ئاگا نییە، کە شیعرێ یا چیرۆکێ یا ڕۆمانێ یا بابەتێکی زانستی، مێژوویی، دەخوێنێتەوە لە سەرەوەی ئەو گوتارانە بوەستێو بالاّی بەرزتر بێ، چونکە دیارە ئەزموونی نووسین بە هەند هەڵنەگیراوە ئەزموونێکە بە تەنها بونیات نراوە بڕستی داڕماندنو لەمپەر کوژاندنەوەیان نییە. بەم جۆرە کۆمەڵە مردوویەکی بەناو دەق لەگەڵ دونیای زیندوودا دەژین، بە مردوویی دەژین، زیندووەکانیش هێندە لەو مردووانە ڕاهاتوون خەریکە ڕەنگیان دەگرنو لەیەکتر جیاناکرێنەوە،

دیاردەیەکی کوشندەیە بەڵام خۆمان دروستمان کـردووە. هــەر خۆشمــان لێی بەرپرسیارین ئەی زیندووەکان!

# ڤالاّیی

ئەگەر بە وردی سەیری پانتایی رۆشنبیری کوردی بکەین، یەکسەر دەگەینە ئەو راستییەی کە گوتاری رۆشنبیریی کوردی گوتارێکی تاك رەهەندو تەواو بەسەر شیعرەوە داگیرساوەو هێزی پەڕینەوەی نەماوەو لە برستی دانییە قالّبی ئەم ژانرە ئەدەبییە بشکێنێ‌و بەرەو بابەتێکی دیکە بڕوات، راستە لەملاو لەولاو لێرەو لەوێ باس لەبابەتی دیکە دەکرێ‌و ژانری دیکە دەنووسرێ، بەلاّم بەداخەوە وەك چۆن بۆ شیعر هاتووەو رێچکەی خۆی زۆر بەخەستی گرتووەو بۆتە گوتارێکی زەق‌ودیار ئاوەها بۆ ژانرەکانی دیکە نەچۆتە سەر.

دەبوا لەو سەردەمەدا زیاتر بایەخ بە ژانری دیکەی وەك ، شانۆ، چیرۆك، ئەدەبی سیرەی زاتی بدەین‌و گوتاری ئەو بابەتانە زیاتر دەرکەوتبان، چونکە ئەوانە دەرهاوێشتەی پەرەسەندنی شارستانین‌و خالّەکانی بەیەکداچوونی شارستانی‌و پێشینە زەمەنیەکان دروستیان کردووەو رەنگدانەوەی هەمان ئەو گێرمەو کێشەیەن. بۆیە پەرەسەندنی ئەم هونەرانە بە شێوەیەکی رێك‌وپێك بەلّگەی ئەوەیە کە ئێمە کەمتر لە بواری کۆمەلّگەی مەدەنی خواست‌و ئاوەتەکانمان سەردەدەین، بەلّگەی ئەوەیە کە ئێمە کەمتر بایەخ بە هۆکارەکانی بە مەدەنی

بـوونی کۆمەڵگـەی کـوردەواری دەدەیـن، کـە بەراسـتی ئەمـەش شکستێکی گـەورەی گوتـاری سـتراتیژی نەتەوەکەمانـە کـەخۆی لـە چەندین هۆی گرنگی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریدا دەبینێتەوە.

گوتاری سیاسیمان لە رارەوێکی دژواردا هەوڵدەدات راسـتی بـوونی مەسەلەکە بسەلمێنێو ئەو هەوڵو تەقەلایەش هیچ بوارێکی پێنادا کە هەموو هێڵەکان لەگەڵ خۆی راکێشێو پەرەیان پێبدات، چـونکە ئـەو ناوەندەی گوتاری سیاسی کاری تیادەکات نێوەندێکی پڕ لە دژوارییـەو هەوڵدەدات ئیحتوای کێشە سـەرەکیەکان بکـاتو نـەهێڵێت پـەلوپۆ بهاوێتو سەر هەڵبدات واتا لە ئەنجامدا کیانێـك بـۆ خـۆی دروسـت بکـات، هـەر بۆیـەش گوتـاری سیاسـیمان جارێـك هـەر خـەریکی کۆکردنەوەی خۆیەتی...خەریکی کۆکردنـەوەی هێـزی مانەوەیـە، بـە کورتی گوتاری سیاسیمان گوتاری مانەوەیە، گوتاری خۆ کۆکردنەوەیە لە پێناوی خاڵی بنەڕەتی ئەویش خاڵی وڵاتپارێزییە کە تاقە ستراتیژی ئێستاکەمانە.

گوتاری کۆمەڵایەتیشمان کە راستەوخۆ دەخرێتە ژێر باری گوتـاری سیاسی لەنێو گێژاوێکی سەیرو سەمەرەی نەریتەکاندا جووڵە دەکاتو ئەو نەریتانەی بە درێژایی مێژوو لە نەوەیەکەوە بـۆ نەوەیـەکی دیکـە ماونەتەوەو لە قۆناغێکەوە تەسلیم بە قۆناغێکی دیکە کراوە..گوتاری

داخراوی دەستە پاچەیەو ناتوانێت لەسەر زەمینی رۆژهەڵاتدا چەمکە فەرزکراوەکان وردوخاش بکات..ئەگەر هەوڵی ئەوەش بدا هەر ناتوانێ چونکە دەسەڵاتی گەورەترو چەمکی کۆمەڵایەتی گەورەتر لە دەوروبەریدا حوکمی دەکەن، هەر بۆیەش لە ژێر سێبەری گوتاری سیاسیدا لە هەڵوتەقەڵایەکی نەزۆکانەدا مەرامەکانی خۆی پێشان دەدات‌و دەیەوێت سەر دەربهێنێ کەچی یەکسەر دەپوکێتەوە لە هەموان ناهەموارتر کە رەنگە هەردوو گوتاری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بگرێتە خۆ مەسەلە ئابوورییەکە لەسەر بنەمای پەرش‌و بڵاوی ئابووری کوردستانەوە وەك‌و بنەمایەکی مادی دامەزراوە.. تاوەکو ئێستا بە شێوەیەکی دیار تیۆریزە نەکراوەو نەخراوەتە بەر باس‌و لێکۆڵینەوە.. ئەگەرچی بەبێ گوتارێکی ئابووری کە داینەمۆی ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیرییە، ناتوانین پەرە بەبوونی سەر زەمینی هیچ بابەتێك بدەین.

بەڵێ هەروەك گوتمان ئەمانە هەموو هۆکاری شکستی گوتاری ستراتیژیمانەو لەباری رۆشنبیریدا دەبێ بە وردی بیری لێبکەینەوە.. هەر ئەوەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەموو هونەرەکانی وەك شانۆ کە تێکەڵی ژیانی رۆژانەی رووداوەکانمان دەبێت‌و لە سەر تەختە گوزارەی لێدەکات‌و هونەری چیرۆك کە ئیقاعی شارستانیەتە ئێستا لە ناو

کوردان هێندە برەوی نەسەندووە.. باوەکو لە سەرتاسەری کوردستان چیرۆکنووسی زۆرمان هەیەوەك‌و (حوسێن عارف، موحەمەد موکری، ئەنوەر موحەمەد تاهیر، شێرزاد حەسەن، جەبار جەمال غەریب، رەوف بێگەرد ، سەلاح عومەر،عەتا موحەمەد ، جەلیل کاکە وەیس، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل ، بەختیار عەلی، هەتا دوایی...)

بەمجۆرە دەبینین لە پانتایی رۆشنبیری کوردیدا چیرۆك هەیەو رۆمانیش ئەگەر هەبێ بە مواسەفاتی چاك دەگمەنە، دیارە ئەگەر شانۆو چیرۆك دوو دەرهاوێشتەی شارستانییەت بن ئەوا رۆمان ئیقاعی سەرتاسەری شارستانیەتی زۆر گەورەیە بۆیە لەوان کەمتر وەك شاکار دیار دەدات..ئەگەرچی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیا باوە بەوەی کە خێرایەو رەنگە مەودای عاتیفە نەدا شیعر بەر لەوانە دوا بکەوێ، بەلام خێرایی پەرەسەندن ئەگەر کار بکاتە سەر داهێنان ئەوە زووتر بەسەر چیرۆك‌و رۆماندا دادەڕژێ، چونکە پێویستی بە تەئەمولێکی زۆر هەیە کە ئەو خێراییە بواری داپڕژانە سەر چیرۆك‌و رۆمانمان نادات بە پێچەوانەوە رەنگە شیعر زێتر لەگەڵ ئەو خێراییە بڕوات.

بە هەرحاڵ دەبێ بۆ ئەوە هەوڵبدەین زیاتر بایەخ بە چیرۆك‌و رۆمان بدەین‌وزیاتر بە گوتاری رەخنەیی‌و هەڵسەنگاندن چەکداری بکەین، بۆ ئەوەی رووی گەش‌و رەوانی ئەو هونەرە مەزنە بەدیار بکەوێ.

زمانێکی تۆکمەو بەهێز دیدگایەکی قووڵ دەتوانێ ڤالاّیی بۆ رۆمان یا چیرۆك دروست بکات، چونکە وەبەرچاوخستنی ڤالاّیی space لە رۆماندا کارێکی ئەستەمو دژوارە ، بۆیە دەبێ زمان لە ئاستی رووداوەکاندا بۆ ترۆپك هەڵکشێ، مەحاڵە رۆمانێك ببێتە خودانی ڤالاّیی بێ ئەوەی رۆماننووس لەناو پانتایی واتاکاندا تانوپۆ بۆ رووداوەکان دارێژێ، دەخوازم بڵێم ڤالاّیی لە رۆمانو چیرۆکدا دروست نابێ ئەگەر رۆماننووس زمان لەبەردەم خۆیدا دیل نەکات، دیلی بە چەمکی بە هەویرکردنو دەست بەسەراگرتن، چونکە کە زمانی رۆماننووس بەسەر چەند بونیادێکی شاراوەدا کوورتبوّوەو نەیتوانی هێڵی ئەو بونیاتانە هەمووی بەیەکەوە تاکۆتایی رۆمان راکێشێ، ئەوە ڤالاّیی لە نیوەی رێدا بەجێدەمێنێو هیچت لە بەر چاودا نامێنێ، نموونەمان لە رۆمانە جیهانییەکان زۆرە کە بتوانین ئاستی زمانو ئاستی ڤالاّییان تیادا دەستەبەر بکەین، بۆ نموونە رۆمانی زۆربا کە بۆخۆم بە زمانی عەرەبیو فارسی خوێندومەتەوە، چونکە کازانزاکی هێندە زاڵ بووە لەزمانی ئەسڵی خۆیداو بە کۆنترۆڵکردنی کەرەستەکانی زمانو چۆنیەتی مەلە کردن لە واتاکانیاندا توانیویەتی کاتدراڵێکی گەورەی ئیستاتیکیمان لە بەر چاودا وێرای رووداوەکان بخاتە روو، بەتەنها لە بەرجەستەکردنی سەمای زۆربا لە رێگەی

موفرەداتی زمانەوە گـەورەترین ڤـالاّیی‌و واتـا بـە خوێنـەر دەبەخشـێ چونکە ئەو کە باس لە سەمای زۆربا دەکـات مەبەسـتی ئـەو سـەما سادەو بێ مەبەستە نییە کە رۆژانە بەرجەستە دەبێ بـەڵکو مەبەسـت لەو سەمایەو شەتەکدانی بـە روداوەکـانی تـەنهایی مـرۆڤ لـەم سـەر زەمینە بریتییە لەو بونیاتە شاراوەی‌کە خودی کازانزاکی لە دەروونـی خۆیەوە هەڵیدەڕێژێتە سەر کاغەزو دەیەوێت ئەو ڤالاّییە ببەخشێت بـە خوێنەر کە ئەویش بکـات بەبەشـێك لـە رۆمانەکـە، یـا لانـی کـەم پاڵەوانێك لە نێو خودی ئەو بونیاتـە شـاراوەی دەروونـی ئـەو. لێـرەدا ڤالاّیی زۆر پەیوەستدار دەبێ بە (دال) نووسەری رۆمان یا چـیرۆك کـە چۆن ئەو دالانە هەڵدەبژێرێت، کەچـی لـە رۆمانـەکانی فـەرجیناولف ڤالاّیی بوونی نییە بەقەد ئـەوەی کـە هـەڵمێك پـەرش‌و بڵاّودەکاتـەوە چەنکە لە هۆشەوەڕا گوزارشت لـە مەبەسـتەکانی خـۆی دەکـات وەك چەند شەپۆلێ بە رووی خوێنەردا دەپیرژێنێ‌و مەودای ئەوە نادات ئـەو ڤالاّییە دروست ببێ، فەرجینا نایـەوێت خوێنـەر بـەلای دارمانـەکانی دەروونی مرۆڤدا ببات، وەلێ هەوڵـدەدات خوێنـەر بـە زەینـی خۆیـەوە شەتەك بـدات دیاریشـە لـە بەرجەسـتکردنی کـارێکی شـانۆیی لـە هاملێتدا زەین یا هۆش بونیاتی شاراوە نین بۆ دروسـتکردنی ڤـالاّیی، بەڵکو دارمانەکانی دەروونی ئینسان بەشداری دەکەن لـە پەرەپێـدانی

ڤالاّیی، بەمجۆرە دەکرێ بە وەدەست هێنانی چەمکەکانی ڤالاّیی لە چیرۆك‌و رۆماندا پشت بە بەخشندەیی دەروون ببەستین نەك بە کاریگەریەتی زەینەکان، لە بەر ئەوەی دەروون بەرەو پشتی مەعریفەی لۆژیکمان دەبات‌و مەودایەك دەکاتەوە کە ئێمە تووشی تێڕامان ببین سەبارەت بە رووداوەکانی ناو چیرۆك‌و رۆمان، بەلاّم هەموو (دالەکانی) کە زەین هەڵیان دەبژێرێ بەرەو ئەبستمێك هەڵدەڕژێ کە رێگە نادات لەناو ئەو تەئەمولەدا مەلە بکەیت تا ئەو فەزایەت لەناو لێکدانەوەدا بۆ دروست بێت.

لە چیرۆکی (بەفرەکە بەفرەکە تۆیش) تەواوی بابەتەکانی ئەو پرسیارەی لە خۆ گرتووە باس لە حاڵەتێك دەکا جگە لە ڤالاّیی هیچی دیکەی نییە، بەلاّم تەواوی توخمەکانی بەرجەستە کردووە، (بێ ئومێدی، بەفر، سروشت بە گشتی) بەداخەوە چیرۆکەکەم لەبەر دەست نییە تا هەندێ نموونەی بهێنمەوە تا بیسەلمێنم کە تەنها لێکدانەوە دەروونیەکان دەتوانن فەزا دروست بکەن، ئەلێرەوە ئەگەر بەفرەی بکەین رەنگە لێکدانەوە دەروونییەکانی سیگمۆند فرۆید ڤالاّیی بن لەمەڕ چیرۆك‌و رۆمان بەلاّم لێکدانەوە زەینیەکانی باشلار بە تایبەتی لە پڕاکتیزەکاریەکانی زانستی ئەودا دوور کەوتنەوە بێ لە ڤالاّیی بۆ چیرۆك‌و رۆمان هەر بۆیەش لە کتێبی جوانییەکانی شوێندا گەڕایەوە

سەر ئەو (دالانەی) کە دەروون دیلیان دەکات بۆ دروستکردنی جوانیو ڤالآیی.

رۆمانی (سەگوەڕ)ی محەمەد موکری دەکرێ وەك نموونەی دووەمی زەینی بهێنینەوە کە تەنها کۆمەڵێك (واجهاتی) واقیعی دروست کرد. دەکرێ ئەم واجهاتە ڤالآیی بێت، بەلآم لەدەرەوەی مانا فراوانەکەی ڤالآیی کە جوانیو کاریگەریەتیوجەزبەو مەقامات دروست دەکات، چونکە خودی رۆماننووس مەبەستی بووە لەبابەتێکەوە کار بکات پێویستی بە توندوتیژی دالەکانی زەینی هەبێ لە دەربڕیندا بە پێچەوانەی رۆمانەکانی دیکەی موکریو چیرۆکەکانی بەتایبەت لە رۆمانی (ئەژدیها) کە من پێموایە کە تا ئێستا هونەریترین رۆمانە لە دروستکردنی ئەو ڤالآییە، بەسەدان گوزارەی دروست کردووە تەواوی توخمەکانی دیکەی لەخۆ گرتووە بە تایبەتی لە دروستکردنی ئەفسانە بۆ دروستکردنی ڤالآیی لەناو بونیاتی واقیعدا، هەروەها جوانی بەخشین بۆ توندوتوڵکردنی تانوپۆی چیرۆکەکە گرینترینیان دروستکردنی ئەو موفارەقاتانەی کە ئەمڕۆی چیرۆکی کوردیو رۆمانی کوردی زۆری لێ دوور کەوتونەتەوە هەر بۆیەش زۆربەی چیرۆکەکانی موکری هێڵی سەرختنی درامیان لەدەست نییە تاوەكو کۆتایی

چیرۆك یان رۆمان، رۆمانی ئەژدیها نەخشەی محەمەد موکرییە کە من پێموایە بەئەنقەست هەموو دەروونی تێدا بە خەرج داوە.

چیرۆكو رۆمانی کوردی بە دەگمەن هەوڵی بە پیشەکردنی کارەکانی خۆیان دەدەن ئەوانەی پێیان وایە کە کاری نووسینی چیرۆكو رۆمان پیشەسازی تیا نیە، هەر بۆیەش ڤالاّیی بەدەگمەن بۆتە توخمێك لەناو نووسینەکانیاندا ئەمن پێموایە چیرۆکنووسێکی وەك جەبار جەمال غەریب لەو کۆمەڵە چیرۆکانەی بڵاوی کردونەتەوە بەتایبەت (چناری شیر) پیشەکارێکی بەرجەستەیە، بۆیە ئێمەش لە زیاتر لە ڤالاّییەك لەو چیرۆکەو ئەوانی دیکەشی دەبینین، بەتایبەت جەبار زمانێك دەبەخشێ کە هەمووی گەمەکردنە لەناو بونیاتی واتادا، گەمە کردنە لەناو بونیاتی ئەفسانەدا دروستکردنی فانتازیایە، بەلاّم فانتازیا بە خەیاڵێکی رووت تێناگات، بەڵکو بەو خەیاڵە سەرکێشەی تێدەگات کە هەموو بونیاتە شاراوەکانی لە قوڵاّییدا دەردەهێنێتو لە ژەنگ پاکی دەکاتەوەو بە ئێمەی دەبەخشێت ، هەر بۆیەش جەبار ڤالاّیستێکی بەهێزە لە چیرۆکەکانیدا، پیشەکارێکی کارامەیە لە دروستکردنی ڤالاّییدا من بۆخۆم پێموایە لە (ژنانی ئاو)دا پایەیەکی گەورەی وەدەستهێنا چونکە ئەو چیرۆکنووسە زۆر غەریبە لە دروستکردنی گوزارەو واتا لەیەك ریزە وشەی کورتدا هەر بۆیەش لە

سەرەتادا گوتم زمان هاوکێشەی ڤالاّییەو دەروونیش رەنگی دەکات، پێویستە چیرۆکنووسەکانمان هەولّێك بەئاقاری ئەو ئەزموونە بدەن، واتە ئەزموونی هەلّێنجانی ئەو بابەتانەی کە قودرەتی ئەوەیان هەیە شتی نویّ بۆ چیرۆکنووس بخولّقێنن، بۆ نموونە شێرزاد حەسەن لە نوڤلێتی (حەسار)دا تەوقەکانی تێکشکاندو باوکی خستە قەفەسی تاوانباری، هەمان ئەو تەوتەمانەی شکاند کە سالاّنێك بوو لە زۆر لە چیرۆکەکانی پێشترێی خۆی دەیپەرستن، بۆیە ڤالاّیی نوڤلێتی حەسار دەکریّ دەکریّ وەك تراژیدیای مێژوو باس بکریّ ، لە راستیدا شێرزاد حەسەن خۆیو ئەو بابەتانەی هەلّیاندەبژێریّو زمانیو ئەو واتایانەی کە لە وشەدا دروستیان دەکات بەتەنها شۆڕشێك نین لە فۆڕمو ناوەرۆك بەلّکو رەجەیەکن لە کەونییەتی چیرۆكو رۆمان، بەجۆرە ئەو پرسیارە نوێیە لە مەودای چیرۆکی کوردیدا، ئەوەی دایڕشتووە کارێکی باشی کردووە چونکە پرسیارەکە زیاتر لە چیرۆکی نویّ بەرجەستە دەبیّ، هەر لەم نێوەندەدا دەکریّ نموونەی چیرۆکەکانی سەلاح عومەر بهێنینەوە، کەزیاتر لە نێو دروستکردنی ئەفسانەدا کاردەکاتو دەورو خولی ڤالاّیی دەدات، تارادەیەك مەودای باشی بڕیوە، بەلاّم زۆر جاران لەگەلّ خودی کاك سەلاّح باسی زمانی چیرۆکەکانیم کردووە، واتە زمان تۆزیّ لە ئاستی بابەت نزمترە ، بۆیە تەماشا دەکەین لە (ولاّتی تارمایی)و

رۆمانی (تاریکستانی لم)دا کـەمن خوێندومەتـەوە ڤـالاّیی کاریگـەرە بەسەر خوێنەرەوە، بەلاّم چونکە هەندێ تـوخمی دیکـەی لەگـەڵ خـۆی هەڵنەگرتووە، لەنگی پێوە دیارە لە کاتێ کە چیرۆكو رۆمان زمانن بە پلــــــــــــــەی یــــــــــــــــــــــەك.

## دەسەلاٚتی ئەقلٚ وەك ئەلٚقەیەكی ون

ئەلٚقەی ون، دەكرێ (بۆ دەسەلاٚتی ئەقلٚ)، (ئـاوەز) بـەكاربهێنرێت، بەلاٚم بۆم نییە (بۆ ئەقلٚ) بەكاری بێنم، ئەقلٚ وەك بزاڤبەخشی هەموو جەســتەیەك (مــرۆڤ) لـــە دەرەوەی تــەنكنیكی جەســتە ناوەســتێو میكانیزمیــەتی خــۆی، فیزیكــی خــۆی زالٚ دەكـات بەســەر هــەموو جوولٚەیەكی ئەم جەستەیە، چ هزری بێت چ جولٚەی دیكەی ئەم جەستە بێت تەنانەت وەك: واقیعێكی ماددی بێ میكانیزمیەتو فیزیكیــەتی ئەم ئەقلٚە شەتو ئیفلیجە.

لە هەر بڕیارێكی مرۆڤدا لە هــەر جوولٚەیــەكی مرۆڤــدا لــە هــەر بوارێكدا بێت، واتە لە وێنەی گوتارێكی سیاسی دابێت، یا لە تــەرزی گوتارێكی هونەریدا بێــت. ئەوە جەستە، هزر، پابەندی ئەو تیشكانەی كە ئەقلٚ لە نادیارترین بانیژەوە دەیهاوێژێت، لە شێوەی سیســتەمێكی هێجگار بێ رەحم، كە جگە لە فەرز كردنــی خــۆی چیدیكەی قبــوولٚ نییە، هەر یەك لەو تیشكانەش شێوازو ژانری تایبــەتی خــۆی هەیــە، هەر بۆیەش ئەقلٚاٚنیەت ئەمڕۆكە بۆتە خاسیەتێكی گرنگی مەعریفەی چەرخ، چونكە بێ بوونی ئەو تیژهۆشــییە (الحـدس) ئــەو قوولٚبینیــە

(البصيرة) ناتوانين سيماو روخساری ئەقڵ لەنێو بازنـەی گوتارەكانـدا بدۆزینەوە هەتا ئەگەر گوتاری حەماسیش بێت.

بـە كـورتی ئەگـەر ئـەو چـەمكانەی سـەرەوە لـەنێو, دەسـتەواژە ئاڵۆزەكاندا هەڵبەت كە خواستی بابەتەكەیـە دەركێشـین ئـەوا دەبـێ بڵێین ئەقڵ داینەمۆی گەورەی پرسیارو پرسـیارە، خـوێنی پێكـەوتنی هەر بزاڤێكە لە جەستەی مرۆڤدا، ئەو بزاڤە ئەگەر حیزبێكی سیاسی وەك خەبات ئەنجامی بدات، یا رۆماننوسێ وەك رۆمان رێژەیی ئەنجامی بدات، بێ بالاْ دەستی ئەو ئەقڵە تەواوی بوونە هزریو جەسـتەییەكان. لەمەمـەڕ خـەیاڵو ئەندێشـەو تێڕامـانو وەرزش تـەرازووی چـوونە پێشەوەو بۆشایی برینو سەرهەڵدانیان لەنگ دەبێت.

ئەگەر بـە وردی لـەم پێودانگـەدا بـەرەو گوتـاری سیاسـی كـورد تێهەڵچینو نەتەوەی كورد لە رێگەی بالاْدەستی حیزبـە سیاسـییەكانی كوردسـتان نـەك دەسـەلاْتی عـەقڵ بـاس بكـەین، یـەك حەقیقـەتی توندوتیژ لەبەردەم توێژینەوەدا تخوب بـۆ خـۆی دروسـتدەكا، كـە مـن ئەوانەی كە ئـەم تخوبـە دەبـەزێنن، تخوبەكـە تەڵیسم نییـە، بـەڵكو بەزاندنی هاسانە، تەنها ئەوەندەیـە خەسـڵەتەكانی گوتـاری سیاسـی كورد، ئاشـكرا دەكـات، ئـەو حەقیقەتـەش ئەگەرچـی داڕشـتنی وەك دەستەواژە جۆرێك لە تفتو تاڵی دەنوێنێ بەلاْم دەبێ گفتوگۆی لەسەر

بکرێ دەبێ بڵێین حیواری بەرمەلایی کردنی گوتاری سیاسی کورد حیوارێکی ترس ئامێز بووە، بەلاّم ئەم ترسە هەر خودان گوتارە سیاسییەکان دروستیان کردووە، بەڵکو ناخی توێژەرەوەکەشی بەشدارە لە کەڵەکە کردنی ئەم ترسە.

حەقیقەتێ کە دەبێ بنووسرێتەوە ئەوەیە، لە هەموو گوتارە سیاسییەکاندا، گوتار بە مانا مەعریفیو دەلالەت بەخشەکانی نەك بە مانا سیاسییەکە (خگاب سیاسی) ئەڵقەی سەرەکی سەرهەڵدانو دروست بوونی تێدا ونە، کە ئەڵقەی ئێسقانبەندی مەسەلەکانە، نامێژووییە لە بەرابەر مێژوویەکی سەقامگیر، ئەڵقەی بەرەواژی کردنەوەی فەلسەفەیەکی ڕەگ داکوتراوی بێ کەڵکە. ئەڵقەی گەڕانە بە دوای ئەو ناوەرۆکانەی لیمی مێژوو داپۆشیون هەر کاتێ ئەو ئەڵقەیە دۆزرایەوە ئاکامەکەی سەرهەڵدانی هەناگاوێکی تازەیە، سەرهەڵدانی کۆجیتۆیەکی تازە لە ئەقڵی گوتارە سیاسییەکانماندا.

گوتمان ئەم ئەڵقەیە ئەڵقەیەکی ونە، لە پەرەسەندنی بزووتنەوەکەمان بە ونبوونی ئەم ئەڵقەیەش بە دەیان کەرەستەی پێویست بۆتە قۆچی قوربانی، ئەنجامەکانیش بە پێەوانە کەوتوونەتەوە ئەویش ئەڵقەی بریقەداری دەسەلاّتی ئەقڵە، بەمەش مێژووی گوتارە سیاسییەکانمان تووشی گرێکوێرەی چەرخ بوونە، مەبەستمان ئەو

ئەقڵــە رووتــە نییــە، کــە مرۆڤــی پــێ جیادەکرێتــەوە، لــە بــاقی بوونەوەرەکانی دیکە. بەڵکو مەبەستمان ئەو دەســەڵاتە بەهێزەیــە کــە دروســتکەری پرســیارو بریــارە، دروســتکەری رەخنــەن لــە مێــژوو و شــیکردنەوەی مێــژووە، مەبەســتمان ئــەو دەســەڵاتەیە کــە وەڵامــە ساتەوەختەکان بــە هــەموو چارەســەرێکەوە دەخاتــە ئــەملاو بــە دوای وەڵامە بەهێزەکان دەگەڕێت.

بەمجۆرە بە ون کردنی دەسەڵاتی ئەقڵی باوکانــەی ئــەقڵو بــە بــاوك کردنی دەسەڵاتی (حماس) بو ونکردنی دەســەڵاتی زاڵبــووی ئــەقڵ لــە هەموو بوارێك یا وەك (منی بالا)ی گوتارە سیاســییەکان ئەڵقەیــەکی مەعریفی گەورەو شارستانی فەرامۆش دەکەینو بڵاو دەبین، لە دەرەوەی مێژوو (هامش) دەنووسیتەوە.

سروشتی گوتاری سیاسی کورد بریتییە لە بۆچوون بــۆ هێنانــەدی ئاواتو ئامانجی نەتەوەیی، ئامانجە نەتەوەییەکانیش لە سەردەمێك کە ئێمەی تێدا دەژین، بە تایبەت بۆ نەتەوەیەك کە بە درێژایی مێژوو ژێر دەست بووە کارێکی ئەستەمە بەرجەستە بوونیان بە کەرەسەی بێهێــز. چونکە ئامانجە نەتەوەییەکان لە فەلســەفەی خــودەوە لــە فەلســەفەی (من)ەوە بۆ (کۆ) دەچێ، کۆمەڵە (من)ێك پێکدەهێننو لە زەوییــەوە رەگوڕیشەی هاوبەش دادەکوتن لەو (مێــژووە) بــێ ئەڵقەیــەدا خۆیــان

گرێدەدەنو لە ڕەوشتو نەریتەوە دەکەون گێرمەو کێشە تاڵە کۆتاییدا فەلسەفەی نەتەوەگەرایی پەرەپێدەدەن، ئەم پرۆسەیە بە زەرورەت ڕووبەڕووی گوتارێکی سیاسی دیکە دەبیتەوە، کە ئەڵقەی ئەقڵی تێدا ونە، بەلاّم دەسەلاّتو حوکمی بە دەستە، لە تەرزێکی کلاسیکیدا حوکمڕانیەتی دەکات، هەر بە زەرورەتی قوولاّیش مافەکان پێشێل دەکات، لەم ڕووەوەش هەتا زەمینەش چەمکی نامینێ، هەر بۆیەش ئەستەمی لەوەدایە کەواتە ئەگەر حالەتە خەبات ئامێزەکەو گوتارە سیاسییەکان بی ئەو ئەڵقەیەبەری کەون ئایندە دوور دەکەوێتەوە.

ئیدی ئەو دەسەلاّتەی ئێمە لە گوتارە سیاسییەکانماندا پشتی پێدەبەستین دەسەلاّتی خەیاڵێکی کورت خایەنە، (وەلاّمی ساتەوەختە). سەبارەت بە واقیعی نەتەوەمان دەسەلاّتێکە بڕیارەکان بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵ دەخاتەروو. بەلاّم تێکەڵ بە حەماسی سیاسی دەبێ، تاك خەونی گەورەتر دەبێ لە کۆ، کۆ لە ئاستیانا هەست بە نامۆیی دەکات.

دەسەلاّتێك زێتر (لەحزە) دروستی کردووە، لەسەر ئەرزی واقیعدا، نەك (ئاوەز) لە دەورەدانی ئەو واقیعەیە. بۆیە گێرمەو کێشەی خود بۆ خود) گەورترە لە گێرمەو کێشەی (عەقڵ بۆ ئایندەو سات).

هەر لەو نێوانەشەوە گوتارە سیاسیەکان پەرتو بلاّو دەبنەوە بێ سنوورو مەودان، لەیەك ساتەوەختا بۆی دێت چەندان بۆچوون سەر

هەڵدەدەن لە بەرابەر واقیعدا، بەڵام هەریەکەو رووی لەلایەکی دیکەیە (ئەگەر بۆ ساتەوەختێکیش بەیەك بگەن) ئەوا دیارە واقیعی رووبەروومان وایکردووە، ئەوەی زاڵ کردووە، نەك ئەو دەسەڵاتەی ئەقڵ دەیڕەخسێنی هەر بۆیەش دەبێ چاوێ بە گوتارە سیاسییەکانماندا بگێڕینەوە.

## هزرو كۆنترۆڵی هەڵڕژان

چەمكی هەر ئاخاوتنێكی ئەبستمۆلۆژی لەمەڕ فەزای ژوورەوەی دەقێكی شیعری، خۆی لە قەرەی گوتاری سروتئامێز دەدات، كە ئەمەش ئەستەمو خەرەند لێدانە، چونكە تێكشكانو یەكانگیرییە لە تێكەڵبوونی وشەو مەرگی ئەو وشە لە مەودای هزردا. جۆرێكە هەندێ جار ئادەمیزاد بێ كەرەستەی كۆهنەوەری لە قەڵای ئەو ئاخاوتنە بێ سنوورەدا گوم دەبێ، ئەگەر لە روانگەیەكی ئەبستمی قووڵدا نەڕوانێتە ئەو تەرزە شیعرانە یا ئەو ئادگارە دەق رێژ كراوانە، واش نەبێ كەمتر دەگاتە رۆحی پەرشو بڵاویان، كە مشتەخەستیو ئاگاهیو دینامییەتە ئەو كایە هزریانەی كە شیعری هەڵدەڕژێنە سەر، بریتین لەو خانە یەكجار دوورو وردو قووڵانەی كە لەتەك سنەوبەری كۆنترۆڵ كاری ئەقڵی مرۆڤدا شوێنیان هەیە، تەنیا بە بریقەی بەرهەمی بەپێزو چەمكی ئەبستمی بەدیار دەكەون.

شیعر بۆ ئەوەی نەبڕێتەوە، بۆ ئەوەی وەكو نەهەنگی دوڕگەكانی دەریای-ملفل- رەچەڵەكی نەبڕێتەوە، دەبێ دابڕانێكی مەعریفی بخولقێنێ.....دەبێ كۆجیتۆ بۆ خۆی بخولقێنێ كە ئەو كۆجیتۆیەش لەمەودای وشەدا جووڵە بكا. سەرەتای دەسنپێكردنی هەڵڕژانی ئەو

شیرەی هەر دەقێکی زیندوو لێك کشانی ئەو هزرانەیە کە بوونیـان یـا بـوونی ئـەو تـەرزە شـیعرە هزریانـە پەیوەسـتە بـە خۆکوشـینو لـە پەلوپۆکەوتنی خودان دەق، من لەو بڕوایە شیعریەدام کە شاعیر دەبـێ دوای تەواوکردنی هەر قەسیدەیەکی کە بەو چەمکەی من بـۆی دەچـم لە پەلوپۆ بکەوێ، واتە تاسانی ئەفسانە ئامێز یـەکێ لـە مقەویماتـە هەرە سیحربازەکانی شیعرە، ئەو کاتـەش شـیعر دەگاتـە ئاسـتی ئـەو سیحرە هزریە شاردراوانە، کـە شـاعیر لـەنێو خەرەنـدی خورافـاتێکی خوڵقاودا پەنگی خواردبێتەوە، ئەمەشیان پەیوەندی تەصەوف ئـامێزی نێوان خودی شاعیر وەکو جەستەو هزرە دوورەکانی ئـەو شـاعیرەیە، بـا ئەو مەبەستە لە فۆرمۆلێکی بچووکدا بنرخێنم.

شیعر بریتییە لەو ئەلقە لێك ئاوێزانەوە کە شاعیر وەکـو خـودێکی خوڵقێنەرو هزر وەکـو داینـەمۆو سـیحرو خورافـاتو سـۆفیگەرێتی ئاگری ئەو خودو هزرەیە.

سەیرکە خودو سیحرو سۆفیگەرێتیو خورافات بەهای ئیستاتیکای ئەو جۆرە شیعرانەیە کە من لە ساتەوەختی سەختیدا دەیبینم، چـونکە نموونەی ئەو جۆرە دەقە هزریانە لەنێو ئەدەبی کوردیدا دەگمەنن، بۆیـە بە لە پەلوپۆکەوتنی شاعیر دەبێ پەیوەست دانێك هەبێ، شـەتەکدانی مانـا شـاردراوەکانی نێـو قـووڵترین خەرەنـدی هـزرو ئـەزموونێکی

مەعریفی گەورە، باوەڕیشم بەوە هەیە کە ئەم شێوازە سنوور دوورو قووڵە، نموونەیان بە زەحمەت دەدۆزێنەوە، جا بۆ ئەوەی من ئەم چەند دێڕەی سەرەوە بە چەند وشەیەك کۆتایی پێ بێنمو بیمەوە ناوەڕۆکی مەبەستەکانم دەڵێم.

شیعر بوونەو خولقاندنە لەبەرامبەر مەرگی خولقێنەری دەقەکەدا، کە بوون بێ دەبێ لە جەستەییێکی خورافە ئامێزو خوێن تێزاودا هەڵڕژانێکی سیحرامێزو گەیشتن بەە پەیوەندییەی کە لە ئاوی تەصەوفدا غەرقە وەکو ئەو جەستەیە وایە کە لە نێو تەمێکی زۆر چڕدا بەدی بکەیت....

سیحرو مەودای شیعر وەرزێکی ئەوتۆیان لەنێواندا نیە، ئەو سیحرەی کەمن باسی دەکەم، سیحرێك نیە کۆتر بکات بە چوکلات، بەڵکو سیحرێ کە ئەو کۆترە تا مۆخی ئێسقان روون بکاتەوەو تەنیا رۆحی پێ دێڵێ، کە بە جەستەیەکی هەللامی مەزن، بەرهەڵلای ئاسمان دەبێ، ئەمە ئاوەژوو کردنەوەیە لە مەودای عەقڵو بیردا، کە من بۆ ئەو باسەم کۆجیتۆم هەڵبژاردووە، کۆجیتۆی شیعر...هەمان ئەو کۆجیتۆیەی دیکارت ئاوەزی پالاوتە نییە، هەروەها داشکانو وردو خاشکردنی کۆجیتۆی دیکارت لەلایەن (فوکۆ)وەش نییە لە هەردوو پرۆسەکە جیایە، چونکە گەڕانەوەیە بۆ توێکاریو بەرەواژ کردنەوە.

واته رووتکردنەوەو هەڵکۆڵین تا سەرحەدی رۆحو پەیکەرتاشین لە جەستەی نادیاری مانا، ئەو مانایە گەورانەی خۆیان لە چەڵەکانی ئەو هزرە شاردۆتەوەو دەقی ئەدەبی چوار ناڵە دەرسکێنن، مەبەستم سیحری شیعرە، دەبێ دڵنیابین لەوەی کە سیحر بەو جۆرەی باسم کرد ئایینی شیعرەو شیعریش ئایینی شاعیرە،

سیحر= ئایینی شیعرە

شیعر= ئایینی شاعیرە

ئەمە خۆی لەخۆیدا سیحرێکی لەنێو سیحر کە سروتێکی ئەفسانەیی لە شیعر دادەتاشێ، بۆیەش سیحر زۆر نزیکە لەو ئەقلانییەتەی کە (دانتی) کۆمیدیاکەی پێ نووسی، رەنگە لە بۆچوونێکی فەلسەفیدا ئەم ئەقلانیەتە، ئەقلانیەتێکی غەیبی رەتکراوەبێ، بەڵام لەمەودای گوتاری شیعریدا بەهاییێکی ئیستاتیکیو رۆح بەخشە، شیعر بێ ئەو بەهایەی کە لەو غەیبانیەتە دروست دەبێ پرۆژەیەك بۆ خۆی دادەنێ کە گەورەترین کودەتا بێ دژی کۆجیتۆکەی خۆی، دەبێ لەوە بگەین غەیبانیەت خەسڵەتێکی یەکجار زاڵە بەسەر دەقو گوتارە ئەدەبییە بلیمەتەکانی دونیا.

من یەکسەر دەچمە نێو دەق کە لە دایکبووی تێکچڕژانی کۆمەڵێك بواری ئەبستمیە کە هەر بوارەو بە دەوری خۆی لە دایکبووی

کۆمـــەڵێکی تـری ئـەو بابەتانەیـە کـە بـە دەورەی کەوانـەی دەقـدا دەسورێنەوە، هەر هەمووشیان لە سووڕانەوە بەسەر مەداری ئەبستمیدا وەك مەسەلەی گەردوون وان کە بەهەموو ئەستێرەو مەجەڕاتەکانییەوە کەونێکی پانو بەرینو پڕ لە نهێنی دەخولقێنن هەمووشیان پابەنـدی یەکترین لێکترازانیان مایـەی لەبارچـوونی هـەر هەموویانـە لـەرووی پرۆسـەی ڕێکـیو شـێلگیریدا، دەق تیـژی پـەلوپۆداری هـەموو زایەندەیەکی سەرخانە، بەواتا دەق دوا ئـەنجامی کـوڵانو شـەفەقگیری زەینو هزرە، بۆ نموونە دەقێکی شیعری چـۆڕانەوەی هـەموو سـووتانو تەکانو هەستو بەرهەستو تێڕامانو ئەندێشەبەخشی شاعیرە.

دەق= تولانەوە، زەین تیژی، زمان، مێژوو،هزر، جوانی.

کەواتـە دەق مـەودای دابڕانـی ئەپسـتمییەو هـەر هـەوڵێك بـۆ جیاکردنـەوەی دەق لـەو بابەتـە مانـای قەواڵـە بـەتاڵکردنی دەقو نەهێشتنییەتی، دەق= ئەبستیم, بۆ ئەوەی زیاتر لە مەبەستی دابڕانـی ئەبستمی بگەین دەڵێم ئەو دابڕانە چەمکێکی پێچەوانە مانای هەیـە لەگەڵ خودی وشەکە، واتە وشەی دابڕانی ئەبستیمی، لـە سـەرەتادا وا دەنوێنێ کە لە گۆشە گیرییە لە ئاستی شارستانیو کەلتووردا، وەلـێ وەك زاراوە لە مەودای ڕۆشنبیریدا بە پێچەوانەوەیە، بەڵکو بریتییە لـە دروستکردنی حاڵـەتێکی بـێ جەمسـەرو تێپەڕانـدنو بەجێهێشـتنی

(قیم)ی زەمەنێکی وەستاو کە مەرج نییە هەر سەلەفییەتێکی پیرو پەککەوتە بێ، بەڵکو ترازانە بەهەموو (مقومات)ێکی رۆشنبیرییەوە لە بارێك لەبەرچاوی نووسەر وەستاو رووەو بارێکی تر پڕ لە جووڵەو بزاڤو زیندوو، نەك هەر ئەمە بەڵکو پرۆسەیەکی بەتینی خوڵقاندنو هێنانە کایەوەیە لەهەموو بوارەکانی رۆشنبیریدا، چونکە بە تەتیا تێپەڕین لە کەوانەی-پێشوو- بارێکی ئەبستمی ئەدەبی ناخوڵقێنێ دروستکردنی بارێکی ئەبستمیو دروستکردنیو خوڵقاندنی دەقێکی نەبوو و بێ کۆتاییە دەقیش لەو دیدگایەی من باسی دەکەم خەستکردنەوەی ئەو تۆپەڵە جیاجیایانەی زمانو رۆشنبیری هزرو- حدس- تولانەوەو مێژووە لەدوو توۆی بارێکی زەینیدا کە نووسین رەنگدانەوەیەتی ئەمە فۆرمۆلەیەکی دیاریکراوی دەقە لە نێو هزری منداو هیچ شتێکی دی شك نابەم بۆ خوڵقاندنێکی بە تانو پۆی دەق، کەواتە دابڕانی ئەبستمە خەڵقە، کە خەڵقیش بوو ئیدی پەیوەستدانی بە زەمەنی (پێشوو) یاخود شەتەکدانی بە زەمەنی رۆژئاوایی یاخود سەقامگیرکردنی لە زەمەنە شیرازەییەکان (هامشییەکان) گەورەترین مشتەکۆڵەیە بە رووی دابڕانی ئەبستمی، بۆ ئەمە مەبەستە-مارسیل برۆست- لەزەمەنی ونبووی خۆیدا گەڕانی بارێکی ئەبستمی خوڵقاند، هەروەها دانتی لە کۆمیدیاکەیو مەحویش لەم دوو دێڕەدا:

گونجایشـــــی خـــــه‌یاڵی ئـــــه‌وم لـــــه‌ دڵ
جێبوونـــه‌وه‌ی ســـه‌مانه‌ لویـــوك دان كونجـــودا

كه‌واته‌ ده‌قی ئه‌بستمی كـه‌ لـه‌ دایـك بـووی بـارێكی ئه‌بسـتمیه‌ هه‌میشـه‌ لـه‌ ده‌ره‌وه‌ی زه‌مه‌نـدا ده‌ژی‌و ده‌سـوورێته‌وه‌، هاتنه‌كایـه‌وه‌ی ده‌قێك كارێكی ئاسان نییه‌ ناكرێ بـه‌ هـه‌موو به‌رهـه‌مێكی فیكـری نووسراو بڵێین ده‌ق، بۆیه‌ كه‌ زۆر جـاران تووشـی بـه‌كارهێنانی هه‌ڵـه‌ ئامێزی ده‌ق ده‌بین به‌مه‌ گه‌شترین چرا لـه‌ ره‌وتـی رۆشـنبیریدا بـه‌ رۆژ هه‌ڵده‌كه‌ین‌و ئه‌كتڤێتی ئه‌م چرایه‌ له‌بار ده‌چوێنین، به‌م جـۆره‌ تووشـی ناڕه‌وایه‌تیه‌ك ده‌بین لـه‌ چوارچـێوه‌ی زه‌ینـدا، ئـه‌لێره‌وه‌ چـۆن ده‌تـوانین پێناسه‌ی زه‌ینی نامه‌نهه‌جی له‌ چوارچێوه‌ی ده‌قێكی به‌مانا چوار ناڵه‌و تێكڕاو مه‌رج ئامێزدا بكرێت به‌پێی ئه‌و نووسینانه‌ی هـه‌تا ئێسـتاكه‌ نووسراوه‌ هه‌ندێكی په‌ڕیونه‌ته‌وه‌ نێو هزری رۆشنبیری كورد- كۆمه‌ڵێك تێزی جیاجیا به‌رجه‌سته‌كراوه‌، یاوه‌كو هه‌ریه‌كـه‌و كۆمـه‌ڵێك سـه‌رنج‌و پێخـور هه‌ڵده‌گـه‌ڕێ، بـه‌ڵام بنه‌مایـه‌كی تـازه‌و دوور لـه‌ بازاڕیـه‌تی رۆشنبیری دروست ده‌كه‌ن، له‌م بۆچوونانه‌و له‌وانه‌ش كه‌ به‌ دوایـا دێـن كۆمه‌ڵێك په‌نجـه‌ره‌ به‌سـه‌ر ده‌قـه‌وه‌ واڵا ده‌كـرێن، پابه‌نـدی كۆمـه‌ڵێك سه‌رچاوه‌ی دیـارن‌و بۆچـوونه‌كان تێكـه‌ڵ بـه‌ تـه‌متومانێكی سـه‌یری

کەڵەکەبووی رۆشـنبیری سـەدەیەك بـووە پـەنگاوەی داوەتـەوە، ئـەوەی بەچاوی رێزەوە بخوێنێتـەوە ئـەوە تێـدەگات کـەی مەنهەجیـەتی زەیـن دروست دەبێ کە دروست نەبوونیشی جۆرە مەنهەجییەتێکی تر دروست دەکات گەیشتن بە پرۆسەی دەرك پێکردن‌و تێگەیشتن پەیوەسـت نییـە بە زۆری مامەلەکردن دەگەڵ سەرچاوەدا، چونکە ئەو کاتـە دەکەوێتـە نێو دەقی پابەند بەسەرچاوەو چاوگدا، دەقی پابەند بە سەرچـاوەش لـە نەبوونی-نامل-و-تصور- واتە رامان‌و ئەندێشـە بەخشـییەوە دێـت‌و (زەینی نامەنهـەجی) بریتـی نییـە لـە بـوونی رۆشـنبیری‌و نـەبوونی تێڕامان‌و ئەندێشە بەخشی، چـونکە مـن پـێم وایـە لـەنێو تێکـڕای سەرخانی کۆمەڵدا هەموو شتێك لە هـەموو ئـان‌و سـاتێکدا هەیـە، بەڵام ئەوەی کە لە هـەموو سـاتێکدا نییـەو هێڵەکەشـی بەردەوامـە نەبوونی ئەم دوو تێزە نادیارەی نێو قـووڵترین خانـەی زەینـی مرۆڤـە، لەمـەدا هـەن زەمـەنێکی زۆریـان بڕیـوەو یـا وەکـو لـە روگەیـەکی سەرچاوەداردا دەقەکانی خۆیان دەخـولقێنن زێـتر پەیوەسـتە بـە دەقـی سەرچاوەدار کە تا رادەیەك دوورە تێڕامان‌و ئەندێشەبەخشە، بەڵام نـاوە ناوە لە سنەوبەری پشتە سەریدا وەك دوو گلۆپی سوور دەیانخەنـە سـەر شەقامی بەرفراواتی دەقەکانی‌و خۆیان لە دەقێکی خەیاڵی-مەبەسـت لە خەیاڵی دەقی دروسـتبووی تێڕامـان‌و ئەندێشـە بەخشـییە- نـەك

خەیاڵێکی سادە- وە نزیك دەخاتەوە کە ئەو جۆرە دەقە خەیاڵییە (fanciful) یاخود (توهمی)یە زوو بەرەو کەوانەی ئەپستمی ئەدەبیمان دەبات، دووبارە لە دەرگەی ئەو مەنهەجییە-تە دەدەمەوەو دەڵێم مەبەست لە مەنهەجییەت چییە؟ ئایا دەکرێ-نامەنهەجیەتی-زەین جۆرێك نەبێ لە مەنهەجیەتی-هرم-ی زەینی مرۆڤ؟ ئەگەر چەند بۆچوونو یەکاڵاکردنەوەی رێڕەوێکی ئاشکرا بێ پێموایە نەبوونی ئەم هێڵە شێڵگیرە لە بۆچووندا خۆی لەخۆیدا جۆرێکی تری-مەنهەجیەتە-بۆ نموونە بڕوانە یاداشتی-ئەندرێ- ئایا بوونی مەرزێکی دیاریکراو هەیە؟ وەکو نەبوونیشی جۆرێك لە هەبوونە؟ کەواتە ناکرێ ئەم تێرمە دەستنیشان بکەینو بەڕەڵلای کەین وەك ئەوە وایەکە موتڵەقیەتی هیگڵ دەستنیشان بکەن.

(ئەمانەی تۆ دەینووسی فرە سادەن، بەڵام سێبەریان ئاڵۆزە)

ئەمەیان پەرژیندارکردنی جەستەی دەقە بەچەند لقو گەڵایەکی ئیستاتیکا، ئەو هەرماسەی کە دژی سروشتی خۆیەتی لەجیاتی ئەوەی رمی ئارەزووەکانی لە هەناوی دەوروبەر تەڕ بکاتەوە، تیری خاوەن دەق دەخاتە نێو کەوانەی سەرشانیو بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە، پێم وایە لە وەسفکردنی ئەو تارماییە موگناتیسییە هەر بەو نموونەیە دەتوانم بڕی خۆم بشکێنم.

## چەمکی ئەبستمیك

### ئەندێشە لە شیعردا

تیۆری (ئەبستمولوجیا) واتە پێگەیشتن‌و دەرك پێکردن‌و ئەندێشەو ئاشکراسازی کە لەمەیدانی فەلسەفەدا لە تەئەمولی زیندوو بەخشەوەرا دەست پێدەکات بەرەو بیرکردنەوەی رووت‌و پیادەکردندا کۆتایی دێ، هەر لەم روانگەیەوە بایەخ بە مەسەلەی ئیدراك‌و دڵنیایی‌و مەزەندەکاری‌و پرس‌و ئەندێشەو کرێشمەبازی پراکتیك بەخشین دەدات،جگە لە پەروەرشی خەیاڵ‌و خەوبینین‌و هەست‌و چەند شتێکی دیکە، تێرمی (eipisetmology) لەگریکەوە بزافتی وەبەرخۆیداوەو پەرەی سەندووە، هەڵبەت ئەزموونگەری‌و ئاوەزگەری دوو شالقی ئەو دەقە کۆنە ساڵەیە، کە یەکەمیان بایەخ بە زەخیرەی کارەمەیی‌و چنینەوەی هەست دەداو دووهەمیان بە ئەقڵ، لێرەوە دەچینە نێو بازنەی باسەکەوە کە پەیوەستە بە چەمکی ئەو شتانەوە لەمەودای شیعردا،

- چونکە تاکە سامانی منیش لە دونیادا هەر ئەو بازە ناودارەیە (بورخیس)

لەیەکەم بەرەبەیانی خەلیقەوە تاوەکو ئیمڕۆکە زەمین‌و ئاسمان ئاوێنە روخساری یەکدین، نەبەیەکەوە تەبان‌و نـە لەیـەکیش دەتـرازێن، خـۆ ئەگەر زانست هەموو نهێنییەکانی ئاسمانی ئاشکرا کردبێ‌و هـەمووی بەفەزا ناسیبێ، ئەوە لە دونیای شـیعردا چـەردە رووداوێکـی دیکـەن، ئەگەر بوونەوەری سەر رووی زەوی بەهۆی کێشی موگناتیسـیەوە هـەر چەند ئاوارەی ئاوێنەی دووەمی بکەیت ئەوە هەر ناچارە هەمان سـێوی ئەزموون باری (نیوتن) بخوات، ئایا ئەمـەیان لەسـەرەتاوە یاسـاییێکی دیاری کراو بووە؟ دەبوایـە ئـەم یاسـایە دارێـژرێت یـاخود نـا؟ ئـەی ئەسـتێرەکانی ئـەم گەردوونـە، کـە هێشـتاکە لـە بازنـەی نهێنیـدا دەسوورێنەوە جگە لەمرۆڤ کەسی دیکە یاسای بۆ دانـاون؟ مـن دەڵـێم ئەزەلی ئەو شتانە لەناخی بووندا پنجیان کردووە، گەردوون بـە گشـتی لە شەرابی خەستی سەرسامیدا مەستە، ناچارە پەنا بەرێتەوە بەر خۆی یاساو خەیاڵ‌و ئەندێشـەو بۆچـوون بکاتـەوە چـەکی مانـەوەی خـۆی، شیعریش یەکێکە لەو شتانەوە کە هەندێ کەسانی ناو کۆمەڵ یاسـای ئەم سەرسامی‌و مەستییەی پـێ دادەرێـژن‌و بـەدوای رۆحانیـەتی ئـەم نهێنیانەدا دەگەڕێن، ئەلێرەوە دەبێ بڵێین شاعیر بوونێکی-ئورفیوسیە-کە هەمیشە شێوەی تازە دەگرێتەخۆی، هەندێ جار لەمەودای مـەستی خۆیـدا درەخـت‌و رەگ‌و گەڵایـە، یـا خۆڵەمێشـە بریقـەو روناکییـە،

ئاووهەواو قەقنەسە، واتە شیعر لە سروتێکی ئەفسانەیی ئۆرفیوسیدا دەخولێتەوە- ئەم ئاوێنەی مەستییە پوختە لەرۆمانی-گاتسبی مەزندا بە جیلوەی غوربەتو تەئەمولی قوولو ئەبستمی رەنگرێژ دەبێو لە دووچاوی-دیزیدا تیشکی دونیای رۆمانسی جێی دەهێلێ قاوغێك دروست دەکات دۆزینەوەو هەلێنجانی رووناهییە (لەنێو گەرەلاوژەدا، لەنێو توندەتیژیدا ئایا دەتوانین تۆزێ بوەستینو بیرکەینەوە) مەحالە سەرەداوی ئەو پرسیارە لە گلۆلەی ئەو کەونەدا بە ئاسانی دەستەبەر بێت، تەنیا لە مەودای شیعرو ئەدەبیاتی دیکەوە نەبێت، چونکە مرۆڤ بەتایبەتی لە شیعردا بەقوولایی دەرك پێکردندا دەچێتو زەمەن دیل دەکات، ئەمەشیان مەحالێکی دژ بە ئەزموونگەری گەردوونە، بەلام لە شیعردا چەمکی ئەبستمی دەخولقێنێ واتە بە دواداگەران و پرسشو پەروەرشی خەیالو ئەندێشە، بەراستی لە مەودای شیعریشدا ئاوێنەی موجیزەی مەستی لەم کەونەدا یەکجار زۆرە کە دەسەلاتی دیل کردنی زەمەنیان گرتۆتە دەست،کە هەر هەموویان ئەو یاسایانەن شاعیرێ لەبری شکاندنی موعاناتی خۆی دایرشتوون ولە بەرامبەر یاساکانی دیکەدا کەحێلانە تاو دەدا، کەتاویشیدا ئیدی لە مەودای-بیر-دا ترس دەخولقێنێ ئەم ترسەش مایەی دروستکردنی ترۆپکە لە

داهێنان، مایەی تەكان دانە لەخوێنی شاعیردا، هەندێ جار ناوی دەنێن (نیگەرانی)

چۆن واناچارو ماندووین
هەتا كارِ كارەی بنەوە دابەزین
كەواتە سەركەوتن سانایە
بەڵام لەئاكامیا (دەترسین)
(ملتون)

بە لە دایكبوونی پیتۆڵێكی وەكو دیكارت، بیروبۆچوونێكی تازە لە مەودای فەلسەفەو لێكۆڵینەوەو رەخنە وەك دژێكی تەنها هاتە كایەوە، ئەو بیرو بۆچوونانە هەر هەموویان تەعبیریان لە بەردەوامی بیركردنەوەی مرۆڤ دەكرد، بەجیاوازی بیروڕا لەمەڕ لێكدانەوەی كۆرمۆلۆژیاو فەلسەفە، ئەوا لەگەڵ سەرهەڵدانی دیكارت ئەقڵانییەت ڕێچكەی هاتنە كایەوەی گرتە بەرەو خۆی سەپاند، ئەقڵ وەك مەودایەكی فراوانی فەلسەفەڕێژ لە یاساكانی (دیكارت) جێگەو شوێنی شیكردنەوەی زۆربوو، ئەو پێی وابوو ئەقڵ لەسروشتی خۆیدا لای هەموو كەسێ یەك شتە، ئەقڵ بۆ فەیلەسوفێكی وەك دیكارت مایەی پەرەسەندنی هەموو هەوڵو تەقەلایەكی زانستی بوو، دەرگا

کردنەوەی هەموو بابەتە شاردراوەکان بوو، ڕێگەیەکی پڕ لـە نـاوەڕۆك بوو بۆ گۆڕینی هەموو زانستێك لەڕێگەی پەرەسەندنی ئاسایی ئەقڵ.

مەسەلەی هزر داینەمۆی هەموو لێکدانەوە پڕ کێشەکانی دیکارت بوو، دیکارت هەوڵیـدەدا هەمیشـە یەکـەمینی بـدات بـە (کائینـە هزرمەندەکان) بۆ ئەوەی بتوانێ دەرکی ئەنتۆلۆژی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەم ڕێگـەوە دەبـوا ئـەقڵ بـەکاربێت، سـەرجەم بۆچـوونەکانی دیکـارت پشـتی بـە شـیکردنەوە دەبەسـت، شـیکردنەوەی دەوروبـەر، شیکردنەوەی شتەکانو دیاردەکان بۆ ئەوەی بتوانێ هۆکـارە راسـتەکان بدۆزێتەوە، لەپێناوی بەهزر هێنانی (بە پێوانـەی بەدەسـت هێنـانی) شتێك،

کائینەکان لای دیکارت بناغەی مەعریفە بـوون، چـونکە بەتـەنها نێوەڕۆکە هەستییەکان بەس نەبوو بۆ مەعریفەی زەیـن تیـژی یـاخود بیرتیژی یا تخوب بڕینی هزر لەلای ئەو بریتیبوو لە (ئەندێشەییێکی پڕ لە یەقینەوە) ئەندێشەی یەقینی هزرێکـی بێـدارو ئاگـاو سـاف کـە تەنها لـەڕووناهی ئـەقڵی سروشـتیدا لـەدایك دەبێـت. سـەبارەت بـە ئەنجامدانی کاریکی فەلسەفی بۆ ئەو سەردەمەی مرۆڤ تیایا دەژیـت- دیکارت- هەمیشە هەوڵی دەدا مەعریفەیەك بخات، واتە یەکخسـتنی هەموو شتێ کە پەیوەسـت بـێ بـە-ڕێکـیو پێوانـەییو هۆیـەکان-

بۆئەوەی بتوانێ لێتۆژینەوەی ماهیەتی مەعریفەت بکات، ئەمەشیان تەنها رێگەی گەڕان بەدوای ئەو حەقیقەتانەی کە ئەقڵی مرۆڤیان بەسەرا دەشکێ، کۆژیتۆی دیکارت بەناوبانگترین کەتەگۆریای سەردەمی خۆیو ئێستاکەش, کە توانی بەهۆی ئەو کۆژیتۆیە لەبەرابەر هەڕەشەکانی گومان بوەستێ، بەم کۆژیتۆیەی دیکارتو تەواوی فەلسەفەی دیکارت کەوتە بەر لێکۆڵینەوەو لێتۆژینەوە، ئەم کۆژیتۆیەش بریتی بوو لە رستەیەکی سادە، بەلاّم شتی گەورەی لەناخدا لەرووی لێکۆڵینەوە گرتبوو ئەویش بریتی بوو لەوە (من بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم) بەجۆرە تەواوی بوونی خودێك لەسەر بیرکردنەوە وەستا هیچ رێگەیەك بێگومان لای دیکارت نەما جۆری ئەو بیرکردنەوەیەش لەوەدا سەقامگیر دەبوو کە بریتی بێ لە ئیدراکێکی ئەقڵیو تیبینی پەیوەندییێکی زەروری بکات لە مەوداکانی مەعریفەی حەدسیدا، مەبەستی هەرە سەرەکی دیکارت لەم گوتەیە ئەوەیە کە سیفەتە سەرەتاییەکانی میتۆدی ئەقڵی بەخۆوە بگرێ کە لە مەودای ئەو (من بیر دەکەمەوە) بە ئەقڵ توانای (گومانی) نامێنێ بەجۆرەی کۆژیتۆی دیکارت ئامادەگی مرۆڤە بۆ زاتی خۆی، بەلاّم هەر بەمەندە نەوەستا بەلّکو هەوڵیدا بزانێ تا چەند ئەو بیرکردنەوەیە بەردەوام دەبێت، چونکە ئەگەر بیرکردنەوە بڕایەوە

ئەوە وجودیش دەبڕێتەوە، ئەو-مـن-ە لای دیکـارت- هزرمەنـدە هـەر چەندە (کانت) پێی وابوو دیکارت هەوڵی داوە لـە پەیوەسـت کردنـی چەمکەکانی هزری بپەڕێتەوە بۆ سەلماندنی گەوهەر، چـونکە گەوهـەر (بە ئەقڵ ئیدراك ناکرێ بەڵکو بەو کارانـە ئیـدراك دەکـرێ کـە لـە ئەقڵەوە سەرهەڵدەدەن وەك ئیرادە،،خەیاڵ، هەست،کە تەعبیر لە عـەقڵ دەکەن، بەمجۆرە (کانت) بنەڕەتی فەلسەفەی دیکـارتی کـردووە بـەوەی کە چۆن دەکرێ دیکارت لە سەردەمی خۆیداو دوا بەدواش-کانت- بـۆ وەدەرخستنی تازە گەری لە رووی لێکدانـەوەو بۆچـوونو لێتۆژینـەوەی فەلسەفەو کۆزمۆلۆژیا پشتیان بە جوڵانەوەی-هزرو ئـەقڵ بەسـتا بـۆ ئەوەی لەگەڵ سەرجەم پرۆسـەی نوێخـوازی سـەردەمی خۆیـان رێگـە بگرن....تیمای هەردوو بابـەتی کۆزمۆلۆژیـاو فەلسـەفە سەرچـاوەی کتێبەکانی (کانت)ن نوێخوازی یاخود بەرەو نوێ چـوون لای (کانـت) تاکرەهەند نەبوو کە بەتەنها لەسەر فەلسەفەی کلیل بدات. گرنگترین هـەردوو کتێبـی (کانـت) ڕەخنـەی ئـەقڵی سـافو ڕەخنـەی ئـەقڵی پراکتیکی لەوەدا خۆیان دەنوێنن کـە بابـەتێك تـەواو دەکـەن ئـەویش ڕزگار بوونە لە لێکدانەوەی فەلسەفەی کۆن. ئەو لێکدانەوەیەی کە لە سەر گرێمانی ئەو گوتەیە وەستابوو کە سەبارەت بەسەر یەکەوە پیـادە کردنی زاتی زاناو بابەتی مەعریفییـەوە بـوو، بـەم جـۆرە ئەڵقـەکانی

فەلسەفەی پێشینەی لەدوا خۆیەوە جێهێشت کە بڕستو هێزی بەرهەمهێنانیان نەماوە، لە نەزەر (کانت)دا گەورەترین نەهامەتی فەلسەفەی پێشینە بوو، کانت هەوڵی ئەوەی دا کە لەڕێگەی ڕەخنەی ئەقڵی بێ گەردو سافدا ئەوە بسەلمێنێ کە ئەقڵ چۆن هۆیەکە بۆ مەسەلەی مەعریفەت کاریگەرێتی ئەقڵو ئاکتیفی ئەقڵ چییە؟ بۆ ئەوەی بزانین کە ئەقڵ بابەتێکە بو مەعریفەی ڕەخنەیی، هەر بۆیەش ڕەخنە لەلای ئەو وەك —قازی- وابوو، چونکە ئەقڵ بە بیروڕای ئەو (ئەقڵی ئینسانی دەتوانێکۆمەڵێ پرسیارو وەڵام بەرهەم بهێنێ، بەڵام بڕستی وەڵام دانەوەیانی نییە، چونکە ئەو پرسیارانە تخوبی هێزو بڕستی ئەو ئەقڵە دەشکێنن، ئەو مەبەستی لە ڕەخنەگرتنی ئەقڵ ڕەخنەگرتن بوو لە (مەلەکەی)ی بۆ ئەوەی بزانێ ئایا میتافیزیك ئیمکان دەبێ یان نا؟ هەموو مەبەستەکەش لەمەدا ئەوەبوو ئاخۆ چ ئەقڵ دەتوانێ بەکارهێنانی (حەقیقەتی تێگەیشتن) وەدەست بهێنێ، لە مەسەلەی ئەوەی کە ئاخۆ میتافیزیك ئیمکان دەبێ یاخود نا؟ ئەوە پێی وابوو ئەقڵی ڕووت دەتوانێ پێوانەی هێزی خۆی بکاو نەخشەیەکی هەیکەلی دابمەزرێنێ بۆ مەنزومەییکی میتافیزیکی. (کانت پیلەی لەسەر ئەوە کرد کە دەبێ بابەتەکانی ئەزمون بچنەوە سەر (ئەندێشە) لە چانتایی ئەو کاتو شوێنەی کە دوو وێنەی رووتن

له وێنـەی (هەست)و شـوێن (روخسـاری دەرەوەی هەسـتەو هـەموو موحتەیاتەکانی لەپاڵ یەکدا رێك دەخاتو پرۆسـەی هەسـتی نـاوەکی تەیار دەکاتو کاتیش روخساری ناوەوە هەموو موعتەیاتـەکان یسـەك لەدوای یەك رێکدەخاتو پرۆسـەی هەسـتی نـاوەکی تـەیار دوکـات، چونکە شـوێن وێنـەییێکی رووتـی هەسـتە دەرەکییەکانـە مـەرجێکی وێنەیی پێشینەییە بۆ هەموو هەستێکی دەرەکی ،

(کانت) پێی وابوو میتافیزیك زانستێکە ناتوانێ تـا ئـەو رادەیـە بڕوا کەشوێنی هەستی رووت دەیگاتـێ هـەر ئـەوەش بـوو بەبناغـەی دانانی کتێبی-دامەزراندنی میتافیزیکای رەوشت- دیارە کانـت پێـی وایە چەند پێوانەییێکی مۆراڵی هەیە بـەر لـە هـەموو ئـەزموونێكو کاریگەرێتی ئەو ئەزموونانـەش بەسـەر هـەموو مرۆڤێـك دادەچێت بەیەکسانی هەروا بـەدرۆی خسـتەوە کـە هـەموو هـەوڵی مـرۆڤ بـۆ بەختەوەری بریتییە لە سلوکێکی ئەخلاقی، چونکە زۆر لەوە دڵنیا بوو کە مرۆڤ غایەتێکە لە زاتی خۆی.

رەخنـەی ئـەقڵی پراکتیکـی (کانـت) بەگشـتی، پابەنـدبوون بـە قەدەغەکردنی ئەقڵی مەرجێنراو بە ئەزموون کە ئیدعای بکـات کـە تەنها بەوە خۆی هەڵدەسـتێ بناغـەڕێـژی ئـیرادە بکـات، واتـە ئـەقڵ ناتوانێ بناغەی ئیرادە بێت.

## بنەماکانی دەق و ئیستاتیکا

دارشتنی هەموو بیرۆکەییێکی ئەدەبی و هونەری ئەلێرەوە دەست پێدەکا کەنووسەر گەرەکی بێ گوزارشت لە هەڵچوونەکانی ناوەوەی خۆی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو تەقسێك ئەزموون دەکاو بە هەموو پەنجەرەییێکی والآو ناوالآی هەست و نەستدا تێپەڕ دەبێت تا ئەو رادەیەی هەندێ جار چەند لەمپەرێکی ترسناك هەمان ئەم تەقس و هەمان ئەو پەنجەرانەی بۆ دروست دەکەن، هەر لەم گۆشە نیگایەوە دەکرێ بە پرۆسەی دارشتنی دەقی ئەدەبی و هونەری بڵێین داتاشینی جەستەیەك کە تەنها بەهرەمەندانی دەق و خالیقەکانی دەق دەزانن ئەم جەستەیە چەند ئەستەم و دژوارە، چونکە ناکرێت دەقێك دارێژین کۆمەڵێك ئاگری گەش و باوەشێك بای ئەفسانەو چەندین کەرەستەی موعانات و هەڵچوون و عاتیفەو عیشق و خۆشەویستی پێ نەبێ، بەمجۆرە لەدارشتەیەکی فۆکۆیانەدا دەق دەبێتە کۆڵەگەی چەند دامەزراوییێکی پڕ لە نهێنی کە هەر هەموویان خۆیان لەو جەستەیەدا دەدۆزنەوە کە بەهرەمەندی دەق مەبەستیەتی، بۆ نموونە جەستەی هەر رۆمانێکی (برۆست) بەتایبەت لە (گەڕان بەدوای زەمەنێکی ونبوودا)

بریتییه له مەحرومکردنی جەستەیەکی حەقیقی خۆی لە پێناو خولقاندنی جەستەییێکی دیکەی ئەدەبیو هونەری کە لە کۆتاییدا کۆمەڵێك ئاگردانو دۆزەخو بەهەشتو ئەفسانەی کۆکردۆتەوەو جەستەییێکی وای خولقاندووە کە لەهی کەسێکی دیکە ناکات.

بنەمای دەق پەیوەستە بە خەونو خەیاڵی خودان دەق، جا ئەو خەونو خەیاڵە تا چ رادەیەك دەست نیشانی بیروبۆچوونی سەرەکی دەکەن لە هێنانە کایەوەی ئەو دەقەی کە ئەدەبو هونەر مەبەستێکی ئەلێرەوە دەتوانین بڵێین:

با نموونەیەك لە رەوتی سەرهەڵدانی بنەمای دەق دەست نیشان بکەین لە (هاملێت)ی شکسپیردا بنەمای دەق (دەقێکی هونەری کە جەستە بتوانێ جووڵەی تیا بکات لە رێی نمایش کردنەوەی هەمان رەوتەکانی ئەو کارە هونەرییە) بریتییە لەو مەودا قووڵەی کە شکسپیر هەموو گومانو بەدگومانی خۆی تێدا شاردۆتەوە،و بەمجۆرە گومان بنەماییێکی گرنگی دەقێکی وەك هاملێتە، هەرواش لەبیرو بۆچوونێکی فەلسەفیدا بۆ دیکارت کۆژیتۆکەی دەبێ بەبنەمای سەرهەڵدانی دەقێکی فەلسەفی گوزارشت لە بیروبۆچوونی ئەو بکات، لە رۆمانی زۆربای کازانتزاکی بنەماکانی دەقێکی ئەدەبی خۆی لە قەرەی رواڵەتێکی ئەفسانە ئامێز دەدا، دەگاتەوە سەر فینۆمۆنۆلۆژیای

ئەو رەستانەی لە بڕستیاندا هەیە سەماییێکی پڕ لـە چـەمكو نهێنـی بخەنە بەر دڵو دیدەی خوێنەران کـە خۆیـان هەڵسـنەوەو هـەوڵ بـدەن هەمان ئەو سەمایە لە نائاگاهی خۆیاندا موماڕەسە بکەن.

هەندێ جار بنەماکانی دەق ئـەم مەودایـەی خـودی داهێنـەر جـی دەهێڵنو دەچنەوە سەر ئەو خاڵە نادیارانەی کەوا لە خوێنەر دەکەن بـە دوایاندا بگەڕێتو بیکەن بە دەستووری تێگەیشتنیان بـۆ ئـەم دەقـە، وەك چۆن لە رۆمانی (نانو شەراب)ی تسیۆ سلیونەو کۆمەڵە شیعری (گیا)ی (والت وایتمان) لە کاتی خوێندنەوەیاندا بەدوای ئـەو گرێیـە دەگەڕێی کە لێت ونبووە، هەموو رووداوەکان بەم گرێیە بەندن، ئەگـەر چی لەرۆمانەکە خۆی لە رۆحانییەتی نووسـەر دەبڕێتـەوە کـە خـودی کەسێك بوو بـاوەڕی بـە مارکسـیزم هـەبوو، بـەڵام نەیـدەتوانی لـەم رەوحانییەتە ببێتەوە، بەڵام (والت وایتمان) هەر لە بنەرەتەوە پیوەسـت بوو بەم رۆحانییەتە بۆیە خوێنەر ناچار دەکەن کـە بـەدوای گرێکانـدا بگەڕێن، ئەڵێرەوە بنەماکانی دەقی ئەدەبیو هونەری بریتین لە:

خەونو خەیاڵەکانی کـە داهێنـەر خـۆی دەزانـێ لـە ژێریانـەوە چ ئافاتێو گرکانێ هەن.

- مـەودا نادیارەکـان کـە نهێنییـەکانی داهێنـەر لـە خۆیانـدا دەشارنەوە.

هەردوو ئەو کۆڵەگەیە لە دەست نیشان کردنی بنەماکانی دەق دەمانبەنەوە سەر ئەو شتە هەمووارانەی کە تا چاو هەتەر دەکا هەن، بەڵام نابینرێن.

بنەمای دەق هیچ گۆڕانێکی لەڕووی (لامرئیە) تەوە تێ ناکەوێ لە هونەرێکەوە بۆ هونەرێك و لە ئەدەبێکەوە بۆ ئەدەبێك، بەڵام دڵنیاین لەوەی کە دەوروپشت یاخود (شوێن) داینەمۆی هەردوو ئەو کۆڵەگەن کە بۆ بنەمای دەق رامانخستن ئێمە تا ئێستا لە چەمکی (شوێن)دا غەورایەن و هیچ نووسینێکمان تەرخان نەکردووە بۆ دەربڕینی ئاسەوارەکانی شوێن لە خودی دەقدا، ئەگەرچی هەندێ نووسین خراونە روو ئەویش هەر بە کاریگەرێتی (جوانییەکانی شوێن)ی باشلاوە، واتە ئێمە لەروانگەی (باشلارەوە) شوێنمان پێ زانیوە لە دەق، بەڵام تەنها لەڕووی جوانییەوە باسکراوە، باشلار بەدرێژایی کتێبەکەی خۆی باس لەو نوختە نیگایانە دەکا کە بوونەتە مایەی ئەوەی بایەخ بەوشوێنە بدەین چونکە جوانی تیایە.

هەر بۆیەش کە لە کتێبەکە دەبییەوە هەست بەوە دەکەی (جوانی) وەك چەمکێکی/عاتیفە/ بەهێزترە لە (جوانی) وەك چەمکێکی (مەعریفە)..... ئەلێرەوە دابڕانێکی ئەنقەست هەیە لە نێو

ڕۆمانسییەتی دەق ئەو دەقانەی لە ڕێچکەیەکی ئەنتی ڕۆمانسییانەدا پاڵ بەخوێنەرەوە دەنێن بۆ ئەوەی بەدوایاندا بکەوێ.

## چۆن ئیستاتیکای دەق هەڵدەسەنگێنن؟

با بگەڕێینەوە سەر مۆدی کلاسیك ئەلەوێوە سەیری ئەو بەرزە خانە بکەین کە دەقە ئەدەبییەکان لە (بنەمای خەون و خەیاڵ)داهێنەردا دروست کراون- لە نموونەی ئەدەبی جیهانیدا دەچینەوە سەر شیعرە بەناوبانگەکەی (الفریدی موسی) کە ناوبەند دەکرێ بە دیدگایەکی گەورەی نۆستالیژیاو گەرانەوە بۆ دونیای رابردوو واتە ئەو غەریبی و غوربەتەی (الفرید موسی) دایرێژتووە سەبارەت بە رابردووی خۆی و کردوویەتی بە ئیستاتیکای ئەو دەقە.... ئەلفرید لەو نموونە شیعریە ئیستاتیکامان بەم چەشنە دەخاتە روو.

ژیان هەموو ئەوە بوو کە بۆ من روویداو
تێپەڕی
ئەوانەش کەناگەڕێنەوە ترۆپکی لەزەت و
ئیرۆسن

کەواتە (رابردوو، دووبارە بوونەوە، ترۆپکی لەزەت‌و ئیرۆس) مایەی دروستکەری جوانین هەر بۆیەش لە دێڕی یەکەمی ئەو شیعرەدا دەڵێت،

(نا من هەرگیز پەشیمان نیم لەوانە)

لە نموونەی ئەدەبی کلاسیکی کوردیشدا (نالی) لەشیعری قوربانی تۆزی ڕێگەتم.

(شوێن) دەکا بە مەودای جوانی‌و سەر هەڵدانی جوانی‌و ئەو بەرزەخەی لەوێوە سەیری بەهەشت یاخود دۆزەخ دەکا.

بەجۆرە جوانیمان پێ دەناسێنێ (شارەزوور)

ئەو شوێنە شوێنی هەوەڵین عیشقی منە
کەجێی هەوەلین عیشقم بێ پێیەوە بەندم
کە پێیەوە بەندم ڕۆحم هەر لەوێوەیە

کەواتە، شوێن (شارەزوور) ئاگری عیشق، جێ مانی ڕۆح مایەی دروستکەری جوانین لەلای نالیدا هەر بۆیەش لە یەکەمین دێڕیدا دەڵێت:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور.

بەجۆرە لە نێوان بنەماکانی دەق و ئیستاتیکای دەقدا پەیوەندییەکی قووڵ هەیە لە مەودای باسەکەماندا باسی ئەو پەیوەندییانە دەکەم لە رووی ئەنتۆلۆژیای دەق و لێکترازانەوە پێم وانییە لە رۆژی ئەمڕۆدا شاعیری داهێنەر خاڵی بێ لەو نیگەرانیە، لەمیانی بۆچوونی شاعیران بۆ نیگەرانی و سلیکۆلۆژیستەکان بیابانێکی گەورە هەیە، ئەوەی لەوەدا دەیبینێ کە لە رێی داهێنانییەوە دەتوانێ ترسەکانی خۆی دەستەمۆ بکات و شتێ دابەزێنێ کە ئاستی کەفوکوڵی ترس بێ, بەڵام هی دووەم رەنگدانەوەی هەڵپەییێکی نادیارە، هەردوو لا لەو نادیارییەدا یەکدی دەگرنەوە وەلێ لە ئەنجامدانی جیان، هی یەکەم سەر بە بیرێکی رووتە و هی دووەم لە نێو بازنەیەکی ئەبستمیدا تەئەمموول دەکات، نەهۆ شیعر گەورەترین پێداویستی تەرکیبی رووحانییەتی جەستەی شاعیرە و نیگەرانی ساف دەخوڵقێنێ کە بەسەر ئەوانی دیکەشدا رەت دەبێ، بوونەوەرێکی پەیدەست و پەیبیری سەیرو سەمەرەیە _نیچە- لە دەستەواژەیەدا بەرجەستەی دەکات.

(تۆ گۆرانیت بۆ شکۆداری چڕی، کەواتە سروودەکانت موفت و خۆڕانین)

ئەوە ئەو نیگەرانییەیە کە شاعیر هەتا هەتایە لە سینەیدا هەڵی دەگرێت، پەڕوپۆی دەکات، کەواتە دینامیکییەت بەخشی ژیان لای

شاعیر کەشفێکی ئەبستمییە لە گۆڕانداو لـە جەسـتەی نیگەرانیـدا، هەڵبەت ئەلێرەوە چەمکە بەرازییەکەی غـەوارەبوون،-تغریـب- دێتـە کایەوە، ئەم نیگەرانییەی شاعیر رۆحێك نییە لە گیانیدا بەڵکو تێکەڵ بوونێکە دەگـەڵ لێوارەکـانی هەناسـەو لـە گومـان نزیـك دەبێتـەوە، **(گومانێکی هاملێتی )**

(بەدڵنیيايیـەوە، لـە بـارەی شـتێکەوە دەڵـێم وایـە پاشـان بـە دیاردەکەوێت وانییە).

**( هاملێت )**

لەمەدا شیعر خۆی دروست دەکاتو فەرمۆڵی دەخولقێنێ، کارێکی سەختە شاعیر رووبەرووی دەبێتەوە، چاودێری کردنو ئـاوەدانی گیانـە، حەزدەکەمو ژ بۆ خۆمی دەڵێم، چۆلەکە کە بۆ لانە دەگەڕێتەوە مانـدوو نەبێ، کە باران نابارێ گوڵ برِوێ، شاخیش لووتکەی نەبێ، چۆن دەبێ.

(درەختەکان هەنگوینێکی زێڕ رەنگیان هەڵڕشت، زەوی پڕبـوو لـە بەڵاو خوێن بازرەقەیدا) (**ئوڤید**).

لەوەدا نییە بیسەلمێنێ کە ئاخۆ شیعر تەبەشی نیگـەرانی شـاعیرو لێکدانەوەکانی رەنگرێژ دەکات یاخود نـا، چـونکە دیـارە بەدیهییـەی سێیەمە دوای شیعرو شاعیر، جا دەبی ئەو شیعرە چ رۆحێکی پاکی تیا بخولێتەوە، زۆر جاران شاعیریش لەبەرابەر شیعرەکەی خۆیـا دەوەسـتێو سەرسامەو نازانێ ئەو ئیجابیەتە لە شەوقو حەقیقەتدا بدا بەخۆی یا بیدا بەو مەلۆتکەیە، لێرەدا ئەم گەڕانەوەیە بـەرەو سەرچـاوە نادیـارو خەرەندبارەکان هۆییێکە بۆ داهێنانی تۆکمەو لەبن نـەهاتوو ، بـەمجۆرە کرۆکی شیعر لە شاعیردایەو ناوەرۆکی ئادەمی شاعیریش لە شیعرەکە، سەختە ئەم لێکردنەوەیە بکرێت، بە کارێکی رەخنەیی لـە پراکتیکـدا خۆی بدۆزێتەوە.

چونکە تێکەڵبوونیان بە تێکەڵکشـانو بـەردەوامیو رەتکردنـەوەی بیروباوەڕی-هیراکلیتی- وە نزیکمان دەخاتـەوە بـەوەی کـە- ئـەو بینـا کەونیە سەرەو لێـژو چـڕولێڕەولرە نـەخوا دروسـتی کـردووە نـەمرۆڤ- بەمجۆرە بۆچوونەی لە دونیای شـیعر نزیـك دەکەوێتـەوە کـە گومـانو نیگەرانی شاعیرەو گـەلێ جـار مـەودای فەلسـەفەش دەبـەزێنێ، لـە زمانی کوکوختی دەچێ وا هەست دەکەیت لە پەلپەلەی خوێنو سـوور دەچێتەوە، بەڵام کە گوێت لە خوێندنی دەبێت دونیایەکی سپیو پـاكو بێگەردە دەکەوێتەوە.

لەنێوان شیعرو گەمەی کۆتردا، لـەنێوان شـیعرو جوولّـە جـوولّی گەلاّی سەر درەختان، لەنێوان شـیعرو سـەوزایی گیـادا هێلّـێ هەیـە نادیارە هەمیشە بەدوایا دەگەڕێت‌و ریشی بۆ سپی کردووەو پشـتی بـۆ کوورِ کردۆتەوە، بەلاّم نەیدۆزیوەتـەوە....گـەڕان بەدوایـدا بـە قـوولّی‌و چڕی‌و لە هەندێ هەلّپەی رۆمانسیانەو لیرك ئـامێز پرسـیاری گـەورە دەخولّقێنێ‌و شیعرەکە دەخاتە قالبێکی (معرفی) گەورەوە.

(پرسیار لە هەموو سوچێ لـە سوچـەکانی زەمـین دەکـات،، تـا لەمەغزای ئەو ئالّۆزیە گەورەیە بگات)، (**بۆدلێر**).

شاعیر بە کانگای حەقیقەتی شیعر دەکەوێ، بەلاّم لێی ونە دلّنیاشە دوورکەوتنـــەوەی دەبێتـــە مایـــەی بەفیڕۆچـــوونی هـــەموو کـــارێکی داهێنەرانەی زیندوو،

(تاگور) پەی بەم سەرچاوەی پاکییە بـردووەو وەك ئـەوەی نەخشـی سەرپەردەی کێشابێ.

(کـە چـرای خۆشەویسـتی لـەدلّما بـەرز دەکەمـەوە هـەموو رووناکییەکەی دەپڕژێتە سەر تۆوە

منیش

لە سێبەرا بە تەنهایی دەمێنمەوە

ئەمــەیان جەوهــەری قوربــانی بەخشــی شــاعیرە، ئــەرکی ئــەزەلی داهێنانە، شاعیرەکان با بەدوای ئەو سەرچــاوەیە بگــەڕێن کــە نــوقڵی تازەترین بیرۆکەتان پێ دەبەخشێ، بە چاوی راستی ســینەتان بپشــکنن داهێنانی گەورە خۆی مەڵاس داوە.

دەبێ ئەم مرۆیە هەست بەوە نــەکات چــی دەکــات؟ گــۆڕ لێــدەداو گۆرانیش دەڵێت. (**هاملێت**).

هەندێ جار منداڵ لەبەر دەم ئیمپڕاتۆڕیەتی مەمکی دایکیدا دۆش دادەمینێو سام دەیگرێ، کەواتە مەرجە پێچەوانەکانی دەشکێنێ، ئەم دیمەنە لەبەرچاوی ئــەودا دیمــەنێکی هەوڵناکــەو جیهــانێکی پــڕ لــە هەراسانە ئەویش لەدوا ساتی سەیرکردنیا دەیبینێو بــەڵام دەســەڵاتی ئەوەی نییە تەکانێك بداو بە پەنجــە نەرمونیانــەکانی بیکوشــێت ئــەم رۆحە سپییە هەلڕژێنتە دەمیەوە.

دیقــەتی ئــەو ســەمایە شــێتانەیە بــدە، شــاعیریش هــەمان ئــەو منداڵەیە، هەندێ جــار لــە ئاســت هەنــدێك بابەتــدا ســام دەیگــرێ، دەوەستێ! توانستی دەربڕینی دەچێتە قــاوغی هــەوڵی بێهــودەیی ئــەو منداڵە، بۆ دەبێ وابێ؟ لەپای چــییە شــاعیر ئەوەنــدە تامەزرۆیــە کــە بابەتی گەورەو بەنرخ بکاتە پەینی شیعرەکانی خــۆی، ئایــا ئەمــەیان

خـەونی هەمیشـەیی نییـە، ئەوەشـیان ئـاوابوونی ئەبـەدی، ئـەوەی کارەساتی-ئـەژامنون-ی (ئیسـخیلوس)ی خوێندبێتـەوە هەسـت بـەو سەرسامیو تاسانە دەکات سەبارەت بەو ساتەوەختانەی مرۆڤ دەتاسـێ لەبەرابەر بابەتدا، (ئۆرست)ی ئەمیر دەگەڕێتەوە، ئـەلێرەوە کارەسـات دەست پێدەکات.

دوای سەرکەوتنی لە جەنگی —تەروادە-دا ئیدی کە لە گەڕانـەوەیا ژنەکەیو دۆستی ژنەکەی کودەتایەکی بۆ ساز دەدەنو لە ئاهـەنگێکی رێکدا ویستیان بیکوژن وەلێ —ئەلیکترا-ی کچی (ئەژمنون) رزگاری دەکاتو (ئوریست) رادەکات (ئـەلیکترا) بـۆ رۆژانێکـی دوورو درێـژ چاوەڕوانی دەکات تا تۆڵە بسەنێتەوە، بەڵام هەواڵ گەییـە (ئـەلیکترا) کە (ئوریست) لە پێشبڕکێیەکی پەیتوناندا مردو ناگەڕێتەوە.

ئەم کارەساتە بابەتی تاسانو گیـانی قوولـە، پـڕە لـە موفارەقـات (مفاجات) جا نووسەر لە بەرابەر ئەو رووداوە دەستە پاچـە دەوەسـتێ، بەڵام خاڵی درەوشاوە لەوەدایە کاتێك شاعیر یان ئـەوانی دی ئـەم بـارە ترسبارە نایتاسێنێ، ئەو کاتە گەورەترین دەقی ئـەدەبی دێتـە کایـەوە چونکە تاسانەکە لەبەرهەمەکەدا خول دەخوات هەروەك شکسـپیر لـە هاملێتو شالیرو ئوتیلودا، سـوفوکلیس لـە قوربـانی بەخشـەکانداو ئەحمەدی خانی لە مەموزینو نالی لە بەیتی شارەزووردا...هتد.

به کورتی هەندێ جار بابەت لە دەرك پێکردنی شاعیردا بـە تـەنها دەمێنێتەوەو شاعیر ناتوانێ خاوەندارییەتی بکات، رەنگـە شـاعیر لـە ئاستیا بێدەنگ نەبێت بتوانێ بچێتە بنج‌و بناوانییەوە، بـەڵام هێدمـە دەیگرێت‌و وا بیر دەکاتەوە ئەوەی کە دەینووسـێت (فعـل)ی بابەتەکـە دەرەتێنێ‌و تێپەڕی ناکات، ئەو دەقە ئەدەبییەش کە نەتوانی (تجـاوز)ی بابەتی بەردەمی بکات لەرووی گەورەیی‌و داهێناندا دەقێکـی پابەنـدو نەخۆشە، چونکە دۆزەخێك بۆ دەروون دەخولقێنێ‌و ناچاری لـەزەت لـە لەسووتان وەرگرێت.

(دەبێ شاعیر هەمان گۆرانی کۆن دووبارە نەکاتەوە، من تینوی ئەم شتانەم کە بەسەختی دێتە دەست)، (**تاگوور**).

ئـەم سـووتانە لـە کیمیـای سـووتانی زینـدەوەرەکانی دی جیایـە، حیکمەتێکی شیعری تیایە زۆر لە پرۆسەی شـاعیرێتی مـرۆڤ دەچـێ، دەتوانین ناو لەو سووتانە بنێین شـاعیرێتی سـووتان، زیـاتریش شـیعر زادەی ئەو ساتانەیە کە سەرسامی دیلی دەست‌و بیری مرۆڤـی دەکـەن، سەیرکە ئەو باڵندەیەی کە لەژێر زەمینەوە بێچـووەکانی خـۆی بـەخێو دەکات‌و هەتا گەورە دەبن لە ژێر ئەو زەوییە نایەنـە دەرەوە، کـە دێنـە

دەرەوەش وەك بلێی بەگەورەیی لەدایك بوون‌و دەوری منداڵێتی خۆیان نەدیوە.

دووبارە سەیرە کە ئەو باڵندەیەی کە هەر لە ئاسمان هێلکە دەکات، ئەم هێلکانەش بەرهەڵلای ئاسمان‌وهەر لەئاسمان بێچووەکانی هێلکە دەترووکێنن‌و هەر لەئاسمانیش بەباڵ دەکەون.

حیکمەتی ئەم چەند دێڕە ئەفسانە پەخشانە لەوەدایە هەر هەموو بۆ شیعر خولقاون، نموونەیەکی دیکەش هەر لەو مەدارە سەبارەت بەنووسینی شیعرە، هاوکێشەیە لەگەڵ (مفرداتی) ئەم جۆرە ئەفسانە دەگمەن ئامێزانە.

پێم وایە ئەوەش کە ئەزموونی خۆی لەسەر هێزو بڕشکاندنی شیعر دروست کردووە، زیاتر لە خۆڵەمێشی ئەو قەقنەسە دەچێت کە پۆڵووپشکۆی زیندوویی‌و نەمری بۆخۆی لەرێی ئەو سووتانە خەڵق دەکات، لە خوێندنی باڵندەیەکی وەك (سەمەندەر)دا ئاگاهی لە ئارادا نامێنێت‌و ئەو بە گۆرانی خۆی دەفرێت‌و بەرز دەبێتەوەو هەر بەرز دەبێتەوە.. هەر بەرز دەبێتەوە تائەو کاتەی گۆرانییەکە ئەوەندە لەگیانیدا برینان هەڵدەبەستێ هەست بەگەرمایی خۆرە تاو ناکات‌و دەبێتە قوربانی گۆرانییەکانی‌و لەو سەرەوە بەخۆڵەمێشی دەگەڕێتەوە سەر زەوی.

ئەمەیان لەحسێبی مرۆڤی داهێنەردا گەورەترین بەخششی شیعرە لەواقیعی جەستەییێکی عەشقدا، پێم وایە پرۆسەی شیعریش ئەو روحانییەتییەی تیایە کەشاعیر بباتە تەلانی بەرزو بەخۆڵمێشی دایبەزێنێ، کارێکی ئاسان نییە، حەق نییە بەبێ کەرستەی فڕینو باڵگرتن گۆرانی بڵێینو بکەوینە گیانی ئەو کارەوە، با لەگەڵ گۆرانییەکەشدا تێکەڵ ببینو بکەوینە دەرەوەی دونیای ئاگاهی، بەڵام نەك ئەو ئاگاهییەی کۆنترۆڵی بۆچوونەکانیان دەکات بۆ نموونە: (سەیری پاسارییەکانی ئاسمان بکەن)، (**ئینجیل**)

با بەم جۆرە مامەڵە دەگەڵ ئەو شنەبایە بکەین کە لە دەلاقەی تاقێکی بەرزەوە هەڵدەپڕژێتە سەر گەرمای ژوورو ژووریچکە تەنگو تاڵ ئامێزەکان، کە خود پابەندی فێنکی خۆیان دەکەن کەچی یاساییێکی گرنگی وای تیا نییە شایانی سەرنجی بیرتیژانەی خودان ئەقڵ بێ، چونکە ئەمەیان سروشتە ئەم سروشتی گڵکۆبارو ئەستەم هێنەیە دەگەڵ سروشتی خودی مرۆڤ لە یاساو کاریگەرێتی وەك یەك نینو بەڵام جیاش نین، ئەمەیان ناموسی بوونو هەبوونە لە دەست ئەقڵ چوونەتە دەرەوە بەڵێ کە دووپشك ژەهری خۆی هەڵدەڕێژتە نێو

خوێنی مرۆڤو پێوەی دەدا مانای ئەوە نییە کە رقوقینـی لـە مرۆڤـەو لەکینەوەیە، بەڵام یەکێ لە پێداویستییەکانی تەبیعەتیەتی.

شنە با رۆحی ناسـکی سروشـتە، پێـوەدانی دوپشـکیش لـەناموس کەوتنی سروشتە، بەمجۆرە ئەگەر باسەکە لـە ئەلقـەی ئـەم نموونانـەوە رابگوێزینەوە نێو ئەڵقەی قەڵەمو خودکار دەبێ بڵێین لەنێوان سروشتی خودی مرۆڤی شاعیرو سروشتی گشتی یاساکانی ئەم کەونـە- (تـوارد الخواگر)ێکی عەجیب هەیـە زۆر لـە (افـتراچ) دەچـێت، پـێم وانییـە شاعیرێ هەبێ هەر سەبارەت بەوە شیعر بنووسێ کە پێی وابـێ شـیعر دەستکردی بە ئەنقەستی خۆیەتی،نەخێر من (گبع)ی ئـەو مرۆڤەیـە، لە رەگ داکوتانی دارگوێز دەچێت یا هەڵوەرینی گەڵا.

بەراستی ئەو سرروشـتە هێشـتاکە لێواولێـوی کۆمـەڵێك نهێنـی گەورەیەو شێوازێکی موگناتیسی هەیە، بەڵام چەقی راکێشـانی دیـار نییە، هەر وەك چۆن شاعیر لەوپەڕی حاڵـەتی فەرهـەنگیو رۆشـنبیری خۆیدا بە سەرچاوەکانی خۆی نازانێ، من دەڵێم (طبع) ئـەم مرۆڤەیـە لە رەگ داکوتانی دار گوێز دەچێت یا لە هـەڵوەرینی گـەڵا هـەڵڕژانی رۆحی شاعیرە نەدەیگرێو نە بەرهەڵلای دەکات کارەساتێکی هەللامی ئاڵۆزە لە دەروونی شاعیر بـە هـەمان جموجـۆڵو کـەفوکوڵو گریـانو پێکەنینوقسەو دیالۆگەوە وەریاندەگێڕێتە سەر شێوەی رەفتـارو زمـانی

خۆیو لەوێشەوە بۆ خەڵکی ئاشکرا دەکات، بەڵام دەبێ ئـەوەش بـزانین کە هێشتاکە زۆری دەمێنێ بە ئەمانەتەوە ئەوانەی کە لە ژێـر دەفـەی سینەیانە بۆ خەڵك بەرهەڵلای بکات، لـەرۆمانی-قوربـانی-کـوارتز-مالاثارمی-دا کارەساتەکان لەزەمینــەوە کۆدەکرێنـەوەو دەبەشـرێنەوە سـەر قــەڵاکانی دەروونو دووبــارە رۆماننووســی شــاعیرانە بەســەر خوێنەرانی دەیبەشێتەوە، شەو جەنگ، پرکێشی وشە دیلیـان دەکـات، رۆماننووسیش وشە دیـل دەکـات، پرۆسـەیەکی سـەیرو سـەمەرەیەو ئەمانە هەمووی لە مەزەندەی مندا لەهەر بـوارێ دابـێ نـاوی دەنـێم رۆمانی دەروون کە تاکە پاڵەوانیشی نووسەرەکەیەتی، چونکە:

(بەبێ گیان، بێ هەناسە، بێ چەك (زیوس) فرمێسـکی نـەمریی ئەسپەکانی بینی). (**کاڤاڤی**).

نەمریی هەندێ جار لـە دڵـی شـاعیردایە نـەك لەنووسـینەکانی، نەمریی لەکامو مەبەستی شاعیردایە نەك لەو شتانەی کەدەینووسـێ، نەمریی لە سینەی شاعیردا وەکو شەرابێکی کۆنەو لە نووسـینەکەیدا نییە، بەڵام ئەم نەمرییـە لـەخودی شـاعیر شـوورەیەکی پۆڵارێـژە بـۆ نووسینەکانی، لەم شـوورەیەوە وشـەکانی ئـاوی ژیـان دەخۆنـەوە، زۆر بەسەختی نەبێ ناتوانێ دەستنیشانی ئەوە بکـەیت کـە نـەمریی هـی

بەرهەمی شاعیرە یا هی ئەو ئاوات و ئامانج و دیدگایانەی کە شاعیر بە درێژانی ژیانی لە سینەیا هێلانەیان بۆ دەکات، شاعیر سەرچاوەی نەمرییە، ئەمەیان لەم شیعرەی (هیلدرلین)دا دەچەسپێ:

(شاعیرەکان چەند لوولەیەکی موقەددەسن)
شەرابی زیندەگی و رۆحی پاڵەوانا نیان تیا
دەپـــــــــــــارێزرێ)

ئەمەیان هیچ نەبێ ئەمانەی سەرەوەمان بۆ راڤە دەکەن، ئەگەرچی رەنگە ئەو دێڕە بەهانای مەبەستی ئێمەوە نەیەت، سەرچاوەکان دڵی پڕ خوێنن، شاعیر بە درێژایی ژیان تۆڕی خۆی هەڵداوێ چرکەو سات و هەنگوینی بنی شوشەو مۆسیقای دووری شەوان و گریان و بالۆرەی ناخە زیندووەکانی راوەکات و دەرخواردی ئەم دڵەی دەدا، دڵیش تەنها دادەخورپێ ئەم قەرزە سەختەی شاعیر دەداتەوە گومان لەبێ هەناسەیی ئەو پەیکەرە مەزنەی مایکلی پەیکەرتاش ناکەم کەبە چەند هێڵێکی موگناتیسی نادیار تەواوی دونیای بۆ سیمای پەیکەرەکەی خۆی راکێشاو هەتا خۆشی ئەوەندە سەرسام بوو لە ژێر پەیکەرەکەیا وەستاو گوتی:

- ئینجا قسه بکه!

بەڵام پەیکەر بێ گیانەو بێ هەناسەو بێ چەکە تـەنها پەیکـەرتاش خۆی فرمێسکی نـەمریی چـاوەکانی ئـەو پەیکـەرە دەبینــێ ئەمانـە هەمووی بابەتی شیعرن و لە شیعریشدا جێگەیان دەبێتەوە شـاعیرەکان بابەتی نەمریی لەدڵتان دایە بەدوایدا بگەڕێن، بەڵام بێ زیندەدژ بەڕێ مەکەون، ئێوەن ئێسقانی نەمری بۆ شـیعرەکانتان، لـەم کەونـە پـان و بەرینەدا باوەڕتان بەتاکە جۆرێکی شیعر نەبێ، مەل لە ئاسمان هەزاران بابەتـە، درەختـیش لـە دارسـتان بـەرزو نزمـی تیایـە، شـەپۆلیش هەندێکیان خورەیان دێ و بە دیارییەوە سەما دەکـەی، هەندێکیشـیان مرۆڤ هەڵدەلوشێ، شاعیر دەیگوت:

(ئایـا لەئاسمانـەوە هاتویـت یـا لـە دۆزەخ)
ئەمەیان بایەخی نییە، ئاخ ئـەی جـوانی.....!

(بۆدلێر)

من جـوان لـە تاسـولقەی شکاویشـدا دەبیـنم یـا گەنـدەڵانێ، یـا لەتاریکایی ئەشکەوتێ هەر چاوە ڕێژەی ئەنیشتاین دەخولقێنـێ هـەر

چاویشە دەستووری ئەو ریێژە وردوخاش دەکات، لەحیوارێکی نێـوان دوو مرۆڤدا چاو دوو فیێڵی گەورەی نواند هەردووکیانی لـێکتر جیـاکردەوەو ئەمەیان مـەلیێکی بینیوگـوتی وا هەسـتدەکەم بۆقیێکـە بەبەرچـاوم داهات، ئەویشیان بۆقیێکی پەڕی بەسەر قاچیاو گوتی لە دارستانی پڕ لـەگیای شـاخاوی دەچـێ، هــەردووکیان لـــە دیــدگای خۆیانـــەوە ئیستاتیکایان هەڵسەنگاند، لە شیعریشدا ئەم ئیستاتیکایە فەراهـەم دەکرێت، زۆر کەڵە شاعیری دونیا لە خزمەتی ناوەرۆکدا بـوون کەچـی شەکلیێکی نازەنینیاندا بەدەستەوە.

زۆریش دەوروخولی شەکلیان دەداو لە ئەنجامدا ناوەرۆکیێکی پوختیان وەدەست هیێنا، من قەت تاوان ناخەمە سەر شانی شاعیران بـەوەی کـە بایەخ بە-شەکل- دەدەنو ناوەرۆك نا، چونکە رەنگە شـاعیرەکە بیـەوێ ئەم بایەخدانەی بە-شکل- بکاتە ناوەرۆکیێك بـۆ ئـەم بوونـە، رەنگـە بۆشایی هەبێ لەم کەونە بەم شـەکڵانە پـڕ ببیێتـەوە، جـا هـەر جـۆر شەکلێ بێ. (ڤاسیلی ریبینو) لە چیرۆکی (گیاگوڵ)دا وای بۆدەچێ!

(کە ئەسپەکە گوێی لە ترپەی پیێی خاوەنەکـەی بـوو بـە ئاسـتەم حیلاندی وردە وردە بەسەر گژوگیاکەوە تیێپەڕی).

کەسێ هەیە ناوەرۆکیێکی وەك ئەوەی ئیێمە دەمانەوێ لەمەدا نەبینێ من دەڵیێم نەخیێر- شەکلیێکە لە شەکلەکانی-مـەرج ئاسـا-و ئەسـپو

سوار هەموو رۆژێ دووبارەی دەکەنەوە، بەڵام چیرۆکنووس بەم جوانییە چیرۆکەکەی خۆی هەنگوین خواردوو کردووە.

ئەگەر بەمجۆرە بایەخ بە ناوەرۆك بدەین‌وشەکل حسێبی بۆ نەکرێ، ئەی چی لەنامە بەهێزەکانی -تۆماس مان- دەکەین خۆ شەکلی رۆمان‌و شیعریان نییە، هەرواش پەخشان نین، کەچی شەکلێکە لە شەکڵەکانی ژیانی نووسین لە نێوان ئەم شێوەو ناوەرۆکدا شتێکی گەورەتر هەیە لە ئەدەبدا، ئەویش کاری زیندوویی وبەردەوام بەخشییە لە ئەدەبدا، ئامۆژگاری خۆم دەکەم کە قەت ئەدەب لەرێی شێوەو ناوەرۆکدا بە پلەیەك هەڵنەسەنگێنم بەڵکو لەرێی ئەوەوە هەڵی سەنگێنم کە دەبێ ئەو نووسەرە چ دەقێکی زیندووو بەردەوامدارو هیومانیزمی خۆیدا هەڵگرتبێت‌و دوایش بیدا بە خەڵکانێ کەدەیخوێننەوە، بەخۆم دەڵێم، کاتی ئەوە بەسەر چووە بە فێڵە سادەکانی چاو هەڵخەڵەتێین چونکە زۆر نووسین هەنە سیحریان پێیە، رەنگە ئەو سیحرە گەورەتر بێ لە فێڵی چاو:

(ئەی هەرماسی مەزن، ئەی ترسێنەری گاڵ  
لەبەر ئەوەی چاوەکانت، بزەت، قاچت  
دەرگایەکم بۆ دەکەنەوە بێ کۆتایی

خۆشم دەوێیو لێت تێر نابم)

(بۆدلێر)

لەمیانی بوونی شاعیرو نەبوونی داهێنان، هێڵێکی نەبینراو هەیە، شاعیر بەتوانا لەلای خۆیدا دەیدۆزێتەوە، هەندێ جار لە ناو کێشمەو لێکدانەوەدا بەر دەستی دەکەوێ، هەندێ جاریش وا خەیاڵ دەکا کە بەردەستی کەوتووە، بەڵام لەراستیدا ئەم کەڕەتە ونکردنی ئەم هێڵە جۆرێك-توهم-ی پێ دەبەخشێ کە دۆزییوەیەتەوە، ئەمەیان فێڵی چاوەو ناوی دەنێین فێڵی دیدگاو مێشك، (هەموو شتێ زەمانی خۆی هەیە، هەموو شتێ لەژێر ئاسماندا کاتی خۆی هەیە...سەماش کاتی خۆی هەیە) ئەمە ترۆپکی پرۆسێسە لە مەسەلەی داهێنان، هەڵبەت ئەم دەستەواژەی-سلێمان الحكيم- کە لە سفر الجامعە وە هاتووە لە کارشوێنی خۆیدا لەرۆمانە گەوهەر بەخشەکەی-ئەریك ماریاکیمارك-دا بەکار هاتووە، هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووانەیە.

نووسەرو داهێنەر گەلێ جاران لەگەڵ ئەو هەرماسەدا باوەش بەیەکدیدا دەکەن، گەلێ جاریش شاعیر کچی ئەو هەرماسە لەخۆی مارە دەکاو داهێنانێکی مەزن لە سینە تێر شیر دەکاو کە هەندێ جار خەونو راستە ئەم خەیاڵ خەیاڵبازیەو ئەم بگرەو بەردەیەی ناخی وشە

لەوڵاتی شیعروهەندێ لـە ڕۆمان‌وهەنـدێ لـە گۆرانیی‌وهەنـدێك لـە دارتاشیدا دەیدۆزنەوە، نموونەیەکی سەیرە تێکەڵ بەخوێنی مرۆڤ دەبێت سەبارەت بە ئاسۆی داهێنـان، عـومرێکی درێـژە داهێنـەرانی دونیـا بەمیزانی ئەم ئەدەبە توحفەی ناخیان دەفرۆشن‌و مایەکەشـی نـەمریی ئەوانە.

بەمجۆرە شیعر لە هەموو بوارەکانی دی سـوژدە هەرماسـی جەسـتە دەبات، ئەڕاگۆن گوێی لـەناخی خـۆی رادەگـرت‌و لەشـیعریدا ڕەنگـی دەدایەوە، گوێی بۆ هەرماسی ناخی خۆی رادەگرت‌و ئازارو ئەشکەنجەی شیعری دەوروژاندو جـوانترین ئەلقـەی شـیعری بـۆ چـاوەکانی ئیلیـزا دەنووسی، رامبۆ ئەم هەرماسانەی لە دۆزەخەکەیا دەوروژاندوئاشـکرای دەکردن، گومان لەبەردەم بوونەوەرێکدا خـەڵق دەکـات کـە خۆیـەتی‌و خۆشی نییە، نووسەرێکی گەورە جارێکیان ڕۆمـانە مـەزنەکـەی-مـوبی دیك-ی هرمان مرفلی خوێندەوە، گووتی: بـاوەڕ ناکـەم ئـەوە پەنجـەی مرۆڤوناخی مرۆڤ خەڵقی کردبێت، ئەم ناڕاستەوخۆیە پێمان دەڵێت، لە دونیای نووسیندا هەیەو دیار نییە، ئایا دەبێ ئـەم بوونـەوەرە نادیـارە چی بێت؟.

هەڵـەی گـەردوون بێـت جلـی حەقیقـەت لەبـەر بکـات‌و وەك دارهەنارێکی گەورەی ڕوو سوور لەژێر سامالّدا مـەلـە بکـات، یـاخود

نادیاری هەرماسە رەفتەی ئەبەدیەت لەبەر بکاتو لەژێر دار گەنمی ئادەمو حەوادا مرۆڤ هەڵخەڵەتێنێو لە بەهەشتی مرۆڤی ئاساییان بێبەری بکاتو فەزای بەرینی داهێنانەوە، پرسیارێکی بێ ئەنجامو پڕ ئەنجامو سەختو هاسانە!.

هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی
مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی
هەڵبەستم

(**گۆران**)

هەڵبەت زمان لەئاست کەفوکوڵی ناخی مرۆڤدا کورتی هێناوەو نەگەیشتۆتە رادەی ئەو ترۆپکە بیرۆکانەی کە لە پەنجەرەی مەژی نووسەرەوە چەخماخە دەدەن، گەورەترین شاکار لە رووی بۆچوونەکانی خودی نووسەرە کە هێشتا ماوەیەتی، رەنگە بەراورد لەنێوان ویستی خاوەن ئەو شاکارانەو ئەو شتانەی کە هەوڵیان داوە تەتەڵەی بکەنو بیڵێن، بەڵام دەستیان یاخود زمانیان بەسەر دانەشکاوە، بەراوردێکی

ناهەق بێت، دیستۆڤیسکی قەت بەسەر زاریدا نەهاتووە بڵێت هەرچییەك نووسیومە باڵانومای دەروونمەو پڕ بەدڵی خۆمە، هەرواش شکسپیرو هۆمیرۆس‌ونالی‌و هەموو نووسەرە تواناداره‌کانی جیهان لە هەموو ئاستێکی نووسیندا هرمان درفل دەیگوت:

(گەرەکم بوو هەموو گڕکانەکانی فیزوف ببێتە قەڵەم‌و ئەوەی لە سینەمدایە بینووسمەوە). هینری میللر بەتەواوی دەرکی بەو هەڵەی گەردوونە کردبوو بەر لە چەندین ساڵ دەیزانی حاڵتێك لەنووسین هەیە بەم ناوە بەتەواوی نائومێدییەوە دەیگوت، ئەگەر نەگەیتە لۆرەنس، چونکە لۆرەنس هەر خۆی ڕێگایەك بوو بۆ ئەوەی لە تێگەیشتنی بگەیت، زۆر جاران دەچێتە دەرەوەی دەست‌و پەنجەو بیری خوێنەر، کۆکتۆ لەکتێبێکدا کە بەناوی-ئەفیون- بوو دەربارەی توانایی نووسینی ئاخڤی بوو:

سەبارەت بە ژیانی شاعیرێك ئاخۆ دەتوانرێ هەموو نهێنییەك ئاشکرا بکرێت؟، چونکە دیارە ژیانی شاعیر پڕ لە نهێنی‌ودرۆو ڕاستی‌و تێکەڵبوونە، جا چۆن داهێنانی ئەو شاعیرە لەشیعرێکدا بەهەرچی دەزوو دەرزی چنییە کۆدەبێتەوە،کە ڕۆمانی- بازی کەلاشووشەکان-دەخوێنیتەوە شك نابەی بۆچی دەچینە ناو داهێنانی (هیرمان هیسە)ەوە هەڵەی گەردوون نەبێ کە بەر چاوت روون

دەکاتەوە دەزانی داهێنانی مەزنت بۆ رسکاوەو لەهەمان کاتیشدا تا دیاری ئەم هەڵەی گەردوونە رێ لەسەرچاوەی داهێنانەکان دەشارێتەوە.

ئەمەشیان وای لە نووسەرێك کرد کە ناوی-تیمونی لیری- بوو پرسی ئایا (هیرمان هیسە) مژادی سڕکەری بەکارهێناوە بۆ گۆڕینی ئەقڵ؟ یاخود چ دەستو پەنجەو خامەیەکی ئەم شاکارەی ئەنجامداوە؟ پرسیارێکی بەجێیە! دەبێ وەڵام هەر نەخێر بێ، چونکە تاکە دەرمانی کە بەکار هێناوە ئازاری گیانییەتی تاکە سەرچاوەیەك کەهەبێ هەڵەی شیرینی گەردوونە سەبارەت بە نووسینو داهێنان هەڵەی گەردوونیش بۆ هەموو کەسێ نارەخسێ ئەنجامی ئارەقەو ماندووبوونو خۆ هیلاك کردنە.

زۆر جاران کە شاکارێ دەخوێنینەوە دەڵێین دەبێ مرۆڤ ئەمەی نووسیبێ؟ هەڵبەت هەر توانستی مرۆڤە، ئەلێرە هەڵەی گەردوون سەمای قەوقازیت بۆ دەکات کە بەدوای کەوی لەم حاڵەتەدا تێکەڵبوونی دەق لەگەڵ خوێندا لە رێی کەفوکوڵی نووسەرە نەك دەقێکی خاڵی لەو کەفوکوڵە، ئەگینا نووسەران دەبێ لەو هەڵەیەی گەردوون ببوورنو بەئاسانی دەستەمۆ نابێ.

(ئەمانەی تۆ دەینووسی فرە سادەن، بەڵام سێبەریان ئاڵۆزە)، ئەمەیان پەرژینداركردنی جەستەی دەقە بەچەند لقو گەڵایەکی

ئیستاتیکا، ئەو هەرماسەی کە دژی سروشتی خۆیەتی، لە جیاتی ئەوەی رمی ئارەزووەکانی لە هەناوی دەوروبەر تەڕ بکاتەوە، تیری خاوەن دەق دەخاتە نێو کەوانەی سەرشانیو بۆ خوێنەرانی دەگوازێتەوە، پێم وایە لە وەسف کردنی ئەم تارماییە موگناتیسیە، هەر بەم نموونەیە بڕی خۆم بشکێنم.

بابەتێکە تێکەڵاوییەکی هەیە دەگەڵ مەودای پانوبەرینی بونیاتی دەقەوە، جا چ لەبازنەی دەقێکی شیعریدا بێت، یاخود لەسەر باڵی جۆرێکی دیکەی کاری هزرا بێت، چونکە هەوڵوتەقەلایەکی بێ کۆتاییە بۆ رشتنی ئاهەنگی مانابەخشی وشە دەگەڵ بۆچوونیدا، یاخود بەیانکردنی پەلوپۆی کاریگەریتی بخوری وشە، لە نەزەر نووسەردا، سیمسیۆلۆژیا پارسەنگی مانا بەخشی نێو باستیلی وشەیە لە سنووری رستەدا، رستەش لە سنووری دەقدا، (وشە، رستە، بابەت، دەق).

وشە- ئاهەنگی مانا بەخشین

رستە- زەمینەی ئاهەنگی مانا بەخشین

بابەت- بونیاتی ئاهەنگی مانابەخشین

دەق- جەستەی کۆتایی

هەرواش دەلالەت بازییە لە رستەی نێو سەرجەمی بابەتو دەقدا بەشێوەیەکی دی دەق دوا ئەنجامی کڵپە ئامێزە، روونتر بڵێین لەرێگەی ئەم بابەتەوە راوی کارماسی دەلالەتی وشە دەکرێت تاك تاك واتە بەتایبەتی بەراوردکردنی سەرجەمی دەلالەت لە دەقی بەردەستدا، بەگشتی، هەڵبەت پەیوەستیشە بە زانستی ئیستاتیکای دەقویەکە یەکەی وشەکان، ئەلێرەوە دەوێرم بڵێم سیمۆلۆژیا کارگێڕی فەرمانبەرێتی ئیستاتیکایە لەنێو ئیمپڕاتۆریەتی پڕ لە نهێنیو پشکۆی دەقدا، جا ئاخۆ کامیان تەواوکەری ئەوی دیکەیانە ئەم بۆ ئیستاتیکایە یاخود ئیستاتیکا لە خزمەتی ئەو دایە؟ لەهەمان کاتدا وەکو ئەوە وایە کە هەورباران لە یەکدی جیابکەینەوە،یاخود ماسیوئاو بخەینە ئەزموونی دەریاوە:

ئێوارەییێك ئیستاتیکا
لەسەر ئەژنۆی مندا رۆنیشت
وەلێ بینیم تفتو تاڵە
(رامبۆ-دۆزەخ)

ئەم نموونەی سەرەوە دەرخەری قسەکانی پێشومەو فەرمۆڵی کیمیکی نێوان دەلالەتو ئیستاتیکایە، ئەوەی مەبەستە پەیوەست

دانی ئەم بابەتەیە دەگەڵ شیعرداو وەدەرخستنی هێندێ لایــەنی کــەم باسکراوە لەم رووەوە، ئەگەر تارادەیەك بۆ بابەتەکە بکەینەوە خۆی لــە قــەرەی ئــەم ســەرگوفتارانەش دەدات وەك ئاهــەنگ‌و ریــتم، ئامــاژەو فینۆمینۆلۆژیا،شێوە- مەبەستم چۆنییەتی هاتنە خــوارەوەی وشــەیە- سیســـتەمی تایبــەتی، سیســـتەمی گشـــتی، هــەروەها سیســـتەمی سیستەمبازی، پارسەنگ‌و بەرامبەرێتی دوو هێڵــی دیــاریکراوی نێــو رستەکان، ئەمانە هەمووی پێویستن بۆ سیمسۆلۆژیا، هەروەك گوتم لە مەودای پانوبەرینی بونیاتی دەقەوە ساغ دەبنەوە، مەبەستم نییە بچمە نێو ئەکادیمییەتی بابەتەکەوەو ئەو زاراوەیە روون بکەمەوە، چونکە من لایــەنی پراکتیکــی باســەکەم لامەبەســترە نــەك ئــەو زاراوە نــەفرەت ئەنگێزە، حەزیش دەکەم پەنابەرمەوە بەو مەملەکــەتی شــیعرو چــەند نموونەیەك بهێنمەوە، لەو بڕوایەدام پێناسەکردن بــەرووتی‌و باســکردنی بابەتێکی ئەکادیمی بەشێوەیەکی وشــك‌و بــرینگ‌و بــێ بایەخــدان بــە هێندێ لایەنی هونەری رستەسازی‌و بێ لەدەرگادانی زەینــی خوێنــەرو بێ دۆزینەوەی هۆیەکانی گەیاندن‌و پێگەیاندن تەقلیدییــەتی نووســەر دەگەیەنێ، بەتایبــەتی ئــەم بابەتــە کــە زێتر لەخزمــەتی داهێنــان‌و نوێبوونــەوە دایــەو ئەوانــەش کەلــە بــواری شــیعردا هەســت بــەم نوێبوونەوەیە دەکەن‌و عــەودالّی نــوژەنین ئــەرکی سەرشــانیانە ئەگــەر

راست دەکەن بکەونە بەربەرەکانی کردن لەگەڵ ئەو شتانەی کە رەتی دەکەنەوە، بامەبەستیان بە نووسین وەدەرخەن ئەگینا من پێم وایە بێ باسکردنو نووسینی بابەتی تازە ناگەنە هیچ ئەنجامێك، چونکە (پاڵەوانی تراژیدی ئەو پاڵەوانەیە کە بە گریانو ئازار چەشتن دڵنەوایی خۆی دەکات، هاوارکردنیش-نووسین- ئازار کەمدەکاتەوە، بەڵام هەناسەی شاردراوەو نهێنی ئامێز-گۆشەگیری لە نووسین-ئازارێکی بێز ئامێزو کرێتە) (کێر کیگجۆرد).

ئەگەر هەر لەزمانی خۆی سەیری ئەم وێنە شیعرییە بکەین ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە شەتڵە برنجێ- بۆ خوێنەر دەلالەتێکی سادەو ئاسایی هەیە، بەڵام کە شاعیر پەیوەستی دەدات بە گۆرانیو شەپۆڵ، دیارە هەوڵی جوانکاری دەداتو دەیەوێت، پارسەنگێکی بابەتی لە میانی ویژدانی خۆییودەلالەتی-مفردە-و ئیستاتیکا بخولقێنێ، کارێکی سەختە.

لە دوورەوە دیقەتی ئەم ژەنینەی شاعیر بدە، ئەگەر دەلالەتێکی سەرسام کەوت هەتا لە زمانەکەی خۆشی بۆ نەخولقا دیارە شاعیر لەدەلالەت بازیدا دەستە پاچەیە، دەبێ وابێ؟ سەیرم پێ دێ بۆ ئەو شەقامە گوڵ ناگرێ کە تۆی بەسەردا دەڕۆیت-کازانتزاکی- شاعیر لە دارشتنی شیعردا بایەخێکی زۆری بە-مفردە- دەداتو بۆ

دروستکردنی بابەتێکی ئەندازەیی بەهێز لەرووی بیناسازییەوە تـاوەکو ئـەو بونیاتــە بــە هاســانی نــەروخێ‌و جــوانێکی شــۆخ لەبەرچــاوی خوێنەرانی خۆی بنوێنێ، یاخود بۆیان بخولێقێنێ، هەڵبەت بۆ ئەم کارە هەر بەتەنها پێویستی بەوە نییــە کۆمــەڵێك-مفــرد- بئاخنێتــە نێــو مەملەکەتی خـۆی، توانـای ئـەوە هەیـە رۆحێکـی زینـدوو دەقەبـەڵ جوگرافیای وشە بنێ‌و تەقسێکی ئەوتۆی بداتێ کە جیابێ لـەوەی کـە هەیەتی، وشەش چواچێوەیەکە ئەگەر زۆری لێبکرێت لێـك دەبێتــەوە، کەواتە ئەرکی سەرشانی شـاعیر قورسـە بـۆ دروسـتکردنی دەقێکـی شیعری کە دەورپشت دیلی جوانی‌و داهێنانی کارەکەی خـۆی بکـات، چونکە دەسەڵاتی شـاعیر بەسـەر دەقـی بەردەسـتیدا دەسـەڵاتێکی — موتلەقە-و سنووری بۆ نییەو جیاوازی نوژەنی دەقی ئیمرۆکـە لەگـەڵ سەرجەمی دەقەکانی پێشوو لەوەدایـە کـە نووسـەر پابەنـدی گلـۆپی سووری وشە نییە یاخود پابەندی ئـەو وشەسـازییە نییـە کـە جـاران نووسەران پێیەوە نەتلانەوە.

مـــــانگی بـــەجێ مــــاو لەســــەفەری شــــەو
زەردە لەترســـــی قاســــپە قاســــپی کـــــەو

## (گۆران)

ئەگەر دیقەتی ئەم دوو دێڕە شیعرە بدەیت، کە بریتییە لە چەند وشەییێکی سادەو ساکار، کە ڕۆژانە مرۆڤ لەکاتی قسەکاندا زۆریان بەکاردێنێ، مانگ، زەردە، ترس، قاسپە، کەو، بەڵام ئایا کەسێ لەکاتی بەکارهێنانی ئەم وشانەوە وەك شاعیرە لەکاتی بەکارهێنانیاندا لە شیعرا، واتا بابەتێکی قسەکەر وەکو شاعیر هەمان ئەو دەلالەتە دەبەخشێ بەم وشانەوە، نەخێر، شاعیریش مرۆڤە، بەڵام خاوەن پەیوەستدان‌و شەتەك دانی مانایە، خاوەن بەهرەییێکی خولقێنەرە لە بەهەویرکردنی وشەدا بۆ دەبێ مانگ لەترسی قاسپە زەرد بووبێ لەکاتێ کە خۆی زەردە، ئایا مەبەستی شاعیر ڕەنگە، یا ڕەنگ لەلای شاعیر دەلالەتێکی دی دەبەخشێ، ئەگەر وردبینەوە تێدەگەین دەلالەتی وشە بۆ لێکدانەوەو خولقاندنی جیهانێکی دیکەیە لە بەر چاوو گوێی ئەوانی دیکەدا، سەیر کەن لێرە پرۆسەی پەرەسەندنی دەلالەتی وشە چۆن بەدیار دەکەوێ:

(بەزەردو سووری دونیا زەردەواڵەت لێ نـەگۆڕا بـێ
بەهەنگی تێ بگەی هـەر نییێشـە نۆشـێکی نییـە
زەنبـــــــــــــــــــــــــــور)

**(مەحوی)**

ئەو زەردەی گـۆران چـڕیویەتیو ئـەوەش کـە مـەحوی لەیەکەمـدا دەلالەت بۆ شتێ خولْقاوە کە لە ئەسڵی وشـەکە دەتـرازێ، بـەڵام هـی دووەم دەلالەتەکە تایبەت بەرەنگەکە خۆی:

زەرد -گۆران- دەلالەت لە رەوتی مانابەخشـی وشـە تـرازاوە، زەرد- مەحوی- دەلالەت لە رەوتی مانا بەخشی وشە سەقامگیرە.

هەرواش سەبارەت بەم دوو دێڕەی نالی،

(ئەم غەزالانە کە نەقشی تەن سپیو چاووخاڵو موسییان)

**(نالی)**

ئەلێرەدا دەبـی بڵـێین کـە شـاعیری تـازە دەبـێ لـەرووی دەلالـەت بەخشینی وشە ئاگادار بێتو لە قـاوغێکی جێمـاوی دوێنێـدا وچـان نەگرێ، بەڵکو دەبێ لەناخییەوە هـەزاران دەلالـەت لـە بـەکارهێنانی

وشەدا گینگل بدات‌و لەئاستی لێکدانەوەی خۆیا بێ، سەیری ئەم ڕێژنەیە بکە:

هێلێکی زەردی زەرد هەڵگەڕاو
هێلێکی سوور
هێلێکی پرتەقاڵی
دەتوانم بزاڤی بایەکی ناسازیان لێ دەست نیشان بکەم
(**ریتسوس**)

ئایا کەسێ هەیە دوای خوێندنەوەی ئەم چەند دێڕە بەتەنیا بیر لە ڕەنگ بکاتەوە وەك چەند -مفرد-ەیەك کە هەن، یاخود شاعیر تا چ ڕادەیەك توانیویەتی کۆمەڵێك بۆچوون لەلای خوێنەر دروست بکا، ئەگەر دیقەت بکەیت ئەمەت بۆ روون دەبێتەوە، کەواتە دروستکردنی یا خۆ هۆنی دەلالەت-مفردە- کاری شاعیرەو داهێنەر بێ دەتوانێ ئەم کەوانەیە بکاتەوەو بەرەو دونیایەکی خۆت ببات یا لانی کەم برینی خۆت پێ بناسێنێ، چونکە ئەگەر بەبێ ئەم دیقەتە بیریان لێ بکەینەوە، دوور دەکەوینەوە لە ئیستاتیکای برگەو-مفردە- ئەگینا هێڵی پورتەقاڵی‌و زریان، بەڵام دیارە شاعیر ویستویەتی دەلالەتێکی

ناخی خۆی لە پێستی ئەم وشانەوە بۆ خوێنەر بخولقێنێ، هەروەها سەبارەت بەم چەند دێڕەوە:

(شەوێکی زۆر تاریك
شا هەتا لە نێو جێ هەڵساوە
چوو بەسەر کورسیەی رونیشێ
ون بوو) (**بریڤر**).

بەمجۆرە لەلای من دەلالەت بەخشینی شاعیرە بۆ خوێنەر لە رێی ئەو وشانەی کە بە شێوەیێکی نا ئاگادار دێنە بەر دەستیو بەکاریاندەهێنێ،.. بۆ روونکردنەوەی دەلالەت وەك چەردەیەك چەمك دەڵێم گەلا جار رووبەرووی وشەیەك دەبێتەوە لە دەستەواژەیەکی پرس هاوێشتندا بۆت روون دەبێتەوە کە ئەم پرسیارە چ دەلالەتێك دە خولقێنێ بۆ نموونە لە گەرمەی سەقامگیری لە خەیاڵتی بەربلاودا، لە هەوەسی هەور برا، یا لە تێرامانی قووڵ، لە سروتێکی کپو کرا، یەکێ لە هێکەوە وا ئاگات دێنێو پێت دەڵێت تۆ هێشتاکە ئەوەندە بەعومر نیت کەچی هەردوولای ریشت بوونەتە بەفرو، خەمی ساڵانێکی قورسو بێئەنجام بەسەر روومەتتەوە ئاگرپژێنی ئەدگارت

دەکەن، وەکو ئەوەیە دەستی ئەنقەست لەو نهێنییە دابێ و کودێتای سروشت بێ؟

سەیری ئەم پەڕەگرافە بکەو ئینجا بابچینە نێو دەلالەتی پرسیارەکەوە وەك ئەوەیە سیمات دەلالەتێکی دیکەیە، بەڵام لە دووتوێ وشەکانەوە دەچێتە نێو پێستی ئەو دەلالەتەوە، بزانین ئەم پرسیارە دەلالەتی ئەم پرسیارە چ دەخولقێنێ.

یەکێ دەڵێ ...سالانی منداڵی من، منداڵی نەبووە، من منداڵێتی خۆمم نەدیوە، هەر کە لەدلیك بووم وەك ئەوە وایە کە بە گەورەیی لەدایك بووبم.

ئەو پتر دەڵێ: منداڵێتی تەقەزێکی نەهامەت بارە، دەڵێن فیل بەوە ناسراوە کە بوونەوەرێکی فرە (متامل)ە.

سێهەم دەڵێ :

من لە شوێنێکا منداڵی خۆم بەسەربردووە کە جوانییێکی ئەوتۆی تێدا نەبوو، خۆ ئەگەر ئەو ئەڵماسە شووشەبڕانەی ئەم چیاو دۆڵانە نەبوونایە ئەوە رەنگە شەوکوێرەکی هەتا هەتاییم لەگەڵ خۆمدا هەڵدەگرت ئەویدی دەڵێ:

شوێنەکەم ئاوابوو دەبێ منداڵێتی من لەناو ئەو جوگرافیە روحییەدا چۆن بێ

رەنگە ئەمە لایەنێکی شاراوەی بابەتەکەم بێ، بەڵام مەبەستم ئەوەیە بڵێم دەلالەتی پرسیارەکە چ بابەتێکی خوڵقاند هەریەکەو بەکام لایدا بردن، سەیرکە ئەو پرسیارە چ غەوغایەکی نایەوە، ئەمە لە دوو دێڕی شیعردا خەست بۆتەوە :

(تا نەگریا ئاسمانو تەم ولاتی دانەگرت
گوڵ چەمەن ئارا نەبوو هەم لێوی خونچە
وانەبوو)

**(نالی)**

دووباره بۆ خۆمی دەڵێم:

من لە منداڵییێتی خۆمدا کەلە دوورەوە سەیری ئەم دامێن‌و لووتکانەم دەکرد قەت هەستی شاعیریم نەبوو، بەڵام منداڵ بووم بەتەنها بە پاوانی دەشتەکاندا رادەبردم‌و گریانێکی قووڵ دایدەگرتم ئێستاکەش نازانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، من کە منداڵبووم هێشتاکە ئەوەندەم لەباردا نەبوو کە خولیای دیتنی شوێنێکی پڕ لە جوانی بخەمە قاڵبی لێکدانەوەم بۆ ئەوەندە بەسۆز دەگریام!؟ لەسۆنگەی چی‌بوو ئاوا ئاشقانە دەهاتمە رایێ؟

بۆیە دەڵێم مامەلەی دەلالەت دەگەڵ وشەورستە بکەن یا ئەوانەی دوای خۆتان پرسیارتان لێ نەکەن، چونکە پرسیارو وەڵامێکی سەختە نێوان دایك‌و کوڕان تێکدەدا، کەواتە با شاعیر،

(کێڵگەی غوربەتی خۆی بچێنێ)

- اسحاق - الاساطیر)

کەس ئەوەندەی دایکم شارەزای بونیاتی من نییە، دایکم لە ئاستی دەلالەتی مندا بێدەنگییە وەك من، بەڵام هاوارکردنە وەك خۆی، پارسەنگێکی ناکۆکە، ئەمەیان ئەزموونی زیندەگیمەو حوکمی ئەزەلییەتی من دەکا لەو مەودا تەسکەی ژیانمدا ئەزەلییەتی من زۆر بێ رەحمە ئاڵەکۆکێکی لەبەر کردووە و بەدوای فرمێسکمدا دەگەڕێ،

دلۆپـەی فرمێسـکی کەنـەدە ئـەنگلۆزیو نـە لـە چـاوم بـەردەبێ ئەگزیستانسالیزمی تازەیە، پارسەنگی ئەنتۆلۆژی مـن دەکـا، خۆتـان بشارنەوە ئەی ئەوانەی شـارەزای دەقـی نووسـین نـین!! دەق رووبارێکـە سەرچـاوەیەکی چـکۆلانەی هەیـە، زۆر جـار لـە مـەودای قسـەیەکی مانابەخشو دەلالەتدارو درەخشدا هەنگاو دەنێو ئەو کەونـە لـەباوەش دەگرێ:

(کە بەداری بادەمم گوت: خوشکێ باسی خوام بـۆ بکـە دار بـادەم گوڵی گرت) (**کازانتزاکی**).

سەیرکە پێوانەیەکی چۆنە؟ ئاوێکی مەندە ئەگەر بتەوێ خۆتی تـێ بهـاوێیو بپەڕیتـەوە ئـەتگرێو ئەگـەر چـرای دەسـتت شـل بکـەی ئـەتخنکێنێ، کەوانـە بڕیارێـك مـژاد ئاسـای خـاوەن کیانـە، دەسـت نیشـانکەری تازەگـەریو ئەزموندارییـە، گیانیشـی پەیوەسـتە بـە دەلالەتەکانی خۆیەوە.

دەق= دەلالەتی تاکی وشەو تێکڕای رستەکان

جا پەرەسەندنی دەلالەتەکان لە چوارچێوەی دەقـدا یـانی دەقێکـی زیندوو، بێ ئەم فەرمۆلە دەقی زیندوو نابێ، ئـەگینا تێرمـی (دەقـی

مردووە) بوو نییە، یازیندوو بەو وەسفەی سەرەوە یاخود بوونی نییە، چونکە ناتوانین ناو لە مردوو بنێین واتە،

مردوو= مردوو

دەق= زیندوو

کەواتە تازەگەریو نوژەنی دەستو پەنجەی هەن وەك مژاد، بەلام بێ ئەنتۆلۆژی لەبزاڤدا، واتە لە جوولەو کرداردا، بزاڤێکی سابتیان هەیە، کە دەلێم بێ بوونن واتە بێ مەوداو دەست نیشانکردنن وەك دەق، بەلام لەخانەی خوێنەردا پڕ لە جوولەو بزاڤە، من لەمەدا سەیرێك دەبینم کە نوژەنی تەنها لە چەند داهێناتێکی شیعری دابێ، نوژەنی کۆمەلێك مەودان، هەر یەکەو تەنافی تایبەتی خۆی هەیە، دەبێ بەناچاریو بۆ ئەوەی بکەوینە قالبی مرۆڤێکی-تازەگەر- لەو دەستو پەنجانەدا بیانئالێنیو لەگەل خۆتا پشیلە ئاسا بیانگۆزیتەوە ئەگینا گەلێ شتت لەبیر کردووە ئازیز، چونکە سروتی نوژەنی سروتێکی والاو بێ دەلالەت نییە.

<u>سەرچاوە:</u>


- دیکارت والعقلانیة، جفیاف رودیس، ترجمة، عبد الحلو
- کانت، شولتز ترجمة، د. اسعد رزوق

**کاتی خۆی ئەم بابەتەم بە سێ ئەلقە بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بەچاکم زانی دوای دەسکاریکردنێکی زۆر یەکپارچە دووبارە بڵاوی بکەمەوە.**

جیهانبینی مرؤظی تراذیك

## سۆفیگەرێتی وەك نموونە

**(١)**

**کارکردن لەناو بونیادی رۆشنبیری، کارکردنێکی ئارکیولۆژیە لەناو بەنیادی هزرو زەینو تێڕاماندا، کەهەر ئەو سێ چەمکە لەنێو قوولایی دیوارەکانی سەردا دەژینو پێکهاتەیەکی مەتریالیان نییە، هەرگیز ناخرێنە ژێر کۆنترۆڵی ئیرادەوە، بۆیەکارکردن لە نێو بونیادی رۆشنبیری هەمیشە کارێکی ئەستەمو دژوارەو پێویستی بە کۆمەڵێك راستی هەیە کە دەبێ مرۆڤ بەر لەوەی دەروازەی باسێك بکاتەوە پەیان پێببات.**

**(٢)**

**لەبەرایی هەمواندا خوێندنەوەیەکی قووڵو بڕشتئامێزو دیقەتداری هەبێ بۆ سەرجەم بابەتەکانی داهێنانو کەرستەکانی گواستنەوەی چەمکەکان بۆ ناو هزرو زەینو تێڕامان، خوێندنەوە پرۆسەیەکی زانیاری بناغەیی رۆشنبیرییەو دەستوری دژواری خۆی هەیە، خوێندنەوە وەك ئەوەی من باسی لێدەکەم بریتی نییە لە کردنەوەی**

کتێبو بەس، بەڵکو بریتییە لەوەرگرتنو گەمەی واتاکان، پەیبردن بە هەزمکردنی چەمکەکان، ئاشکراکردن، بێ ئەو هاوکێشەیە خوێندنەوە دەبێتە رەوتی ناو پۆلە سەرەتاییەکان، لەم رووەوە سەیری خوێندنەوەکانی ئەدۆنیس بۆ کەلتووری ئەدەبیو شیعری عەرەب (الثابت والمتحول)و خوێندنەوەی (ئیدوارد سەعید) بۆکاری رۆژهەڵاتناسیو خوێندنەوەی (صادق جلال العظم) بۆ کەلتووری ئایینیو خوێندنەوەی (ت. س. الیوت) بۆ رەخنەی میتافیزیکیو دەیان نموونەی دیکە.

(٣)

هەڵبەت بێ ئەو خوێندنەوە سەراپاگیرە ناتوانین تێگەیشتنمان هەبێ بۆ هیچ کارێکی داهێنانو زانیاریەکی تایبەتی کە بریتییە دروستکردنەوەی دونیاو هەڵوەشاندنەوەی بنەما سەلەفیەکانی لێکدانەوە، کە مەبەستم بەربەستەکانی هزرو زانیارییە وەك مۆرانە لەناو ئەقڵی داهێناندا کاردەکەن، تێگەیشتنەکان بەو مانایەی کە من باسی دەکەم بریتییە لەگەیشتنو لەبەر یەك هەڵوەشاندنەوەی رستەو واتاکانی ئەودیوی رستەو ئەنجامگیریو بەرهەمهێنانو رامانگیری بۆ نموونە بگەڕێوە سەر تێگەیشتنی (مارتن هایدگر) بۆ (نیتشە) لە

گەڕانــەوەی ئەبــەدی بــۆ خــود ، تێگەیشــتنی ســوریالیزمەکان لــە ماهییەتی شیعرو نزیك کەوتنەوە لــە خــەونی سۆفیســتەکانو گــەلێ نموونەی دیکە.

(٤)

دوای هــەر خوێندنەوەیــەكو دروســتبوونی پڕۆسیســی تێگەیشــتن کۆمەڵێك چەمكو دژە چەمكو بیروبۆچــوون دێتــە کایــەوە کــە دەبنــە بونیادی جوولەی ئەو کەسەی کە لەناو فەزای یاخود پانتایی رۆشنبیری کاردەکات، دوای بەهێزکردنو مشتومالکردنیان رەوتێك لەبیرکردنــەوە لەلایدا دروست دەبــێو بــەپێی ســەرهەلگەڕانی زەمــەنو زێــدەبوونی ئەزموون، هەمان ئەو رەوتە لە بیرکردنەوە پەرەدەسێنێو مــرۆڤ دەکاتــە خــاوەنی جۆرێــك بینینــی جیــاوازو لــە کۆتاییشــدا دروســتبوونی جیهانبینییــەك بــۆ ئــەو مرۆڤــە کــە خــۆی لــە هــەموو بوارەکانــدا دەبینێتەوە ، ئەو بوارە زانستییانەی کە ئەستەمە بۆ کەسانێك بتــوانن لەناو کایەکانی کار بکەن ئەگەر ســەرجەمی پڕۆسێســی خوێندنــەوەو تێگەیشتنو جیهانبینییان مسۆگەر نــەکردبێت، بــۆ نموونــەجیهانبینی (ماویەت لە چین) و جیهانبینی زەردەشــتییەتو بوزییــەتو ســەرجەم جیهــانبینی سۆفیســتەکانی وەك حــەللاج و ســەهرەوەردیو محیالــدین

العربی‌و بایەزیدی بۆستامی‌و وجودییەکانی وەك سۆرین کیرك گـاردوو کامۆو سارتەر من لێرەدا بەکوورتی باس لە جیهانبینی سۆفیستەکان دەکەم کە هەر هەموو ئەوانە لـەناو ئەلقەیـەکی کارەسـاتبارو دژواردا رەوتی بیرکردنەوەی خۆیان پەرەپێـداو بـوون بـە مرۆڤـی تراژیـك، کـە خەسڵەتی دیاری مرۆڤی رۆشنیرە.

(٥)

هەموو منێکـی رۆشـنبیر لەبنەڕەتـدا مرۆڤێکـی تراژیکـە یـاخود منێکی کارەساتبارە، جیایە لـە دەورووبـەر جـۆری بیرکردنـەوەی وەك‌و بیرکردنەوەی دەوروبەر نییە، شـتەکان بـە شـێوەیەکی دیکـە دەبینـێ، هەندێ جار دەبێتـە مایـەی پێکـەنینی ئـەوانی دیکـە کـە وەك ئـەو شتەکان نابینن، هـەر بۆیـەش هـەموو منێکـی رۆشـنبیر مرۆڤێکـی تراژیکە واتە دیـدگای ئـەو منـە دیدگایەکـە لـە پانتـایی قـودرەتی دروستکردنی وێنەیەك یاخود وێنەکردنی بویەرێکە!! بۆخۆی ئەوپـەڕی ئازادو مەشەقەتهێنە، بەڵام بۆ وەرگر ئیستاتیکاو لەزەتـە، بـۆ نموونـە دیقەت بکە لە کوشـتنی کریسـتۆفەر مـارلۆ وەك هونـەر نووسـێکی گەورەی شانۆ، یـا سـەیری مرۆڤێکـی تراژیکـی وەك (سـەهرەوەردی‌و حەللاج)بکە لەکارەساتی کوشتنیاندا ئاواش لەگەڵێ بواری دیکە هەر

بۆیەش‌و لەسۆنگەی بوونێکی تراژیدی مرۆڤدا (نیتشە) رادەکات‌و دەڵێت:

(تۆ نیشتمانمی ئەی گۆشەگیری، ماوەیەکی دوورودرێژ بوو لەزێدی کێوییەکاندا غەریب بووم ها ئەوە من دەگەڕێمەوە لای تۆ ئەی نیشتمان، چاوانیشم فرمێسک هەڵدەڕێژن).

یاخود کاتێك ئەمریکییەکان زەوی سوور پێستەکانیان خستە ژێر دەستی خۆیان‌وریٚ‌و رەچەڵەکیان بڕاندنەوە سەرۆك هۆزەکەیان بۆ فرانکلینی بیێرسی سەرۆکی ئەمریکای نووسیبوو (ئەو ئاوەی هەڵدەکشێتە گیانی درەختەکان یادگاری سوور پێستەکانە، کەڵە کێوی‌وئەسپ‌و بازە گەورەکان برای ئێمەن، گوڵە بۆندارەکان خوشکی ئێمەن).

یاخود کاتێك خەیامی گەورە سۆفیستی شەلاڵ بەعیشق‌و عارفانە دەڵێت:

ئەی موفتی شار ئێمە لە تۆ پڕ کارترین
لەگەڵ ئەو هەموو مەستییە لە تۆ هۆشیارترین
تۆ خوێنی خەڵکان دەخۆی، ئێمە خوێنی رەزان
ویژدانت بێ کامەمان خوێنخۆرترین

(٦)

بـۆ دابەزینــە نێــو باســێكی وەك جیهــانبینی سۆفیســتەكان،دەبێ جیاوازی بكەین لەمیانی بیرۆكـەی رۆحیانـەت‌و رەوشــتی رۆحیانــەت، چونكە یەكەمیان لە پاشینەیەكی زەینی غەیبانیەتــەوە هەڵــدەقوڵێ‌و دژی فیزیك دەوەستێت، رەتكردنەوەی هۆبەندی دەكـاو هــەموو شــتێك دەداتــە دەســت قــەزاو قــەدەرەوە، بــەڵام رەوشــتی رۆحــانی رەوشــتی سۆفیستەكانە كە خودانی بەهای رێك‌وئایدیای بــەرزو وێڵیــە بــەدوای زانییاری‌و هەر بۆیەش سۆفیگەریەتی ئەگەر لــەنێو فینۆمینۆلۆژیــای ئاینگەراییدا دەربكێشین‌و وەك ستایل‌و ژانرێكی شیعریەت مامەڵــەی لەگەڵدا بكەین، ئــەوا لایــەنی ئیســتاتیكی زۆر پــڕ بــەهای لێدێتــە كایەوەو جیهانبینینێكی فرە پڕ تێڕامان‌و كرێشمە سازی تیــادا بــەدی دەكــەین، خــۆ ئەگــەر بەرهەمــە فەلســەفی‌و ئەدەبی‌وزانیارییــەكانی (بایەزیدی‌و بوستامی‌و مەحوی‌و محی‌الدین العربی‌و نیڤەری‌و حەللاج‌و سەهرەوەردی) یاخود (رابیعەی عەدەوی) بخەینە بەر دیدو لێكۆڵینــەوە ئەوسا بۆمان بەدیار دەكەوێت كە شیعریەتی دەق چۆن دەتوانێ گــۆڕان لە نێو زەینی وەرگر یان خوێنەر بخوڵقێنێ.

ســۆفیگەریەتی لــە توخــوبێكی ناســكی خۆیــدا لەگــەڵ ئاســۆی ئەگزیستانسیالیزمدا وێك دەكەون‌و لەئاوی یەكتری دەخۆنەوە، هــەمان

ئەو دوو پێڕەوە لە یەك شتدا یەكتری دەگرنەوە، ئەویش وەلادانی هەموو خواستو مەرامێكە لە پێناوی ساغكردنەوەی راستییەك كە ئەویش گەڕانە بەدوای رەهایی، كە سۆفیستەكان نایانەوێ لە دەرەوەی ئەو رەهاییە بژین بەڵكو گەرەكیانە لەنێو كرۆكی ئەو رەهاییەدا بتوێنەوەو ئاوێتەیەكی خواوەندی وەدەسبهێنن‌و لەنێو نورانبیەتی خوادا بتوێنەوە،سەر زەمین والآكەن‌و هەموو بەرەو ئەو ئاسمانە بچن كە پێیان وایە هەموو خواستوئاواتو مەرامێك لەوێدا بەرجەستەدەبێ‌و وێنەكان شێوە دەگرنە خۆ.

(٧)

(بایەزیدی بوستامی)[١] كاتێك لە خەڵوەتی خۆیدا مەستیبوون لەناو كرێشمەی ئەو فەزایەدا ئاگاهی لێدەخواردو چەندین سەعاتوسەعاتی دەخایاند وەك دەیان گوت لەحاڵەتی فڕیندایە لەگەڵ (ئیزەدی منان)دا یەكتریان دەگرتەوە، كە پێیان گووت گوایە تۆ لەسەر ئاو دەڕۆی‌و لەهەوادا دەفڕیت، بۆكاتی نوێژ دەگەی بە مەككەو دەگەڕێیتەوە وەڵام دەداتەوە كە باوەڕداری رەسەن ئەوەیە كە مەككە لە دەوری ئەو بسوڕێ‌و بگەڕێتەوە، بۆیە گومان دەبێتە بەشێك لەو حەقیقەتەی كە لە ئەزەلەوە سەرچاوەكەی رەهاییە، نوورێكە هەمیشە

له هەڵچووندایە، هەندێك جار شێوازی مەلێك دەگرێتە خۆ یان دیواری خەون یان گومڕایەکی ڕەهەندو یاخود دوکەڵێکی سپی یا موسافیرێکی هەمیشەیی ئەمەیان ڕەهایی لێکدانەوەی ئەوە دەڵێت فەنای موتڵەق لەم سەر زەمینەدا نایەتە کایەوە مادامەکێ بەندە بەنەفس، واتە مادامەکی هەر کەسەو نەفسی خۆی لەگەڵدایە یا لاهوت‌و ناسوت لە مرۆڤدا هەیە چونکە یەکبوون بە روحەو بە جەستە نییە بمجۆرە بوستامی بناغەی یەکگرتن‌و تێکەڵبوون‌و فەنای دانا لە نێو زاتی ڕەهادا ئەوەشیان لە ڕێگەی هاوکێشەیەکی سەخت کە مرۆڤی تێدا دەبێت بە ڕەهاو ڕەهاش دەبێتە مرۆڤ بەم جۆرە:

(هذا فرحي بك وانا اخافك، فكيف فرحي بك اذا امنتك)

(عرفت الله بالله وعرفت ما دون الله بنور الله عزوجل)

هەموو خەمباری بوستامی وەك عارفێك لەوەدا بوو کە تێڕامانی بۆ دەکردو ئەو دەیگوت خەمی زاهیر بۆ خواردنە بەڵام هی عارف بۆ تێڕامانە.

(العارف همه ما یامله والزاهد هم ما یاکله)

جارێکیان لە بایەزیدی بوستامی دەپرسن کە ئاخۆ سپێدەی چۆن کردۆتەوە لە وەڵامدا دەڵێ نە سپێدەو نە ئێواران: سپێدەو ئێوارە بۆ ئەو کەسەیە کە سیفەت وەردەگرێ، ڕەهایی منیش کە هیچ سیفەتێکم

نییە، سیفاتی عارف ئەوەیە کە سیفەتی حەقی تێدابێو ڕەگەزی خوداوەندی پێدا بڕوا: من نەمویست ڕەها بەدی بکەم وەلێ ڕەهایی ویستی من بەدییکات.

(٨)

محێدینی عەرەبی(٢) تەونی ڕەهایی لە زوهدێکی بێ پایاندا دەبینی هەرواش لە کوشتنی ئەو-نفس-دا لە دایکبوونی ئەم ڕەهاییە رادەگەیەنێو لە سروتێکی ئەفسانە ئامێزدا ڕەهایی دەکا بە قەقنەس کە لە کوشتنو سووتانی خۆیدا لە دایك دەبێتەوە، ئەو کاتەش نەفس وەك کۆترێك لە شەققەی باڵ دەداو بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ، لەگەڵ لێکدانی باڵەکانیدا نووری خوداوەندی پەخش دەکاتە فەزاو نێوانی زەمینو ئاسمان پڕ دەکا لەو نوورە ئەوسا لەگەڵ ئەو ڕەهاییە تێکەڵ دەبێ، ئەو پێی وایە (بوون بە هەق بەهۆی خەڵقەوەیەو خەڵقیش بەهۆی هەقەوەیە) واتە هیچ جوداوازیو لێکترازانێك لە میانیدا نییە، لە مەزهەبی ئەو شێخەدا هیچ وجودێ نییە کە ئەو دژی نەبێ چونکە بوون گشتگیرەو سنووردار نییە هەر بۆیە دەڵێت:

فلولاه ولولانا لما كان الذي كانا

فســــــار الأمـــــــر        بايـــــــاه وايانـــــــــا
مقســـــــــــــوما

(سەهرەوەردی) هەمان ئەو رەهاییە لە جیلوەدا دەبینــێ، جیلوەیــەك کە هەموو کەس پەی پێنابات لە هەورە تریشقە دەچێت کە لــە کــاتی تەقینەوەدا هەموو ئەو زەمینە ئاوەدان دەکاتەوە، دڵان تەژی لە عیشقو پەرستن دەکات، ئەو دەمی بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ ئەو رەهاییــەدا دەبــێ بە جۆرێك لەبوورانەوەی خەڵوەتــدا بێــت کــە نێوانــت لەگــەڵ بــوونی ماتریالیدا نەمابێتو لەهەموو چڵکێکی ئەو سەر زەمینەدا دابڕابێت، ئەوسا لەگەڵ ئەو رەهاییەدا کە لە شێوەی جیلۆەدایە دەبــێ بــە یــەکو دونیای نوورانی رەهایی لە (کل)دا بەرجەستە دەبێ.. (محێدین العربی) پێی وابــوو مــرۆڤ لــە خۆشەویســتیو عیشــق دەگاتــە ئــەو رەهاییــە، شەوقێکە لەمیانی تەجریدی سۆفیگەرێتیو بەرجەستەکردنی شــیعری لە پانتایی یەکێتی ئایینەکانو باوەڕکردن بە ململانێی ئایینیو زێــتر لە زەوقی سۆفییەکانەوە نزیکە.

**اني ادين بدين الحب انى توجهت**
**ركائبة، فالحب ديني وايماني**

سۆفیگەرێتی سەهرەوەردی لە گۆڕاندا بوو، زۆر جاران لەمیانی رەهایی وەك مەبەستو غوربەتو وەك عیشق شوێنی خۆیان دەگۆڕییەوە بۆ نموونە سەیری ئەو شیعرەی بکە کە بەناوی لە نزیك مەزاردا:

**اقول لجارتي والدمع جاري — ولي عزم الرحيل عن الديار**
**واني رايت في الظلام ضوءا — كان الليل زين بالنهار**
**وياتيني في الصنعاء برق — يذكرني بها تراب المزار**

**(٩)**

(محەمەدی کوڕی عەبدولجەبار) [٣] کە بە (النفری) ناودارە، لە گەڕان بەدوای دەسگیرکردنی رەهاییدا پشتی بە مەنەلۆژی ناوەوەو بەیەکەوە نووساندنی دەستەواژەکان، دەبەستاو لە قولاییەوە تروسکەکانی خۆی دەهاویشت، لە ئاگاهییەوە بەرەو مەستیو

لەبیرکردنی دەوروبەر کە هەرگیز بەخۆ نەدەهاتەوە تـەنیا ئـەو کاتـەی دەستەواژەکان لە سوورِان دەکەوتن‌و لێکدەترازان، بۆیەش خوێندنـەوەی نیفەری لە درەنگە شـەوان زیـاتر تێکـەڵبوونی رۆح دروسـت دەکـات لەوەی کە بە رۆژ بخوێندرێتەوە، نیفـەری هـەرگیز بـەرۆژ شـتێکی بـۆ خوێنەر نەدەدرکاند، چونکە پێـی وابـوو لـە رۆژدا خوێنـەر داخـراوەو نابێتەوە، نیفەری دەڵێـت (کـاتی ئـەوە هـاتووە روخسـارم وەدەرخـەم‌و تەسبیحەکانم بخەمە روو نووری من تێکەڵی فەناو ئەودیوی فەنا بـێ، ئەوسا ئەولیائەکانم فەرمانرِەوایی دەکەن، ئاگر دەپرژێنن، ئیدی من لە نزیك وەدەرکەوتنمدا دەردەکەوم، ئەستێرەکان بـە دەورمـدا کۆدەبنـەوە، مـانگ‌و خۆر بەیەکەوە کۆدەکەمەوەو دەچمە هەموو ماڵێکەوە).

نیفەری لە قووڵایی بیرکردنەوەی خۆیدا سـەبارەت بـە کـەونێکی وا بەرین‌و ئەو هەموو لێکدانەوەو دیدگایە گەیشتە ئەو قەناعەتەی کـە هەر چەند دیدو بۆچوون فراوان بێت دەسـتەواژەکان تـەنگ دەبنـەوەو شوێنی واتایان تێدا نابێتەوە (كلما اتسعت الرؤية ضاقت العبارة).

(١٠)

(حـەللاج) [٥] بـۆ رەهـاییبوون‌و گەیشـتن بـەرەهایی بـاوەری بـە نێوەندکاری‌و تێکەڵبوون نەبوو، چونکە بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ رەهـایی

خوداوەندی یەکێتی بوون بوو بە پارسەنگی بابەتی ئەو پێی وابوو بەشەرییەت بەندە بەو رەهاییەو بوونیشی جیلوەی هەقی تیا دەردەکەوێ، هەروەها بەشەرییەت لەو رەهاییە جیاواز ترازاوە کە لە بنەرەتدا یەك جەوهەر بووە ئەویش رەهایی یەکێتییە..فەلسەفەی حەللاج لە گواسیندا ناخزێتە ژێر باری لۆژیك‌و دەستوور لە سوورەتی ئەرستەویدا، حەللاج دەڵێت:

یاسر سر یدق حتی یجل عن وصف کل حي
وظاهرا باطنا تبدی في کل شيء بکل شيء
یا جملة کل لست غیري فما اعتذاري اذن الي

یەکێتی بوون بریتییە لە راگرتنی روانین لە نێو بوونی (واجب الوجود)دا واتە ئەو مەوجودە هەقە بریتییە لە واجب الوجودو هەموو بوونەوەرەکانی دیکە سێبەرێکی لاوازو زەیفو وەهمە، شایانی ئەوە نییە ناوی بوونی لێبنێین لەبەر بەرییە! هەر بۆیەش لەم شیعرەدا (رۆح مەخلوقێك نییە بەڵکو هەقیقەتێکە لە دونیای نەمرو سیفەتی ئیرادەو پێی وایە یەکێتیبوون بالاترین مەرتەبەیەو ئاوێنە تەنیا خۆرە هەتاوی تیایە).

(نیکۆس کازانتزاکی) له کتێبه‌که‌یدا به‌ناوی (التصوف)دا ده‌ڵێت له‌چاڵێکی تاریکه‌وه دێین‌وله چاڵێکی تاریکی دیکه‌شه‌وه کۆتاییمان دێت مه‌ودای نێوان ئه‌و دوو چاڵه پێی ده‌ڵێن (ژیان) هه‌ر له‌و ساته‌ی که له‌دایك ده‌بین سه‌فه‌ری گه‌ڕانه‌وه ده‌ستپێده‌كات، ده‌ستپێکردن‌و گه‌ڕانه‌وه له‌یه‌ك کاتدایه، بۆیه ئامانجی ژیان مردنه، هه‌ر کات له‌دایك ده‌بین هه‌وڵده‌ده‌ین خه‌ڵق بکه‌ین‌و شت دابهێنین، هه‌موو ساتێك له‌دایك ده‌بین بۆیه زۆر ئاماده‌ین که بڵێین ئامانجی ژیانی دونیا نه‌مرییه، له‌جه‌سته‌ی زیندووی فانیدا هه‌ر دوو ته‌وژم له ململانێدان یه‌کیان سه‌رده‌که‌وێ به‌ره‌و ژیان‌ونه‌مری ئه‌وه‌ی تریان داده‌به‌زێ به‌ره‌و له‌به‌ریه‌کهه‌ڵوه‌شانه‌وه، به‌ره‌و ماتریال به‌ره‌و مه‌رگ تا له کۆتایی ئه‌و په‌ره‌گرافه‌دا ده‌ڵێت (که‌واته ئه‌رکی سه‌رشانمانه که ده‌رك به خه‌ون بکه‌ین، ئه‌و خه‌ونه‌ی ده‌توانێ ئه‌و دوو هه‌ڵچوونه گه‌وره‌یه بگرێته خۆ، فه‌وزه‌وییه‌کان‌و بێکۆتاییه‌کان‌و شێلگیریان هه‌ر به‌و خه‌ونه‌ش فیکرو سلوکمان ڕێکبخه‌ین).

هه‌ر له‌م رووه‌وه حه‌للاج ده‌ڵێت:

انــت بــين الشــغاف والقلــب تجـري
مثل جـري الـدموع مــن اجفـاني

يەکەمین کەسێ کە باس لە ئەڤینی خوداوەندی دەکات، کە بریتـی بوو لە عیشقو خۆشەویستیو سووتان (رابیعـەی عەدەویـە) بـوو کـە لەپێناوی پاکیزەکی عیشقدا ئەڤینی دەکرد، لەم رێیەشدا هـەر چـەند جارێ کە ویستوویەتی سـووتانێ بـەرپابووەو ئـەویش رووی خـۆی بـۆ خۆشەویستی کردۆتەوە تا بیبینێ کاتێکیش ئەویش روخساری بۆ ئـەو دەردەخاتو رایدەکێشێتە لای خۆیو نووری ئامادەگی دەیفڕێنـێ وەلـێ لێی ون دەبێو لە ئارادا نامێنێ، هێندە لەو سـوتانە دەگـا بـە خـودا ئەوپەڕی بۆیە دەڵێت:

(خودایە ئەو دڵانە بسووتێنی کە تۆیان خۆشدەوێ)

هەڵبەت ئەو لە ئاگر نەدەترسا بەڵکو ئـەوە ئـاگری عیشـقی دڵـی بوو...ئەو دڵەی کە بە ئەڤین سووتابوو...گوتاری رابیعە بـۆ رەهـایی بوو....بۆچوونە ناو نووری ئەبەدی بوو با سەیری ئەو نموونەیە بکەین:

احبــك حــبين، حــب الهــوى
وحبــا لأنــك اهــل لــذاكا

واما الــذي وحــب الهــوى
فشــغلي بــذكرك عمــن ســواكا
واما الــذي انــت اهــل لــه
فكشفك لي الحجب حتــى اراكــا
فمــا الفضــل في ذا وذاك لــي
ولكــن لــك الفضــل في ذا وذاك

(١١)

پرسی سۆفیگەرێتی لە نێو کوردان بریتی بــووە لــە تێکــەڵکردنی بڕواو تینــی ئــایین لەگــەڵ بــیرو بۆچــوونی کــەونیو بیرکردنــەوە، لــە خەڵقبوون، بەڵام ئەو لایەنەی کەتوانیویەتی عیشق تێکەڵبوونو حاڵو مەقام دروست بکەنوببێتە هەرێمی جەزبــەی ســۆفیگەرێتی، لایــەنی عەودالّی یان دێوانەیی یان رەندی سۆفیگەرانەیە، هــەر لــە ســۆنگەی ئەوەی کەدان بە حوکمی جوگرافیای ژیانیان گۆشەگیر بووینە، دەستیان نەگەیشتۆتە هەموو ئەو سەرچاوانەی کــە پرتــەوی ئــەم جەزبــەیان لا دەســت دەکــەوێت، بۆیــە ئەگــەر ســەرنج بــدەین هەنــدێ نموونــەی سۆفیگەرێتی لەنێو کورداندا هەیە زۆر تایبەتە بــە خۆیــان لــە رووی موفرەدەو تیرمۆنۆلۆگیو شتی دیکە، وەك دەڵێن هــەمان کــەلتورێکی

ئاوا تا سەدەی حەڤدەهەم شەفەهی بووە بەلاّم (ئەحمەدی خانی) بە تۆماركردنی ئەڤیننامەی (مەمو زین) هەولێكی داو تارادەیەك زمانێكی یەكگرتووی خستە ئاراوە، بە خەیالّی بەتینو تاوی سۆفیگەرانەی، هەر بۆیە لەناو خودی مەمو زیندا بە دەیان نموونەی وا هەیە كە شەوقی سۆفیگەریێتی تێدا تێكەلّ بە عەشقی رەهایی دەبێتو مرۆڤ دەخاتە ئەوپەڕی جەزبەوە، ئەحمەدی خانی هەندێ جار سنووری لەمیانی مرۆڤ بە هەموو جۆرو بیروباوەڕو رەفتار نەدەهێشتو لەیەك مەقامدا حسێبی دەكردن، سەبارەت بەرەهاو جیاوازی دەكردن هەر بۆیەش لە دوو دێڕدا بەم مانایەوە دەلّێت:

(مەخلووقان هەمووی، یەكەمو كۆتایی باوەڕدارو بێ باوەڕ، هەر هەموویان بوونەتە مەزهەری گەورەبیی تۆو خوداوەندێتی تۆ هەر لە رووی یەكێتی بووندا ئەو مانایە دەلّێت: تۆ ناتوانی حەیزێك لەشوێندا وەدەستبهێنی...بەلاّم لەنێو گیانی مەخلوقاتەكانتدا نیشتەجێ دەبێت)

هەر وەك زۆربەی شاعیرانی كلاسیك ئەحمەدی خانیش لەرووی كاریگەریێتییەوە دەچێتەوە سەر شاعیرانی فارس بە تایبەت (فەریدەدینی عەتتارو حافزی شیرازی).

زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کورد لـە نێـو چوارچـێوەی بـاوەڕێکی بـەتینی ئایینیـەوە بـەرەو نـووری سـۆفیگەرێتی هەڵچـوونە، راسـتە لێکترازانی سۆفیگەرێتی لەگـەڵ خـودی ئـایین ئەسـتەمە، بـەڵام لـە وردبوونەوە لە زۆر دەقی سۆفیگەرێنی راستی دەدۆزینەوە سەبارەت بـەو لێکترازانە...کلاسیکەکانی کورد وەك (جەزیریو مەحوی) یاخود نالی لە رێگەی ئەڤینی مرۆڤەوە چوونەتە ناو ئـەڤینی خواوەنـدی، سـۆفی گەورە حەللاج پایەیەکی گەورەی لە نێو ئەدەبیاتی کلاسـیکی کـوردی سۆفیگەرانەدا هەیە، نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کـە (صـافی هیرانـی، موخلیصو مەلا خدری دەشتیو زۆرانی دیکە) نموونەی یەکجار جوانی سۆفیگەرێتییان لەنێو دەقەکانیاندا هەیە، کە شایانی لێکۆڵینـەوەن، سۆفیستەکانی کورد مرۆڤی کارەساتبارو سەرکێش بووینە لە نـاوەوەی خۆیاندا بەڵام ئەو رۆحە تەمەڕودییەی کە لە نێـو سۆفیسـتەکانی وەك (حەللاجو بوستامیو سەهرەوەردی)دا هەبووە لەنێو کوردانـدا کـەمتر بەرچاو دەکەوێت، زۆر جارانیش لە نێو کوردان تێکەڵی دروست بووە اە میـانی سـۆفیگەرێنیو دەروێشـگەرێتی کـە زۆر لەیـەکجیان. سۆفیستەکان لۆژیك تێکدەشکێننو زمانی تایبـەتی خۆیـان دروسـت دەکـەنو دیالۆژێـك ئـەنجام دەدەن لەبڕسـتی کەسـانی دیکـەدا نییـە دروستی بکەنو دەچنە سەر لێواری فەلسـەفە، بـەڵام دەروێشـگەرایان

نموونەی پاشبەندێتیو تەبەعین خۆیان لە شێخی خۆیانــدا دەبیننــەوە، هەوڵی ڕەهاییەتیان نییەو دەستە پاچــەن لــە زیکــردا قوربانییــەکانی خۆیان دەبەخشنو لە جەستەی شێخی خۆیاندا بەرجەستە دەبن.


**بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

١-الزمان الوجودي ،عبدالرحمان بدوي ، بيروت

٢-انوار الحقيقة، مباحث فى التصوف، سعيد النورسي ، بغداد

٣-العرب والفكر العالمى ١٩٨٨ العدد (٤)

٤-مدارات صوفية، هادي علوي ، دار المدى

٥-تصوف، نيكۆس كازانتزاكى،منقذوا الاله، دار المدى

٦-طبقات الصوفية، عبدالرحمان سلمي ١٩٨٦ القاهرة.

٧-ترجمان الأشواق، شيخ محي الدين العربي ١٩٨١

٨-احمد خاني شاعرا وفيلسوفا، د. عزالدين مصطفى رسول.

٩-الشعر والصوفية، كولن ولسن.


## پەراوێزەکان

١- بایەزیــدی بوســتامی (خــەڵکی بوســتامە) لــە ٢٦١ی کۆچــی مردووە.

٢- محێدینی عەرەبی لە ١١٦٤-١٢٤٠

٣- نفـری لــە ســەدەی چــوارەم ژیــاوە کتێبــی ( مخاطبـات و المواقفـ)ی هەیە.

٤- حەللاج ناوی حسین بن المنصور او المغیـث لە بیجاو لە ئێران لە دایکبووەو لە عێراق ژیاوەو لە ساڵی ٣٠٩ی کۆچی شـەهید کراوە.

## مرۆڤی تراژیك trajic
## مەحوی وەك نموونە

بەشی دووەم

بەشی یەکەمی ئەم باسە لە گۆڤاری رۆشنبیری کوردستانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوبۆتەوە کە بەگشتی باس لە سۆفیگەرێتیو بەرجەستە بوونی چەمکی مرۆڤی تراژیك لە نێو متەصەوفەکان دەکات.

شەو هاتو ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم
مەشغولی نەفەس گرتنی موشکینی نەفەسێکم

(نالی)

دیکارت وتویەتی (رەنجو ئازاری مرۆڤ لەوەدا دەبێت کە ئەو سەرەتا مناڵ بووە) ئەگەر بەوردی لەم چەمکەدا کار بکەین بۆمان روون دەبێتەوە کە مەبەستی ئەوەیە بڵێت مرۆڤ وەك منداڵێك وایە کە هیچ

خواستو ئارەزووو دەسەڵاتێکی نەبووە کاتێ فڕێ دراوەتە ناو ئەو ژیانەو بەشداری نەکردووە لە پێکهێنانیدا کەچی کەوتۆتە ژێر یاساو ڕێساکانییەوە، ئەمەیان پێگەی بیرکردنەوەیەکی وجودیانەیەو زۆربەی هەرەزۆری بیرمەندە موتەصەویفەکانو شاعیرە کلاسیکیە سۆفیەکان لەناو پانتایی ئەو بۆچوونەدا کاریان کردووە، ئەمەش بیرکردنەوەیەك نییە پەیوەست بێ بە هەڵگەڕانەوە لە مەزهەبێك یاخود هەڵوەشاندنەوەی عەقیدەیەك یا بەگژاچوونەوە بێ بۆ چەمکەکانی ئاسمانی، بەڵکو بیرکردنەوەیەکە لە ئەنجامی تێڕامانو دامانێکی زۆر لە چەندین پرسیارەوە دروست دەبێ، بەتایبەت لەو پرسیارانەی سەر بەرەمزی (بۆ، کەی، چۆن)ەوەن، کە تێکڕا شێوەبیرو شێوەزاری مرۆڤێکی کارەساتبارو ئازارکێش دروست دەکەن.. ئەویش مرۆڤی تراژیکە.

مرۆڤی تراژیك مرۆڤێکی نیتشەوییە، بەو مانایەی کە جۆری بیرکردنەوەی هەوێنی کارەساتەکانیەتی یاخود پرۆسیسی بیرکردنەوەی ئەم جۆرە مرۆڤە پرۆسێسی هەڵکشانە بەرەو خاچ، بەرەو مەرگێکی حەتمی، ئەلێرەوەیە تراژیدیای ئەو مرۆڤە دەست پێدەکاتو دەبێتە مرۆڤێکی تراژیك، نموونەی مرۆڤی تراژیك یەکجار زۆرە لە مێژووی بیرکردنەوەو ئەدەبو هونەر، کە دەڵێن مرۆڤی تراژیك مەرج نییە

کۆتایی ئەو مرۆڤە تەنها بەمەرگی جەستەیی بێت، چونکە هەندێ جار هەمان ئەو مەرگە لە گێرمەو کێشەیەکی بێ کۆتاییدا لەناو خەیاڵدانی مرۆڤی تراژیك دەژیت...ئەگەر بەوردی سەیری مێژووی بیرکردنەوەی مرۆڤی تراژیك بکەین بۆمان روونمەبێتەوە زۆربەیان مرۆڤی عیرفانیو سۆفی بووینە، لەوانە سوهرەوەردی، حەللاج دوونموونەی زۆر بەرزی بیرکردنەوەی مرۆڤی تراژیکن، ئەلێرەشدا مەحوی لەنێو ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا نموونەی مرۆڤی تراژیکە، کە شیعرەکانی شەڵاڵی گێرمەو کێشەیەکی رۆحی گەورەن لەمیانی بەباڵابردنی رۆحی خۆی بۆ مەقامی خوداو دەرباز نەبوونی لە زەمەنێکی بچووك کە جێ خەونی ئەو نییە، بەڵکو ئەو بەدوای خەونی ئەو فیردەوسەیە کە لەناو پانتایی بیرکردنەوەی ئەودا مەودایێکی زۆری هەیە.

موحەقەق هەر کەسێ مەسلەکیە حەق
حەققیە مەنظور
سلووکی چوونە سەرداره تەریقەی پیرییە
مەنصور

بەکارکردن لەنێو ئەو کاتەگۆڕیایەی کە دەق ئیمای فەلسەفەی وجودی ساغدەکاتەوە کە دەڵێت: (هەموو ئەو کارەی لە ژیاندا دەیکەین بریتییە لە بونیاتنناتی مەرگ) واتە مەرگ پارسەنگی بابەتییە بۆ ژیانو هەوڵەکانی، چونکە ئەوە تاکە راسخەری هەردوو ئەو گۆتە ئاینگەراییە کە چەمکی مەرگو ژیان ڕووندەکاتەوە بەوەی کە (ئەوەی ژیانی بە ئێمە داوە پاشان لێمان دەسەنتەوە) یاخود (ئێمە لەدایك دەبینو دەمرین) ئەمەش ترۆپکی کارەساتەکانە کە مرۆڤ بەتەواوی لە ناو ماناکانیدا دەژیتو هەستی پێدەکاتو کاری پێدەکات، بۆیە زۆر جار شاعیر هەوڵدەدات ئەلتەرناتیڤێکی هۆبەندی بدۆزێتەوە بەوەی کەتەنها مەرگ هەیە وەك چۆن مەحوی بەم دەلالەتەوە لە ژیان رادەکات:

کەشك بەم مەحویا هەر شەربەتی مەرگ
لەسەر ئەرزا نییە ئاوی گەوارا

یاخود بەهەمان ئەو چەمکەوە کارەساتەکانی ژیان دەکا بەو ئەلتەرناتیڤەو مەرگ دەکا بە چارەسەر:

بەو هەموو تاڵییەوە شەربەتی مـەرگ ئـەهلی
حـــــــــــــــــــــــــەیا
خـۆش گـەواراترە بـۆی ئێـستە لـە شـەکراوی
حـــــــــــــــــــــــەیات

چونکە مرۆڤی تراژیك خودانی چەند رەهەندێکە لە بیرکردنەوە کـە دەکرێ بەجۆرەی خوارەوە پۆلبەندی بکەین...

مرۆڤی تراژیك بـەنێو ئاسـتانێکی ئەگزیستانسـیالیزمی کەونیـدا تێدەپەڕێ لەوێدا ماناکانی مانەوەی مرۆڤ لەنێو بازنەیێکی بۆشدا وێنا دەکاوهیچ جەدوایەك بۆ بوونی مرۆڤ ناهێڵێتەوەو پێی وایە بوونی مرۆڤ لەم سەر زەوییەدا حەسـرەتێکە چارەنووسـی پەیوەسـتە بـە خۆکـوژیو مەرگ چونکە تروسـکاییەك نامێنـێ بـۆ ئـەوەی لـەتونێلی وجـوددا بەکاری بهێنێ، بەمانایـەکی دیکـە جیهـان دۆسـتیو ژیـان دۆسـتی وەهمێکە مرۆڤ بۆخۆی نەخشاندوێتیو ئەگەر لە بازنەیەکی حەقیقیـدا سـەیری ژیـان بکـەین هـەمووی کارەسـاتە، بەگوتەیـەکی شکسـپیر لەهاملێتدا ژیان بریتییە لەو مرۆڤـەی گـۆڕی هەمیشـەیی لێـدەداو گـۆرانیش دەڵێـت، مـەحوی لـەم مەودایـەدا واتـە لـە مـەودای

بیرکردنەوەیـــەکی وجودیانـــەی ئایینگـــەرایی بوونـــەوەرێکی یـــەکجار تراژیکە زۆر بەوردیش لەم چەند دێڕە شیعرانەیدا وا بەدیار دەکەوێ.

بەخۆ کوشتن نـەجاتی خـۆ بـدە مـەحوی وەکـو
فـــــــــــــــــــــــەرهاد
لە زۆربـەی قـەهرەمانی عیشـق ئەفەنـدم هـەر
ئەجـــــــــــــــەل بەســـــــــــــتە

مرۆڤی تراژیك لە مەودای راکردن لە ڕاڕەوی ئەگزیستانسیالیزمەوە بۆ ڕاڕەوی ئاینگەرایی.. بە شێوەییێك کە نائومێدیو بێ مانـایی ژیـان هـەموو کایـەکانی رۆحـی مرۆڤـی تراژیـك پڕدەکاتـەوەو بڕسـتی هەناسەدانی لێ دەبڕێو ژیان دۆستو جیهان پەرستی دەبـن بـەجۆرێك لە دۆزەخ کەناچـار بـێ بـەدوای سـێبەری بەهەشـتێکدا بگـەڕێ کـە دڵنیایە ئەم بەهەشتە تەنها بە جێبەجێکردنی فەرمانـەکانی ئاسمـانی دەست دەکەوێ، واتە ئەو دەبێ بەدوای هەموو ئەو گوتارانـەدا بگـەڕێ کە گوتاری پیرۆزن، بۆیە بەناچار پەنایان بۆ دەباتو وەك چۆن (نیتشە) لە مەوداکانی ئەگزیستانسیلیزمدا پـەنای بـۆ داڕشـتنەکانی پـیرۆزی دەبردو زەردەشتی دەکرد بە مورشیدی خۆیو دانتی ئاسا فرجێلـی لـە

پێناوی میعراجی بیاتریسدا لەگەڵ خۆی بۆ تەبەقاتی ئاسمان دەبرد..
ئەم پرۆسەیە پرۆسەیێکی دەستکرد نییە، بەڵکو لە سەرووی جەستەی مرۆڤی تراژیکەوەیەو لە بەرابەریا دەستە پاچە رەنگە لەمەشدا پرۆسێتی رۆحی (دانتی) هەر لە دۆزەخەوە تا گەیشتن بە پاکستان (مگهر) و پەڕینەوە بۆ فیردەوس باشترین نموونەی مرۆڤی تراژیك بێ، لەمەشدا مەحوی بە چەندین دێڕە شیعر گوزارشت لە خۆی دەکات لە پەنابردن بۆ خودی ئینساندا.

نەگەیمە ئەو جەوانە گەیمە پیری
مەدەد یا پیری پیرانی بوخارا

مرۆڤی تراژیك لە مەودای پاکستانەوە بۆ فیردەوسی ئەبەدیو بەهەشتی مەجازی، لەو کاتەی کە تەواو لەنلو کارەساتە رۆحییەکانی خۆی قاڵ دەبێتەوەو دەبێتە یەك پارچە بیرکردنەوەو ئازار، دەبێ لەنێو تەوقی ئاینگەراییدا رێگەیەك بدۆزێتەوە پێیدا بپەڕێتەوەو ئیدی باوەڕی بە میانەیەك نەبێ بیگەینێتە خواو، واتە مرۆڤی تراژیك وێنەی موتەصەوفێکی گەورە وەردەگرێ کە بیەوێت یەکسەر لەگەڵ زاتی خودادا تێکەڵ بێت، تێکەڵبوونێك هیچ جەستەیەکی تێدا نامێنێو ئەوەی هەیە تەنها رۆحێکە بە قۆناغەکانی دۆزەخی زەویو پاکستانی

رۆحیو فیردەوسی خودا تێپەڕیوە تا لەگەڵ نووری خودادا یاخود لەناو نووری خودادا تێکەڵ بێت,..مەحویش لە ئەزموونی رۆحی خۆیدا ئەم سێ قۆناغە گرنگەی نەخشاندووەو بە لەنێوچوونی یەکجارەکی جەستەی مەحوی رایدەگەینێ کە بێ تەفروتونا بوونی جەستە کارەکان بۆ دوا قۆناغی مرۆڤی تراژیك بەرجەستە نابێ لە فیردەوس دا:

چ خەیاڵێکە لیقا بێ بەفەنا چوونی جەسەد
تا پریشان نشود کاربسامان نرسد

چەند نموونەیەك لەو بەیتە شیعریانەی کە مەحوی دەخەنە ناو سیفەتی تراژیکەوە:

(١)

غەیری وەحدەت لە وجودا نییە کە پرەت وەهمە
سادە تیکراری یەکە مەنشەئی ئەوهامی
عەدەد

(وجود: خودا)

(٢)

بەڵکە لەو ڕێیە من پەی بەو عیمرانی بەقا
مەحویا غەیری خەراباتی فەنا نیمە مەلاژ
(بەقا: فەنا)
(٣)
موحەقەق هەر کەسێ مەسلەکیە حەقق‌و حەققیە
مەنظور
سلوکی چەوون سەرداره گەریقەی پیرییە مەنصور
(تەریقەت: مەرگ)
(٤)
بەخۆکوشتن نەجاتی خۆبدە وەکو فەرهاد
لەزۆربەی قەهرەمانی عیشق ئەفەندم هەر
ئەجەل بەستە
(عەشق: خۆکوشتن)

(٥)

لەسەر تۆ بوومــە پەنـدی عالـەمێ وتم وتــی:

مـــــــــــــــــــــــــەحوی

بەس بێ موشریکی بەس با لـەدنیا یالـە مــن

لادە

(دنیا: قیامەت)

(٦)

چـلۆن ئـەو دێتـە چـاوی مــن کـە یەکســەر

عونصـــــــــــــــری ئـــــــــــاوە

مەحاڵە کە من بچـمە دڵییــەوە دڵ کیشـوەری

بـــــــــــــــــــــــــــــــــــەردە

(ژیان:دژ بەندی)

(٧)

کەشك بـەم مــەحویا هــەر شـەربەتی مـەرگ

لەســـەر ئـــەرزا نییـــە ئـــاوی گـــەوارا

(زەوی: مەرگ)

(٨)

نەگەیمـــە ئـــەو جەوانـــە گەیمـــە پـــیری
مـــەدەد یـــاپیری پیرانـــی بوخـــارا
(تەمەن: پیری)

(٩)

بەو هەموو تاڵییەوە شەربەتی مـەرگ ئـەهلی
صـــــــــــــــــــــەبا
خۆش گـەواراترو بـۆی ئێـستە لـە شـەکراوی
حـــــــــــــــــــــەیات
(ژیان: مەرگ)

(١٠)

منـــى بـــەو حـــاڵو قالـــە دی کـــە دەیـــوت
کتێبێکـــــی غـــــەریبم دیـــــوە پـــــەڕپووت
(مرۆڤ: کارەسات)

(١١)

تا سەر نەبۆتە گۆ دە لـە دنیـا دە تـۆ شـەقێ
هەر ئەم شەقە بەکارە کەوا هەڵدرێ لـە هـیچ
(جیهان: هیچ)

(١٢)

چ خەیاڵێکە لیقا بێ بەفـەنا چوونی جەسـەد
تـــا پریشـــیان نشـــود کاربامـــان نرســـد
(جەسەد: فەنا)

بەجۆرە هەموو وجودێ لای مرۆڤی تراژیك‌و شاعیری تراژیك بریتییە لە سووڕانەوەی ئەم کەونە لە نێو بازنەیەکی بێ جەمسـەر لـەوجودەوە بۆ مەرگ، لە مەرگەوە بۆ خودا، ئایدیای باڵاو ئەبەدیەت.

## حەڤدە دیسکی زاکیرە

گۆڤاری کاروان داوای لێکردم چەند تێبینییەك لەسەر بزاوتی ڕۆمانی کوردی بنووسم، ئەگەرچی ئەمە لە دەسەڵاتی من گەورەتر بوو، چونکە نووسین لەسەر ڕۆمانی کوردی جۆرێك لە تایبەتمەندییەتی دەوێت، بەڵام هەر بۆخاتری بەشداریکردنی شیعر لە ڕۆمان گەڕامەوە سەر زاکیرەی خۆم‌و چەند دیسکێکی ئەم زاکیرەیەم خستە سەر شاشەی زەین‌و ئەم چەند سەرنجانەی خۆم خستە ڕوو، لە ڕاسنیدا ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی نییە بەڵکو چەند سەرەقەڵەمێکە سەبارەت بەو ڕۆمان‌و چیرۆکانەی کە خوێندومەتەوە، بۆیە ئەگەر ناوی گەلێ کەسم نەهێناوە مانای ئەوە نییە پشتگوێم خستوون، بەڵکو بەو مانایەیە کە نەکەوتوومەتە سەریان‌و زاکیرەم پشتی نەگرتوومە... ئەمە تەنها ئەزموونی خوێندنەوەی خۆمە بۆ ئەو ناوانەی کەباسم کردوون‌و هیچی دیکە نا.

(١)

ئەو زەمەنە مرد باس لە ڕەهەندەکانی ڕۆمان بکەین، لۆژیکی داهێنان داوای مەینەتییەکان دەکات، پەرەسەندنی فیکرو دژە ئیقاعی سەردەم هەموو بوارەکانی لە ڕۆمان‌و شتەکانی دیدا تا سەر ئێستان

رووتکردۆتەوە، هـەموو ئـەو رۆتینانـەی خسـتە نـاو جوجمومـەی ئـەو سەرانەی ئەقلّ ڕێی پێ نەبردنە سەر کەناری مەعریفەو فڕێیدانە نـاو دەریای لەبیرچوونەوە، ئێستێکە زەمەنێك هاتۆتە پێشەوە تیایدا هەموو شتێك بەندە بە ئەزموونی هاوچەرخو وردوخاشکەری مەرجەکان، ئـەو مەرجانـەی کـە سـالّانێکی دوورو درێـژ ئەقلّیـەتی رۆمـانی کـوردی سڕکردووە بە بەرنامـەکاریو زەینـی سانسـۆری، بـۆ نموونـە رۆمـانی جیهانی وا دەخوێنییەوە کە هیچ یـەك لـەو مەرجانـەی تیـا نیـە کـە قوتابخانە رەخنەییەکان سـەپاندویانە لـە رووی تـانوپۆ چـنین، فـۆرِمو ناوەرۆك، ڤالّایی، گرێ..........هتد.

کەچی لە خوێندنەوەیـدا دەگەیتـە ئـەو قەناعەتـەی هـەمان ئـەو رۆمانــە گرینــدایزەری مــەرج کــوژ، تێپــەڕی تــەواوی ئــەو رۆمانــە مەرجدارانەی کردووە خۆی بەداهێنانەوە پێشکەش دەکات، هەر بۆیەش زەمەنی پێوەر چ کلاسیکی بێت چ تـازە زەمـەنێکی دژوارە لـە دیـدی مندا بەسەرچووە، چونکە چۆن (دی. دی. تی) مێشوولە هەڵـدەوەرێنێ مەرج بەندی ئەو پێوەرانەش ئاوەها زەینی داهێنەر دەروتێنێو هـەزمی دەکات، بەتایبـەت نووسـەری رۆمـان کـە خـۆی لـە قـەرەی نـوێترین مەبەست دەدات هەتا ئەگـەر کەرەسـەکانی یـاخود رووداوەکـاتی لـە قوولّایی دیرۆکدا دەربکێشێ.

(٢)

هەر لەسەردەمی گریکەوە کەرەسەی رۆمان ئـەڤین بـووە، ئیرۆتیکـا سەرچاوەی رۆمانی گەورە بووە، یەکەم رۆمـانی گریکی سەرچـاوەی لـە ئەڤینەوە بوو، رۆمـانێکی شوانکارەیی (رعـوي) کـەهی (لەنکوسـە) بەناوی (دافنی وخلویە) تەواوی سەربوردەی رووداوەکانی ئەڤین بووە، تا رۆژی ئەورۆکەش رۆمـان هـەر لـە سەرچـاوەی ئیرۆتیکـا دەخواتـەوەو هەمان ئەو سەرچاوەیەیە سەدان بابەتی بۆ نووسـەری رۆمـان دروسـت کردووە، رەنگە سەرکێشیو یاخی بوونیش سەرچاوەی هەر لە عیشقەوە بێت، بە کورتی هیچ رۆمانێ وجودی نابـێ ئەگـەر بابەتـەکانی خـۆی لەپشتی عیشقەوە نەهێنێ یا وەکو باس لە بابـەتێکی دیکـە بکـات، چونکە ئەڤین سەرچـاوەی هـەموو سەرچـاوەکانە، بـەڵام هـەتا ئەگـەر نووسەری رۆمان کار لەناو ئەو ئیرۆتیکایەش بکات بـەڵام بـەزمانێکی مردوو، بەڤاڵاییێکی مردوو ئەوا ناکرێ حسـێبی رۆمـانی بـۆ بکـەین، چونکە مەلەکردن لەنێو دەریا پێداویستیو پێشبینیو دیدگای خـۆی دەوێ گێژەنناسی دەوێ، رەنگە دۆنکیشۆتی سۆڤانتس نموونەی زیندووی ئەزموونی قسەکەم بێ، ئەو پاڵەوانەی کە لەماڵەوە گۆشەگیر بووبـووو هەمیشە ئەو کتێبانەی دەخوێندنەوە کـە لـە سوارچـاکیو ئازایـەتی دەکەن، هەر بۆیەش ئەو لـە زەمـەنی ئەواندا دەژیـاو گەڕایـەوە نـاو

زەمـــەنی ئـــەوان‌و خـــۆی‌و شمشـــێرەکەی لەرنالـــدا لەگـــەڵ بـــاو ئاشـــی ناوخـــەیاڵی لەشـــکر دەکـــرد، بـــەڵام لـــە زەمـــەنی نووســـیندا بـــوو بـــە شاکارێکی گەورەی مرۆڤایەتی، بۆیە نووسەر پێویستی بە چـوونە نـاو زەمەن هەیە تا بگاتە ناو زەمەنی نەمری لەسەر کاغەزدا.

دیستۆفسکی لە پاڵتۆکەی گۆگۆڵدا ئەو نامەیـەی جێهێشـت کـە تیایدا نووسیبووی وێنەگرتنی دەروون‌و رۆحـی نەتـەوەی رووس جیایـە لەگەڵ پارچە پارچەکردنیان، لە وێنەدا زەمەن سڕ دەبێ رۆحەکان وشک دەبن، بەڵام لە هەڵتەکانـدنیان ملیۆنـەها نهێنـی زینـدوو دەبێتـەوەو ئاشکرا دەبێ، بۆیە من کاری نەشتەرگەری بەسەر دەروون‌و رۆحی ئـەو نەتەوەیەدا دەکەم وێنـەی حـەقیقی خۆیـان بـۆ بـە دیاردەخـەم، بۆیـە رۆماننووسی کورد لە داهێنانەکانی خۆیدا سستە، چونکە هەموو ئەو کەرەسانەی بەجێهێشتووە کەهی خودی ئەون‌و تـەنها ئـەو کەرەسـتانە رۆمانی ئەو دروست دەکەن، هێندە پابەندن بە قوتابخانە رەخنەییەکانی هاوچەرخی ئێستا کە ئەو پابەندییە زەینی ئەوانی جام پێ کردییە.... هەوڵی نەداوە ئـەو پەیکـەری سانسـۆریەتە بپێکـێ‌و تەوتـەمی ئـەو خەیاڵە وردوخاش بکـات، بۆیـە پرۆسێسـی نووسـینی رۆمـان لـەناو کوردان پرۆسێسێکی مەرجدارە، واتە پرۆسێسی (دی دی تی)یە، هـەر کاتێ دەگەڕێمەوە بۆ لە خەوما یان دەچمەوە ناو مەسەلەکەی ویـژدان،

مێژوو لەبەرامبەرما پرسیار دەکا مێژوویەك پڕیەتی لە رووداوی ڕۆمان‌و بانگ دەکا ڕۆماننووسی کورد کە هەوڵیدا ڕۆمانی تازە بە بابەت‌و کەرەسەی تازە بنووسێ تا ڕۆحی سەفەرکردنی هەبێت بۆ ناو مێژوو، ئەگینا ناتوانێ شتی تازە بنووسێ، من دەپرسم هاوچەرخترین ڕۆمانی ئەمریکای لاتین لە دەرەوەی مێژوودایە یاخود لەناوەوەی مێژوو کاری کردووەو هاوچەرخێتی خۆی نیشانداوە، هەڵبەت مارکیزو ستوریاس وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوەو لە خۆشەویستی لە زەمانی کولێەدا خۆشەویستییەك بوو مارکیز لە قوڵایی مێژووی لەبیرکراودا زیندووی کردەوە لەدوای ئەم هەموو ساڵە ساڵەکانی دوایی ژیانی خۆی پێ بەڕێوەدەبات.

(٤)

ستاندالْ لە ڕۆمانی (سوورو ڕەش) بابەتێکی سادەی هەڵبژاردووە بۆ خۆی بەڵام کە ڕۆمانەکە دەخوێنیتەوە هێندە بە مەبەستێکی هاوچەرخ نووسیویەتی یەکسەر بابەتە سادەکەی ستاندالت بیر دەچێتەوەو دەکەویە ناو دونیای مەبەستەکانی ئەوو لەگەڵ رووداوو پاڵەوانەکانیدا سەردەکەوی، بابەتی سەرەکی ڕۆمانی ڕەش‌و سووری ستاندال ئەو جەنگەیە کە وەك پەردەیەکی تەنك بەسەر چینایەتیدا دراوە، واتە جەنگی چینایەتییە، لەوێدا ستاندال جولیان دەکا بە غەریبی نێو

چینەکانی کۆمەڵگە...لێرەدا جولیانا لەنێو مانای تەسکی جەنگی چینایەتیدا دەباتە دەرەوەو ڕەهەندێکی فەلسەفیو سایکۆلۆجی دەبەخشێ بە جۆلیانا بەوەی کە هەتا لە چینی خۆشی غەریبەو لە دونیای باوکیدا ناتوانێ بژیو دەبێ تەمەڕود بکاتو هەتا لە دونیای خانەوادەی دورینالیشدا ناتوانێ بژیت...بەمجۆرە ڕۆماننووسی زیرەك هەوڵ دەدات ئەو بابەتە وەربچەرخێنێ کە بە دەوریدا دەخولێتەوەو بابەتی دیکەی لێ دروست بکات ئیدی ستاندال لە ڕۆمانەکەیدا هەم ڕەهەندی سالارییەتی باوك هەم ئەو دونیایە دەخاتە روو کە تاك تیا مۆڵەتی بەهرەچنی خۆی نییەو دەبێ لەسەرگەردانیدا بژیت، واتە ڕێگە بە بەهرەکانی نادرێت.

(٥)

لە ڕۆمانی کوردیدا دیاردەیەك هەیە زۆر ئاشکرایەو لە زۆر ڕۆمانی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەویش دیاردەی خێرا وەرگرتنی نوێو مۆدی ڕۆژئاواییو خێرا لێکشانەوەیانە، حوسێن عارف لە ڕۆمانی شاردا، هەموو هێڵەکانی ریالی گرتە دەستو لە پێڕەوی ریالیزمیدا پاڵەوانەکانی خۆی دەخاتە روو بەڵام بەکارێکی چاکەوە خۆی خەریك کردووە کە هەستاوە لەناوەوەی مێژوو کاردەکات، بایەخێکی زۆر گەورەو ورد بە زاکیرەی خۆی دەدا لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی

کەبەسەر شاردا تێپەڕیون، بەڵام حوسێن عارف نەهاتووە بەشێوازێکی وشك ئەم کارە بکات، بەڵکە هەوڵیداوە لە ڕێگەی بەهێزکردنی چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانو دروستکردنی جۆرێك لە تەشویق پەنا بەرێتە بەر خەیاڵو حیکمەتی زمانو دەستەواژەکان، بۆیە لەکاتی خوێندنەوەی شاردا چێژ لە ڕۆمانەکە وەردەگریت.....بەڵام هەمان حوسێن عارفی چیرۆکنووس لە ئەندێشەی مرۆڤێکدا هەوڵدەدا ئەو پەیڕەوە جێبهێڵێو بەرەو کەرەسەو ئامرازەکانی تازە بەرێکەوێ ڕۆمانەکانی خۆی لەناو ڕئاڵو مێژوو دەربهێنێو پشت بە تەوژمەکانی هۆشو مەنەلۆج بدات، ئەو بایەخەی کە بە ڕۆمانی شاری داوە لە ڕووی ڕووداوو مێژوو بەندکردن لەم ڕۆمانەدا پەڕیوەتە سەر زمانو شێوەی قسەکردنی پاڵەوانو نووسەر، بەمجۆرە دوور کەوتەوە لە شار، بەڵام هەر زوو لە ڕۆمانی (هێلان)دا گەڕایەوە ئەشکەوتەکەی ڕئاڵو لەوێ پێم وایە تا کۆتایی عومر ژیانی پاڵەوانەکانی خۆی هەڵدەسوڕێنێ.

(٦)

زیلان میلۆز لە کتێبی (ئەقڵی دیل)دا باس لەوە دەکات کە بۆ ئەوەی ژیانی تایبەتی بەردەوام بێت دەبێ مومارەسەی نهێنیو شاردنەوە بکەیتودەڵێت (مومارەسەکردنی حەشاردان تەنیا ڕێگەیە

بۆ هێشتنەوەی ژیانی تایبەتو بیرۆکـەی نامـەرغوب لـەژێر هـەموو حوکمێکی قەسریدا ) هەروەها ئەم پێـی وایـە کـە ئـازادی تـەنها لـە خۆشەویستی زینداندا کەشف دەبێ ...

ئەلێرەدا رێك ئێمە بە پێچـەوانەی ئـەو رایـەی میلـوزین لـەرووی رۆمـانی کوردییـەوە، چـونکە لـەژێر هـەموو حوکمـە قەسـریەکاندا نـەمانتوانی لـەو رۆمانانـەی کـە هـەبوو بتـوانین رۆمانـێ بنووسـین گـەورەترین مەبەسـت بـدات لەرێگـەی حەشـاردان، هەڵبـەت لێـرە مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەتا نەمانتوانی لەرێگەی سیمبۆڵو ئاماژەشەوە رۆمانێـك بخەینـە روو بـۆ ئـەوەی بتـوانین ژیـانی تایبـەتی رۆمـانو بیروڕاکانی سەر رۆمان بهێڵینەوە، من بۆخۆم پـێم وایـە هـەمان ئـەوە دەگەڕێتەوە بـۆ نـەبوونی رۆشـنبیری هونـەری یـا فێربـوونی هونـەری ART EDUCATION و زۆر بوونی ئەو قەلەقەی کە دەیەوێت بتەقێتەوە EXPLORATION ئەم ناهاوسەنگیە لـە مەیـدانی رۆمانی کوردیـدا وایکـرد تـا ماوەیـەکی بـاش بـەبێ رۆمـانی چـاك بمێنینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبێ ئاماژە بـەرۆمانی-ژانـی گـەل-ی ئیبراهیم ئەحمەد بدرێت کـە لـە ژێـر ئـەو حوکمـە قەسـریەدا تـوانی خۆشەویستی بدۆزێتەوەو ئازادی تێدا کەشف بێت.

(٧)

ئەمڕۆکە دونیای نووسینی ڕۆمان تەکنیکی تازەی بەخۆوە گرتووە، کە بگونجێ لەگەڵ ئیقاعی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیو پەرەسەندنی ڕۆحی مەدەنییەتو لە هەموویان گرنگتر ئەو خێراییەی کە سەرتاسەری بونیاتی سەرخانو ئابووری وڵاتان پێیدا تێدەپەڕێ، هەڵبەت ڕۆمانی کوردی بمانەوێو نەمانەوێ کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەتی ئەو دیاردانەوە، جگە لەمەش ئەگەر جاران لە ڕۆمانی کوردیدا بابەتەکان هەر بەتەنها دەورو خولی دیاردە کۆمەڵایەتییە بەرچاوەکانی دەدا تانو پۆی ڕۆمانەکانی خۆیانیان پێ دروست دەکرد، ئەوا ئەمڕۆکە لەسایەی ئەو پێشکەوتنە بابەتی گرنگی فیکریو فەلسەفیو دەروونیو وەدەردەخاتو سنووری ریالیزمیو ناتورالیزمی بەزاندووە بەرەو نوێترین تەکنیك چووینە، یەکێ لەو شێوازانەی کە ئێستا ڕۆماننووسانی کورد کاری پێدەکەن شێوازی شەپۆڵی هۆشە کە (فرجینا ولف) زۆر بە وردی دەرگەی لەسەر کردەوە بە تایبەت لە ڕۆمانی السیدە الادوای یا-الامواج-دا، شەپۆڵی هۆش جگە لەوەی قوڵایی دەبەخشێ بەتەکنیکی ڕۆمان، لە هەمان کاتدا نووسەری ڕۆمان ناچار دەکات کە بەرەو ئەو بابەتانە بچێ کەتوانایان هەیە لەبەردەم ئەم جۆرە تەکنیکە نەفەسی خۆیان درێژ بکەن، چونکە لە ڕۆمانێك کە شەپۆڵی هۆش بەکاربهێنێ لەوەحشەتو مەنەلۆجو

باكراوەندو یاریکردن بەزمانی قسەکەرو گۆڕانەکانی، پاڵەوان لەسەر زاری رۆماننووس باری قورس دەبێو لەدەست نووسەر دەردەچێ، جگە لەوەش ئەو تەکنیکە برێکی هێکجار زۆری هاوچەرخێتی تیایە، چونکە مەودابیێکی فراوانی بۆ ئازادی کارکردنو جووڵە بەخشیوە بە نووسەری رۆمان.

(٨)

یەکێ لەو رۆماننووسانەی کە لەناو کوردا جێگەی دیاری خۆی هەیەو لە رووی تەکنیکییەوە گۆڕانێکی زۆری بەخشیوە بەرۆمانی کوردیو یەکێکە لە بە جورئەتترین ئەو رۆماننووسانەی کە توانیویەتی گەلێ بابەتی حەرامکراو بخاتە ناو چوارچێوەی رۆمانو جۆرێك لە مەئلوفیەتی دروست کرد سەبارەت بەم بابەتانەوە رۆماننووسو چیرۆکنووس (محەمەد موکری)یە، محەمەد موکری کاتی خۆی کە چیرۆکی -موچڕکە-ی بلاوکردەوە وروژاندنێکی گەورەی دروست کردو بووە جێی نارەزامەندی گەلێك لە نووسەران بەتایبەتی ئەوانەی لە جغزی ژدانۆڤییەتدا دەسووڕانەوە پێیان وابوو وەدەرخستنی بیرۆکەی سێکس لە چیرۆكو رۆماندا کۆمەڵگە بەرەو رمانو بێ بەهایی دەبا، جا ئەگەر ئێستا بیر لەوحاڵەتە بکەینەوە دەبێ بڵێین ئەو مەبەستی نەبووە کارێکی وابکات، بەڵکو ویستویەتی چیرۆکی کوردی

لەو رەتابەتەی تاك بابەتی رزگار بكاتو شتە خەفەكراوەكان بخاتە روو، هەروەها موكری لە رۆمانی ساتیری خۆی-سەگوەڕ- پەردەی لەسەر تەواوی حاڵەتە نێگەتیڤەكانی ناو شۆڕشی كورد هەڵدایەوە هەمدیس نێوەندی ئەدەبیو سیاسی وروژاند، پاشان محەمەد موكری بە گەورەترین رۆمان هاتە مەیدانەوە ئەویش رۆمانی (هەرەس) بوو كە تیایدا بڕێكی زۆر لە ئازارەكانی مرۆڤی كوردی بە شێوازێكی جەمالی وەدەرخستووە، پاشان لە دواترین رۆمانیدا كە بەناوی-ئەژدیها-بوو موكری چووە نێو ئەو ریالیزمە خورافیو سیحرییەی كە تاوەكو ئێستا كەم نەزیرە لەرووی خەڵقكردنی ئەفسانەو بە ئەفسانەكردنی رئال كە تاوەكو ئێستا لانی كەم من خۆم ئەم شێوازەم نەخوێندۆتەوە لە رۆمانی كوردی، ئەمەو جگە لەوەش كە موكری خاوەنی شێوازی زۆر تایبەتی خۆیەتی لەنێو مەنزومەی زماندا.

(٩)

زۆرجاران لەمەودای رۆمانی كوردیدا، هەندێ رۆمان بەرچاو دەكەون، بەداخەوە كەمتر رەخنەگرەكانمان بە لایانەوە دادەچن، یەكێ لەو رۆمانانە كتێبی-كۆچی سووری-ی حەمەكەریم عارفە كە دووچیرۆكی درێژی گرتۆتە خۆ (كۆچی سوورو بەیداخ) دەكرێ بەناوی نۆڤلێت لە قەڵەمیان بدەین، كە تیایا شێوازێكی رئال ئامێزی گرنگی

بەزمانێکی جەمالی گرنگ بەکار هێناوەو بێبەشیش نییە لـە ئیمـەی ئیرۆتیکا، زمانی حەمە کەریم عارف بەراستی زمانی رۆماننووسـینە، چونکە یەکێ لـە خاسـییەتەکانی گرنگـی رۆماننووسـین حیکمـەتی (کەلامە) واتە چۆن چۆنی رستەکان بە شێوەیەك دەبێ کە هەر وشـەو حیکمەتو دەلالەتی تایبەتی خۆیان هـەبێ، ئەگـەر بـەوردی دیقـەتی زمانی حەمە بدەین لەم دوو نۆڤلێتەدا گەلێ شتی شاراوە دەدۆزینـەوە، حەمە بەبێ ئەوەی وەك کەسانی دیکە کە بەئەنقەست هەنـدێ پـاشو پێش بەوشە دەکەن بەناوی گەمەی زمانەوانی، پێمان دەڵێت یاریکردن بەزمان چۆنەو رێنماییمـان دەکـات، ئـەو بـاوەڕی بـە تێکـەڵاوکردنی ئیعتیباتی نییە لە کاتی نووسیندا بەهەنجەتی ئەوەی کە یاریکردنەکە دروست بکات، بەڵکو ئەو هەوڵدەدات لەنێو گەمەی زمانـدا گەمـەی واتا دروست بکات، ئەمەو جگە لە پاراوکردنی زمانی خـۆی، بـەدوای ئەم بابەتانە دەگەڕێ کە بەرچاون، بەڵام کەس بڕستی ئەوەی نییـە کـە هەڵیانبگرێتەوەو لە دووتوێی رۆمان بە زمـانێکی پـاراوو شـێوازێکی سیحرامێز بەکاریان بهێنێ، لەدیدی حەمەدا هـیچ شـتێك نییـە بـێ ئەوەی قووڵایی تێدا نەشـاردرابێتەوە، گـرنگ لای ئـەو دروسـتکردنی واتای قووڵە....من لێرە دا هەر تەنها مەبەستم ئـەوە بـوو بڵـێم کـە حەمە کەریم بە قەولی-نفری- پێمان دەڵێت (دیدگا چەند فراوان بێـت

دەستەواژەکان تەسک دەبنەوە)، حەمە کەریمیش هەوڵ دەدات بە کۆچێکی سوورەوە بەیداخی داهێنان بەرز بکاتەوە.

(١٠)

وێڕای هەموو شتێك کوردیش چیرۆکنووس‌و ڕۆماننووسی باشی هەیە، من پێم وایە ئەگەر هەندێ لەو چیرۆك‌و ڕۆمانانەی کوردیش بکەونە ناو پرۆسەی وەرگێڕان ڕەنگە شوێن‌و پایەی خۆیان بکەنەوە، شێرزاد حەسەن یەکێکە لەو چیرۆکنووس‌و نۆڤلێت نووسانەی کە توانیویەتی تاوەکو ئێستا خوێنەرێکی زۆر لەدەوری نووسینەکانی خۆیدا کۆبکاتەوە، بە تایبەتیش کە شێرزاد شێوازێکی شیعریەت ئامێزی جوانی هەیە لە نووسیندا، ڕۆمان‌و چیرۆکی خۆی بە گەلێك بابەتی گرنگی هاوچەرخ ئاوەدان کردۆتەوە، بە تایبەتی بابەتێ کە لە تخووبەکانی فەلسەفەو ئاستەنگە پڕ مەشەقەتەکانی کۆمەڵایەتی‌و دەروونیدا دەژین، شێرزاد مەسەلەی ئافرەتی لە چیرۆك‌و ڕۆمانەکانیدا زۆر بە گرنگ وەرگرتووە، دەتوانم بڵێم خاسییەتی نووسینەکانی چیرۆك‌و ئەو نۆڤلێتانەی کە نووسیویەتی هەر هەموویان بریتین لە باسکردن لە نهێنەییەکانی مردنی ئافرەت، لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواری‌و کوشتنی هێزو بڕستەکانی، ئەو تەگەرەو گرفتانەی کە بۆیان دروست دەبێ لە ئەنجامی نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکاندا، شێرزاد لە نۆڤلێتی

(حەسار)دا زۆر بەوردی باس لـە هەرەسـهێنانی زەمـەنی کوڕسـالاری دەکاتو رایدەگەیەنێ کە ئەم زەمەنە کۆتایی پێهاتووەو دەبێ حەسـاری نێرسالاری وێران بکرێتو کۆمەڵگە بەرەو شارستانییەت بچێ.

من پێم وایە شێرزاد حەسەن هەر لـە سـەرەتاوە خـودانی رێچـکەی تایبەتی خۆی بووە لەم بوارانەی نووسیندا.

(١١)

یەکێ لە ناودارترین ئەو ناوانەی کە لـە پێرسـتی رۆمانـدا هەیـە، (محەمەد مەولود مەم)ی بەهەق رۆماننووسە، (پایزە خـەون) بـەر لـە دروستبوونی رۆمانی (سەد ساڵ تەنهایی)و (پایزی بەتریکی) گابریـل گارسیا نووسراوە، بۆیە دەتوانم بڵێم رئالیزمە سیحری محەمەد مـەولود مەم بەر لە مارکیز دروستی کردووەو رۆمانی پێنووسـیوە، مـەم لـەم رۆمانەدا هێجگار بـە جەزبـەو دیقـەتی هونەرییـەوە کـاری کـردووە، وەستایانە ئەفسانەی تێکەڵ بـە دەقـی رۆمانەکـەی کـردووە، خـەونی کردووە بەدیلی واقیع.

زۆر جار کەرەستەکان لەبەر چاوی رۆمـاننووس لەپەنجـەرەو دەرگـاو سەربانو ناو باخەکاندا دەفڕنو بـە هـەوا دەکـەون، ئـەویش ئەوانـەی تۆمار کردووە، ئەو مێردەزمەی کە ئەو لە پایزە خەون باسـی دەکـات، هێزی خەیاڵکردنەوەیەکی قووڵە، کە بـە تـەواوی فانتازیـای دروسـت

کردووە، کاتێکیش رۆمانی (رێگا)ی مەم بەو هەموو رووداوو یادگارو کەسێتیانەوە دەخوێنیتەوە، تەواو بۆت بەدیار دەکەوێ کە ئەم نووسەرە ئەزموونێکی زۆری خوێندنەوەی رۆمانی هەبووە، کاتی خۆشی کە چیرۆکی پەنجا فلسی بلاوکردەوە، سەرەڕای ئەوەی کە سەردەم هێشتا نەگەیشتبووە ئەو حاڵەتەی کە ئێستا هەیە بەڵام ئەو زۆر تێپەڕی کردبوو، هەمان ئەو نووسینانەی کە بە ناوی خاڵۆی رێبوار کە لە گۆڤاری هەولێر بلاوی دەکردنەوە شێوەیەك بوو لە داڕشتنی رۆمانئامێزو دروستکردنی کۆمیدیاو تراژیدیا کە دەکرێ بڵێم بیرۆکەی رۆماننووسین لای محەمەد مەولود مەم هەر لەو جۆرە نووسینانەوە چەکەرەی کردووە.

(١٢)

سەرەتای تەمەڕدو نوێخوازی، من پێم وایە لە چیرۆکی کوردییەوە دەستی پێکردووە نەك لە شیعر، تەنانەت لە تازەکردنەوەی شیعرداو لە بزاوتی روانگەدا چیرۆکنووس هەبوونو تەواوی بزاوتەکەیان مشتومالّ کردووە، کاکە مەم بۆتانی دەکرێ لە چیرۆکەکانی بەرایییدا بە تازەگەرترین چیرۆکنووس لە نەوەی خۆیدا لە قەڵەم بدرێت، تەنانەت لە بوومەلەرزە لە گۆمی مەنگداو لە سمکۆڵی ئەهریمەن یەکەم هەنگاوی ئەو تەمەرودو نوێگەراییەی خۆی وەدەرخستو لە هەڵۆی ناو

زەنگاودا ئەم هەنگاوەی کۆتایی پێهێنا، لەسەرەتادا گوتم گرفتە گەورەکە لەوەدایە کە هەندێ لە نووسەرەکانمان بەردەوام نەبوون لەم هەنگاوە نوێگەرایییانەی خۆیان و لە مەشدا زۆر هەڵپرووکان.

**ئەگەر بەراوردێکی خێرای دوا ڕۆمانی کاکە مەم بۆتانی کە بەناوی (درز)ەوەیە بکەین بۆمان بەدیار دەکەوێ، هێڵی نوێ گوتن و ئامارژەی تازەو دەستەواژەی هاوچەرخێتی زیاتر لە چیرۆك و چیرۆکە درێژەکانی شیعری کاکە مەم گەلێ زیاترە لەوەی کە لە ڕۆمانی درزدا هەیە، هەتا بایەخی زمانیش لەوانەی بەراییدا پترە کاکە مەم بۆتانی سەلیقەیەکی زۆری هەیە لە ڕۆمان بەتایبەت لە بونیاتی موعماریدا زۆر بە دیقەت دەیهێنێ و هیچ غەفڵەتێك لە کاری ڕۆماننووسیندا ناخاتە ڕوو لەسەرەتای ڕۆمانی (درز)ەوە تاوەکو کۆتایی هەموو هێڵەکانی لەگەڵ خۆیدا هێناوەو تووشی داوی فەرامۆشی نەبووە، داخم ناچێ زمانی نووسینەوەی ڕۆمان هێندەی بایەخ پێ نادرێت لە لایەن ڕۆماننووسەکانی کوردەوە.. من کە ڕۆمان دەخوێنمەوە زمانیش دەکەم بە سەنگی محەك.**

**(١٣)**

کـەرکوك پێشـەنگ بـووە لـەرووی نوێخـوازیو تازەگەراییـدا، زۆر نوێخوازی گەورەی عـەرەب لـە کـەرکوك ژیـاون، دیـارە پلـۆرالیزمی نەتـەوەیی لـەم شـارە کاریگـەرێتی خـۆی هـەبووە لـە زۆرکردنـی کەناڵەکانی وەرگرتنو بەخشیندا، لە کوردەکانیش نووسـەری چـاکمان هەیە لەو شارە، عەبدوڵڵا سەراج یەکێکە لەو چیرۆكو رۆماننووسانەی ئەم شارە کە لە رۆمانی هەڵکشان بەرەو لووتکە یا وەکـو لـە رێگـەی کۆلاج کردنـی کۆمـەڵێك رووداو یـا چـیرۆکەوە دروسـت بـووە، بـەڵام تارادەیەکی باش توانیویـەتی مەینەتییـەکانی ئـەم شـارە وەدەربخـات، لەوێدا سەراج هێندەی بایەخ بە تەکنیك نەداوە ئەوەنـدەی ویسـتویەتی بیگێڕێتەوەو ناوەرۆك بدات بەدەستەوە، بە هەمان ئەو شـێوەیەش هـەر لە ساڵی ١٩٩١دا رۆمانی رەونامـە وەکـو چـەند سـفرێکی تراژیـدی نەتەوەی کورد دەنووسێتەوە، لە هەردوو ئەم رۆمانەدا عەبدوڵڵا سەراج هەوڵدەدات پەردە لەسەر برینە شاردراوەکانی گەلی کورد هەڵبداتـەوەو نەوەی تازە لە مێژووی کورد ئاگـادار بکاتـەوە، دەکـرێ هـەردوو ئـەم رۆمانانەی سەراج بە مەلحەمەیەکی مێژوویی لـە قەڵـەم بـدرێت کـە جۆرج لۆکاش پێی وایە باشترین وەڵامە بۆ ئیقاعی چەرخ....

(کاولاش) یاوەکو هەندێ بەشی لە ساڵانی ١٩٨٦ەوە نووسراوە بەڵام تا ساڵی ١٩٩٦ی خایاندووە، دیـارە نووسـەر کـاری لەسـەر کـردووەو

هەڵیگێڕاوەتەوە، بۆیە لەرووی تەکنیکەوە جیاوازی زۆرە لەگەڵ هەردوو ڕۆمانەکەی پێشوو، بۆ نموونە دابەشکردنێکی تازەی کردووە لە بەش‌و فەسڵ‌و ژمارەکان، وشەی یەکەمی هەر بەشێکی بە هەمان ئەو حەرفە ناوزەد کردووە کە دەستی پێدەکات. هەندێ جار دەگەڕێتەوە سەر تەکنیکی هنری جیمس‌و هەندێ جار تەکنیکە-خانم دالاوای-ی فرجینا ولف، هەندێ جار دەچێتەوە سەر گێڕانەوە.. بەمجۆرە سەراج لەم ڕۆمانەدا بایەخی لە هەموو لایەنەکانی تەکنیکی هاوچەرخ وەرگرتووە.

(١٤)

گەنجێ بە ڕۆحییەتێکی شیعرئامێزەوە بچێتە نێو دونیای ڕۆمان زۆر لەمپەرو سنوور وردوخاش دەکات، چونکە لە پشتی شیعرئامێزییەوە کلتوورێکی ڕۆشنبیری هەیە تەکان بە دەلالەت‌و واتاکان دەدات، ئەمجۆرە کەسانە هەمیشە لە قوڵاییەکی دوور دوورەوە دێنەوە ناو ئێستاو لە ئێستاییێکی هێجگار نزیکەوە بە دڵێکی شکست باری پڕ لە مەینەتییەکانی ڕۆژگارەوە دەگەڕێتەوە قوڵایی تا تۆماری داهێنان بکەن، مەرگی تاقانەی دووەمی بەختیار عەلی زەنگی هەناسەیەکی تازە بوو بۆ تەواوی ئەوانەی لە بواری ڕۆماننووسیندا کار دەکەن، زمانێکی تازەوو کەشوهەوایەکی تازە، ئیمەییێکی تازە، دەخوێنیتەوە

که چۆن نووسەر لە گۆشەنیگاییێکی فیکریو فەلسەفیشەوە دێتە نا پانتایی رۆمانی کوردیو خۆی وەدەردەخات، بە بڵاوبوونەوەی رۆمانی ئێوارەی پەروانە لەلایەن هەمان نووسەرەوە، زۆر بابەتی تازە دەکەونە نێو رۆمانی کوردییەوە هەر لەمەسەلەی راکردن لە کۆمەڵ دوای هەوڵێکی زۆری دەربازبوون لە قەیرانە رۆحییەکان یاخود خۆگۆشەگیرکردن بۆ دوورکەوتنەوە لە ژاوەژاوی چەرخ، یاخود کێشەی کوشتنی جوانیو بەهای بوون تا دەگاتە لێکدانەوەی مرۆڤو ئەندێشەکردنی قەدەرو ژیان، ئەمانە هەمووی لە دوو رۆمانی سەرکەوتووی بەختیار عەلی دا بە شێوازێکی زۆر هاوچەرخانە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، ئەمەو جگە لەوەی کە بڵاوبوونەوەی ئەم دوو رۆمانە بزاوتی رەخنەش گۆڕانی تێکەوتو بە ئاقارێکی دیکە چوونە ناو گووتاری رەخنەوە، کەواتە ئەدەبی سەرکەوتووو پڕ لە داهێنان ئەو ئەدەبەیە کە لە دوای خۆیەوە بزاوتێکی رەخنەیی تۆکمەش دروست بکات، هەروەکو دەڵێن (هەموو کارێکی ئەدەبی ئەگەر بە رەخنەیەکی چاك کۆتایی نەیەت بە مردوو لە قەڵەم دەدرێ) ئەوەندەی بەختیار عەلی لەو دوو رۆمانەدا هەوڵی بۆداوە ئەوەیە کە تەواوی جیهانبینی خۆی رابخاتە ناو دەستەواژەو دەلالەتەکانیانەوە

لەمەشدا لە کاتی خوێندنەوەی هەردوو ئـەم ڕۆمانـە ئـەم حەقیقەتـە بەدیار دەکەوێ.

(١٥)

حسام الدین بەرزنجی ڕۆماننووسێکە لەدەرەوەی نەوەکان، چونکە تـا ئێستا نەمبینیوە هیچ یەك لـە نـەوەکانی پێشـوو ئێسـتا بـاس لـەو ڕۆماننووسە بکەن، کە دوور لە هەموو نێوەنـدێکی ئەدەبی‌ـدا دەژیـاو تێکەڵ نـەدەبوو، بـە کپـی نووسـینەکانی خـۆی بەچـاپ دەگەیانـدو دەیبەشیەوە، بە پێـی بڵاوبوونـەی بەرهەمـەکانی ئـەو لەنـەوەی دوای نەوەی کاکەمەم بۆتانی‌و حوسێن عارف‌و ئەوانەی ئەو نەوەیەن.

بابەتەکانی ئەو ڕۆماننووسە هەوڵی تەقەڵلایـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان بـە شـێوازێکی ریـالیزمی کۆمەڵایـەتی‌و ریالیزمی شۆڕشگێڕی، هەندێ جار نووسـین لـە سـێبەری ریـالیزمی سوسیالیستییەوە کە ڕەنگە ئەو خۆی مەبەستی ئـەوە نـەبووبێ بـەڵام شێوەی نووسـین‌و ئـەو بیرۆکانـە کـە ئـەو رایـدەخات وامـان پێـدەڵێ بەتایبەت لە ڕۆمانی-کانگەی بەڵا-دا کە تەواو کێشە چـینایەتییەکە دەخاتە ڕوو لە بابەتێکی ئیرۆتیکی-دا هەر لەوێدا پێمـان دەڵێـت کـە خۆشەویستی پێویستی بە قوربانیدان هەیـە، نـەك هەڵکشـان بـەرەو ئـەوەی کـە لـە پێنـاوی دەسـکەوتە ماددیەکانـدا هەرچـی عیشـق‌و

خۆشەویستی هەیە بیخەیتە ژێر پێتەوە کە نووسەری ئەو رۆمانە ناوی ناوە کانگەی بەلاّکان هەرچەندە کاك حسام الدین بەرزنجی ئینگلیزی زانێکی بەهێزبوو، بەلاّم پێدەچوو لە خوێندنەوەی رۆمانی ئینگلیزیدا نەکەوتبێتە ژێر کاریگەریتی تەوژمەکانی رۆمان نووسین، هەتا لە رۆمانی (زەلیل)یشدا کاك حسام کە بەر لە رۆمانی کانگەی بەلاّدا نووسیویەتی هەمان شێوازو ژانر دەخاتە روو، بەلاّم ئەوەی شایانی باسە کاك حسام لەکاتی نووسیندا هەولّی داوە کە چەند حالّەتێکی تەرەقوب یاخود موفارەقە بۆ خوێنەر دروست بکات بە زمانێکی باش.

(١٦)

سەلاّح عومەر سەرەتا بە شیعر دەستی پێکردو گەرمو گوڕ بوو لە کۆڕو کۆبوونەوەکانی شیعر، من لە نزیکەوە ئاگادارم خوێنەرێکی چاك بوو، لە سالاّنی زۆر زۆر زوو لەگەلّ چەند برادەرێکی دیکە هەمیشە رۆمانو چیرۆك دەگۆڕدرایەوە بۆ خوێندنەوە، بەلاّم سەلاّح هەر زوو وێستگەی شیعری بەجێهێشت، مەرج نییە ئەوەی شیعر بنووسێو بەجێیبهێلّێ بۆیەکجاری دەبێ بە زەرووڕەت نەفەسی زۆر درێژ بێو شیعر جێی نەبێتەوە، بۆیە سەلاّح ئێستاکە شیعر دەنووسێ ناوە ناوە لە گۆڤارو رۆژنامەکان بلاّویان دەکاتەوە، بە هەق من لەمێژە سەلاّح دەخوێنمەوە، بەلاّم زیاتر چێژ لە شیعرەکانی وەردەگرم کە کەمو

دەگمەنن...سەلاح لەبواری نۆڤلێتو رۆماندا بە رۆمانی (ولاتی تارمایی) دەستی پێکرد، کە تیایا بەڕاستی باس لە ولاتی مردووان دەکات، ولاتێك مردووەکانی جوولە دەکەن بەلام هەمیشەو بێ ئاکتیڤن، لەناو ولاتی تارمایدا لەقتەی (وەحشەت)ی سینەمایی هەیە مرۆڤ بەرەو باکراوەندی ترسو لەرز دەباتەوە، هەولبداو (هیچکۆکانە) لە ناو چنیندا کار بکات، بەلام ئەو جۆرە کارکردنە هەلبەت پێداویستی بە کەرەستەی زۆر هەیە، پاشان سەلاح لە (تاریکستانی لم)دا لەسەر هەمان رێچکە رۆیشت، بەلام کەرەستەکانی خۆی گۆڕی گەڕایەوە سەر رێبازی ئەو رۆمانانەی کە هەولدەدەن رئالێکی سیحری وەك گابریل مارکیز خولقاندی بخولقێنێ، بەلام ئەو واتە سەلاح لەسەر کلتوور کاری نەکردووە بەلکو لەسەر ئەفسانەیەك کە خۆی دروستی کردووەو پالەوانی بۆ دۆزیوەتەوە، تێبینی دەکەم کە هەندێ جار سەلاح هەولی ئەوە دەدات لەرووی سایکۆلۆژییەوە قسە لەگەل ئەقلی خوێنەر بکاتو هێلی رووداوەکانی بۆسەر هەلگەڕێنێ.

(١٧)

جەبار جەمال غەریب نۆڤلێت نووسێکە لە تەرزێکی تایبەت، نووسینەکانی لەئی هیچ کەس ناکات، وەك چۆن خۆی لە هیچ کەس ناکات، بەسەرێکی بێ قژی ئاوێنە ئامێزو چاویلکەییێکی ئەبەدیو

سمێڵێکی دوو پەروانەیی وەك بڵێی لە ئەزەلەوە هەر وابووەو هـەروا بـە گەورەیی بۆ نووسین لەدایك بووە، لە نۆڤلێتی (شوقێك لە خوێندا) کە من وای ناو دەنێم کارێکی ئەوتۆی کـردووە کـە زۆر سـاکارو سـادەیە، بەڵام کە ورد ورد دەیخوێنیتەوە ئینجا دەزانی ئـەم نووسـەرە کـاری بـە هیچەوە نییە تەنها بەو سیحرە بچووك بچووکانەی کـە لـە دوو تـوێی زماندا هەیە، یا لە دووتوێی ئەو کەلێن‌و درزانـەی کـە لەبـەر چـاوی هەموو چیرۆك‌و رۆماننووسێك، بەڵام کەس خۆی لێنـادا، کەچـی ئـەو وەك ئارکیۆلۆجیستێکی کارامە دێت‌وئەم درزانـە هەڵـدەکۆڵێ، لێـرە شەباقەیەك لە سیحری خۆماڵی، لەوێ چـەند دەسـتەواژەیەکی بـاوان، لەولاش چەند واتایەك بەیەکەوە گرێدەداو تـان‌و پۆیـەك دەچـنێ‌و بـە شـێوازێك دایدەپۆشـێ کـە لەگـەڵ خوێندنەوەیـدا سەرسـام دەبیـت، بەهەمان شێوەش لە (چناری شیر)و (ژنـانی ئـاو)و هـەموو ئـەوانی دیکەشدا، بەڵام من هەمیشـە بـیر لـەوە دەکەمـەوە کـە بۆچـی ئـەو ناونیشانانەی ئەو لە نۆڤلێتدا هەمیشە دوو وشـەیەو لـە زۆربەشـیان یەك ئیقاعی هەیە؟ بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم ناونیشـانەکان سـادە نـین‌و نادیارن، هەندێ جار خەیاڵت بەلای نیوەی نـاوەرۆك دەبـات، هـەرواش لە(پیاوانی مەڕمەڕ یا ئەفسونی شـیندا) یەکسـەر ئەسـپەکەی-سـن

میناس-ی کازانتزاکیت دێتەوە خەیاڵ- کە بەراستی هێلکـەییێکی پـڕ نهێنییەو ئەم پەیکەرەش هەر بۆ ئەم پرسیارە ژیانی هاتەبەر.

## كۆمەڵگەی خەیاڵ کۆمەڵگەی با

خەیاڵ هەمیشە لە نێو رەحمی مێژووی لە مێژینەی بویەرێ دروست دەبێ کە خودی خەیاڵمەندی تیایا غەریبو گۆشەگیرەو لەو شتانەی خەونیان پێوە دەبینێ هەرگیز بۆی نایەتە دی، بۆیە هەوڵدەدات لەنێو قووڵایی سنەوبەری سەریا شوێنێکی فراوان بکاتەوە بۆ خەیاڵە رەنگاورەنگەکانی خۆی کە هەم دڵو دەروونی پێ بحەسێتەوە هەم فێڵێکی واش لە خۆی بکات بە حەقیقەتی بزانێ کە ئەمیش لە کورترین پێناسەدا پرۆسێسی پڕکردنی جەستەو زەینە، بە بەردەوامبوونی ئەم حاڵەتە لەناو بیرو زەینی خەیاڵمەند بۆ ماوەیەکی درێژ تاکێك لە خەیاڵ دروست دەبێ کە پێی وایە تەواوی ژیان بریتییە لە هەڵکردنێکی رۆمانسیانەو بەس هیچ پێداویستییەکی بەوە نییە کە دووبارە لەم فڕینە سیحرئامێزە بکەوێو بگەڕێتەوە ناو هەمان ئەو بۆیەرەی کە تەژی دیوارو بەربەستە، مرۆڤی خەیاڵمەند مرۆڤێکی ساویلکەو سادەیە دەکرێ بە بێگوناهترین شاعیری لە قەڵەم بدەین.

ئەگەر رۆژێ لە رۆژان (لینین) بەسەر دەمی داهاتبێو لە زمانی یەکێ لە شانۆگەرییەکانی سەردەمی خۆی گوتبێتی (هەموو تیئۆرەکان رەنگ خۆڵەمێشین بەڵام تەنیا درەختی ژیانە کە بۆ تا ئەبەد

هەر بە سەوزی دەمینێتەوە) ئەوە تەواو بەرجەستەی کەسێتی خەیاڵمەندی کردووە بەوەی بویەر بەهێزترە لە بیرو خەیاڵ هەرچەندە هەمیشەو تا مرۆڤایەتی لەسەر زەوی بمینێ خەیاڵ لە بویەر لەززەتبەخشترە با ئەو بویەرە هەموو هیوایەکانی مرۆڤی تیادا بەرجەستە بێ، بۆیە بە گەلاڵە بوونی تاکێکی زۆری خەیاڵمەند کۆمەڵگەیەك لە خەیاڵ دروست دەبێ دەکرێ بڵێین کۆمەڵگەی شاعیرەکانە هەڵبەت بەو مانایە نا کە بەرجەستەی شیعر دەکات کەواتە:

کۆمەڵگەی خەیاڵ = کۆمەڵگەی شیعر.

جا ئایا کۆمەڵگەی شیعر هێزی بەردەوامبوونی هەیەو دەبێ لە سەردەمی پڕ لە ململانێی سیاسیو ئابووریو تەکنەلۆژی؟ ئایا دەتوانێ هاوقۆناغ بێ لەگەڵ ریتمی پڕ لە ژاوەژاوی سەردەم؟ ئایا کۆمەڵگەی خەیاڵ توانای بەرهەمهێنانی نەوەیەکی وای دەبێ کە مانەوەو بەردەوامی خۆی مسۆگەر بکات؟ یا لانی کەم نەوەیەك خەیاڵی نەوەکانی خۆی وردوخاش بکات؟ هەڵبەت نەخێر.

کۆمەڵگەی با هەموو شتەکانی دەداتە دەست قەدەرو لە هەوڵو تەقەلالایەکی بەردەوامدایە بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەك کە دەکرێ ناوی بنێین کۆمەڵگەی بێهودەو بە خەیاڵی ئەو کۆمەڵگەیە

مادامەکی ژیان جاویدانی تێدا نییە کەواتە ئەوەندە ناهێنی بکەوینە ناو ئەو هەموو پرۆسێسە پەرش‌و بڵاوانەی لێکدانەوەو بیرکردنەوە لە پێناوی تەمەنێ کە نەمری تیا نیە ئەلێرەوەیە کە تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی خەیاڵ‌و تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی –با- لە هەموو سیفات‌و لە هەموو ئامانجێکیان لەیەکدەچن بە ڕادەیەك کەوا پیشان دەدات خەیاڵ‌و-با-دوو توخمی سەر بەیەك رەگەزن، هەڵبەت سەرەتای سەرهەڵدانی کۆمەڵگە دەستنیشانی ئێستاکانی دەکات، بۆ کۆمەڵگەی قەرەجان باشترین نموونەی کۆمەڵگەی خەیاڵ‌و کۆمەڵگەی بان، ئەوان پێیان وانییە کە حەسانەوەو سەرفیرازی تەنها لەناو خاکی خۆیاندا فەراهەم دەبێ، بەڵکو ئەوان هەمان ئەو حەسانەوەو سەرفیرازییە لە گەڕان‌و سوڕان بە دوا ژیاندا بە خەیاڵی خۆیان لە هەموو جێگایەکدا دەدۆزنەوەو چارەنووسی کۆمەڵگەی خۆیان داوەتە دەست قەدەرو لە کوێ بپسێ ئا لەوێ گرێی دەدەنەوە، تەنانەت ئەوان هەرگیز بیر لە مردووەکانی خۆشیان ناکەنەوە، کە لە کوێی زەینی ئەواندا دەیشارنەوە، مردووەکانی خۆیان نیشتمان بە نیشتمان جێ دەهێڵن بۆیە ئەوان لەناو بێ بەرهەمییێکی کوشندەو ژینێکی دژوارو راونان‌و راکردنێکی هەمیشەیی دەژین‌و هەمان ئەو کلتوورەش بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بەجێدەهێڵن تا ئەو کاتەی لە یەك لە

ئەڵقەکانی مێژوودا بۆ یەکجاری وندەبن‌و هیچ ئاسەوارێکیان نامێنێ، هەتا سوور پێستەکانیش لەناو دەشت‌و شاخی پڕ لە بەرەکەتی خۆیان لەناو سیفاتەکانی کۆمەڵەی خەیاڵ‌و کۆمەڵگەی بادا دەژیان، ئەوان پێیان وابوو هەتا دەنگی مێشوولەکانی نیشتمانیش بۆ ئەوان هێجگار پیرۆزە بەڵام بەئاقاری پێکەوەنانی ئەم نیشتمانە، ڕۆمانسیانە بیریان دەکردەوەو بیرکردنەوەشیان لە سنووری دەرگای ماڵەوەیان تێپەڕی نەدەکرد، هەر بۆیەش لەیەك لە ئەڵقەکانی مێژوودا ونبوون‌و نەمان‌و زوڵمی قەدەریەتی خۆیان‌و زوڵمی داگیرکەرانیان ئاسەواری بڕاندنەوە، ئێستاکەش هەندێ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەن لە قۆناغی خەیاڵ پەردازی‌و با سیفەتی دەژین هەمیشە دەکەونە بەر گێژەنی ونبوون‌و بەدیارکەوتنەوە، ئەوان وەکو ئەو پانتاییە سپییە وان لەناو شەپۆلی ڕووداوەکاندا جارجارە لە ڤاڵایی دەریادا بەدیار دەکەون‌و لەبەر تیشکی خۆرەتاو دەبریسکێنەوەو هەناسەییێك دەدەن‌و جارجارەش دەکەونە ژێر شاڵاوی شەپۆلەکان‌و ون دەبن تا ڕۆژێ لەڕۆژان بەیەکجاری کۆتاییان دێ‌و ڕووناکایی نابیننەوە، هەڵبەت نموونەشمان لەو جۆرە کۆمەڵگەیانە زۆرە کە ئیمڕۆ لەسەر زەوی پان‌وپۆڕی خودادا لەنێو ئەم داکشان‌و ڕاکشانە دەژین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ لەو کۆمەڵگایانە هەر زوو لە خەوی قووڕسی خەیاڵ‌و با سیفەتی بێداربوونەوەو نیشتمانێکی

جوانییان بۆخۆیان بونیاتناو لە هەوڵ‌و کۆششێکی بەردەوامدان بۆ بەهێزکردنی شوناسی خۆیان، هەڵبەت کۆمەڵگەی کوردیش لەزۆر سیفات‌و هەڵسوکەوتدا لە کۆمەڵگەی با سیفەتیدا نزیکە، بەڵام لە هەمان کاتدا لەنێو رەحمی ئەو خەیاڵ‌و باسیفەتییەدا بویەری زمان‌و کەلتووری خۆی پاراستووەو توانیویەتی شان بەشان لەگەڵ خەیاڵی خۆیدا کۆمەڵێك هیوا بپارێزێ‌و هەڵگری کۆمەڵێك ئایدیالی پیرۆزی رزگاربوون بێ‌و هەمیشە هەوڵی هێنانەدی ئەم خولیایانە بێ، خۆرزگارکردن لە دێوەزمەی خەیاڵ لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا کۆششێکی گەورەی ئایندەبینی دەوێ کە لە مێژوویەکی دوورەوە لەنێو زەین‌و جەستەی تاکی کۆمەڵگەکەمان رواوەو ساڵ بەساڵ شالقی دروست کردووە، خەیاڵی جێبەجێکردنی پرۆژەی نەتەوەیی نەبووە، خەیاڵی ئایندە سازکردن نەبووە بۆ تاکەکان، تا ئێمە ئەمڕۆکە پرۆژەکانی خۆمانیان لەسەر بونیات بنێین‌و پیرۆزیان بکەین، بەڵکو خەیاڵگەلێك بووە تەنیا نەخۆشی نۆستالیژیای دروست کردووەو روونکردنەوەی تاکی کوردی لە ئەقلانییەت بەرهەم هێناوە، ئەرکی سەرشانی هەموومانە زەنگێکی گەورە لێدەین تا بێدار بێتەوە چونکە مانەوەمان لەناو هەرێمی خەیاڵ‌و راکردنمان لەگەڵ بادا چاوەڕوانی‌و چوونە بەرەو مەرگێکی نادیارو حەتمی،هەروەها ئەرکی سەرشانی

دەزگا ئەقلانییەکانو رۆشنبیرییەکانە شەختەی ئەو خەیاڵە وردوخاش بکەنو ئەو لەشکرە گەنجەی دەوروبەریان بە شێوەیەك پەروەردە بکەن کە رۆحی نۆستالیژیانەی کۆمەڵگە تەژی لە بیرکردنەوەی سەردەم بکەن، سەرچاوەکانی بەهێزبوونی خەیاڵژینی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا گەلێ زۆرن، هەر هەمووشیان لەهێزو گوڕدان یەکێ لەو سەرچاوانە سەقامگیربوونی تاکی کوردە لە نێو جوگرافیایەکی داخراوی بێ دەریا کەوای کردووە لەزۆر رووەوە ئابلوقەی زەینیو جەستەیی بدرێو مەوداو دەرچوونی نەبێو هەمیشە لە تەنهاییەکی خەیاڵئامێز بژییت، هەڵبەت ئەگەر پەنجەرەیەك لەم بوارەدا هەبوایە توانای ئەوەی پێ ببەخشیبایە کەمێك لەو خەیاڵانەی خۆی هەناسەبەند کردبا ئەوە تۆزێك لەو تەنهاییە وەڕزکارییەی کەم دەبۆوە، لانی کەم ئاستێکی دیکەی لە دونیا دەدیتو دیمەنەکانی لەبەر چاو دەگۆڕا، ئەمە جگە لەوەی کە هیچ مەودایەکی خۆشبەخشی بۆ تاکی کورد لە چەشنی جیهاندا بۆ ئەو بوونی نییە کەوا دەکات هەمیشەو بەردەوام لەناو ئەو تەنیاییەدا خول بخوات، هەروەها باری ناهەمواری سیاسیو ئابووری کۆمەڵگەکەمان سەرچاوەیەکی دیکەی ئەو خەیاڵەیە کە زۆر جاران تاکی کوردی پەڕاندۆتەوە ناو خەمبارییەکی قووڵو تەغریبێکی پێکهاتەیی یەکجار گەورە، زۆر جاران ناتوانین باس

لە شێوەی تەغریبی ئەو تاکە بکەین چونکە ئەوەندە هۆکـاری گـرنگ کاریان لەناو بیرو زەینیدا کردووە بۆتە هۆی ئەوەی هەمیشـە وەسـتانی ئەو تاکـەو لەکارکـەوتنی کەناڵـەکانی بیرکردنـەوە. خەیاڵـژینی لـە رۆژهەڵاتی ئێمەدا دەگەڕێتەوە بـۆ هـەبوونی کلتـووری تراژیـدیا بـەو مانایەی هەمیشە لە پشتی ئەو خەیاڵژینیەو باسیفەتیە تراژیدیایـەك خۆی حەشـارداوە بـە ڕادەیـەك بـە تـەنیا لـەناو کۆمەڵگەیـەکی وەك عێراق‌و ئێران‌و هـەموو ئـەو وڵاتانـەی مەزهـەبی شـیعەیان تێدایـە کەوتونەتـە ژێـر کاریگەریـەتی تراژیـدیای کوشـتنی حوسـێن‌و ئـەم کاریگەرییێتییە لە هەموو هەڵس‌وکەوتیان رەنگی داوەتـەوە تـەمێکی لە خەمباری‌و خەیاڵ دروستکردووە هەتا گۆرانییەکانیشیان نوقمی ئەو خـەیاڵ‌و خەمباریيـە بـووە، هەڵبـەت ئـەو رووداوە تراژیدیانـەی کـە بوونەتە هۆی خەیاڵژینی باسـیفەتی هـەر بەتـەنها لـەکوژرانی مـرۆڤ بەرجەستە نابێ، بەڵکو لەزۆر کوژرانی دیکەوە بەرجەستە دەبێـت وەك کـوژرانی نیشـتمان، خـاك، سـنوور، کـوژرانی نەتـەوە، راگواسـتن، وێرانکردن، قڕکردن،...هتد، هەڵبەت کۆمەڵگەی کـوردیش بێبـەش نییە لـەم خەمباریيـەو خەیاڵژینییـەو هـەر تـاکێکی کـورد بەسـەر کلتوورێك لە تراژیدیادا بەرەو ئایندەی خۆی دەڕواو هەمیشەش لەگەڵ خۆیدا یادگارییەکانی هەڵدەگری‌و تەژی خەیاڵی دەکات.

## وەهمی دابڕان
## لەنێو ڕەحمی تازەگەری و مێژوودا

دابڕان لەدوا پێناسەی خۆیدا مەودای نێوان جیابوونەوەی دوو قۆناغی مێژووییەو ئیدی پێشینەو بەرایی هیچ چەمکێکی زانستی بۆ نامێنێتەوە، هەروەها کار بە یاساو سەلماندن و گریمانەکانی ناکرێ، ئەندێشەکانی کاڵ دەبنەوەو قۆناغێکی دیکە شوێنی دەگرێتەوە، کە ڕێك هەنگاوی بەر لە خۆی بە هەموو چەمکەکانییەوە ڕەتبکاتەوە، بەجۆرە بە هیچ پێوەدانگێك بایەخ لە جەبریەتی هەنگاوی بەرایی وەرناگیردرێت، کە پێشترێ یاساو ڕێسایەکی کارپێکراو بوو، بەڵام زەروورەتی بەرەو پێشەوە چوون و گۆڕانی سەردەم و بیرو بۆچوون و ئەقلییەت و زانست، ئەو بەهایانەی لەو هەنگاوە سەندۆتەوە، کە پێشتر پێوەیان دەژیاو هەناسەی دەدا، ئەم جۆرە دابڕانە زێتر لە مەودای زانست و فەلسەفە ڕوودەدات، وەك ئەو دابڕانەی نێوان میتۆد و پرنسیبەکانی فەلسەفەی هیگڵ و مارکسدا ڕوویدا، یا وەك ئەو دابڕانەی نێوان نیتچەو ئەفلاتون لە ڕووی بیروبۆچوونی فەلسەفییەوە، یاخود کۆپەرنیکۆس و تەفرەکان یاخود سوکرات، هەرچەند قۆناغی بەرایی هەمیشە ڕەحمی لە دایك بوونی هەنگاوەکانی دوایی خۆیەتی،

بەڵام هەمیشە پرۆسەی دابڕان دەکاتو رووتو قووتی دەکاتـەوە، دانـی پێدا دەنـێم کـە هـیچ دابڕانێکـی مـەعریفی لـە مـەودای ئـەدەبو رۆشنبیریدا نییە، چونکە ئەدەبو رۆشنبیری هەمیشە دەگەڕێتەوە سـەر ئەو رەگانەی کە سـاڵەهایە ونیـان کـردووەو لـە بەرامبـەریا تووشـی سەرسامی دەبن، دابڕانی مـەعریفی کاتێـك دروسـت دەبێـت کـە دوو قۆناغی گرنگی ئەقلانییەت لەیەك جیا بکاتەوە، ئایا دەکـرێ دابـڕان لە نێوان دەقێکی گەورەی وەك کۆمیدیای خواوەنـدی دانتـی دەقێکـی شیعری ئێستادا هەبێ؟! یاخود دەتوانی فەزایـەکی شـیعری ئێسـتاکە دابڕ بکەین لە بنەمایەکی شیعری گەورەی وەك وێرانە خاكو بەهەشتی ون.

بۆیەکا ئەدەبو رۆشنبیری پانتایی کۆمەڵە هەڵچوونێکی ئاسـۆییە لەگەڵ زاتـی مرۆڤـدا هـاوجووت بـەرێ دەکـەوێو هـەرگیز دابڕانـی تێناکەوێو قۆناغی لێنابێتەوە، هەر هەموو ئەو دابڕانکـاریو قۆنـاغ بەندییانـەی کـە دروسـت کـراون، دەقـی رەخنـە دروسـتی کـردوونو جێگەیان لەنێو رەحمی ئەدەبو رۆشنبیری بۆ نەکراوەتەوە.

دابڕان واتە بە جێهێشتنی قۆناغێك بە هـەموو کولتـوورو ئـەقڵو بۆچوونو تەنزیراتێك کە ئـیتر گەڕانـەوە سـەر ئـەو شـتانە مەحاڵـە، چونکە لە ژێر کارگەریتی کۆمـەڵێك میتـۆدی زانسـتی رەتێنـراونو

ناکرێ بچینەوە سەریان، بەڵام ئایا چ میتۆدێکی زانستیو ئەقڵانی دەتوانێ قۆناغێکی ئەدەبی پڕ لە دەقی جۆراو جۆر جێبهێڵێو بیسەلمێنێ ئەو زاتانەی کە ئەو دەقانەیان لەناخدا هەڵقولاوە لەرووی بۆچوونی زانستیدا ناتەواونو ئیدی دەبێ لێیانەوە دابڕێن.

ئالێرەدا دەتوانین بڵێین ئایا ئێستای ئەدەبی رووسی دەتوانێ چ دابڕانێك دروست بکات لەگەڵ- گیانە مردووەکانی گۆگۆڵو ئاناکارینای تۆلستۆی یا شەڕو ئاشتی یا تاوانو سزا، وەیان لەگەڵ سەرجەم ئەدەبی پۆشکینو لیرمانتوف؟ هەرواش سەبارەت بە سەرجەم ئەدەبیاتی گەلانی دیکەی دنیاو لەوانەش ئەدەبی کوردی.

بەپێچەوانەی زۆربەی کەتەگۆریاکانی پانتایی رەخنەی کوردی کە لەمەڕ نوێخوازیدا دادەڕێژن، ئەوا ئەدەبی تازە دیاردەیەکی دەگمەنو کەم باوە لە نێو کوردان، دەخوازم من بڵێم ئەدەبی تازە جیادەکەمەوە لە دیاردەی زۆر خەریکی بەو کارە، چونکە ئەگەر خوای دەکرد ئەدەبی دیاردەی تازەو پالاوتە هێندە باو دەبوو لە نێو ئێستای ئەدەبی کوردی ئەوە بە دڵنیاییەوە دەمگوت سیاسەتو گوتاری سیاسی کوردی ئێستێکە تامو بۆیەکی دیکەی دەبوو، واتە پەیوەندی بوونی ئەدەبی تازە پرۆسەیەکی پوختەی لە گوتاری لە گوتاری سیاسی بەرەڵلا دەکرد، ئەم موتابەقە مێژووییە ناکرێ لەنێوان سیستەمی

پەیوەندییەکانی سەرخان لە کۆمەڵدا دابڕ بکرێت ئەدەبی تازە دەرهاوێشتەی هەڵچووەکانی زۆر سەختی ناوەوەی ئینسانە ناخەوەشی رابەرێکەو هەمیشە شانازی بەو دەگمەنو گران بەهایانە دەکات کە هەڵیدەبوێریو ئیعتیقادەکانی خۆی رەپێش دەکات، بە درێژایی زیندەگی پشت بەسەرکەوتنەکانی خۆی دەبەستێ، هەموو رۆژێ مەعریفەکانی خۆی دووبارە دەکاتەوە، سەلماندنەکانی فەرز دەکات، کەواتە ناوەوەی مرۆڤ بەشێکی گەورەیە لە مشتومالکردنی ئەدەبی تازە، بەڵام لە دەربڕیندا ئەدەبی تازە هەرگیز دابڕاو نییە لە دیدگاو خەونو خەیاڵی سەردەم کە جەبرییەتی هەموو کلتووری دونیایە، جا ئەگەر بە حاڵەتێکی ئاوا بۆ ئەدەبی تازە بچین کە هەموو کێشەکان بە روویەکی هونەری لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ، ئەوا لەنێو کوردا بۆ ئەدەبی تازە دیاردەیەکی کەم باوە، ئەم مەقولانەیەش کە لەم بارەیەوە دەگوترێت دەبێ بۆ کەسەکان بگوترێت نەك بۆ چەمکی ئەدەبی تازە.

تا ئێستاش گوتاری سیاسی کاریگەرترە لە گوتاری ئەدەبی تازەو تەنزیراتێ کە بۆ نوێخوازی دادەڕێژرێ، هەر بۆیەش دیاردەی زۆربوونی ئەو کەسانەی کە بەوەوە خەریك دەبن وای کردووە ئەدەبی تازە هێندەی دیکە کەم باوتر بێتو حەماس زاڵ بێت بەسەر تەماس لەگەڵ کێشە هونەرییەکانی دیکەی پەیوەست بە سیحری نوێخوازی، ئەدەبی تازەو

نوێخوازی دەبێ دارێژەری سیستەمێکی نامەرئی بێتو لە ماهیەتی ئەو نامەرئییەتە لە دایك بێ بەو چەمکەی کە هیچی لەبەردەمدا دیار نییەو هەموو شتێکیشی بەبەردەمدا رەت بووە، چۆتە نێو پانتایی رابردووەوەو دەبێ هەولبدەین چۆن بونیادی تازەترین شت دەکەین لە رێگەی گەڕاندنەوەی ئەو رابردووە بۆ ناو پانتایی ئێستێ، ئەمەشیان کارێکی سەختە لەبەردەم پرۆسەی ئەدەبی تازە، هەنووکە وای لێهاتووە هەرگیز ئیستیعانە بە دیمەنە سەرەتاییەکانی وجود ناکرێت، تێپەڕینێکی خێرا هەیە لەنێو ئەدەبی کوردان کە زێتر هەڵپەیە رووەو زمانی حسی هاوبەش، واتە دابڕان لەدوای دابڕان دروست دەبێ لە نێو سیستەمێکی زمانی کەمانا لە ئارادا نامینێ، بۆیە پرۆسێسی شەغرە نەکردنو تازەکردنەوەی ئەم هەموو کێشە ئالۆزانە دەبێ بە پارێزگاریکردن بێت لە دەنگە بە هێزەکانی ناوەوەی مرۆڤ کە پێویستی زۆری بە ئازادی هەیە بۆ نموونە بیرۆکەی چاوidea چۆن دەبێ ببێ کە بەدیاردەیەکی باو لەدەقدا کە وەك عمومییەتی لێبێت لە ناو ئەدەبی گەلان، لە کاتێکدا کە چەمکی گەل خۆی بیرۆکەیەکی کەونی ئالۆزە لەرووی فەلسەفیو ئەنترۆپۆلۆژی، کە ئەدەبی تازە نموونەیەك لەو ئیمایە، ئالێرەوە تا چاو هەتەر دەکات، فەزای ئەدەبی تازە قوربانی

زۆری تێدایەو گەلێ کەس لەسەر بەردی ئەم تازەگەرییە وردوخاش بوون.

داهێنان لە لوولەی ئەدەبی تازە کارێکی دژوارە لە هەر روویەکەوە بێت، چونکە (فۆرمێکی یەکجار راقی مرۆڤە) هەموو ئەو بۆچوونانەی کە باوی دیاردەکان بەو چەمکە دادەڕێژن کە ئەدەبی تازە خۆی پرۆسەیەکی دابڕاوە لە هەموو کێشەکانی دەوروبەر، دەکرێ لە نێو قاڵبی جەبرییەت بهاڕێن یا لەنێو کۆڕوداوەکانی قەدەریەتی شیعر بتوێتەوە، ئەگینا ناتوانێ پرۆسەی دامەزراندنی رەخنەو گوتاری ئەدەبی تازە دابڕێژێت، بەوەی کە ئەدەبی تازەو جووڵەی نوێخوازی یەکەیەکی تەواوی کۆمەڵە فاکتەرێکی زاتیو بابەتییە وا لە فەرد دەکات بەرهەمێکی پاڵاوتەو تەواو بدا بەدەستەوە کە خودانی بەهایێ، ئەم بەهایەش چ بەهای ئیستاتیکی بێ یان بەهای رەوشی دامەزراندن بێت.

بۆ ئەوەی ئەو دابڕانە خێرا خێرایانەی کە وردە وردە دەپوکێتەوە باشتر بخەینە بەر دیدو بۆچوون، نموونەیەك دێنمەوە.... ئێمە هەرگیز ناتوانین رۆمانی دۆنکیشۆت بەوە تەقدیر بکەین یا بینرخێنین کەوا رۆمانێك بووە نوێو تازە لە نێوەندی ئەو هەموو رۆمانانە سەریهەڵداوە کە لەرووی سوار چاکیو فروسییەتی تەقلیدی دەسووڕێتەوە، یاخود

لەبەر ئەوەی خودانی ئەو مرۆڤە- سێر ڤانتس- بووە (١٥٤٧-١٦١٦) کە رۆماننووسێکی ئەوتۆ بووە تەمەڕوودی کردە سەر هەموو ئەو بابەتە حەساسانەی کە ئەوان سەردەمان باو بووە ئەو فشەو تێزی بەدیدگاو ئایدۆلۆژیاکانی دەکردو بونیاتی کارێکی سەختی کرد لەگەڵ واقیع کە هەرگیز لەگەڵ دەستووری ئەو موحاکاتانەی کە رۆمانەکانی پێشتری کاریان پێدەکرد نەدەگونجا، بەڵکو لەبەر ئەوە تەقدیر دەکرێ چونکە رۆمانێکی نایابەو بە پلە یەك رۆمانێکی قەدیمەو لە ئاستی گەورە رۆماننووسە هەرە کۆنینەکانە، هەرواش سەبارەت بە رۆمانی یولیسیس‌و لە نوێیەکانیش سەبارەت بە رۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی)ی گابریل گارسیا مارکیز چونکە ئاستی ئەم رۆمانە بەوە دەستنیشان دەکرێ کە کۆنترین رەگی خۆی لەنێو کۆنترین بابەتدا دۆزییەوە لە رۆمانی (ژەنەراڵ لە مەتاهەتدا) دووبارەی هەمان مێژووی سیاسی کۆنینەی کردۆتەوەو چۆتەوە سەر هەمان رەگ، خودی ئەم بۆچوونە دەتوانین وەك چەمکێك لەم بیروڕایانەی نیچە بدۆزینەوە کە زێتر تەحەددی بۆ مێژوو تێدایە.

لە بەکارهێنانی مێژوو لە پێناوی ژیان‌و خراپ بەکارهێنانی ژیان‌و گەورەترین تەگەرەی بنەرەتی مرۆڤ بەوە دەست نیشاندەکات کە ناتوانی رزگاری بێت لە کۆت‌و کەلەپچەی رابردوو، هەروەها فەشەلی مرۆڤە

لەوەی کە ناتوانێ رابردوو لەبیر بکات، چونکە کە تەئەمولی خۆی دەکات سەرسام دەبێت لەوەی قودرەتی نییە فێری ئەوە بێ لەبیری بچێ، هەروەها هەمیشە بۆ ئەوە دەچێ کە تەئسیری رابردوو بێت، جا بۆیە روو لەهەر لایەك بکاتو هەرچەندە خێرا بێ لەراکردن لە قیودەکان لەگەڵیا دەچن... نیتچە دەڵێت: من هەمیشە لەیادمە بەڵام ئاژەڵان یەکسەر لەبیر دەکەن، بۆیە ئاژەڵان لەناو(نامێژوویەت)دا دەژیین.

ستیڤن دیدالۆس لە رۆمانی یولیسیسدا هاوار دەکاتو دەڵێت: مێژوو کابوسێکە مرۆڤ ئامانجییەتی سوودی لێوەرگرێو لەکۆتو پێوەندی ئەو مێژووەش رزگاری بێت، ئامانجییەتی کە قودرەتی ئەوەی هەبێت بەشێوەیەکی نا مێژوویی بژیت، ئەمانە هەمووی گرەو لەو بیروڕایانە دەبەنەوە کە هەوڵدەدەن لە مەودای ئەدەبیو هونەری دابڕان دروست بکەن لەکاتێکا ئەو مەودایە جگە لە درێژبوونەوە بەسەر ئەزموونەکانی رابردوو هیچی دیکەی جیا نابینین..... نموونەش لەم بارەیەوە ئەگەر لە جیهانی شانۆدا بۆ نموونە شانۆی ئیحتیفالی ئەمڕۆ وەك ئیمێلێکی تازە لەسەر تەختەکان نیشان دەدرێو کەرنەڤاڵییەتی ئەم جۆرە شانۆیە سەرسامان دەکات: ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەم رێبازە درێژبوونەوەی هەمان ئیحتیفالیەتی یا خسوسیەتی گریکە کە بەر لە هەزاران ساڵ لە پانتاییدا نیشان دراوەو لە فەزایەکی بەربڵاودا کاری پێکراوە، هەروەها سەبارەت بە برێخت یا وەکو ئەوانی خۆی رزگار

بکات لـه ڕێبـازی ئەرسـتۆیی موحاکـات بخاتـه لاوە، بـەڵام هـەمان گێرمەو کێشەی مرۆڤی لەگەڵ قەدەرو خواکـان گواسـتەوە سـەردەمی خۆیو خاڵی گێرمەو کێشەکەشی خستە نێوان مرۆڤو دەسـەڵات، بـەم جۆرە هیچ دابڕانێك بـەدی ناکـەین تـەنها ئـەوە نـەبێ ئـەدەبی تـازەو هونەری تازە بەرۆحو پۆشتێکی تەواوجیا کارەکـانی خـۆیو دەقـەکانی خۆی دەخاتە روو، هەموو شڵەژانێکی رۆحی لە نێو جەسـتەی مرۆڤـی داهێنـەر مایـەی هاتنـە کایـەوەی داهێنـانێکی تازەیـە، چـونکە پەیوەندییەکی قووڵ هەیە لە نێوان داهێنانو ئەو موعاناتەی داهێنان دابینی دەکات کە هیچ یەکێکیان لە نێو پڕۆسەی تازەگەریدا رەنـگو رووی حەقیقی خۆیان وەرناگرن، بۆیەکا لـە ئاسـت دەقێکـی داهێنـان ئامێزدا حەتمیەتی رووبەڕووبوونەوە دەبێ لەناوەوەی یا لەنێو فەزای ئەو دەقەدا بڕوانینە خودی داهێنانەکە بۆ ئەوەی پـەی بـە گەمـەکانی دەق ببەین، ئەو گەمانەی هەندی جار داهێنەر وای داڕشتووە کە مەحاڵ بێ ئەو گەمانە بەرجەسـتەی دەقێـك بکـەین، لـەنێو رەحمـی داهێنانـدا درێژبوونەوە هەیە لە نێو هەستونەست، پاشان هەڵکشان هەیە بـەرەو هەرەمی رۆح، ئا لەوێشەوە دەقی تازەو پڕ لەبـەهای جـوانی لـە دایـك دەبێ، ئەمەش ئەوپەڕی وردوخاش ب وونی زاتی داهێنەرەو روخانـدنی مێژووی جادووگەریەتییە لەنێوان مـەودای تازەگـەرێتی، بـەجۆرە لـە داڕشتنی هەر دەقێکی تازە دەبێ رەچاوی رەگەزی نامەرئی بکـەین کـە بریتییە لە شڵەژانی رۆحو وردوخاش بوونی زات , بـۆ ئـەوەی سـیمای ئەدەبی تازە دەست نیشان بکەین، جا ئایا لە نووسینەوەی دەقـدا تـا چ

رادەیەك ئەم ئەركە سەختە پەیڕەو دەكرێ، ڕێژەی ئەوانە چەندە كە گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی كە دەبێ بۆ چەمكی داهێنان لە تازەگەریدا پەیوەندی بە جووڵەی ڕۆحو وردوخاش بوونی زات بكرێ، ئیدی ئیمپڕاتۆرییەتی مێژوویی بە جادوكردنی تازەگەرێتی بەجێ بێڵین.

ئەو ساتانەی كە سیمبولیزمی ماهیەتی مرۆڤی داهێنەر لە ترۆپكی بەرهەمەكانیدا درەوشایەوە، ئیدی بەناو یەكدا دادەهێزرێو ئەویدی وەدەرهێنانی دەقێك دەدات كە سەخترین هەنگامی دەست پێكردنی هێرشە بۆ سەر جەستەی داهێنەر، ئەو جەستەیەی لە بەرامبەر نیازی ڕۆح لە دەردانی یا ئیفرازاتی شتێك كە جەستە هێشتا هەستی پێناكات بێ ئاگایە دەیپوكێنێتەوە باریەكو فەنا بوونی زات دەست پێدەكات، فەنا بوونێك تەنها لە جەمسەری ڕۆح دایەو نەدەبینرێو نەدەشكرێ پەنا بۆ هۆكارەكانی ڕوونەدانی ببەین، كە ئەمە ژانری سەرەكی دەقە بۆ ئەوەی تەواو بچینە نێو ڕووناهی ئەو سیمبولە كە ماهیەتی خودی داهێنەر ڕەنگرێژ دەكات، تەواو جیادەبێتەوە لەو دەقانەی كە لە دەوروبەری ئەودا بەهەمان پرۆسەدا ڕەت نابن.